حەمە کەریم عارف

# پەلکە ڕەنگینە

2004



* پەلکە رەنگینە
* نووسینی: حەمە کەریم عارف
* نەخشەسازی: فەهد شوانی
* نەخشەی بەرگ:
* چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٤

## پیشکەشە بە

* دایکم (ڕەحمە دەرویش کەریم)
* باوکم (عەبدولکەریم عارف)



## ووتەیەک

ئەم کتێبە زۆربەی هەرە زۆری ئەو گوتارانەی لە خۆ گرتووە کە لە پاش ڕاپەڕینی **١٩٩١** نووسیومن و لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو قۆناغەدا چ بە ناوی خۆم و چ بە ناوی خوازراوی: دیدار هەمەوەندی، سیروان عەلی، سیپان، گۆڤەند، زنار بڵاوم کردونەتەوە.

هاندەری سەرەکیم بۆ کۆکردنەوەیان لە دوو توێی ئەم کتێبەدا ئەوەبوو کە یەکەم: بەشێکن لە بۆچوونی ڕەخنە ئامیزی بەندە بۆ ئەو کیشە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نیمچە سیاسیانەی کە لەو ڕۆژو ڕۆژگارانەدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەم لە تەکدا کردوون و هەوڵی مالیجەکردنیانم داوە.
دووەم: ئەگەر هەندیک لەو گوتارانە کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری ئەوتۆیان نەمابێ، ئەوا بایەخی میژوویی خۆیان پاراستووەو جگە لەوەی دەکەنە بەشیک لە چالاکی و میژووی چالاکی کاری نووسینی بەندە، بەشیکیش لە میژووی قۆناغیکی ڕۆژنامەوانی کوردی پیک دینن و خەمخۆرانی بواری ڕۆژنامەوانی دەتوانن وەکو هیلیکی بەیانی، ئاستی ڕۆژنامەوانی وەخت و ڕۆژگاری خۆی کەڵکی لیوەر بگرن.

بەهەر حاڵ ئەم نووسینانە بەشیکن لە ئەزموونی نووسینی بەندەو ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بیروبۆچوونی قۆناغیکی ئەزموونی بەندە دەکەن و ئەوە دینن کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆم کردونەتەوە، ئومیدم وایە کە خوینەران هەمان ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەخنەئامیزی خودی نووسینەکان بکەن بە مەحەک و پیوانەی ڕەفزو قبووڵ.

**حەمە کەریم عارف**
**هەولیر ٢١/٣/٢٠٠٤**

# پاژی یەکەم



## ئەدەب= ئازادیخوازی

بیگومان هەڵکشان و داکشانی ئەدەبیات و بزاڤی رۆشنبیری، ویڕای ئەوەی کە پەیوەستە بە گەلەک فاکتەری وەک باری ئابووری و رۆشنبیری و میژوویی. ئەوا لای ئیمەی کورد راستەوخۆ بەندە بە هەڵکشان و داکشانی باری سیاسی سەردەمی خۆیەوە. بۆیە هەر کە بارە سیاسییەکە روو لە هەوراز بووبێ، دیموکراتیەت کەم و زۆر پەیڕەوکرابێ، ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵ و تاک بەرقەراربووبێ، ئەدیب و نووسەر لە هەموو جۆرە تەنگەتاوکردن و راونانیک بە دوور بووبێ و ئازادی تەواوی پێ درابێ- کە هەقە ئازادی بێ قەیدو شەرت بە نووسەر بدرێ، چونکە لەو ئازادییەدا ئەگەر قازانج بەگەل نەگەیەنێ، ئەوا بە هیچ جۆرێ زیانی پێ ناگەیەنێ، چونکە ئەرکی هەرە بنەڕەتی ئەدیب و نووسەر، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، جا کە ئەمە بابەتەکەی بێ، ئیدی مەحاڵە زیان بە گەل بگەیەنێ- ئەوا داهینان دەگاتە لووتکە، خەونی نووسەر گەورەترو دەوڵەمەندتر دەبێ. دیارە خەون و خەیاڵیش ئەو جووتە باڵەن کە رۆحی داهینان دەگەیەننە لووتکەی بەرزی، بۆیە پیویستە بێ چ ترس و دوو دڵی یەک ئازادی موتڵەق بە نووسەر بدرێ، چونکە پیشەی نووسەری و هونەرمەندی خۆی لە خۆیدا جۆرە عیبادەتیکە، راستگۆیانەو دوور لە هەر دوو ڕوویيەک لە پەرستگای داهینان و ئەفراندندا دیتە ئەنجام دان و، کڕنوش بردنە بۆ خوای نەمری و جاویدانی...

ئەدەب و هونەر خۆراکی رۆحن، فکر دەخەملێنن، سۆزی مرۆڤایەتی جۆش دەدەن، خودو ئاستی خود بەرز دەکەنەوەو زەوق دەپاڵیون و مشتوماڵی دەدەن. دیارە ئەم کەڵکەڵەی بەدەست هینانی نەمرییە، لە چوارچیوەی تاقەکەس و تاک تاکی کۆمەڵدا نامینێ و کۆمەڵگەش دەگریتەوە. چونکە ئەدەبی گەورە ریگە بۆ ئاویتەبوونی خودی پاکیزەو پاڵیوراو لەگەڵ کۆمەڵ دا خۆش دەکات. دیارە پیچەوانەش پیچەوانەیە، واتە گەر ئازادی سیاسی دابین نەکرێ و دەوڵەتی پۆلیسی و سەرکوتکەر لەسەر کاربێ، نان و شەق دەرخواردی میللەت بدات، ئەوا هەرگیز ئەدەبی ئینسانی سەرهەڵنادات، چونکە لە سایەی سیستەمی پۆلیسی دا کەشوهەوایەکی سامناک دەخولقێ و بەرە بەرە خەڵکەکە خووی پیوە دەگرێ و لەسەری رادێ و هەموو قسەکردن و رادەربڕینیک دەبێ بە بڤەو کورد واتەنی قسەش قافی هات و نەکرا،

زەین کویر دەبێ، دیارە نوسەریش لە کەش و هەوای ئاوا خنکینەردا زەینی قەڵەمەکەی کویر دەبێ، چونکە چەند یاخیش بێ، ئەوا هەندێ درەنگتر لەگەڵ بارودۆخەکەدا رادێ، کەڕاش هات یا دەبێ بکەویتە سازش و تەسلیم بوون، یا دەبێ قوڕوقەپی لێ بکات و زمانی خۆی کۆت و زنجیر بکات، دیارە هەردوو هەڵویستەکە زۆر خراپن و دوژمنی باوەکوشتەی داهینانی ئەدەبین. هەڵبەتە قەرار سازانی میللەتانی بەختەوەر، هەست بەمە دەکەن و بۆ بەرژەوەندی میللەت، رێ لە نووسەران و ئەدیبان ناگرن. بۆ نموونە کاتی خۆی سارتەری زاناو نووسەرو ئەدیبی گەورەی فەرەنسا، لە سەردەمی داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە، دژی دەوڵەتەکەی خۆی وەستاو پشتیوانی لە شۆڕشگیڕانی جەزائیر کرد، کەوتە هاندانی سەربازو ئەفسەرانی فەرەنسایی کە شۆڕشگیڕان و شۆڕشی هەلایساوی جەزائیر سەرکوت نەکەن.

دیارە توندڕەوانی فەرەنسی بە خیانەت تاوانباریان کردو تەقریریان لێ نووسی و داوایان لە سەرەک دیگۆل کرد کە حەپسی بکات، بەڵام دیگۆل وەڵامی دانەوە کە: "هەندێ کەس لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوەن، جان پۆل سارتەر یەکیکە لەوانە.."

بیگومان لە سایەی قەرار سازو بەرپرسانی ئاوادا ئەدەبیش دەبووژیتەوەو نووسەری گەورەش هەڵ دەکەون.

**ریگای کوردستان ژ (١٥٦)**
**١٩٩٥/٥/١٦**



# کۆکتیل

*** سابیر سدیق**

**(١)**

ئەم پیکە
بۆ بەردەم "مونەسەی" کۆنگرە زۆر خەستە
– نۆشی کە، خەست ترت نەدیوە
گەلیک جار من دیومە ئەوەندە عارەقی رەش و رووت گوشراوە لە بنی پیکیکدا
بۆ کۆکتیل دانراوە،

**(٢)**

تۆ بڵێی!!
ئەمڕۆ ئەم رەهیڵەو لیزمەیە
تینویەتی ناخی خاک بشکینێ
– زۆر خەمتە
×...
– نازانم!

**(٣)**

ئەفیونی رووناکی مۆمەکەی دوینێ شەو
ماڵی چەند پەپوولەی ویران کرد
ئەی ئەمشەو
ئەفیونی رووناکی ئەم مۆمە
چەند عاشقە پەپوولە لە یەکدی جیا دەکا!؟

**(٤)**

هیچ شتیک
دەربارەی هیچ ئایدۆلۆژییەک نازانی
– جا چی‌یە؟
بۆ خەمتە!!
ئەستوربم یا باریک.. مرۆڤم
ژوورەکەم رووناک بیت یا تاریک.. مرۆڤم
بەیانیش هەتاو بیت یا هەور

با. هەڵکات.. یا باران بباریت یا بەفر
مرۆڤم...
ئەی مرۆڤ
لە زنە بچوکتر
لە دەریا گەورەتر
ئەی مرۆڤ
لە دەریا گەورەتر
لە زنە بچوکتر
**١٩٨٧**

**ئاڵای ئازادی ژ (٨٧)**
**١٩٩٣/٨/٢٩**

## کۆکتیل

کۆکتیل وەکو دەقیکی شیعری، سەرەتا خۆی بە دیدە دەسپیرێ و مەسەلەی کیش و سەرواو کورتی و دریژی بەیتەکان و ووشەبازی و بزاڤی رواڵەتی ووشەکان بە جوانی بە دیار دەکەون و لە پانتاییەکی جوگرافی تایبەتی دەقدا مامەڵە لە تەک چاودا دەکات یا باشتر بڵیم چاو دەدوینێ ئەوجا ئاهەنگ و ریتم و دەنگەکان بە کۆمەڵ و بەتاک چ بە دەنگی خۆت بێ یا بەدەنگی یەکیکی دی لە دەزگای گویچکەو بیستن دەدەن. تیکرای ئەم شتە رواڵەتیانە یەکانگیر دەبن و بونیادیکی رواڵەتی و دەرەکی پیک دینن کە پیی دەگوترێ شیوە، هەڵبەتە ئەم شیوەیە تەنیا شیوەی دەرەوەیە، چونکە پیم وایە هەر ئەفراندنیکی ئەدەبی دوو شیوەی هەیە؛ شیوەی دەرەوەو شیوەی ناوەوە. جا شیوەی دەرەوەی "کۆکتیل" چەند یەکگرتوو یەکپارچەیەو چەند پەراگەندەیە، ئەمە وەستاوەتە سەر توانای بینین و بیستن تا حکومی یەکپارچەیی یا پچرپچری بەسەردا بدات من پیم وایە شیوەی دەرەوە وەکو پیویست بایەخی نەدراوەتێ و زۆریش کۆک نییە، بەڵام هیندە هەیە رەنگە زۆرجار پچرپچری دەقیک بۆ خۆی جۆرە شیوەیەکی دەرەکی تایبەتی پیک بینێ و چەشنە گەشکەیەک بە هەستی بینین و



تەنانەت هەستی بیستنیش ببەخشیت. لە "کۆکتیل"دا حاڵەتی دووەم واتە پچرپچرییە گەشکە بەخشەکە زاڵەو شیوەیەکی هەندێ نامۆو لەهەمان کاتدا پڕ لەزەتی بە دەقەکە داوە.

بەڵام شاعیر وەکو ئەوەی هەستی بەمەکردبێ، هاتووە بایەخیکی تەواوی بە شیوەی ناوەوەی شیعرەکە داوەو بەم کارەش مامەڵەیەکی هونەریانەی لەگەڵ سەرنجی خوینەردا کردووەو نەی هیشتووە ئەو سەرنجە لە چوارچیوەی شیوە دەرەکی‌یەکەدا قەتیس بمینی، بۆیە پیکهاتی وینە شیعرییەکان و بزاڤی ئەو وینە شیعریانەو ئاویتەبوونیان لەگەڵ شتەکاندا " پیک، مەنەسە، کۆکتیل، رەهیلەو لیزمە، ناخی خاک، مۆم، پەپولە، شەو روناکی، ژوور، زنە، دەریا، با، باران، ژوور..هتد" و هەست خستنە بەری شتەکان، وینە شیعرییەکانیان کردووە بە رووداویکی رۆحی و کەوتۆتە سەر سکەی هەست و تەجرەبەکان لە عموومیەتی شیعری‌یەوە گویزراونەتەوە بۆ دنیای هەست و تەجرەبەی تاک. بۆیە سەیر دەکەین مرۆڤ لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی شیعرەکە شیلگیرانە داکۆکی لە پاراستنی ئابڕوی مرۆڤایەتی خۆی دەکات و هیندە عەودالی بایەخی حەقیقەتی مرۆڤانەی خۆیەتی کە هیچی وای نەماوە لە پیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا ببری. ئەو مرۆڤە لە سەرەتاوە لە زەمینەیەکی فرە دەنگی‌یەوە دێ و ووردە ووردە بەرەو یەکخستنی دەنگەکان دەچێ و لە ئەنجامدا دەبێ بە تاک دەنگ و لە بری هەموو مرۆڤایەتی بڕیار دەدا.. بڕیارەکەش ئەو بڕیارە دروستەیە کە سەرتاسەری ئەدەبیاتی رەسەن بە شیوازو مامەڵەی جیاواز باوەشی بۆ دەگریتەوە.

دیارە شیوەی ناوەوە تا قوڵترو چڕتر بێ و بتوانێ شتەکان بخاتە سەر باڵی هەست، بیانکا بە خودی هەست و تەجرەبەکان بگۆڕێ بۆ هەست و، هەست بە هەموو چڕی‌یەکی‌یەوە بگوازیتەوە بۆ کەسانی دی، شیعرەکە پتر شیعرییەت وەردەگرێ و لە ئەنجامدا وەکو رووداویکی رۆحی سەقامگیر دەبێ و لە بواری ئەفراندن دا بێ منەت دەقایەتی خۆی دەسەلمینێ. بەلای منەوە "کۆکتیل" ئەمەی نیشان داوەو ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەسە.

* کۆکتیل، شیعری سابیر سدیقەو لە ژمارەی "٨٧" هەمان رۆژنامە بڵاوبۆتەوە.

**ئاڵای ئازادی ژ (٩٢)**
**١٩٩٣/١٠/١٠**

## دەربارەی شیعرو سیاسەت

«١»

ئەگەر هەندێ لە نیوەڕۆک و ڕەوتی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و لە شیعر بەتایبەتی ورد ببینەوە، بۆمان بە دیار دەکەوێ کە سیاسەت و کوردینی هەر لە کۆنەوە بابەتی سەرەکی و زەقی ئەدەبیاتمانی پیک هیناوەو ئەدەبیات پتر کراوە بە سەنگەری بەرەڤانی و مقاوەمەت. بیگومان میللەتیک هەرەشەی نەمانی لێ بکریت، هەقی خۆیەتی پەنا وەبەر هەموو جۆرە سەنگەریکی مقاوەمەت و بەرەڤانی بەرێ.. ڕەنگە ئەم دیاردەیە بۆ سەردەمانیک پاکانەی بۆ بکریت و بەجۆرە پەیامدارییەکی زاتی دەرهەق بە دۆزی نەتەوەی کورد حسیب بکریت. لێ مەخابن سیاسەت لەنک مە تا نهوژی هەر لە ئاستیکی سەرڤە سەرڤەدا بووەو چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی قووڵ و ریک و پیک ریبەرایەتی نەکردووە تا بە هەمان قووڵی لە بزاڤە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەشدا ڕەنگ بداتەوەو زەوینەیەکی فیکری دەوڵەمەند فەراهەم بکات و لە دروشمی سیاسی وەزن و قافیەدار ڕزگاری بکات.. ئەرکی ئەدەبیات -شیعر لەم حیسابە بەدەرە- بەتایبەتی بۆ نەتەوەی هەڕەشەلیکراوی بندەستی بەشخوراوی پاشخراو، قووڵکردنەوەی هونەرییانەی ڕووداو و حاڵەتە ئینسانییە نەتەوەییەکانە لە ئەقڵ و ویژدانی خەڵکیدا جا لەبەر ئەوەی ئاستی سیاسی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کاڵوکرچ و نەخەملیو بووەو لە دەریی خەملین و پیگەییشتنی کوردەوارییەوە سەپینراوەو پتر کاردانەوە بووە تا کاری ڕەسەنی خۆڕسک و واقیعی. دیارە ئەدەبیاتی کوردییش بەشیوەیەکی گشتی ئەو حاڵەتی نیمچە وەستاوییەی وەرگرتووەو لە جیی خۆیدا ئەم پێ و ئەو پیی کردووە. دیارە ئەمەش پیوەندیی بە میژووی نیمچە وەستاوی خۆماوەنەوە هەیە، بۆیە ئەم پچڕپچڕی و سستی و خاوی و نیمچە وەستاوییە سیاسییەمان لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوەو هەمان ئیفلیجی سیاسەتی بە باڵادا بڕاوە. ئەمەش وایکردووە تا نهۆ لە زۆربەی شیعری تازەی کوردیدا بەرهەمیکی هونەری سەربەخۆی تاسەشکینی ئەوتۆ نەڕسکێ کە خودیکی هونەری وەهای هەبێ، بە زەبری هونەرییەت، خۆی بە خوینەر بناسینیت.

«٢»



ئەدەبیاتی کوردی بە شیوەیەکی گشتی خووی بە مەبەستە سیاسییەکەوە گرتووە. لایەنی ئەستاتیکی و هونەرییەت، یان پشت گوێ خراوەیان وەکو پیویست نەخەملیوە، دیارە ئەم خووگرتنە بەیەک بابەت و مەبەستەوە، یان بە بابەتیکەوە کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا بابەتی ئەدەب نەبێ یان بەلانی کەمەوە بابەتی پەسندی ئەدەب نەبێ: ئەمە ئەدەب لە ئەدەبییەت دەخات و ریگەی هەمە جۆرخوازی لیدەبڕێ و بەرهەمی گەورەی داهینراو بە زەحمەت لە دایک دەبێ و زمان دەگرێ. دیارە لیرەدا زمانی ئەدەب، بەتایبەتی زمانی شیعر ناگاتە زمانی گەیاندن، چونکە ئەمە پتر تایبەتە بە پەخشان تا بە شیعر. بەڵکو خاسییەتی شیعر لەوەدا دەردەکەوێ کە چەند بە شیوەیەکی تایبەتی و هونەرییانە، زمان وەکو کەرەستەیەک بەکاردینێ و نەفەسیکی ئەستاتیکی گیانپەروەری شیعر ڕسکین، بە بەر دەقیکی دلڕفیندا دەکات..

«٣»

ئەدەبیات، زادەی واقیعەو لە کاریگەری باری میژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی ناخەڵەسێ. واتە لە واقیعەوە لاو لاو ئاسا بەداوای ئەفسوناوی خەیاڵ و بەهرەی داهینەرانەو خەونی دەوڵەمەندا هەڵدەزنێ و لە جوانترین و دڵگیرترین وینەدا خۆی دەنوینێ و ناسنامەی ڕەسەنایەتی خۆی بە دەستەوە دەگریت و بەرەو جیهانی کەلتوری مرۆڤایەتی مل دەنێ و جیگەی شایستەی خۆی دەگریت، کەرەستەی هەرە بنەڕەتی ئەمەش زمانە.. وەکو پیشتر ئاماژەمان کرد، چونکە سیاسەت بابەتی هەرە سەرەکی بەرهەمی شیعری تازەی کوردی (لە سییەکان بەم لاوە) پیک هیناوەو سیاسەتەکەش زۆرجار یان خۆی سەقەت بووە یان ئیفلیجینراوەو تا ڕادەیەک نەزۆک بووە، بۆیە زمانیش لەلای زۆربەی شاعیرەکان، هەر هەمان زمانی باوو وەستاو بووەو کاویژکراوەتەوە. چونکە تەنیا بابەتی تازەو زیندوو و جۆری گوتنی تازە، زمانی تازەو زیندووی هونەری لەگەڵ خۆیدا دینێ. ئەم نیوەڕۆک و مەبەستە زاڵە «سیاسەت و بەرەڤانی و مقاوەمەت» وایکردووە کە نەتوانریت شیعری هونەری کوردی لە ڕەگەزەکانی دەریی دەقەکە بیتە دابڕان و جیاکردنەوەو خۆبوونی هونەریی خۆی وەربگریت..

«٤»

ئەوەی بەلای لیکۆڵەرەوەوە یان ڕەخنەگریکی دەقی شیعرییەوە گرینگ بێ، هونەرییەت و شیعرییەتی دەقەکەیە، واتە ئەو ڕەگەزو توخم و تۆوانەیە کە دەیکەن بە دەق، بە دەقیکی هونەری ئەوتۆ کە نەمری بەدەست بینیت و،

رەمزییەت «بەمانای ئاوس بوون بەفرە مەعنایی» پەیدا بکات و خوێندنەوەی هەموو جۆرو جیاواز لەلای خوێنەرانی جیاوازو هەمەجۆر بورووژێنێ یان خوێندنەوەی جیاواز لای هەمان خوێنەر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بورووژێنێ.

وەکو ئاماژەمان کرد کەرەستەی هەرە گرنگی دەق زمانە.. لێ رەنگە ئەم قسەیە دەرهەق بە شیعر، بەتایبەتی شیعری تازە بۆ هەندێک کەس بە ئاسانی قووت نەچێ و بایەخی زۆر بە ریتم بدرێت و بگوترێت ریتم هەموو رەگەزەکانی دیکەی شیعر لە سایەی خۆیدا یەک دەخات و شیعرییەتیان دەداتێ و تا ریتمەکە چڕ بێت، بوونی شیعری دەق، پتر جێگیر دەکات. بۆیە نەمان یان لاوازبوونی ریتم، شیعر لە شیعرییەت دەخات یان لە دەقایەتی شیعر کەم دەکاتەوە، لێ بە هەموو حاڵ و حسێبێک ریتم هەر لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت و ئەمە حاشا هەڵناگرێت. بەهەر حاڵ زمان بەخۆی لەخۆیدا رەمزو سیستەمێکی رەمزی عەجایەبە و هیچ شتێک هێندەی زمان بەفرە مەعنایی ئاوس نییە و مانای هەمەجۆر ناورووژێنێ، من وا تێدەگەم رەمزییەت لە شیعری تازەی کوردیدا گەلەک لاوازەو زۆربەی شاعیرەکانمان جیاوازی نێوان رەمزو خواستن «الاستعارە» ناکەن. ئەوەی لە شیعری تازەی کوردیدا بەدی دەکرێت پتر خواستنە، نەک رەمز، دەبێ ئەوەش بگوترێت، کە خواستن، لە شیعردا بۆ مەبەستی پتر روونکردنەوەی مەبەست نییە، بەڵکو بۆ چڕکردنەوەی کاریگەرییە ئەستاتیکییەکەی دەقە.

«٥»

یەکێک لە عەیبەکانی شیعری تازەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە هەم وەکو بابەت و هەم وەکو ئەرک، بابەت و ئەرکی پەخشانی لێ بارکراوەو ئامانجی هەرە سەرەکی خۆی کردووە بە گەیاندنی مەبەست کە ئەمە ئەرکی شیعر نییە. ئەرکی شیعر ئەوەیە کە شتەکان لە تەپوتۆزی رۆتین و راهاتن بتەکێنێ و هەمیشە سەرسامان بکات.. بۆ وێنە کاتێ تۆ دەبی بە هاوەڵی کەسێک و بەرەبەرە لەگەڵ دەنگ و رەنگیدا رادێیت وات لێ دێت هیچ سەرنجت ناورووژێت، کاتێ بەم راهاتنە رۆتینییە دەحەسی و دەزانیت کە یەکێکی دی باسی ناشیرینی یان جوانی یان نیشانەیەکی هاوەڵەکەت بکات؛ جا ئەرکی شیعر بریتییە لە رەواندنەوەو نەهێشتنی ئەو راهاتن و رۆتینە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵ و دنیادا. دیارە ئەم ئەرکە بە زمانی ئاسایی و وێنەی شیعری ئاسایی ئەنجام نادرێت و زمانێکی دەوێت کە بریتییە لە چڕە



زمانێکی دەق خوڵقێنی سەر بە تەمی دوور لە زمانی گەیاندن «التوصیل» و ئەمەش رەگێکی دەچێتەوە سەر کەلەپوورە شیعرییە و رەگێکی دەچێتەوە سەر زمانی ژیانی هاوچەرخ، بۆیە تا زمانی شیعر لە زمانی گەیاندن نزیک بێتەوە– کە ئەم دەردە زۆر شیعری تازەی کوردی گرتووەتەوە– لە تەقلیدو دابە شیعرییەکان دوور دەکەوێتەوەو زیندوویەتی خۆی ئاسانترو زووتر لە دەست دەدات و لە خۆڕسکی داهێنان و ئەفراندن دوور دەکەوێتەوە.

«٦»

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، مەبەستی سیاسی و بابەتی بەرەڤانی تا رۆژگاری ئەمڕۆ، بابەتی زۆربەی شیعری تازەی کوردی پێک هێناوەو هەمووشمان دەزانین ئەو بابەتە سیاسییانە هەم لە بواری کوردینی و هەم لە بواری حزبینیدا تا رادەیەکی زۆر سەتحیانە مامەڵەی لەتەکدا کراوەو ئەم مامەڵە کاڵوکرچە لە شیعریشدا رەنگی داوەتەوەو جەماوەریکی شیعر خوێن و شیعر دۆستی کاڵوکرچی دروست کردووەو کاڵوکرچیتی بابەتە شیعرییەکە لە بواری رەخنەشدا رەنگی داوەتەوەو رەخنە لە بازنەی بیروبۆچوونی سیاسی و زۆرجار لە بازنەی بۆچوونی تەسکی حزبایەتی کلیشەیی دەرنەچووەو نەیتوانیوە بگاتە جیهانی هونەرییەتی بەرهەمە شیعرییەکان و بەمەش ئاستی فامیدەیی هونەری لەلای خوێنەرو شیعر دۆستان لە جێی خۆی وەستاوەو گەشەی نەکردووەو ئەگەر کردبێتیشی زۆر بە خاوی بووە..
هەر بۆیە ئێمە زۆربەی کات حەزمان لە شیعرێک کردووە کە تینوێتی سیاسی یان حزبیمانی شکاندبێ و چ تینوێتییەکی هونەریمان نەبووە تا بە خەمی پاراوکردنی بوو بین؛ واتا تەنیا مەسئولیەتی تێکۆشانی شاعیرمان بە هەند گرتووەو کردوومانە بە مەحەکی پایەی شاعیری و نا شاعیری و داوای بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی زەوقی هونەری جەماوەرمان لە شاعیران نەکردووەو لەوە غافڵ بووین کە شیعری بەرەڤانی و مقاوەمەت دەبێ زەوقی هونەریش لای جەماوەر پەروەردە بکات و بەر لە هەر شتێکی دی پرۆسەی کەشفکردنێکی هونەرییانەی ئایندەیەو شاعیر ئاڵا هەڵگری ئەو شۆڕشەیەکە پاشەرۆژێکی مرۆڤانی لەبار دەخوڵقێنێت.

«٧»

ئەز وا تێدەگەم شاعیر، بۆ رەواندنەوەی نیگەرانی خۆی و ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆی شیعر دەڵێت. بۆیە دەبێت لە هەر دەقنووسێکی دی ئەمینتر بێت لە بەرجەستەکردنی هونەرییانەی روانین و جیهانبینینی خۆی لەمەڕ

مرۆڤ و دنیاو دەوروبەری مرۆڤ وەکو بونەوەریکی میژوویی؛ شیعر بالآترین جۆری گۆرانی و سترانی مرۆڤە بۆ بەزاندنی تەنیایی و سنووری ئەزموونی تاکپەروەری و ئاویتەبوون لەگەڵ ئەزموونی نەتەوەیی و بەشەریدا، دیارە ئەم گۆرانی و سترانە تا لە دوورتر دەنگ بداتەوەو بڕوات، کاریگەرییەکەی پتر دەبێ، و دەبێ بە چەکیکی هونەری گرنگ بۆ رزگارکردنی ئینسانیەتی مرۆڤ و نەتەوەو بەشەر لە مردن. بۆیە ئەوەی هونەری رەسەن لە مەرزی مەرگ دەپەڕینیتەوەو دەگەیەنیتە نەوەکانی ئایندە، کرۆک و جەوهەرو رەسەنایەتی هونەرە. هونەری رەسەن زەمان ناناسیت، بە نیو زەماندا دەڕوات و تیکەڵی زەمان دەبیت و لە هەر قۆناغ و سەردەمیکدا بە زەبری رەسەنایەتی خۆی جیگەی شایستەی خۆی دەپاریزێ..

هیچ بەرهەمیکی تەقلیدی، هەر چەندە ژیهاتووانەش بێ، نامینیتەوە، چونکە رەسەنایەتی زاتی تیدا نییە. هەر بۆیە زۆر زەحمەتە شیعریک کە بۆنەو سیاسەتی باوی رەوتەنی رۆژ لەبەرچاو بگرێ، لە میژووی ئەدەبیات دا بمینیتەوە شیعر کاتێ نەمرو زیندوو دەبێ کە شاعیرانەو شیتانە گوترابێ. واتە جۆش و خرۆشیک بێ کە لە روح و دەروونی شاعیردا جلّەونەکرێ، مالّی نەکریت، دەستەمۆ نەبێ، دانەسەکنێ، نەک بە تۆبزی بکریت بە شیعرو شیعار کە بیگومان تەمەنی زۆر کورت دەبێ..

شیعری شیعاری تەنیا لە قۆناغیکی زۆر کورتدا باوی دەبێ و هەر کە بۆنەو قۆناغەکە بووری، ئیدی هەموو ئیعتباریکی خۆی لە دەست دەدات و بە رابردوویەکی مردوو دەسپیرریت.. وەکو دەرکەوت، ئیمە بە زالّبوونی مەبەستی سیاسی بۆ شیعر، قایل نەبووین، کەچی ئەوەتا چەند سالّیکە لیرەو لەوێ دیاردەی حزباندنی شیعر سەری هەلّداوە.. دیارە ئەم گەمەیە لە هەموو گەمەکانی دی ترسناکترەو لە پایەی پەیامبەریتی شاعیر کەم دەکاتەوەو بەرە بەرە وای لیدیت لە بری ئەوە گۆرانی و سترانی حەقیقەت بە دەنگ و ئاوازی هونەر بۆ جەماوەری خەلّک کەشف بکات و رادەی فامیدەیی هونەرییان مشتومالّ بدات، دەبێ بە درۆزنیکی رمۆزنی زمان لووسی عەوام خەلّەتینی، ریبا بیژی هەرزە ویژی، خوازەلّۆگی پوولەکی چاوچنۆکی ویلّی دەربی میژوو...!!



**ژیدەر:**

**١- نگاه نو «١» / ١٣٧٠**

**٢- الانسان بين الجوهر والمظهر. اريک فروم.**

**٣- الادب من الداخل/ جورج طرابيشى.**

**٤- نظريه البنائيه فى النقد الادبى/ د. صلاح فضل**

**٥- ئالآی ئازادی / ژمارە (٦٧) ئەدەب.. راپەڕین/ حەمە کەریم عارف.**

**هەفتەنامەی گولآن ژ (١٣٥)**
**١٩٩٧/٨/٢٣**

# چالاکی رۆشنبیری و سیاسی

# دوو رووی یەک دراون

«١»

ئەگەر هەندێ بەوردی سەرنجی جیهانی ئەدەبیات بدەین، بەتایبەتی دەقە ئەدەبییەکان، ئیدی لەدەقی فۆلکلۆری حیکایەت و ئەفسانەو خورافەوە بیگرە تا دەگاتە دەقی نووسراوی سەردەمی دەستپیکردنی نووسین و تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆ، دەبینین ئەو دەقانە گەر زۆریش لیکدی نەچن و کاریگەرییان بەسەر یەکدییەوە کەمتر دیاربێ، ئەوا لایەنی لیکچوونیان زۆرە، ئیدی لەهەر کوییەک رسکابن؛ هەڵبەتە سەبارەت بەدەقی فۆلکلۆری کە زادەی قۆناغیکی منداڵییەتی کۆمەڵگەی بەشەرە، ئەو لیکچوونانەی لەنیوان دەقەکاندا هەیە دەگەڕیتەوە بۆ ئاوات و خولیاو خۆزیاو خەون و ترس و نیگەرانییەکانی سەرلەبەری تیرەی بەشەرو هەوڵدانی مرۆڤە بۆ هونەراندنی خودی خۆی و واقیعەکەی، یانی «دەق» بەڵگەنامەیەکی هونەرییانەی هەستەو ئەوەی تایبەتمەندی بەدەقی ئەدەبی فۆلکلۆری هەر میللەت و نەتەوەیەک دەبەخشیت، شیوەو شیوازی بەرجەستەکردنە هونەرییەکەیە.

بەڵام سەبارەت بەقۆناغی پەیدابوونی نووسین و پاشان سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی، ئەوا رەنگە کاریگەرییەکە زۆر زەقترو گەلەک پتر بێ، چونکە ئەدیب دەخوینیتەوە، زۆرجار پێ بحەسیت یان نەحەسیت هەندێ خۆشاوی روحی ئەو دەقانە خۆیان دەبن پەردەکانی خوارەوەی هەستی نووسەر داوین و لەویندەر مت دەبن، جا ئەو متبوونە زۆرجار سەرهەڵدانەوەو بوژانەوەی دەبیت، بەڵام نەک دەقاو دەق بەشیوازە ئەسڵییەکە، بەڵکو بە شیوازیکی نزیک لەشیوازە ئەسڵییەکەو ئەمەش هەرگیز ناکاتە (دزی ئەدەبی)، چونکە لیکچوونی بابەت، مانای وانییە لیکدی وەرگیرابن، یان ئەگەر وەرگیراو شیوازیکی هونەری جیاوازی درایێ و نەفەسی داهینەری دووەم بەتەواوەتی بەرجەستە بووبێ، هونەرییەتی خۆی وەرگرتبێ، ئەمە حاڵەتیکی دروستەو نیشانەی دانەبڕانی ئەدیبە لەکاروانی ئەفراندن و نزیکییەتی لە جیهانی کارلیکی ئەدەبییەوە...

هەڵبەتە ئەم قسانە بەمانای هاندانی خوا نەخواستە دزی ئەدەبی نییە، چونکە ملوانکەی دزیتی مەگەر بەشەوان لەمل بکرێ، خۆ لەم سەردەمەدا بەشەویش لەمل ناکرێ...



بەهەرحاڵ مەبەست ئەوەیە کە دەقی رەسەن لە پاشخانی جیهانی دەقی دنیا نایەتە دابڕان و ئەدەبیک کە لە پرۆسەی کارلیکە ئەدەبییەکە دابڕابێ، ئەمە نیشانەیەکی باش نییە، بەڵکو نیشانەی گۆشەگیرییە، لەکاتیکدا ئەدەب هەوڵی سڕینەوەی تەنیایی و بەردەوام کردنی پەیوەندییە مرۆڤانییەکان دەدات.

«٢»

ئەدەب، بەتایبەتی بۆ میللەتی بندەست و چەوساوە، بمانەوێ و نەمانەوێ هەوڵدەدات و هەقیکی رەواشە، ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و میژووییانەی کە دەکەونە ژیانی میللەتەکەوە پڕی بکاتەوە.. لەکەش و هەواو ئەتمۆسفیری سەرکوتکاری و زەبرو زەنگدا، ئەوەی ئەدەب دەتوانێ بیلێ و هونەرییانە بەرجەستەی بکات و پیشانی بدات، ئەوا میژووی راستەقینە نایتوانێ و میژووی ساختە و دەستکردو بێ بنج و بناوان لەو سەرو بەندانەدا دروست دەبیت.. میژووی قوڕوقەپ، کەڕوکویرو لاڵ لەو بابەتە قۆناغانەی ژیاندا دروستدەکرین. بۆیە کە دەگوترێ ئەدیبان ئاڵاهەڵگری میللەتن، مەبەست لەوەیە ئەگەر ئەدەبی گەورە هەبێ، ئەدیبی راستگۆو هونەرمەندو بەتواناو پڕ بەهرە هەبن، دەتوانرێ بکرین بە بنەمای لیکۆڵینەوەی میژووی «روحی»ی میللەتی مەزڵوم و بندەست لەهەر قۆناغیکی ژیاندا، چونکە بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوەو بوونی ئەو بابەتە میللەتانەش لەو بۆشاییانەو لەجۆری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا کەشف دەبیت.

«٣»

سەربەخۆیی نیشمانی و نەتەوەیی بۆ کورد، یەکیکە لە گرفتە هەرەگرنگ و بەرچاوەکان و هیچ نەبێ لەودیوی هزرو هەستی هەر کوردیکەوە سوییەکەو لەنیوان ساڕیژبوون و کولانەوە دایە، هەڵبەتە ئەمە لەئەدەبیاتدا رەنگ دەداتەوە، بیگومان لەدەقە ئەدەبییەکانی ئیمەدا، بەتایبەتی لەدەقە شیعرییەکانماندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام رەنگە گلەیی ئەوە بکریت کە کەمتر هونەرییەتی گرتۆتەخۆ، هەر ئەمەش وادەکات ئەو دەقانە بایەخی میژووییان زیاتربێ لەکاریگەری هونەری!..

پیم وایە هەرکاتیک خەونی لەمیژینەی سەربەخۆیی هاتەدی هەنگینێ دکارین پڕاوپڕی حەزی خۆمان گوزارشت لەخودی خۆمان، هەڵبەتە گوزارشتیکی هونەریانە بکەین. هەرکاتیک ئەمە هاتە دی ئەوا شەوی

میژوویـیـمـان رۆشندەبیـتـەوەو رابردوومان ئاویـتـەی ئیـسـتـامان دەبیت و..
چیدی لەپەراویزی ژیاندا وە پیر خۆکوژییەوە ناچین.

**هەفتەنامەی گولان ژ (٢٩١)**
**٢٠٠٠/٨/١٠**

# شیعرییەت، ئەفسانەسازی



«١»

بیگومان بزاڤی رۆشنبیری کوردی، بەهەر هەموو بوارەکانییەوە، لە کۆنەوە تاکو ئەمرۆکەش پەیوەست بووە بەبارودۆخی بزاڤی وەخت و رۆژی باوی کوردستان. واتا باری رامیاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاری کردۆتە سەر بزاڤی رۆشنبیری کوردی. هەلّکشان و داکشانی بارە سیاسییەکە، هەلّکشان و داکشانی بارە رۆشنبیرییەکەی بەگەلّ خۆی خستووە. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچیت کە باری ئابوری کوردستان هەمیشە فاکتەریکی گرنگ بووە لە ئیفلیجاندنی جیهانبینی ورۆشنبیری سیاسیمان، کەواتە ئەدەبیاتیش کەم وزۆر، راستەوخۆ وناراستەوخۆ کەوتۆتە ژیر کاریگەری ئەو ئیفلیجاندنەوە.

هەلّبەتە شیعر وەکو لقیکی گرینگی ئەدەبیاتی رۆژهەلّاتی ناڤین، بێ رەگ و رەگەمانییەو خۆ بە خۆو لە خۆڕاو وەکو قارچک هەلّنەتوقیوە وسەری هەلّنەداوەو پەیدا نەبووە. گەلەک هۆی سیاسی وئابوری و میژوویی و کۆمەلّایەتی و رۆشنبیری دەوریان لەسەر هەلّدان و پەیدابوونیدا دیتووە. میژوو، هیگل گوتەنی: «بەشیوەیەکی گشتی بریتیە لە گەشەکردن وکاملّبوونی روح لە چوارچیوەی زەماندا» جا هەر لەم پیناسەیەوە گەلەک پرسیاران دینە گۆڕێ و وەلّامدانەوەی هەموویان بۆ ئیرە زۆر دەخایەنێ، بۆیە لام سەرلایی دیینە سەر میژوو دەلّیین تیرەی بەشەر وەچە دوای وەچە هاتووەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەلّ رەوتی خاو یان گورج وبەلەزی میژوودا هەلّکشاوە. گۆڕان بەسەر ژیان وبیرکردنەوەی دا هاتووە، ئەوەی لە قۆناغیکدا شیاو بووە، لە قۆناغیکی دیکەدا کۆن بووەو چووەتە موزەخانەی میژووەوە.. کەواتە میژوو یەکیکە لە فاکتەرە گرینگەکان وکاریگەری بەسەر سەرلەبەری چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی هەرە لە میژینەی زهنی مرۆڤایەتی لەم حالّە بەدەر نەبووەو نیە. بۆ وینە لە قۆناغی ئەمرۆماندا کەس بە شیوە وشیواز وریبازی «نالی» شیعر نالّیت: چونکە «نالی» کوڕو دەنگ ودەنگدانەوەی سەردەمیکی میژوویی جیاواز لە سەردەمی ئیستای ئیمە بووە. عەبدولّلا گۆرانیش نەکوڕو نەدەنگ ودەنگدانەوەی سەردەمی نالی بووەو نەکوڕی ئەم سەدەیەی دواییەشە وەکو حوزوری مادی بەلّکو شیعرەکانی، دەنگدانەوەی شیعرەکانی لە رۆژگاری ئەمرۆدا حوزوری مەعنەوییان پێ بەخشیوەو هیوەتریش دەڕوات.. و هەولّی سەرەتای

عەبدوڵڵا گۆران و هاوڕیکانی وپاشان ڕوانگەو ڕوانگەچیانی هەروا زوو لە ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا نارەویتەوە، وەکو چۆن عەبدوڵڵا گۆران وهاوڕیکانی رەگیکیان دەچیتەوە سەر زەمینەی شیعری قۆناغەکانی پیش خۆیان و شیعری میللەتانی دیکەش، ڕوانگەو ڕوانگەچیانیش - ویڕای ئەوەی کە هەندێ ووتی ووتی سیاسیان لەسەرە - بیانەوێ ونەیانەوێ رەگیکیان دەچیتەوە سەر عەبدوڵڵا گۆران وهاوڕیکانی. دیارە وەچەی ئەمڕۆش لەم حاڵە بەدەر نابن، بەتایبەتی کە میژووی ئیمە، میژوویەکی سست و خاوو مەیلەو ویستاوی لە بابەتی سەدەکانی ناوەڕاستە. نەک لەبابەتی میژووی پڕ لە بزاڤ وگورج وخۆشبەزی سەدەکانی «**20-17**»ی ئەوروپا. ئەمە جگە لەوەی هەر قۆناغیک ژبلی دەنگی خۆی دەنگدانەوەی قۆناغی پیش خۆیشی لەگەڵ خۆدا دینێ و جیهانبینی یەکی مرۆڤدۆستانەی هاوچەرخ بەخەڵکی دەبەخشیت. ئەمە هەندیکە لە خاڵی یەکانگیری وجیابوونەوەی دەنگە شیعرییە تازەکان وریبەرانی شیعری ئازادو ڕوانگەچییان ونیمچە ریبازەکانی دیکەی شان بەشانی نیمچە ریبازی ڕوانگە. دیارە مەسەلەی زانینی زمانی بیگانەش سەرچاوەیەکی دیکەی خویندنەوە بۆ هەندێ لەدەنگە شیعرییە تازەکان فەراهەم دەکات وئەمەش دەبیتە ئەزمون و دیتە پاڵ ئەزمونی خۆیان و جۆرە دەوڵەمەندییەک بەم دەنگانە دەبەخشیت وناچار پەلاماری ئەفراندنی دەقی مەزن ونەمر دەدەن.

«٢»

واقیعی حاڵی حازری نویگەری شیعری کوردی لە ئاستی خۆزگەدا نییە. هەرچەندە ئەمە پتر پەیوەستە بە میژووی نیمچە وەستاوی خۆمانەوە، بەڵام وەختی ئەوە هاتووە شیعر سنووری لیکچوون وخواستن ورەمز ببەزینێ وبێ باکانە خۆی بەدنیای ئەفسانەدا بکات وخۆی لە دواندنی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرین بپاریزێ و جۆرە خۆدواندنیک بگریتە خۆی و واز لە ڕەوتی ئاسۆیی پشت بەستوو بە تەداعی وفلاش باک، بینێ و بەشیوەیەکی هونەری بەرەو قوڵایی دا کشیت. وینە شیعرییەکانی هیندە وەستایانە بداتە دەم یەکترەوە کە خوینەر بەخۆی مەبەستەکە هەڵینجێ، نەک چاوەنۆڕی ئەوە بێ شاعیر مەبەستەکەی بداتێ. هەروەها تیکەڵ کردنی وینەو ڕەمزەکان فەرامۆش نەکات. ڕەمز بریتیە لە کەشفکردنی کۆمەڵیک ڕازونهینی گەشکە بەخش، واتا بینانانەوەی واقیع بەشیوەیەکی ئەفسانەیی ئەوتۆ کە ناڕاستەوخۆ لەدەرگای تیگەیشتنی خوینەر بدات. هەڵبەتە ئەفسانە سازی بەو مەبەستە نیە، شاعیر مەبەستی خۆی لەبن حەوت تویکڵان ڤەشیرێ



وپەنابەریتە بەر هیندێ وشەی لەباوکەوتوو، ودەستەواژەی پچڕپچڕو ڕستەی لنگەو قوچ وبەتەمتومان، هەڵبەتە تەم ومژی داهینەرانە پیویستە وهەر دەقیکی گەورە بگری شکۆدارییەکی بەتەمی خۆی هەیە، بۆیە دەبێ بایەخ بە تەم ومژی داهینەرانە بدریت وببیت بە هۆیەک بۆ پتر هاڕوژاندنی مرۆڤ ودیاری کردنی پیگەی مرۆڤ لە کەوندا، جا ئەمە چەند لە شیعری ئەمڕۆی کوردیدا رەنگی داوەتەوە؟! بە قەناعەتی بەندە ئەگەر لە تاک وتەرای شیعری ئەم یان ئەو شاعیریشدا رەنگی دابیتەوە هەر نەگەییوەتە ئاستی خۆزگە.

«٣»

دوارۆژی شیعریش بەرەو ئەوە دەچیت کە شاعیر هەوڵی ئەوە نەدات شتیکی دیاریکراو بڵیت. بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاریکراوەکەوە هەموو شتیک نیشان بدات و بڵیت. بەڵام نەک نیشاندان وگوتنیکی چەنەبازانەی بازاڕی سواو. بەڵکو نیشاندان وگوتنیک تەنیا هیماو ئاماژەو ڕەمزی کورت و خیراو بەلەز بێ.. بەکورتی کیردیکی تیژتیژ بەنیو زامی مرۆڤدا بیرەحمانە بگیڕیت وتوێ توێ خویی پیوە بکات.. ئەمە شیعرییەتی ڕاستەقینە بەشیعری کوردی دەبەخشێ و بیباکانە بە ئەفسانەی دەسپیرێ و دەق لە خوینەری تەمەڵیش دەپاریزێ.. مەخابن گرفتی گەورەی خوینەری ئیمە تەنیا ئەوە نیە کە شیعر ناناسن، بەڵکو شتیک بەشیعر یان شتگەلیک بە شیعر دادەنین کە لە بنەڕەتدا شیعر نین -کلۆڵ خۆت شاعیری کورد-.

«٤»

شاعیری ئیستا بەگشتی وهی دوارۆژ بەتایبەتی لەسەریتی جۆرە خوایەتییەک -خوایەتی لەروانگەی شیعرییەوە- بخوڵقینی کە تەنیا موریدی یاخی؛ یاخی بەو مانایەی کە هەموو خەمیکی کەینونە پەیدا کردن بێ، قبوڵ بکات.. نەک بچیت ڕەخنە لەوەزع و حاڵیکی تایبەتی بگرێ - ئەمە بە هیچ جۆرێ کارو ئەرکی شیعر نیە- چونکە کە خوایەتییەکە دروست بوو هەنگینێ چ ناڕەوایی وبیدادییەک خۆی لەبەردەمیدا ڕاناگرێ.

ئالای ئازادی ژ (٩٧) ١٩٩٣/١١/١٤
هەفتەنامەی گوڵان ژ (٢٦٣) ٢٠٠٠/١/٢٧

## هونەرییەت= گۆڕینی ڕوانین

«١»

ئەدەبیات، هەڵقوڵاوی واقیعی کۆمەڵایەتی و قۆناغی میژوویی خۆیەتی و شەرعییەتی خۆی لە زەرورەتە کۆمەڵایەتی و میژوویی و رۆشنبیرییەکانی سەردەمی خۆیەوە وەردەگریت و ئەوەی کە زندوویەتی پیدەبەخشیت ئەوەیە کە چەند واقیعی سەردەمی خۆی هونەراندووەو ساتە زیندووەکانی مرۆڤ و روح و دەروونی مرۆڤی وینە گرتووە؛ کە رەنگە لە هەموو قۆناغ و سەردەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەمان سات بن و بەشیوازی جیاواز خۆ بنوینن.. ئاشکرایە کە تەمەنی ئەدەبیاتی کوردی ویڕای کورتییەکەی پچڕپچڕیش بووە. بەتایبەتی تەمەنی چیرۆکی هونەری کوردی کە هەر **70-80**ساڵیک دەبیت، ئەویش بە پچڕپچڕی، جا لەو ماوەیەدا، بە پێ قۆناغی هەڵکشان و داکشانی باری سیاسی کوردستان، هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە، دیتوە.. چیرۆکی کوردی لە قۆناغ و سەردەمیکدا پەیدابوو، کە بزاڤی کوردینی لە پەیدابوون و هەڵکشاندا بوو، بزاڤی کوردایەتیش، بزاڤیکی سیاسییە، دیارە ئەم بزاڤە سیاسییە، کەم و زۆر کاری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی تری ژیانی نەتەوەی کورد، هەڵبەتە یەکیک لەو بوارانە ئەدەبیات و دنیای چیرۆک بووە، واتە هەر لەسەرەتاوە چیروکی کوردی سیاسەتاوی بووەو مەبەستی سیاسی زاڵ بووە بەسەریداو چیرۆکیش لە پاڵ سەنگەرەکانی دیدابووە بە سەنگەریکی دیکە مقاوەمەت و هەندێ ئەرکی کەوتۆتە ئەستۆ کە رەنگە لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەدەب نەبووبێ. بۆیە تا هەشتاکان و هیروەترش بابەتی چیرۆکی کوردی سنووردار بووە.

راستەوخۆ جەماوەری خوینەری دواندووەو؛ بۆ تیکۆشان و خەبات جۆش و هانیداون.. واتە چیرۆک هەمان سادەیی واقیعی ژیانی ئەو قۆناغەی ژیانی کوردەواری وەرگرتووە.. بۆیە شیوازی مالیجەی بابەتەکان یان یەک مالیجە بووە یان زۆر لە یەکدییەوە نزیک بوون.

لە هەشتاکانەوە، ئیدی بەرەبەرەو بە پیی ئاڵۆزبوونی ژیان و فراوانبوونی بابەتەکان، زمان گۆڕا، مالیجەی بابەت هەمەجۆرییەکی دروستی بەخۆوە بینی، نووسەر گەیووەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ جۆرە یاساو ریسایەک بۆ نوسینی ئیبداعی نیە؛ چونکە چیرۆک و هەموو کاریکی هونەری بریتیە لە جەڕباندنی شۆڕش و یاخی بوون لە هەر دەستورو یاسایەک.

هەر نووسەرە دەتوانێ بەدەر لە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و نووسینی



کەسانی بەر لەخۆی و کەسانی سەردەمی خۆی، یاساو ریساو دەستوری تایبەتی خۆی دابهینێ و کاری پیبکات.. دیارە ئەمەش بەو واتایە نیە کە چیرۆکنووس سەربەخۆیی دەقەکەی زەوت بکات و بیکات بە بڵندگۆو زوڕنای بیروبۆچوونی سیاسی خۆی.. دەق دەبێ بوونیکی بە شەری و مرۆڤانی ئەوتۆ پەیدا بکات کە ژیانی لیوە هەڵقوڵێ.. جا ئەو کزییەی کە بەڕای هەندیک، ئەدەبیاتی ئەمڕۆی گرتۆتەوە. رەنگە رەنگدانەوەی ئەو جۆرە پاشاگەردانییە ناسەقامگیرە بووبێ کە بەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک دەکەوێ.. ئاشکراشە راپەڕین خۆی لە خۆیدا گۆڕانکارییەکی گەورەو مەزنەو بەلای منەوە هیشتاش هەر بەردەوامەو شتی تری پییە.. بۆیە پیم وایە چیرۆکی هونەری کوردی لە زاوزییەکی ئاساییدایەو لە حەفتاکانەوە بەرە بەرە هاتووەو لە هەشتاکانەوە ئیدی گەشەی کردووەو ئاسایی هەنگاو دەنێ و ئەمڕۆش لە حاڵی ئاوس بوون و ژان و ژاری خۆ هاوچەرخاندندایە و چیرۆکی هونەرییمان گەییوەتە ئاستیک کە تەماحی خویندنەوە بخاتە بەر خوینەرو ئەمەش بۆخۆی مژدەو نوقلانەی ئایندەیەکی پرشنگدارە بۆ چیرۆکی هونەریمان.

«٢»

ئاشکرایە کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەرگیز ئارامی بەخۆوە نەدیتووە. بە کورتیەکەی، کورد خۆی خاوەنی خۆی نەبووەو لە ماڵی خۆیدا حەساوی بیگانەیەکی ناحەزی بۆ کراوەو هەزارو یک جۆرە سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و میژوویی و جوگرافی و رۆشنبیری خراوەتە سەر.. دیارە ئەم جۆرە کەشوهەوایە یارمەتی سەرهەڵدانی بزاڤیکی فیکری چالاک نادات.. بۆیە لەم وەزع و حاڵانەدا بەرهەم کەم دەبیت.

ئەو بەرهەمانەش کە دەبن ئەوەندەی بایەخی میژووییان دەبیت، ئەوەندە کاریگەری فیکری و رۆشنبیرییان نابێ.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کەسیک لە سایەی ئەو جۆرە کەش و هەوایەو لە دنیای پاشکەوتوودا گەورەو پەروەردە ببێ، هەست بەگریی کیماسی دەکات و متمانەی بە خۆی نابێ. لە کاتیکدا بویری زاتی، دەوری گەورە دەبینێ و زۆر بیویستە بۆ خەملاندنی بیرو بۆچونی تاک، واتە تاک دەبێ خۆیشی جۆرە بەهرەو زیرەکی و بویری یەکی تیدا هەبێ، کە مەرجیکی هەموو جۆرە داهینانیکە، رەنگە کۆمەڵیک بەرهەم نوسرابێ و رووداوەکانی بە کاڵ و کر چی لە خۆ گرتبێ،

بەڵام کام لەو نوسینانە، رووداوەکانیان هونەراندوە و کردویانن بەرەمز- هەڵبەتە ئەمە لە زۆر دەقی فۆلکلۆریدا بەدی دەکرێ- چونکە عیبرەت لە تۆمارکردنی روداواندا نییە، رووداو بۆخۆی کەرەستەو ئەو زاری داهینانە، داهینانیش میژوویەکی هەرە تایبەتی و رەمزی یەو زۆر لە سەروی میژووی ئاسایی رودانەوەیە.. ئەمە جگە لەوەی رادەی دەرک کردن و تیگەیشتن و جیهانبینی و تیڕوانینی نووسەر و ئەدیبی کورد و ئەزموونی هونەری نووسەر و ئەدیبی کورد، ئاڵۆزە و دەنیو پاشخانیکی رۆشنبیری دەوڵەمەندو فرەلایەندا ریشاژۆ نەبوە و لەوە بچوکترە بەزەبری هونەرییەت تیڕوانینمان بۆ ژیان و واقیع و دنیا بگۆڕێ یان بەلای کەمەوە بیخەملینێ و بەشیوەیەکی دروست ئاراستەی بکات

«٣»

بیگومان هەر قۆناغ و زەمانیک لە هەموو بوارە ئەدەبی و رۆشنبیر و بوارەکانی تری ژیاندا دەرهاویشتەی خۆی دەبیت و خەڵکانیک هەڵدەکەون کە ببن بە ئاڵا هەڵگر و نوینەری قۆناغ و سەردەمی خۆیان، ئیدی هەر نەوەیەک کەم و زۆر جێ دەستی خۆی لەسەر قۆناغی خۆی بەجێ دەهیڵێ و ئاڵاکە دەداتە دەست نەوەی پاش خۆی.. دیارە هەر قۆناغەش لە هەموو مەیدانەکاندا ڕچەشکینی خۆی دەبیت، لە بواری ئەدەبیاتدا بەرهەمیک بوو بێ بە ئەدەب؛ واتە ئەدەبیەت و هونەرییەتی تەواوی پەیدا کردبێ، ڕچەشکینە.. چونکە کاری داهینان تەنێ یەک یاسا دەناسیت، ئەویش یاساو ریساشکینی یەو هەر لەم پیودانگەوە شۆڕشگیڕییەتی بەردەوام وەردەگرێ..

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (٢٥٤)**
**١٩٩٩/١٢/٢**

## ئەدەب ... راپەڕین



لە ژمارە "٧٣"ی رۆژنامەی ئاڵای ئازادی دا ووتاریکی کاک ئاویر بەرزنجی-م بە نیو نیشانی "داهینانی ئەدەب.. پیش و پاش راپەڕین" خویندەوە.. منیش دەمەوێ بەم نووسینە خیراو بە پەلەیە، لە هەمان دەرگا بدەم و باری سەرنجی خۆم لەو رووەوە دەربڕم، ئیدی باری سەرنجەکانمان لە کویدا یەکانگیر دەبن و لە کویدا لیکدی دوور دەکەونەوە، ئەمەیان گرینگ نییە.

گەر سەرنجیکی میژووی ئەدەبی کوردی بدەین و لە ئاستی هەر قۆناغیکی دا سووکە هەڵوەستەیەک بکەین، ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێ کە هەڵکشان و داکشانی ئەدەبیمان راستەوخۆ پەیوەست بووە بەو بارە سیاسییەوە کە کوردستان پییدا تیپەڕیوە.. لە هەر قۆناغ و شوینیک دا راپەڕین و شۆڕش و سووکە دەسەڵاتی سیاسی هەبووبێ ئەوا بزاڤیکی ئەدەبی و رۆشنبیری بەگەڵ خۆی خستووەو تەوژم و تەکانیکی پێ بەخشیوە.

خانی مەزن، کوڕی سەردەمی خۆی و رسکاوی زەمینەی میرنشینی بۆتان و پاشان ئاڵا هەڵگری هەستی نەتەوەیی کورد بووە، بە ئاواتەوە بووە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە. فشەڵە نیمچە سەربەخۆیە پەرەبستینێ و هەموو کوردستان بگریتەوە.. بەڵام سەیر دەکەین لەگەڵ هەرەس هینانی میرنشینی نیو براودا، دەستی خانی-ش سست بووەو ئاڵاکە گەر نەشکەوتبێ ئەوا بۆ ماوەیەکی دریژ بە نزمی و بێ ناز ماوەتەوە. خۆ ئەگەر ئەو بناغە پتەوەی خانی نەبوایە ئەوا لەوەبوو جاریکی دی کەس نەگەڕیتەوە سەرکەونە هەوارو ئاڵاکەی خانی سەر لە نوێ هەڵبگریتەوە..

دیارە ئەمە بەنیسبەت نالی و شاعیرانی تریشەوە هەر وایەو راستەوخۆو ناراستەوخۆ پەیوەندییان بە باری سیاسی کوردەوە هەبووە. هەر لیرەوە سیاسەت و کوردینی بووە بە بابەتیکی یەکجار سەرەکی زەقی ئەدەبیاتی کوردی.. دیارە میللەتیک هەڕەشەی نەمانی لێ بکرێ، هەقی خۆیەتی پەنا وەبەر هەموو جۆرە سەنگەریکی مقاوەمەت بەرێ. گەر سیاسەت لای ئەدیبانمان بووبێ، بە بابەتی سەرەکی و سەنگەری مقاوەمەت، رەنگە ئەمە بۆ سەر دەمانیک پاکانەی بۆ بکرێ و خۆی لە خۆیدا پەیامدارییەکی زاتی بووە، دەرهەق بە دۆزی کورد..

بەڵام سیاسەت لەلای ئیمە بە ئیستاشەوە هەر لە ئاستیکی سەتحی دابووە. چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی قوڵ

ریبەرایەتی نەکردووە تا لە بزووتنەوە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکەشدا بە قوڵی رەنگ بداتەوەو زەمینەیەکی فیکری دەوڵەمەند فەراهەم بکات و لە دروشمی سیاسی وەزن و قافیەدار رزگاری بکات.

هەڵبەتە ماو گوتەنی: «ئەوکارانەی بەهای هونەریان نەبێ گەر شەقڵی پیشکەوتن خوازیشیان گرتبیتە خۆ، ئەوجاش لە باری بۆچوونی سیاسی‌یەوە چ کاریگەرییەکیان نییە». ئەرکی ئەدەبیات بەتایبەتی بۆ میللەتی هەرەشە لیکراوی بندەست، قوڵکردنەوەی حاڵەتە ئینسانییەکانە لە ئەقڵ و ویژدانی خەڵکی دا، دیارە لە پاڵ رەچاوکردنی لایەنە هونەری‌یەکەوە. جا لەبەر ئەوەی بارە سیاسییەکەی کوردستان تا رادەیەکی زۆر کاڵ و کرچ بووەو لە دەریی خەملێن و، پیگەیشتنی کوردەواری دا سەپینراوە، ئەدەبیاتی کوردی بەشیوەیەکی گشتی وەستاوەو لە جیی خۆیدا ئەم پێ و ئەو پێ دەکا، واتە بەشیوەیەکی گشتی میژووی کورد، میژوویەکی نیمچە وەستاوەو هەرگیز ئەو حاڵەتە پڕ بزاڤەی سەدەکانی ١٧، ١٨. ١٩ی ئەوروپای بەخۆوە نەدیتووە، بۆیە ئەم پچڕپچڕی و سستی و خاوی و وەستاوی و نیمچە وەستاوی‌یە سیاسییەمان لە ئەدەبیاتیشدا رەنگی داوەتەوەو ئیفلیجی سیاسەتی بە بالآدا بڕیوە. دیاریشە یەکیک لە هۆیەکانی ئیفلیجی سیاسەتی لای ئیمە ئەوە بووە کە بنەمایەکی ئابووری کۆکی نەبووە.

هەموو ئەم بارە شیواوو سەقامگیر نەبووە تیکرژاوانە لەگەڵ هەوڵ و کۆششی دوژمناندا بۆ بەکۆلۆنیالی کردنی کوردو کوردستان، گەلێ باری ناهەمواری وەک خاترانەو خاترگرتنی گویگرو خوینەر لەلایەن نووسەرەوە، لیکەوتەوە کە لە بنەڕەتدا کاریکی خراپەو بە زەرەری ئەدەب دەشکیتەوە، چونکە نووسەر نابێ گویی بە فشاری داب و نەریت و خو و خدەی باوی ناو کۆمەڵەکەی بدات و کارە هونەرییەکەی لەبەر خاتری ئەو شتانە سەقەت بکا، چونکە نووسەر کەس ناچار ناکا بەرهەمەکەی بخوینیتەوە، کێ بەدڵی نییە دەتوانێ نەیخوینیتەوە.. چونکە نووسەر بۆ جەماوەریکی تایبەتی نانوسیت، بەڵکو هاندەریکی ناوەوەی وای لیکردووە بەسەر مینبەری هونەر بکەوێ و بە دەنگی بەرز پەیامی خۆی رابگەیەنێ. بۆیە نووسین چ سانسۆریک قبوڵ ناکات، تەنیا سانسۆری خودی نووسەرەکە نەبێ.

نووسەر گەر بۆ رەزامەندی خەڵکی نووسی ئەوا جاڕی مەرگی خۆی دەدات و کارەکەشی ئەدەبیەت وەرناگرێ. هەڵبەتە هیندێ جاریش رێ دەکەوێ



بۆچوونی نووسەرو خواستی خەڵکیش یەکانگیر ببن، بەڵام نووسەر نابێ گوێ بە دڵی خەڵکی بدا، بەڵکو دەبێ گوێ بە قەناعەتی خۆی بدات و ئەوەی لابچەسپێ کە هونەر بڵاوکراوەیەکی بانگەشەیی یا زوڕنای هیچ دۆزیک نییە، ئەگەر ئەو دۆزە زۆر پیرۆزیش بێ.. ئەدەب زنجیرە پرسیاریکی لەبن نەهاتووە.

جگە لە دیاردەی خاتروخاترانەش، سانسۆرو خود سانسۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینیش-ی بەگەڵ خۆ خستووەو ئەدەبیات و بزووتنەوە رۆشنبیری‌یەکەی بەتەواوی خەساندووە.

ئەدەبی کوردی بە شیوەیەکی گشتی خووی بە مەبەستە سیاسییەکەوە گرتووە، خووگرتنیش بە شتیکەوە، ئەدەب لە ئەدەبیەت دەخاو ریگەی هەمەجۆر خوازی لێ دەبڕێ و بەرهەمی گەورەی داهینراو بە زەحمەت لە دایک دەبێ. ئەمە جگە لەوەی کە نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی زیانیکی گەورەی بە ئەدەبیاتمان گەیاندووە، نووسینی نووسەری کورد لە نیو کۆمەڵە خوینەریکی زۆر کەمدا گیری خواردووە، هەموو میللەت نووسینەکەی ناخوینیتەوەو ئەمەش مەودای دەنگدانەوەو شۆرەتی ئەدەبیات تەسک دەکاتەوەو بەری تیشکی هەتاوی رەخنە دەگیردرێ. دیارە نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەدەب هیشتا لای ئیمە نەبووە بە پیشە واتە نەبووە بە سەرچاوەی بژیوی نووسەر، نووسەر ناچارە لە پاڵ هەڵپەی ژیان و گوزەراندا لە سووکە دەرفەتیک دا بەپەلە شتیک هەڵکولێنێ و بەناوی ئەدەبەوە دەرخواردی خوینەری بدات.

جا با هەر لە پیودانگی بەندیواری سیاسەت و ئەدەبی کوردی‌یەوە بیینەوە سەر راپەڕین و هیندەی پەیوەستە بە بارە ئەدەبی‌یەکەوە تیشکی بخەینە سەر، بیگومان، راپەڕین خۆی لە خۆیدا دیاردەو حاڵەت و مەسەلەیەکی سیاسییە و دەبێ گۆڕانکاری بەگەڵ خۆی بخات.. ئاشکراشە هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە تا تەواو سەقامگیر دەبێ و رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ، جۆرە ئەنارشیزم و بێ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەوێ، هەموو ئاگادارین کە ئەم ئاخرو ئۆخرەی سەدەی بیستەمە، گەلێ گۆڕانی ئابووری و سیاسی و سوپایی و جوگرافی و.. چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بەخۆوە بینی، کوردستانی ئیمەش، بەتایبەتی باشووری کوردستان؟ وەک بەشیکی دانەبڕاو لە جیهان کەم و زۆر، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پڕپشکی ئەو گۆڕانکارییەی بەرکەوتووە ئەمە جگە لە راپەڕینە

مەزنەکەی جەماوەری کوردستانی تینوی ئازادی و سەربەستی، کە تیکڕا بە حوکمی گۆڕانکارییەکان جۆرە بێ نەزمییەکی کاتی رووی کردە هیندێ مەیدانی ژیان.. ئەم حاڵەتە بۆ سەرەتای قۆناغەکە رەنگە پاکانەی خۆی هەبێ و هیندێ ئاسایی بنوێنێ.. بەڵام بۆ دواتر..!!

لەکوردستاندا راپەڕین بەرپابوو، گەورەیی و مەزنایەتی راپەڕینەکە لەوەدایە کە سەلماندی خەڵکی کوردستان کۆیلە سروشت نین و ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵبکەوێ دەتوانین بەگژ هەموو زوڵم و زۆریک دا بچنەوەو میژووی راستەقینەی خۆیان بە دەستی خۆیان تۆمار بکەن کە ئەمە بۆخۆی خاڵیکی گەشو دڵخۆشکەرە.. راستە هەستی نەتەوەیی سەرکوتکراوی جەماوەری راپەڕیو، بورکان ئاسا تەقییەوە، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگێڕییەی کە راپەڕین لە سەرەتاوە لە هزرو بیری خەڵکی دا خولقاندی، نەکرا بە فاکتەریکی زیندووی پڕ لە بزاڤ و زەمینە خۆشکەر بۆ قۆناغی پاش راپەڕین و رزگاربوون لە ئەنارشیزم، خەڵکە تینوەکە بێ خۆ گۆشکردن بە تەسەوریکی ئایدۆلۆژی روون دەربارەی راپەڕین و قۆناغ و ئاکامەکانی، تەنیا ئەوەیان دەویست دەسەڵاتی فاشیزم لە وڵات تڕۆ بکرێ.. واتە راپەڕین لە باری سەرنجی چینایەتی و ئایدۆلۆژییەوە، هەرچەندە جۆرە ئاسۆو کەش و هەوایەکی سیاسی باشی هینایە ئاراوە، بەڵام لە راستیدا جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و میژوویی یەکگرتووی زانستانە داڕیژراوی پێ نەبوو... بەم حاڵەشەوە من پیم وایە واقیعی راپەڕینە پیرۆزەکە کردویەتیە کارێ کە ئەمڕۆ کە سیاسەت لە کوردستاندا لە حاڵی بەخۆداچوونەوەدایە، لە خەمی خۆ هاوچەرخاندندایە.. واتە سیاسەت لە ژانی لە دایک بوونەوەدایە.. ژان و ژاریش تا قۆناغە ئاساییەکانی خۆی نەبڕێ، ئاکامەکەی یا لەبارچوونە یا بە ئیفلیجی لە دایک بوونە، بۆیە پیویستە هەندێ پشوو دریژ و بڕیک بە حەوسەلە بین و واقیع بینانە مامەڵە لەتەک حاڵەت و دیاردەو مەسەلەکاندا بکەین..

جا با بیمەوە سەر راستە مەبەستەکەو بەندیواری سیاسەت و ئەدەبی کوردی، ئەدەبیات زادەی واقیعە. واتە لە واقیعەوە لاولاو ئاسا بە دوای ئەفسوناوی خەیاڵ و بەهرەی داهینەرانەدا هەڵدەزنێ و لە جوانترین و دڵ راکیش ترین وینەدا خۆی دەنوینێ و ناسنامەی رەسەنایەتی خۆی بەدەستەوە دەگرێ و بەرەو باوەشی کەلچەری مرۆڤایەتی مل دەنێ و کورسی خۆی دەگرێ.. کە ئەمە ئەرک وپەیامی ئەدەبیات بێ، ئاسایيە ئەدەبی کوردی لەم



قۆناغەی ئەمڕۆدا هەندێ بیدەنگ و بڕیک سەرسام بێ، چونکە لام وایە ئەدەبی کوردیش وەکو بارە سیاسییەکە لە حاڵەتی بەخۆدا چوونەوەدایە، لەخەمی خۆ هاوچەرخاندندایە.. چونکە واقیعە جەنجاڵە مەیلەو ئەنارشیستی‌یەکە، یەک دنیا پرسیاری بەگەڵ خۆی خستووەو ئەدەبیش بۆ خۆی یا وەڵامدانەوەی پرسیارە یا پرسیار خستنەڕووە... واتە ئەدەبی کوردی ئاوسی پرسیارەکانە چ وەکو وەڵام دانەوەیان چ وەکو خستنەڕوویان و گەر هەندێ سەبری لێ بکەین و لیی گەڕیین قۆناغەکانی ئەم ئاوس بوونە بەشیوەیەکی سروشتی ببڕێ، ئەوا لە دایک دەبیتەوەو راستە ریگەی خۆی دەگرێ و گەلێ مەسەلەی وەک پەتای غەربیەتیش لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێ، چونکە گەر هیندێ بە ووردی سەرنجی ئەدەبیاتی خۆ بدەین، ئەو پەتای «غەرب زەدەگی»یە لە کۆمەڵیک دەقی ئەدەبی دا دەبینین کە لە باری تەکنیکەوە تا رادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەست هیناوە، بەڵام وەکو بابەت بە رۆحی کورد بیگانەن، ئیدی بۆ خۆ لە مۆڵەقدا وەستاون و بێ ناسنامە سەرگەردان، بە هیچ لایەکدا ساغ نابنەوەو دوا ئەنجامیش نابنە بەشیک لە میژووە هەرە زیندووەکەی کورد، کە تۆمارکردنی ئەمینانەی، تەنیا لە توانای ئەدەبی رەسەندایە.. بەهیوای ئەو رۆژە.

**ئالای ئازادی ژ (٧٥)**
**١٩٩٣/٥/٣٠**

## سەرنجیکی ئەدەبی

«١»

ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە، بایەخیکی گەورەی بە بابەتی سیاسیی داوەو لە شیوەیەکی ڕۆمانسی عەشایەری دا مامەڵەی لەگەڵ کردووە. هونەر کراوە بە هۆیەک لە هۆیەکانی مەعریفەت و چەکیکی بەرەڤانی و بەرگری، واتە نیوەڕۆکی سیاسی زاڵ بووە. ئەمەش زیانی لە شیوە هونەرییەکەی داوە.. شەهادەت، بەخشش، قوربانی، سێ کوچکەی خەمی تاکی عەوداڵی کۆمەڵ بووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە تانهو لە شیعری کوردیدا بەرهەمیکی هونەری سەربەخۆی ئەوتۆ نەڕسکێ کە خودیکی هونەری وەهای بێ کە بەزەبری هونەرییەت خۆی بە خوینەر بناسینێ.

«٢»

چونکە سیاسیەت بابەتی هەرە سەرەکی بەرهەمی شیعری کوردی پیک هیناوەو سیاسەتەکەش، زۆربەی کات، خۆی لە خۆیدا ئیفلیج و تاڕادەیەک نەزۆک بووە، بۆیە زمان لەلای زۆربەی شاعیران، زمانیکی وەستاوی کاویژکراو بووە. چونکە تەنیا بابەتی تازە، زمانی تازەی هونەر دەخوڵقینێ و دەپژینێ. هەر ئەم نیوەڕۆکە زاڵە «سیاسیەت و بەرەڤانی» وای کردووە کە شیعری هونەری کوردی نەتوانێ لە ڕەگەزو فاکتەرەکانی دەرەبی دەقەکە بیتە دابڕان و جیاکردنەوەو سەربەخۆیی هونەری خۆی وەربگرێ.

«٣»

ئەگەر بمانەوێ لە دەقی شیعری بکۆڵینەوەو پیوەری حەساس وەگەڕ بخەین، دەبێ ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ خودی دەقەکەدا بکەین و هەموو بارودۆخ و کەش و هەوا دەرەکییەکان، ئەوانەی کە دەقەکەیان تیدا زاوەو بەرهەم هاتووە، فەرامۆش بکەین.

«٤»

شیعر تەنیا زەخرەفەیەکی ڕواڵەتی نییە هەر پشت بە کیش و قافییە ببەستێ و یاساو بنەماکانی زمانی پەخشان تیک بشکینێ و ئیدی تەواو؛ شیعر جۆرە گوتنیکی خەملیوەو لەڕووی چۆنیەتییەوە لە پەخشان جیاوازە؛ هەڵبەتە کۆمەڵە یاسایەکی تایبەتیش لە ناوەوە یەکی دەخات.

«٥»

ڕیتم، ڕەگەزیکی هەرە گرنگی شیعرە، دەتوانم بڵیم کۆکەرەوەی هەموو ڕەگەزەکانی دیبە، بە جۆرێ ئەم ڕەگەزانەی دی کۆ دەکاتەوە کە شیعرییەتیان



دەداتێ، دیارە ئەم ڕیتمە چەند چڕوپڕو مەنگ بێ، هیندە زیاتر بوونی شیعریانەی دەق جیگیر دەکات. بۆیە لاوازی ڕیتم لە شیعرییەتی دەقی شیعری کەم دەکاتەوەو هەندێ جار شیعرییەت تەواو دەسڕیتەوە.

«٦»

یەکیک لە خەوشەکانی شیعری تازەی کوردی- زۆر بە- ئەگینا تاک و تەراو لیرەو لەوێ دەقی شیعری ئەوتۆ هەن کە لەم حوکمە بەدەربن- هەم وەکو بابەت و هەم وەکو ئەرک، ئەرکی پەخشانیان لێ بارکراوە، کە بریتییە لە گەیاندن «توصیل» کە مەخابن ئەمە لە زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردیدا دەبینرێ، بە گۆرانی لوتکەشەوە!!

«٧»

خەیاڵ بنەمایەکی هەرە تایبەتی ئەدەبە بە گشتی و هی شیعرە بەتایبەتی، شلۆفسکی لەم بارەیەوە دەڵێ:

«شاعیر وینەو خەیاڵان ناخوڵقینێ، بەڵکو لەبەر دەستی دان، لە زمانی ئاساییەوە هەڵیان دەهینجێ، بۆیە خاسیتی دیاری شیعر نابێ تەنیا بریتی بێ لە بوونی ئەم خەیاڵانە، بەڵکو دەبێ چۆنیتی بەکارهینانیانیش بگریتەوە»

«٨»

خواستن «استعارە» لە شیعردا، بۆ چڕکردنەوەی کاریگەریی ئەستاتیکی دەقە، نەک بۆ ڕوونکردنەوەو شەرح.. ئەرکی شیعر ئەوەیە کە شتەکان لە تەپوتۆزی ڕۆتین و ڕاهاتن بتەکینێ و سەرسامان بکات. بۆ وینە کاتێ تۆ کەسیک دەناسیت و لەگەڵیدا تیکەڵ دەبیت و بە دەنگ و ڕەنگی ڕادیی، هیچ شتیکی سەرنجت ڕاناکیشێ، وەک ئەوەی سەرنجت بەنج بووبێ، هۆی ئەمە ڕاهاتنی تۆیە لەگەڵیا. شیعر ئەم ڕۆتین و ڕاهاتنە کوشندەیە دەڕەوینیتەوە.

«٩»

زمانی شیعر هەرگیز وەستان قبوڵ ناکات. زمانی شیعر، چڕە زمانیکی سەر بە تەمی دوور لە زمانی بەردەوام کردنی پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە یەکدی گەییشتنە: چونکە زمانی شیعر، کاری تاکەو لە ناخی ئەفراندن و داهینانەوە هەڵدەقوڵێ و نە میراتی ڕەسەنی شیعرو نە زمانی ژیانی هاوچەرخ فەرامۆش دەکات. بەم پییە تا زمانی شیعر لە زمانی لیکدی گەیشتن نزیک ببیتەوە، لە تەقلیدو دابە شیعرییەکان دوور دەکەویتەوەو،

بەمەش لە زیندویتی داهینانی خۆرسک دووور دەکەویتەوەو ئەم پەتایە تاکو نـهو وەکو نوسنەک بە بەرۆکی زۆربەی شیعری کوردییەوە نووساوە، بە گۆرانی لوتکەشەوە!!...

**برایەتی ژ (٢١٧٣)**
**١٩٩٦/٦/٢٤**

**بڕوانە:**
**نظرية البنائية في النقد الادبي، دكتور صلاح فضل.**

(.........)



راپەڕین، وەرچەرخانیکی سیاسی و دەستپیکی قۆناغیکی میژوویی تازەبوو، بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا؛ وەرچەرخانەکە لەوەدابوو کە قۆناغی ملکەچی سیاسی و بتخانەی دەسەڵاتی سەرکوتکاری، داروخاو هەموو خەڵکی بۆیان بەدیار کەوت کە پاشا رووتەو چ جلوبەرگیکی لەبەردا نییە؛ خەڵک بەکردەوەو بەدوور لە گیانی تیرۆریستی، تیکڕاو هەر کەس و گرووپ و لایەنیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. بە شیوازی خۆی بەشداری لە رەفزکردنی دەسەڵاتی باوی قۆناغەکە کرد.

دەستپیکە تازەکەش لەوەدابوو کە خەڵکی تارادەیەکی زۆر ترسییان لیکدی رەوییەوە، دیارە هەر کاتیک خەڵکی لە ترس و هەڕەشەی یەکدی رزگار بن، دەتوانن بە ئاشتی بژین و دۆستانە ژیان بنیات بنەن و لەو قۆناغەشدا مرۆڤ کۆڵەکەی ژیان دەبیت، دەنا لە سایەی ترس و هەڕەشەو سەرکوتکاریدا ژیان دەبیت بە دۆزەخی شەڕیکی بێ کۆتایی و هەرچی تەمەن و تەجرەبەی مرۆڤە بە فیڕۆ دەڕوات. بۆیە لە قۆناغەکانی هەوەڵی راپەڕیندا، هەموو دژەکان تیکیان دەکردەوەو و هاوکاری یەکتریان دەکرد. بۆ بنیاتنانەوەی ژیانی بەزۆر داڕوخینراوی کوردەواری، بەڵام مەخابن شەڕی ناوخۆ، وەکو فیشەکیکی ویڵ و ناوەخت هات و بەردڵی قۆناغەکە کەوت و تاکو ئەمڕۆش هەر پیوەی دەناڵین و شوینەواری دیارە..

بەهەر حاڵ، ئیمەی کوردستانی هەنوکە لە قۆناغیکداین دەتوانم ناوی بنەم قۆناغی چاوەڕوانی و متمانە پەیداکردن و دەبێ زۆر بە وریایی مامەڵە دەگەڵ هەر هەموو ئەو رووداو و دیاردانەدا بکەین، کە رەنگی ئایندەمان دەڕیژن و بە هەر نرخیک بووە خۆشەویستی و لیبوردەیی لە ناخی خۆمان ڕیشاژۆ بکەین و لەم ریگەیەوە ماناو ماقولییەت بە ژیان ببەخشین.. دەنا رق و کینە بەرەو بێ موبالاتی و فەرامۆشکارییمان دەبات..

هەڵبەتە، ئەم راپەڕینە بمانەوێ و نەمانەوێ کار لە بزاڤی رۆشنبیری قۆناغەکەش دەکات و لەم رووەوە کاریگەرییەکە بە ئاشکرا دیارەو ئەگەر چی جۆرە پاشاگەردانییەکی بەگەڵ کەوتووە، بەڵام ئەو پاشاگەردانییەش کە، کە درەنگ یان زوو دەنیشیتەوە، هەر ئاکامی کاریگەرییەکەیە، هەڵبەتە بەرجەستەکردنی هونەریانە و رۆشنبیرانەی راپەڕین، هیشتا بەو رادەیەش نەخەملیوە کە تینویتی بشکینێ؛ ئەمەش هەر ئاساییەو چونکە ئەو پرۆسەی بەرجەستەکردنە هونەری یان رۆشنبیرییە، دەبێ سەبری لێ

بکرێ تا بە جوانی پێ بگات و ئەوجا لە شیوەو فۆرمی هەمەجۆردا تەجەلی بکات.. و، جگە لەو رەنگدانەوەیەی کە ئەمرۆ لە ئەدەبیاتماندا دیارە، بەندە ئومیدم بە ئایندەی پڕشنگداری ئەدەب و هونەریک هەیە کە واقیعی راپەڕینمان بۆ دەهونەرینێ و دوای چەند سالێکی دی نەوەیەک لەو هونەرمەندو ئەدیب و رۆشنبیرانە پەیدا دەبن، کە هەرگیز بە سەرکوتکاری قاییل نابن و بە زمانی خۆشەویستی و لە کەشوهەوایەکی هیدی و ئارامدا، خۆیان و قۆناغەکەیان لە باری دەروونی‌یەوە بنیات دەنەنەوەو شاکاری هونەری و رۆشنبیری بەرهەم دینن.

**هەفتەنامەی گولان ژ (٣١٩)**
**٢٠٠١/٣/١**

## خەیاڵ



«١»

خەیاڵ، بە فەنتازیاشەوە، بریتییە لە ئاویتەکردنی هونەرییانەی واقعی ناوەوەو دەرەوە بەشیوەیەکی سەیرو چاوەڕوان نەکراوو لە هەمان کاتدا جیگەی باوەڕە بۆیە گەر خەیاڵ و فەنتازیا بەمەبەستی خولقاندنی سیحرو جادویەکی تایبەتی ئەوتۆ نەبێ کە شتە نا ئاشناو نا باوەکانمان لەلا ئاشناو باو بکات، ئەوا دەچیتە خانەی فەنبازی‌یەوە! مەبەستی فەنتازیا دەبێ بریتی بێ لە پشکنینی واقعی ئینسانی، بۆیە خەیاڵ و فەنتازیاو ئەو زاراوانەی دی کە ئاماژە بۆ دوورکەوتنەوە لە واقیع دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەو هۆیانەن کە لە ریگایانەوە ئەو واقیعەی پێ کەشف دەکرێ. کەواتە خەیاڵ بە گشتی و فەنتازیا بەتایبەتی- کە خەیالێکی لە واقیع باڵاتری فرە دەوڵەمەندە- یارمەتی خوینەر دەدات تا بە شیوەیەکی هونەریانەی ناسک لە واقیع بگات و، بۆ روونکردنەوەی واقیعی دەقە بەشیوەیەکی هونەری پەسەندو پڕ لەزەت و رۆح پەروەر.

لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژیان و هاوژینی و ئەزموون و خەیالی دەوڵەمەند سێ کوچکەی ئەدەبی ئینسانی راستگۆ پیک دینن و هەر لیرەشەوە دیمە سەر وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەی برای ئازیزم کاک سەباح رەنجدەری شاعیر کە پرسیویەتی: دەکرێ چیرۆکنووس رووداویکی رووداوی نەبێ، زیاتر موڵکیەتی خەیالی چیرۆکنووس بێ؟

ئەدەبیاتی کوردی، کاروانیکی بەردەوامی پێ پچڕانەوە نەبووە، بەڵکو زۆرجار بەهۆی کۆمەڵیک هۆی سیاسی- کۆمەڵایەتییەوە، ئەم کاروانە تووشی پچڕان یان سستبوون بووەو سەر لەنوێ و لە شوینیکی دیدا دەستی پێ کردۆتەوە... دیارە ئەم پچڕانە، لە دەرێی دەسەڵات و ویستی ئیمەی کوردا روویان داوەو بەرەنجامی سروشتی گۆڕانکارییەکانی ناخی کوردەواری نەبووەو پاشاگەردانییان بەگەڵ خۆ خستووە، چونکە هەر گۆڕانیک ئەگەر زادەو بەرەنجامی ئاسایی و سروشتی کارو کاردانەوەی ناخی کۆمەڵ نەبێ، جگە لە پاشاگەردانی چ شتیکی دی لێ چاوەڕوان ناکرێ. بۆیە زۆر ئاساییە گەر ئەدەبیاتی کوردیش وەکو چالاکییەکی زهنی مرۆڤ، لەم پاشاگەردانییە نەخەلەسیبێ و! ئەوەتا لای ئیمە لە بواری چیرۆک نووسیدا بە شیوەیەکی گشتی گوێ بە خولقاندنی قارەمان نەدراوە. گەشەکردنی ئاسایی و خۆڕسکی قارەمان رەچاو نەکراوە.

قارەمانانی ناو چیرۆکی ئیمە زۆربەیان وا دینە بەرچاو تەنیا بۆ ئەوە قوت کرابنەوە تا هەر یەکیکیان بەشیک لە بۆچوونی کۆمەلآیەتی یان سیاسی نووسەر رابگەیەنن و بیلّینەوە.

ئەمەش زادەی زهنیەت گەرایی و دووری نووسەرە لە قوولآیی ئەزموونەکانی ژیانەوەو، ئەمەش وای کردووە کە قارەمانەکان ناخ و ژیانی تایبەتی خۆیان نەبیّ و هەر لەو یاوەرە بیّ دەسەلآتانە بچن کە بە ناچاری لە مەجلیساندا درۆی ئاغاو سەردارەکانیان تەسدیق و پینە دەکەن.

نووسەر پتر لە هەولّی ئەوەدایە کە لەبری خولّقاندنی بەرهەمیکی ئەدەبی هونەری، بەیاننامەیەکی کۆمەلآیەتی یا سیاسی بنووسیت و راوبۆچوونی خۆی لەو بوارەدا دەربڕیّ و، ئەوجا بە تۆبزی بۆچوون و دروستی بۆچوونەکانی خۆیمان بەسەردا ساغ بکاتەوەو پیمانی بسەلمینیّ.

نووسەر، خوینەر ناخاتە ناو رووداوەکانەوە، نایانکات بە هاوبەشی رووداوەکان، بەلّکو رووداوەکانی بۆ شەرح دەکات، وەکو حەکایەت خوانیکی کەم دەسەلآت بۆی دەگیڕیتەوە. هەر ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە ئاستی زمانی بیتە خواریّ و بۆ ئاستی زمانی رۆژنامەنووسی، نەک زمانی ناسک و پڕ خەیالّ و ئاوسی خەونی چیرۆکنووس. چیرۆکنووس ویستەکانی خۆی شرۆڤە دەکات، حالّبوکی دەبیّ ئەو مەبەست و ویستانە بکات بە کیانیکی حیسی پڕ هونەرو لە هەست و نەستی خوینەردا واقیعیەتیان پیّ ببەخشیّ و، ئەو حەقیقەتە پەیڕەو بکات کەوا واقیعی ترین دەق ناکاتە کۆپی کردنی موو بە مووی واقیع.

«٢»

...و. خەیالّ بە حوکمی ئەوەی رەگەزیکی هەرە بنەڕەتی هونەرە، پیویستە بەشیوەیەکی هونەریانەی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئەوتۆ ئاویتەی دیمەنە واقیعییەکان ببیّ،کە ئەم دیمەنە واقیعیانە چەمکی رەمزییەت پەیدا بکەن و هەستیکی بالآتر لە چەمکی روالّەتی چیرۆکەکە لەلای خوینەر دروست بکات.

چیرۆکنووسان، رووداوی سادەو بچووک و رەوتەنی تەمەن کورتی ژیانی خەلّکی، یا شتی زۆر زهنی نەجەڕبینراو هەلّدەبژیرن و ناتوانن بەزەبری خەیالّی هونەری گیانی نەمری بەبەردا بکەن، بۆیە ئەم چیرۆکانە زوو کالّ دەبنەوەو تازەیی و لایەنی هونەری دەدۆڕینن و ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر



کورت هەندیّ بایەخی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئەخلاقی بەدەست بینن، ئەوا بە حوکمی ئەوەی بایەخی هونەرییان نابیّ و زوو بیر دەچنەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ تینەگەیشتنی هونەرییانە لە زاراوەی واقیع و واقیعیەت.. واقیعیەت بریتی نییە لە کۆپی کردنی موو بە مووی دیاردەو رووداوو حالّەتە پەڕاگەندەکانی ناو ژیان، بەلّکو بریتی‌یە لە خولّقاندن و خولّقاندنەوەی واقیع، هەلّبەتە ئەمەش تەنیا بە رەعەمەل هینانی هونەرییانەی خەون و خەیالّی دەولّەمەند و ئەزموونی قوولّ دیتە دی و هەر ئەدەبیک لە واقیع بالآتر نەبیّ وەک ئەدەبی کوردی بە پەند دەبیّ. خەوشی هەرە گەورەی ئەدەبیاتی کوردی ئەوەیە کە پتر ئەدەبیاتی شیعاری بووە، دەنا کیّ ڕازییە بە واقیعیەتی تۆلستۆی و دستۆفسکی، تەنانەت گابرل گارسیا مارکیزیش، بلّیّ شیعاری بووەو ئەمەش بە تواناترین و بەهرەدارترین نووسەری دووچاری سەرگەردانی کردووەو وای لیکردووە لەوە غافلّ بیّ کە چیرۆکنووس ئەوە نییە بیّ رووداویکی کۆمەلآیەتی یا ئاشقینی یا سیاسی شەرح بات یان بیگیڕیتەوە.. بەمەش هەم لە واقیعیەت و هەم لە خەیالّ و فەنتازیا دوور کەوتوونەتەوە کە هەردووکیان لەناو یەکدیدا رەگیان داکوتاوەو ریشاژۆ بوون. فەنتازی، بەشیکە لە تەبیعەتی هەر ئینسانیک کە بۆخۆی واقیع و واقیعیەتیکی حاشا هەلّنەگرەو هیچ مرۆڤیک نییە، لە فانتازیا بەدەربیّ.. دەقیش خولّقینراوی هزرو بیری مرۆڤە، بۆیە پیویستە فەنتازیا لە مەودایەکی رەمزی داو بەمەبەستی بەحیسی کردنی ئەزموونەکان و بەشیوەیەکی هونەرییانە رەعەمەل بهینریّ، نەک بەمەبەستی تەجرید کردن و نامەفهوم کردنی کاری هونەری،چونکە لەم حالّەتەدا دەوری خۆی دەدۆڕینیّ و دەبیّ بەجۆریک لە فەنبازی و بازوونواندنی تەمەن کورت؛ چونکە «فەنبازی» هەرگیز ناکاتە «فەن» بۆیە گەر هاوسەنگی‌یەک لە نیوان سیّ کوچکەی هاوژینی «معایشە» و ئەزموون و خەیالّ دا بەرپا نەکریّ، ئەوا دەقی ئەدەبی نامەییت و هەلّدەبزرکیّ.

لە چیرۆکی کوردید دا، قارەمان بە زۆری و لە باشترین حالّەتدا، تاپۆیەکی بیّ ناسنامەو گومناوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە نووسەر لە واقیعی ژیاندا نەیناسیوە یا هاوشیوەیەکی قارەمانەکەی خۆی نەناسیووە، تا بە زەبری خەیالّ لە واقیعی ژیانەوە بۆ واقیعی هونەری بگوازیتەوە. بیگومان تەنیا ئەزموونی دەولّەمەندو سەرنجی تیژ ئەم توانایە بە نووسەر دەبەخشیت. دەنا خەیالّ گەر لە واقیعدا رەگ دانەکوتیّ و واقیع و خەیالّ

بەشیوەیەک ئاویتەی یەکدی نەبن کە خوینەر ئەمیانی لێ ببێ بە ئەوو ، ئەویانی لێ ببێ بە ئەم و لە دوا ئەنجامدا نەتوانێ لیکدیاین جیا بکاتەوە ئەوا نووسەر هیچ بەهیچ ناکا.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر دەقی ئەدەبی خەونی قووڵ و خەیاڵی دەوڵەمەندو چڕی تیدا نەبێ و نەبن بە دوو شادەمارەکەی دەق، ئەوا دەق تووشی «کەم خوینی» داهینان دەبێ وەکو تەیری باڵشکاو بێ هودە بە تەمای بەرزە فڕین دەبێ.

بۆیە نووسەر لەسەریتی لە ریگەی بەرهەمی پڕ ئەفڕاندنی فرە دەلالەتی قووڵەوە، خۆی لە خوینەری تەمەڵ بپاریزێ و پرۆسەی خویندنەوە لە مەسحی خارجی ڕەگەزەکانەوە، بگوازیتەوە بۆ قووڵایی دەلالەتەکان و لەویندەرەوە شتە شاراوە غاییەکان بیتە کەشف کردن و چیتر ئەرکی دەق بە وەعز دادان و، ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی و سیاسی نەزانێ.

**ریگای کوردستان ژ (۱۷۱)**
**۱۹۹۵/۹/۵**

## رۆڵی خوینەر



خوینەر وەکو نەوعیەت دەتوانێ رۆڵی یەکجار کاریگەر لە گەشەکردن و نەشونمای ئەدەبیاتدا ببینێ.. دەتوانم بڵیم خوینەری جدی چی وای لە رەخنەگر کەمتر نییە، چونکە خوینەری چاک و جدی هەرگیز ئەوە لە نووسەر قبوڵ ناکا بیت بەرهەمیکی بێ پیزی دوور لە دیدوبۆچوونی میژوویی نویخواز، دوور لە جیهانبینییەکی هونەریانەی قووڵ دەرهەق- بەلای کەمەوە- ئەو بابەتەی مامەڵە هونەرییەکەی لەگەڵدا دەکات، پیشکەش بکاو کاتی بەفیڕۆ بدات.

خوینەری وریا ، بایەخی کاری ئەدەبی هەر لەوەدا نابینێ کە چەند زانیاری تازەی پێ دەبەخشێ، چونکە رەنگە نووسینیک زانیاری یەکجار ووردی دەربارەی ژیان تیدا بێ، وەکو رواڵەت وینەیەکی دەقاودەقی ژیان بێ و نووسەرەکەشی زۆری پیوە بنازێ.. بەڵام خوینەری وریاو بە ئاگا، قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەری و دەقی ئەدەبی نەقڵی دەکاو لای خوینەر دەی هاروژینێ، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کە ژیانی ئاسایی رۆژانە دەیوروژینێ. ئەگەر هەستە ئەدەبی و هونەرییەکە گەلەک بالاتر نەبێ، ئەوا لای خوینەری وریا ناچیتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جونەوەو کاویژکردنەوەیەکی بیهودەی ژیان. خوینەری بە ئاگا لای عەیانە، داهینەر، تەنیا کەرەستە خاوەکان لە ژیانەوە وەردەگرێ، تاوتوییەکی وردی دەکا ، هەڵی دەسەنگینێ و پاشان «گووراویکی» تازەی ناسک و جوانی لێ دروست دەکاو دەخوڵقینێ، رەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بە جۆرێ لیکدی دەداو مۆنتاژی دەکاو دەیکات بەیەکەیەکی یەکپارچە کە هەرگیز لە رەگەزەکانی جارانی ناچیت.. واتا خوینەری بە ئاگا بە ئاسانی تەسلیمی دەق، نابێ بەڵکو بە کلیلی تیگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جدی دەقەکە دەکات، پاش گویگرتن و پرسیارکردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵویستی رەفز یا قبوڵ هەڵدەبژیرێ.

بەڵام سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، ویڕای ئەوەی کە خوینەری جدی و بە ئاگامان زۆر کەمە، دەبێ ئاوڕیک لەو حەقیقەتە تاڵەش بدەینەوە کە دەقی کوردی لە ئاستەنگیکی گەلە سەخت و دژواردایە، هەندێ جار وا دیتە بەر چاو لە کویرە کۆڵانیک دا گیرۆدە بووە، هەڵبەتە ئاستەنگەکەش پتر ئاستەنگ و قاتی هۆشیاری نووسەرانە، قاتی و ئاستەنگی جیهان بینی و زمانە لەلای زۆربەیان. دیارە غیابی مەعناو چەمکی قووڵ و خەیاڵی

ناسک و.. ئاشکراشە هەر دەقیک لە خەون و خەیاڵی قووڵ و دەوڵەمەند دابڕا، مردار دەبیتەوە.. بۆیە سەیر دەکەین زۆربەی دەقەکانمان، تەمەنیان لەو چەند ساتانە تێ ناپەڕێ کە خوینەریکی تەمەڵ بۆ بێ تاقەتی دەی خوینیتەوە!

**ریگای کوردستان ژ (١٤٧)**
**١٩٩٥/٢/٢٨**

## سەقەت ڕوانی



لە نیو ئیمەی کوردا، دیاردەی سەقەت ڕوانین، زۆربەی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە.

ئەدەبیش وەکو بواریکی هەرە جدی ژیان لەم دیاردەی سەقەت ڕوانینە نەخەلەسیوە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش زادەو بەرەنجامی گەلەک هۆیە، لەوانە:

١- ئەو پیوەرو راستەو پڕگالانەی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەبیات بەدەستەوە گیراون لە بنەڕەتدا پیوەری ئەدەبی نین.

٢- زۆربەی ئەو نووسینانەی ئەورۆ بەنیوی ئەدەبەوە بڵاو دەبنەوە، فریان بە جمهوریەتی ئەدەبەوە نییە.

٣- ئیمەی راستە و پڕگاڵ بەدەست، دەمانەوێ ئەدەب دەقاودەق گوزارشت لە حەزی ئیمە بکاو گەر حەزی خۆمانی تیدا بەدی نەکەین ئەوە خەتیکی راست و چەپی بەسەردادینین و لە ژیر نەشتەرگەرییەکەمان دەرناچێ!

٤- پیوەری کۆمەڵایەتی و دیدوبۆچوونی سیاسی جۆراوجۆر دەخرینە جیی پیوەری ئەدەبی، بۆ نەگبەتی زۆربەی نووسەرەکانیش زۆریان کەیف بە مۆنتیکارلۆی سیاسیەت دێ! لە کاتیکا سیاسەتەکە بەخۆی هیندە ئیفلیجە، تا نهو نەیتوانیوە خۆی بەسەر پیوە بگرێ، چ جای هەڵسەنگاندنی ئەدەبیات!!..

٥- لەو روانگەیەوە ناڕوانریتە ئەدەبیات کە هەر لقیکی بۆخۆی قەوارەیەکی سەربەخۆیەو لە دەریی بوونی خۆیدا نییەو نابێ.

٦- شارەزاو پسپۆرانی مەیدانەکە کەمتر بە نووسینی تیروتەسەل و دەوڵەمەند هاتوونەتە مەیدانێ.

جا لیرەدا دەمەوێ سووکە داکۆکییەک لە ئەدەب بکەم.

رەنگە پیناسەیەکی تیروتەسەل و هەمەلایەنی ئەدەب کاریکی گەلەک دژوار بێ و پیویستە ئەویش بە ئەندازەی بوارەکانی ئەدەب بەربڵاو و فراوان بێ، بەڵام هیندە هەیە کە گشت لقەکانی ئەدەب لەم خاڵەدا یەک دەگرنەوە کە ئەدەب".. شیوازیکە لە شیوازەکانی بەردەوام بوونی پیوەندییە ئینسانییەکان.." بابەتی بەرودوای ئەدەبیات، ئینسان و ئازادی ئینسانە، جا هەر لەم پیودانگەوە ئەدەب بە واتا بەر بڵاوەکەی دەگاتە خەباتیکی بێ وچان. خەباتە لە پیناو رامکردن و دەست بەسەراگرتنی واقیع. کەشف کردنی دورگە نهینی و دووردەستەکانی ژیان، بەگژاچوونی مەرگەسات و

هۆکارەکانی ئەم مەرگەساتە. خەباتە بۆ جۆشدادنی مرۆڤ تا بە دووچاوی تیژی وردبینەوە حەقیقەتەکان ببینێ و هەڵویست بنوینێ، هەست بە ئینسانیەت و ئینسان بوونی خۆی بکا. لەوە حاڵی ببێ کە بوونە مرۆڤ دەکاتە چی و مەوقیعی لە ئیعرابی ئەم ژیانە جەنجاڵەدا چییە، بە کورتی و کرمانجی ئەدەب، جگە لە ئازادی، نویخوازی و مرۆڤی ئازاد، چ شتیکی دیکە نییە، جا ئەگەر ئەدیبان ئەم بابەتە بە ئەرکی بەرودوای کارە هونەرییەکانی خۆیان نەزانن ئەوا هەرگیز نابێ خەون بە بەرهەمی زیندوو نەمرەوە بدیەن و قەت ئەو ئاواتەیان نایەتە دی. نووسەر لەسەریتی رۆڵەکانی میللەت فیری زمانی ئازادی بکا، وای لێ بکات، بە راستگۆییەوە ئەو زمانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاربینێ. هەڵبەتە داهینان و ئەفراندنی ئەم زمانە ئەرکی ئەدەبە و ئەدەب داهینەری شەرعی بێ ریای ئەم زمانەیە.

بۆیە ئەدەبی مقاوەمە ئەو ئەدەبەیە کە چەمکی ئازادی راستەقینە بەشیوەیەکی هونەری تەواو بچەسپینێ و بەگژ هەموو فاکتەریکی کۆیلاندنی مرۆڤدا بچێ. بۆیە هەر ئەدەبیک گەر سنووری واقیعیانەی فوتوگرافیانەی ژیان ببەزینێ، ئەوا دەچیتە خانەی ئەدەبی مقاوەمەوەو هەردوو بایەخی کۆمەڵایەتی و هونەری خۆی دەپاریزێ و لە تەمەنی خاوەنەکەی و بگرە سەردەمەکەی خۆیشی هیوەتر دەڕوا. کەواتە سەروکاری ئەدەب لەگەڵ ئازادی دایە. هەرگیز کۆت و زنجیر قبووڵ ناکا. نابێ بخریتە زیندان و قەفەسی پیوەرو راستەو پرگاڵی عەشایەرییەوەو بە دەردی سیاسیەتی لای ئیمە ببرێ، چونکە گەر وای لیکرا، سنووری زیندانەکەی دەشکینێ و تۆڵەی ئازادی زەوتکراوی خۆی دەستینێ.

**ریگای کوردستان ژ (١٥٣)**
**١٩٩٥/٤/١٨**

## مرۆڤ دۆزی ئەدەبە



بیگومان کەشوهەوای رامیاری رۆڵیکی گەلەک گرینگ لە بووژاندنەوەی بزاڤی ئەدەبیدا دەبینێ. هەڵبەتە ئەدەبی کوردیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە، لە هەموو قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەدەبیاتماندا بەدی دەکرێ.

بەڵام دەربارەی ئەدەبی کوردی پاش راپەڕینی ١٩٩١ و پیوەندی دەزگاکانی راگەیاندن بە ئەدەبەوە، پیم وایە پاش راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد، کە کۆڵەکەکانی زوڵم و زۆرداری لە هەندێ ناوچەی باشووری کوردستاندا رامالی، پیشبینی ئەوە دەکرا کە ئەدەبی کوردی لە هەر دوو ئاستی تەکنیک و بابەت دا، گەشە کردنیکی تەواو بەخۆوە ببینێ.

بەتایبەتی کە لە میژ بوو لە سایەی سەرکوتکردنا بوو و، ئەمە جگە لە ئازادبوونی کەناڵەکانی پەخش و راگەیاندن، بە رادیۆو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەوە، لە سانسۆری فاشییەت، بەڵام ئەوەی لە مەیدانە ئەدەبیەکەدا دەبینرێ، ویڕای زۆری دەزگاکانی راگەیاندن کە دەبوایە ببوایەتە هۆی بوژاندنەوەی باری ئەدەبی کوردی، ئەوا ریک پیچەوانەیە. ئەدەبیاتی کوردی لە حاڵەتی سستیەکی سەیردا دەژی. خراوەتە پەراویزی ئەو پانتاییە گەورەیەوە کە دەزگاکانی راگەیاندن داگیریان کردووە، دیارە ئەمە دیاردەیەکی ناخۆشەو پیویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێ و وەزارەتی رۆشنبیری لە هەموو کەس بەرپرسترەو ئەمە جگە لەوەی دەبێ ئەو حزبانەی خاوەنی ئەو دەزگایانەی راگەیاندنن واز لەوە بینن ئەدەب وەکو ئامیریکی راگەیاندن و بانگەشە بخەنە خزمەتی بەرژەوەندی تەسکی حزبەکانیانەوە، با ئەوە بزانن کە ئەگەر هونەرو ئەدەب جۆرە بانگەشەو راگەیاندنیک بگرنە خۆ، ئەوا هەموو بانگەشەیەک هونەر یان ئەدەب نییەو ئەگەر ئەم دوو حاڵەتە تیکەڵ بکرێ- وەک ئەمڕۆکە کراوە- ئەوا زیانیکی گەورە بە ئەدەب دەگات و جەماوەر بەوە رادین کە گشت بانگەشەیەکی کەمیک رازاوە بە زمانی ئەدەب، بە ئەدەبیات بزانن و ئەدەبی قووڵ و مرۆڤ پەروەرو راستەقینە بکەویتە پەراویزەوە. بۆیە دەبێ وا بڕوانینە ئەدەب کە قەوارەیەکی هونەری سەربەخۆیە نەک پەندو ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی یان سیاسی... دەبێ قەناعەت بەوە بینین کە ئەدەب بانگەشە نییە بۆ هیچ دۆزیک هەرچەندە دادوەرانە بێ، بەڵکو دۆزی ئەدەب، مرۆڤە بە گشت کەلکەڵەو خۆزگەو خواست و ئاوات و بیرو بیرکردنەوەیەوە. ئەرکی ئەدەب قووڵکردنەوەی ئینسانیەتی مرۆڤە.. دیارە ئەدەب بخریتە خانەیەکی

پیچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرێ، ئەوا دووچاری نەزۆکی داهینان دەبێ و کاریگەری خۆی وەکو هیزیکی پالّنەری کاروانی ژیان و پالاّوتنی ژیان دەدۆڕینێ.

هەلّبەتە ئەدەبیاتیش لەسەریانە پابەندی، بایەخی هونەری و رەسەنایەتی و متمانە بەخۆبوون بن لە کارە ئەدەبییەکانیان داو زۆر کەیفیان بەڕەوایی و عەدالەتی ئەو دۆزانە نەیەت کەلە بەرهەمەکانیاندا دەیخەنەڕوو. چونکە ماو گوتەنی: «ئەو کارانەی بایەخی هونەرییان نەبێ، گەر مۆرکی پیشکەوتن خوازیشیان پیوەبێ، ئەوا لە روانگەی بۆچوونی سیاسییەوە چ کاریگەرییەکیان نابێ.» هەروەها ئەدیبان لەسەریانە هەموو ستایشیکی هەلّقولاّوی مەبەستی سیاسی یا ئیعلامی ناپیوەندیدار بەخودی ئەدەبەکەوە رەفز بکەن.

**ریگای کوردستان ژ (١٥٢)**
**١٩٩٥/٤/١١**

# زەمەنداری



ئاشکرایە چیرۆک وەکو لقیکی ئەدەبیات بێ رەگوڕیشە نییەو خۆبەخۆ هەلّنەتۆقیوە، بەلّکو گەلەک هۆی میژوویی و رامیاری و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی رۆلّیان لەسەرهەلّدان و پەیدابوونیدا گیڕاوە..

لیرەدا بەشیوەیەکی پەلەو خیرا تەنیا ئاماژە بۆ هۆیە میژووییەکە دەکەین. رەزا بەراهەنی دەلّێ: "چیرۆک بریتییە لە گەشەکردن و کاملّ بوونی قارەمان لە چوارچیوەی زەمەندا" هەلّبەتە گەشەکردن و کاملّ بوون بۆخۆیان رووداون. روداو بۆ خۆی لە دایک بوونە. لەگەلّ هەموو لە دایک بوونیکدا زەمەن پەیدا دەبێ و رابووردو و ئایندەو ئیستا ئاویتەی یەکدی دەبن و ململانێ دیتەگۆڕێ و هەموو دەچنە خانەی میژووەوە، کەواتە رووداو و زەمەن دوولای یەک هاوکیشەن کە ئەویش میژووە.

کەواتە میژوو جۆرە زەمەندارییی بەخشینیکە بەرووداو، گەر تۆزیک لەو سووکە تاوتووەو چەمک و ناوەڕۆکی ئەو مەیلەو پیناسەیەی سەرێ ورد ببینەوە، دەبینین گەلەک پرسیار دینە ئاراوە. وەک: کام میژوو؟ کام چیرۆک؟ دیارە ئەمانیش پرسیاری دییان لێ دەبیتەوە وەک: میژووی خاو یا خیرا؟ چیرۆک بەم شیوەو تەکنیک و بابەتەی ئەمڕۆکەی وەکو قالّبیکی ئەدەبی زادەی چ سەرو بەندو قۆناغیکی میژووییە؟ چیرۆک و میژوو چ جۆرە پیوەندییەکیان لە نیواندایە؟!

بیگومان تیرەی بەشەر وەچە لەدووی وەچە هاتووە. قۆناغ بە قۆناغ لەگەلّ رەوتی خاو یا خیرای میژوودا هەلّکشاوە، گۆڕانی خاوو خیرا بەسەر ژیارو ژیان و بیروبیرکردنەوەی دا هاتووە. ئەوەی لە قۆناغیکدا شیاوو باوبووە، لە قۆناغیکی دیدا سواوەو لە باوکەوتووەو چووەتە خانەی میژووی وەستاوەوە، بەم پییە بە دیاردەکەوێ کە میژوو کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر تیکڕای چالاکییەکانی مرۆڤدا هەیە. ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی زهنی ئینسانی لەبازنەی کاریگەرییە میژووییەکە بەدەر نییە. هەر ئەدەبیکی رەسەنیش بگرێ زادەی واقیعی سەردەمی خۆیەتی و مۆرک و شەقلّی ئەو سەردەمە وەردەگرێ.

ئەدەبی هیچ قۆناغیکیش بە فۆرم و شیوەو بابەتی قۆناغی پیش خۆی قایل نابێ، هەر نووسەرو شاعیریکیش فۆرم و بابەتی رابوردووان کاویژ بکاتەوە، دەکەویتە خانەی کۆنەپەرستیی ئەدەبییەوە. بۆ وینە کەس لە قۆناغی ئەمڕۆماندا بەشیوازو ریبازی نالی شیعر نالّێ. چونکە ئەو کوڕی

سەردەمیکی میژوویی جیاواز لەم سەردەمەی ئیستای ئیمە بووە.

راستە چیرۆک بەم قالبەی ئەمرۆی، لەناو میژوودا لەگەڵ رەوتی میژوودا گەشەی کردووە، بەلام چیرۆکیش هەوینی قۆناغ و سەردەمی خۆی هەڵدەگریّ.

بۆ نموونە دەرەبەگایەتی رووس لەلای دۆستۆفسکی و جوتیار لە لای تۆلستۆی و سایکۆلۆژیەت و پیکهاتی دەروونی بۆرژوا لەلای چیخۆف و پرۆلیتاریا لە بەرهەمەکانی سەرەتای گۆرکی دا بە ئاسانی دەناسرینەوەو دەبینرین. جا ئەم تیکچرژاوی و کاروکاردانەوانەی میژوو و چیرۆک دەربارەی چیرۆک و میژووی کوردیش هەر وایە.

بۆ نموونە "لەخەوما"ی جەمیل سایب زادەی قۆناغیکی تایبەتی میژووی کوردە. ئەوەبوو شۆرشی گەلی کورد دژی ئینگلیز، جۆش و خرۆش و جۆرە تەکانیکی بە میژووی گەلەکەمان داو هەر ئەمەش یەکیک بوو لەو هۆیانەی زەمینەی بۆ لە دایک بوونی "لەخەوما" خۆش کرد.

خۆ ئەگەر بهاتبا شۆرشی ئەو سەردەمە بە ئاکام گەشتباو رەوتی میژوومان لەبارە مەیلەو ویستاوەکەیدا قەتیس نەماباو بمان توانیبا لە قۆناغی دەرەبەگایەتی بپەرینەوە ئەوا بیگومان دەیان چیرۆکی بالاتر لە "لەخەوما» لە دایک دەبوو.

چونکە میژووی فیودالزم خۆی لە خۆیدا مەیلەو ویستاوەو هیندەی بۆی بکریّ قایل نابیّ چ گۆرانکارییەک لە سایەی دەسەلاتی دا روو بدا. کەواتە «لەخەوما» زادەی قۆناغی میژوویی خۆیەتی و ئەمەش پەیوەندی توندی نیوان میژوو و لە دایکبوونی چیرۆک نیشان دەدا.

**ریگای کوردستان ژ (١٥٠)**
**١٩٩٥/٣/٢٨**

## مردنی دەق



بەرهەمی ئەدەبی بەر لەهەر شتیک دەبیّ زادەی هاندەریکی رۆحی بیّ، دەنا هەرگیز لە خانەی گوتاری ئەدەبی، سیاسی یا کۆمەلایەتی هیوەتر ناچیّ، بۆیە گەر نووسەر دیاردە کۆمەلایەتییەکان لە قالبی هونەردا نیشان بدات و هاندەرە رۆحی‌یەکە جلەوکیشی بیّ، ئیدی پیویستی بەوە نامینیّ بکەویتە دروشمبازی و لە ریگەی دروشمی بریقەدارەوە خوینەر بۆ خەبتین و تیکۆشان هان بدا.

نووسەری بەتوانا ئەوەیە کە کاریکی وەها بکات خوینەر بەشیوەیەکی دەروونی بەو ئاکامە بگات؛ واتە شۆرش لە دەروون و سایکۆلۆژیەتی خوینەردا بەرپا بکات. نووسەری نیوداری عەرەب محمود امین العالم دەلیّ: «ان الادب تعبير بالخاص عن العالم وبالجزئي عن الكلي وبالمحلي عن الانساني و بالاني عن التاريخي..» ئەمە، وا دەگەیەنیّ کە هەر ئەدەبیک مۆرک و شەقلّ و شەخسیەتی تایبەتی خۆی نەبیّ و بە ئاسانی لەنیو ئەدەبیاتی گەلانی دنیادا نەناسریتەوە، ئەوا لەسەر زەمینەیەکی فشەلّ رۆنراوەو هەرگیز جیهانگیری بەدەست ناهینیّ، جا من لیرەدا تاویک لای چیرۆکی کوردی دەوەستم.

دەتوانم بلیم چیرۆک بە واتا هونەرییەکەی زادەو هەلقولاوی شارە، حیکایەت زادەو هەلقولاوی دییە.

چیرۆک هەموو ناکۆکی و ئالۆزییەکانی شار دەگریتە خۆی، حیکایەت سادەیی تەبیعەت و دیهات دەگریتە خۆی،بەلام ئەمە وا ناگەیەنیّ کە چ پیوەندییەک لە نیوان شارودیّ دا نییە، نەخیر بەلکو بە پیچەوانەوە، وەکو چۆن شار بوونیکی پەرەسەندووی شارستانیانەی دییە، چیرۆکیش بوونیکی پەرەسەندووی هونەریانەی حیکایەتە و یەکیک لە توخم و رەگەزە گرینگەکانی، رەگەزی حیکاتەتخوانی‌یە، کە هەتا چیرۆک چیرۆک بیّ ناتوانیّ دەستبەرداری ئەم رەگەزە ببیّ. من پیم وایە شارەکانی کوردستان - باشووری کوردستان- لە نیوەرۆک دا هەر دیهاتن و پیوەندییە کۆمەلایەتی و ئابووری و بازرگانی و رامیارییەکان هەر هەمان واقیعی دیهاتەکانە بە کەمیک توشی روالەتییەوە. بۆیە هیچ سەیر نییە گەر چیرۆکی کوردی هەمان واقیعی شیواوو سست و خاوی کوردەواری گرتبیتە خۆو زۆر جاریش بەمەبەستی نویخوازی و هەمەجۆرخوازی لە رەگوریشەی خۆی دابرابیّ و، گەلەک قۆناغی بۆش و بەتالّ. لە کاروانی ئەدەبیاتی

چیرۆکماندا بەدی بکرێ. خۆ ئەگەر بلەو سەجادی و شاکر فتاح و قزلجی و چەند کەسیکی دی چیرۆکی کوردییان خستبیتە سەر راستە ریگەی پیشڤەچوون و گەر لە باری هونەریشەوە سەرکەوتنی ئەوتۆیان بەدی نەهینابێ، ئەوا لەرووی بابەتەوە، بابەتی کوردانەو هەڵقولاوی واقیعی کوردەوارییان خستۆتەڕوو، بەڵام بەداخەوەو لە زۆربەی چیرۆکی تازەماندا ئەو شەقڵی کوردەوارییە بەدی ناکرێ و بە بیانووی نویگەری و هاوچەرخیتی، لە هەموو دینیک بووە. حاڵبوکی نویگەری و هاوچەرخیتی هەرگیز لاسایی کردنەوەی ساویلکانەو کویرانە نییە. ونکردنی ناسنامەی شەخسی نییە، بەڵکو بە پیچەوانەوە نووسەری نویئاوەر دەبێ زۆر وریا بێ و بتوانێ بە هەڵمژینی زانیاری و توانای بەهرەی هەمەجۆر، توانای زاتی و داهینەرانەی خۆی دەوڵەمەند بکات و نەفەسی خۆی بەو بابەتانە ببەخشیت کە خەڵکانی تریش مامەڵەیان لەتەکدا کردووە. هەروەها بەزەبری دەسەڵاتی هونەری، نەک دروشمبازی، شۆڕش لە هەست و ویژدان و جیهانبینی و هوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکی سەردەمی خۆی بەرپا بکا. بۆیە پیویستە هەموو کاریکی ئەدەبی سیفەت و شەخسیەتی ئەو وڵات و میللەتە بگریتە خۆی کە لیوەی هەڵقولاوە.

چونکە ئەدەبیات ناسنامەی ئەو وڵات و میللەتەیە، بۆ وینە کە دەگوترێ وڵاتی رووس ئەوا یەکسەر خەڵکانی وەک پوشکین، دوستوفسکی تولستوی.. وگورکی و.. دینەوە بیر. ناسنامەش لۆگ گوتەنی:

"بریتی‌یە لە هەست کردنی تاک بە بوونی خۆی لە دریژایی زەمەندا،."

هەڵبەتە ئەم قسەیە رەگیکی دەچیتەوە سەر میژوو. بیگومان میژووی کورد میژوویەکی خاوی نیمچە وەستاوەو ئەم خاوی و نیمچە وەستاوی‌یەشی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەگشتی و لەبواری ئەدەبیاتدا بەتایبەتی، رەنگی داوەتەوە. بۆیە کەم چیرۆکی تازەمان شەقڵ و مۆرکی کوردەواری پیوەیە، بەڵکو زۆربەی لاسایی کردنەوەی کویرانەیە بێ ئەوەی ئەرکی ئەوە کیشرابێ کە لەگەڵ واقیعی کوردەواری دا بگونجینرێ. خۆ ئەگەر تەرجەمەی زمانیکی بیگانە بکرین، باوەڕ ناکەم کەس بیانناسیتەوە. پیم وایە ناسینەوەی شەقڵ و شەخسیەت و دابونەریت و خووخدەی میللەت و چینەکانی کۆمەڵ لەکاری هونەریدا، نیشانەیەکی ئاشکرای سەرکەوتوویی کارەکەیە..

ئەم حاڵەتە لەلای حمزاتۆف و ئەتماتۆف و گەلەک نووسەری دی،



دەبینرێ، مەخابن ئەم لایەنە لەنک مە بە هەند نەگیراوەو رەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ کە یا نووسەرەکانمان بەروحی کوردەواری ئاشنا نەبن، یا لە بنەماو ئەرکەکانی هونەر بێ خەبەر بن، یا بیانەوێ بە نیوی نویگەری و هەڵپەی دەستپیشکەرییەوە، جیهانیکی خەیاڵی رووتی دوور لە ژیانی کۆمەڵ بنیات بنەن، کە مەحاڵە سەرکەوتنی تیدا بەدەست بینن و دەقیش لەم چەشنە کەشوهەوایەدا مردار دەبیتەوە!!.

**ریگای کوردستان ژ (١٥١)**
**١٩٩٥/٤/٤**

## کۆڕی نان

بەڕای گەلیک لە نووسەرانمان، جاران؛ واتە سالآنی بەر لە راپەڕین کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبییەکان زۆر لە ئیستا زیاتر رەونەقیان هەبوو و، خەلّکی بە پیریانەوە دەچوون، کەچی پاش راپەڕین جەماوەری ئەدەب دۆست پەرۆشی و بە پیرەوەچوونی ئەوسایان دەرهەق بە کۆڕە ئەدەبییەکان نەماوە!..

رەنگە میللەتی کورد، لەهەر میللەتیکی تری رۆژهەلاّت پتر گیرۆدەی سانسۆرو سانسۆرچییان بووبێ. بۆیە سەیر نییە گەر ئەم حالّەتە نادروستە تیکەلّ بە پیکهاتی دەروونی و ئەقلّی مرۆڤی کورد بووبێ و تووشی نەخۆشی «خود سانسۆر»ی کردبێ؛ واتە گەر چاوی کەسیشی لێ دیار نەبێ، خۆی خۆی سانسۆر بکات. ئاشکرایە ئەم دیاردەیە لە هەموو بوارەکانی ژیانی دا بەدی دەکرێ و ئەدەبیاتی کوردی یەکیکە لەو بوارانە، جا لیرەدا پتر لە ئاستی چیرۆک دا دەوەستین: بیگومان لەو قۆناغ و سەردەمانەدا کە دەرفەتی رەخنەگرتنی کۆمەلاّیەتی و سیاسی نامینێ، چیرۆکنووس، ئەرکی قورستر دەبێ، لە پالّ ئەرکی هونەریدا، ئەرکی رەخنەگری سیاسی و کۆمەلاّیەتیشی وەئەستۆ دەکەوێ، دیارە ئەم حالّەتەش باریکی قورسەو زۆرجار لایەنی هونەری فەرامۆش دەکرێ و، دەکرێ بە قوربانیی هەندێ کاری دروشمبازی و، رازی کردنی کۆمەلاّیەتی زالّ دەبێ و ئاستی هونەری دادەبەزێ. جا لەم جۆرە قۆناغەدا کە دەربڕینی مەبەستە کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکان زالّ دەبن، بەرەبەرە هونەری تەحلیلی و قوولّ لە باو دەکەوێ و هونەری سۆز بزوین و عەوام پەسەند برەو دەستینێ و بەشیوەیەکی گشتی دەقی ئەدەبی عومقی هونەری دەدۆڕینێ. زۆرجاریش نووسەری کەم بەهرە، لەبەر نەبوونی بواری بلاّوکردنەوەی مەبەستەکانی چ لە رۆژنامەو گۆڤاران و چ لە کتیبی سەربەخۆدا، دێ و پەنا وەبەر چیرۆک دەبات- و مەبەستەکانی لە قالّبی بەناو چیرۆکی سەرسەری دا بلاّودەکاتەوەو خوینەری کەم عومقی سانسۆر زەدەی تینووی تاقە وشەیەک، بە پیرییەوە دەچێ و بە گەرمی پیشوازی لێ دەکات. بەمەش هەم خوینەر دەستخەڕۆ دەبێ و هەم نووسەر خوو بەو جۆرە بەناو ئەدەبە عەوام پەسندەوە دەگرێ و ئیدی دەست بەرداری نابێ.. بۆیە لەو سەدان چیرۆکە کوردییەی کە چەند سالّیک بەر لە راپەڕین نووسراون، بە دەگمەن تووشی چیرۆکی هونەری گەورە دەبین..

خۆ چیرۆکی ئاسایی و سەرسەریش لە بری کەشف کردنی نهینی‌یەکانی



ژیان و پیشاندانیان لە قالّبیکی هونەری رەسەن و چڕوپڕدا، دێ بە شیوازیکی سادەو زۆرجار لە قالّبی ناهونەریدا، بابەتە رۆژانە سواو و رەوتەنییەکانی ژیان دەخاتەڕوو، و هیچ کەشفیکی تازە دەربارەی ژیان پیشان نادات. دیارە ئەم سەتحیەتە، بەشیکی تەواوی دەگەڕیتەوە بۆ جەماوەری خوینەر، چونکە جەماوەری خوینەر وەکو هیزیکی نهینی دەتوانێ هونەری مەزن بخولّقینێ یا بخنکینێ و جەبرا گوتەنی:

«ئەدەبی مەزن پیویستی بە خوینەرانی مەزنە..»

جا ئەگەر ئیستا، جاریکی دی چیرۆکی هەشتاکان بخوینینەوە بۆمان بە دیار دەکەوێ کە پیشوازی کردنی خەلّکی لە دەقی ئەدەبی بە گشتی و لە چیرۆک بەتایبەتی، زیاتر تینویتی سیاسی خەلّکەکە بووە تا لەو ریگەیەوە هەندێ ترس و نائومیدی خۆی برەوینیتەوە. کە لە کۆڕەکەش دەرچووە رەنگە تاقە یەک رستەی بە دلّ بووبێ و هەرگیز وەکو کاریکی هونەری باسی ئەو دەقەی نەکردووە کە گویی لێ بووە. هەلّبەتە ئەو جەماوەرەش زیاتر گویگربوون تا خوینەر، دیاریشە گویگر ئەهلی حیکایەتەو خوینەریش ئەهلی چیرۆکی هونەری! بۆیە ئەو جەماوەرە، جەماوەریکی سەتحی بووەو گویی لە ئەدەبیکی سەتحی گرتووەو دوای دروشمێ کەوتووە کە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ تینویتی سیاسی بشکینێ.

بۆ ئیستاش حالّەتەکە ئاساییە، چونکە واقیعی دارووخاوی کوردستان حوزوری لەوە گەورەترە کە جەماوەریکی برسی لەبن دیڕی چیرۆکیک دا بۆ ون بوونی خۆی بگەڕێ. دەشزانێ سانسۆر لە بەرگیکی دی داو بە هەمان قوەتی بەر لە راپەڕین بەر قەرارەو نووسەرەکانیش وەکو ئەو، سانسۆر زەدەن و زۆریان ماوە ئەم تەوقی سانسۆرە بشکینن- چونکە ئەمە پرۆسەیەکی هەندێ ئالّۆزو کەمیک خاوە -بۆیە زۆر ئاساییە جەماوەر روو لە کۆڕی نان بکات نەک لە کۆڕی چیرۆک.. دیارە ئەم حالّەتەش لە ئایندەدا دەوری باش دەبێ بۆ ئەوەی جەماوەر لە گویگرەوە بگۆڕێ بۆ خوینەر.. "ئەدەبی مەزن پیویستی بە خوینەرانی مەزنە...".

**ریگای کوردستان ژ (١٦٨)**
**١٩٩٥/٨/١٥**

## بەکالاّبوونی ئەدەبیات

«١»

گەر سەرنجێکی خێرای پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسییەکان و..هتد بدەین، بێگومان خۆمان لە سەردەمێکی گەلەک ئاڵۆزو تیژڕۆو فرەگۆڕان دا دەبینینەوە، سەردەمێکی ترسناک و سەرسوڕهێنەر.. سەراپای بەهامەتریالی و مەعنەوییەکان لەق بوون و راستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بازاڕەوە، واتە سەردەمەکەمان سەردەمی بە کاڵابوون و بە کاڵاکردنی بەهامەتریالی و مەعنەوییەکانە هەر شتێ لە بازاڕدا زۆر بێ، نرخ و بەهای دیتە خوارێ و پێچەوانەش پێچەوانەیە. دیارە کە ئەم تەرازووی "عەرزو تەڵەب"ەش راستەوخۆ لە ژێر گوشارو کاریگەری تەکنەلۆژیادایە..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی بکەمێ، بە کاڵابوون، یا بە کاڵاکردنی هونەرو ئەدەبیاتە. تولستۆی مەزن زۆر لە مێژە پەی بەوە بردووە کە بە پیشەکردنی هونەر، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەر پاکی و بێ ریایی و پەیامی رۆحی خۆی بدۆڕێنێ، چونکە وەختێ هونەرمەند ژیان و بژێوی خۆی لە رێگەی هونەرەوە دابین بکات، ناچارە بازاڕ بۆ هونەرەکەی پەیدا بکات و کە کاریش گەییە بازاڕ پەیداکردن و بۆ بازاڕ نووسین و دەستکەوتی ماددی، ئەوا هونەر بەرەبەرە پەیامی رۆحی و بەهای مرۆڤایەتی دەدۆڕێنێ. وەکو گوتمان بازاڕ لە ژێر گوشارو کاریگەری تەکنەلۆژیادایە، بازاڕیش تەنیا پابەندی یاسای عەرزو تەڵەبە خۆ بمانەوێ و نەمانەوێ ئەدەبیات و هونەریش، وەکو چالاکیی زهنی مرۆڤ، لەم کێشمانەکێشە دەرباز نابێ و هەوڵی بە کاڵاکردنی دەدرێ. هەرچی چالاکی هونەری و ئەدەبی هەیە، رەگیکیان دەچێتەوە سەر رۆح، واتە خوڵقێنەری هەرە گەورەی کاری هونەری و ئەدەبی رەسەن، هاندەری روحییە، واتە بە پێچەوانەی سەردەمی بێ رەحم و دڵ رەقی تەکنەلۆژیا کە روح تیایدا زیندە بەچاڵ دەکرێ! کەواتە ئەدەبیات و هونەر ناچارن جۆرە سازشێک بکەن و پرۆسەی بە کاڵاکردنیش دەیانگرێتەوە.

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای ئاڵۆزو سەردەمی لاوازکردن و زیندەبەچاڵ کردنی روح دا. ئەدەبی گەورە نارسکێ.. خۆ ئەگەر هەندێ ورد بۆ ناوی کەڵە نووسەران بگەڕێین، ئەوا بۆمان بە دیاردەکەوێ کە لەم سەردەمەی ئێمەدا، بەتایبەتی لەم دوا ساڵانەی سەدەی بیستەمەدا ناوی گەورە یەکجار کەمن.. زۆلا، بەلزاک، جید، پوشکین، تۆلستۆی.. هتد زۆر زۆر کەمن،



هەڵبەتە هەڵیشبکەون، دەقاودەق وەکو ئەوان هەڵناکەونەوە،. هەڵبەتە ئەو نووسەرانە لەسەرووی یاسای بازاڕەوە بەرهەمیان دەنووسی و هاندەری روحی هەوینی بەرهەمەکانیان بووەو سەردەمەکەیان سەردەمی پووکاندنەوەی روح نەبووە، بۆیە بوون بە ئاڵاهەڵگری میللەت و ئاوێنەی بێگەردی سەردەمی خۆیان و توانیویانە ویژدانی گشتی دروست بکەن و خەڵکی ئارەزوومەندانە بە پێشرەویان قبووڵ بکەن، ئەوانیش هونەرمەندانە جەماوەری خەڵکیان جۆش داوەو ئاراستەیان کردووە.

بەڵام لەم سەردەمی زاڵبوونی یاسای بازاڕو، پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و بە کاڵاکردنی بەهاو بە دەعەجانی کردنی روحەدا، هیچ نووسەرێک- بەتایبەتی لە وڵاتانی تەکنەلۆژیا زەدەدا- ناتوانێ گەنجێکی شارستانی وا لێ بکات لە پێناوی گەورەترین بەهادا خۆی بەخت بکا. راکزیمۆ، پێی وایە ئەگەر نووسەر بیەوێ بە گەورەیی و وەکو رەمزێک بمێنیتەوە، دەبێ رەنگ و روویەکی پیرۆزو جادوویی بە بەرهەمەکەی ببەخشێ و ئەم پیرۆزی و حاڵەتە جادووییە، جێی باوەڕو بەها ئایدۆلۆژییەکان بگرێتەوە.

«٢»

جاران نووسەرو هونەرمەند بە گەشبینییەکی ئەوتۆوە کاریان دەکردو دەیانڕوانییە ئەدەبیات و هونەر کە وەڵامی هەموو پرسیارەکان لەخۆ دەگرن و باڵاترین بەهای روحی و ئینسانی دەپارێزن و نەمری و بەردەوامی پێ دەبەخشن. دیارە هەر لەو کەشوهەوای گەش بینی و تەماحی بە دەست هێنانی نەمرییەدا کۆمەڵە رەمزێکی وەک فلۆبیریا پرۆست، بەلزاک یا بودلیرو هۆگۆ پەیدابوون و گەلەک سەرکەوتنی مەزنی ئەدەبییان تۆمار کرد. دیارە ئەم نووسەرانە و هەم خوێنەرانیان پێیان وابوو هەوڵیان بۆ نەوەکانی ئایندەیەو ئەو بەرهەمانەی لە دوویان جێ دەمێنێ، کاروانی پێشڤەچوونی تیرەی بەشەو دەوڵەمەندتر دەکا یا رامبۆ گوتەنی: (ژیان دەگۆڕێ).. بێگومان کەڵکەڵەی نەمری، ئەو هەموو شاکارەی خستۆتەوە، بەڵام ئایا هەمان کەڵکەڵەی نەمری، وەکو خۆی نەماوەتەوە؟ نووسەرانی ئەمڕۆ بۆچی تەماحی نەمریان نییە؟!

چونکە سەردەمی ئێمە، سەردەمی لەق بوونی باوەڕەکانە، واقیع رۆژانە پێمان دەڵێ نەمری لە خەیاڵ پڵاو بەولاوە چیتر نییە، ئەدەبیاتیش نەمر نییە. واتە ئەدەبیات وەکو پیشەیەکی باڵاو پیرۆز لە عەرشی عەزیمی نەمری

هاتۆتە خوارێ و مامەڵە لەگەڵ واقیعیکی یەکجار ئاڵۆزو دژوارو بێ ڕەحم دا دەکاو ئیدی کتیب و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ئەو پەساپۆرتە موقەدەسە نییە کە خاوەنەکەی بگەیەنیتە جیهانی نەمری و نووسەرو هونەرمەند، خواوەندانە نازو منەت بەسەر ئەرزو ئاسماندا بکەن.

ئەمڕۆکە، سیستەمی دیموکراسی، یاسای عەرزو تەڵەب، دەسەڵاتی تەکنەلۆژیا خۆیان گەیاندۆتە هەموو کونج و کەلەبەریکی دنیاو تەنانەت، وا خەریکن خانە زۆر دوورە دەستەکانی ناو ناخی تاک تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش فەتح دەکەن. لەم سەردەمەدا، ڕوح لاوازە، کەواتە ئەدەبیات و هونەریش کە شاڕەگیان بەڕوحەوە بەندە، لاواز دەبن و دەبنە بەشیک لە سیستەمی دیموکراسی!

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا، دوو فاکتەر دەوری گرینگ لە بە دنیایی کردنی بەرەبەرەی ئەدەبیات دا دەگیڕن و لە دوا ئەنجامدا دەیکەن بە کاڵایەکی بازرگانی:

١- فاکتەری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری:

کە بریتییە لە یەکسانی نیوان هاووڵاتییان، نەمانی کەسانی هەڵبژاردە، بەباوبوونی گیانی خاترانەو دڵ ڕاگرتن و، لە دوا ئەنجامدا تاک پەروەری و خۆ پەرستی و خۆبینی، کە تیکڕا دەبنە هۆی گوێ نەدان و کارنەکردن بۆ ئایندەو بایەخ دان بە ئیستا.. بۆیە بەم پییە هەر چی لە ڕابوردوا پیرۆزو شکۆدارو ریزدار بووە، دەبێ بە قوربانی ئیستا. دیارە لەم جۆرە هەلومەرجەدا نووسەر چاو لە داهینان دەپۆشێ و.. دەرفەتی کتیب و کتیب بڵاوکردنەوە دەبێ، بەڵام چ هەواڵیک لە ئەدەبیاتی ڕەسەن و نەمرەوە نامینێ.

٢- فاکتەری ئابووری: ڕاکزیمۆ پیی وایە جگە لە دیموکراسیەتی عەرزو تەڵەب، چ دیموکراسییەکی دی نییە.. دیارە مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر کتیب لە پایەی پیرۆزی و شکۆداری خۆی بیتە خوارێ ئیدی دەبێ بەکاڵاو لە تەرازووی یاسای بێ ڕەحمی عەرزو تەڵەب دەرباز نابێ.. دیارە کە کتیب بوو بە کاڵا.. تەبیعەتی هەر کاڵایەکی دی وەردەگرێ، هەر کاڵایەکیش، کاڵایەکی دی دەسڕیتەوە ئەگەر چی ئەو کاڵایە دەستکردی هەمان وەستا یا هەمان نووسەریش بێ. نەو وەسا دەنیرنە ئەدەبیات کە کاڵایەکی مەسرەفی هەنوکەییە، یا کۆمەڵە مەعلوماتیکە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دا ئیکسپایەر دەبێ و لە ڕەونەق و ئیعتبار دەکەوێ...



ئیستا تەلەفزیۆن، واتە شاشە زۆر ئاسانترو خیراتر لە کتیب دەگاتە ئەو ئامانجانەی کە ئەدەبیات هەمیشە بە تەمای بووە.

بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە چیتر کتیبان چاپ نابن، چاپ دەبن و ڕەنگە زۆریش چاپ ببن، بەڵام ئەم کتیبانە ئەو بایەخ و کرۆکەی جارانیان نابێ، تەمەنیان کورت و بایەخیان ناپایەدار دەبێ. بەهەر حاڵ بازاڕو یاسای عەرزو تەڵەب هەموو نرخ و بەهاکانیشی خستۆتە ژیر ڕکیفی خۆیەوە، بۆیە نووسەریش وەکو ئەندامی کۆمەڵ.

هیندەی لە خەمی دەستکەوتی هەنوکەیی و مادیدا دەبێ، لە هەوڵی بەدەست هینانی نەمری و شکۆداری دا نابێ چونکە واقیع- بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیا زەدەدا- ئەوەمان پێ دەڵێ کە نەمری، خەیاڵ پڵاوە. ئیستا نە ئەدەبیات جۆرە ئایین و دیانەتیکەو نە نووسەریش، چەشنە یەزدانۆکەیەکە، کە لەلایەن موریدانیکەوە بپەرسترێ و نە جەماوەریش مەجبورن نازو منەتی هەڵبگرن!.

**سەرچاوە:**

**١- هنرچیست؟! لیو، تولستوی**

**٢- مجلە دنیای سخن، شمارە ٦٣**

**ڕیگای کوردستان ژ (١٥٧)**
**١٩٩٥/٥/٢٣**
**ڕیگای کوردستان ژ (١٥٨)**
**١٩٩٥/٥/٣٠**

## جەنگ و ئاشتی

کتێبیش وەکو مرۆڤ دەمرن و ئەو کەس و کتێبانەی کە کۆن نابن و نەمری بە دەست دێنن،. گەلەک دەگمەنن، (جەنگ و ئاشتی) یەکێکە لەو کتێبە نەمرانەی کە بە گەشی گەیبوەتە سەردەمی ئیمەو بێگومان هێوەتریش دەڕوا. ئەم رۆمانە، یەکێکە لەو شاکارانەی کە شۆڕشی لە جیهانی ئەدەب و هزرو بیری خەڵکی رووسیاو جیهانیش دا بەرپاکرد. دیارە ئەم بابەتە بەرهەمانە هێند دەگمەنن کە رەنگە هەر سەد ساڵێک کەڕەتێ، بەرهەمێک یان دووانی وەها بێتە نووسین، ئەم رۆمانە کە لە ساڵانی ١٨٦٢-١٨٦٩دا نووسراوە، بریتییە لە تەحلیلێکی وردی کارەساتی ساڵانی ١٨٠٥-١٨١٢ی هێرش و لەشکرکێشی ناپلیۆن بۆ سەر مۆسکۆ بۆیە ئەم رۆمانە لە پاڵ ئەوەدا کە شاکارێکی ئەدەبی جیهانییە، تابلۆیەکی هەرە زیندوو دەوڵەمەندی ژیانی رووسیای ئەو سەروبەندەیە رەنگە شەڕەکانی ناپلیۆن و قارەمانیتی و بەرەڤانی و خۆڕاگری رووسەکان لە دەیان و سەدان ژێدەردا هاتبنە تۆمار کرن، بەڵام هیچ کەسێک نەیتوانیوە، وەکو تولستۆی هۆیە دەروونی و نهێنییەکانی ئەم بەرەڤانی و خۆڕاگرییەی میللەتی رووس ببینێ و دەری ببڕێ. لە کاتێک دا ناوو شکۆداری خەیاڵیی ناپلیۆن ببووە داستان و کەوتبووە سەرزاران و سەدان کەس دڵبەندی ببوو، نووسەری جەنگ و ئاشتی، بە زەبری قەڵەمی بێ ڕیبا، لە ئاسمانی مەزناتی دەستکردەوە هێنایە سەر زەوی و بەخۆی و لەشکرە بێ ڕەزاکەیەوە لەبەردەم گەورەیی و قارەمانیتی میللەتی رووس دا دایناو حەقیقەتی بچکۆلانەی ئەو داگیرکەرەی بە هەموو دنیا راگەیاند! هەر چۆنێ بڕوانییە ئەم شاکارە، هەستی پاک و بنەمای ئەخلاقی و دەرگی قووڵی رازو رەمزی جیهانی روحی خەڵکی، کە رەنگدانەوەی روحی نووسەرە، پیشوازیت لێ دەکات، ئەوەتا جارێ مێژوونووسێکی بەتوانا دەتدوێنێ، جارێ نیگارکێش و وێنەگرێکی بەدەسەڵات دەتلاوێنێ، تاوێ دەروونناسێکی بەلەدو شارەزا دڵ خۆشیت دەداتەوەو لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە شاعیرێکی مەردو رەندو ئازادو متمانە بەخۆ، بە ئاشکرا دێتەگۆو پێت دەڵێ کە نەژیان لاسایی کردنەوەیە، نەنووسین.. بە بەرچاوتەوە ژیان دەجەڕبێنێ، رازەکان کەشف دەکات، ئەم تەجرەبانە لە مەحەکی هونەر دەداو دەیان گۆڕێ بۆ هەست.

واقیعی ژیان دەگۆڕێ بۆ واقیعی هونەرو قارەمانەکان دەخاتە سەر راستە ریگای چوون بەرەو کامڵبوونی ئینسانی و ئەوەتا لە کۆی نزیکەی «٧٠٠» قارەمانی هەمەجۆردا، تاقە قارەمانێک نابینرێ کە بە ئاستەم فەرامۆش



کرابێ.. تۆلستۆی بۆخۆی پێی وایە هونەرمەند ئاوەدانکەرەوەی روحی بەشەرن و ئەم ئەرکە قورس و پەیامە پیرۆزەش وادەخوازێ کە هونەرمەند بەردەوام لە هەڵچوون و داچوون و نیگەرانی دا بێ و بەزەبری شارەزایی، واقیع بینی، جەڕباندنی ژیان، هاندەری روحی، راستگۆیی، بێ ریایی، بەهرەو توانای خوڵقاندن، خەیاڵی هونەری دەوڵەمەند، خەونی مرۆڤ دۆستانە، توانای بەحیسی کردنی ئەزموونەکان، رەوایی بابەتەکەو ئاشقینی لەگەڵ بابەت دا، نەمری بەبەرهەمەکەی ببەخشێ.. هەڵبەتە تولستۆی لە پاڵ رەچاوکردنی یەکە بەیەکەی فاکتەرەکانی نەمری بەخشین بەشاکارەکەیدا، بە خوێنی دڵش ئاوی داوە، هەر جارێ قەڵەمی بەمەرەکەبدا کردبێ، پارچەیەک لە گۆشتی خۆی لە نێو شووشەی مەرەکەبەکەدا جێ هێلاوە. بێگومان جەنگ و ئاشتی بەو ئەشقەوە هاتۆتە نووسین، و تۆلستۆی مەزن هونەرمەندانە ژیانی جەڕباندووەو واقیعبینانە تەجرەبەی هونەراندووە، دەنا جەنگ و ئاشتی بەم شێوەیە ژیانی لێ نەدەباری و بەم کەم وێنەییە نەمری بەدەست نەدەهێناو بەم دڵنیاییەوە نەدەگوترا. ئەگەر ئەلیادەی هومەر یەکەم مەلحەمەی جیهان بێ، ئەوا جەنگ و ئاشتی دوا مەلحەمەی جیهانە!

**ریگای کوردستان ژ (١٦١)**
**١٩٩٥/٦/٢٠**

## چیرۆک یا مێژووی تایبەت!

گەر بلّـێین چیرۆک، بەتایبەتی -رۆمان- بە پلەی یەکەم مالیجەی پیوەندییە شەخسییەکانی دەئەستۆدایە، رەنگە لە راستی لامان نەدابێ. جا کە لەم روانگەیەوە، بڕوانینە چیرۆکی کوردی دەبینین زۆربەی چیرۆکمان بە ئاستەم خۆ لە قەرەی ئەو بابەتە دەدەن. قارەمان و کاراکتەر پتر لە دەریراهاتوونە وەسف کردن و وینەی کەمترین رەفتارو هەڵسوکەوت هاتۆتە نیشان دان. پتر رەفتارە سەرڤە سەرڤەو کەم بایەخەکان وتراون.

خۆ بۆ خویی چیشت تەعلیقیکی وەستایانەی نووسەر لەسەر دیالۆگی نیوان قارەمانان بەرچاو ناکەوێ، حالّەتی دەروونی قارەمان زۆر بەکەمی تیشکی دەخریتە سەر، لە کاتیکدا چیرۆک دەبێ ماهیەتە قوولّ و پۆشراوەکانی ئینسان لە قالّبیکی حیسی هونەریدا بخاتە روو و کەشف بکات. هەر لەبەر گوێ نەدان بەم لایەنەیە کە دەبینین قارەمانی «متمیز» لە چیرۆکی کوردیدا زۆر کەمەو تەنیا ناو لیکدیان جودا دەکاتەوە. کەواتە پیویستە بایەخیکی تەواو بە واقیعی زاتی بدرێ و بە شیوەیەکی هونەریانە لەگەلّ واقیعی بابەتی دا موتوربە بکرێ و یەکەیەکی یەکپارچەی لە جیابوونەوە نەهاتووی لێ بخولّقینرێ، چونکە خود هەوین و بنەمای چیرۆکە. واتە ژیانە تایبەتییەکە کەرەستەی بنەڕەتی ئەدەبە. بۆیە چیرۆکنووس لە سەریتی ئەوپەڕی توانا وەگەڕ بخاو یارمەتی خوینەر بدات کە بە ئاسانی بچیتە ناو ژیانی تایبەتی قارەمانەکانەوەو ببێ بە هاوبەشی گیانی بە گیانی خۆشی و ناخۆشییان، وەکو چۆن بێ پەروا خۆی بە مالّی خۆیدا دەکا، ئاواش بێ پەروا بچیتە ناو بیرو بیرکردنەوەو ئەقلّیەت و تەبع و تەبیعەتی قارەمانەوە. مەخابن چیرۆکنووسی کورد -تاک و تەرانەبێ- ئیدی نەیان توانیوە واقیعی کوردەواری هەرس بکەن. یا ببن بە نوینەری واقیعی کوردی.. لە بزووینەرە بنەڕەتییەکانی واقیعی کوردەواری و نهینییەکانی ئەو بزووینەرانە تینەگەیشتوون. بۆیە چیرۆکی کوردی گەر لە ئاستی هونەریشدا شتیکی کردبێ- هەرچەندە ئەمەشیان زیاتر چووەتە خانەی فەنبازی سواو خۆنواندن و لاسایی کردنەوەی ناهۆشیارانەو هەلّپەی پیشڕەو بازییەوە- ئەوا لە ئاستی بابەت دا یەکجار لاوازو کالّ و کرچە.

ئەمەش پتر دەگەڕیتەوە بۆ پەیڕەوکردنی ریالیزمی فۆتۆگرافی و زالّبوونی مەبەستی سیاسی لە کارە ئەدەبییەکاندا، ئاشکراشە سیاسەتی کوردی لە میژە لەبن بەستدایەو بن بەستیک بە بنبەستیکی دژوارتر چارەسەرکراوە، یا سپیردراوە، چ گۆڕانیکی کۆمەلّایەتی و سیاسی وا بەرچاو نەهاتۆتە گۆڕێ



کە تین و تاویک بە بزاڤی ئەدەبی بدات..

هەلّبەتە ئاشکرایە کە مەرج نییە هەر تۆمارکردنیکی وردی موو بە مووی فۆتۆگرافیانەی رووداوو شتە حەقیقیەکان، کاری ئەدەبی واقیعی لێ بیتە بەرهەم، یا ئەدەبی نەمرو زیندووی لێ چێ ببێ، چونکە ریالیزمی راستەقینە ئەوەیە کە لە ریگەی هەستەوە واقیعیەت و حەقیقەت لای گویگر یا خوینەر بەرجەستە بکات. واتە ریالیزم بریتییە لە هەلّبژاردنی بابەتی تەعبیر ئامیزو کاریگەرانەی سروش بەخش.. پیویستە دەقی چیرۆک هیندە کار لە خوینەر بکات کە بە ئاسانی لە بیری نەچیتەوە، ئەمەش بەوە دەبێ چیرۆک بایەخ بەشتە تایبەتییەکان بدات و ناسنامەی ناوچەیی خۆی هەبێ.

چیرۆکنووسانی کورد لە سەریانە بیر لەوە بکەنەوە چیرۆکیک بلّاو بکەنەوە کە لەبیر نەچیتەوە. بیروبیرکردنەوەی خوینەر پتر بخەملّینێ و جیهانبینییەکی قوولّی مرۆڤ دۆستانەی پێ ببەخشیت.

**ریگای کوردستان ژ (١٦٠)**
**١٩٩٥/٦/١٣**

**خۆیبوون**

یەکیک لەو دیاردانەی بواری نووسین، لەلایەن کەسانی کوردەوە، دیاردەی نووسینە بە زمانانی غەیرە کوردی و ئەم دیاردەیە ئەوە دینێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکرێ.

سەیر دەکەین دوژمنانی کورد لە رووی رۆشنبیری و زمانیشەوە داگیریان کردووین و کاریکی وەهایان کردووە، ئیمە بە تۆبزی یان بەخوایشت زمانی ئەوان بەکار بینین و زمانی خۆمان فەرامۆش بکەین.

هەڵبەتە ئەم دیاردەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بەدی دەکرێ و لە سەریکەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری مەزڵومیەتی کوردە کە داگیرکەرەکانی، زمانی زکماکی خۆی لێ قەدەغە دەکەن و ئەمەش کارو مامەڵەیەکی سیاسیانەیە لە لایەن دوژمنەوە دەگەڵ زمانی کوردیدا دەکریت، هەڵبەتە هەر کاریکیش بگری کاردانەوەی خۆی هەیە، بۆیە پابەندی کورد بە زمانی زکماکی خۆیەوە جگە لەوەی مافی رەوای خۆیەتی، کاردانەوەو خەباتیکی سیاسیانەشە.... بۆ وینە دیاردەی بە عەرەبی نووسین لای کوردی باشووری کوردستان هەندێ جار مایەی سەرنجە، دیارە ئەم دیاردەیە لەوەوە هاتووە کە برای کوردی، عەرەبی نووس یا زمانی زگماکی خۆی ئەوەندە نازانێ کە بتوانێ گوزارشتی پێ بکات، کە نابێ وابێ؛ چونکە زمانی کوردی لە کوردستانی عیراقدا، بەزەبری خەباتی دوورودریژی کورد، کەم و زۆر ریی پیدراوە و گەر نووسەریکی کورد ویستبیتی، بواری بەکار هینانی هەبووە.، یا ئەوەیە کە کوردەی متمانە بە خۆ نەبوو. دەیەوێ بازووی عەرەبی زانین بنوینێ، یان ئیمە لیرەدا پتر دەربارەی عەرەبی زانینەکە دەدویین و دەڵیین : گریمان کوردەی عەرەبی نووس، عەرەبییەکی زۆرچاکی لە بابەتی عەرەبیەکەی مامۆستایان مسعود محمد، عبدالمجید لطفی و بلند الحیدری و کەسانی دیشی زانی! بەچ دەچێ!!

مرۆڤی کورد کە زمانیکی بیگانە فیر دەبێ بۆ ئەوە نییە ئەو زمانە بکات بە زمانی نووسینی خۆی و لا لە زمانی کوردی نەکاتەوە! بەڵکو تەنیا وەختێ رەوایە بەو زمانە بیگانەیە بنووسیت کە بیەوێ لەو ریگەیەوە دۆزی رەوای کورد، ئەدەب و کەلتوورو شارستانیەتی نەتەوەی کورد بە گەلانی دی بناسینیت... چونکە گەر کوردیکی عەرەبی نووس بیەوێ لە ریگەی زمانی عەرەبییەوە، گوایە ژمارەی «عەرەبی خوین» گەلەک پترە لە کوردی خوین، یا زمانی عەرەبی دەوڵەمەندترو پڕ گوزارشتترە لە زمانی کوردی، شۆرەت و نیو بانگ پەیدا بکات و ببێ بە دەنگ، ئەوا ئەمەیان کاریکی زۆر



زەحممەتە، عەرەب نەتەوەیەکی فرە ژمارەیە لە میژە قەوارەی سیاسی خۆیان هەیەو زاناو داناو ئەدیب و رۆشنبیری مەزن و خاوەن دەنگی ئەوتۆیان تیدا هەڵکەوتووە کە نەک کوردیکی عەرەبی نووس بە زەبری زمانی عەرەبی بگرە خودی عەرەبەکانیش بەو سانایییە نابنە دەنگ. خۆ کوردیک چەند لەو بوارەدا بەهرەدار بیت، ئەوا ئەوپەڕەکەی دەبێ بەناویکی هەندێ سەنگین، نەک دەنگیکی ئیقلیم گیر، بۆ وینە مامۆستا عبدالمجید لطفی چیرۆک نووس لە چیرۆکستانی عەرەبی دا تەنیا ناویکەو هیچی دی، ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەدەبەی ئەو بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی هەرچەند لە رووی ناوەڕۆکیشەوە هەندێ کوردانە بێ، ئەوا وەکو زمان هەر دەچیتە خانەی ئەدەبی عەرەبی و خزمەت کردنی زمانی عەرەبی یەوەو هیچ جۆرە وەرچەرخانیک لە ئەدەبیات و زمانی کوردیدا، کە زمانی زگماکی نووسەرە، دروست ناکات! بۆیە بەرای من نە ئەدەبی ئەوو نە هی یەشار کەمال کە کەسیک لە پاکانە بۆ هینانەوەبێ، پاکانە هینانەوە بۆ ئەمیان رەنگە ئاسانتر بێ، بۆ کتیبخانەی کوردی چ نییە. خۆ ئەگەر هۆی نووسین بە زمانی بیگانە، بێ متمانەیی بەخۆ بێ، ئەوا پیویستە ئیتر ئەمە قبووڵ نەکەین و بەراستی عەرەب و عەجەم و تورک پیویستیان بە دەست و قەڵەمی کورد نییە. بۆ وینە لە ئەدەبستانی عەرەبی عیراقی دا خەڵکانی وەک بلند الحیدری و عبدالمجید لطفی و.. نەشبان کاروانی ئەدەبی عەرەبی پەکی نەدەکەوت و هەڵبەتە تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە. بۆیە هەر کوردیک بە هەر مەبەستیک جگە لە مەبەستی ناساندنی دۆزی رەوای کوردو ئەدەب و کەلتوورو شارستانیەت و گەیاندنی دەنگی کورد بە گەلانی دی، بە زمانی بیگانە بنووسیت وەکو مرۆڤیکی هونەرمەندو رۆشنبیر مایەی ریزە، بەڵام وەکو کتیبخانەو زمانی کوردی هەرگیز مایەی شانازی نییە، بۆ وینە محمدی قازی وەرگیڕیکی کوردی، فارسی نووسە، تا نهۆ چەند جارەک خەڵاتی باشترین وەرگیڕی ئیرانی وەرگرتووە، پتر لە «٦٠» کتیب و شاکاری وەرگیڕاوەتە سەر زمانی فارسی و کتیبخانەی عەجەمانی پێ دەوڵەمەند و خەنی کردووە، لە کاتیکدا کتیبخانەی کوردی بۆ نامیلکەیەک بە ئاسماندا دەچێ، زمانی کوردی بۆ شانازی بەم پیاوەوە بکات!

هەر لەبەر ئەوەی ئارەزوومەندانە خۆی لە قەبیلێ خزمەتی زمانی فارسی کردووە!! هەڵبەتە ئەم جۆرە دیاردانە گوناهە لاسایی بکرینەوە. من نازانم بۆ

پیاویکی مەزنی وەکو خانی بەوپەڕی هۆشیارییەوە لە سەدەی ١٧ دا موغامەرە بکات و هەستی نەتەوەیی بێ بەو هاندەرەی کە شاکاریکی وەکو مەم و زین لەبەر ئەوە بە کوردی بنووسیت کە خەڵکی تانەمان لێ نەدەن و نەلێن کورد بێ ئەدەب و عیرفانە.. لە کاتیکدا دەیتوانی بە زمانی بیگانە بینووسیت و نیو بانگی پتر پەیدا بکات. بە هەر حاڵ ئیمە وەکو کورد قەوارەی سیاسیمان نییە، لە کاتیکا ئەمە هەقیکی رەوای خۆمانەو دەبێ هەموو ریگەیەکی رەوای بۆ بگرینە بەر. یەکیک لەو ریگایانەش زمانە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی کە جڵەوی ئەم کارەش بە دەستی نووسەرانەوریگەیەکە گەلی کورد تەواو لیکدی نزیک دەخاتەوەو ویستەکانمان یەک دەخات و ریگەی دووری خۆبوونی سیاسیشمان نزیک دەخاتەوە. ئیدی پیویستە زمانی شیرینی کوردیمان خۆش بوێ، هەوڵ بدەین لە نووسینەکانماندا ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژنە بەکار بینین کە لە تیگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری کوردەوە نزیکن، نەک بە زمانی بیگانە بنووسین و شانازی پیوە بکەین!!!

**ریگای کوردستان ژ (١٦٧)**
**١٩٩٥/٨/٨**



# ئەدەب و دەسەڵات

سیاسیەت لە بنەڕەتدا کاریکی دەستەجەمی بووە. هەمیشە بە پشتیوانی تاقمیک، خیڵیک، بنەماڵەیەک، نەتەوەیەک یا چینیکەوە کاری کردووە، واتە بۆ پیادەکردنی سیاسەت دەبێ کۆمەڵیک هەبێ، کۆمەڵ+ سیاسەت= ئامانج. بۆیە سیاسەت لەم حاڵە بترازێ، دەبیتە شتیکی تاکپەروەرانەی رۆمانسیانەو گەلێ رەفتارو خەون و خەیاڵی دۆنکیشۆتانەی بەگەڵ دەکەوێ. هەر بۆیە ئاساییە کە سیاسەت هەوڵ بدا هەموو بوارەکانی ژیان بخاتە ژیر رکیف و دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەدەبیات و رۆشنبیریی یەکیکە لەو مەیدانە زۆر گرینگانەی کە سیاسەت ئاوڕی لێ داوەتەوە- هەر ئەدەبیاتیک لەگەڵ رەوشت و رەوتی هەر سیاسەتیک نەبی و نەبووبێ کەوتۆتە بەرتانەو توانج و پەلامارو هیرشی لایەنگران و کادیرانی ئەو سیاسەتە دیاریکراوە.. تەنانەت هەڵگرانی بیروڕا ئایینییە زەمینی و ئاسمانییەکانیش کە لە سیاسەت بەدەر نین- ئەمەیان کردووە.

بۆرژوا ناسیونالیست و مارکسیستەکانیش دریغیان لەم بوارەدا نەکردووە، واتە ئەدەبیات و رۆشنبیری قۆناغ لە دووی قۆناغ، کەم و زۆر، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەر هەڕەشەی سیاسەت کەوتووە.

ئیمە لە سەردەمیکی هیندە جەنجاڵ و فرە پیوەندی دا دەژین کە تاک "تاکی سەربەخۆ" روو لە نەمانە. سەردەمەکەمان هیندە تیک رژاوە، مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤی سەربەخۆ لە بنەڕەتدا نەبۆوە.

ئەدەبیات بەشیوەیەکی تیکڕایی لەسەر بناغەی ئەمانەت و راستگۆیی رۆنراوە هەرچی ئەدەبیاتی رەسەن و زیندوو هەیە بە ئەمانەت و راستگۆییەوە بەندە، هەر ئەدەبیک راستگۆیی تیدا نەبێ، دووڕوویی و ریا فرۆشی کردبێ و بیکات بە بناغەی خۆی، درەنگ یا زوو دەپوکیتەوەو باوی نامینێ و نەمری بەدەست ناهینێ.

دیارە نووسەر تەنیا کاتیک دەتوانێ راستگۆ بێ کە سەربەخۆ بێ و دەستکەلای هیچ حیزبیک نەبێ و هاندەریکی رۆحی بەرهەمەکەی خەملاندبێ، واتە راستگۆیانە ئەندیشەو هەست و سەرنجە تیژەکانی لە ئاوینەی وشەی ئەفسوناوی دا نواندبێ.

ئەدەبیات، بەتایبەتی ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە جەنجاڵە بابەتیکی تەواو شەخسییە.

رەنگە ئەمەش بگەڕیتەوە بۆ ئەو تەباییەی کە لە نیوان تاک و کۆمەڵ دا، لە نیوان نووسەرو دەسەڵاتدا دروست بووەو رۆژبەرۆژ لە زیادبووندایە.

ئیمە لە سەردەمیکدا دەژین کە سیاسەت، بەتایبەتی سیاسەتی دکتاتۆریانە لە برەو باودایەو بە چەندین ووشەی بریقەداری بە ئاهەنگی وەک: دیموکراسی، رادیکالّی، لیبرالی، سۆسیالیستی، سۆسیال دیموکراسی و.. پەردەپۆش دەکریّ. هەلّبەتە واقیعی حالّ لە هەموو دونیادا ئەوەمان پیّ دەلّیّ کە سیاسەت نە دەیەویّ و نە دەتوانیّ دەستبەرداری تاک بیّ و بە تەواوەتی ئازاد بیّ.

دەسەلاّت و ئازادی فیکری وەکو ئاو و ئاگر وان و پیکەوە هەلّناکەن. بۆیە دەسەلاّتی سیاسی نەک هەر دەربڕینی بیر کۆنترۆل دەکا بەلّکو کۆمەلّە مەرجیکی پیشوەختەش بۆ خەون و خەیالّ و بیرو بیرکردنەوەی جەماوەریش دادەنیّ.. دەست دەخاتە ژیانی عاتیفی و رەفتاری خەلّکیشەوە.

دەسەلاّتدار دەیەویّ هەموو شتیک بخاتە ژیر چاودیری خۆیەوە.. جا ئەگەر ئەمە نەفەسی سیاسەت بیّ و سنوور بۆ هەموو شتیک دابنیّ، ئایا دەشیت ئەدەبیات لە کەشوهەوایەکی خنکینەرو ژەهراوی ئاوهادا بژی؟! دیارە نەخیرو سەد جار نەخیرو ئەگەر دیکتاتۆریەت و دەسەلاّت ببیّ بە شتیکی هەمیشەیی و جیهانگیر ئەوا دەبیّ فاتیحای ئەدەبیات بخوینریّ.

دیارە ئەم حالّەتە لە ئایینە زەمینی و ئاسمانییەکانیش دا وەکو پیشتر ئاماژەمان کردیّ، هەیە، بەلاّم جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نیوان دەسەلاّت و ئایین دا هەیە، ئایین کۆمەلّیک بنەمای نەگۆڕی هەیە، گۆڕانکارییەکانی ئایین بەشیوەیەکی خیرای سەر سورهینەر نییە. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست دا کلیسا ئایین و باوەڕی ئاراستە دەکرد، بەلاّم ریگەی ئەوەشی داوە تاکو مردن ئازادانە پابەندی ئەو ئایینە ببیّ و لەسەر هەمان ریباز بمینیتەوەو هەر رۆژەی لە سەر پەتیک نەبیّ. پیی نەدەگوتی ئەمڕۆکە باوەڕت بە شتیک هەبیّ و سبەی باوەڕ بە شتیکی پیچەوانەوە بینە- بەلاّم لە سایەی سیاسەت و دەسەلاّت و دیکتاتۆریەت دا حالّەتەکە ریک پیچەوانەیە. راستە دکتاتۆریەت بیر کۆنترۆلی دەکات، بەلاّم لە بازنەیەکی نەگۆڕدا نایهیلّیتەوە، بەلّکو بادانەوەو پەت پەتین سیمای هەرە زەق و ریبازی هەرە ئاشکرایەتی. دیکتاتۆریەت خۆی لە خەتاو هەلە بە دەر دەزانیّ و پیویستە لەسەر لایەنگرو پەیڕەوەکانی ئەم بنەمایە قبولّ بکەن، چونکە هەموو شت لە گۆڕاندایە، دەبیّ پەت پەتین ببیّ بە ئایین و ریبازی هەرە باویان ئەگەر دوژمنایەتیت لەگەلّ کەسیک یا لایەنیک کرد، دەبیّ ئەوەی پیّ بکەی کە خرایە سەرنان، سەگ بونی پیوە نەکا! خۆ ئەگەر



بەرژەوەندییەک وای خواست ئاشت ببیەوە ئەوا دەبیّ بکەویە ستایشیکی وەهای کە خەلّکی هەزارو یەک سلاّوات لە دیداری موبارەکی بدەن و دەهۆلّ و زۆرنای دەست پیشکەریش بۆ خۆت لیّ بدەی.

دیارە ئەدەبیات راستەوخۆ پەیوەستە بە هەستەوە، بۆیە ناکریّ لە دەریّ را کۆنترۆل بکریّ، چونکە نووسین وەختیّ بەرۆکت دەگریّ، هەست بە دروستی هەستەکانی خۆت بکەی دەنا چ هاندەریکی داهینەرانە پەیدا نابیّ. ئەو بادانەوە خیراو ٣٦٠ دەرەجەییەی کە دەسەلاّت لە پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی دەخوازیّ، بۆ ئەدەبیات دەست ناداو لە باری دەبات. بۆیە ئەگەر دیکتاتۆریەت و ئەم بابەتە دەسەلاّتە تەشەنە بکاو ببیّ بە شتیکی جیهانگیر، ئەوا ئەدەبیات تیادەچیّ یا ئیفلیج دەبیّ و نووسەرانیش دەبیّ یا خۆکوژی بکەن یا لە زندانانندا کەڕوو هەلّینن یا لە پەراویزاندا دەست بە کلاّوی خۆوە بگرن، کە ئەمە هەرگیز خەسلّەتی نووسەر نەبووەو نییەو نابیّ. یا دەبیّ ئەوانیش با بدەنەوەو واز لە نووسەری بینن و بە عالەمی ئاشکرا ببن بە "نۆسەر" و بە عەتری دەسەلاّت بۆگەنی خۆیان لە عەووامەکەی میللەت وەشیرن.

جا هەر کەسیک بایەخی ئەدەبیاتی لەلابیّ، هەست بکات کە ئەدەبیات میژووی راستەقینەی بەشەریەتە، دەبیّ ئەوەی لەبەرچاوبیّ کە بەگژاچوون و بەربەرەکانیی دەسەلاّت و دیکتاتۆریەت موغامەرەی مان و نەمانە، موغامەرەی پاراستنی ئابڕوی ئینسانە.

**تیبینی: لە گوتاریکی جۆرج أورل وەرگیراوە.**

**ریگای کوردستان ژ (١١٣)**
**١٩٩٣/٦/٢٨**

# سەرنجیکی ئەدەبی

ئەگەر سەرنجێکی سەردەمی سەرهەڵدانی یەکەم پەخشانی هونەری خۆمان بدەین، دەبینین گەر هاوزەمان نەبووبێ لەگەڵ سەرهەڵدانی چیرۆکی عەرەبی عیراق و عەجەمی ئیراندا ئەوا زۆر پاش ئەوان نەکەوتووە، بەڵام وەک دیارە گەشەکردنەکە لای ئێمە گەلێک لە هی لای ئەوان خاوو سستترە چ لە رووی چەندیتییەوە و چ لە رووی چۆنیتییەوە. دیارە ئەمەش گەلەک هۆی هەیە.

یەکێک لەو هۆیانە ئەوەیە کە مێژووی ئێمە مێژوویەکی سست و خاو و نیمچە وەستاو بووەو بارە سیاسییەکەش چ لای خۆمانەوەو چ وەکو سەپاندنی لەلایەن دوژمنانەوە هێندەی دی رەوتی مێژووی ئێمەی سست و خاو کردووەو کراوە بە سەرباریکی قورس بەسەر سەرلەبەری بوارەکانی ژیانمانەوە، کە یەکێک لەو بوارانە بواری رۆشنبیریی و هونەریی و ئەدەبییە. لە کاتێکدا ئەدەبیات، بەتایبەتی چیرۆک مێژووی هەرە زیندوو، و پڕ لە بزاڤی هەر میللەتێکە، چیرۆکنووس بە ئەمانەتێکی هونەری گەورەوە هەورازو نشێوی سەردەمێکی تەواو، ئەوو سەردەمەی خۆی تێیدا دەژی نیشان دەدا.. هەر بۆ پشتیوانی ئەم قسەیەش گوتەیەکی ئەنگلز دەربارەی بەلزاک دینمەوە کە دەڵێ: "ئەوەی لە بەلزاکەوە فێری بووم، زیاترە لەوەی کە لە هەموو ئابووری زان و مێژوونووسان و ئامارگەرانی هاوعەسری ئەوەوە فێری بووم."

بەڵام بە داخەوە (لاتەئریخیەت) زاڵە بەسەر زۆربەی چیرۆکی کوردیدا. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆشاییەکی کوشندەیەو دەبێ پڕ بکرێتەوە، دەنا چیرۆکی کوردی هەر بەم کاڵ و کرچییە دەمێنێتەوەو هەستی خوێنەر پاراو ناکات. هەڵبەتە ئەم (لاتەئریخیەت)ەش زادەی کەم ئەزموونی و نابەڵەدی چیرۆک نووسەکانمانە لە پاڵ لاسایی کردنەوەی ناهۆشیارانەی ئەدەبیاتی چیرۆکی بیگانان دا. راستە هونەری چیرۆک، لای ئێمەو زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵات هونەریکی خوازراوە، بەڵام دەبێ ببردرێ بە بالای بابەتی خۆماڵی دا.

بەهەر حاڵ دەمەوێ بڵێم، مێژوو یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکان و کاریگەری لەسەر سەرلەبەری چالاکییەکانی مرۆڤ هەیە.

ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی زهنی مرۆڤ لەم حاڵەتە بەدەر نییە، هەر قۆناغەش ئەدەبیات و ئەدیبانی خۆی هەیە، ئەم قۆناغەش وەکو دەنگ و رەنگی سەردەمی خۆیەتی، دەنگدانەوەی قۆناغی پێش خۆیشی هەڵدەگرێ و ئاساییە تۆوی ئایندەشی پێ بێ.



کاک حوسێن عارف وەکو چیرۆکنووس، من بەش بە حاڵی خۆم ئەم حاڵەتەی تێدا بەدی دەکەم و دەتوانم بڵێم چیرۆکە کورتەکانی، هونەری چیرۆکنووسی کوردی خستە سەر راستە رێگەی دروستی خۆی و پێشخستن و گۆڕانێکی چاکی بەسەر جیهانی چیرۆکی کوردیدا هێنا. هەمەجۆری بابەت و شێوە رووبەرێکی فراوانی بە چیرۆکەکانی بەخشیوەو کاک حوسێن لە بواری چیرۆک دا موریدی کەم نین و چیرۆکی هونەری کوردی بە مەعنای هونەر، لەسەر دەستی ئەو سەقامگیربوو.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من لەو کەسانە نیم کە دەقم بە شتێکەوە گرت ئیدی پێم شەرم بێ پێیدا بچمەوەو لیی لا بدەم، چونکە پێم وایە ئەو دەق گرتنە نەخۆشییەکی کوشندەیە، ئەگەر مرۆڤ لە مرۆڤایەتیش نەخا ئەوا بە تەواوەتی لەهەمەجۆر خوازی دەخا.. بۆیە دەڵێم کاک حوسێن عارف.. ویرای ئەوەی چیرۆکنووسی چاکە.. لە چەند چیرۆکێک بەولاوە، ئیدی چیرۆکنووسی دەرەجە یەک نییە.

ئەمجا با ببینە سەر رۆمان، من پێم وایە رۆمان زادەی سەردەمی سەقامگیری و ئارامییە.. هەڵبەتە ئەمە دەستووریکی نەگۆڕ نییە، چونکە دەشێت لە کۆمەڵگەی نائارامیش دا رۆمانی گەورە بێنە نووسین، لەبەر هیچ نالەبەر ئەوەی هونەر لەوە یاخیترە کە بە زندانی دەستوورو تیۆری قاییل بێ و زۆر لە سەرووی ئەوانەوەیە.

بەڵام بە نیسبەت کاک حوسێنەوە، من پێم وایە بەرلەوەی هاندەرێکی روحی "شارو ئەندیشەی مرۆڤ"ی پێ نووسیبێ، هاندەری دەست پێشکەری و رابەری ئەم کارانەی پێ ئەنجام داوە. بۆیە چۆنیان دەخوێنییەوە لە گوتاری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هێوەتر ناچن! دیارە هیچ رەخنەگرێکی رۆشنبیریش مەسەلەی دەست پێشکەری ناکات بە پاکانەو هەنجەت بۆ لاوازی دەقێکی ئەدەبی.

شار: زۆربەی قارەمانەکانی هەر بە ناو قارەمانن، قارەمانی کارتۆنی و سادەن، نووسەر بۆ ئەوەی قوت کردونەوە تا هەندێ قسەو دیدوبۆچوونی خۆی بخاتە سەرزاری ئەوان و بە خوێنەری سادەی بفرۆشێ، یا بیانکات بە پارسەنگ و لە رێگەی ئەوانەوە هەندێ کاروباری تایبەت بە قارەمانێکی سەرەکی دووپات بکاتەوە.. فۆرم و شێوە لە شاردا لاوازە، لە کاتێکدا گرینگترین کۆڵەکەی کاری هونەری شێوەو فۆرمە، چونکە ئەفراندن و داهێنان لە چۆنیتی نیشان داندا دەردەکەوێ. نووسەرێکی ئەورووپی کە

ئیستا ناویم بیر نایەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:
"ناوەڕۆک شیوە دروست ناکات، بەڵکو خۆی بەرەنجامی شیوەیە" بە کورتی شار یاداشتنامەیەکی سیاسی -کۆمەڵایەتی (سەتحی) شاری سلیمانیە، رۆمان نییە، بەڵکو جەنازەی رۆمانیکە کە بە مردووی لە دایک بوو. هەمان رام بەرانبەر بە "ئەندیشەی مرۆڤ" یش هەیە...

**تیبینی: ئەم گوتارە هەڤپەیڤینیکی راستەوخۆیە کە کاتی خۆی رادیۆی حیزبی شیوعی، لە سلیمانی لەگەڵیان سازدام.**

**ریگای کوردستان ژ (٩٣)**
**١٩٩٤/١/٢٥**

## حاجی یا زەنگی خەتەر!



هەڵکشان و داکشانی بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری بەندە بە گەلەک فاکتەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، بازرگانی، ئایینی و سیاسیەوە. گەر سەرنجیکی خیرای میژووی بزاڤی رۆشنبیری کوردی خۆمان بدەین ئەوا دەبینین لە هەردوو بواری هەڵکشان و داکشاندا، راستەوخۆ پەیوەست بووە بە باری سیاسی میللەتەکەمانەوە.

لەهەر قۆناغیک و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا باری سیاسی لە هەڵکشاندا بووبێ، کەم و زۆر، راستەوخۆو ناراستەوخۆ بزاڤە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکەی بەگەڵ خۆی خستووە، دیارە پیچەوانەش پیچەوانەیە.

شاعیریکی جیهانی دەڵێ: "شاعیران یاسادانەرانی ئیعتراف پینەکراوی جیهانن.." جا کە ئەمە ئەرک و پیگەو پایەی شاعیر بێ، ئەوا بیگومان دەکاتە سکرتیری وەفاداری کۆمەڵ و سەردەمی خۆی و لەسەریتی هەموو لایەنە گەش و تاریکەکانی سەردەم و کۆمەڵی خۆی بەوپەڕی دڵسۆزی و راستگۆیی و دەستپاکی و واقعبینییەوە تۆمار بکات و بێ پەرواو بەراشکاوی پیشبینییەکانی خۆی بخاتەڕوو.

کەواتە شاعیرو نووسەر دەکەنە رابەرو پیشڕەوی میللەت. بۆیە هەر میللەتیک شاعیری نەبێ زوو دەستەمۆ دەبێ، بە هاسانی دیتە خەسین، بێ ئەوەی پێ بحەسێ لەگەڵ بندەستەیی دا رادێ.

دەگیڕنەوە دەڵین: سەرداریک کەڵکەڵەی داگیرکردنی وڵاتانی دەکەویتە سەر، بۆ ئەم مەبەستە دەچیتە لای زانایەکی سەردەمی خۆی و گریی دڵی خۆی بۆ دەکاتەوەو ئەوجا داوای لێ دەکات کە رینوینی بکات کورتترین و ئاسانترین ریگەی داگیرکردنی وڵاتان چییە؟! زاناکە لە وەڵامدا دەڵێ: گەیشتییە هەر شوینێ، شاعیرانی ئەو هەریمە بکوژە، هەنگینێ بە هاسانی و بێ چەرمەسەری ئەو شوینە دەکەویتە ژیر رکیفتەوە. کەواتە شاعیر، ئاڵا هەڵگرو رەمزی میللەتە، ئەو شۆڕشڤانە پیشڕەوەیە کە لە بڵندگۆی وشەوە جاڕی ئازادی دەدا، دژایەتی خەسین و بەزین و دەستەمۆبوون و دەست بە کڵاوگرتن و خلەفان و خڕف بوون دەکا. بە چرای وشەوە بە نیو شەوەزەنگ دەکەوێ و بست بە بست بە دووی سەودا سەرو ئاشقانی ئازادی دا دەگەڕێ. ئەوسەوداسەرو ئاشقانەی کە هیندە لە خەم و خۆشەویستی ئینسانیەتی خۆدا تواونەتەوە دنیای هزرو بیریان جگە لە ئازادی و مرۆڤی ئازاد جیگەی چ شتیکی تری تیدا نەماوەتەوە.

دۆزینەوەی وان ئاشق و سەودا سەرانە ئەرکی شاعیرە. خۆ ئەگەر شاعیر

ئەو کارەی پێ نەکرێ، ئەوە دەبێ بە شینگێڕی شیوەنخانەی شیعرو دەبێ بە شایەتیکی سەلبی هەموو ئەو ریسواییانەی بەسەر مرۆڤدا دەهینرێ. دیارە موریدانی ئازادییش خۆبەخۆ دروست نابن، بەڵکو بەهۆی وشەی پاک و راستگۆو بێ پەردەو بێ پەرواو  بێ باکەوە دروست دەبن. وشە هی خوایەو خواش وشەی بە شاعیران سپاردووە تا لە ریگەی وشەوە رۆحی خوایەتی بە بەر تیرەی بەشەردا بکەن، کەواتە شاعیر لەسەریتی رۆڵەی میللەتی خۆی فیری زمانی ئازادی بکات و هەر شاعیرێ لەمە لابدا خاینەو بێ شەرەف!

حاجی قادری کۆیی، یەکیکە لەو شاعیرە گەورانەی میژووی ئەدەبیاتی کوردی کەتا دواهەناسە پابەندو خەمخۆری مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بنەما ئەخلاقی‌یەکانی کوردەواری بووە.

هەر بۆیەش ناوبانگی کەوتۆتە سەر زاران و بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوەو وەکو پیشمەرگەیەکی هەرە جوامیری سەنگەری وشە ناسراوە.

رەنگە هەندێ کەس ئەمە بە خاڵی لاواز لەسەر حاجی حسیب بکەن و بڵێن گەر بەو رادەیە تیکەڵی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان نەبووایەو تۆزێ ئامۆژگاری مامۆستایانەی فەرامۆش کردباو خۆی لە دووبارەکردنەوەی ناوەڕۆک و مەبەستی شاعیرانی بەرلەخۆی دوورە پەریز گرتبا، ئەوا شیعرەکانی لە پاڵ بایەخە میژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا، بایەخیکی هونەری گەلەک مەزنتری دەبوو، وەکو لەوێ سوارچاکی مەیدان بووە، لە بواری هونەریش دا هەر شۆڕشڤانی ریبەر دەبوو.

هەڵبەتە شاعیر رۆڵەی سەردەمی خۆیەتی و ناتوانێ لە دەربی میژوویی سەردەمی خۆیەوە تێ هەڵبچێ. جا "حاجی"ش لە قۆناغیکی یەکجار گرینگ و ناسک و خەتەری کوردەواری دا ژیاوەو کارلیکە میژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی سەردەم و قۆناغی خۆی کاریان تیکردووەو لە شیعرو بەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوە.

حاجی پیشبینی خەتەرو مەترسی جەهالەت و ناهۆشیاری خەڵک و ناتەبایی و تیرەو تایفە کوردەکان و دڕندەیی و نیاز گڵاوی دوژمنانی کوردی کردووە، بۆیە وەکو ئاژیری خەتەر هەمیشە لە لیدانا بووەو وشەو شیعری بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان کردووە.

سەردەمی حاجی، سەردەمیک بوو هەستی نەتەوەیی لای زۆربەی میللەتان لە هەڵکشان و سەقامگیربوونابوو.. بۆیە شیعرەکانی



رەنگدانەوەی پیداویستی‌یە نەتەوەییەکانی سەردەمی خۆیەتی.

شیعر لەلای حاجی چەکی هاندانی میللەت بووە. چەکی چۆنیتی فیرکردنی گەل بووە، بۆیە هەر چۆنێ دەڕوانیتە شیعری ئەو شاعیرە دڵسۆزە، تەنیا راستگۆیی، دڵسۆزی، خەم خۆری، لاواندنەوەو تووڕەبوونی دڵسۆزانە بەدی دەکەیت و هەزارو یەک سەڵاوات لە دیداری شەریفی دەدەی.

حاجی زەنگی خەتەری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەر لەسەردەمی خۆیدا گویی لێ نەگیرابێ، ئەوا هاواری ئەو شۆڕشڤانە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆی میللەتەکەمان هەمان تین و تاوی ئەوسای هەیەو هەر کەسێ گویی لێ نەگرێ یا نەفامە یا لە میژوو ناترسێ، کە ئەمەیان لە نەفامی خراترە.

**تیبینی: " ئەم وتارە لە ١٩٩٤/٥/٢ لە کۆیە، لە میهرەجانی یادی حاجی قادری نەمردا خوینرایەوە"**

**ریگای کوردستان ژ (١٥٥)**
**١٩٩٥/٥/٢**

## شیواز

زمان، هەمیشە بناغەی ئەدەبە، دەتوانین بڵیین دەقی بەرزو باڵای پڕ لە

داهێنان و ئەفراندن، بریتییە لە هونەری وشە. وشە دەلالەت لەو شتە یا ئەو شتانە دەکات کە نووسەر وەکو بابەت مامەڵەی لەتەکدا دەکاو بە زەبری وشەو بەکارهێنانی ئەفسوناوی وشە، ئاویتەی هەستمانی دەکات.

کەواتە زمان و بابەت لفانەن و زادەی تێکەڵ بوونی رەسەنانەی قەڵەم و وشەیە.

وەکو چۆن هەر وشەیەک لە هەر شوێنێک دا دەلالەت لە شتێک دەکات، واتە هەر شتێک وشەی خۆی دەوێ و هەڵدەبژێرێ، هەر شتەش بگرێ بەرەنجامی وشەیە، بەو جۆرەش بابەت بەرەنجامی زمانەو هەر بابەتێک زمانی خۆی هەڵدەبژێرێ و بەرادەیەک ئاویتەی یەکترن، کە پێ دەچێ جیاکردنەوەیان مەحاڵ بێ، واتە تا بابەت هەمەڕەنگ بێ، زمانیش هەمەڕەنگ دەبێ.. هەر ئەم هەمەڕەنگییە کاریکی وەسا دەکا کە زمانی نووسەر بە ناچاری و پێ بە پێی بابەتەکەی بگۆڕێ..

خۆ ئەگەر شێواز بریتی بێ لە مامەڵەکردنی هونەریانەی نووسەر لەگەڵ زمان دا، ئەوا دەبێ ئەم زمانە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دی بگۆڕێ و خۆ ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە لەلای نووسەرێک بەدی نەکرێ ئەوا بێگومان نیشانەی لە قۆناغ بەجێمانی نووسەرەکەیە.. لە جیداوەستانی نووسەرەکەیە..

رەنگە نووسەرێک زۆر بەوەوە بنازێ کە بە شێوازدا دەناسرێتەوە، رەنگە ئەمە لە کۆن دا مایەی پێوە نازین بووبێ، بەڵام لەم رۆژگارە جەنجاڵ و پڕ بابەتەی ئاخرو ئۆخری سەدەبی بیستەمدا، هەرگیز مایەی شانازی نییە، بەڵکو خەتەرێکی گەورەیەو نیشانەی ئیفلاس کردنی ئەو نووسەرەیە، نیشانەی خەون نەبینین و سستی خەیاڵە، نیشانەی ئەوەیە دەسەڵاتی بەسەر زمان دا ناشکێ.. نیشانەی سەتحی‌یەت و بەرتەنگی بابەتەکانیەتی. ئەم جۆرە نووسەرانە دەقیان بەیەک جۆرە زمانەوە گرتووەو بابەتەکەیان هەرچی‌یەک بێ، هەر ئەو کاڵایەی بە بەردا دەبڕن.. خۆ هەر ئەمەش بووەتە هۆی ساردو سڕی و بێ تامی و مردوویی کارەکانیان، چونکە بابەتێک، بابەت بێ خۆی هاوار دەکاو زمانی خۆی هەڵدەبژێرێ و قەڵەم رەدووی وشە دەخاو، وشە بەدەقی نەمرو زیندوو ئاوس دەکا..

کەواتە ناسینەوەی شێوازی نووسەرێ، مایەی دڵخۆشی نییە بۆ نووسەرەکەی.. بەڵکو بە پێچەوانەوە، جۆراوجۆری شێوازو بە ئاسانی نەناسینەوەی مایەی دڵخۆشییە، چونکە نیشانەی بەهرەو توانای خەون



خەیاڵی قووڵ و دەوڵەمەندە، نیشانەی گەشەکردنی بەردەوامە، نیشانەی دەسەڵات شکانە بەسەر زمان دا، نیشانەی ئەوەیە نووسەر زمان بە قاڵبێکی مەییو و مردوو نازانێ، بەڵکو بەشتێکی زیندووی دەزانێ کە وەک هەر شتێکی زیندووی دی پابەندی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانە، بۆیە دیل کردنی زمان لە قەفەزی یەک جۆرە شێوازدا، کاریکی کۆنەپەرستانەیە. چونکە هەر بابەتێک زمانی خۆی دەوێ.. کە بابەت جۆراوجۆر بێ.. دەبێ شێوازیش جۆراوجۆر بێ. بۆ وینە مەحاڵە چیرۆکێکی ئاشقانە، بەهەمان زمان و شێواز بنووسرێ کە چیرۆکێکی سیاسیانەی پی دیتە نووسین.

**ریگای کوردستان ژ (١٤٩)**
**١٩٩٥/٢/٢١**

## هەنگڵە شەلێ

یەکێک لە گیروگرفتە گەورەکانی ئەدەبی کوردی ئەوەیە کە نووسەر پتر

پشت بە خەیاڵ و زهنیەتپەروەری دەبەستی تا بە ئەزموونی راستەوخۆو قوولی ژیان، کە تەنیا لەم ریگەیەوە دەتوانێ ببێ بە نوینەری راستەقینەو راستگۆی ئەو کەس و تویژە کۆمەلایەتیانەی باسیان دەکات - پێ دەچێ نووسەری لای ئیمە شارەزای باری دەروونی قارەمانەکانی خۆیان نەبن- بۆیە چیرۆکمان بە زۆری کاڵ و کرچەو لە ئەزموونیکی رەسەنی دەوڵەمەندەوە هەڵناقوڵێن.

پیم وایە نووسەران لە سەریانە ئەم قاوغە بشکینن و نابێ لەوەی پتر بەم هەنگڵە شەلییەی ئەدەب قایل بن و دەبێ ئەدەبی کوردی ببێ بە ئەدەبیکی ئینسانی گەورەو لە ئینسانی کوردو هیواو ئاوات و خۆزگەکانی ئیستاو دوارۆژی بدوێ- بە شیوەیەکی هونەری- دەبێ ئەزموونی ئینسانی کورد بکرێ بە بابەت و تیمەی ئەدەب.

مرۆڤی کورد، ئەمرۆکە لە هەموو گاڤێ زیدەتر پیویستی بە شاعیران و نووسەران هەیە.

زۆربەی تویژو لایەنە کۆمەلایەتییەکان چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانن لەمەڕ گەلەک پرسیاران کە راستەوخۆ پیوەندی بە بارودۆخی ئالۆزکاوی خۆیانەوە هەیە. زۆربەی خەڵک چاوەڕیی دەنگیکی گەشبینن کە بەلای کەمەوە ببێ بە تروسکەیەک لە ناوەندی ئەم شەوەزەنگەدا..

ئەلبیرتۆ مۆرافیا دەڵێ: **"ئەرکی چیرۆکنووس ئەوەیە کاراکتەر بخولقینێ، نەک رەخنە لە بارودۆخیکی دیاریکراو بگرێ."**

بەلام مەخابن بێ ئاگایی ئەدیب و نائاشنایەتی لەگەڵ رۆحی پڕ ئاستەنگی کاراکتەرەکانیان وای لیکردووە لە مەوزوعیەت دوور بکەویتەوەو بەرهەمەکەی تینویتی خەڵکی کورد نەشکینێ.

بۆیە پیویستە ئەدیب روو بکاتە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ناوجەرگەی ژیانی جەماوەری خەڵکەوە، ساتە ئینسانیەییە هەرە زندوەکانیان نیشان بدات و وینەی گەشەسەندنی ئینسانیانەی ئایندەی جەماوەری خەڵکی بگرێ.. بەمەش ئاوەدانی دەکەویتە جیهانی ئەدەبەوەو گیانی هاوچەرخیتی وەبەردا دەکرێ و لە دەرگای بە جیهانی بوون دەدات و ئیدی درەنگ یا زوو ئەو دەرگایەی لێ ڤەدەبێ.

نووسەر لە سەریتی، رۆژانە خەمی جەماوەری خەڵک لەسەر هەردوو ئاستی دیارو شاراوە تۆمار بکات و، وەکو چۆن خۆی دەی بینێ- راستگۆ بێ لەگەڵ چاوو هەستەکانی خۆیدا- هەڵبەتە نابێ هەرگیز لایەنی هونەری



فەرامۆش بکرێ.،

بیگومان بەدەست هینانی نەمری یەکیکە لە کەڵکەڵە هەرە بنەڕەتییەکانی نووسەر، بۆیە دەبێ بەرهەمێ بەدەستەوە بدات کە گیانی لەبیرنەچوونەوەی تیدا بێ.. ئەمەش بەوە دەبێ کە لە قالبیکی هونەری بەرزدا ژیانی دیارو نادیاری کۆمەڵ بەوپەڕی دڵسۆزی و راستگۆییەوە. لەگەڵ چاوی خۆیدا، لەگەڵ ویژدانی خۆیدا، لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا، لە لەوحی مەحفوزی نەمریدا، لە لەوحی مەحفوزی نەمریدا، هونەرمەندانە تۆمار بکات. هەڵبەتە بەمە زیندویتی وەدەست دینێ و شەقڵی مرۆڤ دۆستی و جیهانگیری وەردەگرێ.

**ریگای کوردستان ژ (١٤٨)**
**١٩٥٥/٣/١٤**

## نۆسەر

وشە ئەو داهینراوە هەرە مەزنەیە کە گەورەترین وەرچەرخانی لە ژیانی

مرۆڤدا تۆمارکردوو، بوو بە هەوینی "بوون" و بناغەی شاکارە فیکری و حسییەکانی بنیادەم. هەڵبەتە وشەو بایەخ و چەمکی وشە لە بواریکی ژیانەوە بۆ بواریکی دی دەگۆڕێ، لە تاقم و دەستەو چینیکەوە بۆ یەکیکی دی دەگۆڕێ.

بۆ نموونە وشە لە دنیای ئەدەبیاتدا هیندە سەرەکییە، کە دەتوانین بێ دوو دڵی بڵیین: "ئەدەب بریتی‌یە لە بەکارهینانیکی ئەفسوناوی وشە.." واتە بنەماکانی ئەدەبی رەسەن بریتی‌یە لە بەکارهینانی ئەفسوناوی وشە، پاکی و بێ ریایی، هاندەری رۆحی... بەداخەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کە دەڕوانینە ئەدەبیاتی کوردی دەبینین دەقی رەسەن یەکجار کەمە، چونکە کەوتووینەتە رۆژگاریکی رەش و تاریکی وەهاوە کە پاکی و بێ ریایی روو لە قاتی‌یە، باری ئابووری و بەرژەوەندە ئابووری و بۆچوونە سیاسییە تەسکەکان هەموو شتیکیان کردووە بەکاڵاو هەموو کاڵایەکیش هەم دەستکردەو هەم بەندیشە بە بازاڕەوە. کاڵاسازانیش بۆ گەرمی بازاڕی خۆیان دەکەونە مۆدسازی و مۆدسازیش سەنعەتەکە رەزیل دەکات.. چونکە ئاشکرایە هونەرو ئەدەبی رەسەن زۆر لە مۆدسازی و بازاڕییەتەوە دوورن و لە بنەڕەتدا رۆحکردن و هەر بەرهەمیک هاندەری رۆحی نەی خوڵقاندبێ ناگاتە پایەی نەمری و هەستی جەربینراوی داهینەرەکەی پێ نەقڵ ناکرێ بۆ کەسانی دی. هەر دەقیک ئەم ئەرکەی پێ ئەنجام نەدرێ مانای وایە تایبەتمەندییە پڕ بایەخەکەی خۆی واتە "پاکیتی و بێ ریایی" دۆڕاندووە.. بیگومان گەورەترین ئافەتی ئەدەب و هونەر ریاکارییەو، هەر نووسەریک کەوتە ریاکاری ئەوا بیەوێ و نەیەوێ دەچیتە سەنگەری دژایەتی گەلەوەو دەبێ بە نووسەری دەربارو دیوجامەی راوە جەماوەرو بەفیڕۆدانی بیروبیرکردنەوەی خوینەر..

بۆیە کاتێ نووسەر کەوتە سازش لەگەڵ دەسەڵات دا وردە وردە بەرەو تەسلیم بوون دەچیت و بیەوێ و نەیەوێ فرمانی لە سیدارەدانی نووسەرایەتی خۆی مۆر دەکات و ناسنامەی "نۆسەر"ی هەڵدەگرێ..

**ریگای کوردستان ژ (١٥٣)**
**١٩٩٥/٤/٢٥**

## سەرە قەڵەمان

«١»



پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەتایبەتی حزبی، لە باشوری کوردستاندا، بە ئاراستە یەکبونخوازییە نەتەوەییەکەدا ریبەری ناکرێ. پتر پشتیوانی لە ناوچە گەریتی دەکرێ، کە بمانەوێ و نەمانەوێ بۆ خۆی پشتیوانییە لە پارچە پارچەکردنی ئاخ و کارکردنە بۆ پەرت کردن و سست کردنی گیانی نەتەوەیی

«٢»

باری رۆشنبیریش بە قازانجی یەکخستنی نەتەوەیی ناگەڕێ و لەهەر پارچەیەکی کوردستان دا بەشیوەزاریک و بەشیوە رینووسیکی جیاواز، ئەو نووسینە سەرڤە سەرڤانەی دەنووسرین دینە بلاڤ کرن بێ ئەوەی هەوڵ بدرێ پتر ئەو وشەو زاراوانەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا باوەو لە تیگەیشتنی زۆربەی کوردەوە نزیکە بەکاربهینرێ، بەڵکو گەلیک لەو زاراوانەش کە چەندین ساڵە لەنیو زمانی نووسین دا جیی خۆیان کردۆتەوە، بۆ قازانجی تەسکی حیزبایەتی لەت و پەت کراون لە کاتیک دا ئیمە پیویستمان بەوەیە زاراوەکانی زمانی نووسینمان یەک بخەین و گیروگرفتی زمانەوانی ناپیویست بۆ خۆمان دروست نەکەین و لە ریبازی زانستی دوور نەکەوینەوەو ئەنارشیزم و هیستریای حزبایەتی نەخەینە ناو زمانەکەشمانەوەو هاوسەنگی زمان لە دەست نەچیت

«٣»

ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان بۆیان نەکراو نەیان توانی جیاوازی بخەنە نیوان بادینان و سۆران و هەورامان و کرمانج و گۆران.. هتد ئەوەی لەسایەی بەرەکەتی حزبایەتی تەسک دا شیتگیرانە کاری بۆ دەکرێ، ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، نەک هەر گومرگ و سەیتەرەی نا پیویست لەنیوان ئەم شارو ئەو شارو یان ئەم گوندو ئەو گوند دادەنرێ، بەڵکو خۆشمان داغمەی ئەم ناوچەو ئەو ناوچەمان پیوە دەنرێ و دەبێ بە پاسەپۆرت لەم شارەوە بۆ ئەو شار سەفەر بکەین!... ئەمە جگە لەوەی لە گەڕانەوەدا تووشی لیپرسینەوەی حزبی و سیاسی دەبین...

لە کاتیک دا ئەم کارە نابەجییانە دەکرین کە هەموو لە لامان عەیانە ریگەی یەکبوونی نەتەوەیی ریگەی رزگارییە.

«٤»

وابەستەیی حزبی، لەجیی وابەستەیی نەتەوەیی دانراوە، ئەندامی زۆر زل و زەلامی حزب! هیندەی شانازی بە حزبەکەیەوە دەکات، نیو هیندە شانازی بە نەتەوەکەیەوە ناکات، کە دیارە ئەمە سەرەتایەکی گەلەک خەتەرە.. هەرچی پلەو پایەو پۆستی وەزیفی گەورەو بچووک هەیە، بە کورسییە حەیاتەکانی پەرلەمانیشەوە، بەسەر خەڵکە حیزبی و حیزباوییەکان دا دابەش کراوەو دەکرێ. حزبییەکان ئیمتیازاتی خۆیان هەیە بە دەرماڵەی عەرەق خواردنەوەی شەوانیشەوە- ئیدی گرینگیش نییە، ئەو کابرا حیزبییە لە چ سەنگەریکەوە هاتبێ!..

کەچی خەڵکی نیشتمان پەروەری نەتەوەیی، تەواو پشت گوێ خراوەو رەنگە لە سەرانسەری کوردستان دا کاریکی نەختیک گرنگ لای ئەو نیشتمانپەروەرانە نەهیلڕابیتەوە، لە کاتیکدا هەر ئەو نیشتمانپەروەرانە ئارەزوومەندانەو لەسەرووی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی لە رۆژانی تەنگانەدا خۆیان کردبوو بەسوتەمەنی خەباتی رەوا.

«٥»

ئیمە ئەگەر هەندیک ئایندەبین بین و خۆ لە تەماحکای حیزبایەتی ببویرین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە رۆژگاریک دا دەژین زیاتر ئەو حزبانە دەور دەگیرین کە لەباری کاری ریکخراوەییەوە، بە نەفەسیکی نەتەوەیی پیشکەوتنخواز کار دەکەن و هەموو پارچەکانی کوردستان بە مەیدانی کارو چالاکی و خەباتی ئایدۆلۆژی خۆیان بزانن، خەڵکی بە گیانی نەتەوەیی- یەکبونخوازی پەروەردە بکەن..

بە مەش بنکەیەکی جەماوەری بەرفرە بۆ خۆ چێ دەکەن و دیاردەی (دوکانی حزبی) کە خۆی لە خۆیدا، بەتایبەتی لای ئیمە جیی گومانە، ناهیلّی.. چونکە ئەم دوکانە حزبیانەی کە نەجیهانبینی روون، نەتاکتیک و پراکتیکی روون و نەستراتیژی رونیان نییە، دەبنە کۆسپ لە بەردەم کاروانی بزاڤی یەکبوونخوازی نەتەوەیی، چونکە تەنیا حزبە عەقایدی و جەماوەرییەکان، ئەوانەی لە قولایی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەڵقوڵیون و زەرورەتی میژوویی مۆری رەسەنایەتی پیوە ناون.

ئەوانەی گوتارو خیتابی کاریگەرییان پییەو بەدەم پیداویستییەکانی ژیانی خەڵکەوە دەچن، دەتوانن تینوتاو بەکاروانی میژوو ببەخشن.



«٦»

زۆر جار بە حوکمی گەلیک فاکتەری جوگرافی، کۆمەڵایەتی، ئابووری.. هەروەها ئاستی هوشیاری نەتەوەیی و پەرەسەندنی رۆشنبیری، پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان دەبیت بە بنکەو چاوگی شۆڕش، وەکو چۆن ئەم حالەتە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە لە باشووری کوردستان دا بەرپابووەو زۆر جاریش ئەم پارچەیە کاریگەرانەو ئاشکرا و هەندێ جار سست و پەنامەکیانە کراوە بە فاکتەری یەکبوونی نەتەوەیی وجۆشدانی هەستی نەتەوەیی شۆڕشگیڕو قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لە لای جەماوەری خەڵکی هەموو کوردستان و سازدانیان بۆ بەگژدا چوون و بەرپەرچ دانەوەی ئەو خەتەرانەی هەڕەشە لە بوونی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیمان دەکات هەڵبەتە بەریگەی گونجاو و لەبار..

«٧»

سنووردانان لەنیوان رۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکدا، کاریکی گەلەک کریت و دزیوی نامرۆڤانەیە.. رەنگە هیچ نەتەوەیەک هیندەی کورد مویتەلاو گیرۆدەی دەستی سنووری دەستکرد نەبووبێ و سنوورو مەرزو حدود رۆڵەکانی بەنای ناهەق لیکدی دانەبڕی بێ و سەریەشەی بۆ دروست نەکردبن. بۆیە دەبێ و زۆر ئاساییە، کوردیک لەهەر کەسیکی دی پتر سنوورو سنووردانەران ببوغزینێ، مەخابن ئەمڕۆ لە باشووردا حزبایەتی تەسک بەجۆرێ ئەو خەڵکە عەوام و رەش و رووتەی چەواشە کردووە نەک سنووری دەستکردی دوژمنیان فەرامۆش کردووەو بیر لە تیکشکاندنی ناکەنەوە، بەڵکو شیتگیرانە پێ لەسەر سنوری حزبایەتی دادەگرن و بانگەشەی بۆ دەکەن. بەداخەوە ئەم پەتایە کەم و زۆر خەڵکی خوینەواریشی گرتۆتەوە!.. هەوڵ دەدرێ شەرعیەتی ئاسایی و یاسایی بەو سنوورانە ببەخشرێ و بکرێ بە فاکتەری دەمەزەردکردنی گیانی ناوچە گەریتی و ئەوجا بەگژ یەکدیدا کردن و کوشتنی گیانی یەکبوونخوازی....

«٨»

بیگومان، فاکتەری زەمەن دەوریکی یەکجار خەتەر لە چەسپاندنی ئەم واقیعە تاڵەدا دەبینێ و بگرە وردە وردە بەرەو ئەوەمان دەبات کە حەقانیەت

بەم واقیعە تاڵە ببەخشی. بۆیە نیشمانپەروەران و رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ لەسەریانە، هەموو شیوازیک بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم حاڵەتە بگرنە بەرو تازووەو کار لەکار نەترازاوە بینە دەنگ و تەسلیمی نائومیدی نەبن....

**تیبینی: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە**
**الدولة القطرية والنظرية القومية. جورج طرابيشي، ط١/ ١٩٨٢.**

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٨)**
**١٩٩٦/٦/١٥**

**بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئایندەیەکی زۆر دووردا ڕۆمانی کوردی لە دایک دەبیت.**



**دیمانە: جەلیل کاکە وەیس**

حەمە کەریم عارف، یەکیکە لە ناوە دیارەکانی نیوەندە ئەدەبییەکەو وەک چیرۆکنووس و وەرگیڕ ناسراوە.... لە نووسین دا بە پشوو و نەفەس دریژە، ماوەیەک بوو، حەزمان دەکرد لەمەڕ دیاردە ئەدەبی و فیکرییەکان بیهینینە گۆ، بوارەکە ڕیککەت و ئاوها هاتە دوان:

*** ڕۆمانی کوردی، ئیستا بوونیکی هەیە، ئاخۆ لە ڕووی چۆنیتییەوە گەیشتۆتە کوێ؟!**

– ئیمە بەر لە هەموو شتیک دەوڵەتمان نییەو ئەمەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر هەموو مەیدانەکانی ژیانمان.. دەوڵەت بریتییە لە تەرجەمەی بوونی سیاسی هەر نەتەوەیەک بۆ واقیع.

بۆیە نەبوونی هوشیاری سیاسی، یان ناکۆکی هوشیاری سیاسی و پاشکەوتنی لە عەسرو سەردەم، بە تایبەتی لە قۆناغی رزگاری دا، بەشیوەیەکی زۆر سەلبی لە بوارە رۆشنبیری و ئەدەبییەکان دا ڕەنگ دەداتەوەو دووچاری کۆشەگیری و پاشان داڕووخانی دەکات.. بۆیە ئەگەر ڕۆمانی کوردی درەنگتر لە هی تەنانەت نەتەوە دراوسیکانیشمان سەری هەڵدابیت، هیچ سەیر نییە.. ڕۆمان و بوارە ئەدەبییەکان بریتییە لە هاڕوژاندنی پرسیاری گەورەو وەڵام دانەوەی پیداویستییە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و دەروونییەکان.. پیویستی بە هەندیک ئارامی هەیە، هەڵبەتە ئەمەیان حوکمی موتڵەق نییە.. رۆمانی کوردی پڕ بە پیستی وشەی رۆمان رەنگە هیشتا لە دایک نەبووبیت، کۆمەڵیک هەوڵ هەن و بەردەوامن.

بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئایندەیەکی نە زۆر دووردا ڕۆمانی کوردی لە دایک دەبیت، چونکە ئەو بوارە بە تەواوەتی و بە بەردەوامی بە ڕۆمان ئاوسەو ئاوس دەبیت، واتا ڕۆمانی کوردی لە ژان و ژاری لە دایک بوون دایە... هەڵبەتە هەموو نووسینیک ڕەگیکی دەچیتەوە سەر واقیع، هەر واقیعیک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئومیدی ئەوە دەکریت واقیع و تایبەتمەندی واقیعی کوردەواری، لە ڕۆمانی کوردی دا ڕەنگ بداتەوەو خسوسیەتیکی تایبەتی ئەو تۆی پێ ببەخشیت، کە لە نیو ڕۆمانی گەلانی تردا بناسریتەوە.

بە ڕای من یەکیک لە هۆیەکانی خیراکردنی لە دایک بوونی ڕۆمانی کوردی، بریتییە لە وەرگیڕانی نموونەی زیندووی رۆمانی دنیا تەفاعولیکی هاوچەرخ لە نیوان کوردو خەڵکی دنیادا دروست بێ و ئەدیبی کوردی

بەتواناتر بیت، لە خستنە ڕووی پرسیاران یان وەڵامدانەوەی دروستی کیشە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، وەکو نوینەرو سەفیری کۆمەڵگەی خۆی، من بەش بەحاڵی خۆم لەو بوارەدا ئەم کارانەم کردووە، کە هەندیکیان زۆر بە کەمی چاپ بوون و هەندیکیان هەر دەستنووسن و کێ چاپیان دەکات، دەیان دەمێ، لەو ڕۆمانەنە:

١- نامۆی «ئەلبیر کامۆ»
٢- هاومالّەکان «ئەحمەد مەحمود».
٣- بیناسنامەکان «عەزیز نەسین».
٤- نینا «سابت ڕەحمان».
٥- ریبەر «مەهدی حوسین».
٦- شکست «ئەلکساندەر فەدایەف».
٧- ئازادی یامەرگ «کاتزانزاکی».
٨- قوربانی «هیریب میدو».
٩- دوورە وڵات «قاسمۆف». بە هەر حاڵ ڕۆمان وەڵامدانەوەی پیداویستییە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەو لە قۆناخی ئیستای دا ئاوسە بەو هەموو پیداویستییانە... لە ڕووی چۆنیەتییەوە دیسان لە هەوڵدان دایەو ئەو هەوڵدانەش بمانەوێ و نەمانەوێ چۆنایەتی لە باری خۆی درەنگ یان زوو هەر دەدۆزیتەوە

*** وەک دەڵێن ئەدەب پەیامە، بەلای تۆوە ئەدیبی کورد لە ئاست ڕووداوەکانی سەردەم دا ئەو پەیامەی بەجێ گەیاندووە؟**

– نەخیر، هەر ناشتوانیت بە جیی بگەیەنیت، بە ڕاستی ئەو هەوڵانەی دراون، هەوڵی تاک بوون و هەوڵی فەرهادانەن و جیگەی ریزو خۆشەویستین، چونکە دوژمنانی تۆ زۆر لە میژە هەوڵیان داوەو بەردەوامیش کە تۆ فرێ بدەنە دەریی میژوو و لە پەراویزی ژیان دا هەنگڵەشەڵیت پێ بکەویت و هەزارو یەک گرێ و گرفتی دەروونی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییان بۆ دروست کردووی، هەر بۆ ئەوەی پاشکۆ و چاو لە دەستی ئەوان بیت و نەبیت بە خاوەنی خۆت.

بەجێ گەیاندنی پەیامیش بە دەمی نابیت، بەوە نابیت من یا تۆ بلّیین بەلێ گەیاندومانە، گەیاندن ئەوەیە خەڵکی هەستی پێ بکەن، وەکو دەلالەتیکی مرۆڤانی کاریگەر لە لایەن خەڵکییەوە هەستی پێ بکریت، ببیت بە هیزیکی مەعنەوی ئەوتۆ، کە خانەی تایبەتمەندی خۆی لە کاروانی



پیشکەوتنی ژیاری و شارستانی دنیا بگەریت، کە پەیام و رۆشنبیری لە چوارچیوەیەکی تەسک دا مایەوەو بەردەوامی بە پیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆڤایەتییەکان نەدات و نەگاتە ویژدانی جەماوەری خەڵک، ئیدی دەبیت بایەخی چ بیت. تۆ ئیستا گەمارۆی ڕۆشنبیریت لەسەرەو نایەڵن تەفاعول لەگەڵ رۆشنبیری جیهان دا بکەیت، چونکە بۆ داگیرکەرانی تۆ بڤەیە.

من ئەم پرسیارە بە پرسیاریکی هاوچەرخ و پیویست دەزانم، بە داخەوە ڕۆشنبیران و ئەدیبان جگە لەوەی خۆیان جیهان بینی تەم و مژاوییان هەیەو هەندێ پاشاگەردانی بیرکردەوەیان لەلایە، باجی سیاسییەکانیش دەدەن، چونکە سیاسییەکان بەداخەوە ڕونبینیان لەلا نییەو بە ئارەزووی خۆیان گەمە بە چارەنووسی جەماوەری خەڵک دەکەن و ئەم نەبوونی جیهان بینییە روونەش لە ئاکام دا دەمانگەیەنیتە بن بەست و کویرەکۆڵانی ناوچە گەریتی و گۆشەگیرییەکی کۆنە پەرستانەی مەحکوم بەداڕوخان.

سیاسییەکان بیانەویت و نەیانەویت دوژمنانی کورد، خەونی کوردان دەخویننەوە، کە بریتییە لە دەوڵەتی کوردی، ئیدی هەق وایە بە دەنگی بەرز خەونی کوردان بگیڕنەوە بۆ دۆست و دوژمن، یان هەر خۆیان ناویرن باڕیگە لە ئەدیب نەگرن.. و دەرگای کەناڵەکانی «إتصال»یان بۆ واڵا بکەن... لەم سەر زەمینەدا سەدان دەوڵەت و دەوڵەتۆکە هەیە، باوەڕ بکەن برادەرینە ئەگەر کورد ببیت بە دەوڵەت نە دنیا ژیرو ژوور دەبیت و نەکەعبەش کەچ دەبیت... بە پیچەوانەوە گیروگرفتی چەندین نەتەوەی رۆژهەلات چارەسەر دەبیت... ئاخۆ رۆشنبیرو ئەدیبی کورد، ئەمەی کردووە مامۆستا جەلیل؟!

بە بڕوای من نەء، ببوورن برایانی ئەدیب، مەبەستم تانەو تەشەر نییە، چونکە بە خۆشم ئەگەر قەبووڵ بفەرموون خۆم بە یەکیک لە ئەنگۆ دەزانم.

*** ماوەیەک لەمەوبەر دەربارەی ئەدەبی تاراوگە «مهجر» لە گوڵانی عەرەبی دا میزگردیک بڵاوکرایەوە.**

**ئایا بە دواداچوونی ئیوە لەمەڕ بوون و نەبوونی ئەو جۆرە ئەدەبە چییە؟**

– بەداخەوە ئەو میزگردەم نەبینیووە خەجاڵەتم! ئەگەر مەبەستت ئەو دەقانەیە کە کوردە پەنابەرەکانی ئەوروپا دەیانووسن، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵیم نەخیر ئەدەبی تاراوگەمان نییە... ئەگەر لیرەو لەوێ، کەم و زۆر دەقیکی لەو بابەتە ببینرێ، ئەوا نەبووە بەدیاردە... هیچ یەکیک لەو دەقانە بەقەد دەقەکەی نالی «قوربانی تۆزی ریگەتم...» بۆنی تاراوگەو تارانی لێ نایەت!! ئەوانەی ئەوروپا، هەر وەکو ئەمانەی لای خۆمانە...

چونکە ئەو کوردانەی ئەوروپا نەیان توانیوە تەفاعول لەگەڵ واقیعی ئەویندەر بگەن... بە ڕاستی ئەدەبی تاراوگە دەبێ لیرەوە لە کوردستان دا لە دایک ببیت، چونکە تۆ نەتەوەیەکی ئاوارەی لەسەر خاکی خۆت. لە خاکی خۆت دا ئاوارەی کەچی بەداخەوە ئەم واقیعە زۆر تفت و تاڵە، کارامەو هونەرییانە لە دەقەکانمان دا ڕەنگی نەداوەتەوە.

ئاخر واقیعی مرۆڤی کورد لە ناو ماڵەکەی خۆی دا واقیعیکی هەرە تایبەتییە، کەچی مخابن ئەدیبان دەرەقەتی هونەراندنی ئەم خسوسییەتە سەیرە نەهاتوون کە وەکو تەوقی نەفرەت لەوەتەی هەزاران ساڵە لە گەردنی کورد کراوە! من پیم وایە ئەدەبی تاراوگەمان بەو شیوەیەیە کە عەرزم کردی مامۆستا جەلیل.

*** زۆرجار لیرەو لەوێ لە دیمانەی هەندێ نووسەردا بێ مروەتانە چیرۆکی کوردی هەڵدەسەنگینن، تۆ بڵیی چیرۆکی کوردی ئاوەها لە کورتی دابێ، تۆ دەڵییێ چی؟**

– چیرۆکی کوردی لە ئاستی خۆزیادا نییە، لە گەشتیکی دژواردایە، کەوتۆتە سەرپێ و بەڕیوەیە... خەریکە بە دووی خۆی دا دەگەڕیت و خسوسیەتەکانی واقیعی کوردەواری لە خۆی دەگریت... چیرۆکی کوردی ئیستا خەریکە خوینەر چەشە دەکات و تەماحی خویندنەوەی وەبەر دەخات... بەرەژانی لە دایک بوونەوە گرتوویەتی و...

*** ئیستا کپی و بێ دەنگییەک لە نیوەندی ڕۆشنبیریی کوردی دا هەستی پێ دەکریت، ئاخۆ هۆیەکەی دابڕانە بەرانبە کەللە ڕەقی دەسەڵات، یان کۆڵدانی نیوەندەکەیە لە ئاست ڕووداوەکاندا؟**

– من پیم وایە ئەدیب و دەسەڵات هەمیشە هەر ناتەباو نەبان دەبن... ئەدەب شۆڕشی بەردەوامە... کەواتە ئەدیبی ڕاستەقینەش شۆڕشگیڕی هەمیشەییە. دەسەڵات و دەسەڵاتدار هەوڵی چەسپاندنی بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بەکورتی سەرخان و بن خانی شتەکان دەدات، بەڕادەی ئەوەی وا خەیاڵ بکرێ ئیدی نایەتە گۆڕان، بەڵام ئەدیب بە پیچەوانەوە هەمیشە عەودالّی پرسیارکردنە، پەرۆشی دۆزینەوەی وەڵامانە، بەهیچ جۆرێ ئۆقرەی نییەو بەهیچ شتیک ئۆقرەی تەواوەتی نایەت، گۆرکی مەزن پیاویکی شیوعی بوو، کەچی تا مردنیش شەڕە دەنوک و ناتەبایی لەگەڵ لینین دا هەر نەبڕایەوە... جا دەسەڵاتی کوردی، بەڕای من پڕ بەپیستی وشەی دەسەڵات، دەسەڵات نییە، بەڵکو لاسایی کردنەوەی



دەسەڵاتە، بگەرە زۆرجار. کەڵەگایەتییە، زۆربەی کات خەڵکانیک لە نیوەندە سیاسییەکەدا- ئاخر سیاسەت ریگەیە بۆ دەسەڵات- کەسانی نەخوینەواری وا بە تۆبزی نوینەرایەتیت دەکەن، کە ئەگەر سیاسەتە حەیاتەکەی کوردەواری نەبوایە، نان نەدەبوو بیخۆن، جا ڕۆشنبیری کورد ناهەقیەتی لیرەدا بحەپەسێ و بێ دەنگ بێ، تۆ بڵیی ئەم کابرایە بتوانیت ڕەسمی سیاسەتی کوردی بکات، بەرەو هەڵدیری نەبات! تۆ دڵنیای ئەو خیر بۆ کورد ناداتەوە... بەڕای من بێ دەنگییەکە زۆر سامناکە، لەبەر ئەوەیە ئەدیب و ڕۆشنبیری کورد، وەکو ئەسپی ڕەسەن پیش ڕوودانی بوومەلەرزەکە هەستی پیدەکات... بۆیە بیدەنگیان، هی پەرۆشیانە بۆ چارەنووسی کورد.... هەست بە بوومە لەرزەیەکی گەورە دەکەن.... لێ مخابن خودانی خیتابیکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی یەکگرتوو نین....

**برایەتی ژ (٤٨/ ٢٤٤٦٠)**
**١٩٩٧/١٠/٢٣**

## دەق دەبێ بوونیکی بەشەری ئەوتۆ پەیدا بکات
## کە ژیانی لیوە هەڵقوڵێ

**هەڤپەیڤین: سەمیان**

له سالّی ١٩٥١ له کەرکوک له دایک بووەو لەسالّی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە، له نیوەی دووەمی سالّی ١٩٧٧وە بە بەردەوامی بەرهەمی ئەدەبی و چیرۆکان بلاّو دەکاتەوە، پتر له (٦٠) شەست کتیب و نامیلکەی هەیە کە هەندیکیان چاپکراون و هەندیکیان ئامادەی چاپن.

له هەشتاکانەوە تا ئیستا راستەوخۆ سەرپەرشتی سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکیتی نووسەرانی کورد دەکات.

*** پیت وانییە رەوتی ئەدەب بەگشتی و چیرۆک و رۆمان بەتایبەتی لە دوای راپەرینەوە زۆر کزە؟**

– ئەدەبیات، هەلّقولاّوی واقیعی کۆمەلاّیەتی و قۆناغی میژوویی خۆیەتی و شەرعییەتی خۆی لە زەرورەتە کۆمەلاّیەتی و میژوویی و رۆشنبیرییەکانی سەردەمی خۆیەوە وەردەگریت و ئەوەی کە زندویەتی پیّ دەبەخشیت ئەوەیە کە چەند واقیعی سەردەمی خۆی هونەراندوەو ساتە زندووەکانی مرۆڤ و رۆح و دەروونی مرۆڤی وینەگرتبیّ، کە رەنگە لەهەموو قۆناغ و سەردەمە کۆمەلاّیەتییەکاندا، هەمان سات بن و بەشیوازی جیاواز خۆ بنوینن.. بەخۆت دەزانی تەمەنی ئەدەبیاتی کوردی ویرِای کورتییەکەی پچرِپچرِیش بووە، بەتایبەتی تەمەنی چیرۆکی هونەری کوردی هەر ٧٠- ٨٠ سالّیک دەبیت، ئەویش بە پچرِ پچرِی، جا لەو ماوەیەدا، بەپیی قۆناغی هەلّکشان و داکشانی باری سیاسی کوردستان، هەلّکشان و داکشانی بەخۆیەوە دیتوە.. چیرۆکی کوردی لە قۆناغ و سەردەمیکدا پەیدا بوو، کە بزاڤی رزگاری نەتەوەیی، لە پەیدا بوون و هەلّکشاندا بووە بزاڤی رزگارییش، بزاڤیکی سیاسییە، دیارە ئەم بزاڤە سیاسییە، کەم و زۆر کاری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی تری ژیانی نەتەوەی کورد، هەلّبەتە یەکیک لەو بوارانە ئەدەبیات و دنیای چیرۆک بووە.

واتە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکی کوردی سیاسەتاوی بووەو مەبەستی سیاسی زالّ بووە بەسەریداو چیرۆکیش لە پالّ سەنگەرەکانی دیدا بووە بە سەنگەریکی دیکەی مقاوەمەت و هەندیّ ئەرکی کەوتۆتە ئەستۆ کە رەنگە لە بنەرِەتدا ئەرکی ئەدەبی نەبوویّ. بۆیی تا هەشتاکان و هیروەتریش بابەتی چیرۆکی کوردی سنووردار بووە. راستەوخۆ جەماوەری خوینەری دواندوەو بۆ خەبتین و تیکۆشان جۆش و هانی داون.. واتە چیرۆک هەمان سادەیی واقیعی ژیانی ئەو قۆناغانەی ژیانی کوردەواری وەرگرتووە، بۆیە



شیوازی مالیجەی بابەتەکان یەک مالیجە بووە، یان زۆر لە یەکدییەوە نزیک بوون.

له هەشتاکانەوە، ئیدی بەرە بەرەو بەپییّ ئالّۆز بوونی ژیان و فراوان بوونی بابەتەکان، زمان گۆرِا، مالیجەی بابەت هەمە جۆرییەکی دروستی بەخۆوە بینی. نووسەر گەییوەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ جۆرە یاساو ریسایەک بۆ نووسینی ئیبداعی نییە، چونکە چیرۆک و هەموو کاریکی هونەری بریتییە لە جەرِباندنی شۆرِش و یاخی بوون لەهەر دەستورو یاسایەک هەر نووسەرە دەتوانیّ بەدەر لە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و نووسینی کەسانی بەر لە خۆی و کەسانی سەردەمی خۆی، یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی دابهینیّ و کاری پیّ بکات.. دیارە ئەمەش بەو واتایە نییە کە چیرۆکنووس سەر بەخۆیی دەقەکەی زەوت بکات و بیکات بە بلّند گۆو زۆرِنای بیرو بۆچوونی سیاسی خۆی.. دەق دەبیّ بوونیکی بەشەری ئەوتۆ پەیدا بکات کە ژیانی لیوە هەلّقولّیّ.. جا ئەو کزییەی کە جەنابت باسی دەکەی، رەنگە رەنگدانەوەی ئەو جۆرە پاشا گەردانییە ناسەقامگیر بووە بیّ کە بەگەلّ هەموو گۆرِانکارییەک دەکەویّ، بە خۆشتان دەزانن راپەرِین خۆی لە خۆیدا گۆرِانکارییەکی گەورە گەورەیەو بەرِای من هیشتا هەر بەردەوامەو شتی تری پییە..

بۆیە پیم وایە چیرۆکی هونەری کوردی لە زاوزییەکی ئاساییدایەو لە هەفتاکانەوە بەرە بەرە هاتووەو لە هەشتاکانەوە ئیدی تەرەقی کردووەو ئاسایی هەنگاو دەنیّ و ئەمرِۆش لە حالّی ئاوس بوون و ژان و ژاری خۆ هاوچەرخاندندایەو چیرۆکی هونەرییمان گەییوەتە ئاستیک کە تەماحی خویندنەوە بخاتە بەر خوینەرو ئەمەش بۆ خۆی مژدەو نوقلاّنەی ئایندەیەکی پرشنگدارە بۆ چیرۆکی هونەریمان..

*** هۆی چییە رووداوە تراژیدییەکانی کوردستان بە دەق نەبوون و دەبینین لە زۆر شوینی جیهان کە تارادەیەک بارودۆخی ژیانیان هاوشیوەی بارودۆخی کوردستان بووە وەک ئەمریکای لاتین و روسیای پیش ١٩١٧ ئەدەب رەنگدانەوەیەکی زۆری رووداوەکانی لەسەرە؟**

– بە خۆتان دەزانن بارودۆخی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لە کوردستاندا هەرگیز ئارامی بەخۆوە نەدیتوەو بە کورتی یەکەی کورد خۆی خاوەنی خۆی نەبووەو لە مالّی خۆیدا حەساوی بیگانەیەکی ناحەزی بۆ کراوەو هەزارو یەک جۆرە سانسۆری خراوەتە سەر، دیارە کەشوهەوای وەها یارمەتی

سەرهەڵدانی بزاڤیکی فیکری چالاک نادات.. بۆیە لەم وەزع و حاڵەتانەدا بەرهەم کەم دەبیت و ئەو بەرهەمانەش ئەوەندەی بایەخی میژوویان دەبێ ئەوەندە کاریگەری فیکری و رۆشنبیرییان نابێ.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کەسیک لە سایەی ئەو کەش و هەوایەداو لە دنیای پاشکەوتوودا گەورەو پەروەردە بێ هەست بەگریی کیماسی دەکات و متمانەی بەخۆی نابێ، لە کاتیکدا زات و بویری زاتی دەوری گەورە دەبینێ و زۆر پیویستە بۆ خەملاندنی بیرو بۆچوونی تاک، واتا تاک دەبێ خۆیشی جۆرە بەهرەو زیرەکی و بویرییەکی تیدا هەبێ کە مەرجیکی هەموو جۆرە داهینانیکە.. رەنگە کۆمەڵیک شت نووسرا بێ و رووداوەکانی بە کاڵ و کرچی لە خۆ گرتبێ، بەڵام کام لەو نووسینانە، رووداوەکانیان هونەراندوەو کردویانن بەرەمز- هەڵبەتە ئەمە لە زۆر دەقی فولکلۆریدا بەدی دەکرێ- چونکە عیبرەت لە تۆمار کردنی روداواندا نییە، رووداو بۆ خۆی کەرەستەو ئەو زاری داهینانە، داهینانیش میژوویەکی رەمزییەو زۆر لەسەرووی میژووی ئاسایی رووداوانەوەیە.. ئەمە جگ لەوەی رادەی دەرک کردن و تێ گەیشتن و جیهان بینی و تیڕوانینی نووسەرو ئەدیبی کوردو ئەزموونی هونەری نووسەرو ئەدیبی کورد، ئاڵۆزو لەوە بچوکترە بە زەبری هونەرییەت تیڕوانینمان بۆ ژیان و واقیع و دنیا بگۆڕێ یان بەلای کەمەوە بیخەملێنی و بەشیوەیەکی دروست ئاڕاستەی بکات.

*** بە بیرو رای تۆ لە دوای راپەڕین چ ئەدیبیک و چ بەرهەمیک رچەشکێن بووە؟**

– با ئەمە بمینێ بۆ رۆژگارو هیشتا زووە، هەر قۆناغ و زەمانیک چ لە بواری ئەدەبی و چ لە بواری رۆشنبیری و چ لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا دەرهاویشتەی خۆی دەبیت و خەڵکانیک هەڵدەکەون کە ببن بە ئاڵا هەڵگرو نوینەری قۆناغ و سەردەمی خۆیان، ئیدی هەر نەوەیەک جێ دەستی خۆی بەسەر قۆناغەکەوە بەجێ دەهیلێ و ئاڵاکە دەداتە دەست نەوەی پاش خۆی... چ بەرهەمیک رچەشکێن بووە؟! هەر بەرهەمیک بووبێ بە ئەدەب، واتە ئەدەبییەت و هونەرییەتی تەواوی پەیدا کردبێ رچەشکینە، چونکە کاری ئیبداعی تەنیا یەک یاسا دەناسیت، ئەویش یاسای ریساشکینییەو هەر لەم پیودانگەشەوە شۆڕشگیرییەتی بەردەوام وەردەگرێ..



میدیا ژ (٤٨)
١٩٩٩/٧/١٥

## فرە دەنگی لە چیرۆکی کوردی دا

بمانەوێ و نەمانەوێ، دەقی ئەدەبی لە چ ئاست و سەر بەچ ریبازو شیوازیکی ئەدەبی بێ، ئەوجاش لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی وەخت و ڕۆژ نایەتە دابڕان، کەم و زۆر، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ رەنگدانەوەو

دەنگدانەوەی ئەو ژینگەو واقیعە دەبیت. دیارە ئەو ژینگەیە لە کوردەواری دا ئەو فرە دەنگییە هەڵناگریت، کە ئیوە مەبەستانە، بۆیە فرە دەنگی پیداویستییەکی هونەری گەورە دەیسەپینێ و دەی هینیتە ئاراوە. هەڵبەتە میژووی ئیمەش چەند سست و خاو بێ، هەر جووڵەی تیدایەو ئەمەش لە ئەدەبیات دا رەنگ دەداتەوە. فرە دەنگی لە چیرۆکی کوردیدا، ئەگەر لاوازیش بێ، ئەوا لە چەکەرە کردندایەو درەنگ یان زوو دەبیت بە باوو زەروورەت و پیداویستییە هونەرییەکان دەی خولقینن.. ئیمەی کورد، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەدەب سەنگەریک بووە لە سەنگەرەکانی بەرگریی و بەرەڤانی. هەر ئەمەش وایکردووە، قارەمان و دەنگی قارەمانی چیرۆکی چیرۆکستانی کوردی، بکەونە ژیر ڕکیفی ئایدولۆژیای نووسەرەوەو بەمەش قارەمان بووە بە بلندگۆی دەربڕینی رای نووسەرو زۆر جار قارەمان دیوی ناوەوەی نییەو تەنیا دیوی دەرەوەی هەیە، بەمەش فرە دەنگی خەفە بووە، چیرۆکنووس هیندەی مامەڵە لەگەڵ دیوی دەرەوەی قارەمان دەکات و بە ئارەزووی خۆی قارەمان ئاڕاستە دەکات، ئەوەندە مامەڵە لە تەک جیهانبینی و روانینی قارەماندا ناکات و ریزی رۆیای قارەمان ناگرێ و چیرۆکنووس قەبووڵی نییە قارەمان بە پیچەوانەی راوبۆچوون و ئایدلۆژیای نووسەرەکە رەفتار بکات و ببێ بە خودانی خودیکی هونەری سەربەخۆی فرە دەنگ و هەمە رەنگ.

**برایەتی ژ (١١٣)**
**١٩٩٩/٢/٥**



# پاژی دووەم

# تۆلستۆی
## ١٩١٠-١٨٢٨

تۆلستۆی، یەکیکە لەو دەنگە رەسەنانەی کە لە ناوەندی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی دا ناسراوە. ئەم کەڵە نووسەرە لە خیزانیکی زۆر دەوڵەمەند پەروەردە بووە. هەموو خۆزگەیەکی ئەوەبووە کە ژیانی جوتیاران چاک بکات.

بەهرەمەندیکی مەزنی گیتیی نووسین و ئەدەبیات بوو. تا ئیستاش بە گەورەترین نووسەری سەدەی بیستەم دەژمیردریَ. لە ساڵی ١٨٥١دا" چەند دیمەنیکی سیباستۆبول"ی نووسی. ئەم بەرهەمە زادەی ئەزموونەکانی نووسەرە لە جەنگی قرم دا. لە ساڵی ١٨٥٢دا «مندالیتیم»ی نووسی و شۆرەت و نیوبانگی پیَ دەرکرد.

پاش ئەوەی سەفەریکی ئەورووپای کرد، بەجاریَ باوەڕی بە مەتریالیزمی رۆژاوایی لەق بوو.

وەختیَ لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، چوو لە ناو موڵکەکانی خۆی و لە گوندا نیشتەجیَ بوو. لەگەڵ خەڵکی دیهاتدا کاری دەکرد، فیری خویندن و حیسابی دەکردن، قوتابخانەی بۆ کردنەوە.

لە ساڵانی ١٨٦٢-١٨٦٩دا رۆمانی "جەنگ و ئاشتی" نووسی لە ساڵانی ١٨٧٥-١٨٧٧دا رۆمانی "ئانا کارنینا"ی نووسی.

تۆلستۆی وەنەبیَ هەر ئەدەبی کردبیَ بە خەم. بەڵکو خاوەن پەیامیکی مرۆڤانە بوو. تا مردنیش دەستبەرداری نەبوو.. زۆر بە راشکاوی لە ئاین، گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هونەرییەکان دەدوا. لە ساڵی ١٨٧٩دا کتیبی "دان پیدانانی" نووسی. لە ساڵی ١٨٨٤دا "مالعمل"ی نووسی و لەویدا زۆر بە توندی هیرش دەکاتە سەر خراپییەکانی سامانپەروەری و ماڵپەرستی، داوا لە چینە دەوڵەمەندەکان، دەکا کە گەل نەچەوسیننەوە، بەرۆکی گەل بەربدەن و ئازادی بکەن.

رژیم و دەسەڵاتی تزاری زۆر وتارو نوسینیان قەدەغە دەکرد، بەڵام لەبەر شۆرەتە جیهانییەکەی نەدەویران سەخڵەتی بکەن.

بەلشەویکەکان، سەرەڕای ئەوەی کە تۆلستۆی رەفزی تەفسیری مەتریالیستی میژوویی دەکردو دژی هەموو جۆرە زەبروزەنگیکی شۆڕشگیڕیش بوو، ئەوجاش ریگەی بەرهەم و نووسینەکانیان دەدا.



تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٩٧دا کتیبی هونەر چیە؟"ی نووسی.

لەم کتیبەدا بەتوندی بەرپەرچی تیۆری هونەر بۆ هونەر دەداتەوەو هیرش دەکاتە سەر گەلیَ نووسەری نیوداری جیهانی. تۆلستۆی زۆر کەیفی بە ناوەندە ئەدەبییەکان نەدەهات و دۆستایەتی نووسەرانی کەمتر دەکرد. ئەم کەڵە نووسەرە دانووی لەگەڵ رەخنەگراندا نەدەکولا، ئەوەتا لە کتیبی " هونەر چیە؟" دا دەڵیَ: "هونەرمەند ئەگەر هونەرمەندی راستەقینە بیَ، لە ریگەی هونەرەکەیەوە هەست بۆ گویگر یا خوینەر دەگوازیتەوە، ئیدی رەخنەگر دیَ چ شتیک هەڵدەسەنگینیَ؟! کە هەست لە دەقەوە گەیییە گویگر یان خوینەر ئەو ئیدی ئەو گویگرو خوینەرە بۆ خۆیان تەجرەبەی دەکەن. خۆ ئەگەر هونەر ئەم کارەی ئەنجام نەدابیَ – هەستی نەقڵ نەکردبیَ– ئەوا هیچ تەفسیریک ئەم حاڵەتەی پیَ نابەخشیَ و تەفسیری بەرهەمی هونەرمەند کاریکی مەحاڵە. گەر هونەرمەند تەفسیری مەبەست بوایە، ئەوا خۆی لە ریگەی وشەوە دەیکرد، بەڵام هونەرمەندی راستەقینە بەهۆی هونەرەکەیەوە دەدویَ.."

تۆلستۆی هەر لە ئاستی روسیادا گەورەو مایەی ریز نییە، بەڵکو لە ئاستی هەموو دنیادا هەر ریزدارو بناڤ و دەنگە.

**ریگای کوردستان ژ (١٤٥)**
**١٩٩٥/٢/١٤**

# ستاندال
## ١٨٤٢-١٧٨٢

ستاندال، ناوی هونەریی، رۆمانـنوسی بناڤ و دەنگی فەرەنسایی "هنری بیل"ە ئەم نووسەرە، دیارترین رۆمانـنوسی، رۆمانی دەروونی سەردەمی خۆیەتی. هاوعەسری ناودارانی وەک: سکوت، بەلزاک و گۆتەیە. حاڵەتی دەروونی ئاشقینی، لە دوو رۆمانی بایەخداردا بەشیوەیەکی جوان و ناسک دەربڕیوە. رۆمانی یەکەم بریتی‌یە لە سوورو رەش ١٨٣٠، هی دووەم ناوی "ماڵی شارتەر دوبارم ١٨٣٩"ە. هەندێ لە نیودارانی ئەدەب ئەم دووکارە بە هاوتای رۆمانە مەزنەکانی بەلزاک دەزانن، بە هەر حاڵ ئەم نووسەرە رابەرە، بەرهەمی گەلەکن، کۆی بەرهەمەکانی بریتیە لە ١٨ بەرگ، رۆمانی "ماڵی شارتەر دوبارم" یەکیکە لەو رۆمانانەی کە گوایە کەڵەنووسەریکی وەکو تۆلستۆی لە رۆمانی "جەنگ و ئاشتی"دا لە کاریگەریی بەدەر نەبووە.. ئەمە جگە لەوەی رۆمانـنوسی نیودار بەلزاک-یش زۆری بەدڵ بووەو لەخانەی کارە ئەدەبی‌یە نەمرو دەگمەنەکانی، داناوە. ئەم نووسەرە یاخییە پیی وایە مرۆڤ تا پتر بە ناخی رۆحی خۆیدا رۆبچێ و تا زیاتر قوڵایی نهێنییەکانی بیرو خەیاڵی خۆی لە قاڵبی وشەدا نیشان بدات، بەرهەمەکەی رەسەنترو سەرکەوتووتر دەبێ. پیی وایە نووسەر نابێ هیچ شتێ بنووسیت تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە شتی زۆر گرینگ، یا زۆر جوانی لا کەڵەکە بێ بۆ گوتن. خۆ ئەگەر شتی گرینگ و زۆر جوان تەنگەتاویان کرد، ئەوا هەنگینێ دەبێ بکەویتە نووسین، و تا دەتوانێ بابەتەکانی خۆی بە شیوازیکی سادەو رۆشن پیشان بدات. ستاندال لە شوینیک دا دەڵێ: "من یەک حەقیقەت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە شیواز ناشیت لە رادەبەدەر روون یان سادە بیت." کەواتە شیواز کە بریتییە لە چۆنیتی مامەڵەکردنی هونەریانەی نووسەر لەگەڵ زمان دا. بایەخیکی یەکجار گرینگی لە نووسین دا هەیە. بۆیە نووسینی داهینراودا پیویستە هەمان روونی و تەمومژی خەونی گرتبیتە خۆ، واتە لەلایەکەوە شەفاف و ناسک بێ و لەلایەکی دیکەوە تەنکەتەمیکی ئەوتۆ سەری گرتبێ، کە ئیشتیای خویندنەوە، لای خوینەر بهاروژینێ. دیارە نووسەریش لەخۆڕا ناگاتە ئەم ئامانجەو بە لاسایی کردنەوەش نابێ بەخاوەنی شیواز، بەڵکو شیواز زادەی ئەزموونە.. تا ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندو ئاسایی تر بێ،



سادەیی و روونی بۆ نووسین دەستەبەر دەکات. هەڵبەتە ئەزموونیش زادەی پیوەندی مرۆڤە دەگەڵ ژینگەدا، دیارە مەبەست لە ژینگە، هەموو جۆرە ژینگەکانە، هەر لە ژینگەی خانەوادەییەوە. بگرە تا دەگاتە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی. بیگومان، پیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەدا لە کەسیکەوە بۆ کەسیکی دی دەگۆڕێ، ئەم گۆڕانکارییە لە شیوازیش دا رەنگ دەداتەوەو جیاوازی پێ دەبەخشێ.

هەڵبەتە هەموو دەزانین کە وشە لە حاڵەتە ئاسایییەکەیدا هیچ جۆرە هەڵچوونیکی نەگرتۆتەخۆو شیواز زمان لە حاڵەتی ئاسایی دەردەکاو جۆرە دینامیزمیکی وای پێ دەبەخشێ کە خوینەر بخاتە دووی خۆی، بۆیە نووسەر لە سەریتی لە نووسیندا بەموو لەم دروشمە لانەدات: " کە وشەی کورت بۆ شوینیک شیا ، هەرگیز وشەی دریژ بەکارمەیەنە". دانیال ریفۆ لە باسی شیوازی چاکدا دەڵێ: "بریتییە لەبەکارهینانی وشەی گونجاو لە شوینی گونجاودا".

**ریگای کوردستان ژ (١٤٤)**
**١٩٩٥/٢/٧**

# ئالدوس هاكسلی

هاكسلی، نووسەریكی قسەخۆش و سوعبەچی و قسە لەروو بووە، ئالدوس هاكسلی لەماوەی ژیانی ئەدەبی خۆیدا جگە لە (١٠) رۆمانی تەنز ئامیز ، كۆمەڵیك بەرهەمیشی لە بواری شیعرو شانۆنامە، سەفەرنامە، ژیاننامەو میژووشدا نووسیوە. تیكڕا پتر لە چل و پینج بەرهەمی نووسیوە، لەوانە: خاڵ و خاڵی بەرانبەر ١٩٢٨، پەلكی بێ بەر ١٩٢٥، دنیای جوانی نوێ ١٩٣٢، بلیمەت و خواوەند ١٩٥٥، دوڕگە ١٠٦٢. هاكسلی، نەوەی بنەماڵەیەكی خانەدانی سەردەمی شابانۆ ڤیكتۆریا لە ئینگلیستان دا لە ١٨٣٧-١٩٠١ دریژەی كیشا» كەڵكەڵەی زانست و ئەدەبیاتی لە «تامس هنری هاكسلی» باپیری و لە «میشو ارنولد»ی مامییەوە بۆ ماوەتەوە. سەرەتا بەهۆی هەردوو رۆمانی «ئانتیك» و «خاڵ و خاڵی بەرامبەر» كە دوو رۆمانی جوان و تەنزئامیزن، شۆرەتی پەیدا كردو، ناوی كەوتە سەر زاران. لە ساڵی ١٩٣٧ بەدواوە ئیدی لە دنیای چیرۆك و رۆمان دوور كەوتەوەو چوو لە شاری كالیفۆرنیای ئەمەریكای باكوور نیشتەجێ بوو، پتر خووی دایە فەلسەفەو میژوو و عیرفان.

یەكیك لە خووەكانی ئەم نووسەرە ئەوەبوو كە بە دڵ و بە گیان گویی لە قسەی خەڵكی دەگرت و ئەوجا بە دڵنیایی و متمانەوە وەڵامی دەدایەوە. وا لیرەدا چەند پرسیارو وەڵامیكی نیو هەڤپەیڤینیكی ئەدەبی دریژ كە جۆرج ویكس و ری فریزر كاتی خۆی لەگەڵیان سازداوە، بۆ خوینەران هەڵدەبژیرین بەهیواین سوودی خۆیان هەبێ:

پرسیار: هەندێ نووسەر -وەك فرجینیا وولف- بە رەخنەی رەخنەگران زۆر نارەحەت و قەڵس بوون، ئایا تۆش بە رەخنەی رەخنەگرانت قەڵسی؟

هاكسلی: نەخیر، بە هیچ جۆرێ كاریان لێ نەكردووم، چونكە هەرگیز رەخنەیانم نەخویندۆتەوە. هیچ بەرهەمیكی من بۆ كەسیكی تایبەتی نەنووسراوە، هەموو هەوڵیكم بۆ ئەمە بووە كە كارەكانم بەشیوەیەكی باش ئەنجام بدەم و ئەوجا لەبیری خۆمیان دەربكەم. هیچ پەیوەندییەكیشم لەگەڵ رەخنەگراندا نەبووە. چونكە ئەوان مامەڵە لەگەڵ رابردوو و، ئەو بەرهەمانەدا دەكەن كە نووسراون؛ بەڵام من عەودالّی ئەو شتەم كە لە ئیستا بەدواوە دیتە ئاراوە. بۆ وینە تا نەهو ریك نەكەوتووە كە رۆمانەكانی سەرەتام بخوینمەوە، بەڵام لەگوینە لەم رۆژانەدا، ئەم كارە بكەم.



پرسیار: پێ دەچێ ئەوەندە كەیفت بە فرۆیدزم نەیەت، وانی یە؟

هاكسلی: گیروگرفتی بنەڕەتی فرۆیدزم ئەمەیە كە لەسەر بناغەی موتالاكردنی «دەروون نەخۆشان» رۆنراوە.

فرۆید هیچ كاتێ مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤیكی ساغ دا نەكردووە، یان پیوەندی تەنێ بە نەخۆشەكانی خۆی و دكتۆرە ئەفسانییەكانەوە هەبووەو بەم پییە دەروونناسی فرۆیدیش تەنیا مامەڵەی لەگەڵ رابردوودا كردووە. بەڕای من سیستەمەكانی تری دەروونناسی كە مامەڵەی لە تەك وەزعیەتی ئیستای كەسان و توانای نادیاری ئەوكەسانە لە ئایندەدا دەكەن، واقیعی ترن.

هاكسلی، ئامۆژگاری نووسەرانی تازە كورە دەكات كە رووبكەنە كاری رۆژنامەگەری و پیی وایە مەیدانیكی چاكە بۆ فیربوونی رازو نهینی و رەمزەكانی نووسەری و دەڵێ: ئەم كارە ناچارتان دەكات دەربارەی هەموو شتیك بنووسن. بەهرەو تواناتان دەوڵەمەندو مشتومالّ دەكا. فیرتان دەكا چۆن بەلەز بەسەر كەرەستەی كارەكەتاندا زالّ ببن. ناچارتان دەكا بە وردی بڕواننە هەموو شتیك

**ریگای كوردستان ژ (٢٠٩)**
**١٩٩٦/٦/١٨**

# جۆرج سیمنون

سیمنون، یەکیکە لە نووسەرە پڕ کارو فرە بەرهەمەکانی جیهان.. لە ساڵی ۱۹۷۳دا وەختێ کە لەپڕلیبڕا دەستبەرداری چیرۆک نووسین ببێ «۲۱۲» ڕۆمانی بڵاوکردبووەوە. تا ئەو ساڵە ۱۹۷۳ ژمارەی ڕۆمان و بەرهەمەکانی تری کە هەندیکیانی بەناوی خوازراوەوە بڵاوکردبووەوە دەگەییە ۳۰۰ بەرهەم. لە ساڵی ۱۹۷۳وە تا ساڵی ۱۹۸۷ کە خۆی بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی تەرخان کردبوو، ۲۱ کتیبی تریشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

بەهەر حاڵ سیمنون، پتر نیوبانگی بە ڕۆمانە پۆلیسییەکانییەوە دەرکردووە.

سیمنون، هەوڵی داوە ئەو هاندەرە ڕۆحییانە کەشف بکات کە قارەمانەکانیان بۆ پیاوکوژی و تاوانکردن هانداوە.. ئەم نووسەرە لە بەلجیکا لە دایک بووە، بەڵام زۆربەی تەمەنی لە دەریی زیدی خۆی و لە وڵاتانی وەک: فەرەنسا، ئەمریکاو سویسرا بەسەر بردووە. سیمنون دەربارەی کتیبەکانی خۆی لە گفتوگۆیەکی دا لە ساڵی ۱۹۸۷دا دەڵێ: «هیچ یەکیک لە کتیبەکانم بە گەورەو بنەڕەتی نازانم..» وا لیرەدا چەند پرسیارو وەڵامیکی نیو هەڤپەیڤینیکی ئەدەبیی دوورو دریژ بۆ خوینەرانی هیژا هەڵدەبژیرین، بە ئومیدی ئەوەی سوودی خۆی هەبێ:

پرسیار/ چ ئامۆژگارییەکت بۆنووسەرانی تازەکورە نییە؟

سیمنون/ هەموو، وا دەزانن نووسەری جۆرە ئیشیکە، بەڵام من پیم وانییە. کەسیک کە پیویستی نەبێ ببێ بە نووسەرو؛ یانی کەسیک هەست بکا کە کاریکی تریشی لە دەست دێ، دەبێ رووبکاتە کارەکەی دی. نووسەری ئیش نییە، سەریەشەو بەدبەختی بەدواوەیە، پیم وانییە هونەرمەند بە هیچ جۆرێ بتوانێ شادو کامەران بیت.

پرسیار/ چۆن؟

سیمون/ چونکە بە باوەڕی من ئەو شتەی کە کەسیک هاندەدات تا سووربێ لەسەر وەی هەر ببیتە هونەرمەند، ئەوەیە کە خۆی بدۆزیتەوە. هەموو نووسەرەکان هەوڵ دەدەن لە ریگەی قارەمانەکانیان و بەرهەمەکانیانەوە خۆیان کەشف بکەن و بدۆزنەوە.

پرسیار/ یانی نووسەر بۆ خۆی دەنووسیت؟



سیمنون/ بەڵێ، شتیکی بەڵگەنەویستە..

پرسیار../ جیاوازی نیوان نووسینی بازاڕی و نووسینی نایاب چییە؟

سیمنون/ من بە هەر بەرهەمیک کە «هەڵبەت نەک هەر لە دنیای ئەدەبیات دا، بەڵکو لە دنیای مۆسیقا، نیگارکیشی، پەیکەرسازی و بە گشتی هونەرە جۆراوجۆرەکانی تریشدا» بۆ رازیکردنی فلان یا فیسار تویژی خەڵک، یان بۆ جۆریکی تایبەتی بڵاقۆکان یا بۆ تاقمیکی تایبەتی دیتە بەرهەم، دەڵیم بازاڕی. هەڵبەت نووسینە بازاڕییەکان لە پلەو پایەیاندا جیاوازن. لە نیو نووسینی بازاڕیشدا، نووسینی گەلەک باش و نووسینی زۆر بێ بایەخ، دەبێ. بۆ وینە، ویڕای ئەوەی کە نووسینی «کتیبە مانگانەکان» بازاڕییە، هەندیکیان زۆر بەرزەو تارادەیەک هونەرییە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە تاڕادەیەک دەرهەق بە هەندێ لەو کارانەش کە لە گۆڤاراندا چاپ و بڵاو دەبنەوە دروستە؛ واتە هەندیکیان هەم مایەی ئافەرینن و هەم بەرزو باڵان؛ هەرچەندە بەدەگمەن ریدەکەوێ کە بەرهەمیکی هونەرییان تیدا دەربهینرێ.

چونکە بەرهەمی هونەری بەمەبەستی رازی کردن و خۆشحاڵکردنی گرووپیکی دیارکراوی خوینەران نایەتە نووسین.

پرسیار/ کەواتە بە هیچ جۆرێ بە پیویستی نازانی لە ڕۆمانە نایابەکانت دا خواستی خوینەرانت رەچاو بکەی؟

سیمنون/ من هەرگیز کاری واناکەم، هەرگیز، هەرگیز دەنا نەمدەنووسی. ئەگەر بنیادەم وەکو خۆی دەیەوێ بنووسیت، نووسین زۆر نارەحەت و بیزارو بێ تاقەتی دەکات.

پرسیار/ ئایا مەبەستتان لە نووسینی ڕۆمانی نایاب چییە؟

سیمنون/ ڕۆمانی نایاب تەنیا ئەو کارە ئەنجام دەدات کە ڕۆمان دەرەقەتی دێ. مەبەستم ئەمەیە کە نەکەویتە پەند دادان، یا کاری ڕۆژنامەنووسی ئەنجام نەدات. واتە تۆ نایەی شەست بەرپەڕان بۆ شەرحی «باشوور»ی ئەمەریکا یا ویلایەتی «ئاریزونا و یا شاریکی ئەورووپا تەرخان بکەی.ئەو ڕۆمانەی کە لە هزری مندایە رەنگە هاوتای گۆڕینی یاساکانی تراژیدیا بێ «لە شانۆنامەی کلاسیک دا» بۆ یاسای ڕۆمان. چونکە بەڕای من ڕۆمان «شانۆنامەی تراژیدی» سەردەمی ئیمەیە.

پرسیار/ ئایا لە ڕۆمانی نایابدا، دریژی ڕۆمانەکە گرنگە؟ واتە دریژی ڕۆمان بەشیکە لە پیناسەکەی تۆ؟

سیمنون/ بەڵێ، بەڵام ئەم پرسیارە پتر لایەنی عەمەلی کارەکە دەگریتەوە نەک پیناسەکەی؛ بەڵام وا تیدەگەم کە «دریژ»یش گرنگە. وەک چۆن دەبێ «شانۆنامەی تراژیدی» لە «یەک دانیشتن دا» بیتە دیتن. دەبێ رۆمانی نایابیش هیندە چڕوپڕو بەهیزبێ ک خوینەر نەتوانێ لە ناوەندیدا بوەستێ و دایبنێ تا سبەینێ پاشماوەکەی بخوینیتەوە.

**ریگای کوردستان ژ ( ٢٠٠ )**
**١٩٩٦/٤/٩**



# ئەدوارد مۆرگان فۆرستەر
## ١٩٧٠-١٨٧٩

یەکیکە لە نووسەرە نیودارەکانی ئینگلستان و شوینیکی گەلیک دیاری لە میژووی رۆمانی سەدەی بیستەمدا گرتووە. تیکڕای بەرهەمەکانی بریتین لە چوار رۆمان و ژمارەیەک کورتە چیرۆک و دوو کتیبی بە بایەخ دەربارەی چیرۆک نووسین و هەندێ نووسینی پەڕاگەندەی دی. فۆرستەر بەخۆی دان بەوەدا دەنێ کە رۆماننووسیکی گەورە نەبووە. بەڵام لە بواری لیکۆڵینەوەی ئەدەبی دا شارەزاییەکی زۆری هەبووەو کتیبی «رەگەزەکانی رۆمان» ١٩٢٧، یەکیکە لەکتیبە چاکەکانی ئەم نووسەرەو لە بنەڕەتدا بریتییە لەو دەرسانەی کە نووسەر لە زانستگەی کمبریج دا وتوونییەوە. لیرەدا چەند پرسیارو وەڵامیکی نیو گفتوگۆیەکی دووردوریژی ئەدەبی بۆ خوینەران هەڵدەبژیرین کە کاتی خۆی پ.ن قوربانک و ف.ج.ه هاسکل لەگەڵیان سازداوە هیوادارین سوودی هەبێ:

**پ/١: ئایا قارەمانانی رۆمانەکانت هەموو واقعین.**

فۆرستەر: قارەمانانی بەرهەمەکانم یا لە نیو ئەو کەسانەوە هەڵبژاردوون کە خۆشم ویستوون یا ئەوانەی رقم لێ بوون، یاخود رەنگدانەوەیەکی خودی خۆم بوون. ئەم تایبەتمەندییە من لە کۆمەڵیک رۆماننووس جیا دەکاتەوە کە رۆماننووسی واقیعی نین و پیویستە هەوڵ بدەن سوود لەم سێ بابەتە کەسانە وەربگرن بۆ چیرۆکەکانیان. چونکە ئیمە توانای بینین و هەڵسەنگاندنی وردو هەروەها عەکس کردنەوەی بیلایەنانەی مەودا جیاوازەکانی ژیانمان نییە. هەڵبەتە ژمارەی ئەو رۆماننووسانەش کە تا نهۆ لە عۆدەی ئەم کارە هاتوون، گەلەک کەم بووە، بۆ وینە تۆلستۆی «١٨٢٨-١٩١٠» یەکیکە لەوانە، نەوسایە؟

**پ/٢: ئەگەر بە ئەرک نەبێ کەمیک باسی چۆنیەتی گۆڕینی قارەمانی واقیعی بۆ قارەمانی چیرۆک بکەی؟**

فۆرستەر: یەکیک لە تەکنیکە بە سوودەکان بۆ ئەم کارە، ئەمەیە کە بە چاوی نیوە کراوەوە سەر لەنوێ بڕوانینە کاراکتەری «قارەمان» واقیعی، واتا تەنیا پاژیک لە تایبەتمەندیتی وان بە تەواوەتی شرۆڤە بکەین. من خۆم هەمیشە کاتێ کە دوو لەسەر سیی خەسڵەت و سفەتی یەک کاراکتەری واقیعی نەبینم، ناتوانم سوودی لێ وەربگرم. هەڵبەتە

ئەنجامیش، نابێ لیکچوونی سەدی سەدی کاراکتەری چیرۆک و کاراکتەری واقیعی بێ، ئەگەرچی هیچ کاتێ ئەم ئامانجەش نایەتە دی. چونکە هەر کەسیک بگری تەنیا لە هەندێ هەلومەرج و مەوقیعیەتی تایبەتی ژیانی دا دەتوانرێ هەڵسەنگینرێ.. کاتێ هەموو شتیک لە چیرۆک دا بە جوانی گەشە دەکاو دەچیتە پیشێ، ئەو کاراکتەرە واقیعیەش کە چیرۆکەکەی لەسەر رۆنراوە. بە زوویی نامینێ و کاراکتەریک لە دایک دەبێ کە تەنیا بەندە بەو چیرۆکەو بەو کتیبەوە نەک بە شوینیکی دیبەوە.

**ریگای کوردستان ژ (١٨٨)**
**١٩٩٦/١/٩**



# ولیام فۆکنەر
## ١٩٦٢-١٨٩٧

یەکیکە لە رۆماننووس و چیرۆکنووسە گەورەکانی ئەمەریکاو جیهان. لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا مردووەو پتر لە (١٩) رۆمان و (٩٤) کورتە چیرۆکی لە پاش جێ ماوە. کورتە چیرۆکەکانی لە چەند کۆمەڵە چیرۆکیکدا چاپ و بلاوکردۆتەوە. زۆربەی رەخنەگران پییان وایە رۆمانی «هەراو هۆریاو زەبروزەنگ» چاکترین بەرهەمیتی. زۆربەی بەرهەمەکانی فۆکنەر تەم و مژاوی و ئاڵۆزن، هەر بۆیەش گوتراوە: «رۆمانەکانی چەند بەهیزن، هیندەش ئاڵۆزن» و خوینەر بە خویندنەوەیان «هەم غەمگین دەبێ و هەم ویڵ و حەیران». فۆکنەر ژیانی ئەدەبیی خۆی بە شیعر دەست پێ کردووەو چەندین کۆمەڵە شیعری بلاڤ کرییە. لە ساڵی ١٩١٨دا لەگەڵ شاعیرو چیرۆک نووسی ئەمریکی دا «شروود ئەندرسن ١٨٧٦-١٩٤٤» ئاشنایەتی پەیدا کردووەو بە هاندانی ئەو رووی کردۆتە رۆمان نووسین و یەکەم رۆمانی لە ساڵی ١٩٢٦دا بە نیوی «پاداشتی سەرباز» نووسیوە.

لە نیوان ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٥٠دا جار جارە بۆ دابینکردنی بژیو خۆی، دەستی داوەتە کاری فیلمنامەنووسین و هاوکاری لەگەڵ هۆلیوددا کردووە. فۆکنەر دووجار خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٠دا نۆبلی لە قەبیلی رۆمانی «هەراو هۆریاو زەبرو زەنگ» وەرگرتووە جاری دووەم پۆلیسەری لەسەر رۆمانی «تالانچیبیان» وەرگرت.

لیرەدا چەند پرسیارو وەڵامیکی ناو گفتوگۆیەکی ئەدەبی دووردریژ، بۆ خوینەرانی هیژا هەڵدەبژیرین کە جین ئیستاین لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ لە شاری نیویۆرک لەگەڵی سازداوە، هیواداربن سوودی خۆی هەبێ.

**پ/١: ئەرکی رەخنەگر چییە؟**

فۆکنەر/ هونەرمەند، کاتی نییە گوێ لە رەخنەگر بگرێ. کەسانیک رەخنە دەخویننەوە کە دەخوازن ببنە نووسەر، بەڵام ئەوانەی کە دەنووسن، خۆیان نووسەرن، کاتیان نییە بابەتی رەخنەگرەکان وەخوینن. رەخنەگر بۆ هونەرمەند نانووسیت. پایەی هونەرمەند لەهی رەخنەگر گەورەترە، چونکە هونەرمەند بە زەبری نووسینەکانی، کار لە رەخنەگر دەکات و ئاراستەی دەکات، بەڵام ئەوەی رەخنەگر دەینووسیت کار لە هەموو کەسیک دەکا تەنیا هونەرمەند نەبێ.

**پ/٢: ئیوه له نووسیندا سوود له چ تەکنیکیک وەردەگرن؟**

فۆکنەر./ لەکاری نووسیندا هیچ فۆرمیکی میکانیکی نەگۆڕ نییە. لەم کارەدا ریگەی قەدبڕ نییە. گەر نووسەرە لاوەکانمان لە کارەکانیان دا پەیڕەوی دەستوورو تیۆرییەکی تایبەتی بکەن، ئەوا گەوجیتی دەکەن. دەرس و پەند لە هەڵەکانت وەربگرە. خەڵکی تەنیا بەهۆی هەڵەکانیانەوە شت فیر دەبن.

هونەرمەندی چاک هیچ کەسیک بە شایستەی ئەوە نازانێ ئامۆژگاری لێ وەربگرێ؛ چونکە لە رادەبەدەر مەغرورە.

گرینگ نییە تا چ رادەیەک دڵبەندی پیشڕەوەکان دەبێ و ئافەرینیان دەکا؛ گرینگ ئەمەیە کە هەمیشە لە هەوڵدایە تاپیش ئەوان بکەوێ و بەجییان بهیلێ.

**پ/٣: ئایا نووسەر نابێ لەباری ئابووری و داراییەوە مسۆگەر بێ؟**

فۆکنەر/ نەء.. نووسەر پیویستی بە مسۆگەربوونی دارایی نییە. نووسەر تەنیا قەڵەمیک و چەند پەڕەکاغەزیکی دەوێ و بەس. من هیچ کاتێ ئەوەم بە بیرا نەهاتووە ئەگەر نووسەریک مەبلەغیک وەکو پیشەکی وەربگرێ، ئەو کاتانە باش دەنووسیت. نووسەری باش هیچ کاتێ داوای پارە لە دەزگا خیرکارەکان ناکات.

نووسەر سەرقاڵی نووسینە، بەڵام ئەگەر نووسەریکی کارامەو چاک نەبێ، خۆی بە بیانووی ئەوە کە کاتی نووسینی نییە یان ژیانی زامن نییە، دەخەڵەتینێ. چونکە مەیتەرانیش دەخوازن هونەرمەندی باش بن. لە راستیدا خەڵکی دەترسن تیبگەن تا چ رادەیەک تەحەمولی هەژاری و نەدارییان هەیە. خەڵکی دەترسن لە رادەی تاقەتی خۆیان بگەن. هیچ شتیک ناتوانێ کۆڵ بە نووسەری چاک بدا، تەنیا مەرگ وەزعیەتی هونەرمەند دەگۆڕێ. نووسەرانی چاک تەنانەت ماوەیان نییە بیر لە شۆرەت و دەوڵەمەندبوونیش بکەنەوە.شۆرەت وەکو ژن وایە...، ئەگەر کرنۆشی بۆ بەری ژیر پیت دەنێ و پانت دەکاتەوە، بۆیە واچاکە رووی نەدەیتێ، هەنگینێ لە گوینە کارەکەریت بکات، ببێ بەخاکی بەر پیت

**پ/٤: رات دەربارەی نووسەرانی هاوچەرخی خۆت چییە؟**

فۆکنەر/ کەسمان تا ئیستا نەمانتوانیوە بگەینە ئەو کەماڵەی کە لە خەونەکانماندا بە دوویدا دەگەڕیین. من بەش بەحاڵی خۆم هەموو نووسەرەکان لەبەر رۆشنایی شکستی شکۆداریان لەرای گەییشتن بە



مەحاڵ، هەڵدەسەنگینم. بۆ وینە گەر من توانیبا بەرهەمەکانم لە نوێ بنووسمەوە، **بیگومان باشترم دەنووسینەوە؛ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەلامەتی میزاجی هونەرمەندەو هەر لەبەر ئەمەشە دریژە بەکاری خۆی دەداو هەر دەنووسیت و دەنووسیت؛ چونکە لای وایە ئەم** جارەیان دەگاتە ئەو کەماڵەی کە مەراقیتی و سەریش دەکەوێ... هەڵبەتە ئاشکرایە کە ئەمە نایەتە دیو هەر ئەمەش سەلامەتی میزاجی دەسەلمینێ، بەڵام کاتێ توانی، واتە کاتێ هەستی کرد کە بەرهەمەکەی دەقاودەق و پڕ بە پیستی خەون و خەیاڵەکانیتی، ئیدی چ کاریک نامینێ تا بیکات تەنیا خۆکوژی نەبێ.

یان لە ترۆپکی لووتکەی کەماڵەوە خۆی هەڵداتە نشیوی خۆکوژییەوە. من بۆ خۆم شاعیریکی شکست خواردووم، لەوەشە هەموو رۆمان نووسەکان سەرەتا روویان لە شیعر کردبێ، بەڵام کە ئەمەیان بۆ نەکراوە خۆیان لەبواری کورتە چیرۆکدا کە پاش شیعر لایەنگرانی زۆری هەیە، تاقیکردۆتەوەو کە لەمەشدا ناکام بوون، ئەوجا روویان کردۆتە رۆمان نووسین.

**پ/٥: رات سەبارەت بە خۆت وەکو نووسەریک چییە؟**

فۆکنەر/ گەر من نەهاتبامە دونیاوە، کەسیکی تر بەرهەمەکانی منی دەنووسی. وەکو هەمینگوای، دۆستۆفسکی.. بەڵگەی ئەم گوتەیەش ئەمەیە کە لیکۆڵەرەوەکان شانۆنامەیەکی شەکسپیر دەدەنە پاڵ نزیکەی سێ کەس. ئەوەی گرینگە دەقی «هاملت» و «خەونی شەوی نیوەی هاوین»ە نەک کێ نووسیوینی؛ بیگومان یەکیک نووسیوینی. هونەرمەند گرنگ نییە، داهینراوەکەی گرینگە، چونکە چ قسەیەکی تازە لە گۆڕێ نییە تا کەسیک بیکا. شەکسپیرو بەلزاک و هۆمەر هەموو دەربارەی یەک شتیان نووسیوەو ئەگەر ئەوان یەک-دوو هەزارساڵیک پتر ژیابان، بڵاوکەرەوەکان پیویستیان بە نووسەری دی نەدەما.

**ریگای کوردستان ژ (١٨٥)**
**١٩٩٥/١٢/١٢**

# ئەرنست هەمنگوای
## ١٨٩٩-١٩٦١

یەکیکە لە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە نیودارەکانی ئەمەریکاو جیهان. ئەم نووسەرە بە پیچەوانەی حەزی دایک و باوکی کە یەکەمیان دەیویست خوو بداتە مۆسیقاو دووەمیان دەویست وەکو خۆی ببیتە پزیشک، هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە رووی کردە دنیای رۆژنامەگەری و نووسین، لە تەمەنی ١٨ سالیدا بە پەیامنیری لە رۆژنامەی «کانزاس ستی ستار» دامەزراو هەر ئەمەش کردیە کاریّ کە بتوانیّ دیواری نیوان رۆژنامەگەری و ئەدەب برووخینیّ و ببیّ بە خاوەنی شیوازیکی نووسینی ئەوتۆ کە زۆر کەس هەولّی لاسایی کردنەوەی بدەن و ئەوجاش نەیگەنیّ.

وەختیّ ئەمەریکا بەشداری یەکەم جەنگی جیهانی کرد، هەمنگوای بەشیوەیەکی ئارەزوومەندانەو لەسەر داخوازی خۆی بوو بە شوفیری (ئەمبولانس) و چوو بۆ بەرەی فەرەنساو پاشان چوو بۆ بەرەی ئیتالیاو لەویّ بە سەختی بریندار بوو، بە لاقی شەلەوە بۆ ولاتی خۆی گەرایەوە. لە سالّی ١٩٢٠ دا لە رۆژنامەی «تورونتۆستار»ی کەنەدایی دامەزرا. هەر لەم سالّەدا «شروود ئەندرسن»ی ناسی و لەسەر قسەی ئەو چوو بۆ پاریس لەویندەر جیگیر بوو و، تیکەلاوی و میانەی لەگەلّ نووسەران و هونەرمەندانی ئینگلیزی زمانی دانیشتووی پاریسی وەک: گەرترود ئەستاین، ئەزرا پاوند، جمیس جویس و فیتز جرالدا پەیدا کرد. ئەم کەشوهەوا تازەیەو ئەم میانە نوییە بۆی بوون بە سەرەتایەکی جدی نووسین و کەوتە بەرهەم بلاوکردنەوە. هەرچەندە تارادەیەک کاریگەری جۆیسی بەسەرەوە بووە، بەلام لە بەرهەمەکانیا پتر پشتی بە شیواز بەستووەو دیوی دەرەوەی ژیانی وەرگرتووەو خۆی لە قەرەی دیوی ناوەوە رۆحی مرۆڤ نەداوەو فەتح کردنی ناخی مرۆڤی لە تواناذا نەبووە، بۆیە پتر بایەخی بە هەلّچوونی بەدەنی و تەقەللا و لەقەفرتیی سەرەمەرگی ئینسان داوە لە مەیدانەکانی جەنگ یا گابازی یا زۆرانیّ دا.. ژیانی ئەم نووسەرە هەمیشە هاولفی بەسەرهات و رووداو بووە، لە دووەم جەنگی جیهاندا بۆ ماوەی دوو سالان لە خزمەتی هیزی دەریاییدا کاری کردووە و بە کەشتییە چکۆلەکەی خۆی بەرپرسیتی چاودیری کەنارەکانی کوبای لە ئەستۆ گرتووە. لە سالّی ١٩٤٤دا وەکو پەیامنیری جەنگی چووە بۆ ئەورووپا و لە ریزی پیشەوەی



بەرەکانی شەردا چالاکی خۆی ئەنجام داوە. لە سالّی ١٩٣٤دا بۆ راو بەفرۆکە دەچیت بۆ ئەفریقیاو فرۆکەکەی دەکەویتە خوارەوەو بەسەختی بریندار دەبیّ.

هەمنگوای، لە ریگەی بەرهەمەکانییەوە سامانیکی زۆری بەدەست کەوتووە. بۆ نموونە کتیبی «زەنگ بۆ کیّ لیدەدریّ» بە ١٥٠ هەزار دۆلار بە کۆمپانیاکانی فیلمسازی فرۆشراوە، «بەفری کلیمانجارۆ» بە ١٢٥ هەزار دۆلار فرۆشراوە بە هۆلیوود، کە ئەمە تا ئەو دەمە زۆرترین پارە بووە کە کۆمپانیاکانی فیلمسازی هۆلیوود بە چیرۆکیکی کورتیان داوە. هەمنگوای بەرهەمی رۆمان و کورتە چیرۆکی زۆرە، لەوانە: هەتاو هەلّدیتەوە (١٩٢٦)، مالاوا لە چەک (١٩٢٩)، زەنگ بۆ کیّ لیدەدریّ (١٩٤٠)... زۆربەی رەخنەگرەکان پییان وایە هەمنگوای لە کورتە چیرۆکەکانی دا سەرکەوتووترە تا لە رۆمانەکانی دا.. گەلیک کۆمەلّە چیرۆکی بلاوکردۆتەوە لەوانە: سیّ چیرۆک و دە هۆنراوە (١٩٢٣)، لە سەردەمی ئیمەدا (١٩٢٤)، پیاوانی بە بیّ ژنان (١٩٢٧)، ستوونی پینجەم یەکەمین چلو نۆ چیرۆک (١٩٣٨)... ئەم نووسەرە گەلیک وردە نووسینی دی بلاوکردۆتەوەکە جگە لە سەفەرنامەی «تەپە سەوزەکانی ئەفریقیا» بایەخیکی ئەدەبی ئەوتۆیان نییە.. دیارە نیوبانگی هەمنگوای پاش بلاوبوونەوەی «پیرەمیردو دەریا» بەجاریّ تەرەقی کردو عالەمگیر بوو، کەبەرای زۆربەی خوینەران و رەخنەگران بە لوتکەی تواناو داهینانی هونەری ئەو دەژمیردریّ، رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بیّ کەلە سالانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤دا خەلاتی ئەدەبی «پۆلیستەر» و «نۆبل» لە قەبیلّی «پیرەمیردو دەریا»کەی هەمنگوای کرا..

بەهەر حالّ لیرەدا چەند پرسیارو وەلامیکی ناو گفتوگۆیەکی ئەدەبی دریژ، بۆ خوینەران هەلّدەبژیرین، کە کاتی خۆی جۆرج پلیمپتۆن لەگەلّ هەمنگوای سازی داوە، هیوادارین سوودی خۆی هەبیّ:

**پ/١: ئایا بۆ وەی نووسینیکی چاک بنووسریّ، مەرجە نووسەر لەرووی داراییەوە مسۆگەر بیّ؟**

هەمنگوای/ ئەگەر نووسەر زۆر زوو لەرووی داراییەوە مسۆگەر ببیّ و هەلّپەی ژیان و کاری نووسەری بەیەک ئەندازە خۆش بویّ، ئەوا دەبیّ زۆر بیّ تەماح و رەند بیّ ئەوجا بتوانیّ لەبەردەم فریوی پارەدا خۆی رابگریّ، بەلام ئەگەر کاری نووسەری ببیّ بە خەمی هەرە گەورەی و زۆرترین لەزەت

له نووسیندا ببینێ، ئەوا تەنیا مەرگ دەتوانێ لە نووسینی جیا بکاتەوە.. هەڵبەتە ئەگەر نووسەر لەرووی داراییەوە مسۆگەر بێ، ئیدی هەمیشە لەخەمی وەزعی خۆیدا نابێ. چونکە خەم و خەفەت توانای کارکردن لە نووسەر دەستێنێ. ئەم مەسەلەیە دەقاودەق وەکو نەخۆشی وایە.

نەخۆشیش بۆیە خراپە کەخەم و خەفەتی لێ دەکەویتەوەو خەم و خەفەتیش بەشیوەیەکی لا شعوری مرۆڤ دەخاتە ژێر گوشارو ئەم گوشارەش سەبرو تاقەتی مرۆڤ لە بەین دەبا.

**پ/٢: ئایا هەموو قارەمانانی بەرهەمەکانت، لە ژیانی واقیعییەوە هەڵێنجراون؟**

هەمنگوای/ بیگومانە نەء. تەنیا هەندیکیان واقیعین.. نووسەران بەزۆری قارەمانانی بەرهەمەکانیان لەبەر رۆشنایی تیگەیشتنی خۆیان لە خەڵکی و لە ئەزموونەکانی ژیان دەخولقێنن.

**پ/٣: ئایا ئیوەش وەک «فۆرستەر» قارەمانانی چیرۆک بەسەر سادەو ناسادەدا دابەش دەکەن؟**

هەمنگوای/ ئەگەر تۆ کەسیک وەسف بکەی، ئەم کەسە سادەیە، واتا وەکو وینە تاک مەودایەو بەلای منەوە ئەمە لاوازی و ناکامی نووسەر دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر بە زەبری زانیاری و بەهرەی هونەری خۆت بیخولقینی ئەوا قارەمانیکی چەند مەودایی لێ دەردەچیت.

**ریگای کوردستان ژ (١٨٢)**
**١٩٩٥/١١/٢١**



## حەپسی ژمارە «٣٠٦٦٤»

ئۆهنری (١٨٦٢- ١٩١٠) چیرۆک نووسی نیوداری ئەمریکی دەڵێ: (باشترین چیرۆکم ئەوانەن کە لە حەپسخانەدا نوسیومن بۆیەم نوسیوون تا مەسرەفی (مارگریت)ی کیژە بچکۆلەمی پێ بکەم پاش ئەوەی کە دایکی مرد).

ئۆهنری، لە بانکیک دا کاری دەکرد، بە تۆمەتی دزی گیراو سێ ساڵان حوکم درا وەختی ئازاد بوو، نۆ چیرۆکی لە جانتایەکی چکۆلەدا پیبوو رۆژنامەکان بێ ئەوەی چ شتیک لەمەڕ ئەم (ئۆهنری) ناوە نەناسراوە بزانن کەوتنە کڕینی چیرۆکەکان. رۆژێ خوینەریک پەیوەندی بەسەرنووسەری ئەو رۆژنامەیەوە کرد کە چیرۆکەکانی (ئۆهنری) بڵاودەکردەوەو پیی راگەیاند کە خاوەنی ئەم چیرۆکانە دەناسیت و پیکەوە لە حەپسخانەدابوون و هەموو ئەو چیرۆکانەی بۆ خویندۆتەوەو ناوی: (ویلیام سدنی پرتەر)ەو ژمارەکەی ٣٠٦٦٤ بوو، بەڵام سەرنووسەرەکە حەزی کرد ئەم رازە نەدرکینێ و ئەوە بوو ئۆهنری تا لە ساڵی ١٩١٠دا مرد. هەر بەو ناوەوە بەرهەمی بڵاوکردەوەو ژمارەی چیرۆکەکانی لە (٦٠٠) تیپەڕی.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٩)**
**١٩٩٥/٩/٣٠**

## چیخۆف
## ١٨٦٠-١٩٠٤

چیخۆف، پیاویکی گەلەک خاکی و بێ هەوا بووە، ویڕای ئەوەی پتر لە ٤٠٠ بەرهەمی جۆراوجۆری وەک: چیرۆک، رۆمان، شانۆنامەو یادداشت و گوتارو نووسینی دی بڵاو کردۆتەوەو پایەیەکی ئەدەبی یەکجار گەورەی هەبووە، هەرگیز حەزی بە خۆنواندن نەکردووە، حەزی نەکردووە باس بکرێ و پییدا هەڵبگوتری.. ئەم نامەیەی خۆی بەڵگەی ئەو قسەیەی سەریمانە.

نامەکە وەڵامی نامەی دۆستیکی خۆیەتی بەناوی دکتۆر روسولیمۆف کە هاودەورەی زانستگەی پزیشکی بوون. چیخۆف لەنامەکەیدا دەڵێ (داوات لێ کردبووم ژیاننامەی خۆم بنووسم. من لەم نەخۆشی ژیننامە نووسینە گەلەک بیزارم.

چ شتیکم لەوە لا ناخۆشتر نییە کە هەندێ شت دەربارەی خۆم دەخوینمەوە. خۆ لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە هەستم دەربارەی خۆم بنووسم و چاپی بکەم. بەهەر حاڵ وا هەندێ شتی کەم، بڕێ حەقیقەتی بێ رتوش و بێ پەردەم دەربارەی خۆم لە پارچە کاغەزیکی جیادابۆ نووسیوی و لەوەش پترم لە دەست نایەت).

خوینەری هیژا، فەرموو لەگەڵ دەقی ئەو شتە کەمەی سەر کاغەزە جیاکە:

«من، ئانتوان چیخۆف لە ١٨٦٠/١/١٧ لە تاگانرک هاتوومە دنیاوە. سەرەتا چوومە قوتابخانەی یۆنانی (کڵیسای ئیمپراتۆر قسطنطین)پاشان لە قوتابخانەی تاگانرک دریژەم بە خویندندا.

لەساڵی ١٨٧٩دا چوومە دانیشگەی مۆسکۆ، خۆم لە کۆلیجی پزیشکی ناونووس کرد.

لەو تەمەنەدا هیندە سەرم لە کۆلیجەکان دەرنەدەچوو، بیرم نییە بۆچی کۆلیجی پزیشکیم هەڵبژارد. بەڵام پاشان لەم کارەم ژیوان نەبوومەوە. لە یەکەم ساڵی دانشگامەوە دەستم بە نووسین کرد.

نووسینەکانم لە گۆڤارە هەفتانەو لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە. کە دانشگام تەواوکرد، نووسین ببوو بە پیشەم. لە ساڵی ١٨٨٨ خەڵاتی پوشکین-م وەرگرت. لە ساڵی ١٨٩٠دا چووم بۆ دورگەی ساخالین تا کتیبیک دەربارەی نەفی کراو و مەحکومانی رژیمی تزاری بنووسم.

لەماوەی ٢٠ ساڵەی ژیانی ئەدەبیم دا جگە لە ریپۆرتاژ، یادداشت و ئەو



گوتارانەی کە رۆژانە لە رۆژنامەکاندا بڵاوم کردونەتەوە و ئیستا پەیداکردنەوەو کۆکردنەوەیان یەکجار زەحمەتە، پتر لە ٣٠٠ چیرۆک و ئەفسانەم نووسیوەو چاپم کردوون. هەروەها نمایشنامەشم ئامادەکردووە.

بیگومان، خویندنی من لە کۆلیجی پزیشکی دا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانم هەبووە. زانیاری و شارەزایی پزیشکی زەمینەی بۆ خۆشکردم کە ووردتر سەرنجی شتەکان بدەم و زانیاریمی سەبارەت بە جیهان و خەڵکی دەوڵەمەند کردووە. بایەخی راستەقینەی ئەم زانستەو کاریگەری و رەنگدانەوەی لە کارە ئەدەبیەکانمدا تەنیا پزیشک پەی پێ دەبات.

کاریگەری راستەوخۆی زانستی پزیشکی و رەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانم دا هیند گەورە بووە کە لە زۆر هەڵەی پاراستووم. ئاشنایەتیم لەگەڵ زانستە سروشتییەکان و ریبازی زانستی دا وای لیکردم هەرگیز لە مەنتیق لانەدەم. هیندەی بۆم کرابێ و دەسەڵاتم پیداشکابێ هەوڵم داوە دەستوورو بنەمای زانستی رەچاو بکەم. هەر کاتێ پێ حەسیابم دەرەقەتی پەیڕەوکردنی ریبازی زانستی نەهاتووم، خۆم لەو بابەتە نووسینە بواردووە.

پیویستە ئەمەش بڵیم کە داهینانی هونەری هەمیشە یا هەموو کاتێ لەگەڵ ریبازو دەستووری زانستی دا ناگونجێ. بۆ وینە مەحاڵە لەسەر شانۆ، مردنی کەسیکی ژەهر خواردوو وەکو چۆن لە واقیع دا روو دەدا، نیشان بدرێ.

بەڵام دەکرێ بە زەبری رەچاوکردنی ریبازی زانستی، ئەو دیمەنە لە واقیع نزیک بخریتەوە، بە جۆریک خوینەر یا بینەر لەوکاتەدا کە سوور دەزانێ ئەو دیمەنە واقیعی نییەو دەستکردە، ئەوەی بۆ دەربکەوێ کە مامەڵە لەگەڵ نووسەریکی شارەزادا دەکا.

من بابایەکی ئەفسانەنووسی خەیاڵ پڵاو و خەیاڵبازنیم کە لەبەردەم زانستەکان دا ریبازیکی سەلبی بگرمەبەرو زانستەکان نەفی بکەم. هەروەها لەو نووسەرانەش نیم کە بەپێ خاوسی و بە پیی زەوقی فیتری بەناو دەکەون و لە مەنجەڵی هەموو بابەتیک دا ئەسکوین).

**ریگای کوردستان ژ (١٤١)**
**١٩٩٥/١/١٧**

# بوزورگی عەلەوی

لە سالّی ١٩٠٤دا، لە خیزانیکی بازرگانی پیشەو کۆماری خواز هاتۆتە دنیاوە. خویندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئەلّمانیا تەواو کردووەو پاشان بۆ ئیران گەڕاونەتەوەو بەکاری دەرس گوتنەوەو نووسەرییەوە خەریک بووە.
لە سالّی ١٩٢٨دا سادق هیدایەتی چیرۆکنووسی ناسیوەو ئاشنایەتی لەگەلّدا پەیدا کردووە. لە سالّی ١٩٣٠دا لەگەلّ هیدایەت و مینەوی و فەرزادو شین پەرتەودا گرووپی ناوداری «ربعە»یان دامەزراند. ئەم گرووپە، گرووپیکی ئەدەبی- رۆشنبیری بوو، و پاشان بوو بە رەمزو نوینەری ئەدەبیاتی تازەی ئیران.
بوزورگ، یەکیک بووە لە گرووپی «٥٣» نەفەرو رۆمانیکی بەو ناوەوە نوسیووە. لە سالّی ١٩٣٧دا لەگەلّ گرووپی «٥٣» نەفەردا گیراو خرایە زندانەوە. لە زیندانیشدا دەستی لە کاری خویندنەوەو نووسین هەلّنەگرت.
لە سالّی ١٩٤١دا خۆی و دۆستەکانی لە زیندان بەربوون و هەر لەو سالّەدا حزبی تودەی ئیران دامەزراو بەرهەمەکانی عەلەوی پتر لە بلاڤۆکەکانی حزبی تودەی ئیراندا دەهاتنە بلاوکردنەوە. بەرهەمی لە گۆڤاری پەیام، سوخەن و مەردم دا بلاوکردۆتەوە. چالاکییە ئەدەبیەکانی پاش زندانی عەلەوی ئەوە دەسەلمینن کە زندان بەهرەی چیرۆکنوسی لەلای ئەم نووسەرە خەفە نەکردووە بەلّکو پتر گەشاندویتییەوە.
عەلەوی لەرووی جیهانبینی کۆمەلاّیەتی- سیاسییەوە دلّبەندی دکتۆر ئەرانیی تیکۆشەرو لەرووی ئەدەبی و چیرۆکنووسییەوە دلّبەندی سادق هیدایەتی سەر کاروانی چیرۆکی ئیران بووە.
عەلەوی لە سالّی ١٩٤٨دا، بە بیانووی هەولّدانی کوشتنی شاوە، لەگەلّ سەرانی تری حزبی تودەدا گیرایەوە، بەلاّم وەک دەگوتریّ بەهۆی سادق هیدایەتەوە زۆر زوو و بەبیّ دەنگی بەردەبیّ- هیدایەت ژن برای رزم ئارای سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای ئیران بوو- ئەم نووسەرە لە سالّی ١٩٥٣دا بۆ چاری نەخۆشی رووی کردۆتە ئەوروپاو ئیدی نەیتوانیوە بۆ ئیران بگەڕیتەوە. لە سالّی ١٩٧٨دا بۆ ماوەیەک گەڕایەوە ئیران و هەمدیس رووی کردەوە ئەوروپا. لە نیوان سالاّنی ١٩٥٣-١٩٧٨دا چاپکردنی بەرهەمەکانی عەلەوی لە ئیراندا قەدەغە بوو. بەلاّم لە بەرلینی رۆژهەلاّتدا، کە بۆخۆی لە زانستگەی هومبولت دا مامۆستای میژوو و ئەدەبیاتی ئیران



بووە، بەردەوام بووە لەسەر بلاوکردنەوەی بەرهەم و چالاکی ئەدەبی خۆی.
عەلەوی ویڕای ئەوەی یەکیک بووە لە سەرقافلّە چییانی کاروانی چیرۆکی ئیرانی، نووسەرو مرۆڤیکی راستگۆش بووە. لە ژیان و نووسیندا پیاویکی زۆر جدی بووەو گەلیک بەرهەمی بلاوکردۆتەوە لەوانە ١-چمدان (١٩٣٤)، ٢- ورق پارەهای زندان (١٩٤١)، ٣- پنجاەو سەنفر (١٩٤٢)، ٤- نامەها (١٩٥١)، ٥- چشمهایش (١٩٥٢) ئەم رۆمانە لە سالّی ١٩٥٩دا لەلایەن هربرت ملتزیکەوە کراوە بە ئەلّمانی، ٦- میرزا (١٩٥٣)، ٧- سالاری ها (١٩٧٨)... هەروەها لە بواری وەرگیڕانا بەرهەمی: شیللر، برنادشۆ، سامۆئیل مارشاک، چیخۆف و...هتد وەرگیڕاوەو بلاوی کردۆتەوە. هەندیّ بەرهەمی فارسیشی گۆڕیوە بۆ ئەلّمانی، بەتایبەتی چیرۆکی هیدایەت، هەروەها کۆمەلّە چیرۆکیکی خۆی بەناوی «دیواری سپی» کە پازدە چیرۆکە بە ئەلّمانی بلاوی کردۆتەوە.
ئەم نووسەرە دەربارەی بەرهەمەکانی خۆی دەلّیّ: «هیچ بەرهەمیک لە بەرهەمەکانی خۆم پەسەند ناکەم. هەر یەکیکیان خەوش و کەم و کوڕی خۆیان هەیەو خاوەنەکەیان کە منم لە هەموو کەسیکی دی باشتریان دەبینیّ، دلّنیام ئەگەر قارەمانانی خولّقینراوی دەستی من زمانیان هەبا، رەخنەی زۆریان لیّ دەگرتم و هەقیشیانە. خۆ ئەگەر من بەرهەمەکانی خۆم بلاو نەکردبانەوە، ئەمرۆکە زۆر بیّ رەحمانە بە قەلّەمی سوور دەکەوتمە گیانیان و سەرودەستیانم دەشکاند، بەلاّم تازە هیچ ناکریّ. بەرهەمەکانی من تۆلّە لە خیوی خۆیان دەستینن و تازە وەکو داغمە بەرووی منەوە نراون و من نووسیومن..»
بوزورگ، لایەنگری رەمەکی مەردم بووەو ئەوەتا بە راشکاوی لەمەڕ هونەرو دەوری هونەر دەدویّ و دەلّیّ: «شاعیرو نووسەر دەبیّ هەستی خۆیان بۆ کەسانی دی بگوازنەوە. شاعیر هەستی ناسکی هەیە، خەلّکانی دیش دەبیّ بتوانن ئەو هەستە دەرک بکەن.. ئەمرۆکە بەشی هەرە زۆری خوینەرانی ئەدەبیات بریتین لە خەلّکانی سەر بە چینی دووەم و سییەم، بەبیّ وان چ کاریک سەرناگریّ. دەبیّ بزانین کە ئەوان چییان دەویّ و ئەو شتەیان پیّ ببەخشین. شاعیران و نووسەران لەسەریانە خوینەرانی تازە، واتە جەماوەری خەلّک بدۆزنەوە.. ئەمرۆکە پایەی پەخشان لە پایەی شیعر بەرزترە. ئەدەبیاتی ئیمە هیشتا یەخسیری شیعرە. شاعیرو نووسەر ریبەری کۆمەلّن و لەسەریانە، ئەوەی کە میللەت هەستی پیّ دەکاو ناتوانیّ دەری

ببڕێ، دەری ببڕن.. چما لە قۆناغی تازەدا ئەشق نییە؟ بۆچی شاعیر دەربارەی ئەشق نەنووسیت؟
بەڵام ئەشق تەنیا بۆ شازادان نییە، ئەشق لە نیو جەماوەری خەڵکیشدا هەیە. ناسکی و جوانی جەماوەری ڕەشورووت لەهی ئەشقی کەسانی دی کەمتر نییە..»

**ریگای کوردستان ژ (١٧٣)**
**١٩٩٥/٩/١٩**



# پاژی سییەم

# حەوتەوانە

«١»

(دیوەخان) ئەمە ناوی دوابەرهەمی چاپکراوی نووسەری تەمەن پەنجاو چوار ساڵەی خەڵکی شاری سلیمانی، چیرۆکنووس محمد رشید فتاح-ە.
ئەم کتێبە نزیکەی (٣٠- ٤٠) دانەی بە باربوی ئەم و ئەو لێ هاتۆتە چاپکردن و ژمارەیەکی زۆر کەمی خوێنەران دیتویانەو خوێندویانەتەوە!

«٢»

ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٩٥دا چاپکراوە.. ئەز یەکێک بووم لەو خوێنەرانەی، کە توانیم و بۆم ڕێکەوت دانەیەک لەو کتێبە بەدەست بێنم و بیخوێنمەوە، دیارە بەدەم خوێندنەوەو هەندێ وردە سەرەنجانم لەمەڕ بەرهەمەکە لا دروست بوو، هەرچەند دەزانم، ئەمانە لە سەرنج هیوەتر ناچن، بەڵام سەرنجی هەر نەبێ خوێنەرێکی جدیەو پێموایە هەموو سەرنجێکی پاش خوێندنەوەی جدی، ئەگەر نەچێتە خانەی رەخنەی تەواویشەوە ئەوا ڕەگێکی، دوورو نزیک دەچێتەوە سەر رەخنە، بۆیە دەشێت ئەم سەرنجانە بە بەشێک لە دیدو بۆچونی بەندە بزانێ.

«٣»

دیوەخان، بریتییە لە ١٥٨ لاپەڕە، هەر بەرپەڕێکی ٢٣ دێڕی تێدایە. بەرهەمەکە بەسەر ٣٣ فەسڵ دا دابەش کراوە... ئەوەی لە تێکڕای فەسڵەکاندا هەستی پێدەکرێ ئەوەیە کە نووسەر، بەسەر زماندا زاڵ نییە، مەبەست لە زمان لێرەدا بەکارهێنانی ئەفسوناوی ووشەیە وەکو بونیادی هەر دەقێک. دیارە پاشەکەوتکردن لە ووشە بەکارهێناناو خۆ دوور گرتن لە ڕستەی ئامادە و کلیشەیی، لە چیرۆکی تازەدا کۆڵەکەیەکی گرینگە. بۆ وینە گەلێک ڕستەی دروشم ئامێز بەدی دەکرین، وەک: «هەرچەندە تاریکی لە مەش خەستر بێت، ئەوا لە توانایدا نییە روناکی مومیکیش بشارێتەوە.» ل١٤. ئەم بابەتەرستانە زۆر باوو سواون و بەکارهێنانیان بەو شێوە کلیشەییە لە بایەخی هونەریی چیرۆک کەم دەکاتەوە. یان: «ڕۆژێک دێت ئارەقەی نیوچەوانی چینەرەکان ئاویتەی لاوکی سەرفرازییان بێت.
ڕۆژێک دێت منداڵان لە ئاستی خۆری نوێدا گۆرانی بۆ ژیانێکی تازە



بڵێن.
ڕۆژێک دێت ئافرەت لە بەندیخانەی ئەم ژیانەدا زنجیری دیلیتی بپچڕێنێ.
هەر دێت... هەر دێت... هەردێت....» ل١٩
ئەم دروشمە هی ڕاوییە کە لێرەدا نووسەر خۆیەتی و بەزەبری خەیاڵ و بەپێی حەزی نووسەر سەدای ئەو گۆرانییە لە ماڵی سوارەی قارەمانی چیرۆکەکەوە دێت. دەنا لە ئەنجامی نەشونماکردنی ڕووداوەوە ئەمە چێ نەبووە.

«٤»

دیوەخان، دەکاتە ئاماژە، لە چوارچێوەی هەردوو هونەری ڕەوانبێژی خوازەو خواستن دەرنەچووەو ئاماژە بۆ کراویش لێرەدا، واتە ئەو تەسەورەی کە ئاماژە لە هزردا دەیوروژێنێ، دەکاتە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سیاسی بەسەرچوو. بێگومان ئەو هەموو گەندەڵییە ئەخلاقیەش کە لە داوێن پیسی پیاوانی سەر بەدیوەخان، یان هەوەسبازی و داوێن تەڕی ژنانی سەر بەدیوەخان بەرجەستە بووە، دەقاودەق لەگەڵ دیوەخاندا وەکو داڵێکی تاک مەودا، گونجاوە.

«٥»

لە فەسڵی نۆزدەدا پێوەندی و بەندیوارییەکی هونەریانەی جوان لەنێوان دیوەخان و عورفەی مامور مەرکەزدا چێ کراوەو هونەرییەتیکی باش بەچیرۆکەکە بەخشراوە.
لە فەسڵی بیست دا، عەول، قارەمانیکی دەستکردە هیچ پاکانەیەکی هونەری بۆ ئەو هەموو گریانەی نەهێنراوەتەوە.
لە فەسڵی بیست و یەک دا: کەس نەیزانی خەزاڵ و باوکی، ڕووەو کوێ هەنگاویان نا؟ ئەم چارەسەرە، چارەسەرێکی ناهونەریانەیە، هیچ زەمینەیەک بۆ سەر هەڵگرتنەکە خۆش نەکراوە.
ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ سیستەمی دیوەخان سەروەری دا ڕێک ناکەوێ و ڕوو لە هەر کوییەک بکەن، بەبێ ڕەزامەندی یان عاجزی خان قبوڵ ناکرێن.
لە فەسڵی ٢٦دا وەختێ جەنگی باسی دایکی خۆی دەکات، قسەکانی زۆر زلن، ئەو قسانە هی ڕاوین، نەک قارەمانێکی هەزیلی بێ شەخسیەتی

وەکو جەنگی..

لە فەسڵی ٣١دا: سوارە سەری خۆی هەڵگرت.... ئەمە ئاماژەیە بۆ شۆڕشگێڕی، کەچی لە هیچ مەودایەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رامیاری و تەنانەت هونەریشەوە، نەهاتۆتە ناساندن..

لە فەسڵی ٣٢دا گەر کوشتنی دایکی جەنگی لە لایەن جەنگییەوە ئاماژە بێ بۆ هەرەس هێنانی سیستەمی دیوەخان سەروەری، ئەوا ناکرێ ئەم مامەڵەیەی لەتەکدا بکرێ، چونکە ئەم کوشتنە دەچێتە خانەی جۆرە خەسینیکەوە کە لەگەڵ رەوتی گەشەکردنی رۆمانەکەدا ریک ناکەوێ و جەنکی بە ئومیدی بەدەست هینانەوەی دەسەڵاتەو باوەڕیشی وایە کە لە پاڵ دەسەڵات و سیستەمی دیوەخان سەروەریدا، دەیان خراپەکاری و گەندەڵی و هەوەسڕانی و داوین پیسی دەشاردریتەوەو کەس حەدی نییە باسی بکات... گەندەڵی سیستەمەکە قۆڵکردنەوەیەکی هونەریانەتر هەڵدەگرێ.

«٦»

زۆربەی قارەمانانی سەرەکی و ناسەرەکی چیرۆکەکە بێ شەخسیەتن تاکۆتایی رۆمانەکەش هەر بە نەناسراویی دەمیننەوە، دیارە ئەگەر ئەمە لە خزمەتی مەبەستیکی هونەری دابوایە، کاریکی زۆر چاک دەبوو، بەڵام مەخابن زیاتر راوی وەکو جەنازە بکیشیان دەکات و عەینی داشی دامە هەڵیان دەسوڕینێ.

رووداو، لە چیرۆکەکەدا یەکجار کەم و سەرڤە سەرڤەو بێ جوڵەیە.

زەمەنی هونەری و زەمەنی میژووی لەبری ئەوەی تیکەڵ بن و باری هونەری چیرۆکەکە دەوڵەمەند بکەن... وەکو دوو هیلی هاوتەریبی هەرگیز یەکدی نەگر دەڕۆن.. دیارە ئەمە بەنسبەت شوینی هونەری و شوینی واقیعی چیرۆکەکەش راستە، ئەو ئاهەنگ و ریتمە ناوخۆیەی کە کۆڵەکەیەکی گرنگی دەقی تازە پیک دینێ، لەم دەقەدا یەکجار کزو لاوازەو لە هەندێ شوین دا لە نرخی نەبوودایە.

نەزاکەت، ریحان، عیسمەت خان، خەزاڵ، کۆمەڵە ناویکن چ دەوریکی ئەوتۆ لە پەرەپیدانی چیرۆکەکەدا نابینن.. مەسەلەی سیکس لەنیو واقعی رووداوە کۆمەڵایەتیەکانەوە مامەڵەی لە تەک دا نەکراوە، بۆیە لە بڕی ئەوەی باری هونەری چیرۆکەکە دەوڵەمەند بکات، بووە بەربارێکی قورس و بەتۆبزی لە چیرۆکەکە بارکراوە.



«٧»

کاک محمد رشید فەتاح، خاوەنی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەیە: ژیان و ئەشکەنجە، کۆمەڵە چیرۆک ١٩٦٩، تروسکاییەک لە شەوە زەنگدا، کۆمەڵە چیرۆک ١٩٧٢، گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ، کۆمەڵە چیرۆک ١٩٧٧، درەختی ئوزر-ش پوازی لە خۆیەتی، کۆمەڵە چیرۆک ١٩٨٦، هەر لەبەر ئەمەشە، پیشبینی بەرهەمی بەپیزتری لێ دەکرێ و داوای زیاتری لێ دەکرێ...

لە دوماهی دا جارەکادی دەزڤڕمەوە سەر قارەمانین، دوا بەرهەمی سەیداو دەبیژم سەد حەیف و مەخابن کو تاقە یەک قارەمان، لە قارەمانانی ئەم چیرۆکە، لە چوار چیوەی زەمەن داو بەدەم گەشەکردنی رووداوەکانەوە، بوونی هونەرییان وەرنەگرتوەو بەرجەستە نەبوون.

چیرۆکنووس وەکو بەڕیوەبەریکی بێ دەسەڵات مەملەکەتی چیرۆکەکەی بەڕیوە بردوە.

قارەمانانی هەرە سەرەکی چیرۆکەکە، سوارە و کابرای چاوشینی مووزەرد، ئیستەش لای خوینەر بێ ناسنامەن. چیرۆکەکە لە ناوەوە تیشکی نەخستۆتە سەر خۆی! قارەمانەکان کراون بە کۆمەڵیک بلند گۆی بێ گیان، راوی هەر جارەی لە پشت یەکیکیانەوە دەفەلسەفینێ... دەنا تاقە قارەمانیک نابینی تەنانەت بە خاوەنی دیوەخانەکەشەوە بوونی هونەری وەرگرتبێ و هونەریانە بەرجەستە بووبێ.

**ئالای ئازادی ژ (٢٢٠)**
**١٩٩٦/٧/١٥**

# حەوتەوانە

«١»

زۆر نووسەرو رەخنەگرو خاوەن رایان، پێیان وایە نووسین هۆیەک نییە لە هۆیەکانی گوزارشت کردن و بەیان، بەڵکو هۆی هەرە کاراو کاریگەری گەڕان و پشکنین و کەشف کردن و رۆچوونە بە ناخی شتەکاندا. کەواتە نووسین دەبێ زۆر راستگۆیانە بێ و حورمەتی زمان- کە بنەمای هەرە سەرەکی نووسینە- بگرێ و بە ناچاری و بەتۆبزی شتی لێ بار نەکات و نەیهێنیتە گۆ. ئۆڤالیس «کۆتایی سەدەی هەژدەم» دەڵێ: «ئەو کەسەی حورمەتی زمان پێشێل دەکات و ناچاری دەکات بە نەبەدڵی و ناچاری شتێک بڵێ، ئەو پێ شێلکارییە دوچاری گەوجە گەوجیکی زۆری دەکات، بۆیە نووسین لای من دەکاتە دروست کردنی وێنەیەکی دیاریکراوو گەڕان بە دووی تایبەتمەندی و هۆیەکانی ریکخستنی ئەو وێنەیەدا.

«٢»

جوانی و مەزنی ئەدەبیات لەوەدایە کە کاریکی تاسەر مۆخ مرۆڤانەیە، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەمە بەدەربێ، تاقە بستێک لەخۆی دوور ناکەویتەوەو لەجێیی خۆیدا دەپوکێتەوەو هیچ مەبەستێکی روحی و فیکری و ئەخلاقی ناپێکێ.

«٣»

گەلیک لە زاناو دانایان بەهۆی پڕکاری و سەرقاڵی خۆیان، نە پەرژاونەتە سەر ئەوەی ئاوڕ لە ئەدەبیات بدەنەوە، یەکیک لەوانە چارلز داروین-ە، کەلە ژیننامەی خۆیدا بەمجۆرە پەژیوانی خۆی دەربڕیوە: «ئەگەر کرابا سەر لە نوێ ژیابامەوە، بۆ خۆم بەرنامەیەکم دادەنا کە بەلای کەمەوە هەفتەی جاریک هەندێ شیعر بخوینمەوە، یا گوێ لە مۆسیقا بگرم.
لە دەست دانی ئەم لەزەتە، هاوتای بەدبەختییە. ئەم کیماسیە زەرەری زۆر لە بەهرەی فیکری دەدا. بە بۆچونی ئەز، زیانی زۆریش لە بەهرەی ئەخلاقیمان دەدا، چونکە لایەنی سۆزی تەبیعەتی ئینسانی سست تر، دەکات.» بڕوانە جان دی، مورگان/ پیدایش دین و هنر.



«٤»

هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە خەون و خەیاڵی قووڵی مرۆڤانە بەدەر بێ، ئەدەبیەت وەرناگرێ و لە مەلیکی باڵکراو دەچێ کە بیهودە بە تەمای فڕین بێ و هەر پشتیوانیکی نائەدەبی لەپشت بێ و تیشکی نا ئەدەبی بخریتە سەر ئەوا بیهودەیەو هەرگیز ناگاتە ترۆپکی داهێنان و ئەفراندن و هیچ روحیکی پێ ناخەملێ و...

«٥»

زۆربەی نووسەرو داناو خاوەن رایان، لەوەدا یەک دەگرنەوە کە بابەتی هەوەڵ و ئاخیری ئەدیب بریتییە لە مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ، ئیدی جۆری چارەسەرکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم بابەتانەدا لە ئەدیبیکەوە بۆ ئەدیبیکی دی دەگۆڕێ.. کەواتە سارتەر گوتەنی: «نووسین ریگەیەکە لە ریگەکانی ڤیانی ئازادی هەر کاتێ گرتتە بەر- بتەوێ و نەتەوێ- مولتەزیمی و دەبێ مولتەزیم بی.» ئیلتزامیش دڵسۆزی و وەفادارییە دەرهەق بە ئامانجیک. ئامانجی ئەدەبیش وەکو گوتمان مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە.

«٦»

جوانترین ئیلتزام ئەوەیە لە ناخی خاوەنەکەیەوەو بەشیوەیەکی ئارەزوومەندانەو مرۆڤانەی خۆرسک هەڵقوڵابێ، و دزیوترینیش ئەوەیە لە دەرێ راسەپینرا بێ و بەخوتو خۆڕایی تەلبەندی هەمەجۆری عەنتیکەی لە دەوری ئەدیب کیشا بێ و بەم لاو بەولادا ئاڕاستەی بکات، قەڵەمی ئاڕاستەکراو هەمیشە لە قەڵەمی بەکریگیراو خەتەرترە، چونکە ئەگەر تاسەریش نەتوانێ، ئەوا بۆ ماوەیەک دەبیتە دیوجامەی راوە جەماوەرو تەفرەدانی خەڵکانی سادە.. ئەدەبیات لە کەش و هەوای ئازادا دەڕسکێ و ئازادی لە روحی مرۆڤدا بیدار دەکاتەوەو...

«٧»

ئەدەبیات، لە زۆربەی وڵاتانی پاشکەوتوودا، نەک هەر ژیان و بژیوی خاوەنەکەی دابین ناکات، بەڵکو زۆر جاریش سەریەشەی قورس بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات و هەرکەس و ناکەسیک راست دەبیتەوەو لیی دەبێ بە جاسووس و تەقریرنووس، واتە تەقریرنووسان لەسەر حسیبی ئەدیب

نان دەخۆن و دڵسۆزی خۆیان بۆ ئاغاکانیان دەسەلمێنن، بۆیە ئەدەبیات لەم بابەتە دەڤەرانەدا، سەنگەری خەبتینە، خەبتین لە پێناوی ئایندەی پڕشنگدارو بەهای تازەو جیهانبینی مرۆڤانەدا.. بۆیە ئەدیبی ئەم جۆرە دەڤەرانە، لەهی شوێنانی دی ماندوو ترن و ئەرک و ئیلتزاماتیان قورسترە..

**ئاڵای ئازادی ژ (٢٢٢)**
**١٩٩٦/٨/١٥**



## حەوتەوانە

**«١»**

مرن لە ئەشقداو...، ئەمە نیوی رۆمانیکی تازەی نوسەری تەمەن (٦٨) ساڵەی کۆلۆمبیایی و براوەی خەلاتی ئەدەبیاتی نۆبلی ساڵی ,١٩٨٢ گابریل گارسیا مارکیزە.

**«٢»**

ئەم رۆمانە بریتییە لە (٢٠٨) لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندی. لە (٥)بەش پیک هاتووە. هەر لاپەڕەیەکی (٢٣) دیری گرتۆتە خۆ. پیشەکییەکی چوار لاپەڕەیی لە لایەن (حسن گل محمد)ی بلاوکەرەوەی فارسی بۆ نووسراوە. هەروەها پیشەکییەکی چوار لاپەڕەیی نووسەریشی لەگەڵە کە تیشکیکی زۆری خستۆتە سەر هەوین و ماکی بەرهەمەکە.

**«٣»**

ئەم کتیبە لە ساڵی ١٩٩٤دا، بۆ یەکەمجار لە ئەسپانیا و لە لایەن دەزگای بلاو کردنەوەی (موندادوری) سەد هەزار دانەی لێ چاپ و بلاوکرایەوە.. هەر ئەم رۆمانە لە ساڵی ١٩٩٥دا لە لایەن (رەزا موسوی)یەوە لە ئەسپانییەوە کراوە بە فارسی و خراوەتە بەردەستی خوینەرانی فارسی.. پیاو هەق بلێ مەگەر هەر کوردو دام و دەزگا رۆشنبیری و چاپەمەنییەکانی کورد، ئەوەندە بەتەنگ کتیبخانەی خۆیانەوە بین!!!..

**«٤»**

نیوەرۆک و هەوینی ئەم رۆمانە. باسی کیژیکە کە سەگیکی هار گرتویەتی و لەو سەرو بەندەدا، واتە لەسەدەی نۆزدەدا، نەخۆشی هاری، دەردی بێ دەرمان بووە.
بۆ تیمارو مالیجەی کچۆڵەکە، کیشمانە کیشیکی فرە دەکەویتە نیوان کەسوکاری کیژێ-داک و بابی- و پزیشکانی ئەو رۆژگارە کە باوەڕیان

وابوو، کچۆڵەکە بەزەبری زانستی پزیشکی دیتە ماڵیجەکرن و دەرمان دەکرێ.
کەچی کۆمەڵی مەزەبیی پابەندی کڵیساو پەروەردەی کڵیسایی پییان وابوو دەرمان و تیماری کچۆڵەکە بە دوور خستنەوەی خەتەری شەیتانان و تاراندنی جنۆکان لە روحی، دیتە کرن.. بەهەر حاڵ لە ئەنجامداو لە کاتیکدا بەرەو چاکبوونەوە دەچێ، دوچاری ئەشقیکی قەدەغەو ناکام دەبێ و لە ئەشقاندا دەمرێ.

«٥»

بیگومان یەکیک لە هۆیەکانی بڵاوبونەوەی بەرهەمەکانی مارکیز لەنیو خوینەرانی سەرانسەری جیهاندا، وەستایی و بویری نووسەرە لە دەربڕین و بەیانکردنی حەقیقەتەکانی ژیاندا... ئەزموون و بیرەوەرییەکانی مارکیز دوو سەرچاوەی هەرە بەجۆش و لەبن نەهاتوون و هەر یەکەیان دەیان جۆگەلەی لێ بوەتەوەو هەر جۆگەلەیەک باخی شاکاریکی ئاو داوەو ئاوەدان کردۆتەوە.

«٦»

مارکیز، یەکیکە لە نووسەرە هەرە دیارو بەدەسەڵاتەکانی سەر بە قوتابخانەی ریالیزمی جادوویی و ئەفسانەو داستان و داب و نەریت و خوو خدەی ناوچەیی بەشیوەیەکی هونەریانەی کاریگەر ئاویتەی حەقیقەتەکان کردوەو بەرهەمەکانی یەکپارچە خەیاڵ و گومان و خەم و شادی و تەنیایی مرۆڤ بەرجەستە دەکەن..
واقیع وخەیاڵ بەجۆرێ ئاویتە دەکات، لەتۆ وایە هەر لە ئەزەلەوە یەک بوون و قابیلی لیکدی جیاکردنەوە نین. هەر بۆیەش وەختێ خوینەری جدی سەرە داوی حەقیقەتەکانی ژیان لەم چیرۆکانە دەدۆزیتەوە، ئیدی لیی نابیتەوەو تیایدا دەتویتەوە...

«٧»

مارکیز، ژیانی واقیعی و خەون و کەڵکەڵە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئەمریکای لاتین، کە لە جەوهەردا لەگەڵ خەون و کەڵکەڵەکانی



مرۆڤی هەموو دنیادا یەک دەگریتەوە، بەشیوەیەکی ئەفسوناوی و جادوویی وینە کیشاوە.... تەسەوراتی عەجیب و غەریبی ئینسانیانەی مارکیز، بە دەوری مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤدا دەخولیتەوە، ئەو چارەنووسەی بتەوێ و نەتەوێ، دەبێ لەدوا ئەنجامدا تەسلیمی ببی...

**تیبینی:** بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پیشەکی رۆمانی نیو براو.

**ئالآی ئازادی ژ (٢١٩)**
**١٩٩٦/٧/١**

# رووداوەکانی شاری بەردین

«١»

ئیسماعیل کادارە، یەکیکە لە چیرۆکنووسە نیودارەکانی ئەم سەردەمەی ئەلبانیا. نووسین و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، لە سنووری جوگرافیایی ئەلبانیا تیپەڕیوەو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئەلبانیا بەهۆی بەرهەمەکانی ئەوەوە لە جیهاندا ناسراوە. گەلەک چیرۆکی ئەم نووسەرە لە ئەلبانییەوە بۆ زمانانی تری جیهان وەرگیڕدراون.

ئیسماعیل کادارە، لە سالّی ١٩٣٦دا، لە باشووری ئالبانیاو لە شاری «گژیرو کاستەر» لە دایک بووە. لەسەرو بەندی دووەم جەنگی جیهاندا، زیدی وی چەندین جار لە لایەن ئیتالّیاییەکان، یۆنانییەکان، هیزە کۆنەپەرستەکانی ئەلبانیاو ئەلّمانیا هاتۆتە داگیرکردن... لێ سەرەنجام بە دەستی پیشمەرگەو فیداییانی ئەلبانی ئازاد کرا.

ئیسماعیل کادارە، پاش ئەوەی زانستگەی ئەدەبیاتی تیرانای تەواو کرد، لە ئەنستیتۆی ئەدەبیاتی گۆرکی، لە مۆسکۆ دریژەی بە خویندندا، لە سالّی ١٩٦٠دا کاتیک کە ئەلبانیا پیوەندییە رۆشنبیری و سیاسییەکانی خۆی لەگەلّ سۆڤیەتدا بڕی، ئەویش وازی لەو ئەنستیتۆە هینا. ئەم نووسەرە گەلەک کۆمەلّە شیعر، لیکۆلّینەوەو چەندین چیرۆک و رۆمانی بلاّوکردۆتەوە... یەکیک لەو رۆمانانەی «رووداوەکانی شاری بەردین»ە کە لە سالّی ١٩٧٠دا هاتۆتە چاپ و بلاّ کردنەوە.

ئیسماعیل کادارە، ماوەیەکیش رووی کردۆتە جیهانی رۆژنامەنووسی و لەگەلّ چەندین مانگنامەی ئەدەبیدا هاوکاری کردووە. ئەم پیاوە ئەندامی «ریبەرانی یەکیتی نووسەران و هونەرمەندانی ئەلبانیا» بووە.

«٢»

«رووداوەکانی شاری بەردین» یەکیکە لە چیرۆکە هەرەجوانەکانی نووسەری نیوبراو. لەم چیرۆکەدا بە زمانیکی شاعیرانەو پڕ جۆش و خرۆش یادو بیرەوەرییەکانی سەرو بەندی مندالّەتی خۆی هونەرمەندانە بەرجەستە کردووە. ئەوەی کە لە کاتی دووەم جەنگی جیهاندا بەسەر زیدیدا هاتووە، هەمووی داوەتە بەر نیگای مندالاّنەی پڕ کنوکۆی خۆی و هیچ شتیکی نەبواردووە. رووداوەکانی ئەم شاری بەردینەی، بەشیوەیەکی حەماسی و



عەجایەب لە نوکی خامەی خولّقینەرو پڕ ئەفراندنییەوە هەلّڕشتووە. هەندێ پشکی ئەم رۆمانە بەرادەیەک لە شیعر نزیک بوەتەوەو جۆرە شیعریەتیکی ئەوتۆی وەرگرتووە کە بە ئاسانی دەتوانرێ بگوترێ دەچیتە خانەی پەخشانە شیعرەوە.

نووسەر، لە «رووداوەکانی شاری بەردین»دا دەستمان دەگرێ و لەگەلّ خۆیماندا بۆ رۆژگارانی مندالّەتی خۆی دەبات. دەمانباتە ناو مالّەکانی ئەلبانیاوە، گۆشەو کەنارەکانی ئەو ولاّتەمان پیشان دەدات... باسی داب و نەریت و خووخدەو باوەڕو خورافات و رەوشی رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی ولاّتی خۆیمان بۆ دەکات و، بە تەواوەتی بە کۆمەلّگەی ئەوسای ئەلبانیامان ئاشنا دەکات.

رۆمانەکە بریتییە لە «٢٩٥»لاپەڕە. لە سالّی ١٩٧٠دا لە تیرانا چاپ و بلاّوبۆتەوە. لە سالّی ١٩٩٠دا لە لایەن (میر جەلالەدین گزازی)یەوە کراوە بە فارسی و لە ئیراندا چاپ و بلاّوکراوەتەوە.

ئەم رۆمانە بریتییە لە «١٨»بەش. لە بەرایی هەر بابەتیکیدا تابلۆیەکی ٢-٣ پەرەگەرافی یان کەمتر، وەکو پیشەکییەک بۆ ئەو بەشە نووسراوە کە دەشیت بیشوبهینێ بە داویکی سیحری و بە شیوەیەکی هونەری «١٨»دانە مرواری زۆر ئەفسوناوی و دلّگیر پیکەوە دەهۆنیتەوە.

وەکو چۆن مندالّیک یەکەمجار دەبەیتە شاریکی تازەوە، چوار چاوو ئەبلّەق و سەرسام دەڕوانیتە هەموو شتیک و پرسیار بارانت دەکات و هەر هەموو شتیکی بەلاوە تازەو عەجایەبە، نووسەری ئەم چیرۆکەش دەستی خوینەر دەگرێ. لە دەرگای شاری چیرۆکەکەی خۆیەوە وەژووری دەخات و ئیدی خۆی لێ دەدزیتەوەو دووراو دوور تاقیبی دەکات، تا بزانێ کەی و لە کویدا خوینەر دووچاری دەردە راهاتن دەبێ و زوو تاسەی دیتن و بیستنی پاراو دەبێ؟. دیارە ئەگەر ئەمە بەسەر خوینەردا بێ، ئەوا نووسەر دەبێ دان بەشکست و ناکامی خۆیدا بنێ، هەلّبەت پیچەوانەش پیچەوانەیە... ئەم رۆمانە یەکیکە لەو کارە ئەدەبییە ناوازانەی کە نایەتە گیڕانەوەو هەر کە دەست بە گیڕانەوەی بکەی ئیدی دەم و دەست سیحرو جادووە هونەرییەکەی بە تالّ دەبیتەوە. بۆیە لە بری دریژە پیدانی ئەو نووسینە، بەشیکی بچووکی رۆمانەکە لیرەدا بە ئەمانەتەوە وەردەگیڕم و خوینەر دەکەم بەسەرپشک و با حوکمی خۆی بدا.

«٣»

**زەماوەندی ئارگیر ئارگیری**

دیتبووم کە هەواڵی زەماوەند یان ژن هینان، هەندێ خەڵکی غافڵگیر دەکرد، هەندیک بە بیستنی شادمان دەبوون؛ هەندێ پیدەکەنین، لێ هەرگیز نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە هەواڵی ژن هینانیک بتوانێ وەکو بەڵایەک بەسەر هەر هەمووآندا، دابباریێ.

«- بیستومە ئارگیر ئارگیری ژن دەهینێ!
- دە گەوجە گەوج.
- بەلا وایە، ژن دەهینێ!
- پیم رادەبویری؟
- نەخیر کە پیت دەڵیم ژن دەهینێ، یانی دەیهینێ.
- چۆن؟
- ژن دەهینێ.
- بەڵام ئەمە مەحاڵە!
- داپیرە پینو- یان ئاگادارکردووە کە بچێ بووکێ برازینیتەوە.
- ئەمە ناچیتە ئەقڵەوە.
- منیش ئەم هەواڵەم ژنەوتووە.
- کەواتە راستە؟
- بەڵێ راستە.
- بەراستی کاریکی حەیابەرەیە. نەنگە، ئابڕوچوونە.»

ئاگیر ئارگیری، پیاویکی ئەندام وردیلەی رەشتاڵەبوو. دەنگی ناسک و زیقاوڵە، کە گویت لێ دەبوو، لە تۆ وایە ئافرەتەو قسان دەکات. ئەو هەموو خەڵکی دەناسی. هاتوچۆی هەموو گەڕەکەکانی دەکرد. پییان دەگوت نیرەموک.... ئارگیری تاقە کەسیک بوو کە بە پیاو دەژمیردراو هاتوچۆی هەموو ماڵەکانی دەکرد، تەنانەت ئەگەر پیاویش لە ماڵ نەبوایە هەر هاتوچۆی دەکرد. لە کاری جۆراوجۆری ناو ماڵدا یارمەتی ژنانی دەدا. کە ژنان جلکیان دەشت ئەو ئاگای لە منداکانیان دەبوو. سەتڵی لەگەڵ پڕ دەکردن، هەواڵی دەبرد. ئەو بەخۆبشی ماڵی هەبوو. کە لە کاراندا کۆمەکی ژنانی دەکرد. لەبەر ئەوە نەبوو کە دەستەوایان لەگەڵ بکات.

بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە هاونشینی ژنان و کاری ژنانەی لە گیان خۆش بوو، ئەمە جگە لەوەی ئەم نیرەموکییە بۆی بوو بوو بەخیرو کەس ئەم کارەی



لێ بەعەیب نەدەگرت. دوای ساڵانیکی زۆر، لە بری گاڵتەو قەشمەری هەمووان و لەبارتەقای نوقستانییە بەدەنییەکەیدا، ئارگیر ئارگیری، مافی ئەوەی وەدەست هینابوو، کە ئازادانە هاتوچۆی ژنان و کچۆڵانی شار بکات هیچ پیاویک ئەو مافەی نەبوو. کەچی ئیستا وا لە پڕا هەواڵی ژن هینانی رادەگەیاند. خۆ لە قەرەدان و بەگژاچوونی ئەم مەسەلەیە قەباحەت بوو، ئەو بوونەوەرە عەنتیکە دەنگ ناسکە زیقاوڵەیە لە پڕ بوو بوو بە پیاو! بە دریژایی ساڵان، ناخۆشترین و کریت ترین قەشمەری تەحەمول کردبوو، بە هەویای رۆژی تۆڵە. شار تەمی تاریکی گرت. ئەو بیزکاڵی و سووکایەتییەی بەویان دەکرد تەحەمول نەدەکرا. هیچ ماڵیک نەبوو کە ئەو هاتوچۆی نەکردبێ، هیچ ژنیک نەبوو کە ئەو نەیناسیت. دوو دڵی و گومانیکی شووم سیبەری بەسەر هەموو لایەکدا کیشابوو.

ئومیدی ئەوە نەمابوو کە هەواڵی زەماوەندەکە درۆبێ. داپیرە پینویان ئاگادار کردبوو کە بە بەربووکی بچێ. دەستەی مۆسیقا راسپیردرابوو. تەنانەت رۆژی زەماندەکەشیان دیاری کردبوو.

ئومیدی ئەوەش نەما کە ئارگیر ئارگیری لە بریارەکەی خۆی ژیوان ببیتەوە. ئەو هەموو هەڕەشانەش کە لییێ کرابوو، ساردیان نەکردبۆوە. لە نوێ هەڕەشەیان دەستی پیکردەوە. لەسەر بریاری خۆی مایەوە. هەر هەموو ئەم شتانە بە بیدەنگی و لە پەناوە، بەهۆی چەند رستەیەکەوە کە لە بن لیوانەوە دەگوتران، لە ریگەی نامەی بێ ئیمزاوە ئەنجام درابوون... هیچ کەسیک نەیدەویست ئاڵای ناکۆکی دژی ئارگیر هەڵکا، چونکە دەترسا خەڵکی گومانی ئەوەی لێ بکەن کە هۆیەکی تایبەتی هەبێ بۆ نیگەران بوونی لە ژن هینانی ئارگیر ئارگیری.

هەرگیز، کەس نەیتوانی ئەوە بزانێ کە چ شتیک ئەم پیاوە دەنگ ژنانیەی لە پڕیکا والیکردبو کە بەو شیوەیە یاخی ببێ. چ شتیکی بەسەردا هاتبوو؟ بۆ ئەو بریارەی دابوو؟ بۆچی؟! سەرەنجام شەوی زەماوەند هات. یەکیک بوو لەو شەوانەی کە بیدەنگی و خامۆشی گرتە خۆ. با، کە پازدە رۆژی تەواو بوو، خۆشی نەدەکردەوە، لە پڕ خستی. ئەو بیدەنگییەی کە پاش گڤ و هوڕی بەردەوامی بایەکە بەرپابوو، قوولترو سامناکتر دەهاتە بەرچاو. چاوی پلاجکتۆرەکە هەڵهات، ئەوجا کوژایەوە. تەپڵ و دەهۆڵی زەماوەند لە پەستاو بێ پسانەوە لیدەدرا، لە تۆ وایە زەنگی سەرفرازی شار لێ دەدات» ل١٠٣- ١٠٤

«٤»

جاریکی دی دەیلێمەوە کە «ڕووداوەکانی شاری بەردین» یەکێکە لەو چیرۆکانەی نایەتە کورت کردنەوەو گێڕانەوە، ئەگەر ئەمەی لەگەڵ بکرێ سیحرو ئەفسوون و لەزەتە هونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە دەبێ بخوێنرێتەوە.

**ژێدەر:**
**رویدادهای شهرسنگی/ ئیسماعیل کاداره.**
**و/ میر جەلالەدین گزازی -١٣٦٩-**

**برایەتی ژ (٢٢٨٧/١٦)**
**١٩٩٧/٣/٦**



# سەرنجێک
# لەمەڕ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری

دەشێت بڵێین مێژووی تیرەی بەشەر، لە دەست کەوتە ڕۆشنبیرییەکانیا بەرجەستە دەبێت. هەڵبەتە ئەوەی لە هەر قۆناغێکی مێژوودا دەمێنێتەوەو کاریگەریی خۆی دەبێت کۆی بەرهەم و کەلەپوری ئەبستمولۆژی و ئەزموون و داب و نەریت و دەزگاو بەها مرۆڤانییەکانە کە تێکڕا لەژێر خێوەتی ڕۆشنبیریدا کۆ دەبنەوە. گومان لەوەشدا نییە هەموو ئەو دەستکەوتە ڕۆشنبیریانەش لە دیمەن و دیاردەی هەمە جۆری وەکو خێزان و مەدەنییەت و شارستانییەت و ئایین و ئەدەبیات و هونەر و زانست دا دەردەکەون و هەموو ئەمانەش لە بیرو بیرکردنەوەو عەقڵییەت و ویژدان و ڕەفتاری فرەئاستی و هەمە ئاستی خەڵکەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

دیارە تا ئێستاش بەهێزترین چەکی مرۆڤ و ئەوزاری مانەوەی هەر ئەو ڕەسیدە ڕۆشنبیرییەیە کە بۆی ماوەتەوەو لە هەمان کاتدا پەیتا پەیتاو بە پێی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان بەرهەمی دێنێ.

مێژووی تیرەی بەشەر، بە تایبەتی پاش قۆناغە هەرە سەرەتاکانی بوونی بەشەر، پتر بەستراوە بەسەر هەڵدان و بەردەوام بوونی ئاینانەوە.. ئیدی بەرە بەرە بەپێی پێداویستییە بەشەرییەکان فیکرو هونەر و ئەدەبیات و دۆزینەوە روحی و زانستییەکان، هاتونەتە ئاراوەو بوون بە بەشێک لە مێژوو و قوڵییان بەپێک هاتەی مێژوویی تیرەی بەشەر بەخشیوە. لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا ئەگەر ڕەوش و ڕەوتێکی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی توانای نەمێنێ و پیر ببێ و زەروەرتی مانەوەی نەمێنێ و دەورە مێژوویەکەی بەسەر بچێت، ئەوا ئیدی جۆرە قەیران و ئاستەنگێک چێ دەبێت و دەتەقێتەوەو دەبێت بەسەرەتای گۆڕانکارییەک کە پێداویستییەکانی بەردەوام بوونی ژیان دەی خوازێت. کەواتە هەر قۆناغێک بمانەوێ و نەمانەوێ ئاوسە بە بریکاری خۆی.. مێژووی هاوچەرخ، یان دەبێ مێژوویەکی جیهانی بێ و دەخزمەتی هاوژینی مرۆڤ و پتەو کردنی پایەکانی ئاشتی بێ، چونکە بەرهەمی ئەقڵی تیرەی بەشەر بەخششی هەموو مرۆڤەو هەموو بەشەرییەت بۆی هەیە سوودی لێ وەربگرێت و ئایندەیەکی ئاشتیانەی شایستە بە پایەی مرۆڤی لەسەر

ڕۆبنرێ یان ئەوەتا دەبیت بە غەزەب و سەری تیرەی بەشەر دەخوات.
هەڵبەتە ڕۆشنبیری ڕۆڵی یەک خستنی ویژدان و ئاوات و ئامانج و سۆزە مرۆڤانییەکان دەبینێ. هەڵبەتە هەر ململانییەکی کۆمەڵایەتی سیاسی لە سنووری یەکیتی ڕۆشنبیری گەل یان نەتەوە دەربچیت پەرەسەندن و پیشکەوتن بەرهەم ناهینێ، بەڵکو بە پیچەوانەوە ئاژاوەو بە فیرۆچوونی هەوڵ و تەقەلاو کۆششەکانی لێ دەکەویتەوە.
گەل و دەوڵەتی سەربەخۆو خودان سەروەری هەر ئەوە نییە لەشکرو قۆشەنی زۆری هەبێ و سنوورەکانی بۆ بپاریزێ یان پۆلیس و هیزی ناوخۆیی هەبێ و ئاسایش و سەلامەتی هاوڵاتییانی بپاریزێ.. یان یاساو ریسای ئیداری هەبێ بۆ ریک خستن و بەریوەبردنی کاروباری وڵات و هاوڵاتیان.. بەڵکو دەبیت ڕۆشنبیرییەکی فرە لایەنی یەکگرتووی یەکخەریشی هەبێ کە دەوری هەرە گرینگ دەبینێ لە نەشو نماو بوژانەوەو گەشە کردنی نەتەوەو وڵاتان.. دیارە ئەم پرۆسە ڕۆشنبیرییەش دەبێ هەموو کاتیک و بەگویرەی پیداویستییە ماددی و مەعەنەوییە ناوچەییە نیشتمانی و لە هەمان کاتدا جیهانییەکان خۆی تازە بکاتەوەو لە نوێ بەرهەم بهینریتەوەو لە کاروان دوا نەکەوێ* تا ئیستا بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی نەیتوانیوە کەش و هەوایەکی ڕۆشنبیری فرە لایەنی یەکگرتووی یەکخەرمان بۆ بڕەخسینێ لە باری نەتەوەیی و زمانەوانی و خیزانی و لایەنەکانی پەروەردەو فیرکردنەوە واتە ویژدانیکی ڕۆشنبیری نەتەوەییمان بەرهەم نەهیناوەو ئیستا جۆرە ڕەوش و ڕەوتیکی بەناو ڕۆشنبیری برەو پیدەدرێ کە لەباری نەتەوەیی و زمانەوە، بەرەو لیک دوور خستنەوەو جیابوونەوەو بەربەرەکانی یەکترمان دەبات. ڕۆشنبیرانی کورد، بە شیوەیەکی گشتی هەر کەسەو بۆ خۆی و دوور لە هەموو گیانیکی هاوکاری و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی نەتەوەییانە کار دەکەن و نە کەش و هەوایەکی ڕۆشنبیری نیمچە یەکگرتوو کۆی کردونەتەوە نە ئاریشە و گیروگرفتی ژیان و هەندێ جارانیش کاسبی و هوردە کاسبی ڕۆشنبیری و نیمچە ڕۆشنبیری بواریان نادات بە کردەوەو بە جدی ببنە بەرهەم هینەری ڕۆشنبیرییەکی گەورە لە هەموو بوارەکانی چالاکی ڕۆشنبیریداو ئەمەش دەکاتە کاریک کە دەوری کۆمەڵایەتی و میژوویی خۆیان لە دەست بدەن و ببنە ئاردی نیو دڕک و دەوری خۆیان پێ نەبینرێ. و هیچ پشتیوانییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لێ نەکرێ. چونکە بەرەی ڕۆشنبیرییان چۆڵ کردووەو لەنیو



پەرۆشی و خەمخۆری و بەرە جۆراوجۆرەکانی دیدا پەرتە وازە بوون.
هەڵبەتە ڕۆشنبیرییش وەکو سیاسەت پیویستی بە هەستیکی ستراتیژی هەیەو هەر بەخشیشیکی ڕۆشنبیری چ لە بواری پراتیکی و چ لە بواری ئەو پرسیارانەی دەیخاتە روو، و ئەو وەڵامانەی دەی داتەوە، لەو ستراتیژەی نزیک نەکاتەوە، بە زەرەرو زیانی پرۆسە ڕۆشنبیرییەکە دەکەویتەوەو بەرەو بێ هودەیی و نەهیلزم و پوکانەوەی دەورە واقیعی و میللییەکەی دەبیات و لە ئەنجامدا دەکەویتە پەراویزەوەو ڕۆڵی واقیعی و میللی و میژوویی خۆ دەدۆڕینێ و بۆخۆی دەکەویتە پەراویزی پرۆسەی خەباتی سیاسییەوە.. لە کاتیکدا پرۆسەی خەباتی سیاسی و پرۆسەی کاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، دوو ڕووی یەک ئامانجن، ئەویش دیموکراتییەتی سیاسی و دادوەری کۆمەڵایەتییە کە بناغەی پرۆسەی شارستانییەتی ئەم ڕۆژگارە پیک دەهینن و ئاشکراشە سیاسەتی ئەم سەردەمە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بەرەو ئەوە دەچیت کە بە شیوازی ڕۆشنبیری- کۆمەڵایەتی مومارەسەی بکرێ و بەها لە دەست چۆکانی خۆی وەدەست بینیتەوە. کاری سیاسی و خەباتی ڕۆشنبیری لیکدی دابڕاو نین.. و دەبێ بە بەردەوامی لە حاڵی خۆ تازە کردنەوەدا بن و هەرگیز لە کاروانی پیداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ دوا نەکەون.

**ژیدەر:**
**«بڕوانە گۆڤاری الطریق ژمارە «١»**

**یەکبوون ژ (٦)**
**٢٥/ئایار/١٩٩٩**

# به سیاسه‌تچوونی شته‌کان

«١»

گومان له‌وه‌دانییه که سیاسه‌ت له هه‌ردوو رووی شیوه‌و نیوه‌رۆکه‌وه، پرۆسه‌یه‌کی ده‌سته جه‌معی و به کۆمه‌ڵه که‌واته بۆ مومارەسه کردنی سیاسه‌ت پیویسته گه‌لیک یان ده‌سته‌و تاقمیک یان چینیکی کۆمه‌ڵایه‌تی دیاریکراو هه‌بێ. واته هه‌ر کارو کرده‌وه‌یه‌کی سیاسی به‌نده به بوونیکی کۆمه‌ڵایه‌تی، واته هیچ جۆره مومارەسه‌یه‌کی سیاسی له ده‌ریێ بازنه‌ی کۆمه‌ڵدا بوونی نییه‌و نابێ. خۆ ئه‌گه‌ر به‌زه‌بری گریمانه‌یه‌کی مه‌حاڵ ئه‌م حاڵه‌ته دروست بکرێ، ئه‌وا هه‌نگینێ سیاسه‌ت ده‌گۆڕێ و ده‌بیت به مومارەسه‌و کرده‌وه‌یه‌کی رۆمانسیانه‌ی تاکره‌وانه‌ی دۆنکیشۆتیه‌ت ئامیز.. بۆیه هیچ سه‌یر نییه سیاسه‌ت هه‌موو هه‌وڵیکی خۆی بخاته گه‌ڕ و خۆی به هه‌موو مه‌یدانه‌کانی ژیاندا بکات و بیانخاته خزمه‌تی ئارمانجه هه‌نووکه‌یی و ستراتیژه‌کانی خۆیه‌وه.

«٢»

له کۆنه‌وه تا ئه‌مڕۆش مه‌یدانه ئه‌ده‌بی و رۆشنبیرییه‌کان له‌و ئامانجه گرنگانه بوون که سیاسه‌ت ته‌ماحی لییان هه‌بووه‌و هه‌وڵی داوه تا ماڵییان بکات و بیانخاته ژیر رکیف و ده‌سه‌ڵاتی خۆیه‌وه، دیاره نموونه‌ش زۆره ده‌رباره‌ی ئه‌و قوتابخانه‌و ریبازه ئه‌ده‌بیانه‌ی که ملیان نه‌داوه بۆ سیاسه‌ت و له ئه‌نجامدا دووچاری سه‌رکوتکاری بوون و خاوه‌نه‌کانیان ده‌ربه‌ده‌رو ئاواره بوون، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه که ئه‌ده‌ب له چالاکی رۆشنبیری ره‌سه‌ن له هه‌موو زه‌مان و قۆناغه‌کانی میژوودا به شیوه‌یه‌ک له شیوه‌کان به‌ر هه‌ڕه‌شه‌و گوڕه‌شه‌ی سیاسه‌ت که‌وتووه‌و ده‌که‌وێ.

«٣»

بایه‌خی شۆڕشگیڕانه‌ی ئه‌ده‌بیات و چالاکییه رۆشنبیرییه‌کان له نیوه‌رۆکه راستکۆیانه‌و دۆزینه‌وه ئه‌مینه‌کانی دایه، له‌وه‌دایه که چۆن شته په‌نامه‌کییه‌کان که‌شف ده‌کات و هه‌ر ئه‌مه‌ش ده‌وری میژوویی ئه‌ده‌بیات و رۆشنبیری ده‌رده‌خات و ده‌توانین بڵیین کورته‌ی میژووی گه‌لان له که‌له‌پوری رۆشنبیریی ئه‌و گه‌لانه‌دا به‌رجه‌سته ده‌بیت... بۆیه نابێ به‌زیده‌رۆیی ئه‌گه‌ر



بگوترێ ئاینده‌ی پڕشنگداری هه‌ر گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌ک وه‌ستاوه‌ته سه‌ر راده‌ی پیشوازی کردنی ئه‌و گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه له زانست و زانیاری و رۆشنبیری.

«٤»

ئیمه له سه‌رده‌می سیاسه‌تدا ده‌ژین و هه‌موومان ده‌زانین سیاسه‌ت ره‌گی له ده‌سه‌ڵادایه‌و هه‌ر ده‌سه‌ڵاتیکیش بگری، هه‌رچه‌نده لاف و گه‌زافی دیموکراتیه‌ت و لیبرالیه‌ت و رادیکالییه‌ت لێ بدات، ره‌گیکی ده‌چیته‌وه سه‌ر دکتاتوریه‌ت.. که‌واته سیاسه‌ت له‌ژیر هه‌ر په‌رده‌یه‌کدا خۆی وه‌شیرێ، نه ده‌یه‌وێ و نه ده‌توانێ ئازادی ته‌واو له هه‌موو رووبه‌که‌وه به تاک بدات.
سیاسه‌ت نه‌ک ته‌نیا ئازادی ده‌ربڕین سنوردار ده‌کات، به‌ڵکو کۆمه‌ڵیک مه‌رجی پیشوه‌خته بۆ خه‌ون و ئاوات و بیرو بیرکردنه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ریش داده‌نێ... هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی خۆشه تا له به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ده‌درێ، ئیدی ده‌ست ده‌خاته هه‌موو وردو درشتیکه‌وه‌و ته‌نانه‌ت ژیانیش له قاڵبی خۆی «سیاسه‌ت» ده‌دات. جا که ئه‌مه سوخه‌تی سیاسه‌ت بێ ئاخۆ ده‌چیته ئه‌قڵه‌وه ئه‌ده‌بیات و هونه‌ر له که‌شو هه‌وای ئاوا سیاسه‌تاویدا ببوژیته‌وه؟ بیگومان ئه‌گه‌ر رژیمانی دکتاتۆری جیگیر ببن و زۆربه‌ی بواره‌کانی ژیان بخه‌نه ژیر رکیفی خۆیانه‌وه، ئه‌وا ده‌بێ ئه‌وکاته فاتیحای ئه‌ده‌بیات و هونه‌ر بخوینین.

«٥»

ئاشکرایه ئه‌ده‌بیات و هونه‌ر راسته‌وخۆ په‌یوه‌ستن به هه‌ست و سۆزی ناوه‌کی مرۆڤه‌وه، بۆیه ناکرێ له ده‌رێ ڕا جڵه‌و بکرین، چونکه کاروبه‌رهه‌می هونه‌ری و ئه‌ده‌بی، هه‌ر کاتێ هه‌ستت به حه‌قانیه‌ت و دروستی هه‌سته‌کانت کرد، خۆ به‌خۆ هه‌ڵده‌قوڵین و له دایک ده‌بن.. دیاره ئه‌م حاڵه‌ته خۆڕسکه‌ش ریک پیچه‌وانه‌ی ویستی هه‌موو ده‌سه‌ڵاتیکه به گشتی و هه‌موو دکتاتۆریه‌تیکه به تایبه‌تی، چونکه سوخه‌تی ده‌سه‌ڵات و دکتاتۆریه‌ت ئه‌وه‌یه باڵ به‌سه‌ر هه‌موو مه‌یدانه‌کانی ژیاندا بکیشیت، خۆ هه‌ر کاتیک ئه‌م ئارمانجه‌ی بۆ هینرایه دی و که‌وته ئه‌وه‌ی بیر له داگیرکردنی دنیایه بکاته‌وه، هه‌نگینێ ئه‌ده‌بیات و هونه‌ر به‌ره به‌ره ده‌که‌ونه پاشه‌کشه‌و ئه‌دیب و هونه‌رمه‌ند پایه‌ی ریبه‌ری و شۆڕشگیڕی خۆی ده‌دۆڕینێ و ملکه‌چی یاساکانی پرۆسه‌ی به په‌راویزبوون ده‌بێ که ئه‌مه له‌شان و

شەوکەتی کەسایەتی و پایەی کۆمەڵایەتی و هونەری ئەدیب و هونەرمەند ناوەشیتەوە..

جا لەو پیودانگەوە کە ئەدەبیات و هونەر بە تەبیعەتی خۆیان میژووی راستەقینەی هەستەکانی تیرەی بەشەر پیک دەهینن، وا دەخوازن کە سیاسەت بەشیوازیکی رۆشنبیریی- شارستانیانە مومارەسە بکریت.

**یەکبوون ژ (١٠)**
**١٥/تەمموز/١٩٩٩**



## حەوتەوانە

«١»

بیگومان هەر میللەتیک کەلەپووری نەبێ، رابردووی نییە. واتە میژووی هاوبەشی نییە. هەر میللەتیکیش میژووی هاوبەشی نەبێ، ئەقڵی بە واقیعی ئیستەی خۆیدا ناشکێ و هەستی پیناکات.

بۆیە دەبێ کەلەپور بکرێ بە هیزیکی کۆمەڵایەتی کاریگەرو چالاک و گوژمی تازە بە میژووی نوێ ببەخشیت. چونکە سوڵتەی باڵای هەر میللەتیک بریتییە لە میژووەکەی.. هەڵبەتە رۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە، زانستانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بکەن و خویندنەوەی تازەیان بۆ کەلەپوور هەبێ و لە بازنەی داخراوی سەردەمی خۆیەوە بیگوازنەوە بۆ زەمەنی ئیستە. ئەگەر کەلەپوور، بریتی بێ لە کۆی ئەو میراتییە بەدەنی و فیکری و رۆحی و رۆشنبیری و ئەدەبی و شارستانیانەی پیشینان بۆیان بەجێ هیشتوین، ئەوا دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە هەموو ئەو میراتە، هەڵقوڵاوی واقیع و سەردەمی خۆیەتی و ئەگەر بە پیوەری بەخششەکانی سەردەمیکی دی هەڵی بسەنگینین، کە مەخابن زۆر خویندەوارو رۆشنبیر ئەمە دەکەن، ناسنامەی راستەقینەی خۆی و دەلالەتی دروستی خۆی لەدەست دەدات.

بۆیە بایەخدان بە کەلەپوور تەنیا بۆ سەرگەرمی و شانازی کردن بە رابردووەوە نییە. بەڵکو بۆ سەر لە نوێ هینانە دواندنی رابردووە تاکو ببێ بە پشتیوانیک بۆ تیگەیشتن لە ئیستە، ئەو ئیستەیەی کە رۆڵەی رابردووەو دەبێ بە باوکی ئایندە..

کەرەستەو بەرهەمەکانی کەلەپورو رابردووی رۆشنبیری و شارستانیەت، چەندە بۆ بارودۆخی سەردەمی خۆی گونجاوو پەسەندبێ، ئەوا بۆ سەردەمی تازە هەندیک یان زۆربەی بایەخی خۆی دەدۆڕینێ. بۆیە کەلەپورو رابردوو وەکو خۆی وەرناگیرێ..

بەبێ رابردوو، ئیستەبوونی نابێ، ئیستە پەرەپیدانی رابردوو دەبێ ئیستەی هەر میللەت و نەتەوەیەک دریژەی رابردووی دەبێ. دریژەیەک کە رابردوو وەکو خۆی دووبارە ناکاتەوە. بەڵکو بونەوەریکی تازەی لێ دروست دەکات. بوونەوەریک کە هەوینی رابردووی تیدا بێ و سیمای ئیستەی هەڵگرتبێ..

«٢»

رۆشنبیری ئەمڕۆی کورد، وەکو ئەو ماسیە بچکۆلەیەی لیهاتووە کە لە گۆمیکی بچووکداَ راهاتبێ و پاشان هینابیتت و فڕیت دابیتە رووباریکی خوڕو بەسامەوە، بۆیە زۆربەیان وەکو ئەو ماسییە سەرسامن!

جاریٚ بەر لە هەر شتیک دەبێ شوینی خۆت وەکو نەتەوە لەسەر نەخشەی کۆمەلآیەتی ئەم سەردەمە جەنجالّەدا دیاری بکەیت.

کورد، لە کاتیکدا قڕەی میللەتانی دنیایەو کیانیکی سیاسی رەسمی نییە؛ بێ دەولّەتە.. هەلّویستی زۆربەی رۆشنبیرانمان نەم و مژاوی و لیلّە. ئەمە جگە لەوەی کە ریبای رۆشنبیری خەریکە دەبێ بە باو.. ئیمە تانهۆ یەک روانین لەیەک کەش و هەوای ویژدانی دا یەکی نەخستوین و نەکەوتوینەتە سەر راستە ریگەی کارکردن.. بێ بەرنامەیی زالّە بەسەر هەموو ژیانی کوردەواری دا. دیارە ئەمە بۆ ئەم سەردەمە تیژ تیپەڕە زۆر خەتەرە. بەرنامەو بیر، پرۆژەیە بۆ کارکردن.

بایەخی هەر پرۆژەیەکیش لە سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەدا دەردەکەوێ. ئیمە بمانەوێ و نەمانەوێ لەسەر دەمیک دا دەژین، ناتوانین خۆمان لە کارتیکردن و تەنانەت لاسایی کردنەوەش بدزینەوە. دیارە لاسایی کردنەوە؛ کۆپی کردنی مووبەموو نییە، بەلّکو کارکردنە بەو نەفەسەی کە ئەوان پەیڕەویان کردووەو دەیکەن.. واتە دەبێ هەلّویستی عەقلانیمان دەربارەی مەسەلەکانی سەردەمی خۆمان هەبێ و لە هەردوو سەرچاوەی بیگانە و خۆمالّیەوە ئیلهامی خولّقاندنی رۆشنبیرییەکی نوێ وەربگرین،، کە هەم روانین و جیهانبینی کوردانەی تیدابێ و هەم هەلّوەستەی هاوچەرخانە لەخۆ بگرێ. ئیمە دەبێ ئەو شیوازو میتۆدانە لەعەمەل بینین کە یارمەتی وەرگر «متلقی» دەدات لە پرۆسەی چیژ وەرگرتن دا. هەروەها یارمەتی رەخنەگر دەدات لە پرۆسەی هەلّسەنگاندندا.

ئیمە دەبێ سوود لەو میتۆدانە وەربگرین کە دەتوانن وەلآمی پیداویستییە روحی و رۆشنبیری و فیکری و ئەدەبی و شارستانییەکانی رۆژگاری ئەمرۆمان بدەنەوە. هەر ئەمەش وادەکات کە وەکو شەریک، شان بەشانی بەرهەمهینانی رۆشنبیری و شارستانی دنیا بڕۆین، نەک وەکو پاشکۆ بەهانکە هانک دوای بکەوین و هەر پیی نەگەین. دەبێ ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین:

دەمانەوێ ئایندەمان چۆن بێ؟ کەلەپوور و رابردوو بۆ ئەوە بایەخیان



پینادرێ کە تیایدا غەرق ببین و سەر لە نوێ وەک خۆی کۆپی بکەینەوە. بەلّکو تەنیا وەکو سەرچاوەیەکی ئیلهام ئاوڕی لێ دەدریتەوە. گەلانی زیندوو بیانەوێ و نەیانەوێ لە سەریانە ژیان دروست بکەن. چاکتر لە رابردووان دروستی بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش هەر ئەوەندە ئاوڕ لە کەلەپوورو رابردوو دەدەنەوە کە ریگەی ئایندەیان بۆ رۆشن دەکاتەوە.

«٣»

کەلەپووری کوردی، نەک هەر نەبووە بە کۆسپ لە ریگەی پیشکەوتن دا، بەلّکو تا ئیستە بێ خاوەنەو وەکو پیویست کۆ نەکراوەتەوەو نەخوینراوەتەوە. مەودا ئیجابی و سەلبییەکانی لیک نەدراونەتەوە.

هەرگیز نەبووە بە بار بەسەر رۆشنبیری کوردەوە. رۆشنبیرانی کورد بەخۆیان تارادەیەک کەمتەرخەمن و ئەو دەرفەتە سیاسیانەیان نەقۆزتوەتەوە کە ناو بەناو، لیرەو لەوێ بۆ کورد رەخساون.

رۆشنبیرییەکی دەولّەمەندی هاوچەرخی ئەو تۆمان بەرهەم نەهیناوە کە وەکو چۆن کەلەپور وەلآمی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی بووە، ئەمانیش وەلآمی پرسیاری سەردەمی خۆیان بدەنەوە. چوونەوە سەر سەرچاوەی کەلەپور مانای وانییە کویرانە بگەڕیینەوە بۆ دواوەو نموونە کۆنەکان کاویژ بکەینەوە. بەلّکو پرۆسەی روانینیکی رەخنەگرانەیە بۆ کەشف کردنی رەگەزە زیندووەکانی کەلەپور، تا بەردەوامییەکی هاوچەرخانەی پیبدرێ. هەر نەتەوەیەک بە هوشیارییەوە رابردووی خۆی دەرک نەکات، لە پەراویزی میژوودا دەژی و لە رۆخی ئیستادا خۆکوژی دەکات. بۆیە پیویستە رۆشنبیرییەکی وەها بەرهەم بهینرێ کە لەلایەکەوە پەیوەست بێ بەرەگ و ریشەی میژووی خۆیەوەو لەلایەکی ترەوە لەگەلّ بارودۆخی سەردەمی خۆیدا گەشە بکات..

«٤»

کۆی میراتی شارستانی و رۆشنبیریی هەر نەتەوەیەک دەکاتە کەلەپووری ئەو نەتەوەیە.

واتە کەلەپوور دەکاتە کۆی هەموو دەستکەوت و بەرهەمهینانی میژوویی و فیکری و هونەری و شارستانی و رۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە؛ بەم پییە مرۆڤ مەحکومە بە کەلەپوورو لەناو جەرگەیدا دەژی، ئەوەندە هەیە نابێ تییدا غەرقبێ، بەلّکو دەبێ بکرێ بە ویستگەیەک بۆ گوڕبەستنەوە بەرەو ئایندە.

پەیوەندی نەتەوەیەک لەگەڵ کەلەپووری خۆیدا، دەرک کردنی خۆیەتی لە رابردوویدا، فامین و دەرککردنی رابردوویەتی لە ئیستەیدا، کەلەپوور دەبیتە یارمەتی دەریک بۆ گەشەکردن و پەرەسەندن. ئیستە بەندە بە رابردووەوەو لە دەریی رابردوودا بوونی نییە.

ئایندەش رۆڵەی حەڵاڵ زادەی ئیستە دەبێ.. ئەگەر مرۆڤی کورد «ئایندە»ی لەبەرچاو گرت و بایی ئەوەندە ئاوڕی لە کەلەپور دایەوە کە رێ رۆشن کەرەوەبێ، ئەوا یەکەم هەنگاو لە بواری لە دایک بوونی تازەدا دەبێ و بە مەسئولیەتەوە ریگەی ئایندە دەگریتە بەر.. رەفزکردنی واقیع خۆی لە خۆیدا کاریکی بەجییە، بەڵام دەبێ هاوکات لەگەڵ سەرەتای رەفزکردندا تەسەوریکی روون لەمەڕ واقیعیکی دروستی نوێ هەبێ، کەچی پیدەچیت ئەم ئەڵقەیە لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا تا ئیستە ون بێ... پەیوەندی نیوان رۆشنبیریی نەتەوەیی و کەلەپوور، وەکو پەیوەندی نیوان منداڵیتی و گەنجایەتی وایە؛ گەنجایەتی هەرگیز منداڵیتی مرۆڤیک ناسڕیتەوە، بەڵکو لە چوارچیوەی ناسنامەی هەمان کەسدا گەشەی پیدەدات..

«٥»

هەر بەرهەمیکی رەسەنی فیکری و فەلسەفی یان رۆشنبیری، هەرچەند زادەی سەردەمی خۆیەتی، بەڵام لە سەردەمی خۆی هیوەتر دەڕوات و رەنگە لە سەدەکانی دوای خۆیشی دا هەر رەنگدانەوەی بمینێ و هەندێ جار هەوڵی ئەوە بدات لە دنیای نەمری و جاویدانی دا دەنگدانەوەی خۆی تۆمار بکات کە رەنگە ئەفسانە دیرینەکان کە زادەی روانین و بۆچوون و خەیاڵی خەڵکانی سەردەمی خۆیان بوون، تارادەیەک ئەم حاڵەتەیان بۆ خۆیان تۆمار کردبێ... ئەوەش کەلەپوورە، رۆژگار وای لیهاتووە، میراتی هەموو گەلانی کۆن و نویی دنیا بووە بە کەلەپووری هەموو میللەتان و هەموو مەحکومین بە کەلەپوور.

کەلەپووری ئیمەی کورد تا ئیستە هەر پەراگەندەیەو ئەو بایەخەمان پینەداوەو نەکراوە بەو بتە پیرۆزەی دنیامان بۆی تەرک کردبێ و هەموو کاریکمان وەلاوە نابێ و خەریکی پەرستنی بین و ترسی ئەوە هەبێ کە سەلەفیەتی نویی لێ بکەویتەوە. هیواو کەڵکەڵەو خۆزیاو ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ نیگەرانی مرۆڤ بێ کۆتاییە، هەموو ئەمانە لە سەردەمیکەوە بۆ سەردەمیکی دی دەگۆڕین، ئەوەی بەرەنجانی پیداویستییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی دوینێ بووە، بۆ ئەمڕۆ کۆنن، ئەوەی لە دایک



دەبێ، زۆربەی هەرە زۆری بۆ سبەینێ کۆن دەبێ، ئیدی ئەمە دەورەی ژیانەو نابێ پیی قەڵس بین، بەڵکو دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین مرۆڤانی خۆمان بەدی بهینین، دەنگی رەسەن بەرهەم بینین و لەمەودا دورەکاندا تۆماری بکەین و بەشداریەکی هەرچەندە بچوکیش بێ. لە بەدیهینانی مرۆڤایەتی مرۆڤدا بکەین..

ئەمڕۆ ئیمە لە سەردەمیکداین هیچ کەس و نەتەوەیەک ناتوانێ بە تەنیا هەموو مەزرا مەعریفی و بەها مرۆڤانی و شارستانییەکان بەرهەم بهینێ، بۆ ئیمەی کورد لە سەرمانە ئەو حەقیقەتە بفامین و هەوڵ بدەین وەکو شەریک بەشداری لە بەرهەمهینانی بوارە مەعریفیەکاندا بکەین و بە پاشکۆیەتی رازی نەبین و هەرگیز کەلەپور ریی لێ نەگرتوین و ئیمە بەو بیانوانە دەستەپاچەیی و بێ دەسەڵاتی خۆمان دەشارینەوە..

«٦»

بیگومان، ئیمە لەسەردەمیکی یەکجار ئاڵۆز، تیژ تیپەڕ، فرە دەنگ و فرە فیکری سامناک دا دەژین.. دیارە میللەتیک کەتا ئەمڕۆ کیانی سیاسی خۆی نەبێ، کاروچالاکییە هەمە جۆرەکانی لە چوارچیوەی یەک کردەوەدا نەخەملێ بێ، رووەو یەک ئامانج نەچێ، هیشتە پیی وانەبێ کە «کاری هاوبەش» تاقەچەکیکە مرۆڤ لە بازنەی تاکپەروەری دەپەڕینیتەوەو ئاویتەی کەسانی دی دەکات.. بۆ میللەتیکی ئاوها لەم سەردەمە نیگەرانەدا، هەقی خۆیەتی لە ونکردنی ناسنامەی خۆی بترسیت و هەوڵی ئەوەبدات لە نیو ناسنامەی خەڵکانی دیدا بزر نەبێ و نەتویتەوە.

مخابن ئیمە لە ژیانی رۆشنبیریماندا هەندێ پەراگەندەین و دیارە ئەمەش گەلیک هۆی هەیە. لە سەرووی هەموویانەوە نەبوونی دەوڵەتیکی کوردییە، کە بۆ ئەمڕۆکە بنەمایەکی هەرە سەرەکی مەرجەکانی بوونی نەتەوەیەک پیک دەهینێ.. تا ئیستە یەک روانین لە یەک کەشوهەوای ویژدانیدا یەکی نەخستووین، نەمانتوانیوە ئاوازە پەراگەندەکان یەک بخەین. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی نەخەملینی ژیانی رۆشنبیریمانە، کە بنەمایەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی پیک دەهینێ و هۆیەکە لە هۆیەکانی دروستکردنی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە.

ئەگەر ژیانی رۆشنبیریی چوارچیوەیەک بێ، ئەوا هەموو بابەتەکانی دی لەو چوارچیوەیەدا دیتە بەرهەم هینان و هەر کەس و هەر نەتەوەیەک شیوازی تایبەتی خۆی لەو چوارچیوەیەدا بەکار دینێ، هەر ئەم شیوازە

تایبەتیەیە کە هەندێ جار شەقڵی مەحەلیەت وەردەگرێ و دەبێ بەپەنجەرەیەک بۆ پەیوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانی لە هەموو دنیادا، کە بەشیوەی هەمەجۆر لە ژیانی رۆشنبیرییدا رەنگی داوەتەوە. بۆیە کورد هەقی خۆیەتی پاریزگاری لە ناسنامەی خۆیبکات و نەیەلێ لەم سەردەمە جەنجاڵەدا لیی بزر بکرێ، ئەگەر ئەمە قەیران بێ دەبێ بەرەو پیری بچین و واقیعبینانە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین تازوو لیی دەرباز بین و تیایدا نەخنکیین و بگەینە کەناری ئارام و ئاسودەیی..

«٧»

پیویستمان بە بەرنامەیە. بەرنامەیەک کە لەم پاشاگەردانی و ئاژاوەیەی ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەمە رزگارمان بکات و رووی مەجلیسی سەدەی بیست و یەکمان هەبێ!!.. دەبێ بایەخی هەرە سەرەکی بەو لایەن و بوارە مەعریفیانە بدەین کە وەڵامی پیداویستییە روحی و رۆشنبیری و شارستانییەکانی رۆژگاری ئەمرۆیان پییە.. ئەمرۆ رەگی لە رابردوایە، لق و پۆپ و چڵ بۆ ئایندە دەهاوێ.. بەو مەبەستە ئاوڕ لە رابردوو دەدریتەوە کە رەگەزە زیندووەکانی کەشف بکرێ و لەگەڵ ئیستەدا ئاویتە بێ.. هەر نەتەوەیەک رابردووی خۆ فەرامۆش بکات و تیی نەگات، ئەقڵی بە ئیستەی خۆیدا ناشکێ و لە پەراویزی ئیستەیدا دژایەتی خۆی دەکات و ریسوایی بۆ ئایندە بەجێ دیلێ..

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (١٥٢)**
**١٩٩٧/١٢/١٣**



## شۆڕشگیڕاندنی ئیستا

«١»

مەسەلەی کەلەپوور، خویندنەوەی کەلەپوور، هەڵویست وەرگرتن دەربارەی کەلەپوورو پاشان رەعەمەل هینانی کەلەپورو ئاویتەکردنی بە ئیستا، یەکیکە لەو بابەتانەی زۆر جاران لە هەردوو ئاستی هونەری و کۆمەڵایەتی. ژیاری و شارستانی دا، رووبەڕووی بیروبیرکردنەوەی مرۆڤ بووەتەوەو مشتومڕی گەورەو دریژخایەنی لە نیوان کەلەپوردا ناوەتەوە، بیگومان هەر مشتومڕیکی لەو بابەتە بۆ خۆی نیشانەیەکی باشی دروستی بیروبیرکردنەوەیەو خەملینی زیاتری بیری لیدەکەویتەوەو وەکو بابەت دەهینێ مامەڵەی لەتەک دا بکریت و هەڵویستی روون و ئاشکرای لەمەڕ بیتە دەربڕین..

شتیکی بەڵگە نەویستە کە کەلەپوور تەنێ کەڵەکەی سەر لە بەری بوارەکانی چالاکی مادی و مەعنەوی رابردوو، و ریزگرتنی ئەو رابردووە نییە، بەڵکو پتر خویندنەوەیە بۆ ئەو رابردووە، هەڵویستە دەرهەق بەو رابردووە، موتوربەکردنی ئیستایە بەو رابردووە، بۆیە دەبێ بەر لە هەموو شتیک بتوانین واقیعی کەلەپور بدینین و بیخوینینەوەو هەندەی بڕشتی مابێ لە زەمەنی خۆی دەری بینین و ئیستامانی پێ بجولینین و دەولەمەندی بکەین و.. کەواتە رەفزکردنی کەلەپور بە ئاوایەکی موتلەق، کاریکی ناشایستەو بگرە کۆنە پەرستانەیە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەلەپوریکی پیرۆز بیت و ئیمەش وەکو بتپەرستانی گەمژە بە چاک و خراپ و بە بۆنەو بەبێ بۆنە کڕنوشی بۆ ببەین؛ بەڵکو دیارە کە کەلەپور بەرەنجام و زادەیەکی میژووییەو وەڵامدانەوەی پرسیارە زۆرو زەبەندەکانی سەردەمی خۆیەتی کە هەندیکیان تاکو رۆژگاری ئەمڕۆش زیندوویەتی خۆیان پاراستووە، جا لەم پیودانگەوە دەبێ زات و جورئەتی موناقەشەکردن و کەشف کردن و هینانە دووانی کەلەپورمان هەبێ، نەک بێ چەندوچوون تەسلیم ببین مەعلومیشە ئەگەر رابردوو نەبێ ئیستا چ ناسنامەیەکی نابێ، بۆیە ئیستا رەگی لە رابردوودایەو لە ویندەرەوە خواردن وەردەگرێ و بالا دەکات و لق و پۆپ بەرەو ئاییندە دەهاویت..

ئەوەش ئاشکرایە کە کەلەپور لە کرۆک و جەوهەردا، کۆمەڵە شتیکی سەلماوی موتلەق نییە، بەڵکو کۆمەڵە وەڵامیکی کۆمەڵە پرسیاریکە کە لە

قۆناغ و سەردەمی خۆیەوە هەڵقولاوە، هەر قۆناغیکیش وەکو چۆن پیداویستی خۆی هەیە، بەو جۆرەش پرسیاری خۆی هەیەو بە شوینی وەلامدا دەگەڕیٚ و ئیدی پرسیارو وەلامەکانی تیرەی بەشەر لەبن نایەن و بەپیی قۆناغ و سەردەمان لە حالّی تازەبوونەوەدان.. واتە کۆمەڵگەی هەر قۆناغ و سەردەمیک دەنیو دنیایەک پرسیاری جەنجالٚ و تیکرژاودا دەژی، پرسیاری نویٚ و کۆن، خەڵکی هەر قۆناغەش بە پیی دەرک و تیگەیشتنی خۆی بەرپرسە لە وەلامدانەوەی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی.

«٢»

هەر لە میانەی ئەم بابەتەوە زۆر جار باسی رەسەنایەتی و نارەسەنی دیتە گۆڕیٚ. رەنگە ئەم بابەتە رای جۆراوجۆری لەسەر بیٚ و لەوەیە زۆربەی راوبۆچوونەکان لەوەدا یەک بگرنەوە کە رەسەنایەتی دەکاتە واقیع بە هەموو رەگەزو توخم بە گشت بەرینی و قولّییەکی‌یەوە.

جا هەر لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەدا دەکریٚ بگوتریٚ هاوچەرخایەتیش بریتی یە لەبەکارهینانی میتۆدی زانستی لە بیرکردنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوورو واقیع دا.

کەلەپوور، قۆناغیکی میژوویی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەر لە چیبوونی نەتەوەیی و پاش چیبوونی نەتەوەییشە.

کەلەپور ئاڵکاو بوون و ئاویتەبوونی میژووی مەتریالی و مەعنەوی هەر میللەت و نەتەوەیەکە لە کۆنی کۆنەوە تا رۆژگاری ئەمرۆکە. واتە کەلەپور لەوە دەوڵەمەندترو فراوانترو بەروماوە کراوەترە کە بە تۆبزی لە قالّب و قەفەزی یەک گەل و نەتەوەو یەک قۆناغی ژیاری و شارستانی بخریٚ. ئیدی ئیمە ئەوەی کە لە کەلەپور وەری دەگرین و مامەڵەی جیددی و زانستی دەگەڵ دەکەین، ئەوەیە کە بونیادی شارستانیەتی ئەمرۆمانی پیٚ مکوم بکەین و قایم بکەین، بیگومان شارستانیەتیش لە کرۆک و جەوهەردا، لە بنج و بناواندا، بەروبومی تیرەی تیکڕاو سەر لەبەری بەشەرە، واتە هەرچی شارستانیەتی ئەم دوونیایە هەیە، کەم و زۆر، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە کارلیکدابوون؛ لیکدییان وەرگرتووەو بەیەکتریان بەخشیوەو بەراستی بەخشش و وەرگرتن بۆ خۆی ماکی زیندوویەتی و ئینسانیەتی هەر شارستانی‌یەتیکە. کەواتە لە سەرمانە بە پیی میتودیکی زانستی کەلەپوری شارستانیانەی خۆمان بەشیوەیەکی



بابەتیانەی دوور لە حەزو ئارەزوو و بانگەشەی سیاسی دابڕیژینەوە..

کەواتە ئەگەر رەسەنایەتی واقیع بیٚ بە هەموو مەوداکانیەوە، کە یەکیکیان کەلەپورە، ئەوا جاریکی دی هاوچەرخیتی دەکاتە بەکارهینانی میتودیکی زانستی لە بیرکردنەوەدا. هەڵبەتە هەر واقیعیک بۆ خۆی کۆمەڵیک مەوداو تان و پۆی خۆی هەیە، کۆمەڵیک تایبەتمەندی و سروشت و پیکهاتەی خۆی هەیەو تا ئەو مەداو تان و پۆیانە نەیەنە دەرک کردن و تیگەیشتن، ناتوانریٚ تواناو کەرەستەو ئارمانجەکانی گۆڕان و گۆڕانکاری بدۆزریتەوەو بەدەست بهینرین. مەبەستیش لە دەرک کردن و تیگەیشتنی واقیع ئەوەیە بتوانین هەڵویستی خۆمان لەمەڕ کەلەپور دیاری بکەین، جا لەویوە ئەو رەگەزانەی کەلەپور وەردەگرین کە دەتوانن بەشداری کاریگەرو راستەوخۆ لە گۆڕینی واقیعی ئیستاماندا بکەن، یان بەلایەنی کەمەوە خیرایی بە گۆڕینی واقیعی ئیستامان بدەن، جا بەم پییە دەشیت بەهەمان عەیارو مەحەک مامەڵە لە تەک کەلەپوری سەر لەبەری تیرەی بەشەردا بکریٚ و ئیلهامی لیوەربگیریٚ و خیرایی بە پرۆسەی رەوتی گۆڕانکاری ئەمرۆمان بدات. دیارە هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەلایەتی لە جەوهەرو کرۆک دا، بریتی‌یە لە تیپەڕاندنی واقیع و گویزانەوەی کۆمەڵ بۆ قۆناغ و سەردەمیکی پیشکەوتوترو بالاترو مرۆڤانی تر.

واتە دەبیٚ بەو نەفەسەوە مامەڵە لە تەک کەلەپوردا بکەین کە بتوانین شیوەو شیوازیکی شارستانیانەی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە دەگەڵ راپەڕینی هەمە لایەنەی نەتەوەییماندا بگونجیت. هەڵبەتە ئەم مامەڵەیەش لە بۆشاییدا ناکریٚ. بەڵکو لەناو جەرگەی واقیع دا ئەنجام دەدریٚ بیگومان هەر واقیعەش بۆخۆی دەرهاویشتەو پیداویستی خۆی هەیەو دەگەڵ تەبیعەتی قۆناغی خۆیدا دەگونجیت. بیگومان ئەگەر بەشیوەیەکی واقیع بینانەو بە پیی میتۆدی زانستی بیرکردنەوە مامەڵە دەگەڵ کەلەپوری خۆمان و خەڵکی دا نەکەین، ئەوا دەبین بە کۆمەڵیکی میملّ بەسەر شارستانیەتەوە، نەک کۆمەڵیکی بەشدار لە بەرهەمهینانی شارستانیەت. واتا دەبیٚ لەبەر رۆشنایی بیرکردنەوەی زانستی نویٚ و بە کەرەستەی نویٚ و بە تیڕوانینی نویٚ مامەڵە لە تەک کەلەپوردا بکەین، چونکە بەها پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی نیو کەلەپور، بۆخۆیان بەهای میژوویین.

واتە بە پیی شوینیان لە میژوودا، پیشکەوتن یان پاشکەوتنی ئەو بەهایانە بۆ سەردەمی خۆیان دیاری دەکرین.

«٣»

کەواتە دەبێ روانینێکی مرۆڤانیمان لەمەڕ کەلەپور هەبێ بە پێی یاساو ریسای وەرگرتن و بەخشین مامەڵە لەتەک تێکڕای کەلەپوری تیرەی بەشەر بکەین و بەجۆرێکی وردبینانەو هوشیارانە ئەو کەلەپورە هەڵبژێرین کە واقیعی ئێستامان بگۆڕن و خێرایی بە پێشکەوتنمان ببەخشن و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانمان بەدی بێنن و بەرەو قووڵایی مێژوومان بەرێ و بمانکات بە شەریکی بەرهەمهێنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، نەک لە پەراویزی مێژوومان گیرۆدە بکات و بەرەبەرە ببین بە بەشێک لە پەراویزی مێژووی مرروودا.

**پەراویز:**

**التراث والثورة/ غالی شکری ط ١٩٧٣**

**هەفتەنامەی گولان ژ ٢٢٠**
**١٩٩٩/٤/١٠**



# تیرۆژێکی ئەدەبی

«١»

زۆرجار دەقێکی ئەدەبی یان کارێکی هونەری لە قۆناغێکدا رەواجێکی زۆر پەیدا دەکات. دیارە مەرج نییە هەر دەقێکی رەواجدار دەقی چاک بێت، بەڵام دەقی چاک هەمیشەو بە زەبری هونەرییەتی خۆی رەواجدار دەبێت.

«٢»

چیرۆک پتر مامەڵە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی مرۆڤانیدا دەکات، مامەڵە لەگەڵ هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، بۆیە تا چیرۆکنووس شارەزایی لە تەبیع و تەبیعەتی مرۆڤدا پتر بێ و زانیاری قوڵ و دەوڵەمەندی لەم بارەیەوە هەبێ، کارەکەی زیندووترو دووربوردتر دەبێت.

«٣»

نووسەر بەتایبەتی چیرۆکنووس بۆ ئاسودەیی ویژدان و رەواندنەوەی نیگەرانی خۆی دەنووسێت. بۆیە دەبێ خاوەنی روانین و جیهانبینییەکی مرۆڤانی روون و دیار بێ، تا بتوانێ بە ئەمانەتەوە روانین و جیهانبینی خۆی لەمەڕ مرۆڤ و دنیای دەوروبەری نەقڵ بکات.

«٤»

نووسەر، ئەگەر ئەزموونی خودی خۆیشی بکات بە کەرەستەی نووسینی چیرۆک و رۆمانەکانی، نابێ هەرگیز وەکو لایەنێکی هاوکێشە هونەرییەکە دەربکەوێت. نابێ ببێ بە لایەنێکی رووداوەکان، بەڵکو دەبێ تەنیا چاودێری رووداوەکان بکات و لە هەموو شوێنێکی دنیای چیرۆکەکەدا ئامادەیی هەبێ و لە هیچ شوێنێکی دا دیارنەبێت. دیارە هەندێ نووسەری زۆر گەورە هەن لەم یاساو ریسایە بەدەرن و بۆخۆیان یاساشکێنی دەکەن کە خۆی لە خۆیدا جۆرە زندویتی و نەمرییەک بە کارەکانیان دەبەخشێت.. نووسەر یان چیرۆکنووس نایەت ریگە بە خەڵکی نیشان بدات یان بەرنامەی کاریان بۆ دابنێ، بەڵکو فێری چۆنیەتی لەخۆ گەییشتنیان دەکات؛ هەڵبەتە ئەمە بە زەبری هونەرییەت دەکات.

چیرۆکنووس نابێ ببێ بە وەعزدادەری کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری خەڵک ناکات کەچی بکەن و چی نەکەن. بەڵکو تەنیا چاودیریکە کامیرایەکی زۆر حەساسی لەناو هەموو هەستەکانی دا شاردۆتەوەو زندوترین ساتە مرۆڤانییەکانی ناو بزاڤی ژیانی، هونەرمەندانە پیدەگرێ و نیشانی دەدات؛ چیرۆک پتر نیشاندانە تا گوتن.

«٥»

یەکیک لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی چیرۆکنووس ئەزموون و خبرەیە. ئەمە بە رادەیەک بۆ چیرۆکنووس پیویستە کەدەشیت بە رەسەنترین سەرچاوە بزانرێ و هەر شتیک کە خبرەی دەربارەی نەبێ، نابێ خۆی لە قەرەی بدات. چونکە بە دڵنیاییەوە تووشی ناکامی دەبیت. هەڵبەتە مەبەست لە خبرەو ئەزموون تەنیا ئەزموونە تاقیکراوە شەخسییەکان نییە، بەڵکو ئەوەی دەربارەی کەسانی تریش دەیبیستێ و دەیبینێ هەر دەکاتە خبرەو دەبێ بە موڵکی چیرۆکنووس و بۆی هەیەو دەتوانێ ئەوپەڕی سوودی لیوەربگرێ.

«٦»

ئاڵۆزی و غموز یەکیکە لە سیماکانی ژیانی مرۆڤ و بگرە رەگەزیکی رەسەن و جەوهەری ژیانی مرۆڤە. واتا هەر مرۆڤیک بگری، بەتایبەتی لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، کۆمەڵیک ئاڵۆزکاوی خۆی هەیە. ئەمە جگە لە مەرگ، کە رەنگە یەکیک بێ لەو فاکتەرە ئاڵۆزانەی کە خودی مرۆڤ و تەبع و تەبیعەتی ئاڵۆز بکات. لە چیرۆکدا چیرۆکنووس نایەت رای خۆی لەمەڕ ژیان و مەرگ دەربڕیت، بەڵکو ئەو شتە تۆمار دەکات کە خۆی بە چاوو هەستی هونەرمەندانە دەیبینێ. ئەم حاڵە ئاڵۆزە لە هەموو دەقیکی زندوودا رەنگدەداتەوە.

«٧»

سەرەتاو دەسپیکی چاک، بە ئاسانی خوینەر بەگەڵ خۆی دەخات و بەرەو ناوجەرگەی رووداوەکانی دەبات، بەرەو قوڵایی دەقەکەی دەبات و ئیدی لە ویندەرەوە بە پیی ئاستی فامیدەیی و سەلیقەو رادەی تیگەیشتنی خۆی، مەبەست و رەمزو هیماکانی دەق کەشفدەکات و پیوەندی لە نیوان چیرۆکنووس و دەقدا نامینێ یان نووسەر دەچیتە خانەی نەبوانەوەو لەبری



ئەوە پەیوەندی لە نیوان خوینەرو دەقدا دروست دەبیت.

«٨»

قارەمان کۆڵەکەیەکی زۆر گرینگی چیرۆکە. بۆیە دەبێ زۆر زندوو بێ، واتا دەبێ پەیوەندییەکی زیندووی پڕ ژیانی لەگەڵ هەموو شتەکانی تری ناو دنیای چیرۆکەکە هەبێ. سەربەخۆیی خۆی هەبێ و نەبیت بە بڵندگوی بیروبۆچوونی سیاسی چیرۆکنووس، بەڵکو دەبێ بوون و ئامادەبوونیکی بەشەری ئەوەندە زندووی هەبێ کە ژیانی لیوە هەڵبقوڵیت.

«٩»

هەر چەندە کەرەستە ئەدەبییەکان موڵکی باووحەڵاڵی هەموو کەسیکن، بەڵام عیبرەت لەوەدایە کە هەر نووسەریک ریبازی تایبەتی نووسینی خۆی هەبێ و نەفەسی خۆی بەبەر ئەو دەقەدا بکات کە دایدەهینێ.

راستە نووسەری گەورەی ئەوتۆ لە دنیادا هەن و هەرچی بکەی ناتوانی لەکاریگەرییان دەربچیت و یاخی ببی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لاسایی مووبەموو بکرینەوە، چونکە ویڕای دوور بوردی و ئایندەڕوانییان، هەر رۆڵەی سەردەمی خۆیانن، بۆیە هەر بەهەمان پیوانە، هەر نەوەیەک رۆڵەی سەردەمی خۆیەتی و نابێ خۆی بەیەک فۆرم و شیوەوە ببەستیتەوەو دەبێ دەقخولقین بێ، دیارە دەق خۆی لە خۆیدا شۆڕش و، شکاندنی شیوەو قاڵبەکانە..

«١٠»

چیرۆکنووس نابێ لە کاتی نووسیندا، جەماوەری خوینەر لە هزری خۆیدا بەرجەستە بکات و لیی بترسیت. هەر لەم پیودانگەوە نابیت سڵ لە بەکارهینانی ئاڵۆزترین ووشەو دەستەواژەو رستە بکاتەوە. دەبێ سەیرترین ووشەو خواستێ بەکاربینێ ئەگەر گوزارشت لەو مەبەستە بکات کە نووسەر گەرەکیتی هونەرمەندانە نیشانی بدات.بە کورتی دەقی چاک ئەگەر پڕ بیت لە ووشەو دەستەواژەی غەریب و ئاڵۆزو ناباویش، مادامیکی نووسەر دەزانیت ئەو ووشەو دەستەواژانە چ دەگەیەنن، ئەوا جەماوەری خوینەریش تییدەگەن.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆکنووس کەشفکردنی شەخسی لە

خوینەر بشیوینێ و روانینی خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

بەهەر حاڵ ویڕای ئەو قسانەش، باوەڕناکەم هیچ جۆرە یاساو ریسایەک هەبێ بۆ نووسینی ئیبداعی،چونکە ئەفراندن لە بنەڕەتدا بریتییە لە شۆڕش و یاخی بوون لەهەر دەستورو ریسایەک. هەر نووسەرە دەتوانێ بەدەر لە سوود وەرگرتن لە تەجرەبەو نووسینی کەسانی بەر لە خۆی و کەسانی سەردەمی خۆی، یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی دابهێنێ و کاری پێبکات. چونکە تاقە یاسایەکی نەگۆڕ لە بواری ئەفراندن دا تەنیا ئەوەیە کە هیچ ریسایەک نییەو، دەستورو یاسای تایبەتی لەگەڵ لە دایکبوونی هەر دەقیکی تایبەتیدا لە دایک دەبیت و ئاویتەی یەکدی دەبن.

**تیبینی:**

**بۆ زانیاری زیاتر بروانە: كتابە الرواية. جون برين. ترجمە مجيد ياسين.بەغدا ١٩٩٣**



# حەوتەوانە

«١»

رۆمان، رەنگە تەڕو تازەترین مەیدانی ئەدەب بێ، چونکە سەدان جۆگەلەی وردو درشت لە دوورو نزیکەوە دین و تیی دەرژین و زۆرجار شیوەی دەریا وەردەگرێ.. واتا رۆمان دەریایەکی مەنگی بە سام و هەیبەتەو سەدان جۆگەلەی سەرهەڵگرتوو دین و خۆی پیدا دەکەن و لەویندەر ئارام دەگرن و دەبن بە بەشیک لە پیکهاتەی ئەو دنیا باڵایەی ئەدەب کە پیی دەگوترێ رۆمان. شیعرو میژوو دوو جۆگەلەی هەرە سەرەکین لەو جۆگایانە!

بە کورتی، رۆمان چیرۆکیکە، قووڵی و بەرینی یەکی تایبەتی هەیە، کە رەنگە ئەم قوڵی و بەرینییە بە کەمتر لە پەنجا هەزار ووشەیەک نەیەتە نیشاندان؛ چونکە رۆمان وینەگرتنیکی تەواوی ژیانی بنیادەمە چ لە رووی ئاسایی و چ لەرووی قارەمانییەوە، چ لە رووی تاوتویکردنی ناخی روحی بنیادەمەوە، کە ئەمانە هەروا بە ئاسانی و لە چەند وشەیەکی کەمدا نایەنە نیشاندان. ئەمە جگە لەوەی کە رۆمان ئاویتەی تایبەتمەندییە مرۆڤانییەکانەو هەرگیز ناشیت مرۆڤ لە مەیدانی رۆمان وەدەربنرێ. چونکە ئەمە زیان بە رۆمان دەگەیەنیت و دەیپوکینیتەوەو لە هونەرییەتی دەخات و ئەو کاتە لە کۆمەڵە ووشەیەک بەولاوە چیتر نابێ، واتا چەند جوانیش بێ، دەبێ بە کۆشکیکی بێ ئاوەدانی و چۆڵ و هۆڵ.

«٢»

یەکیک لە بنەما سەرەکی و بنەڕەتییەکانی رۆمان، رەگەزو توخمی حیکایەت و نەقڵە، ئەم رەگەزە بەرادەیەک زاڵە کە زۆرجار بە چیرۆکی هونەرییش گوتراوە نەقڵ یان حیکایەت. بۆیە هیچ نابیتە زیدەڕۆیی گەر لە پیناسەی رۆماندا بگوترێ: «ژانریکی ئەدەبییە بەشیوەیەکی هونەری حیکایەت و نەقلان دەگیڕیتەوە». کەواتە گیڕانەوەی حیکایەت یەکیکە لەو بنەمایانەی کە لە هەموو رۆمانیکدا هەن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆمان بەبێ ئەم رەگەزە پیک نایەت.

هەڵبەتە رەگەزی حیکایەت و نەقڵ پیوبستە رەگەزیکی دیکەش بەگەڵ خۆی بخات، ئەویش ئەوەیە کەوا لە خوینەر یان گویگر بکات بە تاسەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بکات: پاشان چ دەبیت؟ واتا رووداوەکان

بەرەو کوێ دەچن و بە چ ئاکامیک دەگەن، ئەمەش دەکاتە وروژاندنیکی هونەریانەو وەستایانەی ئشتیای گوێگرتن یان خویندنەوە. دیارە ئەم رەگەزەش بایەخی زۆر گرینگی خۆی هەیەو هەر ئەمەش لە حیکایەتەکانی هەزارو یەک شەوەدا، شەهرەزاد لەمەرگ رزگار دەکات. واتا شەهرەزاد دەیزانی وەستایانەو هونەریانە چەکی «چاوەنۆڕی» بەکاربینێ و وا لەبەرانبەرەکەی بکات کە چاوەنۆڕی ئاکامی روداوەکان بکات.هەڵبەتە بۆ بەکارهینانی ئەم چەکە پیویست بە وەسفی وردو دڵگیرو دروستکردن و خوڵقاندنی رووداوی تازەو هۆشمەندانەو وینەی زیندوو هەیە، واتا ئەمانە هەموو دەبێ لە خزمەتی رەگەزی چاوەڕوانی دا بن، چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم پرسیارە: پاشان چی روو دەدات؟

«٣»

گوتمان، یەکیک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی رۆمان، حیکایەت و نەقڵە،..نەقڵ و حیکایەتیش گیڕانەوەی رووداوەکانە بە پیی تەرتیبی زەمان. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، گرینگی زەمان لە رۆماندا دەردەخات؛ چونکە رۆمان بەبێ زەمان و لە دەرەی زەماندا ناتوانێ هیچ شتیک بەیان بکات.

«٤»

رەگەزیکی دیکەی زۆر گرینگی رۆمان بریتییە لە قارەمان. دەتوانین بڵیین هۆکاری بەرجەستەبوونی رووداوە لە نیو چوارچیوەی زەمەنی هونەرییانەی چیرۆکدا. دیارە قارەمان راستەوخۆو وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە، ناگویزریتەوە بۆ نیو دنیای رۆمان و چیرۆک، بەڵکو دەستکارییەکی هونەریانەی ئەوتۆ دەکریت، کە تەنیا لە نیو واقیعی رۆمان و چیرۆکاندا، پاساو بۆ بوونی دەمینێ، هەر کە لەو واقیعە هەڵاویردرا ئیدی ئەو بوونە زیندوو کاریگەرەی نامینێ.. واتا چیرۆکنووس و رۆماننوس، پتر بە دیوی ناوەوەی کاراکتەرو قارەماندا شۆڕدەبیتەوەو بۆ خوینەری کەشف دەکات.

بە کورتی رۆماننوس قارەمانیک دروستدەکات و دەخوڵقینێ کە زۆر جیاوازە لە قارەمانی واقیعی، خۆ ئەگەر لە واقیعیشەوە وەربیگرێ کوت و مت وەکو خۆی وەرناگرێ، بەڵکو دەیکات بە خەڵقەندەیەکی هونەری و پۆشاکی خویندنەوەیەکی تازەی نووسەر یان هونەرمەندی بەباڵادا دەبڕێ..



دیارە ئەم خویندنەوەیە لایەنەکانی هەست و ئارەزوو، و خەون و خۆشی و شادی و خەم و ئەو خەون و خەیاڵ و هزرو بیرکردنەوە هەرە تایبەتیانە دەگریتەوە کە رەنگە داب و نەریت و یاساو ریسا کۆمەڵایەتی‌یەکان و شەرم و حەیا ریگەی بەرجەستەبوون و دەربڕین و نیشاندانیان نەدەن.

چونکە نیشاندانی ئەم لایەنانەی تەبیعەتی مرۆڤ، یەکیکە لە ئەرکە هەرە سەرکییەکانی رۆمان.. بەهەر حاڵ رۆمان، بەرهەمیکی هونەرییە. بنەماو یاسای خۆی هەیە.. قارەمانی رۆمان وەختێ واقیعی یە کە لەگەڵ ئەو یاساو ریسا تایبەتیانەدا بگونجین و- هەڵبەت دەشیت هەر رۆمانیک یاساو ریسای تایبەت بەخۆی بخوڵقینێ- کاتێ پیییان دەگوترێ واقیعی کەلە نیو کەشوهەواو یاساو ریسای تایبەتی رۆمانەکەدا، وەکو کاریکی هونەری، قەناعەت بەخش بن. نەک لە نیو ژیانی رۆژانەدا نموونەو وینەی زۆر بێ.. دیارە لە نیو قارەمانانی رۆمان و چیرۆکدا قارەمانی ئاڵۆزو فرە لایەن هەیەو قارەمانی سادەو یەک لایەن یان کەم لایەن هەیە. قارەمانی ئاڵۆزو فرە لایەن، بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و لە ئەنجامی گۆڕانی رووداو و کەشوهەوای رۆمانەکەوە دەگۆڕین و بەشیوەیەکی قەناعەت بەخش خوینەر رووبەڕووی سەرسامی دەکەنەوە، بەڵام سادەو کەم لایەنەکان، زوو دینە ناسین و ئەگەر هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، بە ئاسانی لە هزرو بیری خوینەردا دەمیننەوەو خوینەر تووشی سەرسامی ناکەن،، بە کورتی قارەمانی چاک ئەوەیە کە هەم بە ژیانی ئاساییەوە پەیوەست بێ و هەم لە کەشوهەوای تایبەتی خۆیدا، واتا لە دنیای رۆمان و چیرۆکەکەدا بژی و ئەو رووداوو بەسەرهاتانەی بەسەریان دین، تووشی هەڵچوونمان بکەن و لەزەتیکی ئستاتیکی بەرۆحمان ببەخشن.

«٥»

گرێ، یان هۆکارو ئەنجام، رەگەزیکی هەرە گرینگی دیکەی رۆمان و چیرۆکە. لە سەرەتادا گوتمان نەقڵ و حیکایەت دەکاتە گیڕانەوەی رووداوەکانی رۆمان بە پیی تەرتیبی زەمان، هەڵبەتە گرێ-ش گیڕانەوەو نیشاندانی رووداوەکانە بە پیی ئەو پەیوەستی‌یەی کە لە نیوان هۆو ئەنجامدا هەیە. واتا هەر هۆیەک یان چەند هۆیەک، ئەنجامیک یان چەند ئەنجامیکیان لیدەکەویتەوەو ئەمە پیی دەگوترێ ریسای هۆو ئەنجام. بۆ وینە گەر بگوترێ :«شامردو پاشان شاژن مرد» ئەمە حیکایەت و

نەقلّە.... بەڵام کە بگوترێ: «پاشا مردو دوای ماوەیەک شاژن لە سوییاندا مرد» ئەمە گرییە.. هەرچەندە لیرەشدا تەرتیبی بە دوایەکدا هاتنی زەمەن پاریزراوە، بەڵام ریسای هۆو ئەنجام زاڵە... گوتمان نەقلّ و حیکایەت وەکو رەگەزیکی رۆمان بەشیوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ ئەم پرسیارە دەوروژینێ:- پاشان چی دەبیت؟ بەڵام گرێ ئەم پرسیارە دەگریتە خۆ:- بۆچی؟! بۆ نموونە شاژن بۆچی مرد؟ واتا ئەگەر رەگەزو توخمی حیکایەت و نەقلّ کەڵکەڵە بوروژینێ، ئەوا گرێ هۆش و هزر دەوروژینێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو گرییەک دەبیت جۆرە نهینییەکی وەهای تیدابێ کە بەبێ هزرو هۆش نەدۆزریتەوە. واتا هەر گرییەک نهینییەکی تایبەتی خۆی هەیەو هۆش و بیر دەدوینێ، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە ئەو نهینییە دەبێ کورت و پوخت و پەسندو بەجێ بیت. خۆ ئەگەر هەندێ ئاڵۆزو تەماویش بێ ئەوا نابێ بەو رادەیە بێ کە خوینەر چەواشەو گومڕا بکات.

«٦»

فانتازی وەکو چۆن هەوینی ژیان و رەواندنەوەی سەرگەردانی مرۆڤە، رەگەزیکی پیویستی جیهانی ئەدەبیاتیشە. فانتازی، لایەنی بەرزە خەیاڵی و نائاسایی و ناواقیعی دەگریتە خۆو بەو مەبەستە رۆماننووس و چیرۆکنووس پەنای وەبەر دەبەن کە پتر هونەرییەت بەدەقەکانیان ببەخشیت و جوانییەکی هونەرییانەی گەشکە بەخشی پیبدات و یەکپارچەیی و شکۆی دەق بەرجەستەتر بکات.. رەگەزی فانتازی کە لە رۆمانی تازەی دنیادا زۆر لە برەودایە، پیویستە یارمەتی پیشڤەچوونی حیکایەتی چیرۆک بدات و دەوڵەمەندی بکات. واتا دەبیت لە خزمەتی پیشخستنی دەقەکەدا بێ. دەنا دەبیت بە پەڵەیەکی زەق و دەقەکە عەیبدار دەکات. چونکە فانتازیا، پتر بەمەبەستی بەرجەستەکردن و نیشاندانی هونەریانەی دیمەن و رووداوە پەڕاگەندەکانی ژیانە..

«٧»

هەڵبەتە، ئیمە بە شیوەیەکی زۆر خیراو پەراگەندە ئاماژەمان بۆ هەندێ توخم و رەگەزی. رۆمانکردو هەر هیندەی گوتاریکی رۆژنامەوانی هەڵبگرێ مامەڵەمان لەتەک دا کردون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەبێ ئەوە بگوترێ کە سەراپای رەگەزەکان جۆگەلەن و دەبێ برژینە نیو دەریای رۆمانەوەو دەقیکی



یەکپارچە پیک بهینن و بۆ زەرورەت نەبێ، نەکرێ لیکدی هەڵاویردرین.، واتا دەبێ هەموو رەگەزەکان بە دەوری یەک بابەت دا بسوڕینەوەو هەم بۆخۆیان نەشونما بکەن و هەم گەشە بە بابەتە سەرەکی‌یەکە بدەن و بابەتەکەش، قارەمانانی رۆمان توند لە هەمیز بگرێ و هۆکارو ئەنجام بخەملّینێ و فەراهەمی بکات و لە ئەنجامدا رۆمان وەکو دەقیکی زندووی هونەری لە دایک ببێ و هەموو رەگەزەکانی لە یەکەیەکی یەکپارچەدا پیکەوە ببەستێ و ئەوجا جاڕی هونەرییەت و بەدەقبوونی خۆی بدات..

**ژیدەر: جنبەهای رمان، ادوارد مورگان فورستر، ترجمە: ابراهیم یونس**
**چاپ چهارم/ ١٩٩٠**

# پاژی چوارەم



## براکوژی

دایکیک دەچیت بەسەر دوو منداڵی خۆیدا، سەیر دەکات یەکتریان شڕو وڕ کردووە، سەرو گوێلاکی یەکیان خڵتانی خوین کردووە.. دڕندانە بەگژ یەکدیدا دەچن. کە ئەم دیمەنە دەبینیت. کزە لە جەرگیەوە هەڵدەستیت ئیدی دایکە دایک..

چ دەسەڵاتیکی نابیت بەسۆزیکی یەجگار ئینسانییەوە. بە دەنگیکی گەلەک شکۆدارو بە سامەوە دەڵیت:

– ئەیەڕۆ.. برایەتی ئاوا دەبیت؟!

وشەی براو درکاندنەکەی هەردوکیان بەنج دەکات.

سەردادەخەن، دەست هەڵدەگرن و ئیدی لەو ڕۆژەوە تیدەگەن کە براکوژی کردەوەیەکی حەرامە.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٨)**
**١٩٩٥/٩/٢٤**

# پەپوولە

کە یەکەمین مامۆستا، خۆی بە یەکەمین پۆلدا کردووە، قوتابییەکان لە بەری هەستاون....
- ڕۆژتان باش.
* ژیانت باش.
- فەرمون دانیشن.
دادەنیشن، کپی و خامۆشی باڵیان بەسەردا دەکیشێ دوای تۆزێ پۆلەکە دەبێ بە باخچە، قوتابییەکان بە گوڵی هەمەڕەنگ، مامۆستاش بە پەپوولەو.... ئیدی لەو ڕۆژەوە سوتانی لە چارە دەنووسرێ.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٥١)**
**١٩٩٤/١٢/١١**



# نامەیەک

من منداڵێکی کوردم. جاران پێشمەرگەم زۆر خۆش دەویست. هەر جارێ حکومەت، کوردیکی ئازار بدایە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ڕاوەستە بۆمان، با من و هاوڕیکانم گەورە ببین، بزانە چۆن دەبین بە پێشمەرگەی کوردستان، چۆن تۆڵەی ئەم خەڵکە داماوەتان لێ دەکەینەوە..
وەختی سەرهەڵدان بەرپابوو، خەریک بوو لە خۆشیاندا شاگەشکە ببم.. هەر ئەم سرودەم دەوتەوە: واهاتن پێشمەرگە.. کە هاپۆ شڤان پەروەر بە خۆی و ردینە چڕەکەیەوە لە تەلەفزیۆن دەردەکەوت و ئەو سرودەی دەگوت، بە من بوایە بچمە ناو تەلەفزیۆنەکەوەو تیر تیر ماچی بکەم و پیی بڵێم: دەک دەنگت نەرزێ..
ئەم خۆشییەم زۆری دەوام نەکرد.. ئەوەتا برسیەتی بەردەرگای پێ گرتوین.. یا باشتر بڵێم برسیتیان سواری کۆڵمان کرد... کەچی شەڕیشی هێنراوەتە سەر. کورد، کورد دەکوژێ!.. زۆرم پێ ناخۆشە، من باوەڕ بەچاوی خۆم ناکەم. پیم ناخۆشە. پیم ناخۆشە.. واز بینن، خەڵک برسینە. ئیمەش برسین.
کە دیقەتی میرولە دەدەی لە دەرێ ڕا خواردن بۆ شارەکەی دەبات، پاشەکەوتی دەکات. کەچی خەڵکی ئەم وڵاتەی من ناچار کراوەو چی پاشکەوتی ساڵانی بەر لە بابم گوتەنی (داپەڕین)ی هەیە بۆ هەراجخانەکانی بازاڕی ڕەشی بکیش دەکات دەیگۆڕیتەوە بە نانیک..
ئیمە هیچمان لە ماڵەوە نەماوە، بابم، بابایەکە مامۆستا! بەر لە چەند ڕۆژیک بابم تەلەفزیۆنەکەشی فرۆشت.. دای بە ئاردو برنج لەو ڕۆژەوە دڵم زۆر ترساوە.. ئیدی هاپۆ شوان لە تەلەفزیۆندا نابینم، پێشمەرگە نابینم!!.. زۆرم پێ ناخۆشە. ئیستا هەموو بەیانییەک کە لە خەو رادەبم تیر تیر لە دڵی خۆمدا دەگریم.. دەڵێم: گەورەکانی کورد، بەسە، شەڕ بەسە.. کوردایەتی و پێشمەرگایەتیمان لەبەرچاو مەخەن. پاوی چابن دەستبەرداری میزاج بن، بە میزاج میللەت بەڕیوە نابرێ. دەستبەرداری لاسایی کردنەوەی مەلیکان بن.. چونکە هەموو مەلیکیک کش و کش ماتی خۆی هەیەو بەخۆتان دەزانن کە کش ماتی میژوو چەند بێ ڕەحمەو چەند بێ بەزەییە..
پیاوی چابن کوردایەتی و پێشمەرگایەتیمان لەبەرچاو مەخەن، دەنا گلەییتان لێ دەکەین و لە گلەیی زیاترتان لێ دەکەین!..

**ئاڵای ئازادی ژ (١٧٢)**
**١٩٩٥/٦/٤**

# خەون

مرۆڤ، بە خەونەوە مرۆڤە.. خەون نەبینین هاوتای چەقینە.. تۆ باوەڕت پێ بێ یا نا ئەمەیان گرینگ نییە. خەونەکانی من هەموو راستن، تا ئیستا چ جارێ رینەکەوتووە، خەونیک ببینم و نەهاتبیتە دی، بەلاّم مەخابن هەرگیز خەونی خۆشم نەدیتوە. کوردستان و خەونی خۆش!! لەم خەونەمدا، گەنج و بەگوڕ، دلّ بەجۆش و خرۆش پیشمەرگەی گوردستان بووم. هەشت سالّی پیشمەرگایەتی بوری و پیچی میزەر بوو کەسوو کار، ووردو درشتیان زیارەتی زیندانیان کرد، کوردو کوردستان خۆش. مالّە باب و خانوو بەرە دەست بەسەراگیراو فرۆشرا، بۆ کوردەو بەخەسار ناچێ.. کرام بە دوژمنی دەیان جاش و چلّکاوخۆر، چ قەیدییە پیشمەرگەی کوردستان لە قەرزی دوارۆژ ناترسیت،. گیانبازی نیشتمانە!!

لافاوی سەرکەوتن!! هەستا، جادەکە پان بووەوە، بەهار گەییە چۆکان، شۆڕشگیڕ هەلّقولاّن، شۆڕشگیڕی ئاخر زەمان وەکو قارچک لە هەموو لایەکەوە هەلّتۆقین لەم خەونەمدا، بێ کار، فەرامۆش کراو، دوور لە رووتان کەریکم پەیدا کرد، وەرێ کەوتم لەو سنورانەوە هەندێ کەل و پەل بینم، چ بکەم پاروەنانێ پەیدا بکەم. لە گەڕانەوەدا سەرودلّ خۆش، بارم بە بەرەکەت، ئۆخەی واکارم دۆزییەوەو لە ولاّتی پەریاندا!! ئازادو سەربەست ئیدی نانیکی بێ منەت دەخۆم. بەدەم ریوە، لە کۆشکی خەیالاّت دا دەسوڕامەوە، لەپڕ دەنگ درام

– نەڕۆی زەلام!

چەند لۆزەندەریکم لێ پەیدا بوون. رووتیان کردمەوە، تالاّنیان کردم، قۆل بەستیان کردم، بەرووت و قوتی و بەرو پشت، سواری کەرەبۆزەیان کردم، بازۆ روەو ئاوەدانی!! لە دلّی خۆدا گوتم: ئۆخەی ئەمانە زۆر کەرن، نامکوژن، بەرەو ئاوەدانیم دەبەن. خۆ هەر کە گەییمە ئاوەدانی لییان دەکەم بە هەللاّ، هەم ئەوان بەسزای خۆ دەگەنم و هەم من دەخەلەسم.

گەیشتینە ئاوەدانی. دەنگ لێ هەلّبڕی: هۆ خەلّک و خوا فریام کەون، ئەمانە دزن و رووتیان کردومەتەوە.

قەرەبالّغی پەیدابوو، دزەکان خۆیان کرد بەبرای بابم، خەمخۆری حەوت پشتانم، دەستەسڕ بەچاوەوە، بێ خۆشیلوکردن، دەگەیشتینە ئاست هەر قەرەبالّغییەک، بەسۆزەوە دەیانگوت:



– خوا دەکا تۆ چاک دەبیەوە، با ئیمە هەر دزبین!!

یەکسەر پەنجەی خۆم گەست، تومەز دزنین، شۆڕشگیڕی ئاخر زەمانن!

خەلّکەکە، سەریان لە دلّسۆزی دزە خزمەکانم سوڕمابوو.. هرچیم هاوارکرد بێ سوودبوو.. وام لیهات گومانم لە ئەقلّی خۆم پەیدا کرد! بەخودای رەنگە ئەوان راست بکەن و من بەخۆم نەزانم کە شیت بووم!

لە خەونەکەم راپەڕیم، شایەتمانیکی بەهەقم هینا.. لەبەر خودا پاڕامەوە کە ئەو خەونەم نەیەتەدی: نەبادا میللەت بەملی منی دابینێ!!

**١٩٩٣**

**ئالاّی ئازادی ژ (١٠٥)**
**١٩٩٤/١/١٦**

# مەزاتخانەی گوتارفرۆشی

بیگومان سەردەمانی پاشەگەردانی کۆمەڵیک دەرهاویشتەی چاک و خراپی تایبەتی خۆی هەیەو چ بواریکی چەلەنگییەکانی ژیان لەو حاڵەتی پاشا گەردانییە ناخەلەسیت و لە کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی سەردەمەکە بەدەر نابیت.. یەکیک لەو بوارو مەیدانانە، مەیدانی رۆشنبیرییە.. ئەم مەیدانەش وەکو هەر مەیدانیکی دیکە بۆ خۆی جۆرە بازاریک پەیدا دەکات.

هەڵبەتە بە گویرەی پیداویستی، بازاری گەرم یان کەساد دەبیت. واتا لە یاساو ریسای عەرزو تەڵەب دەرناچیت. کاتێ رۆشنبیری و نووسین دەبنە کالاو کاریگەری و پەیامی راستەقینەی رۆشنبیری لەدەست دەدەن. هەنگینێ ریی مەزاتخانان دەگرنەبەر.. بەهەر حاڵ رۆژیک دەگەڵ کۆلکە نووسەریکی ویژدان نەخۆشی سەردەمانی رژیم و بە قەولی شاعیریکی دورە وڵاتی کورد، ئەورۆ نانی کەوتۆتە رۆنی زەیتونەوە.. هەندیک وردە دەمەتەقیمان کەوتە نیوان. لیم پرسی: ئەرێ فلانی دەڵین لەسەردەستی جەنابت دەیان نووسەر پێ گەییوون.

پیم ناڵیی ئەم حیکایەتە چییە؟!

گوتی: سوپاسی لوتفتان دەکەم. من پیم وایە پیگەیاندنی خەڵکی ئەرکی سەرشانی نووسەرە.. ئەمە جگە لەوەی بەخۆت دەزانی کە ئەرکی ژیان قورسەو ئیمەو مانان خودان ماڵ و منداڵین و هەریەکەمان ٤-٥ منداڵی برسی دەمیان لێ داپچڕیوین و دەبێ تیریان بکەین. خەڵکی دەست و پێ سپی وەکو ئیمەش جگە لە قەڵەم چ شتیکی دیکەمان هەیە؟! جا چ بێ لەتۆ نهینی.. ئەمن بابەت بۆ هەر بڵاوکراوەیەک دەنیرم بۆم بڵاوناکەنەوە، نازانم ئەو خەڵکە غەدار بابە بۆ ئەو بەربەرەکانییەم دەکەن!..

ئیدی رۆژگارە رۆژگار، تا من نووسەر بووم بە بانانەوە. ئیدی منیش بۆ ئەوەی لە پاداشتی نووسین مەحروم نەبم و پاروە نانیک بۆ منداڵەکانم پەیدا بکەم، دەچم لە بازاری رەشدا کاردەکەم و پارەیەکی باش بەدەست دینم و منەتی ئەم رۆژنامەچییانەی ئەم رۆژگارە بەدە هەڵناگەرم و بگرە زۆجیشیان دەکەم.. با رۆژی خۆی بیتەوە بزانە چۆن لییان بکەم بە قاو!..

– باشە مامۆستا ئەو بازاری رەشەم تێ ناگەیەنێ؟!

– جا عەرزی جەنابی باسیحەتت بێ.. بەخۆت ئاگات لەم پاشاگەردانییە



هەیە چۆن باڵی بەسەر هەموو شتیک دا کیشاوە. خەڵکانیکی گومناوو بیگانە بە دنیای راگەیاندن و نووسین و رۆشنبیری، لافاوی راپەڕین وەکو ئاو ماڵکە لایداونەتە کەناڵە هەمەجۆرەکانی راگەیاندن و معاش و یارمەتی باشیانش بۆ براوەتەوە. ئیدی لەگەڵ ئەو بابەتە خەڵکانەدا ریک کەوتووم و بەپیی مواسەفات وتارو نووسینیان بۆ دەنووسم، بۆ رۆژنامە، بۆ گۆڤار، بۆ هەفتەنامە، بۆ مانگنامە، بۆ وەرزنامە.. کوڕە تەنانەت نامیلکەو هوردە کتیبانیش دەنووسم. بۆ کچ دەنووسم، بۆ کوڕ دەنووسم.. هەڵبەتە پیشوەختەش پاداشتی خۆم وەردەگرم، حیکمەتی ئەمەش لە دوو شت دایە؛ یەکەم هیچ رۆژنامەچییەک ناتووانێ پاداشتەکەم بخوات یان ماتەڵی بکات.. دووەم کابرای کڕیاریش ناچارە بۆ ئەوەی زەرەر نەکات و پارەکەی بەزیادەوە بەدەست بینیتەوە، بەهەر نرخێ بووە، بەهەر واسیتەو واسیتەکارییەک و تەنانەت دەست ماچ کردنیکیش بووە، گوتارەکە بڵاو بکاتەوە.. هەنگینێ منیش بسکەی سمیڵم دیت و لە دڵی خۆدا دەڵیم دەبخۆن دەی وتارم بۆ بڵاوناکەنەوە!

جا با لە بابەتەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.. جا هەقدەستی هەر یەکیک لەو نووسینانە جیایە.. ئەلهەقی هەندیک خاتری زەعیفەکان دەگرم.. ئیدی دارم داوە بەروحی رۆژنامەچییەکانی ئەمڕۆدا کە گوایە بە خەیاڵی خۆیان نووسین بۆ بەندەی موخلیس بڵاوناکانەوە! باوەڕ بکە پارەیەکی زۆر چاکم بەدەست دەکەویت و تاسەو کەڵکەڵەی بڵاوکردنەوەکەشم پاراو دەکەم و کەسیش لەم شارەدا هەندەی من نووسین بڵاوناکاتەوە.. براتم خۆ سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو خەڵکە گومناوەی ئاماژەم بۆ کردن، زۆر ریزم دەگرن و بە مامۆستا گازم دەکەن.. ئەدی مەعنای چی بەهۆی قەڵەمەکەی منەوە شوینەکانیان قایم دەبیت و هاکا خۆیان لێ بوو بە «کەڵە راگەیاندنباز» و هەنگینێ ڤایرۆسەکە بڵاو دەبیتەوەو وەکو خۆرە دەداتە گیانی راگەیاندن.

– باشە مامۆستا جەنابت ئەو گوتارانە بەچەند زمان دەنووسیت؟!

– بەخۆت دەزانی لیرە هەر دوو زمان باویەتی، واتە کوردی و عەرەبی.. خۆ ئەگەر زمانی دیکەش هاتە مەیدانەوە ئەوا پەک ناکەویت..

– باشە مامۆستا وەکو دەڵین نووسین پارچەیەکە لە جگەری نووسەر، لەم حاڵەدا هەست ناکەی بەم کارەت جگەرگۆشەکانت دەفرۆشیت؟!

– جا بە برای خۆم بڵیم، تەگبیری ئەوەشم کردووە، یەکەم: فەرزەندو داک

و باب بەبۆنیش بێ درەنگ یان زوو یەکتر هەر دەناسنەوە. دووەم: بەندە ڕۆژانە بیرەوەری خۆم دەنووسمەوە.. ناوی هەموو ئەو ووتارو نووسینانەم تۆمار دەکەم. لە کوێ بڵاودەبنەوە. بەناوی کێوە بڵاودەبنەوە. سیماو قەڵافەت و زیدو مەوالیدیان تۆمار دەکەم، ڕەسم و وێنەی جۆراوجۆریان لای خۆم دەپارێزم، باری دەرونییان تۆمار دەکەم. واتە مواسەفاتی دەرەوەو ناوەوەی ئەو ئاومالکانە موو بە موو تۆمار دەکەم و هەر کە لافاوەکە نیشتەوە ئیدی عەمر باقی بێ بەچاوی خۆت دەبینی ئەو یاداشتنامەیەی بەندەی موفلیس چ هەراو هەنگامەیەک دەنێتەوە.

– باشە مامۆستا ناترسیت ئەم کارە سەریەشەت بۆ دروست بکات؟!

– تەنیا خەڵکی بە هەڵویست جێگەی ترسن.. کەسێک ئامادە بێ گوتاری من بەناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوەو خۆی پێوە بابدات، ببێ بە ئاگریش ئەو پەڕەکەی بەرپیی خۆی دەسوتێنێ.. ئەمە جگە لەوەی من لە گێژەنگ و گێژاوی بێ سەروبنی یەکجار سامناک دەرچووم و قولەپێم تەڕ نەبووە، جا ئێستا دەتەویت لەم شەقامە ڕییە ڕێ دەرنەکەم؟!

**یەکبوون ژ (٩)**
**٢٥/ئایار/١٩٩٩**



# خەونی سێیەم

خەون شەرمی لە کەس نییە.. دیاردەیەکی مرۆڤ گیرە. نێر، مێ، گەورە، بچووک، دەسەڵاتدار، بێ دەسەڵات، بەویژدان، بێ ویژدان، ئازا، بودەڵەو هەموو کەسێک لە وەخت و ناوەختدا بەسەر دەکاتەوە. خۆشی یان ناخۆشی خەون بەدەستی تۆ نییە. من بۆ خۆم، یەکێکم لەوانەی کە کەم خەون دەبینم کە خەونیش سەری دەکرێتەوە، ئیدی لێکدا لێکدا بەسەرمدا دادەبارێ. بە دەگمەن خەونی خۆ دەگێڕمەوە، جاری وا هەیە، بەتایبەتی ئەگەر خەونەکەم ناخۆش بێ و بە مەزندەی عەقڵی خۆم ڕووداوێکی ناخۆشی لە پشتەوە بێ، ئەوا یان نایگێرمەوە یان کە گێرامەوە بۆ بەرێ، دارێ، دیوارێکی دەگێڕمەوە، پاشان هەردوو لەپم بە عاردیدادەدەم و بەتوندی بە بەردەکە، دارەکە یا دیوارەکەی دا دەکێشم و چەند ویردێک لە بن لیوانەوە دەخوینم و فویەک بەملاو بەولادا دەکەم و لە دڵی خۆدا دەڵێم:– خوایە بەخێری بگێڕی.

هەست دەکەم زۆرم زەرەر لە نەگێڕانەوەی خەونەکانم کردووە. بۆیە لیبڕاوم لەمەوپاش چ خەونێک ببینم، بەخۆش و ناخۆشەوە بە دەنگی بەرز بیگێڕمەوە. بەسە ئیدی، خەون خەونە! خۆ شوکور ڕۆژگاریش گۆڕاوە، ڕۆژگاری پیشکەوتن و عاقڵ بوونە. باوەڕناکەم نەکەس بەگێڕانەوەی خەونەکان قەڵس بێ و نەکەسیش لیم بگەڕێ و وەکو زەمانی بەرد تاوانبارم بکەن. ئەمڕۆ هەموو کەس دەزانن کە خەون شەرمی لە کەس نییە، دیاردەیەکی مرۆڤ گیرە، ئیدی بۆ بەدەنگی بەرز نەگێڕدرێتەوە!!

لەم خەونەمدا، لە شارێک بووم ویرانە، تا چاو هەتەرکا ویرانە، دەنگی هەرە ئاشناو باو، تەنیا دەنگی بایەقوش بوو. رووت لەهەر کوێ دەکرد بۆ تاقە ساتێ نەدەهیوریت. ویرانە، بایەقوش، لە دووڕ چاوان دەچەقین. هەر دیمەنێکی غەیرەس ئەوانە سەیرو نامۆ دەی نواند. سەگ و کسۆکان بەدیار کاوە دەیان قورسکاند، ئەسپ بە دیار ئیسقانەوە دەیان حیلاند. زندانی نەدیتن، سیخناخی نیگا یاخیەکان بوو، قفڵ هەرەشەی لە هەموو زارێکی هەقویژ دەکرد. دنیا کش و مات، بەسام وەکو گۆڕستان.. لە دڵی خۆدا گوتم: تۆ بڵیی ئەمە کپی و ماتی بەر لە قیامەت وەڕابوون بێ!! سەرگەردان و بێ مەبەست وەریکەوتم. جۆرە هاروژانیکم هەست پێ کرد. مقۆ مقۆ وەناو شار کەوت.. باس باسی ڕەنگ پەروەر و ڕەنگ باز بوو، فریاکەون،

له زیکەن بە پەلە خۆ ڕەنگ بکەن. قیامەتە، هەموو ڕەنگداریک دەچیتە بەهەشت.. خیراکەن، لە زیکەن، بگەنێ، مالّی خۆ کاول نەکەن ئەوی ڕەنگی نەبێ لە ئیمە نییە، جەهەنەمییە.. دوایی کەس گازاندەو گلەییان نەکەن...

له پڕ بایەکی توند هەلّی کرد، گڤ و هوڕی با هەترەشی زەلامی دەبرد. هەوریکی سامناک بەری ئاسمانی گرت. لە سەرێ را هەورە تریشقەو لە خوارێ ڕا گڤ و هوڕی با هەڕەشەیان لە هەموو بوون و بوونەوەریک دەکرد. باران وەکو کوندەی سەر بەرەو خوار دای کرد: لافاو هەستا، لافاویکی لیلّ و بەسام. شەپۆلّ ریی بەشەپۆلّ نەدەدا، هەر شەپۆلّە بە بالّای منارەی مزگەوتان بە حەوادا دەچوو، و دەکەوتەوە. بەلەم و پاپۆڕی ڕەنگاوڕەنگ وەسەر ئاو کەوتن. هەر ئاپۆرای ڕەنگ کراوان بوون و بەرەو بەلەم و پاپۆڕی ڕەنگاو ڕەنگ خۆی دەکوتا. ڕەنگ لە ڕەنگ نەبان و دردۆنگ بوو. هەربەلەم و پیشوازی لە ڕەنگ بازی خۆی دەکرد. بێ ڕەنگان تا پشتینەو لە هەندێ شویندا تا ناقرگەو لە شوینی دیدا تا تەپلّی سەر لە ئاوی لافاودا گیرەیان دەکرد. سەیر بوو، ورەی خەلّکیانیش بەرز دەکردەوە.چ قورەت بوو روو لە بەلەمیک بکەن، لییان وەدەنگ دەهاتن: بێ ڕەنگان بۆ دەرەوە. بەلەم و پاپۆڕان ئۆغریان کرد، ئۆغریان خیر، بەلّام بۆ کوێ؟ خوا دەی زانێ!!

له پڕ هاڕەی دەم ڕیژی هاواریکی بەسام، لە نیو ئاپۆرای بێ ڕەنگەکانەوە دنیای تیک نا: بڕۆن، ئۆغرتان خیر، خوا دەکا ئیوە بەندەریکی ئارامتان بۆ خۆ دابین کردبێ، قیروسیا لە ئیمە با بەکافری بمرین!!

له خەو راپەڕیم، ئازای بەدەنم دەلەرزی شایەتمانیکی بەهەقم هینا. لەبن لیوانەوە چەند ویردیکم خویند، فویەکم بەملاو بەولادا کرد، بە دەنگیکی بەرز گوتم: خوایە بەخیری بگیڕی!

**ئالّای ئازادی ژ (١٠٧)**
**١٩٩٤/١/٣٠**



# مامۆستا

هەرکە لە دەرگای قوتابخانەکە وەدەر کەوتم، یەک دوو چەکدارم لێ پەیدا بوون.
بە تووڕەیی:
– وەپیشمان کەوە!
– بۆ کوێ؟!
– بۆ مەقەڕ!
شەڕیان لە چاوان دەباری، بەبێ دەنگی وەپیشیان کەوتم.

دەلەکیان دامە ژووریکەوە. میزیکی گەورەی جوان، رازاوە بە هەموو شتیک... دەمانچە رووتەکەی سەری کەمۆکەیەک نە شاز دەهاتە بەرچاو! کابرایەکی پۆشتەو پەرداخ لە پشتییەوە دانیشتبوو، نازی بەسەر میزو کورسییەکەدا دەکرد، لە دلّی خۆدا گوتم: «مرۆڤ یا دەستکردی نوقستانی و گریکانیتی یا زادەی رەسەنایەتی خۆیەتی..» لە بن لیوانەوەو بێ ئەوەی نیگا هەلّبڕی، چۆنی هەلّبڕێ؟! نەوەک نیگای پیرۆزی گەلّاوبێ، چۆن نیگای شۆڕشگیڕی بە نیگای من بلەوتێ! گوتی:
– تۆ چیت؟
– مامۆستام!
– مەبەستم ئەوەیە زەردی، سەوزی، مۆری، سەوزی، عەنبەر وەریدی چیت؟!
– هیچیان نیم، بابەیەکم مامۆستا، خۆم ڕەنگی خۆمم.
– مامۆستا، مامۆستا! یەکێ نەزانێ لەو وایە مامۆستا سەری شایان پەڕاندووە، پیم نالّیی ئیوە چ شتێ فیری «تەلّەبە» دەکەن!
– تەنیا ئەوەیان فیر دەکەین کە چۆن لە گەورەیی و مەزنایەتی تێ بگەن.
باشە تۆ لەبڕی ئەم هەموو دەحکەیە بۆ لیم ناپرسیت چەندت لە گیرفاندایە...

ئەوجا بەکاوە خۆ تاقە دە دیناریەکەی گیرفانم دەرهیناو ئەویشم بە بەرچاوییەوە دڕی. لە دلّی خۆدا زۆر داوای لیبوردنم لە کوڕە سێ سالّانەکەم کرد: «بەدرخان گیان ببورە، ئەگەر ئیوارە هاتمەوەو هەلّوژەم بۆ نەکڕیبووی لیم ببوورە، دەزانم زۆرت حەز لە هەلّوژەیە،، بەلّام.....
تووڕە بوو:– تەوهین بە موقەدەساتی عیراقی دەکەی!!

ئەوجا گوتی: چەند کەسن؟!
- پینج سەر خیزانم!
- مەبەستم ئەوەیە لە شانە نهینییەکەتدا چەند کەسن!
- ........
قەڵەمەکەی دەرهینا، بە جوولەی دەستیا وام هەست کرد کە نووسی پینج. لە دڵی خۆدا گوتم: ناشیت گاڵتەم لەگەڵ بکاو بیەوێ ئازوقەم بۆ دابین بکا!
ئەوجا گوتی:- ئیمە ئاگادارین تۆ جموجۆڵت زۆرە، سەر بەم کون و بەو کوندا دەکەی، ئەم و ئەو دەبینی.
- قوربان، وا دیارە ئیوە زۆر بە خەمی منەوەن... حەزەکەم پیاوەتییەکەم لە گەڵدا تەواو بکەن، یەک- دوانیکیش بخەنە تاقیبم تا بزانن سێ ژەمە لەسەر سفرەی ماڵی مندا چ دەخورێ!؟
پارچە کاغەزیکی سپی خستە بەردەستم و ئەمری کرد.
- پاکانەکەت بنووسە.
قەڵەمەکەم دەرهینا، نەیدەنووسی. قەڵەمەکەی خۆی دامێ. بەخەتیکی درشت نووسیم:
بەڵین دەدەم چیتر مامۆستایەتی نەکەم.... مامۆستایەتی بەسە، نان لە سیاسەتدایە. سیاسەت کیمیایە کیمیا.. بژی سیاسەتی ئاخر زەمان!!

**ئاڵای ئازادی ژ (١٣٠)**
**١٩٩٤/٧/١٧**



# هەر مەلیکێ کش ماتی خۆی هەیە

ئەوەی زۆر مایەی سەرنج و لە هەمان کاتدا مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە هەندێ لە مەنسولەکانی هەریمی کوردستان وەختێ کاریکی خراپیان لە دەست دەقەومێ، یا خۆیان پیشوەختە بەرەو پیری کاری خراپ دەچن و هەندێ دەنگی هیشتا هەقخوازیان لێ وەدەنگ دێ، بەوە پاکانە بۆ ئەو کارە خراپ و دزیوانەیان دیننەوە کە گوایە خاوەن تیکۆشانن، وەختێ ئەوان پیشمەرگە بوون و شەقیان لەبەرد هەڵداوەو خواردنیان نانە رەقو ماڵ و ئوتیلی شایستەیان کویرە ئەشکەوت و پەنا بەردان بووە، و ئوتومبیلی ژیریان رینۆ یازدەی لاقیان بوە، کەم کەس ویرایتی نیوی کورد بینێ چ جای کوردینی کردن... ئیدی ئەو خەڵکە بۆ بەو شیوە ناواقیعیە بەگژیاندا دەچنەوە!!.
دیارە ئەم جۆرە رەفتارە خۆی لە خۆیدا زادەی بیرکردنەوەیەکی سەقەتی زۆر ناواقیعیە.. کەس بۆ ئەوە پیشمەرگایەتی نەکردووەو ناکات تا منەت بەسەر خەڵکیدا بکات.. پیشمەرگە ئاغاو کویخا نییە.. پیشمەرگە تاوەختێ گەورەیە کە خەڵکی فیری گەورەیی بکات و قاییل نەبێ بە ئاستەم دەستبەرداری گەورەیی خۆی بێ، ئەو گەورەییەی کە بەندە بە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەری زەحمەتکیشی میللەتەوە، جا با ئیمە حەقیقەتیک فەرامۆش نەکەین، حیسابیکی درشتی لام سەر لایی بکەین، گریمان تۆ چوار ساڵیک برۆ قەیدی نییە چواردە ساڵیک پیشمەرگە بووی- نەبا زیز بی لە خزمەتی پیشمەرگایەتییەکەتم کەم کردبیتەوە!!- (٤) (١٤) بێ، گرینگ ئەوەیە تۆ لەو ماوەیەدا بە هەموو پیوەریکی شۆڕشگیڕی دەستبەرداری هەموو جۆرە کاسبییەک بوویت و هەموو بەرژەوەندییەکی شەخسییت وەلا ناوەو خۆت بۆ خزمەتی میللەت و خەڵکی زەحمەتکیش تەرخان کردووە وا گریمان میللەتیش لە پاداشتی ئەم قوربانییەی تۆدا سووکە ژیانیکی هاکەزایی بۆ دابین کردووی و رەسیدە هەرە گەورەکەی تۆ بریتییە لە قوربانیدان و شەرەف و شکۆی خەبات و هیچی دی. دە بە ئەرک نەبێ لە دڵی خۆتدا، بە دەنگی بەرز نا بارەش و رووت لیت وەئاگا نەیەن چونکە چاویان پیسە، نەک خوا نەکردە بە چاویانەوە بی، حیسابیکی پارەی نوستوو، پارەی بەخەبەری کۆڵەکەی هەموو بازاڕەکان و سنوورەکان، ئوتیل، خانوو، ئۆتۆمبیل، قیتار- ببورە

نەمزانی هیلّی قیتار لە کوردستان نییە حیسابی مەفتوحی بارِو خواردن و خواردنەوەو دیوەخان و میوانداری خۆت بکەی، ئەوجا پیمان بلّێ بزانین ئەو هەموو ملیۆنەی تۆ لیرەولەوێ، لە هەندەران و لەناو خۆ قایم و تەقەتت کردوون، جگە لەوانەی کە بە ئاشکرا تەخشان و پەخشانی دەکەی و حەسانەی مەنسولایەتی پیی رەوا دیتوی!!! ئاخۆ تەمەنت هەزار سالّیش بێ، شەوو رۆژ بێ ووچان کارو کاسبی گەورە بکەی، هەرگیز زەرەر نەکەی و دەست بۆ خۆلّ بەری لە خۆرِا ببیتە زیرِو لیرەو دۆلار ئەوەندەی ئەم ٢-٣ سالّە بیکەوە دەنیی جەنابی پیشمەرگە!! کاکی خۆم هەر چییەک هەی ببە، بەلاّم تکایە منەتی پیشمەرگایەتی بەسەر کەسدا مەکە، خەلّکی کاغەزی سپی دەخویننەوەو چاک دەزانن پیشمەرگەی داماوی هەناسە ساردی مالّ و مندالّ لە برسان پەریشان لە چ ئاستیکی بژیویدان. نە بەزاتی خوا ئەنگۆ پیشمەرگە نین، حاشا هەونین و هەرگیز جاریکی دی نابنەوە پیشمەرگە، چونکە پیشمەرگە شۆرِشگیرِە و شۆرِش پیشەیەتی، بەلاّم ئەنگۆ دەسەلاّتدارن، دەسەلاّتدار هەرچییەک بێ و لەهەر شوینێ بێ ناتوانێ ببێ بە شۆرِشگیرِ، لەبەر.. هیچ نا، لەبەر ئەوەی دەسەلاّتدارە.. بەلاّم دلّنیا بن گەر بن بە مەلیکیش گرینگ نییە، چونکە هەموو مەلیکێ کش و کش ماتی خۆی هەیە!!.

**ئالاّی ئازادی ژ (١٤٧)**
**١٩٩٤/١١/١٣**



## ساڵیادی سەعید گەوهەر

**لە سلیمانی...**
**سالّرۆژی شەهید سەعید گەوهەر دەبیتە کۆرِیکی ئەدەبی**
**رۆژی ١٩٩٣/٢/٢٣، لە هۆلّی رۆشنبیری سلیمانی، کاتژمیر «٥ر٢»ی پاش نیوەرِۆ، لە سالّرِۆژی شەهید بوونی تیکۆشەری ناوداری سلیمانی، کاک سەعید گەوهەردا، لە لایەن یەکیتی نووسەرانی کورد- لقی سلیمانییەوە، لە ژیر دروشمی (تاخۆر هەبێ.. سەعید گەوهەر زیندووە)، کورِیکی یاد کردنەوە سازدرا.**
**ن. سلیمانی**

شەهید لە چەند دیریکا

* سالّی ١٩٢٤ لە سلیمانی- گەرِەکی چوارباخ چاوی بە دنیا هەلّهیناوە.
* کۆتایی چلەکان، بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.
* پاش جیابوونەوەی بالّیکی ئەوکاتەی ناو پارتی، شەهید خەباتی خۆی لەناو حزبی شیوعی عیراقیدا دەبینیتەوە و پاش ماوەیەک دەچیتەوە ناو پارتی.
* لە دروستبوونی (کاژیک)دا، پیوەندییان پیوە دەکا.
* پیشمەرگەیەکی ماندوو نەناسی شۆرِشی ئەیلول و چەندین جار زیندانی دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێ.
* دوای راپەرِین و پاش وەرِس بوونی لەو بارودۆخە حزبیەی کە ئازادیەکەی کوردستانیشی لەکەدار کرد، چەند جارێ بێ تاقەتی خۆی دەربرِیوە، تا ئەو رادەیەی بەرەو خۆکوشتن بە نیازی لە دایک بوونیکی تری برد.

**بەرِیزان**

یادو یاد کردنەوەی پیاو چاکان و قارەمانانی میللەت، ئەرکیکی نەتەوەیی پیرۆزە، هەر میللەتیک نەگاتە ئەو ئاستە هوشیارییەی کە شانازی بە کیلی گۆرِی دلّسۆزانی خۆیەوە بکا، بەردە نووسیکی خۆی وەکو چاوی بپاریزێ و لە ژیانا گولی ریزو حورمەت و قەدرزانی لە بەروکی رۆلّە بە ئەمەکەکانی بدا، با دەست لە رزگاری بشوات. هونەری ئەم یادکردنەوەیەی ئەمرِۆی سەعید گەوهەری ریبواری کاروانی پرِ لە هەورازو

نشیوی کوردایەتی، تەنیا بۆ خیزانەکەی خۆی دەگەڕیتەوە.. جا ئەگەر سەعید گەوهەریکی خاوەن کەس و کار، یادی ئاوا هەژارانەی بۆ بکریتەوە، دەبێ حالی گەوهەر زادەکانی تری نیو کوردەواری چ بێ!! دڵنیام روحی سەعید گەوهەرو دەیان و سەدان گەوهەرزادەی تر لیمان بە گلەیین. ئەوەتا روحی سەعید گەوهەر، مات و خەم لە سیما نشتوو، بە گلەییەوە، بێ خۆ هەڵکیشان، پەردە لە ڕووی گەوهەری کوردانەو مرۆڤانەی خۆی هەڵدەماڵێ و دەڵێ: گەر خوانەخواستە جەلادبام، لەو دەمانەدا کە گەورەترین شۆڕشگێڕو باڵا بەرزترین قارەمان بۆم بەچۆکا هاتباو زمانی ئیعترافی ببوایە بە فلّچەو قۆندەرەکانی بلستبامەوە، بۆ ساتیک کەیفەکەرانەی سەرکەوتن بیگرتبام، ئەو دەمانە حاشام لە خۆم دەکرد. دەچوومە پیستی دووشکی بێ مەفەڕەوەو بە تەوقی سەری خۆمەوە دەداو هیچ پەشیمان نەدەبوومەوە.

**بەڕیزان:**

کوردینی جۆرە مومارەسەیەکی مەرگە، مەرگی پیرۆز.... گیروگرفتی مرۆڤ لەو رۆژەوە دەست پیدەکا کە هەست بە خودی خۆی دەکا، ئیدی ئەم گیروگرفتە وەکو نوسنەک بەرۆکییەوە دەنوسیت و لیی جودا نابیتەوەو نابیتەوە.

سەعید گەوهەر نەدەرویشی تەکییان بوو، نە سۆفی خانەقایان، نە پەیامبەری رزگارکەری تیرەی بنیادەمان.

ئەمانە هیچیان سوکناییان بە دڵی ئۆقرە نە گرتووی بێ جۆلانەی ئاشقی کوردایەتی ئەو پیاوە نەدەدا. بۆیە ئەو پیاوە، بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ حەلاجانە لە دایک ببوو، بەڵام تاسەر ئیسقان بە هۆشیارییەوە، حەلاجانە خۆی کوشت.

ئەوەتا روحی ئەو پیاوە ئامۆژگاریمان دەکاو دەڵێ: هاوڕییان، هاوبیران، هەڤالان، هاو، هاو. هاوەکانی تر. خوشکان، برایان، رەنگ پەروەران، رەنگ بازان.... دڵنیابن چ رەنگیک لە رەنگی رەش بالاتر نییە، وریای رەنگی رەش بن، هەڕەشەو گوڕەشەی رەنگی رەشتان لەبیربێ، رەنگی رەش لەبەرەبەیانی میژووەوە تاکو ساتەوەختی ئیستا وەکو قیرِی کەوای سپی پیمانەوە نووساوە، بۆ ساتە وەختیکیش بەرۆکمانی بەرنەداوە. . رەنگی رەش زیرەکە، وریایە، بەفیڵ و دەهۆیە. خۆیت لەبەر دەستا رادەخا، دەبی بە



میزیکی گوێ رایەڵی حەزبزوین و قومارساز، بەسە، با چیدی ئەو میزە بە رواڵەت هیدی و ئارامە، ختوکەی حەزی سەرکیشانەمان نەداو دەستکەوتە رەنگاورەنگەکانی ئەم گەلە قوربانی بەخشەی لەسەر نەکەین بە قوربانی قوماریکی پیشوەختە دۆڕاو. ئەوەتا ئەم هەڵۆ خلّتانی خوینە، کزو مات و خەمبار، بەچپەوە دەڵێ: زۆریان گوت مەڕۆ، سەفەری تەنیایی کاری ئاقلان نییە، بەڵام نا، ئەو قسەیە راست نەبوو، هەر نەبێ بۆ گەوهەر زادەیەکی وەکو من راست نەبوو، چونکە دڵنیام کوردو من بەتەنیا لە دایک بووین، تا ئەم ساتە وەختە بەتەنیا دەژین. بۆ مەرگیش کوردنا، نامرێ، بەڵام من بە تەنیا دەمرم. کوردو تەنیایی و من تا ئەم ساتە وەختە سێ کوچکەی یەک خەمن. هەر کەسێ لاف و گەزافی ئەوە لیدەدا کە خەمم بۆ دەخوا، درۆدەکا، لە جیاتی جارێ سەد جار.. ئەوە بەیتوبالۆرەیەکی ریباکارانەیەو هیچی دی. منەتی هەڵناگرم.. حەلاجیش هەرگیز منەتی هەڵنەگرت.

سەعید گەوهەر، هیندە ئینسان بوو، هیندە ئینسان بوو، هەرگیز گیانی مرۆڤ پەروەریی ریی نەداوە، ئیعتراف بۆ جەلادەکەی بکا، نەبا ئەو جەلادە قەڵ پیاوە خۆ بە باڵا بەرز زانە، لە سفر بوونەوە هەڵکشێ و کەیفە کەرانەی هەست بەخۆ کردن، دەمەزەردی بکاتەوە.

هەموو ئیعترافیک شەرمە، نەنگییە، تەنیا ئەو ئیعترافە نەبێ کە بۆ خودی خۆتی دەکەی. ئای کەبیرو خەیاڵ وویژدان دەپالیوێ! لەوە بترازێ ئیدی هەر ئیعترافیکی دی بۆ خۆی جۆرە تاوانیکەو دەکرێ.. دەرهەق بەچی و بەکێ؟!

سەعید گەوهەر بە دریژایی تەمەنی خیانەتی لە خۆی نەکردو تەنیا یەک ئیعترافی کرد، بەدەنگی بەرز ئیعترافیکی حەلاجانەی کرد، ئیعترافیک بۆ خودی خۆی و لە جیاتی هەموومان و بەهەر دەپەنجەی خۆ کوژی مۆری کرد.

سەعید گەوهەر، هیندە ئاشق بوو، تەنانەت کونجی زیندانیشی بۆ خۆ کردبوو بە پەرستگای حەق ویژی و لە قۆناغیکی زندانیدا، موحەقیقیک بە تەوسەوە پیی دەڵێ: کوردستانی گەورە خەیاڵە! ئەویش بێ سڵەمینەوە، قیروسیا لە ئیعدام دەکاو بە پشتیوانی حەقیانەتی خۆی، دەڵێ: شکۆداری کاروان لەوەدایە سەگ پیی بوەڕێ.

سەعید گەوهەر شەهیدی عەشق بوو، شەهیدی ئاشقینی لەگەڵ کوردایەتیدا. هەرگیز کوردایەتی نەدەکردە هۆیەک بۆ گەدایی، ماستاو سارد کردنەوەو پێ گەیشتن و دوا جار کردنەوەی دوکانی کوردبازی. بەڵێ ئەو

سەودا سەرەی حەلاجیەت، چاوی بەرایی نەدا دەستکەوتی جەماوەری گەلەکەی لەسەر میزی رەنگ پەروەری و رەنگبازی موغامەرەی قوماری پێ بکرێ، بۆیە بەدەستی خۆی تروسکەی لە چاوانی بینای بڕی و سەلماندی کە کوردینی ئەشقەو ئەشقیش مومارەسەی مەرگە.

هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی سەعید گەوهەرو هەموو گەوهەرزادەکانی کوردستان.

**ئاڵای ئازادی ژ (١١٣)**
**١٩٩٤/٣/١٣**



# پاژی پێنجەم

# دەسەڵاتی بیدەسەڵات

ئەگەر هەندێ ورد بڕوانینە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی، دەبینین باسی مەسەلەی نەتەوەیی و خەباتی ئازادی خوازی نەتەوەی کورد زۆربەی هەرە زۆری لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیمانی گرتۆتەوە.. دیارە ئەمە شتیکی ئاساییە، چونکە لەو سەروبەندو ڕۆژگارەدا کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئاوارەیی لە دایک بوو، دەیان ساڵ بوو، خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەییمان دەستی پیکرد بوو، و لە هەڵکشان و داکشانی خۆیدا بوو... دیارە هەر سەنگەریکی ڕەسەن چەند چەند سەنگەریکی دی بەگەڵ خۆی دەخات و هەر شاریگەیەک دەیان ریچکە بەگەڵ خۆی دەخات، بۆیە ڕاستە ریی خەباتی کوردینی، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا ریچکەو ریبازیکی تری خەباتی بەگەڵ خۆی خست و شیوەیەکی تری خەباتی دۆزییەوە بۆ دەربڕینی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، ئەویش ڕۆژنامەنووسی بوو.. سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی، خۆی لە خۆیدا جۆرە وەرچەرخانیکە لە شیوازی خەباتی ڕەوای ئەو گەلە؛ چونکە ڕۆژنامەنووسی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا کراوە بە سەنگەری مقاوەمەت و بەرەڤانی و دەتوانین بڵیین ئامادەبوونی (حضور) نەتەوەیی ڕاستەقینەمان لەهەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا، لەویوە گوڕیکی وەهای بەستۆتەوە کە تاکو ئیستاش نەوەستاوەتەوەو هەر بەردەوامەو ئومیدی ئەوەش دەخاتە دڵان کە بە هەوڵوکۆششی دڵسۆزانە بگەیەنریتە ئاستی خۆزیاکانمان.

ئەوەی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەدی دەکرێ و مایەی سەرنجە، هەر لە کۆنەوە بگرە تا بەمڕۆش دەگات، زمانی ئەدەبی لە نووسیندا زاڵ بووەو تەنانەت لە نووسینی سیاسیدا شیوازو زمانی ئەدەبیات زاڵبووە.

ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەران ویستویانە بەو زمانە خیراترو زیاتر هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگیڕی جۆشبدەن و هوشیاری نەتەوەیی قوڵ بکەنەوە، بۆیە ئەم شیوازە ئەدەبییەیان بۆ ناوەڕۆکی سیاسی هەڵبژاردووە؛ واتە ڕۆژنامەنووسیی کورد، وەکو هی خەڵکانی دی تەنیا، بریتی نەبووە لە تۆمارکردنی ڕۆژنامەنووسانەی ڕۆژانە ڕووداو، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا بایەخی یەکجار زۆری بەزمان و ئەدەبیات، میژوو و، کەلتورو پەندی پیشینان و قسەی نەستەق و نوکتەو شیعرو حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری و گوتارو باسی سیاسی و ئەو جۆرە بابەتانە داوە کە بەهەر



هەموویان سەرچاوەی پەروەردەکردن و پیگەیاندنی هوشیاری نەتەوەیی کوردیان پیک هیناوە.. هەر ئەمەش وایکردووە ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی یەکجار قورس و پیرۆز بیت، بۆیە بۆ خەڵکی کورد، ڕۆژنامە هەم ڕۆژنامەنووسی بووەو هەم سەرچاوەی ڕۆشنبیری (صحافة وثقافة) و ئەمە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش سیمای هەرەزاڵی ئەم بوارەی چالاکی و چەلەنگی کوردەوارییە.

دیارە ڕۆژنامە لە هەموو ڕۆژگارو سەردەمیکدا دەشیت وەکو چەکیکی دوودەم بەکاربهینرێ و ئەمەش گەمەیەکی بێ مەترسی نییە، بەتایبەتی لە قۆناغی وەرچەرخانە میژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکاندا.. ڕۆژنامە، ئەگەر لە پەیامی ڕاستەقینەی خۆی لانەداو ڕاستگۆ بێ، دەبیتە مایە نزیک بوونەوەی خەڵکی لەیەکترو پتر لیکدی حاڵی بوونیان و ریشاژۆکردنی پیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانییەکان...

بە هەرحاڵ ڕۆژنامەنووسی وای لیهاتووە بەتەواوەتی تیکەڵ بە ژیانی خەڵکی بووەو دزە بۆ نهینی ترین شوینەکانی ناو کۆمەڵ دەکات و حەقیقەتەکان بە پوختەیی دەخاتە بەرچاوی جەماوەری خەڵک..بۆیە ڕۆژنامە، ئەگەر بەشیوەیەکی هەندێ بێ لایەنانەو بە ئەمانەتەوە بیتە نووسین ئەوا دەتوانێ زندووترین سات و قۆناغی میژوو بێ چ ڕتوش دەستکارییەک تۆمار بکات و ببێ بە میژووی زندووی ڕۆژو ئەرکی سەرشانی ئایندەی میژوونووسانیش هەر بە تەواوەتی سووک و ئاسان بکات، و بگرە ڕەوتی چەوتی دکتاتۆران و ملهوڕان و چەواشەکارانی سەردەمی خۆیشی بگۆڕێ.

هەر ئەم ڕۆڵە هەرە گرینگەشە کە وایکردووە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە واتا لە ساڵی (١٨٢٨)وە ناوی دەسەڵاتی چوارەمی لێ بنرێ؛ چونکە هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە ڕۆژنامەنووسان کەوتنە کۆکردنەوەو هەواڵ بڵاوکردنەوە لەسەر چۆنیەتی بەڕیوەبردنی کاروبار لەلایەن ڕژیمی حوکمی وەخت و کاربەدەستانی حکومەتانی وەختەوەو بەمەش زۆر ریی لێ بەستنەوە.. دیارە بە نیسبەت کوردەوە، ڕۆژنامە پتر سەرچاوەی میژوو و ڕۆشنبیری و ئەدەب بوونە و تا دەسەڵاتی چوارەم، چونکە ئیمەی ڕۆژانی هەوەڵی پەیدابوونی ڕۆژنامەمانەوە تاکو نهۆژی، سێ دەسەڵاتەکەی ترمان وەکو پیویست نەبووە، تا ئەم دەسەڵاتی چوارەمەشیان بچیتە پاڵ و شان بەشانی ئەوان ڕۆڵی سروشتی ئاسایی و خۆی بگیڕێ و لە چوارچیوەی

حکومەتیکی رەسمی کوردیدا بێ و بچێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا. کەم وزۆر، لێرەو لەوێ، هەوڵی داوە وەکو دەسەڵاتی چوارەم بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەهەر حاڵ گومان لەوەدا نییە کە رۆژنامەنووسیی دەوریکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەری خەڵکی دا هەیە و هەر لەم پیودانگەوەیە کە ڤولتیر دەڵێ: (رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بە کەس ناشکێ، بەڵام خۆی دنیای کۆن دەڕوخێنێ تا دنیایەکی نوێ دامەزرێنێ) هەڵبەتە لەبەر رۆشنایی ئەم حەقیقەتەیە کە زۆر جار رژێمە دیکتاتۆرەکان لە رۆژنامەو رۆژنامەنووسان ترساون و هەوڵیان داوە بەهەر نرخ و شیوازیک بێ، رۆژنامەکان و رۆژنامەنووسەکان بکڕن یان دەمیان چەور بکەن و بەلای کەمەوە ئەگەر دۆستایەتیان پێ دابین نەکرێ، بێ لایەنیان بکەن.. و هەر ملیان نەدایە خەت ئەوا چاویان لێ سوور بکەنەوە، راویان بنێن، زندانیان بکەن، بێ سەرو شوینیان بکەن و بیانکوژن.. بیگومان لە سەردەمی زەبرو زەنگ و سانسۆرو سانسۆرچییاندا، رۆژنامەنووسی لە سەدو یەک لاوە گەمارۆ دەدرێ و گوشاری دەخریتە سەرو دەرفەتی حەقیقەتبیژی لێ تەنگ دەکرێ و دەگیرێ، بۆیە یان دەبێ دەست لەکاری رۆژنامەنووسی هەڵگرێ و کاریکی بێ سەریەشە بۆ خۆی بدۆزیتەوە و دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێ یان دەبێ ببی بە بوکەڵەی کۆککراوی دەست کەناڵەکانی دەسەڵات و رژێمی وەخت و بە ئاوازی ئەوان هەڵپەڕێ و هەرچییەک ئەوان گوتیان وەکو تووتی بیڵێتەوە تا وای لیدیت لە مەلیک مەلیکی تر دەبێ و دەبێ بەو کوچکەی لە ئاگر گەرمترە. یان دەبێ مل لە چەقۆ بسوێ و ملی پیوە بێ و..

دیارە لە کەش و هەوای ئاوهادا، رۆژنامەی راستەقینە دەبێ بەزمانحاڵ و سەنگەری خەڵکی زۆر لیکراو و بەشخوراو، رۆژنامەنووسیش دەبێ بە سەفیری گەرۆکی زۆربە بیدەنگەکەی جەماوەری خەڵک.

دیارە تا ریژەی خوینەواری زیاتر بێ، دەوری رۆژنامەنووسی پتر دەبێ لە جۆشدان و هاندان و خرۆشاندن و خەملاندنی ئاستی هوشیاری خەڵک و دەسەڵاتدارانیش پتر تەنگە تاو دەبن و ترس لە رۆژنامەنووسیی پەیدا دەکەن. هەموو رێیەکی بەربەرەکانی دەگرنەبەر، هەر لە گرانکردنی نرخی کاغەز و کەم کردنەوەو شاردنەوەی لە بازاڕا تا دەگاتە گرانکردنی نرخی چاپ و تەنانەت بە تۆبزی داخستنی رۆژنامەو گرتنی کادرانی رۆژنامەنووس و یان نەهیشتنی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەو یان دەستبەسەراگرتنی کەرەستەکانی چاپەمەنییان بوارنەدان بە خەڵکی ئەهلی و مەدەنی بێ لایەن



کە رۆژنامە دەربکەن.. مایەی سەرنجە لە باشووری کوردستاندا لە سۆنگەی ئەو شیوازانەی سەرەوە، ئیدی زادەی فاکتەری ناوخۆ بن یان زادەی فاکتەرەی دەرەکی بن، تاقە رۆژنامەیەکی سەربەخۆی بێ لایەن نابینرێ و هەتا ئیوارە رۆژنامە حیزبییەکانە کە ئەوانیش زۆر کەمیان توانیویانە، یان دەیانەوێ ببن بە زمانحاڵی نەتەوەو جەماوەرە زۆرە بێ لایەنەکە. لەو رۆژنامە حزبییانەدا، تا ئیستا نەبینراوە رەخنە لە مەسئولیکی گەورەی نیو حیزبی خاوەن رۆژنامەکە بگیرێ و ببیتە مایەی ئەوەی کە ئەو مەسئولە لابدرێ یان لە رەفتاری نامەسئولانەی ژیوان ببیتەوەو خۆی چاک بکات.. پیدەچێ حیزبیە زلەکان رەخنە بەندیان پێ بێ یان لە هەموو خەتاو هەڵەو گوناحیک بەدوربن و کەس بۆی نەبێ لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ لە کاتیکا ئەوان بۆیان هەبێ بە ئارەزوی خۆیان و رۆژانە دەیان مرۆڤی گوڵ ئاسای ئەم نەتەوە داماوە بە بەرچاوی هەموانەوە هەڵوەرینن، یان رۆژنامەنووسانی حیزبەکان بۆیان نییە لە سنوری بڤە تیپەڕن و زەرەر بە پەزان بگەیەنن!... لە کاتیکدا ئەمە حەقیقەتیکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر کەسیک تیکەڵی دنیای قەڵەم و کاغەزو ووشە بوو، ئیدی بیەوێ و نەیەوێ مولتەزیمەو هەقی ئەوەی نییە ببێ بە پیاو و کریگرتەی خەڵکانی دی و حەقیقەتەکان بە قازانجی خۆی یان خەڵکانی دی تەفسیر بکات و ببێ بە بوکەڵەی کۆککراوی دەستی ئەم و ئەو. هەڵبەتە ئەم رۆژنامەنووسانە لەو حاڵەتەدا لەبری حەقیقەتبیژی و بڵاوکردنەوەی راستی‌یەکان، درۆو دەلەسەو بوختانان لە کاڵفامان تا ماوەیەک دەکەن بە حەقیقەت و بۆ خۆ دەبن بە دیوجامەی راوە جەماوەر و دەبنە دەڵاڵ و رەواج پیدەری رۆژنامەوانی زەردو و پەیڕەوی هیچ رەوشتیک ناکەن و هیچ ریبازیکی تایبەتی رەچاو ناکەن و تەنیا قازانجی مادی و مەعنەوی خۆیانیان مەبەستە، با لەسەر حیسابی ناوو ئابڕۆی خەڵکانی تریش بێ.. هەڵبەتە رۆژنامەنووسیک درۆ بکات و لەگەڵ درۆدا رابێ و هەوڵ بدات جەماوەری خەڵکی رابینێ و. زاتی گەڕانەوەو خۆ بەدرۆخستنەوەو ژیوان بوونەوە لە دەست بداو بەلای ئەوەوە مریشک هەر یەک پای هەبێ، نەبوونی زۆر باشترەو دەبێ دوور بخریتەوەو لە یەکەمین دەرفەتدا، وەک رەزای بەراهەنی دەڵێ: دەبێ لەدار بدرێ: چونکە ئەو رۆژنامەنووسە، حەقیقەت دەکوژێ و دیارە حەقیقەت کوشتنیش گەلەک لەمرۆڤ کوشتن خەتەرترە، چونکە دووەمیان بەرەنجامی یەکەمیانە. بۆیە رۆژنامەنووسیک رۆژنامەنووس بێ، حورمەتی خۆی و ووشە بگرێ، کەزانی

زاتی حەقیقەتبیژی نییە با قورقەپێ لیبکات و قیروسیا با قۆناغیکی ژیانی میللەت و وولات رۆژنامەی تیدا نەبێ، چونکە بیدەنگی زۆر باشترە لە حەقیقەت شیواندن، سارتەر گوتەنی: (هەندێ جار بیدەنگی تاقە سەرچاوەیەکە کە دەتوانرێ حەقیقەتی لیوە هەڵینجرێ.)

هەڵبەتە لەو قۆناغە تاریکانەدا، خەڵکی هوشیار کاردانەوەی خۆیان دەبێ و پشت دەکەنە رۆژنامەنووسی و چاپەمەنی ناوخۆ ناخویننەوە، ئەوەتا نووسەریک لە سەردەمی رەشی هیتلەریدا لەنامەیەکیدا دەڵێ: (من لەم قۆناغەدا رادیۆ ناکەمەوە، رۆژنامەو گۆڤاری ناوخۆ ناخوینمەوە، چونکە هەموویان وەکو هیتلەر قسە دەکەن).

* * *

بیگومان پەیدابوون و سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی، لە پاڵ هۆیە خودییەکان و و زەرورەتە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییەکاندا، هۆیەکی دەگەریتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی میللەتانی دەرودراوسێی خۆی و بەدیاردەیەکی شارستانی و کەلتوورییان داناوەو لاساییان کردۆتەوەو یەکەم هەنگاویان ناوە. هەڵبەتە لاسایی کردنەوەی کاری چاک، بەتایبەتی ئەگەر تییدا سەرکەوتووبی، خۆی لە خۆیدا کاریکی دروست و بەجێیەو مایەی ستایشە.. بۆیە ئەگەر لە دایکبوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەگەڵ لە دایکبوونی یەکەم رۆژانامەی فارسی، تورکی و عەرەبیدا بەراورد بکەین، دەبینین ئەوەندە لە دوای ئەوانەوە نەبووین و ویرای کەمی کادری خوینەوارو لیهاتوو و پسپۆریی، ویرای نەبوونی استقراری سیاسی بۆ کوردو ریژەی بالای نەخوینەواری لەنیو میللەتدا، هەر کۆڵمان نەداوەو دوورو نزیک لەگەڵ کاروان دابووین و زۆر دوانەکەوتووین. و رۆژنامەی کوردستانمان، بە سەرەتای قۆناغیکی نوێی ژیانی رۆشنبیری و هوشیاری و سیاسی دادەنرێ.. یەکیکە لەو رۆژنامانەی کە لە هەر هەموو ژمارەکانیدا، رۆڵەی کوردی هانداوە بۆ خویندن و  خویندەواری و فیربوون کە ئەمانە بۆ خۆیان بنەمای هوشیاربوونەوەن و یارمەتی دەری باشن بۆ پیگەیاندن و خەملاندنی ئاستی هوشیاری جەماوەری خەڵک..

ئەوەتا شادرەوان مقداد مەدحت بەدرخان بەخۆی دەڵێ: (من بۆیە ئەم رۆژنامەیە دەردەکەم، تا مەسەلەی خویندن و فیربوون لە دڵی رۆڵەکانی میللەتەکەمدا شیرین و خۆشەویست بکەم. تا دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسینم ئاشنای شارستانییەت و پیشکەوتنی ئەم سەردەمە ببن. تا



ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی خۆدا پەیدا بکەن.. چ مەبەستیکم لە دەرکردنی ئەم غەزەتەیە نییە، تەنیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەم و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هاوخوینانم نەبێ.)

کورد، هەر لە کۆنەوە بوونی نەتەوەیی خۆی لە گۆشەگیری و دوورە پەریزیدا نەدیتوە، بەڵکو لە هاوکاری و دۆستایەتی و لیکدی نزیک بوونەوەو لە یەکتر حاڵی بوون و بەشداری کردن لە کاروانی شارستانیەت دا، بوونی نەتەوەیی خۆی دیتوەو هەر هەموو ئەم بیروبۆچوونانە بەشیوەیەکی دیار لە رۆژنامەنووسی کوردیدا رەنگی داوەتەوەو ئەوەتا لەسەر لاپەرەکانی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا (کوردستان) بەراشکاوی، سوارەی حەمیدییە ریسوا دەکرێ و داوا لە رۆڵەکانی دەکرێ لێی دوور بکەنەوەو بە دەنگییەوە نەچن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی گیانی دۆستایەتی لە نیو گەلانداو تیگەیاندنیانە کە ئەگەر لە هیچ شتیک دا یەکسان نەبن و هیچ یەکیان نەخات ئەوا زوڵم و زۆری سوڵتان عبدالحمید یەکیان دەخات..

جا ویرای ئەو هەموو هەورازو نشیوەی کە هاتۆتە ریی سەرلەبەری رۆژنامەگەری کوردی و هەر رۆژنامەو بڵاڤۆکیکی کوردی بگری بۆ خۆی داستان و بەسەرهاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوجاش دەوری زۆر گەورەی لە پیشخستنی ژیانی روناکبیری کوردا دیتوە. خزمەتی زۆری ئەدەب، زمان، فۆلکلۆرو تیکرای کولتوری کوردی کردووەو گەلیک نووسەری هەڵکەوتوو و ژیهاتوومان لە باوەشی رۆژنامەگەریدا پیگەییون.

رۆژنامەنووسی کوردی بە حوکمی ئەوەی دەنگی خەڵکانیکی بندەست و زۆر لیکراوی عەودالی هەقی خۆیان بووە، بۆیە لە جەوهەرو نیوەرۆکدا پیشکەوتوخوازو شۆرشگیر بووەو رۆڵی گرنگی لە جۆشدانی هەستی نەتەوەیی گەلی بندەستی کوردا گیراوە. رۆژنامەنووسیی کوردی بەشیوەیەکی گشتی و هەر لە کۆنەوە کوردینی پیش حیزبینی خستووەو پیی وابووە میللەت لە هەموو بیروباوەرو حیزب و ریکخراویک گەورەترەو حیزب و ریکخراوان تەنیا وەسیلەو ریگەن بۆ شۆرشی رزگاری نەتەوەیی و گەیاندنی میللەت بە ئامانج و ئاواتە رەواکانی.

لەبەر رۆشنایی ئەو راوبۆچوونانەی سەرێ دا ئەوە دووپات دەبیتەوە کە چاپەمەنی بە گشتی و رۆژنامەنووسی بەتایبەتی، رۆڵی یەکجار گرینگ و کاریگەر لە ژیانی رۆشنبیری و شارستانیەتی هەر میللەت و نەتەوەیەکدا

دەبینێ. ئەگەر رۆژنامەنووسی بەشیوەیەکی ئیجابی بەکاربهینرێ دەبیتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری جەماوەری خەڵک و بڵاوبوونەوەی چەمکە مرۆڤایەتییەکانی پەرەسەندن و پیشکەوتن لە نیو ریزەکانی جەماوەری گەلدا، هەڵبەتە دەشیت رۆژنامەنووسیی ببێ بە چەکی دەستی تاقمیکی تایبەتی بۆ قازانج و بەرژەوەندی ئەو تاقمە بەکاربهینرێ و دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و کاروانی پیشکەوتنی بوەستیتەوە. هەڵبەتە ئەو بابەتە رۆژنامەنووسییە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش خەڵکانیک چەواشە بکات و هەندێ مەرامی نارەسەنی کاتی بینیتە دی و خەڵکانیک لەخۆی خڕ بکاتەوە ئەوا هەرگیز نابێ بە سەرچاوەی میژوو وەرەنگ یان زوو نیازە گڵاو و نارەسەنەکانی کەشف دەبێ. دیارە یەکیک لە هۆیەکانی ئەم دیاردەیەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تاقمانە دەرکیان بەوە کردووە کە رۆژنامەنووسی لە مەودایەکی بەریندا هزرو بیری جەماوەریکی زۆری گەل دەدوینێ و هانی دەدا بەرگری لە ماف و دەستکەوتەکانی خۆی و لە بوونی مرۆڤانی خۆی بکات کە لە بناغەداو لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو تاقمانەدا ناگونجێ..

بۆیە هەر لە کۆنەوە ململانێی توند لە نیوان رۆژنامەنوسیی ئازادو چین و تاقمە دەسەڵاتدارەکاندا هەبووە، چونکە رۆژنامەنووسیی ئازاد داکۆکی لە ئازادی بیروبۆچوون و باوەڕی جەماوەری خەڵک دەکات. رادەی هوشیارییان قووڵ دەکاتەوەو فیری تیگەیشتنیان دەکات و گەلیکیش کە تێ گەیشت، هۆش و ویژدانی بیدار دەبیتەوەو ئیدی بەرژەوەندییە ئینسانی و نەتەوەییە مادی و مەعنەوییەکانی خۆی دەناسیت و جڵەوی چارەنووسی خۆی دەگریتەوە دەست و بە ئاسانی چاوو راوی لیناکرێ و مل بۆ سیاسەتی چاو بەستەکێ نادات و نایەتە چەوساندنەوە. واتە دەکەویتە سەر راستە ریگەی بیرکردنەوەو هەر میللەتیکیش کەوتە بیرکردنەوە ئیدی ریی لێ نایەتەگرتن. کەواتە لەم حاڵەتەدا رۆژنامەنووسیی دەبیت بە سەرچاوەیەکی هەرە گرینگی دەسەڵاتی گەل و بەشیوەیەکی دادوەرانە پیادە دەکریت. بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاستی هوشیاری جەماوەری هەر گەلیک بناسین، دەتوانین لە رۆژنامەنوسیی ئەو گەلەدا بیدۆزینەوەو پیی بگەین.. جا نەبوونی رۆژنامەنووسیی راستەقینە و ئازاد، لە هەر قۆناغیکدا بۆ خۆی پرسیاریکی فرە دەلالەتە و لە باری مەسئولیەتی میژووییەوە زۆر بەرۆکان دەگرێ.

بە هەر حاڵ، گوتمان رۆژنامەنووسیی رۆڵی گرنگ و کاریگەر لە ژیان و



ژیارو رۆشنبیری و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەکدا دەبینێ، بیگومان نەتەوەی کوردیش لەم چەمک و بۆچوونە بەدەر نییەو گەشەکردنی چاپەمەنی مانای گەشەکردن و پەرەسەندنی سیاسی و فیکری و رۆشنبیرییە لە کوردستاندا، بزاڤی کولتوری کورد لە پاش یەکەم جەنگی جیهانەوە جۆرە گوڕو تین و تاویکی وەبەر کەوتووەو لەو ساوەو تا نهوژی بەردەوامە و بە گویرەی قۆناغە میژووییەکان و بەپیی هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوە سیاسییەکانمان هەڵکشان و گورج و گۆڵی و سستی و خاوی بەخۆوە دیتووە، بەڵام مخابن جڵەوی بەشیک لەبزاڤی کولتوری کورد ئیستاشی لەگەڵ بێ، بەدەستی داگیرکەرو دوژمنانی کوردەوە بووەو لە زیندانی سانسۆردا کۆت و زنجیر کراوەو رژیمە کورد کوژەکان خەڵکانیکی ریا بیژیان کڕیوەو دەزگاکانی راگەیاندنی وەک: رادیۆ، تەلەفزیۆن و رۆژنامەیان خستووەتە بەردەست و دەرگای هەندێ رەخنەی کلیشەیی بێ زەرەرو زیانیان- بێ زەرەرو زیان بۆ رژیمانی وەخت- بۆ کردونەتەوە تا جەماوەری خەڵکیان پێ چەواشە بکەن و خۆ لە هەموو خەتاو تاوانبارییەک بپەرینەوەو وا بنوینن کە رژیمی هەندە دیموکراسین دەبێ هەزارو یەک سەڵاوات لە دیداری پاکیان بدەین دەنا دەمت خوار دەبێ. دیارە ریگەدان بەو رەخنە موعەلەبانە خۆی لە خۆیدا پەردە پۆشییەکی زیرەکانەی سانسۆرە. جا ئیمەی کورد کە لە دیر زەمانەوە بەدەست سانسۆرەوە دەناڵینین، تەنانەت بوونی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، خیزانداری، میژوویی و جوگرافیاییمان تا ئەمرۆکەش مەترسیدارترین سانسۆری لەسەرە، وامان لیکراوە دووچاری نەخۆشی خۆ سانسۆر کردنیش بووین، بۆیە هەق وایە ئیمەی کورد لە هەموو کەسیک پتر سانسۆر رەفز بکەین و سانسۆرچییان ببوغزینین؛ ئیدی ئەو سانسۆرە بەهەر بیانویەکەوە بێ، چونکە ئەو بیاونوانە خۆیان لە خۆیاندا جۆرە سانسۆریکی دیبەو، ئەهلی قەڵەم بەرەو هەڵدیری ریا بیژی دەبات و سەنگەری راستەقینەیان پێ دەدۆڕینێ و بەرە بەرە پەیوەندییە ئینسانییەکان لە گریژەنە دەبات و پاشا گەردانی و ئەنارشیزم دەکات بە باوو داب و نەریتی شیخ و مورید یان بت و بتپەرست برەو پیدەدات.

هەڵبەتە ئەمە کاریکی فرە خەتەرە، چونکە نەبتپەرست دەبێ بەخاوەنی ئەقڵی تەحلیلی و تیفکرینی رەخنەگرانەی پەسندو بەجێ، نە (بت)ش دەستبەرداری پایەو مەقامی تایبەتی خۆی دەبێ و ئەمەش سەرچاوەی زۆربەی کارەساتەکانە. جا ئیمەی کوردی کوشتەی دەستی سانسۆرو

سانسۆرچییان وەکو نەتەوە بە گشتی و وەکو رۆشنبیرو و ئەهلی قەڵەم بەتایبەتی لە سەرمانە چیدی سازش لەگەڵ سانسۆرو سانسۆرچییاندا نەکەین و هەر بەمەش ئاوات و خۆزیاکانمان دینەدی و کەڵە پیاوان و میژوو سازانمان تیدا هەڵدەکەون و میللەتەکەمان لە زەلکاوی غەفڵەت و بێ خەبەری دەرباز دەبیت و لە کاروانی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤایەتیدا شوینی شایستەی خۆی دەگریت و دریژە بە بوونی ئیجابیانەی خۆی دەدات..

جیی خۆیەتی لیرەدا، ئەوەندەی لەگەڵ رۆژنامەنووسییدا یەک دەگریتەوە، ئاماژەیەکی خیرا بۆ راپەڕینەکەی کوردستان بکەین.

بیگومان راپەڕین خۆی لە خۆیدا دیاردەو حاڵەت و مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبێ گۆڕانکاری بەگەڵ خۆی بخات. ئاشکراشە هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە تا تەواو سەقامگیر دەبێ و رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ، جۆرە ئەنارشیزم و بێ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەوێ.. هەموو ئاگادارین کە ئەم ئاخرو ئۆخرەی سەدەی بیستەمە، گەلیک گۆڕانی ئابووری و سیاسی و جوگرافی و..هتد چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بەخۆوە بینی. کوردستانی ئیمەش بەتایبەتی باشووری کوردستان، وەک بەشیکی دانەبڕاو لە جیهان کەم و زۆرو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پریشکی ئەو گۆڕانکارییەی بەرکەوتووە، ئەمە جگە لە راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستانی تینوی ئازادی و سەربەستی، کە تیکراو بە حوکمی گۆڕانکارییەکان جۆرە بێ نەزمییەکی کاتی رووی کردە هەندێ مەیدانی ژیان.. ئەم حاڵەتە بۆ سەرەتای قۆناغەکە رەنگە پاکانەی خۆی هەبێ و هەندیک ئاسایی بنوینێ، بەڵام بۆ دواتر ئەوا موناقەشەی جدی هەڵدەگرێ!.

لە کوردستاندا راپەڕین بەرپابوو. گەورەیی و مەزنایەتی راپەڕینەکە لەوەدایە کە سەلماندی خەڵکی کوردستان کۆیلە سروشت نین و ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ دەتوانن بەگژ هەموو زوڵم و زۆریکدا بچنەوەو میژووی راستەقینەی خۆیان بەدەست خۆیان تۆمار بکەن کە ئەمە بۆ خۆی خاڵیکی گەش و دڵخۆشکەرە. راستە هەستی نەتەوەیی سەرکوتکراوی جەماوەری راپەڕیو بورکان ئاسا تەقییەوە، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگیرییەی کە راپەڕین لە سەرەتاوە لە هزرو بیری جەماوەری خەڵکیدا خوڵقاندی، نەکرا بە فاکتەریکی زیندووی پڕ بزاڤ و زەمینە خۆشکەر بۆ قۆناغی پاش راپەڕین و رزگاربوون لە ئەنارشیزم، خەڵکە تینوەکە بێ خۆ گۆشکردن بە



تەسەوریکی ئایدۆلۆژی روون. دەربارەی راپەڕین و قۆناغ و ئاکامەکانی، تەنیا ئەوەندەیان دەویست کە دەسەڵاتی فاشیزم لە وولات تڕۆ بکرێ و وەدەربنرێ.. واتە راپەڕین لە باری سەرنجی نەتەوەیی و چینایەتی و ئایدۆلۆژییەوە، هەرچەندە جۆرە ئاسۆو کەشوهەوایەکی باشی هینایە ئاراوە، بەڵام لە راستیدا خیتابی سیاسی یەکگرتووی نەتەوەیی پێ نەبوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە واقیعی راپەڕینەکە واقیعی راپەڕینەکە کردویەتێ کارێ کە ئەمڕۆ کە سیاسەت لە کوردستاندا لە حاڵی بەخۆداچوونەوەدا بێ، لە خەمی خۆ هاوچەرخاندندا بێ.. واتە سیاسەت لە ژانی لە دایکبوونەوەدایە، ژان و ژاریش تا قۆناغە ئاساییەکانی خۆی نەبڕێ، ئاکامەکەی یا لەبارچوونە یان بە ئیفلیجی لە دایکبوونە.. بۆیە پیویستە هەندێ پشوو دریژو بڕیک بە حەوسەڵە بین و واقیعیانە مامەڵە لەتەک حاڵەت و دیاردەو مەسەلەکاندا بکەین. لە قۆناغی راپەڕیندا جەماوەری تینوو، دوور لە خیتابی سیاسی یەکگرتووی نەتەوەیی، هەر کەسەو بە شیوازی خۆی گوزارشتی لە ئازادی و شادی خۆی دەکرد، گەلیک ریکخراو و تەنانەت حیزب و حیزبۆکان و دوکانچەی سیاسی هاتنە دامەزراندن و پاشان خیرا پوکانەوەو نەمان، گەلیک رۆژنامەو گۆڤارو بڵاڤۆکان دامەزران و بڕیان نەکردو نەیانتوانی بەردەوام بن و ئەمەش هۆی خۆی هەبوو. هەڵبەتە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی لە کات و سەردەمی وەهاداو بەو شیوەیە دیاردەیەکی ئاسایی و لە هەمان کاتدا حاڵەتیکی دروستەو خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی مژدە دەبەخشە بۆ هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی ژیانی رۆشنبیریی.. دیارە میللەتیکی سەرکوتکراوی (سانسۆر زەدە) کە لەپڕیکا خۆی ئازاد دەبینێ، و دەیەوێ بەهەر شیوازیک بووە گوزارشت لە ئازادی خۆی بکات، دووچاری جۆرە ئەنارشیزمیکی ئاسایی دەبیت کە پیویستە زوو جڵەوی بگیردرێ و بە ئاوایەکی مرۆڤانەو نەتەوەییانەدا ئاراستە بکرێ.. دیارە ئەمە رۆژنامەنووسییش دەگریتەوە، بۆیە دەبێ رۆژنامەنووسی بکرێ بەو قوتابخانەیەی یاریدەی پەرەسەندنی ئاسایی کۆمەڵ بدات نەک بکرێ بە کۆسپ و بە پیچەوانەی رەوتی میژوو بەکار بهینرێ.. رەخنەی بنیاتنەرو موناقەشەی جدی و دوور لە جنیوی بازاڕی ببێ بە بابەت و مەبەستی رۆژنامەنووسیمان. بە هەر حاڵ ئەرکی سەرشانی هەمووومانە کە کاریکی وەها بکەین ئەم قۆناغە گوزەرایانە، زوو ببڕدرین و لەناویا گیرۆدە نەبین و رۆژنامە بکەین بە قوتابخانەی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و

مرۆڤایەتی و نەتەوەیی مرۆڤی کوردو گیانی مرۆڤ دۆستانەی لەلا پەروەردە بکەین و هەوڵبدەین دوور لە گیانی حیزبایەتی تەسک و ئەقڵیەتی تەسەڵوتی تاکڕەوانە، خیتابی سیاسی نەتەوەییمان یەک بخەین و هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەین کە لەم قۆناغەدا لە هەموو کاتیکی دی زیدەتر پیویستمان پییەتی و ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم دۆزی نەتەوەکەمان دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ وەکو پیشتریش ئاماژەمان بۆ کرد رۆژنامەنووسیی کوردی هەم رۆژنامە بووەو هەم سەرچاوەی رۆشنبیریش بووەو زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆک و چاپەمەنییەکانمان، دەشێن بە متمانەوە بکرین بە سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ لیکۆڵینەوە لە زۆر رووی ژیانی کوردەواری بە ئەدەب و میژوو. و زمان و فۆلکلۆرو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوەو رەنگە لە تۆمارکردنی بابەت و رووداوەکاندا زۆر ئەمینترو دەست پاکتریش بووبێ لەهی دەرو دراوسیکانمان.. بۆیە سەیر نییە، هەوڵبدرێ رۆژنامەنووسیی کوردی، لە خەتی راستەقینەی نەتەوەییانەی خۆی لابدرێ و بە هەڵدیریکی وەهادا ببرێ کە سبەی رۆژێ لیکۆڵەرەوانی کوردو ناکورد نەتوانن پشتی پێ ببەستن! و بەمەش بە ناهەق گومان بخریتە سەر، سەرلەبەری رۆژنامەنووسییمان!.. دیارە هەر رۆژنامەو بلاوکراوەیەک لە پەیامی حەقیقەتبیژی لابدات و ئەرکە نەتەوەیی و مرۆڤانییەکانی فەرامۆش بکات، هەرچی بەهاو رەوشت و مصداقیەت هەیە دەیدۆڕینێ و لە جێ خۆیدا دەپوکیتەوە. بۆیە رۆشنبیران و نووسەران لە سەریانە خۆ لەو ریی هاتو نەهاتە دور بگرن و هاوکاری لەگەڵ دا نەکەن و رازی نەبن بەوەی رۆژنامە بکرێ بە دیوجامەی راوە جەماوەرو قەڵەم و کاغەزو ووشە بکرین بە کەرەستەی گەوجاندنی خەڵک..

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەم یادە پیرۆزە ببێ بە هاندەریکی جدی بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسیی کوردی سورتر بێ لەسەر ئەنجامدانی پەیامی نەتەوەیی و ئەرکی حەقیقەتبیژی خۆی و قازانجی نەتەوەیی و کوردینی بخاتە سەروی قازانجی حیزبینی و بەرژەوەندی ئەم و ئەو.

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی مقداد مەدحەت بەدرخان و ریبەران و پیشرەوان و کادران و شەهیدانی رۆژنامەنووسی کوردی.

سلاو لەو زاتانەی بێ ریا، پشتیوانی مادی و مەعنەویان لە رۆژنامەنووسیی کوردی کردووەو دەیکەن.



هەر بەرخوردارو پڕ فەرو بەرەکەت بێ رۆژنامەنووسیی کوردی لە سایەی یادی سەد ساڵەی رۆژنامەی (کوردستان)دا.

**سەرچاوە:**

**١- تیگەیشتنی راستی/ د. کەمال مەزهەر.**
**٢-قصە نویسی/ رضا براهنی.**
**٣- رۆژنامەی هەریم/ ژمارە (١) ١٩٩٢/١٢/٣**
**٤- رۆژنامەی خەبات/ ژمارە (٦٧٢) ١٩٩٣/٤/٢١.**
**٥- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی/ ژمارە (٢١٥) ١٩٩٦/٥/٢**

**گۆڤاری کاروان (١٢٠)**
**ژمارەیەکی تایبەت بە ١٠٠ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی**

## رۆژنامەو ئومید

ئاشکرایە چاپەمەنی رۆڵیکی یەکجار گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی رۆشنبیریی هەر میللەتیک دا دەبینێ، هەڵبەتە گەلی کوردیش لەم چەمک و بۆچوونە بەدەر نییە. گەشەکردنی چاپەمەنی رەنگدانەوەی گەشەکردنی سیاسی و فیکری و رۆشنبیریە لە کوردستاندا. بزاڤی کولتوری کورد لە پاش یەکەم جەنگی جیهانەوە جۆرە تین و تاویکی کەوتیتێ و لەو دەمەوە تا ئیستا بەردەوامە، بە گویرەی قۆناغە میژووییەکان و پێ بەپیی هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوە سیاسی‌یەکانمان هەڵکشان و داکشان، گورجی و سستی بەخۆوە دیتوە، بەڵام وەک چۆن خۆمان بن دەستەو داگیرکراو بووین، بزووتنەوە کولتوری‌یەکەشمان بەهەمان دەرد براوە، لە زیندانی سانسۆردا کۆت و زنجیر کراوە، زمانی هەق گۆیی لە ووتن خراوە. رژیمە دوژمنەکانی کورد خەڵکانی ریا گۆیان کڕیوە، دەزگای راگەیاندنی وەک: رادیۆ، تەلەفزیۆن و رۆژنامەیان خستوونەتە خزمەت و بەمەبەستی تایبەتی و بەپیی نەخشەی فیلبازانە داڕیژراو دەرگای هەندێ رەخنەی کلیشەیی بێ زەرەرو زیانیان- هەڵبەتە بێ زیان بۆ رژیمەکان- بۆ کردونەتەوەو لەویوە کراون بە دیوجامەی راوە جەماوەرو چەواشەکردنی بیرکردنەوەی دروستی خەڵکی. بەم کارەش چەند نیشانیکیان پیکاوە، یەکەم خۆیان لە هەموو خەتاو تاوانیک پێ دەرباز دەکەن و دووەم وا دەنوینن کە رژیم هیندە دیموکراس و هەق پەروەرو ئینسان دۆستن دەبێ لە جیاتی سلاواتێ هەزار سلاواتیان لە دیدار بدرێ. هەڵبەتە ریگادان بەو رەخنە موعەلەبانە خۆی لە خۆیدا پەردەپۆشی‌یەکی زیرەکانەی سانسۆرەکەیە یا تانوپۆی خودی سانسۆرەکەیە. جا کورد لەوەتەی هەین بە دەست سانسۆرەوە دەناڵینین، سانسۆرچییان گاڵەمانپێ دەکەن، تەنانەت بوونی نەتەوەیی، کۆمەلایەتی، خیزانداری، و جوگرافیمان تا رۆژی ئەمڕۆش گەورەترین و خەتەرترین سانسۆری لەسەرە، وامان لیکراوە دوچاری نەخۆشی.. خۆ سانسۆر کردنیش بووین، بۆیە لەسەرمانە وەکو میللەتیکی سانسۆر زەدە لە هەموو کەسیک پتر بە گژی دا بچین و رەفزی بکەین و نەفرەتی لێ بکەین. بە هیچ کلۆجێ ریی پیادەکردنی نەدەین، جا ئەو پیادەکردنە با بیانوی وەک هیشتا میللەت ساوایە، نەگەیووەتە ئاستی پیویست یا قۆناغەکە ناسکە یا کاری گرنگتر لە پیشە.. یا گەلێ بیانووی بێ بنج و بناوانی دی کە



پردیک؛ لە نیوان سانسۆرو دکتاتۆریەتدا لەسەر شانی میللەت دروست بکا، ئەم جۆرە بیانوانە خۆی لە خۆیدا تانوپۆی سانسۆریکی دی یەو ئەهلی فیکرو قەڵەم و هونەر بەرەو زەڵکاوی ریاگۆیی دەباو مەوقعی راستەقینەیان پێ دەدۆڕینێ و بەرە بەرە پیوەندییە ئینسانی‌یەکان لە گریژەنە دەباو یاسای شیخ و مورید یا بت و بت پەرستی برەو پێ دەدا، ئاشکراشە نەبت پەرست دەبیتە خاوەنی ئەقڵی تەحلیلی دروست و پەسەندو بەجێ نەبتیش دەست بەرداری مەقامی بتایەتی خۆی دەبێ و ئەم جۆرە سیستەمەی پیوەندییش سەرچاوەی سەر لەبەری کارەساتەکانەو گەر میللەتی بن دەستپیی قایل بێ دەبێ دەست لە رزگاری و بوونە مرۆڤی خۆی بشوا. دیارە پیچەوانەش پیچەوانەیە، هەنگینێ بوارەکانی ژیانمان کەڵە پیاوی خۆی پیدەگەیەنێ. میللەتەکەمان لە زەلکاوی غەفڵەت و بێ خەبەری دەرباز دەبێ، سەرفرازو متمانە بەخۆ بەگەڵ کاروانی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکەوێ..

هەڵبەتە رۆژنامەگەری، بەشیکە لە ژیانی رۆشنبیری میللەتان و چەکیکی یەکجار کاریگەرە.. بۆیە لەو کاتەدا کە رۆژنامەی **H.K** لە باوەشی حکومەتی کوردستانەوە چاو هەڵدینێ و بەگەڵ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی دەکەوێ لەسەریتی ببێ بە دەنگی خەڵکی کوردستان، هەقیانەتی حکومەتی کوردستان بسەلمینێ، ئەمەش تەنیا بە لە نیوبردنی سانسۆرو رێ نەدان بە سانسۆرچییان دیتەدی؛ ئەو دەمە دەبێ بە فیرگەیەکی ئازادی میللەت، میللەتی خاوەن فیرگەی واش جاریکی دی داماوی ناناسیت و جگە لە ئازادی مل بۆ هیچی دی نادات.

لە کۆتاییدا هیوای بەردەوامی بۆ (هەریم) دەخوازم بە ئومیدی سەرکەوتنی گشت بەرپرس و کاریگیڕو نووسەرو کادیرو بەشدارو هاوکارانی رۆژنامەی حکومەتی کوردستانم و دەنگم دەخەمە پاڵ رۆسۆی مەزن: «رێ بە خەڵکی نیشان مەدەن، بەرنامەی کاریان بۆ دامەنین، بەڵکو فیری تێ گەییشتنیان بکەن، ئەو دەمە خۆ بەخۆ ریی خۆ دەدۆزنەوەو بەرنامەی کار بۆ خۆیان دادەنین».

رۆژنامەی هەریم ژ «١»
١٩٩٢/١٢/٣

## راگەیاندن

# له نیوان حەقیقەتبیژی و عەوام خەڵەتینیدا

بیگومان دەزگای راگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانییەوە (بینراو، بیستراو، نووسراو) یەکجار کاریگەرە. بەهەردوو دیوی چاکەو خراپەدا کاری خۆی دەکات هەڵبەتە ئەمەش بەندە بەو کەس و گروپ و لایەن و حیزب و حکومەتەوە کە ئاڕاستەی دەکات. هەر لەبەر ئەمەیە ئەگەر لە سیستەمی نویی ئیداری دا تەئکید لەسەر ئەوە بکریت کە کەسی لەبار لە شوینی شیاودا دابنریت ئەوا لە بواری راگەیاندن و دەزگاکانی راگەیاندندا پیویستە، گونجاوترین و شیاوترین و لەبارترین کەسان بینە هەڵبژاردن، چونکە راگەیاندن رەگەزیکی هەرە گرینگ و بنەبڕە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ پەروەردەکردنی دیموکراتییەکی راستەقینەی چالاکی سەمەربەخش، هەر لەویندەرەوە کرۆک وپوختەی حەقیقەتەکان دەخرینە بەردەستی جەماوەری خەڵک و نابێ و ناکریت بەهیچ بیانویەکی وەک پاراستنی ریزەکانی ریکخستنی حزب و ئاسایشی حیزب و تەنانەت پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییش حەقیقەت لە خەڵکی بیتە ڤەشیرتن یا بشیوینریت و رۆحی دیموکراتیەت بکریت بەقوربانی دەستکەوتی رەوتەنی و کاتی حیزبی دەبێ هەمیشە ژیانی رەوتەنی و کاتی و حیزبی قبوڵ بکەین لە پیناوی دەستکەوتی ستراتیژی نەتەوەیی دا.. چونکە ئەگەر بەم نەفەسەوە کار نەکەین و مامەڵە لەتەک رووداوەکاندا نەکەین ئەوا دەزگاکانی راگەیاندن دەبنە مەڵبەندی هەڵهینانی گەرای دکتاتۆریەت و جۆرە بیرۆکراتییەتیکی دکتاتۆرییەت ئامیز پەروەردە دەکات و نەتەوەو میللەت بەرەو هەڵدیری ناکامی دەبات جا ئیمەی کورد، گەر تۆزیک لە دەزگا زۆرو زەبەندەکانی راگەیاندنی مەیدانی باشوری کوردستان ورد ببینەوەو هەندیک رەخنەگرانە لە فکران رابچین و- کە هەر ئەمە دادمان دەدات و خزمەتی ستراتیژی نەتەوەییمان دەکات- بیینە قسان، ئەوا بە ئاسانی بۆمان بەدیار دەکەویت کە دەزگاکان بە ئاڕاستەیەکی خراپدا وەگەڕ خراون و دەتوانین بڵیین حەقیقەتەکان تەواو دەشیوینرین و ئەو حەقیقەت و زانیاریانەش کە جار جارە دزە دەکەن و دەگەنە خەڵکی هیندە کەمن هەر هیچیان لەسەر رۆنانریت، ئەوەی مایەی سەرنجە لە حاڵیکدا، کە ئەمە حاڵی دەزگاکانی راگەیاندنە، زۆر جار لەم بۆنەو لەو بۆنەدا، داوا لەم کەسایەتی و لەو کەسایەتی، لەم گروپ ولەو گروپ، لەو ریکخراوو لەم ریکخراو، لەم حیزب



و لەو حیزب دەکریت کە دەرهەق بەم رووداوو بەو رووداو هەڵویستیان هەبێ!.. جاریٚ بۆ هەر هەڵویستیک دوو مەرجی زۆر سەرەکی هەن **یەکەم** زانیاری و حەقیقەتی تەواو دەربارەی رووداوەکە بخریتە بەردەست. **دووەم** خاوەن هەڵویست دڵنیا بکریت، کە هەڵویستەکەی بایەخ و کاریگەریی خۆی دەبێ و بەقسەی دەکریت. بۆیە هەر هەڵویستخوازییەک بەدەر لەو دوو خاڵەی سەرێ، داخوازییەکی نابەجییەو تەنیا بۆ ئیستهلاکی محەلی و ئیحراج کردنی هەڵویست لێ خوازراوەکە، بەکار دەهینریت.

هەڵبەتە ئەم دیاردەی حیجزکردنی زانیاری و حەقیقەتە تەنیا رەمەکی مەردمی نەگرتۆتەوە، بگرە زۆر جار ئەندامانی حکومەت و ئەفسەرانی هیزی چەکدارو بەڕیوەبەرانی دام و دەزگاکانی وڵاتیش دەگریتەوەو زانیاری پیویستیان نادریتێ و ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە لە هەندیک بۆنەداو بۆ ئەوەی لەبەرچاوی خەڵک لە روو دانەمینن!.. بۆ خۆ بەپێ خاوسی بەناو بکەون و بە مەزندەو رمڵ لیدان قسان بکەن، ئیدی ئەم مەزندەکاری و گۆترەکارییە جاری وا هەیە لەگەڵ خەتی حیزب دا دەگونجێ و خیر بۆ خاوەنەکەی دەداتەوە، جاری وایە دژی خەت و هەڵویستی حیزب دەوەستیتەوەو یان جێ بەخاوەنەکەی لەق دەکات یان خیرا بۆنەیەکی بۆ دروست دەکەن و بۆی پینە دەکەنەوە!.. ئەنجامی ئەم جۆرە راگەیاندنەش تەنیا پاشاگەردانییەکی خەتەرە، چونکە سیاسەتی عەوام خاڵەتینی تا سەر بڕناکات و هەر کە جەماوەر وەئاگا هاتەوەو هەستی بەوە کرد کەتا ئیستا هەڵخەڵەتینراوە، بیر لە تۆڵە دەکاتەوەو لەگەڵ بچووکترین وەرچەخاندا هەڵدەگەڕیتەوە.

بیگومان پاش سیاسەتی مەرکەزی هەر راگەیاندنیک مەسئولیەت دەکەویتە ئەستۆی بەرپرس و کادیرە ئیعلامییەکان، بۆیە خەتەرترین کادیر، ئەوانەن کە فشە توانایەکی نارەسەنیان هەیەو خزمایەتی و کەسایەتی لەویندەری هەڵتۆقاندون، هەڵبەتە ئەمانە تەنیا رواڵەت و دیوی دەرەوەی شتەکان دەبینن و بەسایکۆلۆژیایەکی نەخۆشی خۆپەرستانەوە، مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و هیچ جۆرە دەستپاکی و دڵپاکی و پاک روانینیک لە مەزەبیاندا نامینێ و ئەو تواناو بەهرەیەشیان نییە، کە لە فاکتەرو هیزە کاریگەرەکانی ناوەوەو ژیرەوە تیبگەن و بەرەوتیکی ئایندە گەرانەی مرۆڤانە وەگەڕی بخەن و ئاڕاستەی بکەن و پەروەردەی بکەن. دیارە ئەم بابەتە کادیرانە، بازنەیەکی بیرۆکراتیانە پیک دەهینن و کەم و زۆر لەوە

ناپرینگینەوە کە ئاگری چ کارەساتیکی نەتەوەیی خۆش دەکەن، چونکە ئەو بەمەزندەو بگرە بە قانەعەتی خۆی چ خەتایەکی نییە، ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدات. گرینگ ئەوەیە سەرووی خۆی لیی رازی بیت، دیارە خەتەری کەسایەتی بیرۆکرات لەمەدایە کە هیچ بەدەنگەوە هاتن و بەتەنگەوە هاتنیکی ئینسانی لەلا نامینێ، بەڵکو دەبیت بەکۆیلەی ئەڵقە لە گویی یاساو فەرمان و دەستورەکانی سەرووی خۆی و ویژدانیشی ئاسودەیە، چونکە چ خەتایەکی نییەو بگرە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە.

لە راستیدا کاری دەزگای راگەیاندن «چاپەمەنی، رادیۆ، تەلەفزیۆن» بریتیە لە گەڵاڵە کردنی هەواڵ و ناردنی وەکو کاڵایەک بۆ بازار، هەڵبەتە کەرەستەی هەموو هەواڵیکیش بریتییە لەروداوەکان، ئاشکراشە دەزگای راگەیاندن بڕیار دەدات، کە چ رووداویک بکرێ بە هەواڵ و بەچ شیوەیەک بخریتە بازاڕەوە.. راگەیاندنیش بەشیوەیەکی گشتی رواڵەتی رووداوەکان وەردەگریت و بەشیوەیەکی سەرڤە سەرڤە رتووشی دەکات و بوار بە هاووڵاتی نادات قوڵ ببیتەوەو خۆ بەخۆو ئازادانە هۆو رەگ و ریشەکان بدۆزیتەوەو بە بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵەی لەتەک دا بکات و هەڵویستی مرۆڤانەی لەمەڕ بنوینێ.

دیارە کە هەواڵ بوو بە پیشەو بازرگانی و کاسبی بەتایبەتی لای کورد کە بازاڕی حیزبایەتی تەسکی پێ گەرم دەکریت- ئەوا زۆر جار بەها کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و.... - مادامیکی زەرەری بۆ حیزبە حەیاتەکە نییە پایەماڵ دەکات و میشیشی میوان نییە. بۆیە تاقە ریگا بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی راگەیاندنی عەوام خەڵەتین و دیماگۆگی ئەوەیە لینین گوتەنی: (هەموو حەقیقەتەکان بخرینە بەردەست جەماوەر) بە تایبەتی ئەو حەقیقەتانەی پیویستن بۆ خزمەتی پیداویستییەکانی هەموو جەماوەری خەڵک ئەو حەقیقەتانەی موناقەشەی جدی لەسەر ئاستی خزمەتی نەتەوەیی دەنەنەوەو زەمینە بۆ دیموکراتیەتی هاوبەش خۆش دەکەن... پیویستە بەلای کەمەوە ئازادی گوزارشت و بەیان بەهەموو کەس و گروپ و لایەن و حیزبیک بدرێ و لەسەر یەک حیزب و دەسەڵات قۆرخ نەکریت و نەهیڵریت، جەردەیی سیاسەت «قرصنة السياسة» دروست ببێ و هەروەها دەبێ شیوازی هیپنۆتیزمی سیاسی (نواندنی موگناتیسی) وەلا بنریت، چونکە ئەمە خەتەریکی یەجگار گەورەیەو هەڕەشە لە سەغڵەمی ئەقڵی و



ئاسودەیی زەین و بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو سەربەخۆیی ویژدان دەکات.

**سەرچاوەکان**
**الانسان بين الجوهر والمظهر، اريک فروم.**

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٦)**
**١٩٩٦/٥/١٥**

**١٩٩٨/٤/٢٢**

چاپەمەنی بەگشتی و ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی ڕۆڵی یەکجار گرینگ وکاریگەر لەژیانی ڕۆشەنبیری و شارستانی هەر میللەت و نەتەوەیەک دا دەبینیت. ئەگەر ڕۆژنامەگەری بەشیوەیەکی ئیجابی بەکار بهینرێ دەبیتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەری خەڵک و بڵاو بوونەوەی چەمکە مرۆڤایەتیەکانی پەرەسەندن و پیشکەوتن لەنیو ریزەکانی جەماوەری خەڵکدا.. هەڵبەتە دەشیت رۆژنامەگەری ببێ بە چەک دەستی تاقمیکی تایبەتی و بۆ قازانج و بەرژەوەندی و ئەو تاقمە بەکار بهینریت و دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و کاروانی پیشکەوتنی بوەستیتەوە، بێ گومان یەکیک لەهۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تاقمانە دەرکیان بەوە کردووە کە ڕۆژنامەگەری لە مەودایەکی بەرین دا هزروو بیری جەماوەریکی زۆری گەل دەدوینێ و هانی دەدا بەرگری لەماف و دەسکەوتەکانی خۆی و لە بوونی مرۆڤانەی خۆی بکات کە لە بناغەدا لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو تاقمانەدا ناگونجیت.. بۆیە هەر لەکۆنەوە ململانیی تووند لەنیوان ڕۆژنامەگەری ئازادوو چین و تاقمە دەسەڵاتدارەکان دا هەبووە، چونکە ڕۆژنامەگەری ئازاد داکۆکی لەئازادی بیروو بۆ چوون و باوەڕی جەماوەری خەڵک دەکات، ئاستی هۆشیاریان قووڵ دەکاتەوەو فیری تێ گەیشتنیان دەکات و گەلیکیش کەتێ گەیشت، هۆش و ویژدانی بیدار دەبیتەوەو ئیدی بەرژەوەندییە ئینسانیە مادی و مەعنەوییەکانی خۆی دەناسیت و جڵەوی چارەنوسی خۆی دەگریتە دەست و بەئاسانی چاو و راوی لێ ناکریت وملی بۆ سیاسەتی چاوبەستەکێ نادات و نایەتە چەوساندنەوە واتا لەم حاڵەتەدا ڕۆژنامەگەری دەبیت بەسەر چاوەیەکی هەرەگرنگی دەسەڵاتی گەل و بەشیوەیەکی دادوەرانە پیادە دەکریت بۆیە ئەگەر بمانەویت ئاستی هۆشیاری جەماوەری هەرگەلیک بناسین، دەتوانین لەڕۆژنامەگەری ئەو گەلە دا بیدۆزینەوەو پیی بگەین.. جانەبوونی ڕۆژنامەگەری راستەقینەو ئازاد لەهەر قۆناغیک دا بۆ خۆی پرسیاریکی فرە دەلالەتەو لەباری میژووییەوە زۆر بەرۆکان دەگریت...

بەهەر حاڵ گوتمان ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی گرنگ و کاری گەر لە ژیان و ژیارو ڕۆشنبیری و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەک دا دەبینێ، بیگومان نەتەوەی کوردیش لەم چەمک و بۆ چوونە بەدەرنییەو گەشەکردنی چاپەمەنی مانای گەشەکردن و پەرەسەندنی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە لە



کوردستان دا، بزاڤی کلتوری کورد لە پاش یەکەم جەنگی جیهانەوە جۆرە گوڕیکی وەبەرکەوتووەو لەو ساوەو تانەو بەردەوامەو بەگویرەی قۆناغە میژووییەکان و بەپیی هەڵکشان و داکشانی بزوتنەوە سیاسیەکانمان هەڵکشان و داکشان، گورج و گۆڵی و سستی و خاوی بەخۆوە دیتووە. بەڵام مخابن جڵەوی بەشیک لەبزوتنەوەی کولتوری کورد ئیستاشی لەگەڵ بێ، بەدەستی داگیرکەرو دوژمنانی کورد بووە و لەزیندانی سانسۆڕدا کۆت و زنجیر کراوەو رژیمە کورد کوژەکان خەڵکانیکی ڕیاویژیان کڕیوەو دەزگاکانی راگەیاندنی وەکو ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەیان خستونەتە بەردەست ودەرگای هەندیک رەخنەی کلیشەیی بێ زەرەروزیانیان – هەڵبەتە بۆ ڕژیم – بۆ کردونەتەوە تاجەماوەری خەڵکیان پێ چەواشە بکەن وخۆ لەهەموو خەتاو تاوان بارییەک دەرباز بکات و وابنوینیت کەهیندە ڕژیمیکی دیموکراسیە دەبێ هەزار سڵاوی لەدیدار بدەی دەنا دەمت خوار دەبیت. دیارە ڕیگەدان بەو رەخنە موعەلەبانە خۆی لەخۆیدا پەردە پۆشییەکی زیرەکانەی سانسۆرە جا ئیمەی کورد لەوەتەی هەین بەدەست سانسۆرەوە دەناڵینین، تەنانەت بوونی نەتەوەیی ، کۆمەڵایەتی، خیزانداری و میژوویی و جوگرافیاییمان تا ئەمڕۆ کە گەورەترین و مەترسیدارترین سانسۆری لەسەرە، وامان لیکراوە دوچاری نەخۆشی خۆ سانسۆرکردنیش بووین، بۆیە هەق وایە ئیمەی کورد لە هەموو کەسیک پتر سانسۆر رەفز بکەین، بیبوغزینین، ئیدی ئەو سانسۆرە بەهەر بیانوویەکەوە بیت، بە بیانووی ئەوە بیت میللەت لە ئاستی هوشیاری شایستەدا نییە یا قۆناغەکە ناسکە، یا کاری گرینگتر لە پیشە.. ئەم بیانووانە خۆیان لە خۆیاندا جۆرە سانسۆریکی دییەو ئەهلی قەڵەم بەرەو هەڵدیری ریابیژی دەبات و سەنگەری راستەقینەیان پێ دەدۆڕینێ و بەرە بەرە پیوەندییە ئینسانییەکان لە گریژنە دەبات و پاشاگەردانی و ئەنارشیزم دەکات بە باو، و دابی شیخ و موریدو بت و بت پەرستی برەوپیدەدات، هەڵبەتە ئەمە کاریکی کوشندەیە، چونکە نە بت پەرست دەبێ بە خاوەنی ئەقڵی تەحلیلی و تیفکرینی رەخنەگرانەی پەسندو بەجێ نە «بت»ش واز لە پایەو مەقامی بتایەتی خۆی دینی و ئەمەش سەرچاوەی سەرلەبەری کارەساتەکانە... جا ئیمەی کوشتەی دەستی سانسۆر وەکو نەتەوە بەگشتی و وەکو رۆشنبیرو ئەهلی قەڵەم بەتایبەتی لەسەرمانە چیدی سازش لەگەڵ سانسۆرو سانسۆرچییاندا نەکەین و هەر بەمەش ئاوات و خۆزیاکانمان دیتەدی و کەڵە پیاوان و میژوو

سازانمان تیا هەڵدەکەون و میللەتەکەمان لە زەلکاوی غەفلەت و بێ خەبەری دەرباز دەبێت و لە کاروانی شارستانییەت و ژیانی مرۆڤایەتیدا جێگەی شایستەی خۆی دەگرێت و دریژە بە بوونی ئیجابیانەی خۆی دەدات.... لە کۆتاییداو لە یادی ٩٨ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا پرسیارە فرە دەلالەتەکە دووبارە دەکەمەوەو دەڵێم ئەرێ گەلۆ، براینۆ لەنێو ئەو هەموو «نەشرە» حیزبییەی ئەم «٥» ساڵەی باشوری کوردستان دا شوێنی رۆژنامەگەری راستەقینەو ئازادی نەتەوەی کورد کامەیە؟!

میقداد مەدحەت بەدرخانی بەهەشتی، ئیستا زیندوو ببێتەوە چیمان پێ دەڵێت؟!

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٥)**
**١٩٩٦/٥/٢**

# ڕەگی ئێستای رۆشنبیریمان لە رابردوودایەو



# لق و پۆپی بۆ ئاینده دەهاوێ

«١»

جارێ بەر لە هەموو شتێک پێویستە زاراوەی رۆشنبیری دیاری بکەین و پێناسەیەکی ئەوتۆی بدەینێ کە بتوانین بیکەین بە کلیلی کردنەوەی دەرگای بۆچوونەکان، هەڵبەتە ئەم کارەش هەروا ئاسان نییەو رەنگە پێناسەو چەمکی رۆشنبیری لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغیکی دی بگۆرێ، یان لای هەر کۆمەڵ و دەستەو تاقم و گروپ و چینیکی کۆمەلایەتی چەمک و مانایەکی تایبەتی بدات و لەگەڵ باری بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی خۆدا بیسازێن و جۆشی بدەن.. جا بۆیە پێویستە بۆ پێناسەیەکی کورت و پوخت وگشتی ئەوتۆ بگەرێین کە کۆکەرەوەی خاڵی یەکانگیری بەلای کەمەوە زۆربەی پێناسەکان بێت، کەواتە ئەگەر رۆشنبیریی هەر میللەت و نەتەوەیەک بکاتە تیکرای چەلەنگی مادی و روحی و فیکری و زانستی و ئایینی و کردەیی ئەو میللەتە بە دریژیی میژوو، و لەهەر قۆناغیکدا خۆی تازە بکاتەوەو کۆن و لەباوکەوتوو لەخۆی بتەکینێ و تازەو پێویست و پاراوکەری پیداویستییە روحی و مادییەکان وەربگەرێ و لەخۆیدا ریشاژۆی بکات، واتە کاژی کۆن فرێ بدات و کاژی نوێ بینیتەوە، ئەوا دەتوانین بلێین: رۆشنبیریی ریگەیەکی گشتییە بۆ ژیان و هەوڵدانیکی شارستانیانەیە بۆ ماڵی کردنی گیانی هۆڤیانەی تیرەی بەشەر، جا بەم پێیە کوردیش خودان رۆشنبیرو رۆشنبیری خۆی بووە. هەمووش دەزانین کورد زۆر لەمیژە تامەزرۆی ژیان کراوەو تینوویی ئاشتی و ئاشتەواییەو مەیدانی رۆشنبیری کردووە بە سەنگەری مقاوەمەت و بەرەڤانی و لەرای مانەوەو نەتوانەوە... جا ئیوە کە داوای بەراوردی جاران و ئیستا دەکەن، پیم وایە ئەو بەراوردە هەندێ ئەستەم بێ، چونکە جاران و ئیستاو ئایندەش بە جۆرێ پیکدادەچن و پیک دا چوون و لە پرۆسەیەکی کارلیکی ئەوتۆدان کە دەبێ وەکو یەک یەکەی زەمەنی جەدەلی تەماشا بکرین، چونکە ئیستا لە منداڵدانی رابردوودا خەملیوەو ئایندەی لێ لەدایک دەبێت، بۆیە ئیستا، تەزووی ژیان لە رابردووەوە وەردەگرێ و دەیگەیەنیتە ئایندەو بەمەش ئەو بەردەوامی و دەیمومەیە پیک دیت کە زندوویەتی بە میژووی هەر میللەت و نەتەوەیەک دەبەخشیت..

هەڵبەتە پرۆژەی رۆشنبیریی هەر نەتەوەیەک پابەندی ئەو هاوکیشەیەیەو

رۆشنبیری نەتەوەییش هەندێ رەگ و ریشەی نەگۆڕی هەیە کە لەگەڵ رەوتی رۆژگـاردا دەمـینێ و پـتر ریشاژۆ دەبیت، مـەگـەر گۆڕانی یەکجار کەمی بەسەردا بیت، ئەوەش لەو حاڵەتانەدا دەبیت کە نەبێ بە کۆسپ لە ریگەی پیشکەوتندا، هەموو دەزانین هەر ڕەگ و ریشەو قەدیک لق و پۆپی خۆی دەبیت و بەپیی گۆڕانی بارودۆخ و کاودانی رۆژگار دەگۆڕێ.. دیارە ڕەگ و ڕیشەو بنەما نەگۆڕەکان یان کەمگۆڕەکان بەردەوام دەبن و هەر ئەوەش سیماکانی کەسایەتی نەتەوە پیک دەهینێ ولە نەتەوەکانی تری جیا دەکاتەوە، بەڵام لق و پۆپەکان بەگەڵ رەوتی میژوو دەکەون بێ ئەوەی پەیوەندی خۆ بە ڕەگ و ڕیشەو بنەما نەگۆڕەکانییەوە لەدەست بدات.

بۆیە ڕەگی ئیستای رۆشنبیریمان لە رابردوودایەو لق و پۆپی بۆ ئایندە دەهاوێ و باری رۆشنبیریمان لە هەردوو قۆناغەکاندا، لە چاو ئەو بارە نا هەموارەدا کە ئیمەی تیدا بووین، باشەو نیشانەی سووربووغانە لەسەرمان و ژیان و خۆی لە خۆیدا زیندوویەتی ئیمە دەسەلمینێ. پیم وایە بە هیواوە دەڕوانینە ئاسۆو لە ژانی ،لە دایکبوونیکی نویداین و ریبواریکین دەزانین چاری ریگە هەر رۆیشتنەو تەنێ بە رۆیشتن دەگەینە مەنزڵ و دەمانەوێ بە زەبری بەشداری کاریگەر، بچینە قووڵایی میژووەوە.

«۲»

دەربارەی کتیب و بڵاوکراوە وەرزییەکان لە ئیستاو لە رابردوودا، پیم وایە وەکو ژمارە ئیستا زۆر زۆرترن لە جاران و هیندەی جارانیش سانسۆر لە گۆڕێ نییە، هەڵبەتە ئەمە بۆ خۆی بایەخی میژوویی هەیەو تا رادەیەک مایەی دڵخۆشییە، بەڵام پیم وایە کاریگەری رۆشنبیری مەرجترە تا بایەخی میژوویی.. ئەو کتیب و بڵاوکراوانە بەپیی بەرنامەیەکی رۆشنبیریی- نەتەوەیی کۆک و دروست نایەنە بڵاوکردنەوە. زۆربەی زۆریان هەمان ئەرک و پەیامی یەکتریان هەیەو ئەمەش لە باری ئابورییەوە بە فیرۆدانی کاغەزو مەرەکەب و کەرەسەتەکانی چاپ و چاپەمەنییە کە پیم وانییە بەو ئاسانییە بە چنگ کەوتبن تا بەو ئاسانییە بە فیرۆبدرین، لە لایەکی دییەوە بەفیرۆدانی کاتی خوینەرو لەق کردنی متمانەی خوینەرە بە بڵاوکراوەکان، خوینەر کە دەخوینیتەوە، دەیەوێ لە میانەی بیرو بیرکردنەوەی نووسەرەوە موتاڵای واقیع و دیاردەو رووداوەکان بکات، بۆیە دەبیت نووسەر یەکجار وردو راستگۆبیت و ئامادە نەبیت بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەک بێ



لایەنی خۆی لە مالیجەی بابەتەکاندا لە دەست بدات..

بە هەر حاڵ پیویستە ئەو کتیب و وەرزنامانە بایەخ بەو نووسین و بابەتانە بدەن کە پیداویستییە روحی و مەتریالییەکانی کوردەواری دەیانخوازێ و خیرایی بە رەوتی پیشکەوتنمان دەبەخشن.. من پیم وایە کتیب و وەرزنامەکانی جاران بە رەواجتر بوون و هۆیەکەش، راستەوخۆ سیاسی بوو، خەڵکی سەرکوتکراوی کوردەواری تینوویی تاقە رستەیەکی شۆڕشگیڕانە بوو، تا گیانی خۆی پێ تازە بکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ قۆناغیکی دییەو پەرۆشییەکانی خوینەری کورد شتی دییەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پیم وایە ئەگەرچی خوینەری جاران زیاتر بوون، بەڵام خوینەری عاتیفی بوون و خوینەری ئیستا کەمترن بەڵام جدی ترن.

بەهەر حاڵ ئەگەر جۆرە بەرنامەدارییەک بۆ کتیب و وەرزنامەکان دابنرێ، بە جۆرێ کە خیرایی بە ڕوەتی پیشکەوتنی هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری ببەخشیت، رەواجی پتر پەیدا دەکەن و بایەخی میژووییان زیاتر دەبیت و کاریگەری رۆشنبیرییان بەرجەستەتر دەبێ.

«۳»

دەربارەی پرسیاری دەوری «شۆڕشی زانیاری....» رەنگە تا رادەیەک ببێ بە مایەی ئاسانکردنی ژیانی رۆژانەی تاک، وەکو شتیکی ئیستیهلاکی سوودی لێ ببینن، هەڵبەتە ئەمەش راستەوخۆو نا راستەوخۆ، درەنگ و زوو ریگە گشتییەکەی ژیان دەگۆڕێ.. بەڵام ئاخۆ چ هاوسەنگییەک لەنیوان دووتاکی تەرازووی رۆشنبیریدا، کە دەکەنە لایەنی ئەدەب و لایەنی هزرو فیکر دروست دەکات!.. ئەگەر ئەدەبیات لە لای ئیمە بۆ خۆی بە تەوازوعەوە ریچکەیەکی شکاندبێ و کەم تا زۆر ئەرکی خۆی بەجێ هینابێ، ئەوا لایەنی هزرو فیکرمان هەر زۆر لە پاشەو رەنگە گەر بڵیین هیشتا بە مانا زانستییەکەی لە دایک نەبووە، زیدە رۆییمان نەکردبێ. جا ئیمەی کوردی بندەستی بێ دەوڵەت، کە خۆی لە خۆدا دەکاتە نەبوونی کۆمەڵگەو نەبوونی کۆمەڵگەش دەکاتە مەحروم بوون لە تەکامولی ئینسانی، کە تازە لە سەرەتای قۆناغی تۆمارکردن و پرۆسەی تۆمارکاری هەندێ لایەنی رۆشنبیری خۆماندایـن، کە دەچینە قۆناغی تازەوەو روو بە ڕووی هەزاران بابەتی تازە دەبینەوەو بابەت و روداوو دیاردەی تازەش بە شیوازو کەرەستەی تازە دیتە مالیجەکردن و پیویستە بە شیوازی

شارستانیانه مامەڵەی دەگەڵ دابکرێ.. گریمان شیوازەکەمان دۆزییەوە، کەرەستەکەمان وەدەست هینا، ئەدی چۆن داخڵی پرۆسەی کارلیکی ئیجابی ببین؟! داخۆ دەتوانین چ بە مرۆڤایەتی ببەخشین تا بەرە بەرە لە پەراویزی میژووەوە بەرەو ناوەندو قووڵایی میژوو بچین و بەشداری بەرهەمهینانی میژووی تیرەی بەشەر بکەین؟! پیم وایە لە سەدەی بیست و یەکەمدا، تاقە تایبەتمەندی میللەتانی وەکو ئیمە، پاشکەوتنە گشتییەکەمان دەبیت و رەنگە ببینە مایەی لیکۆڵینەوەی، لیکۆڵەرەوان و ئەمەش ئەگەر بەچاکی بەکار بهینرێ، قازانجی خۆی دەبیت.

«٤»

رۆژنامەی برایەتی، ئەستیرەیەکی گەش و پرشنگداری دنیای چەلەنگی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردەوارییە، دەستکەوتیکی خەباتی رەوای نەتەوەی کوردە، سەنگەریکی هەرە دیارە.

رووبەریکی یەجگار گەورەو گرینگی لە نەخشەی چەلەنگی رۆشنبیریی کوردیدا گرتۆتەوەو ئازادانەو ئازایانە هاودەمی رۆژانی تەنگانەو شینەیی خوینەواری کورد بووە، لەگەڵ کاروانی شکۆداری خەباتی نەتەوەییماندا جۆشی خواردووەو بە هەورازو نشیوو پیچ و پەنا زۆرو زەبەندەکانی میژووی خەباتماندا هەڵکشاوەو داکشاوەو هاتووەو ئەمرۆش، کە رۆژانی شینەیی کوردەواریمانەو هەموو چاو لە ئاسۆیەکی گەش خەون و خۆزیاکان بە کردار دەسپیرین، برایەتی حوزوریکی کاریگەری هەیەو رەگ و ریشەی لە میژووی خەباتماندایەو دەیان لق و پۆپی تازەی دەرکردووەو بووە بە بنکەو دەزگایەکی رۆشنبیری دڵخۆشکەر، ئەگەر هەندیکی دی بەرنامەداری لە کارەکانیدا رەچاو بکات، هەم بایەخی میژوویی زیدەتر دەبیت و هەم کاریگەری رۆشنبیریی فرەتر دەبیت.... وەکو باری سەرنج من بلاو کردنەوەی ئەو چوار کتیبەی لە برایەتی دا بە زنجیرە بلاو دەکریتەوە بە کاریکی باش نازانم و لە بنەرەتدا کاریکی رۆژنامەوانی نییەو لاپەرە پر کردنەوەیەو پارەو کاغەزیکی زۆر بەفیرۆ دەچیت، وەختی خوینەر داگیر دەکرێ، کادر بەخۆرایی ماندوو دەکرێ.... خۆ لە بری ئەو هەموو ریگا دوورو دریژە با پرۆسەکە قەدبر ئەنجام بدرێ و ئەو کتیبانەو هی دیکەش بە کتیبی و وەکو بلاو کراوەی برایەتی چاپ وبلاو بکرینەوە، هەم کتیبەکان پاریزراوتر دەبن، هەم پارەیان کەمتر تێ دەچیت، هەم وەفادارییەکە بۆ



جەنابی نووسەرەکانیان و هەم خوینەری جدی تر پەیدا دەکەن و هەم چوار کتیب دەچنە ناو کتیبخانەی کوردییەوە، کە ئەمە بۆ ئیمەی کورد بە قەد نان و ئاو فەرە.

یا لە سەنتەری برایەتیدا، بیانوویەک هەیە گوایە بەرهەمی لە عەرەبییەوە وەرگیردراو بلاو ناکەنەوە، ئەگەرچی لەو رووەوە حیلە شەرع و بن گۆمانیش هەیە، بەلام من ئەو بیانووە بە دروست نازانم، چونکە عیبرەت لەوەدا نییە لەچ زمانیکەوە بەرهەمان دەکەین بەکوردی، بەڵکو لەوەدایە چ بەرهەمیک دەکەین بە کوردی و چۆن زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکەین و خیرایی بە پیشکەوتنی رۆشنبیری و ژیاری و شارستانی خۆمان دەبەخشین.... ئەگەر بیانووی بیانووگرانی سەرێ ئەوە بێ کە کوردی عیراق هەموو عەرەبی دەزانن، بە دڵنیاییەوە دەڵیم وا نییە، چونکە نەوە تازەکان ئەوەندە عەرەبی نازانن باری رۆشنبیری خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، دەشکرێ لەم رووەوە پرسیک بە مامۆستایانی ئامادەیی بکرێ....

هەروەها دەربارەی هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر، بەرای من بکرێ بە بلاوکراوەیەکی هەفتانەو لە شیوەی گۆڤاردا دەربکرێ نەک بەم شیوەیەی ئیستای... چونکە ئەگەر بەشیوەی گۆڤار بێ دەق و نووسینە ئەدەبییەکان پتر دەپاریزرین و بۆ خوینەرو لیکۆڵەرەوەش حازر بەدەست تر دەبیت و بە قەوارەیەکی جدی ترەوە دەچیتە کتیبخانەی کوردییەوەو بگرە جۆرە جدییەتیکیش لەلای خوینەرانی دەخولقینێ.

برایەتی ژ (٢٩٢٢)
١٩٩٩/٩/١٣

**دەسەلاتی ژمارە سفر!**

رۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی شارستانییەو یەکیکە لە پیداویستییە گرنگەکانی سەردەم.. رۆژنامەگەری کوردی وەکو هەموو ئاگادارین لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا چاوی هەڵیناوەو هەستی نەتەوەیی و بەگەڵ کەوتنی کاروانی شارستانیەت، دوو فاکتەری گەورەو هاندەری بنەڕەتیی نەوەکانی میرانی بۆتان بوون کەبیر لە مەسەلەی رۆژنامەگەری کوردی بکەنەوەو بەسەنگەریکی شارستانیانەی خەباتی گەلی کوردی بزانن و تواناو بەهرەی خۆیانی بۆ بخەنە گەڕ.. رۆژنامەگەری لای ئیمە لەچاو رۆژنامەگەری پیشکەوتووی جیهاندا هیشتا کۆرپەیە! بەڵام ئەم کۆرپەییە ناکاتە ئەوەی بکریٚ بە بیانوو، و پاکانە بۆ ئەو ئاستە نزمەی کە رۆژنامەگەریی کوردی گیرۆدەی بووەو بەدەستییەوە دەناڵینیٚ. ئازادی یەکیکە لەمەرجە گرینگەکانی گەشەسەندنی رۆژنامەگەری.. و بیٚ دابین کردنی ئەم مەرجە رۆژنامەگەری ئیمە هەر لەجییٚ خۆیدا ئەم پیٚ و ئەو پیٚ دەکات و هیچ بەهیچ ناکات. ئەوەتا ئەمرۆکە کە رۆژنامەکانی باشووری کوردستان دەخوینرینەوە، لە خوینەر وایە زەمانی محەمەدی مەهدییەو مەڕو گورگ پیکەوە ئاو دەخۆنەوە کەچی واقیع-ی ژیانی رۆژانە ریک پیچەوانەمان پیٚ نیشان دەدات، بۆیە رۆژنامەگەری ئەمڕۆمان ناشیت بە ئاسانی ببیٚ بەسەرچاوە بۆ میژووی دوارۆژمان. ئەگەر رۆژنامەی ئازاد و رۆژنامەنووسی بویرو هەق ویژمان هەبیٚ، رەنگە پیویستمان بەمیژوونووس نەمینیٚ، یا بەلای کەمەوە ئەرکی سەرشانی میژوونووسان تەواو سووک و ئاسان بکەین. رۆژنامەنووسی شارەزاو بەتواناو رابوردوو پاک و بە هەڵویست و بویرو هەق ویژ خراونەتە پەراویزەوە، یاراستتر بڵیین، وەکو هەڵویست!! خۆیان کەنار گرتووە، رۆژنامەی خۆمانە ناخویننەوە، تەماشای تەلەفزیۆنی خۆمانە ناکەن، گویٚ لە رادیۆی خۆمانە ناگرن!!

رۆژنامەی کوردستان، ئەگەر سەرەتای لە دایک بوونی رۆژنامەگەری بیٚ، ئەوا بیگومان لە دایک بوونی راستەقینەی پەخشانی کوردییە، لە دایک بوونی پەخشانیش، سەرهەڵدانی فیکرە، سەرهەڵدانی فیکریش کلیلی رزگاری گەل و نیشتمانە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو گەورەییەی دەوری رۆژنامەو رۆژنامەگەریدا، ئیمەی کوردی نەگبەت! هاتوین رۆژنامە گەریمان تەلبەند کردووە، سانسۆر ئەوە هەر مەپرسە!! ئەریٚ میقداد مەدحت بدرخان دەبیٚ چی کەمتر بیٚ لە گەورەترین مەسئول و شەهید کە لەم وڵاتی محەمەدی مەهدییەدا نەک هەر پەیکەری بۆنەکراوە بەڵکو رەسمیکی



کاڵەوە بوویشی بۆ بەپانا دیواریکەوە نەنراوە، تۆبڵیی بەلەدییە رازی نەبیٚ!! زۆر سەیرە میللەتیک شانازی بەدڵسۆزان و خزمەتگوزارانی خۆیەوە نەکا، شانازی بەمامانی زایاندنی فیکری نەتەوەیی خۆیەوە نەکا!! سەد حەیف و مخابن...

ئازادی مەرجی بنەڕەتی گەشەکردنی رۆژنامەگەرییە، دیارە نەبوونی ئازادی سەرچاوەی هەموو گرفت و کیشەی رۆژنامەگەری کوردییە، گۆڕی زندە بەچاڵکردنی خەونەکانی رۆژنامەنووسی راستەقینەیە..

تا ئەم مەرجە دابین نەکریٚ، رۆژنامەگەری کوردی لەم ئاستە نزمەی دەرباز نابیٚ و لە دەسەڵاتی ژمارە «سفر»یش کەمتر دەبیٚ.

سڵاو لە ٤/٢٢، سڵاو لە گیانی پاکی میقداد مەدحەت بەدرخان و سەر ئامەدانی رۆژنامەگەری کوردی.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٢٠)**
**١٩٩٤/٥/١**

## ئوتوخانان، بازاڕی بەڕەونەقی رۆژنامەوانی

«١»

بێگومان هەر گۆڕانێکی گەورە، بەو پێوەرەی کە گۆڕان لە کەمترین حاڵەتدا دەکاتە شکاندنی کۆمەڵێک قاڵب و بەزاندنی زۆر سنووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری، واتا دەکاتە جۆرە ئامادەسازییەک بۆ گواستنەوەی کۆمەڵ بە هەموو لق و پۆپ و بوارێکی مادی و مەعنەوییەوە، لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتوو ترو جیاوازتر، جۆرە ئەنارشزمێک لە هەموو بوارەکاندا دەگرێتە خۆ، رەنگە ئەمە بۆ قۆناغی یەکەمی گۆڕانکارییەکە ئاسایی بێ و پاساوو پاکانەی خۆیشی هەبێ. بەڵام بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتی ئەنارشیستییە خەتەرەو نیشانەیەکی زەقی لەبارچوون و پاشەکشەی ئەو قۆناغە خەتەرو رەخساوەیە کە ئاوسە بەگۆڕانکاری..

هەڵبەتە هەر قۆناغێکی مێژوویی پێداویستی و داخوازی تازەی خۆی هەیە. دەنگ و رەنگ وسیماو نوێنەرانی تایبەتی خۆی هەیەو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە دیاردەکەون و هەوڵدەدەن رەسەنایەتی خۆیان لە بواری پراکتیکیدا بچەسپێنن و دیاردەو دیمەنە تازەکان بە کەرەستەی تازە مالیجە بکەن...

«٢»

بەهەر حاڵ نەتەوەی کوردیش، وەکو هەر بوونەوەرێکی مادی و مەعنەوی زیندوو، لە یاساو ریسای گۆڕانکارییان بەدەر نەبووەو نابێ. لێ بەپێی قۆناغە مێژوویی و سیستەمە کۆمەڵایەتی و پێگە جوگرافی و سیاسییەکان تایبەتمەندی خۆی هەبووە. لەسەرەتای نەوەدەکانی ئەم سەدەیەوە زەرورەتی گۆڕانکارییەکان، بەرە بەرەو بە ئاشکرا بەدیار کەوتن و شەرعیەتی خۆیان لە زەرورەتی سەردەمی خۆیانەوە وەرگرت و حاڵی حازر لە حاڵی لە دایکبوونەوەو خۆ سەلماندندان و زەمینە بۆ گۆڕانکاری دیکە خۆشدەکەن. ئەگەر هەندێ بە وردی سەرنجی ئەم رەوشە بەرواڵەت پڕ پاشاگەردانییە بدرێت، بە جوانی هەست بەوە دەکرێت کە سیستەمی کۆمەڵایەتی نیمچە فیوداڵی باوی کوردستان، کە لایەنگری سەقامگیری و نەگۆڕان و داخراوی هەموو بوارەکانی ژیانە، لە گیانەڵای مەرگدایەو بۆرژوای نیشتمانی، وەکو چینێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی خۆی و وەکو لایەنگری فرە ئاواتی و ئامانجی و کەڵکەڵەی نەوەستان و گۆڕانکاری، هەمەڕەنگی و هەمە دەنگی و



سەربەستی و دیموکراسی ئازادی بەیان و دەربڕین، و ئازادی بازاڕو فرەمینبەری، لە حاڵی لە دایکبوون و فراژی بووندایە..

«٣»

یەکێک لە دیاردەکانی سەردەمی بورژوازیەت، ئازادیی بەیان و دەربڕین، و فرەمینبەری و فرە بڵاڤۆکییە.. هەڵبەتە لە راپەڕین بەدواوە، ئەمە بەزەقی دەبینرێ و کورد بە درێژایی دیرۆکی خۆی، هێندەی ئەمساڵانەی دوایی چالاکی رۆژنامەوانی و فرە بڵاڤۆکی و چەڵەنگی چاپەمەنی بەخۆوە نەدیتووە. ئیدی ئەم دیاردەیە زادەی پێداویستییەکانی قۆناغەکەیە یان خواستێکی کۆمەڵایەتیی رۆشنبیری سەردەمەکەیە یان جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی سەرڤە سەرڤەیە؟!

بەهەر حاڵ رەنگە هەر هەموو ئەوانە یەکانگیرو نیمچە یەکانگیر بووبن و ئەم جۆرە پاشاگەردانییەیان خولڤاندبێ، کە بەخۆی هەوێنی جۆرە نەزمێکی پێیە ئیدی ئەمە قۆناغەو ئەو دیاردەیە لە کوردستانی مەدا هەیەو دەبینرێت و هەریەکێک لەو هەموو بڵاڤۆک و بڵاوکراوانە بەپێی پابەند بوونی بەحەقیقەت بێژی و راستگۆیی و سەنگی خۆی و بەو پێیەی تا چەند زادەو بەرەنجامی خەمخۆری و پەرۆشی رۆشنبیریی نەتەوەیی کوردەو تا چەند لە پەرۆشی کاسبییەوە دوورە، چەند لە عەوام خەڵەتێنی دوورە، چەند لە سازشکاری و تەسلیم بوون دوورە، تا چەند وەڵامدانەوەی پرسیارو پێداویستییە مەعنەوی و مادییەکانی وەخت و رۆژی خۆیەتی؛ کەم و زۆر بایەخی مێژوویی خۆی دەبێت، لێ ئەوەی بۆ ئێمەی ئەم قۆناغەی کوردەواری پێویستە، کاریگەری رەوشەنبیری ئەم فرە بڵاڤۆکییەیە، چ گۆڕانکارییەک لەم رووەوە چیبووە؟ ئایا زۆربەی زۆری ئەم بڵاڤۆکانە، خۆی لە خۆیدا جۆرە کاسبییەکی دوور لەهەر خەمخۆری و پەرۆشییەکی رەوشنبیری نییە؟! ئایا زۆربەیان دەنگدانەوەو کۆپی یەکتر نین؟! هەمان ئەرک و پەیامیان- ئەگەر ئەرک و پەیامی راستی لە گۆڕیدا هەبێ لە ئەستۆ نەگرتووە؟ ئاخۆ ئەمڕۆکە زۆربەی بڵاڤۆکەکان دابخرێن، خەڵکانێک- جگە لە کاسبکاران و دەڵاڵانی ئەو مەیدانە- پەیدا دەبن کە تاقە یەک دڵۆپە فرمێسکیان بۆ هەڵبڕێژن؟! ئەم رۆژنامەو بڵاوکراوانە زیاتر بەدەستی جەماوەری خوێنەرەوە دەبینرێن، یان لە ئوتوخانەو.. خانەکانی دیدا بەبێ ناز کەوتوون و لە تۆڵەکەی تەڕی بەهار هەرزان فرۆشتر کراون؟!..

«٤»

دیاره فره بازاڕی له بنەماكانی چینی بۆرژوایه، ئەو چینەی كه ئەزمونی بازرگانی و بابەتگەری ژیان، فیری واقعبینی كردوەو دەكات؛ هەڵبەته له وڵاتی ،ئیمەدا دامودەزگای گەورەی بەرهەمهینانی نییه تا بازاڕی گەورەو گەرم و گوڕو هەمه جۆرو هەمەڕەنگی سەرسامكەر بۆ خۆی بخولقینێ، بۆیه دەكرێ ئەو فره بلاڨۆكییه، بەجۆره بازاڕیكی پەرپوتی بێ نموودی كەم ڕەونەقی، زۆرجار دوور له پەرۆشی رۆشنبیری نەتەوەیی، زادەی چینی بۆرژوایی لەپزدانا جەڕیوی شیواوی بەحاڵ سەر له هیلكه جوقاوی كوردی بزانریت... جا بۆ رەواندنەوەی ئەم پاشاگەردانییەش دەتوانریت، چاویك بەسەر لەبەری بلاوكراوەكاندا بگیڕدریتەوه و تەنێ ئەوانەیان هەڵبەته ٥-٦یكی بەسەنگ و ئامانجدار سەروزیاده- بهیلڕیتەوه كه بایەخی میژوویی و كاریگەریی راستەوخۆی رۆشنبیریی و فیكری و هونەرییان هەیەو دەبن به مامانی زایاندنی دروستی و سروشتی ئەم قۆناغه ئاوسه.. گەلۆ عیبرەت له چۆنیەتی ئەو بلاڨۆكانەدایه نەك له زۆریاندا..

**یەكبوون ژ (٨)**
**٢٥/نیسان/١٩٩٩**

# ژیانی هەر دەنگێک له دەنگدانەوەیدایه



«١»

بیگومان هەر گۆڕانیكی گەوره، به حوكمی ئەوەی گۆڕان له كەمترین حاڵەتدا دەكاته شكاندنی كۆمەڵیك قاڵب و چارچیوەو بەزاندنی گەلەك سنووری كۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری. واتا جۆره ئامادەسازییەكه بۆ گویزانەوەی كۆمەڵ به هەموو لق و پۆپ و بواریكی ماددی و مەعنەوییەوه له قۆناغیكی میژووییەوه بۆ قۆناغیكی میژووی پیشكەوتووترو جیاوازتر، دیاره لەم حاڵەتەدا٠ جۆره ئەنارشیزمیك هەموو بوارەكان دەگریتەوه. رەنگه ئەمه له قۆناغی یەكەمی پرۆسەی گۆڕانكاریەكەدا ئاسایی بێ و پاساوو پاكانەی خۆیشی هەبێ، بەڵام بەردەوامبوونی ئەم ئەنارشیزمه زۆر مەترسیداره.

نیشانەیەكی زەقه بۆ لەبارچوون و پاشەكشەی ئەو قۆناغه رەخساوەی كه ئاوسه به گۆڕانكاری..

هەڵبەته هەر قۆناغیكی میژوویی پیداویستی و داخوازی تازەی خۆی هەیه. دەنگ و رەنگ و سیماو نوینەرانی تایبەتی خۆی هەیەو له هەموو بوارەكانی زندەگیدا به دیار دەكەون و هەوڵدەدەن رەسەنایەتی خۆیان له بواری پراكتیكیدا بجەڕبینن و دیاردەو دیمەنه تازەكان به كەرەستەی تازه مالیجه بكەن.

«٢»

بەهەر حاڵ نەتەوەی كوردیش، وەكو هەر بوونەوەریكی مادی و مەعنەوی زیندوو له یاساو ریسای گۆڕانكارییان بەدەرنەبووەو نابێ، بەڵام به پیی قۆناغه میژوویی و سیستەمه كۆمەڵایەتی و پیگه جوگرافی و سیاسییەكان تایبەتمەندی خۆی هەبووه. له سەرەتای نەوەدەكانی ئەم سەدەیەوه زەرورەتی گۆڕانكارییەكان، بەره بەرەو به ئاشكرا بەدیاركەوتن و شەرعیەتی خۆیان له زەرورەتی سەردەمی خۆیانەوه وەرگرت و حاڵی حازر له حاڵی خۆ جەڕباندنی مەیدانی و له هەوڵی له دایك بوونەوەو خۆ سەلماندن دان و زەمینه بۆ گۆڕانكاری دیكه خۆش دەكەن، ئەگەر هەندێ به وردی سەرنجی ئەم رەوشه به رواڵەت پڕ پاشاگەردانیه بدرێ، بەجوانی هەست بەوه دەكرێ كه سیستەمی كۆمەلایەتی نیمچه فیودالی باوی كوردستان، كه لایەنگری سەقامگیری و نەگۆڕان و داخراوی هەموو بوارەكانی ژیانه، له گیانەڵڵای سەره مەرگدایەو بورژوای نیشتمانی، كه چینیكی شۆڕشگیڕی قۆناغی خۆیەتی و لایەنگری فرەئاواتی و ئامانجی و كەڵكەڵەی نەوەستان و

گۆڕانكاری و هەمەڕەنگی و هەمەدەنگی و سەربەستی و دیموكراسی و ئازادی بەیان و دەربڕین و بازاڕو فرەمیینبەریە، لە حاڵی لە دایک بوون و فراژی بووندایە.

«٣»

یەكیک لە دیاردەكانی سەردەمی بوروژوازیەت، ئازادی بەیان و دەربڕین و فرەمیینبەری و فرەبڵاڤۆكییە.. هەڵبەتە لە راپەڕین بەدواوە، ئەمە زۆر بە زەقی دەبینرێ و كورد بە درێژایی مێژوو، هیندەی ئەم ساڵانەی دوایی چەلەنگی رۆژنامەوانی و فرەبڵاڤۆكی و چاپەمەنی بەخۆیەوە نەدیتووە. ئیدی ئەم دیاردەیە زادەی پێداویستییەكانی قۆناغەكەیە یان خواستێكی كۆمەڵایەتی- رۆشنبیری سەردەمەكەیە یان جۆرە لاسایی كردنەوەیەكە؟!

بەهەر حاڵ رەنگە هەموو یەكانگیرو نیمچە یەكانگیربووبن و ئەم جۆرە پاشا گەردانییەیان خولقاندبێ، ئیدی ئەمە قۆناغەو ئەو دیاردەیە لە كوردستانی مەدا هەیەو دەبینرێ و هەر یەكیک لەو بڵاڤۆک و بڵاوكراوانە بە پێی پابەندبوونی بەحەقیقەت بیژی و راستگۆیی و سەنگی خۆی و تا چەند زادەو بەرەنجامی پەروەشی و خەمخۆری رۆشنبیریی نەتەوەیی كوردەو تا چەند لە پەروەشی كاسبییەوە دوورە!!.. چەند لە عەوام خەڵەتینییەوە دوورە، تا چەند وەڵامدانەوەی پرسیارو پێداویستییە مەعنەوی و مادییەكانی رۆژو رۆژگاری خۆیەتی؛ كەم و زۆر بایەخی مێژوویی خۆی دەبێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمەی ئەم قۆناغەی كوردەواری پێویستە، كاریگەری رۆشنبیریی ئەم فرە بڵاڤۆكییەیە، چ گۆڕانكارییەک لەم رووەوە چێبووە، ئایا زۆربەی هەرەزۆری ئەم بڵاڤۆكانە، خۆی لە خۆیدا جۆرە كاسبییەكی دوور لە هەر خەمخۆری و پەروەشییەكی رۆشنبیری نییە؟! ئایا زۆربەیان دەنگدانەوەی یەكدی نین؟! هەمان ئەرک و پەیامیان لە ئەستۆ نەگرتووە؟

ئاخۆ ئەمڕۆكە زۆربەی بڵاڤۆكەكان دابخرین، خەڵكانێک- جگە لە كاسبكارانی ئەو مەیدانە- پەیدا دەبن دڵۆپە روندكییان بۆ هەڵبڕێژن. ئەم رۆژنامەو بڵاوكراوانە پتر بەدەستی جەماوەری خوێنەرەوە دەبینرین، یان لە ئوتوخانەو خانەكانی دیدا بیناز كەوتوون و لە تۆڵەكەی تەڕی بوهارێ هەرزان فرۆشتركراون؟!

«٤»

دیارە فرە بازاڕی لە بنەماكانی چینی بوروژوایە، ئەو چینەی كە ئەزموونی



بازرگانی و بابەتگەری ژیان، فیری واقعبینی كردووەو دەكات، هەڵبەتە لە وڵاتی ئێمەدا دامودەزگای گەورەی بەرهەمهێنان نییە تا بازاڕی گەورەو گەرم و گوڕو هەمەجۆرو هەمەڕەنگی سەرسامكەر بۆخۆی بخولقینێ، بۆیە دەكرێ ئەو فرە بڵاڤۆكییە، بەجۆرە بازاڕێكی پەرپوتی بێ نموودی كەمڕەونەقی، و زۆرجار دوور لە پەروەشی رۆشنبیری نەتەوەیی، زادەی چینی بورژوای شێواوی تازە سەر لە هێلكە جوقاوی كوردی بزانرێ. بۆ رەواندنەوەی ئەم پاشاگەردانییەش دەتوانرێ، چاوێک بەسەر لەبەری بڵاوكراوەكاندا بگێڕدرێ و تەنیا ئەوانەیان بهێڵرێنەوە كە بایەخی مێژوویی و كاریگەری رۆشنبیری و هونەریان هەیەو دەبن بە مامانی زایاندنی سروشتی و دروستی ئەم قۆناغە ئاوسە.. چونكە عیبرەت لە چۆنیتی ئەو بڵاڤۆكانەدایە نەک لە زۆری و چەندیتیاندا.

**هەفتەنامەی گوڵان ژ ٢٣٨**
**١٩٩٩/٨/١٢**

## دەردەدڵی ئەهلی قەڵەم

«١»

رۆشنبیر، کەسیکە بە هوشارییەوە تەفاعل و تەعامول لەگەڵ دیاردەو رووداوانی سەردەمی خۆیدا دەکات و فکریک یان بیروبۆچوونیک یان پرۆژەیەکی ئەوتۆ بەرهەم دینێ کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشداری لە گۆڕانکارییەکانی مەیدانە هەمەرەنگەکانی ژیان دا دەکات.

هەڵبەتە پرۆسەی رۆشنبیریش یەکجار ئاڵۆزو تیکەڵ و پڕریشەو فرە لق و پۆپە و ئاکامەکانی هەروا زوو بەزوو بە دیار ناکەویت..

ئاشکرایە کە رۆڵەی کورد مەحکومە بە سیاسەت، چونکە مرۆڤی کوردو دۆزی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی هەر کوردیک، دۆزیکی تەواو سیاسییە، سیاسەتیش هەرگیز لە پرۆسەی رۆشنبیری جیا نابیتەوە، هەوڵی زەق و دیاری پرۆسەی سیاسیش خەباتە بۆ گەیشتنە دەسەڵات و دامەزراندنی نەزم و نیزامیک، نەزم و نیزامیش پیویستی بە کۆمەڵگە هەیە، کۆمەڵگەش تاقە مەیدانە کە تەکامولی ئینسانی تیدا بەرهەم دەهینرێ یان دەجەرِبینرێ. بۆیە، رۆشنبیری کورد، ئەگەر وەکو کاردانەوە بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوتکارانەی داگیرکەرانی خۆی، وەکو جۆرە هەڵویستگیرییەک خۆی لە سیاسەت دور گرتبێ و زۆری کەیف و شایی پینەهاتبێ و ئەم حاڵەتە بەشیک لە پیکهاتەی دەروونی پیکهینابێ، ئەوا پیویستە ئەمڕۆ بە خۆیدا بچیتەوەو بەشیوازی رۆشنبیرانەی تایبەتی خۆی بەشداری قەرارە چارەنووس سازەکانی رۆژگاری خۆی بکات و بەلایەنی کەمەوە دەبیت رۆشنبینیەکی (وضوح) سیاسی تەواوی هەبێ و ئەوە دەرک بکات کە هەموو جۆگەلە هوشیاری و چالاکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری و سیاسیەکان دەڕژینە ناو رووباری میژووەوە. دیارە هەر کەسیک میژووی نەبێ تەنێ ئەوەندەی بۆ دەمینیتەوە کە لە پەراویزی ئیستادا خۆکوژی بکات.

«٢»

کورد، ئەمڕۆکە یەکیکە لە نەتەوە هەرە گەورە بێ ئالاکانی دنیاو تا نهوژی سەرکردایەتیەکی سیاسی ئیعتراف پیکراوی نییەو مەخابن گەلیک لە هەوڵە سیاسیەکانی حزبە کوردییەکان لە بری بۆ پیکهینانی سەرکردایەتی و سەروەرییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی تەرخان بکرێ، پتر بە ئاراستەیەکی حزبیانەی تەسکی پیشوەختە مایەپووچدا براوەو دەبرێ و..جگە لەو مەرزو سنورو حدودانەی داگیرکەرانی کورد لییان قوت



کردوینەتەوە، سنورۆکەی حزبایەتیشی هاتۆتە سەر.. دیارە نابێ بواری تەشەنەکردنی ئەم دیاردە پڕ خەتەرە بدرێ، هەر ئەمەش ئەرکی رۆشنبیران هیندەی دی قورس دەکات و دەبێ زۆر بەجدی هەوڵبدەن سەرکردایەتی و سەروەریەکی یەکگرتووی لە باری وەها هەبێ کە بە گیانی نەتەوەییانە رۆڵەکانی کورد بدوینێ و هەرچی سنووری دەستکردو سنورۆکەی حزبی هەیە بیبەزینێ و کەم و زۆر ئیعترافی پێ نەکات و لە کەسی قەبوڵ نەکات.

«٣»

بیگومان کەناڵەکانی رۆژنامەگەری رادیۆ تەلەڤزیۆن..هتد، ئەگەر بە پیی بەرنامەی ریکوپیک ئاراستە بکرین، رۆڵی زۆر مەزن، لە نزیک خستنەوەی جەماوەری خەڵک لیکدی دەبینن، واتە پردی بەردەوامبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکەن، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەش فاکتەرو کۆڵەکەی یەکجار گرینگی پیکهاتەی بوونی نەتەوەیی پیکدەهینن، بەڵام ئیمەی کورد، لە کاتیکدا زۆر چاک هەست بە گرینگی کەناڵەکانی بەردەوامکردی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەکو رۆژنامەوانی و رادیۆو تەلەفزیۆن دەکەین. دەبوایە لە هەموو کەس پتر ئەم کەنالانە بۆ خەملاندنی بوونی نەتەوەیی وەگڕ بخەین، کەچی ئەوەتا بە دریژایی تەمەنی راپەڕین و لە سایەی بەرەکەتی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتیدا هەموو ئەو کەنالانەمان زیاتر بۆ چەسپاندنی گیانی ناوچەگەریتی و پارچەپارچەکردنی ریزەکانی نەتەوە تەرخان کردووەو بۆ خزمەتیکی کاتی و بانگەشەیەکی تاکتیکی پیشوەختە مایەپووچی حزبایەتی، لەو کەنالانەوە بە زمانیک رۆڵەی خەڵکی و جەماوەری گەل دەدوینین ئیدی پێ حەسابین یان نا، ریک بە زەرەری خۆمان!.

«٤»

هەڵبەتە هەموو ئەم دیاردەو حاڵەتە ئەرکی سەرشانی رۆشنبیرانی نەتەوەییان قورس و قورستر کردووە. دیارە مەسئولە سیاسی و بەتایبەتی حزبیەکانی کوردستان ئەوەندە حاڵی دەبن کە ئەگەر رۆشنبیران هەندێ کۆو کۆک و تەبابن و سەربەخۆییان مسۆگەر بێ، ئەوا جڵەوی کاران دەگرنە دەست و زەرەری زۆریان بۆ پەزی حزبایەتی تەسک دەبێ ئاوی هەموو کۆشش و چالاکییەکان لە ئاوەڕۆی نەتەوەیی دەکەن، بۆیە ئەوەتانێ بە چاوی خۆ دەبینین بە دریژایی ئەم ساڵانەی راپەڕین، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، هەر شیوازیکی لە باریان وەچنگ کەوتبێ بۆ مامەڵەکردن

دەگەڵ ڕۆشنبیراندا بەکاریان هیناوە. هەڵبەتە بەمەبەستی بە پاشکۆکردن و لە پەراویز خزاندنیان، نەک بۆ پتر قوڵکردنەوەی سەربەخۆییان.. ئەوەتا کوردستانی پاش ڕاپەڕین کراوە بە مەڵبەندی دەنگ و ڕەنگی حزبایەتی تەسک و چ هەواڵیک لە نەتەوەو نەتەوەپەروەریەوە نییە، جا سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم دەنگ و ڕەنگانە هیندە لیدراون و نیشان دراون، جەماوەری خەڵک وەها پییان ڕاهاتوون ئیدی مەناعەیان پەیدا کردووەو کەم و زۆر کاریان تیناکات. هەڵبەتە نابێ ئەو حەقیقەتە فەرامۆش بکرێ کە بوونی ئەو حزبانە بەندە بە بوونی جەماوەری خەڵکی نەتەوەوە. بیگومان حزبەکانی کوردستان کە پتر لاسایی دەسەڵات دەکەنەوە تا مومارەسەی بکەن! بە ئاشکرا دەستیان لە دروستکردنی ئەم دیاردەو حاڵەتانەدا هەیەو دەیانەوێ ڕۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم بکەن بە پاشکۆ.. هەندێ جار ئەم یان ئەو حزب دەچیتە ژیر باری مەسرەف و خەرجی ئەم یان ئەو بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری یان ئەدەبی و هەر کەزانیان لە خەتی حزبایەتی ئەوان دەردەچن و بە دەنگیکی نیمچە سەربەخۆ دەدوین، ئیدی یارمەتییەکەی لیدەبڕن و بڵاوکراوەکە لە بیشکەدا خەفە دەکەن، هەرچەندە بڵاوکراوە ئەوەندە زۆر بووە لەم عەسرەدا گەر بەرنامەیەک هەبوا زۆربەیان بۆ داخستن سەریان دیشیت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم کتیبانەی کە دینە بڵاوکرنەوە بە تیراژی هیندە کەم بڵاو دەبنەوە کە چ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری پۆزەتیڤ و چالاکی لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا نابێ... ئەگەر ئاوڕیک لە قۆناغی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) بدەینەوەو چاویک بەو وەرچەرخانە مەزنەی بواری چالاکی ڕۆشنبیری و کاریگەری پرۆسەی ڕۆشنبیری و بایەخە میژووییەکەی دابخشین، ئەوا بۆمان بە دیار دەکەوێ کە زۆر پیویستە چارەسەریک بۆ ئەم پاشاگەردانییە ڕۆشنبیرییەی ئەوڕۆمان بدۆزینەوەو بەرنامەیەکی دروست بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی ڕۆشنبیریمان دابنیین و ڕوو لە قوڵایی میژوو بکەین.

«٥»

لە سایەی بەرەکەتی حزبایەتیدا، ئەوڕۆ لە هەریمی کوردستاندا هەر هەموو شتیک حزبینراوەو حزب بووە بە ئامانجی بەرو دواو کوردو نەتەوەش کراون بە پیبلیکانەو بەسەریدا بەرەو حزبایەتی سەردەکەون!.. جا ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە حزبەکان زۆر قاییل و کەیف خۆشن بەو سنورە ناواقیعیانەی لە دەوری خۆیان کیشاویانە!!



باشە ئەگەر حزبیک هەموو توانایەکی مادی و مەعنەوی خۆی بۆ ئەو تەرخان نەکات کە ببێ بە نوینەرو نمایندەی ڕەسەن و ڕاستگۆو شۆڕشگیڕی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری گەل، چۆن مانەوەو بەردەوامبوونی خۆی لە میژوودا دەستەبەر دەکات!؟ حزبیک لە پەخشە کەناڵەکانییەوە تەنێ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بدوینێ، چۆن چۆنی متمانەی نەتەوە بەدەست دینێ؟! سەیرە لە کوردستانی ئیمە!!.

«٦»

بیگومان ئەم جۆرە ڕەفتارەو ئەم پەخشە کەناڵە حزبیە تەسکە، نەک هەر ناسنامەی نەتەوەیی ناخوڵقینێ، بەڵکو دەشیکوژێ.. بۆیە ڕۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم و هونەر لە سەریانە زۆر بە وریایی مامەڵە لە تەک ئەم دیاردە نارەسەنانەدا بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە... چونکە ئەوەتا مەخابن هەوڵ دەدرێ ڕۆشنبیران بخرینە تۆڕی ئەم نەفسە حزبیەوەو پارچەپارچە بکرین، ئیدی وای لیدێ هەر حزبەو ئەدیب و ڕۆشنبیری خۆی ڕادەگرێ و لە ڕیگەی بانگەشەی حزبیەوە ئەوەندەی بکرێ نیوبانگی بۆ دروستدەکرێ و بە جۆرێ تیوە دەگلینرێ کە لە «مەلیک مەلەکی تر بێ» و نەتوانێ پاشگەز ببیتەوەو دەستبەرداری حزب بێ!.. دیارە ئەم کردەوەیەش دەبیتە مایەی دابەزینی ئاستی کارە هونەری و ئەدەبییەکان. چونکە هەر حزبەو هەوڵ دەدا و بێ گویدان بەو بەهرەو توانا ئەدەبی و ئەفراندنەی کە تاقە ناسنامەو هۆی ناوو شۆرەتی ئەهلی ئەدەبە، کۆمەڵیک کۆڵکە ئەدیب و قەڵەم چەپرەک لە خۆی خڕ بکاتەوەو دیوەخانەکەی پێ قەرەباڵغ بکات و کادری حزبی سویر قسان بیت لە پەخشە کەناڵە حزبیەکانەوە، نازناوی زل و زەبەلاحی وەک: شاعیر، ئەدیب یان هونەرمەندی گەورەی کورد، بەسەر ئەو کۆڵکانەدا بە ناهەق و بەوپەڕی سەخاوەتەوە ببەشیتەوە!... بەڵام بەوەی باشە ئەو کارانە چەند مۆنتیکارلۆی حزبیان لە پشتەوە بێ، تا میژوو لە مەحەکیان نەدات و مۆری ڕەسەنیان پیوە نەنێ، بە سەدان پەخشە کەناڵی حزبی ناتوانن زیندوویەتی پێ ببەخشن و میللەتیش هەرگیز و لە دوا ئەنجامدا متمانە بە کەسیک نادەن کە بەخۆی شایستەی متمانە نەبێ.

«٧»

هەڵبەتە ئەو پەخشە کەناڵانەی کە ئەمڕۆکە بەدەست حزبەکانەوەیە، بە خوینی شەهیدانی کوردو ڕەنج و ماندووبوون و قوربانیدانی تیکۆشەرانی ئەم نەتەوە خیر لە خۆ نەدیوە بەدەست هاتوون. بۆیە پاراستنیان و

بەکارهێنانیان بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی رەسەن و پێشکەوتنخوازانە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرە، بەتایبەتی رۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم.. بەڵام ئایا بەو نەفەسەوە ئەو کەناڵانە بەڕێوە دەبرێن؟! واقیعی حاڵ پێمان دەڵێ نەخێر... جا با هەر بۆ نمونە، تۆزێک لای ئەو گۆرانیانە بوەستین کە لەم کەناڵانەوە بڵاو دەکرێنەوەو لێدەدرێن.. بێگومان گۆرانی و مۆسیقا رۆڵێکی گرینگ لە پێکهاتەی دەروونی هاوبەشدا دەبینێ.

کەچی پەخشە کەناڵەکانی لەمەڕ ئێمە هێندەی بایەخ بە گۆرانی بازاڕی – نەک رەسەن– تورکی و عەجەمی و عەرەبی دەدەن، نیو ئەوەندە بایەخ بە گۆرانی رەسەنی کوردی نادەن، کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم گۆرانی رەسەنی کوردیمان ئەگەر لە ئاستی گۆرانی تورکی و عەرەبی و فارسی زیاتر نەبێ ئەوا بە هیچ جۆرێک کەمتر نییە..

یان کە گۆرانی کوردی لێدەدرێ، پتر ئەو گۆرانییە بازاڕیە بێ تامانەن کە لەسەر نەزمی سایزەری کۆککراو رێکخراون و مجێزی کوردەواری گوێدێر دەشێوێنن. ئاخۆ قەت لە ئەستەمبۆڵ یان تاران یان دیمەشقدا کەسێک لە دەزگایەکی پەخشی رەسمییەوە گوێی لە گۆرانییەکی کوردی دەبێت! یان ئێمەی کورد بە زکماک کوڕی باشێن و پاراستنی یەکێتی خاکی ئەو وڵاتانەمان لە گیان خۆشە، ئەگەر لەسەر حەساوی خاکی کوردستان و نەتەوەی کوردیش بێ!

«٨»

زمان دەورێکی فرە گرنگ لە یەکخستنی رۆشنبیریدا دەبینێ و رۆشنبیریی هاوبەشیش پتر گەشەسەندنی گیانی نەتەوەیی ریشاژۆ دەکات و هەموو ئەو پرۆسانەش لە چوارچێوەی رەوتی مێژوودا پێکدێن و کاریگەرییان بە دیار دەکەوێت. دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم چ ئەرک و پەیامێکی قورسیان لە ئەستۆ دایە..

بۆیە ئەو رۆشنبیرو نووسەرو قەڵەم بەدەستانەی ژیان و بژێوی یان حزبایەتی –کە ئاساییە– لەو کەناڵانەی خزاندوون، نابێ خیانەت لە پەیامی مێژوویی خۆیان بکەن و هەقە بە نەفەسێکی نەتەوەییەوە درێژە بەکاری خۆیان بدەن، دەنا هەقە لەو پەخشە کەناڵە حزبیانە بکشێنەوەو هیچ چوارچێوەیەک بۆ خۆیان، جگە لە چوارچێوەی نەتەوەیی قەبوڵ نەکەن. بۆیە ئەگەر رۆشنبیران هەست بە مەترسی ئەم نەفەسە حزبیە باوەی ئەمڕۆی



کوردستان نەکەن و هەر کەسەو بە شێوازی تایبەتی خۆی بەرپەرچی نەداوەتەوەو بەوپەڕی رۆشنبینی و هوشیاریەوە لە پێناوی یەکێتی رۆشنبیری نەتەوەیی دا نەخەبتێ، ئەوا جگە لەوەی کۆڵەکەیەکی بونیادی نەتەوەیی دەدۆڕێنن، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆش دەبن بەهاوبەش و شەریکی هەر خەتایەکی مێژوویی کە لە سایەی بەرەکەتی بیروبیرکردنەوەی حزبایەتی تەسکدا دەرهەق بە تاک و کۆمەڵی کوردەواری بکرێ.

**ژێدەر:**
**الدوله القطریه و النظریه القومیه. جورج طرابیشی..**

**هەفتەنامەی گوڵان ژ ٢٦٠**
**٢٠٠٠/١/٦**

## خۆبیوونی رۆشنبیری

«١»

ئاشكرایە ئیمەی کورد، لە ئاستی نەتەوەیی دا تاکو نهۆ خودانی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی سیاسی و ئابووری ئیعتراف پیکراوا نین نەک هەر لە ئاستی جیهانی دا، بگرە لە ئاستی ناوخۆی نەتەوەییش دا، هەر نەبوونی ئەو بابەتە سەرکردایەتییە، ئەرکی رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان، کەلەسەریانە بیر لە پیکهینانی سەرکردایەتی‌یەکی یەکگرتووی رۆشنبیریی نەتەوەیی بکەنەوە، قورس و قورستر دەکات، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کورد بیر لەوە بکاتەوەو هەولّ بدات سەرکردایەتییەکی رۆشنبیریی نەتەوەیی یەکگرتووی ئەوتۆ بۆ خۆی پیک بهینێ کە بەلای کەمەوە ئیعترافی رۆڵەکانی میللەتی کورد بەدەست بینێ و دان بە هیچ سنووریکی دەستکردی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کورددا نەنیت و هیچ جۆرە ناوچەگەریتییەکی سیاسی و حزبی لە لایەنە سیاسی‌یەکانی کورد قەبولّ نەکات و هەر هەنگاویک کە ببیتە مایەی دابڕانی پیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان، کە لە پیوەندییە حزبییەکان مەزن ترو زیندووترن، بەجورئەتەوە رەتبکاتەوە.

«٢»

بیگومان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، دامو دەزگا و کەناڵی گەیاندنی وەکو رۆژنامەگەری و رادیۆو تەلەڤزیۆن و.. ئەگەر بە ئاراستەیەکی نەتەوەییانەی زانستی دا رەعەمەل بهینرین، ئەوا دەوری گەلەک گرینگ و کاریگەر لە یەکخستنی نەتەوەدا دەبینن و.. زەمینە بۆ بەرهەمهینانی رۆشنبیرییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی خۆشدەکەن، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەریکی هەرە گرینگە بۆ یەکخستنی نەتەوە.

هەڵبەتە کورد بە دریژایی میژووی خۆی بە ئەندازەی ئەم چەند ساڵەی دوای ١٩٩١ ئیمکاناتی راگەیاندن و هۆو ئەوزارەکانی گەیاندنی لەبەر دەست دا نەبووە، بەڵام مەخابن واقیعی حاڵی ئەو دامو دەزگایانە ئەوەمان پێ دەڵین کە وەکو پیویست و بە مەسئولیەتەوە بەکار نەهینراون و بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی یەکبوون خوازی دا وەگەڕنەخراون.

حزبەکان «هەڵبەتە بە ریژەی جیاواز» بەجۆرێ دەستیان بەسەردا گرتووەو بۆ خۆیان قۆرخیان کردووەو ئەوەندەی بۆ مەبەستی حزبایەتی و بە مەبەستی پارچەپارچەکردن و چەسپاندنی گیانی ناوچەگەریتی تەرخانیان کردووە، بۆ یەک خستنی ریزەکانی گەل و خولّقاندنی ویژدانیکی نەتەوەیی هاوبەش و



سایکۆلۆژیایەکی یەکگرتوو تەرخانیان نەکردووە. هەڵبەتە ئەمەش مەسئولیەتیکی میژوویەو ئەو لایەن و حزبانەی لە ساحەکەدان، هەڵبەتە بە ریژەی جیاواز، هەروا بە ئاسانی لیی دەرباز نابن. کێ بەرپرسە لەوەی کە رۆژنامە کوردییەکان لە پارچەیەکی بچووکی وەکو باشوردا لەم شارەوە نەگەنە ئەو شار.. هانی هانی دەخریتە سەر رادیۆ!..

تەلەفزیۆن، بەلاغ و بانگەوازی سوپایی لیوە بڵاو دەکریتەوە!.. دەبێ ئەمە چ راگەیاندنیک بێ؟! لە کاتیکدا کارلیک و تەفاعولی رۆشنبیریی، بۆخۆی فاکتەریکی گرینگە لە یەکخستنی نەتەوەیی دا.

«٣»

گەر تۆزێ بەشینەیی بڕوانینە دنیای رۆژنامەگەری کوردی ئەمڕۆکەمان، ئەوا دەبینین رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی نەتەوەیی سەربەخۆی ئەوتۆ کە نووسەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەشداری تیدا بکەن و زۆربەی هەرە زۆری خوینەری کورد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بدوینێ، نەک هەر نییە، بەڵکو لەسەر حیسابی ئەوە بایەخیکی یەکجار زۆر بە رۆژنامەگەریی حزبی دەدرێ!. کە نووسەرانیکی دیاریکراو بەشداری تیدا دەکەن و خوینەرانیکی دیاریکراو دەدوینێ.. هیچ رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیەک نابینرێ کە لەلایەن خەڵکانی سەربەخۆوە یان لەلایەن دامو دەزگایەکی رۆشنبیریی سەربەخۆوە دەربکرێ و بەڕیوە ببرێ، بەڵکو روانینی تەسکی حزبایەتی وای لە حزبەکانی باشووری کوردستان کردووە کە تەنانەت گۆڤارە فیکری و ئەدەبییەکانیش بخەنە ژیر رکیفی خۆیانەوەو سەرپەرشتی چاپ و دەرکردن و بڵاوکردنەوەو ئاراستەکردنی بکەن.. دیارە ئەو بڵاوڤۆکانە بەمە، سەربەخۆیی دارایی خۆی لە دەست دەدات و ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لە رۆشنبیریی نەتەوەیی. زۆربەی حزبەکانی کوردستان، کە دەسەڵات نین، بەڵکو لاسایی کەرەوەی دەسەڵاتن، بە کردەوە ئەم پرۆسەیە جیبەجێ دەکەن و بە بەرنامە هەولّ بۆ ئەوە دەدەن کە رۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم و ئەدەب و هونەر بکەن بە پاشکۆو تەنانەت کلکایەتی خۆیانیان پێ بکەن و کار بگەیەنریتە رادەیەک رازی نەبن ئەم نووسەر یان ئەو نووسەر لە بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانی خەنیمەکەی ئەودا بەرهەم بڵاوبکاتەوەو بەخیانەتی نەتەوەیی لە قەڵەم بدات، لە کاتیکدا جوانی و زیندویتی نووسین لەوەدایە کە پرۆسەیەکی تاسەر مۆخ سەربەخۆوو نەتەوەییە. ئەمە لە کاتیکدا بەخۆی عەینەکیکی حزبی وەهای لە چاو

کردووە کە لە دوورو لە نزیک نەتەوەو نەتەوەپەروەری نابینێ، زۆرجار پشتیوانی بڵاوکراوەیەک دەکەن و بەمەش خۆیبوونی بڵاوکراوەکە دەکڕن!.. دیارە بڵاوکراوەیەک لەسەربەخۆیی دارایی مەحروم بیت، مەودای چالاکییەکەی زۆر سنوردار دەبێ.. بۆیە بە راشکاوی دەڵێین ئەگەر ئەمڕۆکە لە کوردستاندا هەر کەسیک بڵاوکراوەی خۆی هەبێ، ئەوا نەتەوەی کورد بڵاوکراوەی سەربەخۆی نەتەوەیی نییە..

«٤»

راستە ناوبەناو هەندێ کتیب و بڵاوکراوە لیرەو لەوێ دینە چاپکردن و بڵاوبوونەوە، بەڵام هیندە بە تیراژی کەم بڵاودەکرینەوە، دەتوانین بڵێین مەگەر تەنیا بایەخی میژووییان هەبێ، دەنا کاریگەرییەکی رۆشنبیریی ئەوتۆی نابێ کە گۆڕان دروست بکات و تەوژمیکی دیار بە کاروانی رۆشنبیریی و فیکری و ئەدەبی نەتەوەییمان بدات، خۆ هەر یەکیک لەو بڵاوکراوانە هەر بە ئاستەمیک لە خەتی ئەو گرووپ و لایەنە دەربچێ کە پشتیوانی مالی دەکات، ئەوا پارەکەی لێ دەبڕن و لە جیی خۆی خەفەو مرداری دەکەنەوە مەنع کردنی چاپەمەنی لە نیوان ئەم شارو ئەو شاردا، خۆی لە خۆیدا.. مەنع کردنی رۆڵەکانی میللەتە لەوەی کە لە باری رۆشنبیری‌یەوە تەفاعول بکەن.. حزبەکان، لەبری ئەوەی لە وڵاتانەوە کتیب و بڵاوڤۆکان بهینن و ئەو گەمارۆ رۆشنبیری‌یەی لەسەر خویندەواری کوردە، کەم بکەنەوە، ناهیڵن، بەرهەمەکانی ناو وڵاتە ویرانەکەی خۆیشمان، هەر چەندە زۆر کەمەو تینویتی خوینەری ئەمڕۆی کورد ناشکینێ، ئەم شارو ئەو شار بکات.. دیارە میللەتیک لە تەفاعول و ئاڵۆوگۆڕی رۆشنبیریی مەحرووم بکرێ خۆ بەخۆ لە ئایندەو چارەنووسی روون مەحروم دەبیت..

«٥»

دیارە ئەم مەنع کردنە، بە هیچ شیوەیەک خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان ناکات، بەڵکو دەبیتە مایەی پەرت کردن و پارچەپارچەکردنی کوردو کوردستان لەبەر خاتری پاراوکردنی هەندێ کەڵکەڵەی حزبی، لە کاتیکدا زۆربەی هەرە زۆری حزبەکان تاکو ئەمڕۆش لە کۆڕو ئەنجوومەنە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان تەنیا وەکو نوینەری حزبەکانیان مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ و وەکو نوینەری کورد مامەڵەیان لەتەکدا ناکرێ و هیچیش بەلایانەوە گرینگ نییە بیر لە یەکخستنی خیتابی سیاسی کوردی بکەنەوەو هەوڵیک بۆ سیاسەتاندنی دۆزی کورد



نەدەن نەخیر تا حزبە حەیاتەکە وەستابێ ئەوەیان گرینگ نییە!.. دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنی یەکیتیی رۆشنبیری نەتەوەی کوردە، کە بیگومان بنەمایەکی هەرە گرینگی بنەماکانی بوونی نەتەوەیی کورد پیک دەهینێ، بیگومان رۆڵی سانسۆری حزبی، لە هەموو خەتەریک خەتەرترە.. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کە لە بری بەرهەمهینانی رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی، هەر کۆمەڵەو لە ناوچەی خۆیدا بیهودە سەرگەرمی بەرهەمهینانی رۆشنبیرییەکی حزبی ببێ و هەموو ئەمەش لە ژیر پەردەی بنکەو مەڵبەندی بەناو رۆشنبیریی و لە ئەسڵ دا حزبی دەکرێ.. و کار دەگاتە سەر ئەوەی ریگەی هاتوچۆی رۆشنبیرو نووسەرو ئەدیب لەم شارەوە بۆ ئەو شار نەدریت دیارە ئەمەش خەتەریکی دیکەی ناوچەگەریتییە و هەڕەشەیە لە پرۆسەی یەکخستنی نەتەوەیی، چونکە شتیکی بەڵگە نەویستە کە هاتوچۆو، بوونی ریگاوبانی ئاسان و هەرزان رۆڵی گەورە لە یەکخستنی نەتەوەیی دا دەبینێ و یارمەتی رۆڵەکانی میللەت دەدات زیاتر لەیەکدی نزیک ببنەوەو لەیەکدی تێ بگەن و پەیوەندییە نەتەوەییەکانیان پتەوتر ببێ و ببن بە خاوەنی ویژدان و سایکۆلۆژیای هاوبەش، دیارە ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیر لە خەڵکانی دی پتر پیویستیان بەو تەفاعولە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری‌یە هەیە!... دیارە ئەم بابەتە رۆشنبیرییە، دەبێ بە پیی خواستەکانی حزبی دەسەڵاتدار بێ، واتا دەبێ رۆشنبیرییەکی ماڵی بێ دەستەمۆ بێ، کەواش بوو گۆڕان دروست ناکات!..

هەڵبەتە لە کەشوهەوای ئاوهادا، رۆشنبیری‌یەک قەبوڵ ناکرێ کە لە خەتی حزب لابدات. بیگومان حزب لەم حاڵەتەدا دەبێ بە زیندانی رۆشنبیریی نەتەوەیی.

بۆیە رۆشنبیر لەهەر سەنگەریکدا بێ. دەبێ و لەسەریتی داکۆکی راستگۆیانە لە خۆیبوونی رۆشنبیریی نەتەوەیی بکات و هەموو سانسۆریکی حزبی لەو مەیدانەدا بە جورئەتەوە رەفز بکات.

«٦»

بۆ وینە لە ساڵی **١٩٩١** بەدواوە، حزبەکانی باشووری کوردستان بەپەلە کەوتنە لاسایی کردنەوەی تەجرەبە تاڵەکانی وڵاتی لوبنان و هەر حزبەو بۆخۆی کەوتە دامەزراندنی تۆڕیکی رۆشنبیریی و راگەیاندنی حزبی و مەملەکەتیکی عەنتیکەی بۆخۆ قوت کردەوەو ناوی خوای لێ هیناو باژۆ..

تاوای لیهات بە ئاسانی کوردو کوردستان بە قوربانی بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆی بکات بۆیە بە پڕ کیشییەوە دەتوانرێ بگوترێ کە لەم بەشەی کوردستانی ئیمەدا، نە رۆژنامە، نەگۆڤار، نە رادیۆ، نە تەلەڤزیۆن و نە هیچ دەزگایەکی نەتەوەیی نییەو ئەو دەزگا رۆشنبیریی و راگەیاندنە حزبیانەی هەن «بە ریژەی جیاواز» لە بری رۆڵی یەکخستنی نەتەوەیی بدینن، رۆڵی چەسپاندن و قووڵکردنەوەی ناوچەگەریتی و حزبچیتی دەبینن!.. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنی ناسنامەی نەتەوەییە، لە پیناوی حزبینی تەسکدا..

«٧»

رادیۆ، کە رەنگە دەوری کاریگەرترو راستەوخۆ تری لە راگەیاندنی خوینراو هەبێ، لە ولاّتی ئیمەدا بە ئاراستەیەکی حزبی ناوچەگەرییانەی زۆر نابەجێ دا دەبرێ و.. بیگومان خەڵکانیک موحاسەبە دەکرین لە سەر گوێ گرتن لەم رادیۆو لەو رادیۆ، بەڵگەی ئەمەش بەکارهینانی تەشویش و هانی هانی و.. ئەم رادیۆیانە حزبین و بەڵگەش ئەوەیە کە دینە سەر پەخشکردنی هەواڵەکان لە سەرەتاو لە پیشی پیشەوە لە چالاکی حزبی خۆیانەوە، لە پیش حزبەوە لە چالاکی مەسئولی یەکەمی حزبیەوە دەست پیدەکەن، ئیدی با ئەو چالاکیانە گرینگیش نەبن!.. دەبێ ئەم بابەتە رادیۆو تەلەفزیۆنانە چ خیرێ بۆ کورد بدەنەوە؟! ئەمرۆ دژی شتیکە و سبەینێ بەشان و باڵی هەمان شتدا هەڵدەڵێ!..

بەهەمان حەماس و تۆنی دەنگەوە ستایشنامەو جنیونامە دەخویننەوە!..

جا با تاویک لای گۆرانی و مۆسیقاش بوەستین. ئاشکرایە مۆسیقاو گۆرانی دەوری گرینگ لە خەملاندنی ویژدان و سایکۆلۆژیای هاوبەش دەبینێ.

کەچی ئەم لایەنە لەو رادیۆو تەلەفزیۆنە حزبیانەوە بەرادەیەک فەرامۆش کراوە، رەنگە کوردیکی بابەلباب کورد کە میزاجی کوردەواریی تیک دراوە، ئەوەندەی گوێ لە گۆرانی بیژیکی فارس، تورک، عەرەب دەگرێ، ئامادە نەبێ بە هیچ جۆرێ گوێ لە کاوس ئاغا، مریەم خان، عایشە شان، عەلی مەردان، حەسەن حەیران و محەمەد عارفی جزیری بگرێ! چ کارەساتیکە ئەمە!

ئایا ئەمە دریغییەکی زەقی دەزگا راگەیاندنە حزبییەکان نییە؟! یان کە گۆرانی کوردی لیدەدرێ، دین کام گۆرانی بیژەی کە دەنگ و بەهرەکەی



هیندە بچووکەو بە بست لەخۆی دوور ناکەویتەوە، بە سایزەریکی کۆک کراوەوە دەخەنە سەرو لە خەڵکی نەفام وایە کە ئەمە نوینەری گۆرانی کوردییە!.. دیارە ئەمە نەک هەر زەوقی گویگرتن لای خەڵکی پەروەردە ناکات، بەڵکو لە گۆرانی کوردی تەوەلای دەکات و پەنا بۆ گۆرانی میللەتی تر دەبات و حزبەکانیش خیرا ئەو گۆرانیانە بخەنە سەرو پییان وابێ ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی بەرنامەکانیانە!..

دیارە لیرەدا پیویستە ئاوڕیک لەو زمانەش بدریتەوە کە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبەکانەوە بەکار دیت.

بیگومان زمانەکەش نەک هەر ناوچەییە، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدرێ بکرێ بە زمانیکی حزبی و بە ئاراستەی حزباندن دا دەبرێ.... ئەمرۆ هەموو رادیۆکان، بێ ئەوەی ناسنامەی حزبی خۆ بڵێن، خەڵکی زۆر بە ئاسانی بە زمانەکانیاندا دەیانناسنەوە!... لە کاتیکدا ئەمە دەکرێ کە زمان بەتایبەتی بۆ ئیمەی کورد کە دەوڵەتمان نییە دەوریکی گرینگ دەبینێ لە یەکخستنی نەتەوەیی و رۆشنبیریماندا، بەڵام وەگەڕنەخستنی بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی دا، ئەو دەورە گرینگەی کەم دەکاتەوە، بۆیە هیچ عەنتیکە نییە بەم قۆناغەی کوردەواری بگوترێ میژووی قۆناغی حزبی!.. چونکە ئەوەتا بە بەرچاوی هەموومانەوە، هەوڵ دەدرێ هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری حزباوی بکرێ و ئەمەش لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نەتەوەپەروەری دیتە ئەنجام دان و لە سایەی بەرەکەتی حزباوی کردندا، دیارە هەموو شتیک بە کەلتورو رۆشنبیریشەوە شەقڵی ناوچەگەریتی وەردەگرێ و.. دیارە رۆشنبیرو نووسەری کورد ئەو حەقیقەتە دەزانن کە رۆشنبیریی بێ رۆشنبیران نابێ، کەواتە رۆشنبیریی حزبیش بێ رۆشنبیر نابێ، بۆیە لەسەریانە بە نەفەسیکی هوشیاری نەتەوەییەوە لە دام و دەزگا حزبیەکاندا کار بکەن و هەر پەیوەندییەکی حزبی نەبیتە مایەی ریکخستن و پتر قووڵکردنەوەی پیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان گومانی لێ بکەن!..

بیگومان ئەو دەزگایانە تواناو هیزی مادی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، بۆ مەبەستی بەرژەوەندی حزبی خۆیان بەکاری دەهینن، بەڵام رۆشنبیران دەبێ لەوە وریاترین بە ئاسانی رەدویان بکەون، دەبێ هەمیشە سەربەخۆیی فیکری و ئەدەبی و هونەری خۆیان بپاریزن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانیان پێ گەورەترو زیندووتر بێ لەو

پەیوەندییە حزبییانەی ئەورۆ لە باشووری کوردستاندا باویەتی. داوای ئەوە بکەن هەموو سانسۆریکی ناوچەگەریتی لا ببرێ. لە سنووری تواناداا دەزگاکانی راگەیاندن یەک بخرێ و ئاراستەی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بکرێ.

چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان بە پیی توانا نەک هەر لە شاریکی-یەک بەشی کوردستاندا بڵاو ببنەوە، بەڵکو بە هەر شیوازیک بووە بگەیەنریتە هەموو بەشەکانی کوردستان... پەیوەندی بە هیچ ریکخراوو یەکیتییەکی پیشەیی ناوچەییەوە نەکەن، بەڵکو دەبێ ئەو ریکخراو و یەکیتیانە بەر لە هەموو شتیک نەتەوەیی بن.. بە هەر حاڵ رۆشنبیران لەسەریانە تا زووە مەترسییەکانی حزباوی کردنی خەڵک بە مەبەستی چەسپاندنی ناوچەگەریتی کە بەرەبەرە هەموو بوارە ئابووری و فیکری و سیاسی و رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەرییەکانیش دەگریتەوە، دەرک بکەن و هەموو لەمپەریکی ناوچەگەریتی ببەزینن و کەشوهەوای رۆشنبیرییەکی هاوبەش خۆش بکەن و بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا وەگەڕی بخەن و پشتیوانی لە هەموو هەنگاویکی وەحدەویانەی نەتەوەیی بکەن.

**ژیدەر:**
**بروانە/ الدوله القطریه و النظریه القومیه/ جورج طرابیشی.**

**ریگای کوردستان ژ (٢٨٨)**
**١٩٩٨/٢/١١**



# پاژی شەشەم

# زمان له هاوکیشەی نەتەوەییدا

«١»

زمان، فاکتەریکی هەرە گرینگی یەکخستن و پیکەوە گریدانی ئەندامانی هەر کۆمەڵیکەو لە ئەنجامی ئەمەوە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دیتە ئاراوە... واتە زمان بنەمایەکی سەرەکی پیکهاتی بوونی نەتەوەیی وەکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی پیک دینیت.

ساطع الحصری لە کتیبی (چەند وانەیەک لەمەڕ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی)دا دەڵێ: (زمان روح و ژیانی نەتەوەیە، زمان لە بڕی تەوەری نەتەوەیی و بڕ بڕەی پشتیبیەتی) ل٢٦ دیارە کە ئەمە بایەخی زمان بێ لە پیکهاتی بونیادی کۆمەڵایەتیدا، مانای وایە بایەخ دان بەزمان، بە تایبەتی بۆ نەتەوەی بن دەست- نەک هەر ئەرکیکی ئاساییە، بەڵکو دەچیتە خانەی خەباتی هەرە جدییەوەو فەرامۆش کردنی یەکجار خەتەرە.

چونکە هەر نەتەوەیەک زمانەکەی بمرێ بەخۆشی دەمرێ. هەر لەم پیودانگەوە، گەلیک لەو گەل و میللەتانەی کە چەپۆکی رۆژگار، یان هەر هۆیەکی دی دەربەدەرو مشەختی کردوون، بە مەبەستی پاراستنی بوونی نەتەوەیی خۆیان و پابەندی بە هەستی نەتەوەییانەوە، دەستبەرداری زمانی خۆیان نابن و لە جاران پتر خۆیانی پیوە خەریک دەکەن. دەیکەن بە سەنگەری بەرەڤانی و مانەوەی نەتەوەیی.

دیارە لیرەدا هیچ هاندەریکی ناسیونالیستانەی کۆنەپەرستانە رینوینی ئەم وتانەی نەکردم، چونکە پیم وایە ناسیونالستی بن دەست و نەتەوەی بن دەست، بە حوکمی جەوهەرو کرۆکی پیشکەوتووانەی دۆزەکەی ناتوانێ کۆنەپەرست و بەرچاوتەنگ بێ.

راستە ئەمڕۆ دنیا زۆر بچووک بۆتەوەو مرۆڤی ئەم سەرزەمینە، وەکو ئەوە وان لەیەک ماڵدا بژین، بەڵام پیوەندی کردن بە جیهانەوەو بوون بە ئەندام لەم جیهانەدا، لە ریگەی گەلیکی دیاری کراوو خاکیکی نەتەوەیی دیاری کراوەوە دروست دەبێ. بەمەش جاریکی دی بایەخی زمان بە دیار دەکەویتەوەو بیگومان زمانی نەتەوەییش (زمانی خویندن و نوسین) ئەهلی ئەدەب و قەڵەم جڵەوداریی دەکەن و ئەهلی ئەدەب و قەڵەمیش، کە بابەتی بەرو دوایان، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، ویڕای ئەوەی کە لەسەریانە خۆ لە قەرەی ماڵیجەی گرفتە جیهانی و کەونی و ئینسانییەکان بدەن، دەبێ



ئەوەشیان لەبیر نەچیت کە جەماوەریکی تایبەتی و دیاریکراو بە زمانیکی تایبەتی و دیاری کراو دەدوین و ئەم دوو تایبەتمەندییە دەلالەتی کارە ئەدەبی و رۆشنبیری یەکانیان دیاری دەکات، بەر لەوەی نیوەرۆکی جیهانی دیاری بکات (بڕوانە الادب من الداخل، جورج طرابیشی. ص١٥٥).

«٢»

هەر میللەتیک، زمانی نەتەوەیی (زمانی خویندن و نوسینی یەکگرتووی نەبێ، بەتایبەتی کە بندەست بێ و دەوڵەتی سیاسی نەبێ، ئەوا یەکیک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی مقاوەمات و بەرەڤانی لەخۆ، لە دەست دەدات و ئەگەری پارچە پارچە کردن و بە چەند نەتەوە کردنی زۆر زیاد دەبێ. واتا ئەگەری مەرگی نەتەوەی دایک و لە دایکبوونی چەند وردە نەتەوەیەکی بێ شەخسیەت و لاواز دیتە ئاراوە. رەنگە هەندێ لەو وردە نەتەوانەش بە تیپەڕ بوونی رۆژگار بە یەکجارەکی زمانی زکماکی خۆی تەرک بکاو زمانی نەتەوەیەکی دی وەربگرێ و بەمەش خۆی دەدۆڕینێ و لەنیو ئەو نەتەوەیەدا دەتویتەوە کە پیشتر زمانەکەی وەرگرتووە... هەموو دەزانین کە پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد چ لە باری فیزیایی و چ لە باری مەعنەوییەوە ژمیژە لە گەڕدایەو لیرەو لەویش، کەم و زۆر سەری گرتووە، دیارە ئەم هەوڵ و پرۆسانەی دوژمنان و داگیرکەرانی کورد خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە بایەخ و گرنگی زمانی نەتەوەیی (زمانی خویندن و نووسینی یەکگرتوی کوردی) بە ئەندازەی بایەخی قەوارەی سیاسی گرینگەو هەندێ جار گرینگتریشە... واتا رەنگە هەندێ جار نەبوونی قەوارەی سیاسی وەکو ئەمری واقیع بە تۆبزی بسەپینرێ و ئاسایی بنوینێ، بەڵام نەبوونی قەوارەی زمانەوانی (لغوی) ئاسایی نییەو ئەگەر خۆمان، خۆمان بین و خاوەنمان هەبێ، وەکو ئەمری واقیع نایەتە سەپاندن. هەر بۆیە پابەند بوون و خۆ بەستنەوە بە زمانی نەتەوەییەوە، خۆی لە خۆیدا سەنگەریکە بۆ بەگژا چوونی پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بۆیە هەر هەوڵدانیکی نووسین بۆ ئەوەی زمانی ناوچەیی لە ناوچەیەکی تەسکدا بمینێ کاریکی گەلیک نابەجییەو ئاوەو لە ئاشی دوژمن دەکرێ... پیویستە زاراوەکانی زمانی نووسینمان یەک بخەین و گیروگرفتی زمانەوانی نا پیویست بۆ خۆمان دروست نەکەین و لە مەنهەجییەت دوور نەکەوینەوەو ئەنارشیزمی حیزبایەتی تەسک بۆ نیو زمانەکەمان نەهینین و باهاوسەنگی زمانەکەشمان

له دهست نهچێ.

«٣»

بیگومان، زمانی کوردی لههەر ههموو ئهو ولاّتانهدا که بهناههق کوردیان پیوه لکینراوه، سهرکوت کراوهو دهکرێ و بهدهیان پرۆسهی توانهوهو شیواندن و گهشهنهکردنی یهکجار خهتهری بۆ وهگرِ خراوهو نهک ههر ناهیلرێ رهواج پهیدا بکات، بهڵکو زۆر بهوردی ههوڵ دهدرێ له بهرچاوی رۆڵهکانی نهتهوهی کورد بخرێ و وابیته بهرچاو که زمانی کوردی زمانیک نییه بتوانێ گوزارشت له بابهته ئینسانی و زانستییهکان بکات!. بۆ وینه بهرنامهی خویندنی کوردی له قوتابخانهکانی باشووری به عیراقهوه لکینراوه هینده سهقهت و ناکوردییه مهگهر ههر بڵیین شا به تاقهتی قوتابی داماو.

برۆ سهیری وهرگیرِانی کیمیاو فیزیاو بیرکاری و تهنانهت دهرسه ئهدهبییهکانیش بکه. ئهوجا تیدهگهین له دیوهخانان چ باسه.

ئهمه جگه له خودی دهرسی زمان و ئهدهبی کوردی که له تۆ وایه ئهمه زمانیکی بیگانهی بێ کهڵکهو به پلهی سییهم و چوارهم له رووی بایهخی مهنههجی قوتابخانهکانهوه دێ.. ئهویش هینده بهبێ سهروبهری دهوتریتهوه، له برِی ئهوهی قوتابی رمودهی ببن و ههوهستیان بچیته سهر، لیێ تهوهڵلا دهبن و له شانیان قورسه... دیاره ئهمه زۆر ناخایانێ تا لهبهرچاوی قوتابی دهکهوێ.. له لایهکی دییهوه، زمانی کوردی لهو ولاّتانهدا نه زمانی نان پهیداکردنه نه زمانی ژیانه، نه زمانی کاروکاسبییه نه زمانی رۆشنبیرییهو نه له قوتابخانهکاندا دهخوینرێ... له کاتیکدا ئهم واقیعه به چاوی خۆمان دهبینین و زۆر چاک دهزانین که زمان کۆڵهکهیهکی ههره سهرهکی پیکهاتی بوونی نهتهوهییه وهکو قهوارهیهکی کۆمهڵایهتی، دهبێ حیکمهت و فهلسهفه چی بێ لهوهی که (٥) ساڵه دهستهوهستان دانیشتوین و هیچمان لهم بارهیهوه نهکردووه؟!

بیگومان، ئهوانهی که خۆ له مهسئولیهت دهدزنهوه ئۆباڵی ئهمهش دهخهنه ئهستۆی شهرِی نیو خۆ، گریمان وایه، ئێ بۆ دهیکهن،؟! خزمهتی زمان و رۆشنبیری نهتهوهیی له شهرِ له پیشتر نییه؟! ههر میللهتیک خاوهن و دڵسۆزی ههبێ، به پینج ساڵ زۆر شت دهکرێ.



«٤»

(٥) ساڵه!.. گلهیی لهکێ بکهین، بهگژ کیدا بچین، کێ خهتاباره، خهتای کێ بگرین کێ گوێ دهگرێ کێ به تهنگهوه دێ؟!.. ئهوه حاڵی زمانی نهتهوهییمانهو لهم باشووره حهیاتهدا، ئۆرگانی حزبه سهرهکییهکان به زمانی عهرهبی دهردهچن له رۆژنامه کوردییهکان پتر بایهخیان پیدهدرێ و بودجهیان بۆ تهرخان دهکرێ، بۆ؟! ئاخر ئیمه چ پیویستمان بهوهیه به زمانی عهرهبی رۆژنامه دهربکهین!، یا کارگهیوهته رادهیهک ههندێ جار شانازی بهوهوه بکرێ، که یارۆ زمانی عهرهبی له کوردی باشتر دهزانێ!.. له کاتیکدا زۆر ئاساییه کوردیک لهههر پلهو پایهیهکدا بێ، عهرهبی باش نهزانێ، وهکو چۆن عهرهبیک کوردی نهزانێ یان باش نهیزانێ... ئهگهر له سهردهمی خۆیدا ناچار کرابین و دهسهڵاتی مهرکهزی عیراق بۆوهی لیمان حاڵی ببێ کهچی دهڵیین و چ دهکهین، داوایان لێ کردبین به زمانی عهرهبی بنووسین، ئهوا بۆ ئهو قۆناغه ئهو داوا نابهجییهی حکومهتی مهرکهزی رهنگه پاکانهی خۆی ههبووبێ؛ چ قهیدییه، دۆزی نهتهوهکهمان به برایانی عهرهبیش دهناسینین... ئهوا بۆ ئیستا قۆناغی ئهمرۆی ئیمه ئاشکرایه رۆژنامه ئاراستهی خهڵکی خوینهوار دهکرێ و خوینهواری عهرهبی ئهمرۆ گیروگرفت و خهمهکانی خۆی هینده کهم نین و هیندهش دهست بهتاڵ نییه، بێ لهم رۆژگاره تیژ تیپهرِهدا، کاتی خۆی بهخویندنهوهی شرِه رۆژنامهی عهرهبی، بهسهرپهرشتی کوردان بهفیرۆ بدات و لهویندهرهوه دۆزی کورد بناسیت. کهواته ئیمه دهمانهوێ بهم کارهمان کێ بدوینین؟! چی بڵیین خۆ له ریگهی بهرنامهیهکی یهک سهعاتی رۆژانهی ئاراستهی کراوی رادیۆوه ئهم کاره دهکرێ و جهماوهریکی زۆر بهرینتر لهجهماوهری رۆژنامهش دینه دواندن. خۆ ئهگهر مهسهله ناساندنی دۆزی کورد به عهرهب بێ و ئهم کاره زۆر زهروری بێ، ئهوا به ههمان ئهندازه و بگره پتریش زهرورییه که دۆزی کورد. بۆ وینه به ئینگلیزو فهرهنسی و ئهڵمانی و ئهمریکی و.. هتد بیته ناساندن..

«٥»

به نیسبهت زمانی کوردییهوه مهخابن تا نهوژی زمانی نهتهوهییمان، نییه، واتا نووسینی کوردیکی باشوری کوردستان له زیی گهوره هیوهتر ناچێ، دیاره نووسینی کوردیک؛ی باکوری کوردستانیش لهزیی گهره

هیروەتر نایەت! کەواتە قەوارەیەکی زمانی نەتەوەیی یەکگرتومان نییە کە کورد لەهەر شوینی بێ یەکیان بخات.

هەمـوو دەزانـین زمـان دیـاردەیـەکی کۆمـەڵایـەتی ئـاڵۆزەو هـەمـوو گەشەکردنیکی کۆمەڵایەتیش هەندیک سست و خاوەو ماوەیەکی تارادەیەک زۆری گەرەکە تا ئەنجام بە دەستەوە دەدات، ئیمە ناڵیین زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو بە قەرار دروست دەبێ.. نەخیر بەڵکو بە جۆریکی خۆڕسک و لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئاسایی خۆیەوەو بە پشتیوانی و ئاراستەکاری گەلەک فاکتەری رامیاری و ئابوری و رۆشنبیری و پەروەردەو فیرکردنەوە ئەو قەوارەیە بەرە بەرە چێ دەبێ. پیم وایە ئەم قەوارەیە بۆ کورد ئەگەر لە قەوارەی سیاسی گرنگتر نەبێ ئەوا هاوتای قەوارەی سیاسییە، چونکە ئەگەری دروست بوون و دروستکردنی چەند وردە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد، زۆر دوور نییە، جا ئەم وردە قەوارە سیاسیانە گەر قەوارەی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو بەیەکەوەیان گرێ نەدا، ئەوا ئەگەری ئەوە پەیدا دەبی کە کورد بکرێ بە چەند وردە نەتەوەیەکی وەک: گەرمیانی، سۆرانی، هەورامانی، بادینانی.. هتد.

«٦»

یەکیتی زمانی نەتەوەیی فاکتەریکی گەورەیە بۆ هاریکاری نیوان رۆڵەکانی نەتەوە، هەڵبەتە ئەم دەورە لە چوارچیوەی مەرجە میژووییەکاندا دەبینێ، بۆیە لە سەرمانە مەودای نەتەوەیی زمان کەشف بکەین و لەناو میژوودا وەگەڕی بخەین و لەوەی پتر فەرامۆشی نەکەین. دەبێ بایەخی رۆشنبیری و سیاسی فاکتەری زمان، لە پاڵ فاکتەرە پیکهینەرەکانی تری بوونی نەتەوەییدا وەگەڕ بخەین.

ئەوەی لیرەدا مەبەستمە زمانی قسەکردن نییە، چونکە زمانی قسەکردن، لە هەڵس و کەوت و مامەڵەی رۆژانەدا بەکار دیت و هۆیەکە لە هۆیەکانی لیکدی گەیشتن، بەڵکو مەبەست زمانی خویندن و نووسینە کە دەوری هەرە سەرەکی و قورس لە ریکخستنی فیکرو هۆشدا دەبینێ. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سڵ لە بەکارهینانی زمانی کوردی نەکەینەوەو دەبێ لە هەموو بوارە رۆشنبیری و زانستی و ئەدەبی و هونەرییەکاندا زۆر جدیانە بەکاری بینین و چالاکانە وەگەڕی بخەین و بکەویتە سەر سکەی ئاسایی خۆی و رۆڵی میژوویی خۆی لە چوار چیوەی هەر قۆناغیکی میژوویدا بگیرێ، دەبێ



هەوڵی ئەوە بدرێ خۆ لە بەکارهینانی ووشەی ناوچەیی دوور بگرین و ئەو وشەو زاراوانە بەکار بهینین کە لە تیگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری کوردەوە نزیکن و پیویستە زۆر جدیانە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو دوو هیڵە هاوتەریبەی کە ئیستا بەهەردوو شیوەی کرمانجی سەروو، خواروو بەرهەمیان پێ دیتە نووسین، تەواو لەیەک دی نزیک بخرینەوەو تالە ئەنجامدا دەبن بەیەک هیڵ و زمانی نەتەوەییمان پیک دەهینن.

«٧»

گوتمان زمان رۆڵیکی مەزن لە یەکخستنی نەتەوەییدا دەبینێ و فەرامۆش کردنی ئەم فاکتەرە، دوژمنانی کورد رژدتر دەکات لەسەر بەگژدا چوونمان و نابێ ئەم سەنگەرە بە چۆلی بمینیتەوە. هەڵبەتە هەر نەتەوەیەک زمانی نەتەوەیی یەکگرتووی نەبێ، کەلتوری یەکگرتوی نابێ و ئاسانتر داگیردەکرێ و بەرە بەرە زمانەکەی دیتە کوشتن و جۆگەلەی هزرو بیرو بەهرەی زاناو داناو نووسەرو هونەرمەندانی دەخریتە سەر باخی رۆشنبیری داگیر کەرو بەزمانی داگیر کەر، مەرگی زمانی زگماکی خۆی رادەگەیەنیت، دیارە مەرگی زمانیش دەکاتە مەرگی نەتەوە.

**تیبینی: بۆ زانیاری زیاتر بروانە:**

١- الدوله القطرية والنظرية القومية/ جورج طرابيشي.

٢- الادب من الداخل/ جورج طرابيشي

٣- ریگای کوردستان ژمارە/ ١٤٠ ل٨ حمە کریم عارف

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٩)**
**١٩٩٦/٧/١**

# له نیوان ئافرەت و ژندا

زمان وەکو دیاردەیەکی زیندوو شت وەردەگرێ و شت دەبەخشێ. دیارە زمانی کوردیش لەو دیاردەیە بەدەر نییە. هەڵبەت لیکۆڵینەوەی زمانەوانی کاریکی قورسەو شارەزاو پسپۆری تایبەتی خۆی دەوێ. رەنگە زۆر وشە لە هەر زمانیکی دنیادا هەبن گەر بچیتەوە سەر ریشەکەی دەبینی لە وشەیەکی ناشرینەوە یان سەرچاوەیەکی نازانستانەو وەرگیرا بێ، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئیدی لەخۆڕاو بەشیوەکی نازانستانە مەفرەزەی بۆ دەربکرێ و بەپەلە حوکمی ئیعدامی بەسەردا بدرێ!

لە زمانی کوردیدا دوو وشەی جوان و ناسک بۆ رەگەزی میینە هەیە کە بریتین لە ژن و لە ئافرەت. دیارە مەبەست لە ژن لای ئیمە جیا کردنەوەیەتی لە کچ، واتە وشەی ژن، کچان ناگریتەوە، ئافرەت، هەموو رەگەزی میینەی بەشەر دەگریتەوە، هەندێ کەس لە خۆڕایی دوژمنایەتی وشەی ئافرەت دەکەن کە گوایە وشەیەکی ناشیرینەو لە عەورەتی عەرەبی‌یەوە وەرگیراوە.

ئیمە ئەگەر سەرنجی میژووی عەرەب بدەین، هەر لە کۆنەوە کۆنەپەرستانە روانیویانەتە رەگەزی میینە، بەڵام کورد وانەبووە، بۆیە هەرگیز ریی تێ ناچێ وشەی ئافرەت لە عەورەتی عەرەبییەوە وەرگیرابێ، بەڵکو لە (ئافرۆدیتی) یۆنانی‌یەوە وەرگیراوە کە بە مەعنای خوای جوانی دێ.

ئەمە جگە لەوەی لە زمانی (پەهلەویدا) چاووگی «ئافریتەن» هەیەو بە مەعنای خولْقاندن دێ. ئاشکراشە کە ئافرەت سەرچاوەی گەورەترین خولقاندنی سەرزەمینە و هیچ خولقینراوێ لە مرۆڤ گەورەتر نییە کە ئەویش لە ئافرەتەوە هەڵقولاوە. هەڵبەتە هەر ئەو ئافریتە نە پەهلەوی‌یە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بووە بە ئافریت و پاشان بووە بە ئافرەت.

ئەمە جگە لەوەی وشەی ئەفرەند لە زمانی فارسیدا وشەیەکی باوە بەمەعنای فەروشکۆ یان بریسکەی شمشیر دیت دیارە لە زمانی کوردیدا پاشگری "ند" گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەر ئەو "ئەفرەندە" لای ئیمە گۆڕانکاری بەسەرداً هاتووەو بووە بە ئافرەت کە بە مەعنای سەرچاوەی فەرو شکۆ و داهینان دێ. ئەمە جگە لەوەی وشەی ئەفراندن بە مەعنای چاوگی داهینان دیت و لە شیوە زمانی کرمانجی سەروودا هەر زۆر باوەو بەکاردێ.

کەواتە پیویست ناکات ئیمە وشەی ئافرەت کە بە مەعنای فەروشکۆ دێ. بە ناهەق لە سیدارە بدەین و لە زمانەکەمان وەدەری بنیین.

**ئاڵای ئازادی ژ (٦٢)**
**١٩٩٣/٢/٢١**



# دیسان
# ئافرەت و ژن

کاتی خۆی لە یەکیک لە ژمارەکانی رۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا سووکە گوتاریکم لەمەڕ هەردوو ووشەی ئافرەت و ژن لە زمانی کوردیدا بڵاوکردەوە. دیارە من هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبووە وەکو لە ووتارەکەشدا دیارە، کە لایەنگیری لەم ووشەیا لەو ووشەیان بکەم. یەکیکیان بسڕمەوەو ئەوی تریان پتر بەرجەستە بکەم. دیارە مەبەستم سەر لێ شیواندن و چەواشەکردنیش نەبووە.

بەهەر حاڵ وەکو چۆن بە رەوای دەزانم راوبۆچوونی خۆم لەمەڕ بابەتیک دەرببڕم. بە هەمان ئەندازەش ریزی راوبۆچوونی خەڵکی دی دەگرم، نەک هەر رادەربڕینی بە رەوا دەزانم بەڵکو داکۆکیشی لیدەکەم. پوختەی نووسینەکەی من ئەوەیە کە هەر دووک ووشەکە کوردین و لە چەمک و مەبەستدا جیاوازییان لە نیواندا هەیە، ئافرەت سەر لەبەری رەگەزی میینە دەگریتەوەو ژن ئافرەتی شووکردو دەگریتەوە.

لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا (ژمارە ١٩٩٣/٣/١٢/٣٣٩) برادەریک بە نیوی شۆڕش عمر هاتووە هەمان بابەتی تاوتۆ کردووە - دەستی خۆش بێ- و بە سەرەتایەکی هیدی و هیمن هەر هەمان ئەو مەبەستەی سەریی منی خستوەتەوە ڕوو، بەڵام پاشان نەختێ دەستی داگرتووەو سووکە دەمارگرییەک جڵەوی لە دەست سەندووە. ئافرەتی بەو ووشەیە زانیوە کە سەر لەبەری رەگەزی میینە دەگریتەوە، بە چاک و خراپەوە، خۆی گوتەنی "جا ئەو میینەیە چ باش و بە کەڵک و رەسەن بیت و یاخود بە دوو خراپ و بێ کەڵک بیت.. بەڵام ژن تەنها بۆ میینەی باش و بە سوود دەوتریت..) ئەو برایە لە گوتارەکەیدا گازاندەی ئەوەی لە بەندە کردووە کە چ بەڵگەیەکی میژوویی و زانستی بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی راستی بۆچوونەکەی، رەنگە لاریم لە بەشیکی ئەو گازاندەیە نەبێ. هەقی خۆیەتی قامکانم لە دور چاوان بکا، بەهەر حاڵ من رایەکەو دەرم بڕیوەو لیی پەژیوان نیم، چ جۆرە رەنجاندنیکی کۆمەڵایەتی یا سیاسیم لەبن تویکڵان نەشاردۆتەوە کیش زانستانە پشتەو شاری بکاتەوە خۆم بە منەتباری دەزانم، کیش دەیشیوینی غەدرەکا، جا با بزانین بەڵگە میژوویی

و زانستییەکەی ئەو برایە و بۆ چوونەکەی چی‌یە کەوا ووشەی ئافرەت چاک و خراپی رەگەزی مێینە دەگریتەوەو ووشەی ژن (تەنها بۆ مێینەی باش و بە سوود دەوتریت). هەموو بەڵگەکەی ئەوەیە کە بۆ ژنیکی رول دیار لە مێژوودا دەوتریت "شێرەژن، و قەت گوێ بیست نەبووین بڵێین شێرە ئافرەت!" جارێ بەر لە هەموو شتیک ئافرەت وەکو ژن ناوە، هەموو ناویک سیفەتی دەدریتە پاڵ، واتە وەکو ناویک بە سیفەت تەواو دەکرێ، جا زۆر ئاساییە ئاوەڵناو پیش ناوی تەواوکراو بکەوێ یا بە پیچەوانەوە. وەکو چۆن دەتوانین بڵێین شێرە ژن دەشتوانین بڵێین ژنی شێر، ژنی ئازا، ژنی ئەمەکدار، بۆ ووشەی ئافرەتەکەش هەمان دەستوور راستە، وەکو ئافرەتی جوان، ئافرەتی شێر، ئافرەتی ئازا، بەڵام کە ناڵێین جوانە ئافرەت، یا شێرە ئافرەت ئەمە دەگەڕیتەوە بۆ دەستوری لیکدانی ووشە لە زمانی کوردیدا، چونکە بە زۆری وەختێ دوو ووشە لیکدراوەکە بە هەمزە دەست پیدەکا ئەوا لە گوتن و زۆرجار لە نووسینیشدا هەمزەکە لا دەبەین. وەک: لە ئیرە–لیرە. هەمزە ئاغا– هەمزاغا.

جا بەنیسبەت شێرە ئافرەتەوە کە برای نیوبراو نەی بیستووە. (هەمان مامەڵەی دەستوری زمانی لەگەڵدا دەکرێ و هیشتاش هەر لەسەر زمان قورسە، بۆیە کورد وەکو سەلیقە خۆی لێ دەبویرێ، دەنا وەکو دەستوور زۆر ئاساییە بگوترێ نێرە ئافرەت و شێرە ئافرەت. جا نەبیستنەکەی کاک شۆڕش هەرگیز بەڵگەی زانستانە نییە بۆ ئەوەی کە ئافرەت چاک و خراپی مێینە دەگریتەوەو ژن تەنها باش دەگریتەوە خۆ کە گوترا شێرە ژن، ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە ووشەی ژن تەنها مێینەی باش و رەسەن دەگریتەوە. خۆ هەر لەسەر هەمان وەزن دەشگوترێ:

کەرە ژن، ئەسپەژن، گیلە ژن. و دیارە ئەمانە ئاوەڵناون و دراونەتە پاڵ ژن و پەیوەندییەکانیان بە بنەڕەتی پیکهاتی ووشەی ژنەوە نییە.

ئەو برایە تێ ناگا کە حەمەکەریم عارف ووشەی ئافرەتی بردووەتەوە سەر چ ووشەیەکی بیگانە! واتە بردویەتییەوە سەر ئافرودیت، ئافریتەن، ئەفرەند یان ئەفراندن "کرمانجی سەروو" دیارە بە خۆی نایەوێ تێ بگا، دەنا من واتای هەر سێ و چوار ووشەکەم خستووەتەڕوو، هەموویان هەر یەک ناوەڕۆک و مەبەست دەگەیەنن و شکۆو فەرو بەخشش لە هەموو ووشەکاندا هەیەو هەر کامیکیان بکرێ و ووشەی ئافرەتی بەریتەوە سەر ئەوا پیرۆزی ئافرەت بەرجەستە دەکا، بەرای ئەویش کە ووشەی ئافرەت پیوەندی بەو



ووشانەوە نییەو بەڵگەشی ئەمەیە کە: "چونکە شوینی مێینە لە کۆمەڵگای ئیمەدا قەت ئەوەندە بەرزو هەڵکەوتوو نەبووە تا نیرینەی کورد ئاوازە لیلانە قەبوڵ بکات مێینە بەخوای جوانی یا سەرچاوەی داهینان و فەروشکۆ ناودیر بکریت!!"

دیارە ئەم قسەیە کەسیک دەیکا کە میژوو تەنیا بەو ساتە وەختە بزانێ کە تییدا دەژین و لە هەموو پیشینەو پاشینەیەکی داببڕێ و ئاوەر ووتی بکاو بەم لەحزەیەی ئیستای ئیستەی بسپیری و بە تۆبزی خۆی لە قۆناغی داک سەروەری ببویری. دەنا میژووی کورد دەیان کویخا سیوی و کویخا نیرگزو حەپسەخان و قەدەم خیرو عادیلە خاتوونی بە شانازییەوە گرتوەتە خۆ – لای ئیمە ئیستاش منداڵیک کە بە ساوایی بابی دەمرێ، بە نیوی دایکییەوە گاز دەکرێ، واتە دایکەکە دەبێ بە جیکرو هاوتای باب، ئەمە جگە لەوەی دەیان کەڵە میردو بویرو رەشیدو عگیدی کوردی وەکو خولە پیزەو حەجی فاتک.. بە نیوی داکیانەوە نیو بانگیان رۆیشتووەو شانازیان پیوە کردووە. هەڵبەتە کوریش هەن بۆ سووکایەتی و، ئیهانە بە نیوی دایکەوە گاز دەکرین و ئەمەشیان زادەی قۆناغیکی تری میژووە. خو فۆلکلۆری کوردی پڕە لە داستان و حیکایەتی جوان و مەزنایەتی وشکوی ئافرەت و هاوشانیان لەگەڵ پیاواندا دەردەخا. خۆ هەمووش دەزانین ئافرەتی ئەوروپا تا ئیستاش کە شوو دەکەن لەقەبی میرد هەڵدەگرن، بەڵام کێ ئەمەی لە کوردەواریدا بیستووە؟!

کە شۆڕش دەڵێ: "بەڵکو بە پیی واقیعی کۆمەڵایەتی کورد هەمیشە بە مرۆڤی بێ تواناو ناشایستەو پلە دوو سەیر کراوە.." کام واقیع ؟! باسی چ قۆناغیک دەکا! ئەدی هەر کورد تا ئەم ساتەوەختەش ناڵین: "شێر لەلان دەرچوو چ نێرو چ مێ" باشە پەند هەڵقولاوی واقیعی کوردەواری نییە؟!

مایەی سەرنجە ئەو برادەرە بەوە قایل نییە ووشەی ئافرەت پیش ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردەواریدا هەبووبێ، چونکە ئەوەتا بەڕاشکاوی دەڵێ: "خۆ ئەگەر هەندیک کەس بیانوویان ئەوە بیت کە سەرەتای بەکارهینانی ئەم ووشەیە دەگەڕیتەوە بۆ پیش پەیدابوونی ئیسلام ئەوا دەبوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە ناو کوردا و بە پیی کاریگەرییە روحیەکەی، ئەم ووشەیەش وەک تەواوی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ژیان و ژیارو کەلتووری کوردا هاتووە، بگۆڕابوایەوە لەگەڵ.."

ئەم دەبوازەقە بۆ؟ چما سەدان ووشەمان نییە لە جیی خۆدا مابن و زمانی

عەرەبی جیی پێ لیژنەکردبن! و تەنانەت نەیتوانیوە سووکە گۆڕانیشیان بەسەر بینێ!! خۆ بەو پیودانگە بێ دەبوایە زمانەکەمان لە بنەوە هەڵبتەکێ و ئاداری بەسەر پا داری‌یەوە نەمینێ.. زمان شتیکی زیندوو، وەکو هەر بوونەوەریکی زندوو مقاوەمە دەکاو بە سڕینەوە قاییل نابێ. خۆ بە حیساباتی ووردو زانستیانەو میژووییانەی ئەو برایە بێ دەبێ تایفە ئایینییە کوردییە غەیرە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆی کوردستان نەمابان، یا ئەگەر مەسەلەی بن دەستی و داگیر کراوی بیتەگۆڕێ ئەوا دەبوا زمانی عەرەبی ئەمڕۆکە نیواو نیو ووشەی تورکی بێ، نەک بە پیچەوانەوە!

ئەو برادەرە هەر بەو نەفەسەی سەرێ را دێ و دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە دەڵێ: "منیش لەگەڵ ئەو برایە دام کە دەڵێ ئافرەت لە عەورەتی عەرەبییەوە هاتووەو زۆریش یەکانگیرە..." هەڵبەتە ئەم ئەنجامگیرییە بە حیساباتی کاک شۆڕش زادەی بەڵگەو پشتیوانی زانستی و میژووییە، ئەدی ئەوە نییە بارە میژووییەکەی چەند زانستانەو بنج بڕانە شیتەڵ کردۆتەوە!

لە ئەنجامگیرییەکەوە ئەوە بە دیار دەکەوێ کە دەبێ ووشەی ئافرەت وەدەربنرێ و ژن پڕ بە پیستی هەموو رەگەزی میینەیەوە چ رەگوڕیشەیەکی ناچیتەوە سەر ووشەیەکی نا جورو دزیوی ناشایستەی وەکو (عەورەتی) عەرەبی، گریمان ئەمە راستە، خۆ ئەو دەمە دەبێ هەموو ووشەکانی: کیژ، کچ، دویت، کەنیشک، کناچەو، یایەو ئایە.. هتد لە زمانەکەمان وەدەرنەین و چ پیویستییەکمان پییان نییە، چونکە زیادن و ئیمپراتۆرە ووشەی ژن جیی هەموویان پڕ بکاتەوە!

عەجەمانیش بچن هەموو ووشەکانی (دختر، دوشیزە، خانم، بانو، کدبانو..) لە زمانەکەیان وەدەرنین و لە سایەی ئیمپراتۆرە ووشەی "زن" دابێ خەموو خەیاڵ پاڵ بدەنەوە!

کاک شۆڕش کە باسی مشتومڕی نیوان هەوادارانی هەر دوو ووشەی ئافرەت و ژن دەکا، لە خوینەر وایە وەکو بەرەڤانیک دیتە پیشێ کەچی بۆ خۆی تووشی داوی هەواداری بووە. هەڵبەتە من وەکو لە نووسینەکەشم دا دیارە چ هەوادارییەکم لەم یا لەو ووشەیەیان نەکردووە، دەنا هەوادارانی ئافرەتیش کە شۆڕش بە بەڵگەی زانستی و میژووییەوە بردویەتییەوە سەر عەورەت (!)

دەتوانن بە هەمان نەفەسی بەڵگە زانستی و میژووییەکانی ئەو، هەر دوو



ووشەی (ژن و زن)ی کوردی و فارسی بەرنەوە سەر ووشەی نا جوروکریتی (زنی و یزنی، ازن، زنا)ی عەرەبی کە ئەمە وەکو بۆچوونەکەی شۆڕش لە قوتوی هیچ عەتاریک دا جیی نابیتەوە.

هەموو زمانیک پڕە لە ووشەی بێ داک و باب و چ بنج و بناوانیکی زانستانەیان نییە، بەڵام بوون بە موڵکی ئەو زمانەو گەل قبوڵی کردووەو وەدەرنانریت، ئەو بابەتە ووشانەش نەزمانیان پێ عەیبدار دەبێ و نەزیان بە پەزان دەگەیەنن.

بۆیە هەردوو ووشەی ئافرەت و ژن سەرچاوەکەیان هەرچی‌یەک بێ و گەر لە بنەڕەتیشدا کوردی نەبن و رەگیان بچیتەوە سەر بنەمای دزیویش، تازەبوون بە موڵکی زمانی کوردی و بە تەواوی کوردینراون و بۆ رەگەزی میینە دوو چەمکی جیاواز دەگەیەنن.

ئافرەت سەر لەبەری میینە دەگریتەوەو بە واتای سەرچاوەی فەروشکۆیە (ژن) تەنیا ئەو ئافرەتانە دەگریتەوە کە شویان کردووە. بۆ نموونە هیچ کوردیک بە ئافرەتی میرد مردوو ناڵێ بیوە ئافرەت، بەڵکو دەڵێ، بیوەژن، خۆ مەحاڵیشە بە کچ بگوترێ بیوە ژن، بەڵام زۆر ئاسایی پیی دەگوترێ ئافرەت، کەواتە هەموو رەگەزی میینە لە ژیر خیوەتی ووشەی ئافرەت دا دەگیرسیتەوە، بەڵام خیوەتی ژن تەنیا بە شووانی تیدا جێ دەبیتەوە.

شۆڕش بەوە قاییل نابێ چ جۆرە پیوەندییەک لە نیوان ئافریتەنی پەهلەوی کە بە واتای داهینان، و ئافرەتی کوردیدا هەبێ، چونکە بە بۆچوونە زانستی و میژووییەکەی ئەو لیکدی بیگانەن. دیارە غافلە لەوەی کە زۆربەی میژوو زانانی بە نیو بانگ پییان وایە کورد ئەمڕۆ نەوەی مادەکانن، مینورسکی دەڵێ: "گەر کورد نەوەی ماد نەبن ئەدی نەتەوەیەکی وا کۆن و بە دەسەڵات چی بەسەر هات، ئەو هەموو هۆزو تیرە کوردانە کە بە یەک زمانی ئیرانی و جیا لە زمانە ئیرانی‌یەکانی دی دەئاخڤن لە کویندەرەوە پەیدا بوون؟"

هەڵبەتە زمان دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی‌یەو لە یاسای کارتیکردن و کارلیکردن بە دەر نییە، زمانی مادیش لەم یاسایە بە دەر نەبووە، هەم کاری تیکراوە هەم کاری کردۆتە سەر هەموو ئەو زمانانەی لەو سەروبەندەدا زمانی رەسمی و دەسەڵات بوونە بەتایبەتی زمانی پەهلەوی ئەشکانی کە (بەڕای زانایانی زمان دەگەڵ زمانی ماددی لە دەستەی زمانی روژاوای باکووری خیزانە زمانی ئیرانی حسیب دەکرێ، لەوانی دیکە زیاتر کاری

کردووەتە سەر زمانی ماددی و شوینەواری ئەم کارتیکردنە، ئیمڕۆ لە لەهجەی جنوبی زمانی کوردی دا دەبیندریٚ (زەبیحی قاموسی زمانی کوردی ل ٣٤).

کەواتە وەکو چۆن عەجەمان بۆیان هەیە بۆ ساغ کردنەوەی زۆر ووشەی فارسی پەنابەرنە بەر پەهلەوی، ئەوا کوردیش هەمان هەقیان هەیەو بگرە بە زیاتریشەوە، بۆیە من چ خەتایەکم نەکردووەو لە بەڵگەی زانستی و میژوویی دوور نەکەوتوومەتەوە کە هاتووم ئافریتەنی پەهلەوی و ئافرەتی کوردیم لە رووی لیکچوونی مەعناوە بە بالاّی یەکدی گرتووە نەک لە رووی ویکچوونی هەندیٚ پیتەوە وەکو شۆڕش دەڵیٚ. زمانی کوردی و پەهلەویش بە یەکدی بیگانە نین!

شۆڕش دەڵیٚ: "هەروەها ئەگەر ئافرەت لە ئافرودیتی یۆنانییەوە هاتبیٚ ئەوا دەبوو بەر لەهەمووان کوردەکانی باکوور بەکاریان بهینایە، کەچی تاکە یەک کوردیش ئەم ووشەیە بەکار ناهینیٚ".

پیشتر ئاماژەم بۆ ئەو کرد کە ئەو برادەرە میژووی تەواو ئاوەرووت کردووەو بەلەحزەی ئیستای سپاردووە، هەر بۆیەش ئەو قسەیەی سەرەوەی کردووە کە گوایە یۆنان و تورکیا لیکدی نزیکن و دەبوا کوردی کوردستانی باکوور ووشەی ئافرەتیان بەکار هینابا نەک ئیمەی خەڵکی کوردستانی باشوور!!

دەنا هەموو دەزانین کە ماکی- شیوەزاری جنوبی کوردی مادییەو لە سەردەمی هەخامەنشییەکان و پارسی کۆن و ئەشکانی و ساسانی دا زمانی پەهلەوی و پارسی ناوەندی کاریکی زۆریان تیکردووە، گومانیش لەوە دانییە، زمانی کوردی نەوەی زمانی مادییە، خۆ کەسیش لاری لەوە نییە دەوری دەسەلاّتی: "ئەسکەندەرو جەنەڕاڵەکانی لەسەر خاکی هەخامەنشی و کوردستانیش ناتوانیٚ لە باری زمانەوە کاریگەر نەبووبیٚ.." زەبیحی قاموسی زمانی کوردی ل ٥١"

جا بەم پییە هیچ دوور نییە ووشەی ئافرودیتی یۆنانی- کە مەرج نییە ئەمڕۆ یۆنانییەکان بەکار بهینن- لەو سەروبەندە-دا لە زمانی پاتشایان و دەربارەی ئەشکانیانەوە کە شوینی یۆنانیەیەکانیان گرتووەتەوە، پەڕی بیتە نیو زمانی ماددی و کوردییەوە، بۆیە گەر من سووکە بە بالاّگرتنیکی هەر دوو ووشەی ئافرودیتی یۆنانی و ئافرەتی کوردیم بۆ پشتیوانی بۆچوونەکەی خۆم کردبیٚ پیم وانییە لە بەڵگەی زانستی و میژوویی!! دوور کەوتبمەوە، بەڵکو گەر نەشم پیکابیٚ ئەوا هەندیٚ نزیک بوومەتەوە.

مایەی سەرنجە ئەو برادەرە دەڵیٚ: "لە زمانی فارسیدا ووشەی ژن بۆ رەگەزی مێینە بەکاردەهینریت چ شووی کردبیت یان بیٚ شوو بیت وەلەبەر ئەوەی زمانی کوردی و فارسی سەر بە خیزانی زمانە هیندو ئەورووپاییەکانن زۆر ئاساییە کە ووشەی هاوبەش و ویک چوویان هەبیت.."

من هەرگیز لاریم لەم قسەیە نییە. بەلاّم کاک شۆڕش عمر وەکو ئەمە بۆ خۆی بەرەوا دەزانیٚ بۆچی گلەیی لە من دەکاو پەهلەوی و کوردی بە دوو زمانی بیگانە لیکدی دەزانی! لە کاتیک دا پەهلەوی سەرچاوەیەکە بۆ هەردوو زمانەکە!!

جاریکی دی دەیلیٚمەوە، چەواشەکردن و سەر لیٚ شیواندن لە مەزەبی مندا نییە. هەر دوو ووشەی ئافرەت و ژن کوردین، ئەویان بۆ سەر لەبەری رەگەزی مێینەیە، ئەمیان تەنیا بۆ رەگەزی شووکردووە، هەرگیز ناگوتریٚ بیوە ئافرەت، بەڵکو دەگوتریٚ بیوەژن و مەحاڵیشە کەس بتوانیٚ بە کیژیک بڵیٚ بیوە ژن، بەلاّم زۆر ئاساییە کە پیی دەگوتریٚ ئافرەت.

# حەوتەوانە

«١»

زمان، یەکیکە لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرچی شارستانیەت و مەدەنیەت و دەسکەوتی مرۆڤایەتی هەیە قەرزاریاری زمانن. چونکە زمان و بیرو بیرکردنەوە، دوو رووی یەک دراون و هەرگیز لیکدی جودا ناکرینەوەو هەر کە جیاکرانەوە ئیدی بایەخ و کاریگەری خۆیان لە دەست دەدەن. ئەو دراوە دەبێ بە پارچە دراویکی قەڵب و لەهیچ بازاڕیک دا ناچیت..

ئەگەر رۆڵەی میللەت و نەتەوەی پێ گەیشتوو تیگەیشتوو بیتە سەر حازرەکی و لە نیو زمانی دەوڵەمەندو خزمەتکراو و گەشەکردوودا چاو بکاتەوەو باب و باپیرانی، لە نوسەرو ئەدیب و شاعیرو هزرڤان و زمانەوان و فەیلەسوفان، ریگەیان بۆ تەخت کردبێ و کۆسپە سەرەکییەکانیان لابردبێ، کەرەستەی تەواوی دەربڕین و گوزارشتکردنیان بۆ فەراهەم کردبێ و تەنیا ئەوەی لەسەر بێ ئاڵاکەی دەستی ئەوان هەڵگرێ بە پیی واقیعی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وەخت، بەشداری خۆی وەکو نوینەری قۆناغ و رۆژگارو سەردەمی خۆی لە میژوودا تۆمار بکات، ئەوا بۆ رۆڵەی نەتەوەی بێ خودان و پێ نەگەیشتوو و سانسۆر زەدەو زمان لێ قەدەغەکراوی بێ دەوڵەتی وەکو کورد، کادرانی هەموو بوارانی نووسین، ئەرکی بەشداری کردن لە بونیادنانی زمانەکەشیان دەستۆ دەکەویت. ئەمەش گەر نەخریتە چوارچیوەی جۆرە بەرنامەدارییەکەوە، ئەوا چەشنە پاشاگەردانییەکی زمانەوانی لیدەکەویتەوە، بەتایبەتی لەرووی زاراوە سازییەوە، کە رەنگە کەسمان دەفتەری کەسمان نەخوینینەوە، بە ناشوکری نەبێ کۆڕیکی زانیاری بە دەسەڵاتی یاسا لە پشت-ش نییە کە بەلای کەمەوە زاراوەکان یەک بخات و «ئیستا لەو رووەوە هەوڵیکی دڵسۆزانە هەیەو ئومیدم وایە ئەو کۆڕە بە زووترین کات بکەویتە سەر پییان و بە کارەکانی خۆیدا رابگات.».. نووسەرو هزرڤانیش کە دەست بۆ نووسین دەبات، بەبێ زمان هیچی پیناکرێ و ناچارە ئەو وشەو زاراوەو چەمکانە دابتاشیت کە بۆ نووسینەکەی پیویستی پییانە. بیگومان زمانی کوردی ئەمڕۆکە بە قۆناغیکی وەهادا تیدەپەڕێ و لەهەموو کاتێ پتر پیویستی بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی هەموو کادرانی بواری نووسینە، چونکە بەراستی لە



قۆناغی دروست بوونی تەواوەتی دایە..

«٢»

جا چ بکرێ تا ببین بە خودانی زمانی ستانداری یەکگرتووی خویندن و نووسین؟! رەنگە زۆر بیروبۆچوونی جیاواز هەبن، بەڵام بەرای من پیویستە لە ڕای ئەمەدا پشتیوانی لە دام و دەزگای رۆشنبیری و چاپەمەنی و دامەزراندنی چاپخانانی مەدەنی و رەسمی بکرێ و هانبدرین، نرخی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان، بەتایبەتی هی دام و دەزگا رۆشنبیرییە رەسمییەکان زۆر هەرزان بکرێ. لەو وەزارەتخانانەی کە پەیوەندییان بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانەوە هەیە، لیژنەی تایبەتی زمان هەبێ بۆ بژارکردنی زمانەکەو یەکخستنی زاراوەکان.. ئەهلی نووسین خوو بدەنە بەکارهینانی ئەو ووشەو زاراوەو چەمکانەی کە لە تیگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری رۆڵەکانی کوردستانی گەورەوە نزیکن و بەمەش بازنەی جەماوەری خۆینەریان زیاد دەکات و نیووشۆرەتیان پتر دەڕوات و بیانەوێ و نەیانەوێ لە رووی زمانەوە ئەرکیکی نەتەوەیی گرینگ ئەنجامدەدەن. کتیبە دەرسییەکانی خویندنی قوتابخانەکان؛ پیویستە لە روحی کوردەوە نزیک بێ و بە زمانیک بنوسرین کە بۆ خەڵکی سەرتاسەری کوردستانی گەورە دەست بدات.. دانان و نوسینی فەرهەنگ و قاموسانی جۆراوجۆر هانبدرێ و خوینەوارو رۆشنبیری کورد سوودیان لیوەربگرێ.

بەمجۆرە زمانی کوردی دەبێ بە زمانی بژیوی و نان پەیداکردن و کارو کاسبی و هەموو بوارە رۆشنبیری و زانستی و هونەرییەکان و بەرەبەرە شیوەزارەکان لاواز دەبن و دەڕژینە نیو زمانی ستانداردەوە و قەوارەیەکی زمانەوانی- یەکگرتوو و یەکخەرمان بۆ دروست دەبێ، کە خۆی لە خۆیدا بایەخیکی یەکجار گەورەی هەیە و زەمینە بۆ قەوارەی سیاسیش خۆش دەکات.. دیارە نابێ لیرەدا یەکخستنی ئەلفو بیی نووسینیش فەرامۆش بکەین، هەڵبەتە بە پیی توانا.

«٣»

مرۆڤ وەختێ دیتە ناو زانستە تازەو هاوچەرخەکانەوە، هەنگینێ پێ دەحەسیت، کە زمانی کوردی لە رووی زاراوەی زانستی و تەنانەت هونەری و ئەدەبی و سیاسییەوە چەند هەژارە!.. دەوڵەمەندی و هەژاری زمان بەوەدا دەردەکەوێ کە تا چ ئەندازەیەک زمانی بەخششە، بەخشش لە هەموو روویەکی زانستی و ئەدەبی و هونەری و شارستانی و رۆشنبیرییەوە تا چ

ئەندازەیەک وەڵامدانەوەی پرسیارو پیداویستی‌یە روحی و ماددی‌یەکانمانی پێ‌یەو تا چەند توانای گوزارشتکردنی هەیە لەو ماناو مەبەست و کەڵکەڵەو ئارەزوو و چەمکانەی بە هزرو بیرو هۆش و ویژدانماندا دین و دەچن. گومان لەوەدانییە زمانی کوردی لەم رووەوە لە گروگاڵدایەو بە ئاشکرا هەژاری و کەم خوینی پیوە دیارەو ئەمەش زۆر هۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و میژوویی هەیە.

«٤»

پێ ناچیت ئەم زمانە رۆژیک لە رۆژان زمانی بەخششی زانستی و فیکری، بەمانای تەواوی بەخشش، بووبێ.. هەڵبەتە داگیرکەرو ناحەزانی کوردیش هەستیان بە گرینگی رۆڵی زمان کردووەو پەیان بەوە بردووە کە میللەتان تەنیا لە ریگەی زمانەوە دەکەونە سەر راستە ریگەی بیرکردنەوەو بە زمان بیری خۆیان تۆمار دەکەن و هەر میللەتیکیش گەییە ئەم ئاستە ئیدی کۆیلاندن و چەوساندنەوەو داگیرکردنی ئەگەر مەحاڵ نەبێ، ئەوا زۆر زەحمەت دەبیت.. ئەگەر زمانی کوردی رۆژیک لە رۆژان زمانی بەخششی زانستی و هونەری بوایە، بیگومان وەکو چۆن دەیان کورد بە زمانی غەیرە بەرهەمی فیکری و هونەری و زانستییان بەرهەم هیناوە، ئەوا بیگانانیکیش پەیدا دەبوون کە ئارەزوومەندانە فیری زمانی کوردی بوایەن و بەرهەمیان پێ تۆمار بکردایەو بنووسیایە. ئەگەر زمانی بەخشش بوایە، زانستگە گەورەکانی دنیا بە مەمنونییەوە دەیانکرد بە زمانی خویندن و کەناڵیک بۆ تیگەیشتن لەو زانست و هونەرەی کە بەم زمانەوە بەرهەم هاتووە. دەیان زاراوەی دەبوون بە زاراوەی جیهانی و میللەتانی جیهان بەکاریان دەهینان وەکو چۆن ئیمە ئیستا ئەوە دەکەین و دەیان نیوداری دنیای چالاکی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبیمان بە زمانانی غەیرە هەن..

«٥»

بەڵام بەم حاڵەشەوە، ئەو کارو بەرهەمە کەمانەی لە بواری چالاکی رۆشنبیریدا هەمانن، خۆیان لەخۆیاندا، نیشانەی زندویتی ئەم زمانەن و ئەوە دەسەلمینن کە ئەم زمانە تەژی توانای شاراوەو پەنامەکییە و چاوەڕوانی ئەوەیە لەلایەن زاناو داناو ئەدیب و هونەرمەندانەوە بتەقینریتەوەو بخریتە سەر راستە ریگەی گەشەکردن و پەرەسەندن، تا لەگەڵ پیداویستییەکانی رۆژگاری ئەمرۆدا خۆی بسازینێ.. و روو بکاتە هەموو مەیدانەکانی چالاکیە زانستی و هونەری و رۆشنبیرییەکان و لە هەر بواریک دا پسپۆری



تایبەتی هەڵبکەون و پیداویستییە زمانییەکانی خۆیان دابین بکەن و ئەو زاراوانە بدۆزنەوەو دابهینن کە پیداویستییەکانیان دابین دەکات، بەڵام دەبێ ئەم کارە بە بەرنامەی تایبەتی ئاراستە بکرێ و لە پاشاگەردانی دوور بخریتەوەو بەرپرسیاریتی ئەمەش دەکەویتە ئەستۆی دەزگا رۆشنبیری و زانستییە پەیوەنددارەکان..

«٦»

.. هەڵبەتە ئەم چەشنە پاشاگەردانییەش تارادەیەک ئاساییەو جیگەی ئەو ترس و نیگەرانییە گەورەیە نییە کە لە مالیجەکرن نەیات، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ رۆژگار داوەریکی گەورەیەو ئەم زاراوانە لە بیژنگ دەدات و تەتەڵەی دەکات و ئەوەی هەوینی ژیان و مانی تیدابێ، دەمینێ و جیگیر دەبیت و پیچەوانەش پیچەوانەیە... بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئیمە پشتی لێ بکەینەوەو چاوەڕوان بین رۆژگار خۆبەخۆ ئەمە بۆ ئیمە بکات، بەڵکو بە پیچەوانەوە تازووتر بکەوینە خۆ و، هەوڵو کۆششمان زووتر یەک بخەین، هیشتا بۆ ئیمەی قرەی میللەتانی دنیا درەنگە.

«٧»

بە هەر حاڵ ووشەی زمان لە هەموو کات و قۆناغیکدا لەوە کەمترە کە پیداویستییەکانی دەربڕینی بیروبیرکردنەوەی مرۆڤ دابین بکات؛ بۆیە زمان چەند ئاوس بێ بە ووشەو زاراوەو لە زاوزیی بەردەوامیش دا بێ، هەر ناتوانێ هەموو واتاو چەمکە حسی و ئەقڵییەکانی مرۆڤ بگریتە خۆ، بۆیە بە ناچاری دەبێ پەنا وەبەر وەرگرتن و داتاشینی ووشەو چەمک و زاراوان ببرێ و ئەم کارەش دەبێ بە بەرنامەو بەجۆریک کە لەگەڵ تەبیعەتی خودی زمانەکەدا بگونجیت و دەوڵەمەندی بکات و بەهەر سێ باری پانی و دریژی و قوڵی دا ریشاژۆی بکات و بەمەش کەمتر پەنا وەبەر بەکارهینانی ووشەو زاراوەی زمانانی بیگانە دەبەین، کە ئەگەر بە وریایی نەکرێ، زمانەکەمان دەشیوینێ، بەتایبەتی کە زمانی ئیمە تاکو ئەو زمانی بەخششی زانستی و هونەری گەورە نییە.. هەڵبەتە ووشە داتاشین تا کورت و ریتمدار بێ، ماناو مەبەستەکەی بنجبڕ یەک مانا بێ، زووترو ئاسانتر دەکەویتە ناو ناوان و سەرزاران و دنیای نووسین.

دەبێ ئەو راستییەش بگوترێ کەناکرێ بە تەواوی رێ لە ووشەو زاراوەی غەیرە بگیرێ، چونکە تا پەیوەندی هەبێ، ئەم دیاردەیەش دەبێ و ئەمەش بەندە بە جۆرو چۆنیەتی و چەندیتی ئەو پەیوەندی‌یە بازرگانی و دەسەلاتە

زانستی و داگیرکارییە سیاسییانەوە کە لە نێو خاوەنانی دوو زمان یان چەند زمانێکدا هەن.
بەهەر حاڵ لەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەرکی سەرشانی ئەهلی قەڵەم و هونەرو زانست، بەتایبەتی ئەوانەی کە راستەوخۆ سەروساختیان لەگەڵ زماندایە، ئەرکێکی یەکجار قورس و گەورەیە. بیانەوێ و نەیانەوێ ئەو زمانەی پێی دەنووسن، تا دەوڵەمەندترو زیندووتر بێ، مەودای برکردنی بەرهەمەکانیان پتر دەکات و بەهەر زمانێک بنووسن، راستەوخۆ بەر لە هەر کەسێکی دی، خەڵکانی سەر بەو زمانە دەدوێنن، جا لەم پێودانگەوە ئەهلی نووسین بەر لە خەڵکی دی هەست بە پێداویستی زمانێکی یەکگرتووی یەکخەری نەتەوەیی دەکەن و پەی بە زەرەرو زیانی ناوچەگەریتی دەبەن.. بۆیە لەم رووەوەو لە چوارچێوەی پرۆسەی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی یەکخەردا، لە هەموو کەسێک نەتەوەیی ترن و لەسەریانە هەموو بەهرەو تواناکانیان بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد وەگەڕ بخەن..

**ژێدەر:**
**في اللغة والادب وعلاقاتهما بالقومية**
**ابو خلدون ساطع الحصري**

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (٢٠٧)**
**١٩٩٩/١/٢**



# هونەراندنی زمان

**«١»**

رەنگە زۆر کەس پێیان وابێ شانۆنامە، بەتایبەتی لە قۆناغی پێش نمایشکردنیدا، بریتی بێ لە مامەڵەکردن دەگەڵ ووشەدا، یان بریتی بێ لە هونەراندنی ووشەو پاشان زمان.. لێ ویڕای ئەمەش راستییەک هەیە، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆو شانۆ نووسیدا، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هونەراندنی ووشەش بووبێ، تەنێ لەڕای هونەردا نەبووە. واتە رەگەزەکانی وەک هونەری زمان، یان سەما، یان گۆرانی، یان ریتم و ئاهەنگ و مۆسیقا، بەتەنێ بوونیان نییە. چونکە شانۆ بە هەموو ئەو رەگەزانەوە دەبیت بە شانۆو هیچ یەکێک لەو رەگەزانە بوونی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو هەموویان لە ژێر خێوەتی شانۆدا کۆ دەبنەوە، کە بۆخۆی کاریکی هونەری یەکگرتووی یەکپارچەیەو هەموو هونەرەکان دەگریتەخۆی.

**«٢»**

بەهەرحاڵ، گەرچی زمان بنەمای شانۆش بێ، واتە نووسەری شانۆ، وەکو ئەدیب زمان بەرهەم بهێنێ و زمان بەرهەمی شانۆنامەنووس بێ، لێ ئەمە بەومانایە نییە کە زمان شتێک بێت تەنیاو مجەڕەدو دابڕاو لە هۆیەکانی دروستبوونی. بۆیە وەختێ نووسەری شانۆ زمان بەرهەم دینێ، مامەڵە دەگەڵ ئەو کەرەستەو شتانەدا دەکات کە زمان دروست دەکەن، مامەڵە دەگەڵ بیروهزردا دەکات مامەڵە دەگەڵ رووداو و دیمەناندا دەکات، واتە مامەڵە لەگەڵ زماندا وەکو خودی زمان و خودیکی دابڕاو و سەربەخۆ ناکات.
پێم وایە شانۆ، هۆیەکی راستەوخۆ بووە بۆ دواندنی جەماوەری خەڵک و هەر ئەمەش وای خواستووە، مامەڵەیەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ زماندا بکات و..

**«٣»**

دیارە شان بەشانی رەگەزەکانی تری شانۆنامە، ووشە وەکو رەگەزێکی هاوپەیوەست لەگەڵ رەگەزو توخمەکانی دیدا دەشێت بە بەدەن و جەستەی شانۆ دابڕێ.
گوتمان شانۆو دراما، پتر بۆ دیتنە تا بۆ خوێندنەوە.. بۆیە دەبێ زمانی هەرە تایبەتی خۆی هەبێ و لەچڕی و پڕی و ماناو چەمک و توانای

گوزارشت دا هاوئاهەنگییەکی تەواوی دەگەڵ رەگەزو توخمەکانی تری شانۆدا هەبێ و بەهەموویان یەکەیەکی هونەری یەکپارچە پیک بهینن. بەتایبەتیتی بۆ تراژیدی کە بە پیی تیرِوانینی ئەرستۆ، لاسایی کارە جدییەکانی زننەگییەو ئامانجی ئەوەیە «بەزەیی و ترس» لەناخی بینەردا بهارِوژینێ و بەوەش دەروونی پاک بکاتەوەو بەرەو کەماڵی مرۆڤانی ببات.
بۆیە گەورەترین خراپەیەک کە لەگەڵ نووسەری شانۆنامەدا بکرێ، ئەوەیە کە ووشە یان دیرِ لە دەقەکەی لا ببرێ.

«٤»

بیر، یەکیکە لە بنەماکانی شانۆنامە، ئەمەش لەسەر زمانی کاراکتەرەکان دیتە دەربرِین یان شتیکە لە رەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانەوە بە دیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبیت... هەروەها بەیان و گوزارشت. ئەمەش بریتییە لە سوود وەرگرتنی کاریگەرو روون لە ووشە. ووشەش بنەمای زمانە.
گوتمان شانۆنامە پتر بۆ جەماوەری شانۆ دەنوسریت تا بۆ خوینەر.. بۆیە دەبێ هاوسەنگی یەکی تەواو لە نیوان ووشەو زمان وەکو رەگەزو توخمیکی شانۆنامەو رەگەزو توخمەکانی دیکەی شانۆنامەی وەک هەڵسوکەوت و رەفتارو سەماو نواندن و مۆسیقاو ریتم دا هەبێ. هەر کاتیک زمان بەسەر رەگەزەکانی دیدا زاڵ ببێ، ئیدی ئەو دەقە شانۆییە، لە شانۆیەتی دەکەویت و بەکەڵکی نمایش کردن نامینێ، واتا شانۆنامە لە شانۆ دابرِدرێ، ئیدی یەکپارچەیی هونەری خۆی وەکو هونەری شانۆنامە دەدۆرِینێ.

«٥»

شانۆ وەکو ژانریکی ئەدەبی، پشت بە زمان دەبەستیت. دیارە کاراکتەری هەمەجۆر لە شانۆنامەدا هەن، هەر کەسەش وەکو چۆن بیر دەکاتەوە ئاوها قسان دەکات.. واتە مامەڵەکردنی شانۆنامەنووس لەگەڵ زماندا یەکجار قورسە، چونکە زمانی هەر کەسە، رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هزرو بیرو بیرکردنەوەو حاڵەتە دەروونییە ئاڵۆزەکانی خاوەنەکەیەتی.
هەڵبەتە یەکیک لە هیزە کاریگەرەکانی شانۆ زمانە، ئەمەش بەو واتاو مانایەیە کە دەبێ زمان لە چەوساندنەوەی شانۆ دەرباز بکرێ واتا نابێ شانۆ دەقەکە- وەکو زمان- بچەوسینیتەوەو زمان لە کۆیلایەتی شانۆ رزگار بکرێ و جۆرە زمانیکی زیندووی ئاویتە لە بزاڤ و بیرۆکە دابهینرێ. مەبەست لەم زمانە ئەوەیە کە سنوری تەسکی ووشە ببەزینێ و ئەودیوی زمانمان بۆ کەشف بکات و هەستەکان بهارِوژینێ و بەمجۆرە زمانی



دەنگەکان و زمانی شتە بینراوەکان و زمانی رەفتارو هەڵویست و ئاماژەکان وەکو جۆگەلە لە هەموو لایەکەوە دین و یەکانگیر دەبن و باخی دەقیکی هونەری ئاو دەدەن کە پیی دەگوترێ دەقی شانۆیی و هەر بەمەش زمان، توانای خولّقاندنی هاوکیشەیەکی سەیر لە نیوان مرۆڤ و کۆمەڵ و سروشت و شتەکاندا، لەلاپەیدا دەبیت. هەنگینێ زمانە حەقیقییە رووتەکە جۆرە شاعیرییەت و سیحرییەتیکی هونەریانەی ئەوتۆ وەردەگرێ کە بە بەرۆکی هەستەکانی مرۆڤەوە دەنووسیت و لیی نابیتەوەو روحی تازە دەکاتەوەو شادییەکی ئەستاتیکی پێ دەبەخشیت..

«٦»

ئیدی کە باسی زمانی شانۆ دەکەین، مەسەلەکە ئەوە نییە زمانی ئاخافتن جلّەو بکەین، بیخەسینین، بەڵکو دەبێ ووشە لەناو رستەدا هەمان بایەخ وەربگرێ کە لە خەون و زەندەخەون خەیاڵ و ناسکەخەیاڵ و خەیاڵی کیویدا هەیەتی، واتە خەون و خەیاڵیکی جادوویی واقیعی بەچەمک و ماناو ئەو دیوی ووشە بدریت. یانی زمان تەنیا ئەو زار بێ بۆ گوزارشت کردن لەو چەمکانەی باسمان کردن. هەڵبەتە ئەم زمانە زندووەش بە کەرەستەو ئەوزاری تازە تۆمار دەکریت، ئیدی ئەو کەرەستانە مۆسیقابێ، جفرەو رەمز بێ و..
دیارە تیکچرژانی وینەو دیمەن و بزاڤ و هەڵسوکەوت و رەفتارەکان، یان لە میانی پیکدادانی شتەکان و خامۆشی و هاوارو ریتمەکاندا دەگاتە لوتکە، یان لە زمانیکی ماددی رەسەنی جفرە ئامیزدا یەکانگیر دەبن نەک لە زمانی ووشەدا.

«٧»

هەموو جەماوەریکی میللی هەمیشە حەز لە ووشەو زاراوەو دەستەواژەو وینەو دیمەنی راستەوخۆ دەکات.. هەر بۆیەش ووشەو دەربرِینی روون و ئاشکرا بە ناچاری دەبێ خۆی بە نیو هەموو بەشەکانی کاری شانۆیی دا بکات و لەگەڵ کار، دیمەن و دەنگەکاندا ئاویتە ببێ و..

# زمانی کوردی

زمان یەکیکە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی یەکخستن و پیکەوە گریدانی ئەندامانی کۆمەڵگەو لە ئەنجامی ئەمەوە یەکەیەکی کۆمەلایەتی دیتە ئاراوە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمان بنەمایەکی گرنگی کۆمەلایەتییە.. کە ئەمە بایەخی زمان بێ لەپیکهاتی بونیادی کۆمەلایەتیدا، مانای وایە بایەخ دان بە زمان- بەتایبەتی بۆ میللەتی بن دەست- نەک هەر ئەرکیکی ئاساییە، بەڵکو دەچیتە خانەی خەباتی هەرە جیدییەوەو فەرامۆش کردنی یەکجار خەتەرە.

هەر میللەتیک زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەبێ بەتایبەتی کە بندەست و بێ دەوڵەتی سیاسی بێ، ئەوا یەکیک لە فاکتەرە هەرە بایەخدارەکانی مقاوەمەت و بەرگری کردن لەخۆ، لە دەست دەدات و ئەگەری پارچەپارچەکردن و بە چەند نەتەوەکردنی زۆر زیاد دەبێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە قەوارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بە ئەندازەی قەوارەی سیاسی گرنگە و هەندێ جار گرینگتریش. واتە نەبوونی قەوارەی سیاسی، رەنگە هەندێ جار ئاسایی بێ، بەلام نەبوونی قەوارەیەکی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ئاسایی نییە. بۆ نموونە نەتەوەی عەرەب لە ئەنجامی پیلانی داگیرکەران و ناتەبایی خۆیان لەرووی قەوارەی سیاسییەوە پارچە پارچە کراوەو بەسەر پتر لە (٢٠) قەوارەی سیاسی فشەڵی بە روالەت و سەربەخۆو لە ناوەڕۆکدا پاشکۆی سیاسەتی ئیمپریالیزم دا، دابەش کراوەو ئەوجاش خەتەری توانەوەیان لەسەر نییە، چونکە قەوارەیەکی تریان هەیە کە لە قەوارەی جوگرافی-سیاسی بایەخدارترە، ئەویش قەوارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەبە.

ئەم زمانە کە لە سایەی بەرەکەتی قورئانی پیرۆزدا بوونیادیکی کۆمەلایەتی پتەوی بۆ هەموو عەرەب لەهەر شوینێ هەبن. پیکهیناوەو ئیمپریالیزم و داگیرکەران و دوژمنانی عەرەب زۆریان هەوڵداوە عەرەب لەم رووەشەوە لەت و پەت و پارچە پارچە بکەن. لە هەندێ شویناو بۆ ماوەیەکی کەم ئەم هەوڵەیان تا رادەیەک بۆ چۆتە سەر. بەلام لە دوا ئەنجامدا هەر نەیانتوانیوە قەوارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی عەرەب پارچە پارچەو داغان بکەن. هەر ئەم قەوارە کۆمەلایەتییە گرنگەشە کە بووە بە پەرژینی پاراستنی عەرەب لە زۆر رووی سیاسی و کۆمەلایەتی و



سایکۆلۆژییەوە.

بەنیسبەت زمانی کوردییەوە. بەداخەوە ئیمە تا ئیستا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان نییە. واتە نووسینی کوردیکی باشووری کوردستان لەزیی گەورە هیوەتر ناچێ، دیارە پیچەوانەش پیچەوانەیە. کەواتە قەوارەیەکی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە کە کورد لە هەر شوینی بێ یەکیان بخات هەموو دەزانین زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ئالۆزەو هەموو گەشەکردنیکی کۆمەلایەتیش هەندیک خاوەو ماوەیەکی تارادەیەک زۆری دەوێ تا ئەنجام بەدەستەوە دەدات.

ئیمە نالێین زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بە قەراریک دروست دەبێ.. نەخیر بەڵکو بە جۆریکی خۆرسک و لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئاسایی خۆیەوەو بە پشتیوانی گەلەک فاکتەری رامیاری و ئابووری و رۆشنبیری و پەروەردەیی و فیرکردنەوە، ئەو قەوارەیە دروست دەبێ. بەرای من ئەو قەوارەیە گەر لە قەوارەی سیاسی گرنگتر نەبێ ئەوا هاوتای قەوارەی سیاسیە چونکە ئەگەری دروست بوون و دروستکردنی چەند ووردە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد زۆر دوور نییە، جا ئەم وردە قەوارە سیاسییانە، قەوارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بەیەکەوەیان گرێ نەدا، ئەوا ئەگەری ئەوە پەیدا دەبێ کە کورد بکرێ بە چەند ووردە گەلیکەوە وەک بادینی، سۆرانی، هەورامی و..هتد.

ئیمە لیرەدا پتر مەبەستمان ئاماژەکردنە بۆ بەرنامەکانی خویندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا. ویڕای ئەوەی ئەو بەرنامانە بەر لە بیست ساڵیک دانراون و پڕن لە هەڵەو کەم و کوڕی و نەتینویتی قوتابی دەشکینن و نەئۆخژن دەخەنە دڵ و دەروونی مامۆستاو چاوەڕوانی ئەوە دەکرا، حکومەتی هەریمی کوردستان، بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە هەر لە یەکەم رۆژی دەست بەکاربوونەوە مشوریکی ئەمەی خواردبا و ئەوەی لەبەرچاو با کە قەوارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ دەکات و هاوتای قەوارەی سیاسییەو بگرە بۆ کورد زیاتریشە، کەچی نەک چ مشوریک نەخوراوە، بەڵکو نەهەقییەکی زۆر گەورە دەرهەق بە قوتابی و مامۆستاو زمانی خویندنی کوردیی قوتابخانەکان کراوە.

بەرنامەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئەوجاش بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا و نمرەی بەکەلۆریا بۆ زانکۆکان کراوە بە ئارەزووی قوتابی!!

بەڕاستی ئەمە نەهەقییەکی گەورەیەو پێ دەچێ بەرپرسانی کورد بەوە

نەزانن کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی گرنگترین فاکتەری پیکهاتنی بونیادی کۆمەڵایەتییە. و خۆی لە خۆیدا قەوارەیەکی سیاسی مەعنەوی زۆر گەورەیە!..

**ریگای کوردستان ژ (١٤٠)**
**١٩٩٥/١/١٠**



## بەد وەرگیران

«١»

گەر سەرنجی کتیبخانەی هەر میللەتیک بدەین، دەبینین بەرهەمی وەرگیردراو ریژەیەکی گەلەک زۆری کتیبی ئەو کتیبخانەیەی پیک هیناوە.

ریژەیەک رەنگە زۆربەی کات لە نیوە بە بانەوە بێ. بۆیە گەر کتیبخانەیەک، بەرهەمی وەرگیردراو دەوڵەمەندی نەکردبێ، ئەوا لە زۆر رووەوە هەژارەو کەم رەونەق دەنوینێ. رەنگە ئەمە بگەریتەوە بۆ گەلەک هۆی رامیاری و رۆشنبیری و هۆشیاری و بە تەنگەوەهاتن و نەهاتن و خەم ساردی رۆڵەکانی میللەتی خاوەن کتیبخانەی هەژار..

کتیبخانەی کوردی، یەکیکە لە کتیبخانە هەژارەکان و ئاستی هۆشیاری خەڵکی کورد تاکو نهۆ هیند نزمە کە کاری وەرگیران، بە کاریکی کەم و سووک تەماشا دەکەن. رەنگە زۆر کەس نامیلکەیەکی ناشیعری کاڵ و کرچی پێ پەسەندتر بێ لە وەرگیرانی شاکاریکی ئەدەبی جیهانی!

هەڵبەتە بەرنامەداری لە وەرگیراندا کاریکی گەلیک پیویستەو دەبێ لەو بەرهەم و کارە ئەدەبی و هونەری و زانستیانەوە دەست پێ بکرێ، کە لەگەڵ باری واقیعی کۆمەڵایەتی و میژوویی، ئەو قۆناغەدا کە میللەتی تیدایە، بگونجێ و خیرایی بە رەوتی گەشەسەندن و بەرەو کامڵ چوون و پیگەیشتنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و میژووییە ببەخشێ، بەڵام ئیمەی کورد چونکە خاوەنی میژوویەکی نیمچە ویستاو و پچرپچرین، بۆیە بیرو بیرکردنەوەشمان پچرپچرە، نەفەسمان کورتەو نەفەسی ئەو میللەتانەمان نییە کە رەوتی میژوویان، لە پچران و دابران بە دوور بووەو بەشیوەیەکی سروشتی و ئاسایی قۆناغە کۆمەڵایەتی و میژووییەکانیان بریوە.. هەڵبەتە پچرپچری بیرکردنەوەی ئیمەی کورد، کە زادەی واقیعی کۆمەڵایەتی و میژووی پچرپچری میللەتەکەمانە سیبەری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانمانەوە دیارە، یەکیک لەو بوارانە، مەیدانی وەرگیرانەکە نەمان توانیوە، بە پیی نیمچە بەرنامەیەکی تۆزێ ریک و پیک، رۆشنبیری و ئەزموونی فیکری و ژیانی تۆمارکراوی میللەتان بۆ زمانەکەی خۆمان نەقڵ بکەین، تا لە لایەکەوە زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و سەدان زاراوەو وشەی هاوچەرخ برژیتە زمانەکەمانەوەو لەلایەکی دییەوە بیرو بیرکردنەوەی خۆمان، بە ئەزموونی پیشکەوتووانەی میللەتانی دی موتوربە بکەین. هەر

ئەم نەفەس کورتی و بیری خیاڵیەتییە وای لیکردووین بە زۆری پەلاماری شیعرۆکەیەک، یا کورتە چیرۆکیک، یا وتارۆکەیەک یا نووسینیکی سەرسەری «سطحی» نەرمە قووت بدەین و خیرا بە کاڵ و کرچی تەرجەمەی بکەین و لەم بلاڤۆک و لەو رۆژنامەو غەزەتەدا بیانکەین بە ئاردی نیو درک.. هەڵبەتە ئەم جۆرە بێ سەروبەرییە، خزمەتیکی ئەوتۆ بە کتیبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەک بەسەر ئەدەبیات و رۆشنبیری میللەتاندا، بۆ ئەدەبی کوردی دەستەبەر ناکات چ هەناسەیەکی تازەی بەبەردا ناکات و نابیتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی داهینان. جا مادامیکی وەرگیڕان هۆیەکە بۆ نزیک خستنەوەی گەلان لە یەکدی و ئاشنابوونی گەلان بە باری سەرنج و بۆچوونی یەکدی بەرانبەر بە ژیان و.. ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە تەفاعولیکی رۆشنبیری و شارستانی چیدەکات و.. بۆیە پیویستە پرۆسەی وەرگیڕان. کە بریتییە لە گویزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتر، لە چوارچیوەی جۆرە بەرنامەیەکی ریک وپیک دا ئەنجام بدریێ: روو لە وەرگیڕانی ئەو کتیب و شاکارانە بکریێ کە بایەخی رۆشنبیری پیشڕەوانەیان هەیە و دەبنە بەشدارییەک لە کاروانی بەرەو پیشڤەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

وازهینان لە وەرگیڕانی پەڕاگەندەو بەرهەمی کەم بایەخ. رەچاوکردنی پسپۆری و حەز لە وەرگیڕان دا ریزگرتنی کاری هەر وەرگیڕیک. ریک کەوتن لەسەر زاراوە هەمە پەسەندو زانستی و چەسپاوەکان، دەزگا رەسمییە رۆشنبیرییە پەیوەندیدارەکان، وەرگیڕە بە تواناکان بەسەر بکەنەوە، دەستیان بگرن و هانیان بدەن کە شاکاری هونەری و رۆشنبیری بە زمانی پاراو و رەوان وەربگیڕن، چونکە بەم کارە هەم توانای خوینەرو نووسەر دەخەملیێ و هەم بەهرەی جیاکردنەوەی بەرهەمی هونەری لە بەرهەمی بازاڕی دەرسکیێ. ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتیکی گەورە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات، چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگریێ و ناویریێ بەرهەمی کاڵ و کرچ رەنگماڵ بکات و بە نرخی شاکاری هونەری رەسەن بە خوینەری بفرۆشیت.

«٢»

وەکو پیشتر ئاماژەم کردیێ، میژووی ئیمەی کورد، میژوویەکی نیمچە وەستاو پچڕپچڕ بووەو، دیارە بیروبیرکردنەوەشمان زادەی ئەو واقیعەیە، بۆیە لە زۆربەی مەیدانەکانی ژیاندا تا رۆژی ئەمڕۆ بێ بەرنامەین و بە



نەفەسی کورتەوە مامەڵە لە تەک واقیعی خۆماندا دەکەین، هەڵبەتە مەیدانی وەرگیڕان یەکیکە لەو مەیدانانەی کە پاشاگەردانی پیوە دیارەو، دوور لە هەموو نەخشەو بەرنامەو پلانیک، بەناوکەوتووین و تەنانەت وەرگیڕ لەگەڵ خۆشیدا بەرنامەی نییە، هەر جارەی روو لە دنیای بابەتیک دەکات! هەڵبەتە بابەتەکانیش ئاسمان و ریسمانن!! یا دیاردەیەکی سەقەتی دی ئەوەیە کە پیمان وایە دنیا هەر شیعرو چیرۆکە! بێ چەندوچوون پەلاماری دەدەین و هەر کە چەند شیعرۆکەو کورتە چیرۆک و هەندیێ وتارۆکەمان بە سەقەتی وەرگیڕاو بە بەرتیل و خاترانە لیرەو لەویێ بڵاومان کردەوە، ئیدی خۆمان لیێ دەبیێ بە ئەرستۆ و مامۆستاو، دەفتەری کەس ناخوینینەوە.. هەڵبەتە لە ئەنجامی ئەم پاشاگەردانییەو لە ئاکامی بێ توانایی وەرگیڕەکانمان و لە ئەنجامی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی لیێ وەرگیڕدراو بۆ وەرگیڕدراوەوە، دووچاری دەردە بەد وەرگیڕان بووین و ئەم دیاردەی بەد وەرگیڕانەش روو لە زیادییەو خەریکە هەڕەشە لە شیواندن و سەقەتکردنی زمانەکەمان دەکات..

ئەوەتا لافاوی رستەو دەستەواژەو رستەسازی هەڵەو بێ بنج و بناوانی زانستی و دوور لە تەبیعەتی زمانی کوردی و سەرباری ئەمەش نامەفهوم، وا خەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدیری ویران کردن دەبات. ئەم دیاردەی بەد وەرگیڕان و زمان شیوانە زۆر بە زەقی لە کتیبە دەرسییەکانی قوتابخانەکاندا، بەتایبەتی لە بابەتی زانستە ئینسانییەکاندا بەدی دەکریێ و پیێ دەچیێ هەر کاریگەری ئەمەش بێ کە کەم و زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆکە کوردییەکاندا، رەنگی داوەتەوە، دەزگاکانی تری راگەیاندن ئەوە هەر باسیان مەکە! دیارە گەر کار وا بڕوات ئەوا چەند ساڵیکی دی، کوردی نووس و کوردی زان دەچنە قاتی و مەگەر بە چراوە بۆیان بگەڕیی.. هەڵبەتە خەتەری گەورەی شیوانی زمان لە وەرگرتنی وشەی بیگانەدا نییە، بەڵکو لە وەرگرتنی ئەو داڕشتن و رستە بەندییە ناکوردییانەدایە کە هەندیێ وەرگیڕ، لەبەر نەشارەزایی و تەمەڵی خۆی، خیرا وەری دەگرن.

دیارە ئەم زمانە سەقەتە، بەرە بەرە دەبیێ بە باو و وەرگیڕانی پچڕپچڕو بێ سەروبەر کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکان و پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسین و ئەدەبیاتی تازەو ئیدی نەوەکانی دی کە چاویان بە بەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ غەڵەت و بێ سەروبەر دەکەویێ، وا هەست دەکەن کە ئاڵۆزی و پچڕپچڕی بابەتەکە، بۆ خۆی جۆرە شیوازیکی نوییە،

نازانێ کاکی وەرگێڕ بە پەندی کردووەو، چونکە خۆی هیچ جۆرە پشتیوانەیەکی رۆشنبیری نییە، بۆیە خیرا وەکو ئەوەی هەنگ لە دارا بدۆزنەوە، دەکەونە لاسایی کردنەوەی. گەر هەندێ ورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلەک نموونەو دەقی ئەدەبی زادەو لە دایک بووی ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین.. راستە پێ بەپیی پەرەسەندنی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی بەسەرا دێ و پەرە دەستێنێ و قاڵبە کۆنەکان دەشکێنێ و قۆناغ بە قۆناغ کاژە کۆنەکان فڕێ دەداو کاژی تازە دێنێتەوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە بنەما سەرەکییەکان نەمێنێ و هەڵوەشێتەوە، لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئێمە کەوتووینەتە سەردەمێکی یەکجار خێراو تیژڕەوەو تەکنەلۆژیا، میللەتانی تەواو لێکدی نزیک کردۆتەوەو..گەر هەر بەم خەم ساردیە بمێنینەوەو بە تەمابین بە پشتیوانی نامیلکەی شیعری و کۆمەڵە چیرۆکی پەڕپووت و بێ رەونەق ببین بە خاوەنی کتێبخانەی دەوڵەمەند، ئەوا کاتێ بەخۆ دەزانین لە هەموو دینێ بووین و دەستمان لە بنی هەنبانەکەوە دەرچووە، بۆیە بەبێ وەرگێڕانی بەرنامەدارو بەردەوام نابین بە خاوەنی کتێبخانەی دەوڵەمەند، هەڵبەتە لێرەدا دەبێ دەستخۆشی لە چەند وەرگێڕێکی کورد بکرێ، کە جێ دەستیان لە کتێبخانەی کوردی دا دیارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جۆرە بەرنامەدارییەکیان لە کارەکانیان دا رەچاو کردووە.

لەوانە مامۆستایان: هەژاری موکریانی، شوکور مستەفا، عەزیز گەردی..

**ریگای کوردستان ژ (١٦٢) ١٩٩٥/٦/٢٧**
**ریگای کوردستان ژ (١٦٣) ١٩٩٥/٧/٤**



# پاژی حەوتەم

# دیاردەی خێڵایەتی

... خێڵ و خێڵایەتی بۆخۆی دیاردەیەکەو هیچ میللەت و نەتەوەیەک لێی بە دەر نییەو نەبووە. ئەم دیاردەیە شتێکی ئەزەلی نییە، بەڵکو جۆرە پاشماوەیەکی کۆمۆنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، ئەمڕۆکە بە دواکەوتووترین دیاردەی کرێت و دزێو دێتە ژماردن. هەڵبەتە خێڵ و خێڵایەتی زادەی قۆناغی تایبەتییەو راستەوخۆ پەیوەستە بە باری ژیانی خەڵکانی سەر بە خێڵەکەو ئیدی خێڵ بووە بە دەزگایەک و کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەندامانی خێڵی بە پێی هەندێ داب و نەریت و خووخدەی خێڵەکیانە ریک خستووە. هەر خێڵە بۆ خۆی جۆرە مەملەکەتێکی تایبەتی دامەزراندووەو لە رووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە پشتی بە بنەمای خزمایەتی خوێن بەستووە. لە رووی رامیارییەوە بنەمای داب و نەریتیکردووە بە سەنگی مەحەک و چ مەسەلەیەکی چینایەتی نەناسیوەو دانی پێدانەناوەو دەسەڵاتی سەر خێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ لە بڕی حوکمی دەوڵەت بووە، لە رووی ئابوریشەوە پشتی بە گەلەکاری و هەرەوەز بەستووەو دیاری و دەستکەوتەکانی خێڵیش بە کۆمەڵ بەکارهێنراوە.

وەکو گوتمان، خێڵ و خێڵایەتی وەکو دیاردەیەک زادەی قۆناغ و سەردەمی تایبەتی بووە. دیارە هیچ دیاردەیەکیش ئەزەلی و نەگۆڕ نییە هەتا هەتایە بمێنێ، بۆیە دیاردەی خێڵایەتی بێ چ گومان و دوو دڵییەک دەگاتە قۆناغی پیربوون و مردن و ئیدی قۆناغی دوای خۆی دەی نێژێت. گەورەترین فاکتەری گەندەڵ بوون و هەڵتەکانی بنەمای سیستەمی خێڵایەتی، پەرەسەندنی بەرهەم هێنانە، چونکە پەرەسەندنی بەرهەمهێنان گەلێ دیاردەو مەسەلەی وەکو دانوستانی بازرگانی، کاری بەکرێ، یاساو ریسا و نیزام، دروستبوونی چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز لە رووی ئاستی گوزەرانەوە، دابەشکردنی کارو دروست بوونی دەوڵەت. کە خێڵ و ئەقڵیەتی خێڵایەتی دان بە هیچ یەکێک لەمانەدا نانێت، بەڵکو هێندەی لە توانای دا بێ بەربەرەکانی دەکا، چونکە گەر بەشێوەیەکی فیتریش بێ هەست بەوە دەکا کە ئەو فاکتەرانە زەمینەی مەتریالی و مێژوویی بۆ لە نێو چوونی خێڵ و خێڵایەتی خۆش دەکا و رێگا لەبەردەم سەرهەڵدانی نەتەوە یا گەل وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی پابەندی یاساو نیزام دەکاتەوە خۆ



سەرهەڵدانی گەل و نەتەوەش بەواتا زانستییەکەی دەکاتە پیادەبوونی یاساو ریسا و نیزام و چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کارو زاڵ بوونی ئەقڵیەتی شارستانیانەی مۆدرن، دانوستانی بازرگانی و پیوەندی کۆمەڵایەتی دوور لەهاوخوێنی و خزمایەتی. کە ئەمانە سەقامگیربوون ئیدی خێڵ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری و نیمچە سیاسی و تەنانەت وەکو پێکهاتی سیستەمی خێڵایەتیش لە نێو دەچێ، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە لە گەڵ هەرەس هێنانی پێکهاتی سیستەمی خێڵایەتی دا ئیدی بیروبیرکردنەوەو داب و نەریتی خێڵایەتی خۆبەخۆ بارگە لێک دەنێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسەواری سیستەمی خێڵایەتی بەهەموو لق و پۆپەکانی‌یەوە دەمێنێ، گەر هەوڵی پاکسازی نەدرێ رەنگە دەیان و بگرە سەدان ساڵ بخایەنێ تا بە تەواوەتی بن بڕ دەبی. کەواتە زەرورەتی مێژوویی، سیستەمی خێڵایەتی وەکو دیاردەیەکی بەندیوار بە پاشڤەڕۆیی ژیانی سەرەتاییەوە، لە نێو دەبات. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ بووژاندنەوەی گیانی خێڵایەتی، بە هەر مەبەستێک بێ، ئەگەر لە سەرەتاشەوە فشە دەستکەوتی تاکتیکی بە دوودا بێ، ئەوا وەکو ستراتیژ هەوڵێکی بێهودەیە، چونکە ئەو جۆرە هەوڵە دژایەتی کردنی رەوتی پێشڤەڕۆیی مێژووە، دیارە ئەمەش لە توانای چ رژێم و دەسەڵاتێک دا نییەو نابێ، کەواتە خێڵ هەر کە هاتە پیربوون و کەوتە سەرەمەرگ دەبێ زەمینە بۆ زووتر مردنی و بەپەلە ناشتنی خۆش بکرێ.

وەکو لە سەرەتادا گوتمان هیچ میللەت و نەتەوەیەک لە دیاردەی خێڵایەتی بەدەر نەبووە، هەموو میللەتێک بەر لە هەزاران ساڵ بریتی بووە لە خێڵ و تیرەی پاشڤەڕۆی دڕندەخووی کێوی سیفەت، بەڵام زۆر لە گەلانی ئەمڕۆی جیهان بەر لە سەدان ساڵ یا زووتر یا درەنگتر ئەم قۆناغەیان بڕیوە. بۆیە زۆر لە رۆژهەڵاتناسان و پسپۆرانی ئارکۆلۆژی ئەوروپایی، کە ئەوڕۆکە لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخ پێکهاتی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی خێڵایەتی میللەتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەفریقا دەکەن، مەبەستی سەرەکیان ئەوەیە تا بزانن خۆیان بەر لەسەدان و هەزاران ساڵ چۆن ژیاون و دەیانەوێ لە چاویلکەی ژیانی ئەمڕۆی ئێمەوە ژیانی بەر لە هەزاران ساڵی خۆیان بدینین و نزمی و بێ مەعنایی ژیانی کێویانەو دڕندە سیفەتانەی باب و باپیرانی بەر لە هەزاران ساڵی خۆیان بۆ دەربکەوێ.

**ئاڵای ئازادی ژ (٩٠)**

١٩٩٣/٩/١٩

## حزباندن، بەرەو کوێ؟

ئاشکرایە هەر گۆڕانیکی مەزن تا تەواو سەقامگیر دەبێ و رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ جۆرە ئەنارشیزم و بێ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەوێ. هەموو دەزانین ئەم ئاخرو ئۆخرەی سەدەی بیستەمە، گەلەک گۆڕانکاری ئابووری و سیاسی و سوپایی و جوگرافی.. چ لە ئاستی ناوچەییداو چ لە ئاستی جیهانیدا بەخۆوە بینی.

کوردستانی ئیمەش، بەتایبەتی باشووری کوردستان وەک بەشیکی دانەبڕاو لە جیهان، کەم و زۆر، راستەوخۆو ناراستەوخۆ پریشکی ئەو گۆڕانکاریانەی بەرکەوتووە.

ئەمە جگە لە راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستانی تینوی ئازادی و سەربەستی، کە تیکرا بە حوکمی رەوتی گۆڕانکارییەکان جۆرە بێ نەزمییەکی کاتی رووی کردە هەندێ مەیدانی ژیان. ئەم حاڵەتە بۆ سەرەتای قۆناغەکە رەنگە پاکانەی خۆی هەبێ و بڕیک ئاسایی بنوینێ، بەڵام بۆ دواتر هەرگیز ئاسایی نییەو بگرە پڕ مەترسیشە.

بەڵێ، لە کوردستاندا راپەڕین بەرپابوو، راپەڕین ئەوەی نیشان دا کە خەڵکی کوردستان، کۆیلە سروشت نین و گەر دەرفەتیان بۆ هەڵبکەوێ ئەوا دەتوانن بەگژ هەموو زوڵم و زۆریکدا بچنەوەو میژووی راستەقینەی خۆیان بە دەستی پڕ توانای خۆیان تۆمار بکەن.

بەڵام لەلایەکی دییەوە گەر بە وردی سەرنجی وەزع و حاڵی کوردستان بدەین، دەبینین بێ نەزمییەکە هەر بە هەمان پەڕاگەندەیی خۆی ماوەتەوەو لەجیی خۆدا ئەم پێ و ئەو پێ دەکاو هیشتا دوورە لە سەقامگیر بوونەوە! هەڵبەتە ئەمەش گەلێ هۆی هەیە، یەکیک لەوانە ئەوەیە کە ئەگەر لەباری سەرنجیکی چینایەتی و ئایدۆلۆژییەوە بڕوانینە راپەڕینی گەلە قارەمانەکەمان، هەر چەندە جۆرە ئاسۆو کەشوهەوایەکی سیاسی باشی هینایە گۆڕێ، بەڵام لە راستیدا جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و میژوویی یەکگرتووی زانستانە داڕیژراوی پێ نەبوو، بەڵکو جۆرە نەشئەیەکی سەرکەوتن باڵی بەسەر بیروبیرکردنەوەی زۆربەی بەشدارانی راپەڕین دا کیشابوو، و وایان خەیاڵ دەکرد گەر حکومەت و دەسەڵات و دام و دەزگای زۆرداری تڕۆ بکرێ و دام و دەزگایەکی بڕیک دیموکراتیانە بیتە



مەیدانێ ئیدی زوڵم و ستەم خۆ بەخۆ لە وڵات باردەکاو هەموو حاڵەتە پەڕاگەندەکان ئاوەڕۆی خۆ وەردەگرن و سەقامگیر دەبن و ئازادی و دیموکراسی بە تەواوەتی دەچەسپێ.

هەستی نەتەوەیی سەرکوتکراوی جەماوەری راپەڕیوو، بورکان ئاسا تەقی‌یەوە، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگیڕییەی کە راپەڕین لە سەرەتاوە لە هزرو بیری خەڵکی دا خولّقاندی، نەکرا بە فاکتەریکی زیندووی پڕ لە بزاڤ و زەمینە خۆشکەر بۆ قۆناغی پاش راپەڕین و رزگاربوون لە ئەنارشیزم. خەڵکە تینوەکە تەسەوەریکی ئایدۆلۆژی روون و ئاشکرایان دەربارەی راپەڕین و قۆناغەکان و ئاکامەکانی نەبوو. تەنیا ئەوەندەیان دەویست دام و دەزگای و زوڵم و زۆرداری بڕۆخی و میللەت لە ریگەی ئەنجوومەنیکەوە بەشداری کاروباری دەوڵەت بکات و هیندەی لە توانادایە چیدی زوڵم و زۆر قبوڵ نەکات.

بەڵێ ئەو ئەنجوومەنە دامەزرا، گەل زۆر بە گەرمی بەرەو پیری چوو، بە هیوابوو نوینەرانی گەل بینە مەیدانێ و بە رەفتار نەزم بە رووداو و کاروبارەکانی وڵات ببەخشن و بخرینە سەر راستە ریگای بەرەو پیش چوون.. چاوەڕوانی و بە هیوابوونی گەل خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی ئەقڵیەتی شارستانیانەو دڵسۆزییەو مایەی دڵخۆشییە، بەڵام ئەوەی مرۆڤی هوشیارو دڵسۆزی ئەم وڵاتە لیی دەترسێ و بە ئاشکرا وڵات بەرەو کویرە کۆڵانی پڕ خەتەر دەبات، سیاسەتی جووت حیزبییە. نەفەسی حیزباندنی خەڵکەکەیە بە قازانجی تەسکی حیزبایەتی. ئاشکرایە ئەم بارەی کە خوڵقاوە بۆ خۆی جۆرە چەشەیەکەو بارودۆخە بابەتییەکە خوڵقاندویەتی و لەدوا ئاکامدا زەرەرو زیانیکی زۆر بە سەرجەمی میللەت دەگەیەنێ. ئیمە وەکو کورد ئەوەمان لاساغ بۆتەوەو واقیعیش وامان پێ دەڵێ کە هەستی نەتەوەیی سەرچاوەیەکی رەسەن و لەبن نەهاتوو بووە بۆ گەشەکردنی حیزبەکانی کوردستان. کورد وەکو میللەت هەمیشە زیندووەو ئاساییە دەیان حیزب لە باوەشیدا پەروەردە ببێ و هەر یەکەیان بە پیی رەسەنایەتی خۆی و رادەی نوینەرایەتی کردنی گەل گەشە بکات، هەروەها ئاسایشە، چەندین حیزب بە بەرچاوییەوە مردار بیتەوەو کەس دڵۆپە فرمیسکیکی بۆ نەڕیژی. ئەوەی زۆر مایەی سەرنجە ئەمڕۆکە لە بری دەمەزەردکردنەوەی گیانی شۆڕشگیڕی لە ویژدان و ئەقڵیەتی خەڵکی دا، خەریکە سیاسەتی حیزباندنی زادەی ریبازی جووت حیزبی دەکرێ بە بریکاری هەستی کوردینی

که ئەمە خۆی کاریکی پڕ زیانە! ئەنجوومەن بەرقەرارە، پەرلەمان سەرگەرمی کۆبوونەوەیەو جەماوەری غەیرە حیزبی دەکرین بە هاوولاتی پلەدوو!!

ئەوەتا لە سەرانسەری کوردستاندا، لە بواری کارگێڕی و مەسئولیەتی ئیداریدا تاقە لیپرسراویکی بێ لایەن یا غەیرە حیزی نابینرێ. خۆ ئەگەر بۆ دەرمانی چاو کەسیک هەبێ ئەوا سامی سیاسەتی جووت حیزبی گرتویەتی و زاری کلیل داوە، یا ئەگەر پیشنیازێ یا قسەیەکی هەقیش بکا ئەوا بە بست لە خۆی دوورناکەویتەوە. دیارە ئەم سیاسەتی جووت حیزبییە گەلێ بیرو بیرکردنەوەی دروست و دڵسۆزانە بە فیڕۆ دەداو ریگە لە بەرزبوونەوەی دەنگی رەخنەی بنیاتنەر دەگرێ ئەوەتا کە پیشنیازێ یا گلەیی و رەخنەیەک دەبەیتە بەر بارەگای هەر لایەنیک پاش گوێ گرتن و گفتوگۆیەکی زۆر، لە کۆتاییدا بە گویت دا دەچپینی کاکە راست دەکەی، بەڵام هەر بەینی خۆمان بێ ئیمە هەوڵ دەدەین ئەم شتانە نەمینێ، بەڵام حیزبەکەی دی هاوکاریمان ناکات..

ئیدی ئەم پیشبڕکییە کەنگێ دەگاتە ئەو سەری کویرە کۆڵانەکە؟! ئەوا واقیعەکە دەڵێ گەر ئەم سیاسەتی جووت حیزبییە نەگۆڕدرێ و حیزباندن بەم شیوەیە بەردەوام بێ ئەوا بیگومان کاتێ بەخۆ دەزانین لەبن بەستیکداین و هیچ چاریک نامینێ جگە لە شکاندنی بن بەستەکەو دیارە هەموو شکاندنیک دیسان هەندێ ئەنارشیزم و بێ نەزمی و کۆمەڵیک زەرەرو زیانی مادی و مەعنەوی بەگەڵ خۆی دەخات کە ئەمە بە هیچ جۆرێ لە باری ستراتیژییەوە قازانجی میللەتی تیدا نییە، بۆیە بەر لەوەی بە تەواوەتی بگەینە ئەو بن بەستە سامناکە، با بە سیاسەتی جووت حیزبی دا بچینەوەو قوڵکردنەوەی هەستی کوردینی ببێ بە بریکاری حیزباندنی رۆنراو بیریک لە هەڵبژاردنیکی کوردانەی بیگەردی دوور لە چەواشەکردن و بەفیرۆدانی بیروبیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بکریتەوەو ئەم بارە قورسەی ئەمرۆی کوردستان بخریتە ئەستۆی پەرلەمانی گەل و هەر حیزبیک کە بە هەڵبژاردن دەردەچێ، گەر بارەکەی پێ بگەیەنریتە جێ باشترو بۆییشی نەگەیەنرایە جێ ئەوا خۆبەخۆ ناشایستەیی و بێ توانایی دەکەویتە روو، و هەنگینێ تەنیا لەسەر ئاستی حیزبایەتی شکست دینێ و ناچار دەبێ بۆ گیمی داهاتوو ترو لە ریگەی سەلماندنی جەدارەتی خۆیەوە لە بواری خزمەتی میللەتدا بەخۆی و سیاسەتی خۆیدا بچیتەوە.

**ئالای ئازادی ژ (٨٨)**



**١٩٩٣/٩/٥**

# من لەگەڵ سەپاندنی دیموکراسی دا نیم

دکتۆر رەشاد میران حزبی وەکو نوخبە ناساند. بەندە وای نابینم، بەڵکو پیم وایە کاری حزب بەتایبەتی لە کارە گشتییەکاندا، بریتییە لە کاری ریفراندۆم و هەڵبژاردن و کاری کۆمەڵایەتی و کاری فیرکاری و..هتد و هەر گرووپ و حزب و لایەنیکی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا یەکیک لە ئەرکەکانی ئەوەیە کە خەڵک یان گەلی خۆی لە باوەشی سروشتەوە بگوازیتەوە باوەشی شارستانیەت واتا حزب بە لای کەمەوە ئەرکی شۆڕشگیڕاندن و بە شارستانیکردنی خەڵکی لە ئەستۆیە، حزب دەبیتە ئەوزاری پەیوەندی نیوان کۆمەڵ و دەسەڵات. واتا حزب پردیکی پەیوەندییە. جا ئەگەر هاتوو حزب مومارەسەی ئەم دەسەڵاتانەی خۆی نەکرد ئەوا من پیم وایە ئەرکە میژووییەکەی خۆی نابینێ.. ئیمەی کورد کیانیکی سیاسیمان نەبووە تاوەکو دەستوریکی تایبەتمان هەبێ بۆ پاراستنی دەسکەوتە دیموکراتیکەکان.

بەڵام لە ماڵەوە چۆن دەست پێ دەکریت؟ ئەوە پەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی باوی نەتەوە یان ئەو کۆمەڵە خەڵکەوە هەیە کە تییدا دەژین. واتا تۆ لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتیدا مومکین نییە بتوانی دیموکراتیەت ببینی، چونکە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەت هەرگیز ئەوەت لێ قەبوڵ ناکات. بۆ نموونە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی فیئودالی (دەرەبەگایەتی)دا مومکین نییە بتوانی کوڕیک ببینی لەگەڵ باوکیدا نان بخوات و مومکین نییە کوڕیک دەستەو نەزەر بەرامبەر باوکی نەوەستێ، بەڵام ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیانە بە پیی پیداویستیە روحی و مادییەکانی سەردەمی خۆیان، گۆڕانیان بەسەردا دیت. تەنانەت ئیمەی کورد کە خاوەنی کیانی سیاسی نەبووینەو دەستورو یاسایەکیشمان نەبووە تا دەسکەوتە دیموکراتیک و ئازادییەکانمانی پێ بپاریزین.

لەگەڵ ئەوەشدا لە سایەی گۆڕانە سروشتیەکەدا کۆمەڵگای کوردی ئیستا زۆر لە کۆمەڵگای کوردی پەنجا ساڵ بەر لە ئیستا شارستانی ترە. من پیم وانییە کە دیموکراتیەت بە واتای گونجان و سازانی (١٠٠٪)ی جەماوەری خەڵک و دەسەڵات بیت بگرە دەتوانین بڵیین دیموکراتیەت کورتترین ریگەی نیوان خواستی خەڵک و دەسەڵاتە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەو مانایە نییە کە

خواستی خەڵک و دەسەڵات دەقاودەق وەکو یەک وابێ. هەروەکو گوتمان حزب یان هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیش یەکێ لە ئەرکە هەرە گەورەکانی گواستنەوەی جەماوەری خەڵکە لە باوەشی سروشتەوە بۆ باوەشی شارستانیەت و دیارە شارستانیەتەکەش بۆ پاراستنی پێویستی بە کۆمەڵێک یاساو ریسا هەیە.

ئیمە بەدەر لە کیانی سیاسی و ئەو یاساو دەستورو ریسایانەی کە دیموکراتیەتەکەیان پێ دەپاریزریت کاریکی ئەوتۆمان پیناکرێ... ناوهینانی دیموکراتیەت و ئەو لاف و گەزافەی کە بە دیموکراتیەتەوە لێ دەدرێ، مانای ئەوەنییە کە دیموکراتیەت کالایەک بیت و لە دەرەوەرا بهینریت و ئینجا بە خەڵکی بفرۆشریت و بلاو بکریتەوەو بەم جۆرە خەڵک ببێ بە خەڵکیکی دیموکراتی، بەڵکو لە جەوهەردا بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانیش پرۆسەیەکە کە زۆر بە هێواشی و نادیاری گەشە دەکات و لەم بەینەدا ئەرکی حزبەکان ئەوەیە خیرایی بەم گۆڕانکارییانە ببەخشن، بەلام بەنسبەت ئەوەی کە دیموکراتیەت لەلایەن حکومەتەوە بسەپیندرێ من لەگەڵ سەپاندنەکە دانیم، چونکە سەپاندنەکە نا دیموکراسییە، بەلام ئەگەر تۆ یاسایەکت هەبێ دیموکراتیەتی پێ بپاریزی واتا یاسایەکت هەبێ دیموکراتیەت بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی خەڵکەوەو ئەو دیموکراتیەتە بریتی بیت لە کورتترین ریگای نیوان خواستی خەڵک و دەسەڵات ئەوا ئەمەیان کاریکی پیویستە.

بەنسبەت سەپاندنەکەشی ئەگەر دەسەلاتیکت نەبێ ئەوا ناتوانێ بیسەپینی، ئەتاتورک رووکارە شارستانییەکانی سەپاندووە، بەلام منی کورد چۆن بیسەپینم لە کاتیکدا کە دەسەلاتەکەم وەکو پیویست نییە؟

تەنانەت کە سەیری میژووی کورد بکەین دەبینین ناحەزان و دوژمنانی تۆ هەولی ئەوەیان داوە شۆڕشەکانی تۆ لەناو جەرگەی میژووەوە تور بدەن بۆ دەرەوەی میژوو، چونکە دەزانن کەتۆ چوویتە ناو پرۆسەی میژووەوە ئەوا ئەو دەستکەوتە شارستانی و دیموکراتیانە خۆیان وردە وردە دروست دەبن.

بەم پێیە ئەو هەولانەی کەبۆ سەپاندنی روکارەکانی دیموکراسیەت و ژیانی شارستانی دراون نەهاتوونەتە دی و جیاوازی هەیە لە نیوان دیموکراسی و ژیانی شارستانی، بەلام بەنسبەت نوخبەو هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ رۆشنبیراندا لە پرۆسەی سەپاندنی دیموکراسی دا، یان بۆ پاراستنی دیموکراسی پیویستە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە گوتمان ئەرکی هەر



گرووپێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کە مەبەستمان لە سیاسیەکە، حزبییە، گواستنەوەی خەڵکەکەیە لە باوەشی سروشتەوە بۆ باوەشی شارستانیەت واتە هەر هیچ نەبێ نوخبە چ وەکو شۆڕشگێڕ، چ وەکو نووسەر، یان چ وەکو حزب لانی کەمی ئەرکەکانی بریتیە لە شۆڕشگێڕاندنی خەڵک و شۆڕشگێڕاندن و بە شارستانی کردنی خەڵکیش خۆی لە خۆیدا داواکردنی گۆڕانکارییە.

**هەفتەنامەی گوڵان ژ ٢٢٧**
**١٩٩٩/٥/٢٩**

## بیهودەیی شەڕ

شەڕ ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، تەنیا خراپەو ویرانی و ویرانکاری لێ چاوەنۆڕ دەکریت. شەڕ، سڕینەوەی هەموو بەهایەکی ئینسانیە. زەوینە خۆشکردنە بۆ شەرعیەتدان بە دکتاتۆریەت، چونکە لەبنەڕەتدا رەگی دەچیتەوە سەر دکتاتۆریەت. شەڕ بەمانا فرەوانەکەی روخانە، تەنیا روخانە و هیچی دی. بیناو بیناکردنی بەدوودا نایەت. گەر سەرنجیکی بزاڤی نیشتمانی کوردی بدەین، دەبینین دوژمنان و داگیرکەرانی کورد، هەمیشەو بەردەوام هەولّیان داوە ئەو بزاڤانە هەر لە چوارچیوەی شەڕدا بمیننەوەو نەبن بە شۆڕش، چونکە شۆڕش پرۆسەیەکی میژووسازە، لەپاڵ پرۆسەی روخاندندا، بیناو بیناکردنەوەشی لەگەڵ دایە، جا ئەگەر ئەو بیناکردنە تەنیا لە ئاستی بیرو بیرکردنەوەشدا بیت، هەر بیناکردنەوەیەو وەعی و هۆشیاری رۆڵەکانی میللەت دەخەملّینێ، ئاشکراشە کە هۆشیاری خەملّیو هەوینی میژووە! هەر میللەتیکیش میژووی هۆشیارانەی رۆنابێ، دەستەمۆکردن و داگیرکردن و زەوتکردنی زۆر زەحمەتە.

شەڕ، هەڵەیەکی هەرە گەوجانەی مرۆڤە. رق و کەرب و کین لەناخی مرۆڤدا دەڕوینێ، میژووی میللەت پارچە پارچە و دابڕ دابڕ دەکات و بەها پیرۆزەکان لەبەرچاو دەخات.. ئابڕوو و ئابڕومەندی پیشیل دەکات، ئازایەتی دەسڕیتەوەو ویژدان دەلەوتینێ و ئەقڵ و ئاوەز گەندەڵ و سەخیف دەکات، بۆیە گەورەترین نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ ئەوەدەمانە دەست پیدەکات کە ئازایەتی لەدەست بدات و لەبەردەم زۆرداری و زوڵمدا چۆک دابدات و بەرە بەرە لەگەڵیدا رابیت، زات و جورئەتی دەنگهەڵبڕین و یاخیبوون لەدەس بدات. مەبەست لە یاخیبوون، کەڵکەڵەو ئەڵهاو تاسەی بێ وچانە بۆ پاکبوونەوەو بەمرۆڤبوون... هەرگیز زوڵم و بیدادی و نەهەقی حاڵەتی ئاسایی نین، بۆیە هەر گاڤێ مرۆڤ بەشیوەیەکی ئاسایی تەحەمولی بکات یان لەگەڵی رابیت، ئەوا شومترین قۆناغی ژیانی دەست پیدەکات! هەر کە ئەم قۆناغەش دەستی پیکرد، ئیدی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەچیت کە لە مرۆڤایەتی بکەویت.

هەڵبەتە ئیمەی کورد، لەمیژە لە تاقیگەی شەڕاندا دەجەڕبینریین و وا خوومان پیوە گرتووە، گەر ناوبەناو لیرەوە لەوێ چ بە زەبری فاکتەری



ناوخۆیی و چ بە زەبری فاکتەری دەرەکی و یان بە زەبری هەردوکیان بۆ چەند سالّیکی کەمیش دەستی دوژمنانمان لێ دوور بکەویتەوە ئەوا خۆبەخۆ دەکەوینە لاساییکردنەوەیەکی دڕندانەو بێ مەعنای دوژمنەکانمان و بەجۆرێ بەردەبینە یەکدی کە دوژمنەکانمان خەجالّەت دەکەین!

دیارە یەکیک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە هۆشی سیاسی لای ئیمە زادەو بەرەنجامی خەملّینی فەلسەفی ناوخۆمان نیە، بەلّکو کاردانەوەی سیاسەتی دوژمنانی کوردە. ئیمە خۆمان بە سیاسەتەوە هەلّواسیوە. سیاسەتیش هەلّقولاّوی فاکتەری خودی خۆمان نیە... لەنیو میللەتاندا فەلسەفە ریبەری سیاسەتی کردووە، یان بەلای کەمەوە شان بەشانی یەکدی رۆیشتوون، لێ مخابن ئیمە ئاوڕمان لە فەلسەفە نەداوەتەوە، یان بیرمان لە فەلسەفاندنی سیاسەت نەکردوەتەوەو لەوەش غافلّین کە مرۆڤ هەر لەپیناوی بیرو باوەڕدا دەخەبتێ و بیرو باوەڕیش رەگیکی دەچیتەوە سەر فەلسەفەو لە باوەشی فەلسەفەدا پەروەردە دەبیت. تا نهو لەنیو کوردی باشوری کوردستاندا دانایەکی سیاسی هەڵنەکەوتووە کە بتوانیت زاراوەو سەرەتاو پرەنسیپە سیاسی و فەلسەفیەکان بە دروستی و لەجیی دروستی خۆیاندا دابنێ. ئەوە چەند سالّیکە راپەڕین بەرپابووە، کەچی ئەو میللەتە داماوە تاقە رۆژیکی بە دلّنیایی نەبردە سەر، لەپاڵ برسیکردنیدا شەڕ لەدووی شەڕی بۆ دەنریتەوەو حزب حزبینە بووە بەخۆرەو کەوتوەتە گیانی...

حزب جیی ئاغای جارانی گرتوەتەوە، لەجیاتی عەشیرەتەکەی بیر دەکاتەوە، بڕیار دەدات.. کەی شەڕ لە قازانجی خۆی و رەعییەتەکەی بێ بانگەشەی بۆ دەکات و شەڕ باشە، ئاساییە، هەموو میللەتیک پییدا تیپەڕیوە!... بگرە زەرورەتە. کەی شەڕ لە قازانجی خۆی و رەعیەتەکەی نەبیت، شەڕ خراوە، مالّویرانکەرە، با بوەستێ...

بەهەر حاڵ میللەتان لە هیچی نەبوو، و بەتۆبزی میژوو بۆخۆیان دروست دەکەن، کەچی ئیمەی کورد لەسایەی بەرەکەتی حزب حزبینەوە، ئەو تۆزە میژووەی هەشمانە، شاباشی شەڕی براکوژی دەکەین و منەتیش بەسەر جەماوەردا دەکەین.. شەڕی بۆ دەنیینەوەو منەتی بەسەردا دەکەین! تا لەتوانامانداا بێ شەڕ دەکەین. کە ماندوو دەبین و هیچمان پێ نامینێ پڕۆژەیەکی بەناو ئاشتی دەخەینەڕوو، دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لیدەدەین و منەت بەسەر جەماوەردا دەکەین!

رەنگە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەرهاویشتەیەکی دیکەی خودی شەڕ بیت.. ژارۆ جەماوەری حزباوی کراو!.

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (١٧٠)**
**١٩٩٨/٤/١٨**

# یەکبوونخوازی

«١»

بیگومان میژوو رۆڵیکی گەلەک گەورە لە پیکهاتەی نەتەوەدا دەبینیٚ. دەتوانین بڵیین ئەو قالب و چوارچیوەیەیە کە سەرانسەری بنەماکانی دروستبوونی نەتەوەی تیدا دەخەملیٚ و بەرجەستە دەبیت و تەنانەت خودی میژووش لەناو جەرگەی میژوودا پیک دیت.

هەڵبەتە میژوو تەنیا رابردوو نییە، بەڵکو ئیستاو داهاتووشە. هەموو ئەو زەمەنانە بە جۆریک تیکەڵ بە یەکدی بوون و کارلیکدی دەکەن، رەنگە جیاکردنەوەو لیکدابڕانیان گەر مەحاڵ نەبیت، ئەوا زۆر ئەستەم بیت!. چونکە میژوو بازنەیەکی داخراوی وەستاو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامەو لە گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامدایە.. واتە زەمەنیکی ووشکی مردوو نییە، بەڵکو زەمەنیکی مرۆڤایەتی زیندوو، خویندنەوەو کەشفی هەمە جۆر دەخوازیٚ بە پیی پیداویستیەکانی ئەمڕۆ. ئیمەی کورد، هەر لە کۆنەوە نەهیلڕاوە چاو بکەینەوە. سەرکوت و چاوشکین کراوین، غەدری زۆر گەورە و خیانەتی نامرۆڤانەمان لیکراوە، چ لە لایەن گەلانی دراوسیٚ و داگیرکەران و چ لە لایەن وڵاتانی ئیستعماری دنیاوە بە هەردوو بلۆکی رۆژئاواو رۆژهەڵاتییەوە. ئەو غەدرو خیانەتەی لەمە کراوەو دەکریٚ، ئەو تراژیدیاو کارەساتانەی بەسەر کوردا هینراون، مایەی شەرمەزاری، سەرلەبەری میژوویی مرۆڤایەتییە. ئیمە لە هەموو ئارامی و ئاسودەییەک مەحروم کراوین، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەریکی هەرە گرنگی بەرهەمهینانی شارستانیەتەو سەرەتای کارلیکە دەگەڵ میژوودا. بۆیە نەتەوەیەکی چەوساوەی هەڕەشە لیکراوی وەکو کورد لە سەریتی لە رابردوی خۆی بگەڕیٚ و بە ئیستاوەی گریٚ بدات و بە پیی پیداویستیەکانی ئیستای بیخوینیتەوە.. راستە میژوو گەلان دروست دەکات و گەلان لەناو جەرگەی بونیادە میژووییەکانەوە چیدەبن، بەڵام گەلانیش وەکو بوونی کۆمەڵایەتی زیندوو دەتوانن لە نویژەن میژوو دروست بکەنەوەو بە شیوەیەکی مرۆڤانە ئاراستەی بکەن. پیویستە میژوو بە هەردوو باری ئاسۆیی و ئەستونیدا بخوینینەوەو بیکەن بە فاکتەری هەرە کارای یەکخستنی نەتەوەکەمان. لە



سەرمانە هەوڵی یەکخستنی میژووی نەتەوەییمان بدەین و بیبیکەن بە زامنی یەکبوونی نەتەوەییمان و ریگە لە پارچە پارچەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری نەتەوەکەمان بگرین کە ناحەزان و دوژمنانی کورد، بە بەرنامە دەیانەویٚ ئەو پارچە پارچەکردنانە قوڵ بکەنەوەو لە کوردی بکەن بە ئەمری واقیع و لە گۆڕان نەهاتوو. بۆیە دەبیت هزرو زەینیکی میژوویی لە لای رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دروست بکریٚ و رەنگە باشترین دەستپیشخەریش لەم بوارەدا، ئەوە بیٚ کە لە قوتابخانەکانەوە دەست پیٚ بکریٚ و، بە پیی قۆناغەکانی خویندن، میژوویی کورد بخوینریت. دیارە ئەمە دەوریکی گەلەک گرینگی دەبیت لە قوڵکردنەوەی میژووی کوردو ریشاژۆکردنی لە هزرو بیری خەڵکیداو بۆ خۆی هەنگاویکی گەورەیە بەرەو یەکخستنی میژوومان. ئەم پرۆسەیە بۆخۆی دەبیت بە بەشیک لە زانیاری رۆشنبیری هەزاران قوتابی.. ئەم پرۆسەیە ئەگەر بۆ خەڵکان و گەلانی دیکە زۆر پیویست نەبیٚ، ئەوا بۆ گەلی کورد کەلە قۆناغی دروستبوونی نەتەوەییدایە، زۆر پیویستە. ئەوەی مایەی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان، واتە زۆربەی رەش و رووتانی وڵاتانی کوردەواری، خەڵکانیکی یەکبوونخوازن نەک تەقسیم خواز، واتە خەونی زۆربەی خەڵک بە دەوڵەتی یەکگرتوی کوردییەوەیە نەک بە ناوچە گەریتییەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەر بە شیوەیەکی ئیجابی نەتەوەییانە ئاراستە بکریٚ و بقوزریتەوە، دەکاتە هیزو نیرویەکی مەعنەوی گەورە. هەڵبەتە ئەرکی هەرە گرینگ و بنەڕەتی لەم روەوە دەکەویتە ئەستۆی خەڵکە منەوەرو رۆشنبیرەکانی کورد، کە دەتوانن بە زەبری هۆشمەندی و بەرزی ئاستی هۆشیارییان، هەموو هەوڵیکی چەسپاندن و بە واقیعیکردنی ناوچەگەریتی، بەهەر هەنجەت و، بیانویەک بیت. پووچەڵ بکەنەوەو ئەوە ساغ بکەنەوە کە وابەستەیی نەتەوەیی بۆ ئیمەی کورد لەهەر وابەستەییەکی دی باڵاترە و تەنیا لە سایەی ئەم وابەستەییەدایە کە هەر کارو کردەوەیەکی هەر گەل و میللەتیک تاریخیەت وەر دەگریٚ و دەڕژیتە نیو روباری میژووی مرۆڤایەتییەوەو بەمەش راستەوخۆ بەشداری لە پرۆسەی بەردەوامی میژوو دەکات. بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهینانی شارستانیەتدا دەکات.

«٢»

ئاشکراشە ئیمەی کورد، کەمتر پەرژاونیەتە سەر ئەوەی سەربوردو

واریقات و روداوو قەوماوو هەورازو نشیوەکانی خەباتی رەوای خۆمان بخەینە سەر کاغەزو ببێ بە تۆماریک بۆ خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان و رابردوومان ببێ بە چرای ریگەی ئایندەمان. بۆیە لە زۆر قۆناغی میژووی کوردا، کە هەر قۆناغیکی بۆ خۆی کارەساتنامەیەکی دلتەزینە، بیگانان هاتون ئەم کارەساتنامەیەیان تۆمار کردووە. هەڵبەتە بیگانەی وا هەن دلسۆزانە و واقیعانەو دۆستانەو بێ غەرەزو بێ ریبیا تۆماریان کردووە، هەشن بە پیچەوانەوە، ویڕای ئەو هەموو غەدرەی لە ناو جەرگەی واقیعدا لیمان کراوە، لە تۆمارکرنی کارەساتنامەکەشدا، غەدریکی دیکەیان لیکردوین و بۆ مەبەستی خۆیان هەقیقەتەکانیان شیواندووە. بەهەر حاڵ بیگانە بیگانەیەو مەبەست و غەرەزی خۆی فەرامۆش ناکات و کەم و زۆر، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە نووسینیدا رەنگ دەداتەوە. بۆیە تەنیا خۆمان بەرپرسین لە تاقیب و سۆراخ و ساغکردنەوەی میژووی خۆمان و چیتر بەوە قایل نەبین بکریین بە قارەمانی ناو غەدرنامەکانی جیهان.

«٣»

کورد، یەکیکە لە نەتەوە کۆن و دیرینەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین و هەموو بنەمایەکی دیرۆکی و شارستانی خۆیان هەیەو رەنگە ئەمە یەکیک بێ لەوفاکتەرانەی کە وایکردووە بەرگەی چەپۆکی رۆژگار بگرن و ویڕای ئەوەی بەسەر چەندین دەولەتدا دابەشکراون، بەرگری و بەرەڤانی لە مافی خۆ بکەن و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بپاریزن..

بیگومان هاوسەنگی سیاسی رۆژهەلاتی ناڤین تارادەیەکی زۆر بەندە بە دۆزی سیاسی کوردەوەو کوردو کوردستان کلیلی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو ناوچەی رۆژهەلاتەو تا داگیرکەرانی کوردوکوردستان بەو چاوەوە سەیری کوردستان بکەن کە کۆلۆنی ئەوانەو لە ترسی ئەوەی نەبادا رۆژیک لە رۆژان لە ژیر رکیفی وان بیتە دەرێ، هەمیشە هەولی بدەن ئەم ولاتە بە خاک و سەروەت و سامان و خەلکەکەیەوە تادوا چۆڕ دابدۆشن و بیر لە تواندنەوەی ماددی و مەعنەوی بکەنەوە، ئەوا ئەم ناوچەیە ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێ و هاوسەنگی سیاسی راستەقینە، کە تەنێ بە دروستبوونی دەولەتی سەربەخۆیی کورد دروست دەبیت لە رۆژهەلاتی ناڤیندا بەدی نایەت. کوردستان لە ئەنجامی زنجیرە تەقسیم بەندییەکی سیاسییەوە پارچە پارچە کراوەو وەکو کوردستان بەناهەق پارچە پارچە کراوە، ولاتانی دیکەش بە ناهەق و لەسەر حسیبی کوردان دامەزراوە، هەر



بۆیەش بە گۆڕینی ئەو تەقسیم بەندییە سیاسیانە، کورد لە رووی جوگرافی و نەتەوەییەوە دەگەڕیتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی و ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار دەبیت و بەرژەوەندی هەموو لایەک دەپاریزرێ و دەڤەرەکە لە هەموو روویەکەوە دەبوژیتەوە. بۆیە دەبێ کوردو داگیرکارانی کوردیش ئەو هەقیقەتە دەرک بکەن کە کوردستان و خەباتی نەتەوەیی کورد فاکتەری سەرەکی هاوکیشەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەڤەرەکە پیکدینێ و غافڵ بوون لەم هاوکیشەیە، غافڵ بوونە لە پاراستنی بەرژەوەندی سەرلەبەری ناوچەکە. هەڵبەتە داگیرکارانی کورد، هەمیشە لەوە ترساون کە نەخشەی سیاسی رۆژهەلاتی ناڤین وەکو چۆن لە ئەنجامی تەقسیم بەندی سیاسییەوە دروست بووە، بە هەمان شیوە بیتە گۆڕین و کوردستانی بە کۆلۆنی کراویان لە دەست بچیت.. دیارە تا ئەم ترسە بمینیت، پرۆسەی تواندنەوەی ماددی و مەعنەوی کورد بەردەوام دەبیت، هەڵبەتە تەنێ دامەزراندنی دەولەتی کوردی و بە واقیعی بوونی دەولەتی کوردی، ئەو ترسە لە دلی داگیرکارانی دەردینێ. هەڵبەتە تا ئەو ترسە لە دلی داگیرکارانی کوردا بمینێ، ئەوا مامەلەیەکی ئیتیهامی ناشارستانیانە دەگەڵ دۆزی سیاسی کوردا دەکەن، دیارە ئەم جۆرە مامەلەکردنە هەمیشە وەکو تاوانبار سەیری بەرانبەرەکەی دەکات. تاوانباریش بۆ ئەوەی بژی و بمینێ لە سەریتی بیتاوانی خۆی بسەلمینێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاوکیشەی چەوسینەرو چەوساوە برەو پیدەدات و ئەنجامیش ئاژاوەو خوین رشتن و نائارامی دەبیت.. بۆیە بەرژوەندی سەرلەبەری ناوچەکە لەوە دایە کە کورد ئازاد بێ لە دیاریکرنی چارەنووسی خۆیدا و دیاریکردنی چارەنووسیش جگە لە دامەزراندنی دەولەت، چ ماناو شرۆڤەیەکی دی هەڵناگرێ.

ژیدەر/

1- کوردها و کردستان/ درک کینان/ترجمه ابراهیم یونسی

2- الدوله القعرایه و النظریه القومیه/ جورج طرابشی 1982

3- احضاد صلاح الدین الایوبی/ د. گونتر دشنر/ ترجمه عبدالسلام مصطفی صدیق

4- رۆژنامەی یەکبوون ژ 6- 1999/2/25

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (٢٢٢)**
**١٩٩٩/٤/٢٢٤**

# بڕۆخی خۆزیا..

تا ئیستا نەبینراوە خۆزیا بەری بۆ چ کەس و لایەن و تاقم و دەستەیەک گرتبێ و کەس لە سایەی داری خۆزیادا حەوا بیتەوە، هەمیشە خەیاڵبازان و خۆزیا خوازان لە کاروان بەجێ ماون. پیم وایە خۆزیاو بریاو خۆزگەو کاشکێ.. کۆمەڵێ ووشەن لە قۆناغی بێ دەسەڵاتی مرۆڤدا، ئیدی بێ دەسەڵاتی بەرانبەر بە دیاردە سروشتییەکانی کەون یا سیستەمە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان بووبێ. سەریان هەڵداوە و پەیدابوون. خۆزیا، تەنانەت «اضعف الايمان»ەکەش ناگریتەوە.

هەڵبەتە لە هەموو قۆناغیکی مرۆڤایەتیدا دەسەڵاتداران و سانسۆرچییان زۆریان کەیف بە خۆزیا هاتووەو پشتیوانی تەواوی خۆیان لیکردووەو لە هەولّوکۆششی ئەوەدابوون زۆرترین ژمارەی خۆزیاخوازان لە دەوری خۆکۆبکەنەوەو باشترین بت پەرستانی خۆزیا لەبتخانەی خۆزیا لیخوازراوان رابگرن، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە زەمینەیەکی بێ هەراو هەنگامەو بێ سەریەشە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتدارانی خۆ ساز بکەن و لەلایەکی دییەوە لاف و گەزافی دیموکراتیەت پەروەری لێ بدەن و بت پەرستانی خۆزیا، بکەن بە دەست کەلای دەستی خۆو دیوجامەی راوە جەماوەر.

من بۆ خۆم تاڕادەیەک لەگەڵ سازش دام، سازش بەو مانایەی دوو لایەن یا پتر لە گۆڕێ دا هەن و هیچیان بە تەسلیم بوون قایل نابن، بەڵکو مامەڵە لەسەر چەندیتی و چۆنیتی وەرگرتن و بەخشین دەکەن.. بەڵام لە هاوکیشەی خۆزیادا ئەو جۆرە هاوسەنگییە نامینێ و نییە.

خۆزیاخوازان پێ بحەسەن یا نا، زەمینە بۆ تەسلیم بوون خۆش دەکەن و کاتێ بەخۆ دەزانن بتپەرستی ئەمەکداری بتخانەی خۆزیان و ئەقڵیەتی تەحلیلی مرۆڤانەی ئازادیان کۆچی کردووەو خاکی بەر پیی خۆزیا لیخوازراوان دەماڵێ و ئەنجام یەک لایەن لە هاوکیشەکەدا بوونی دەبێ و جگە لە خۆزیا لیخوازراوان هەموو لایەنەکانی دی هاوکیشەکە دەسڕینەوەو دەچنە خانەی نەبووەوە.

کورد، زۆر لە میژە گوتویەتی: "داری خۆزیا داریکی بیبەرە". هیچی لێ شین نابێ.. ئیدی دەبێ پەروەردەکردنی ئەم دارە بۆ ئەدیبیک یا شاعیرێ یا



رۆشنبیریک چ بگەیەنێ؟! لە کاتیک دا بوارەکانی ئەدەب یەعنی چەک هەڵگرتنیکی مەسئولانەیە.. کە ئەو چەکە هەڵگیرا ئیدی چ پەردەیەکی ریاگۆیی یا دوروویی داد ناداو نابێ بە پاکانەیەکی ساختە. بە کورتی چ دەرفەتیکی موجامەلەی خۆرایی نامینێ.. تۆ و سەنگەرەکەت، ئەو و سەنگەرەکەی.. هەر کە لە کاتی پیویستدا چەکەکەت بەکار نەهینا، ئیدی تەسلیم بووی و پەیامی پیرۆزی مرۆڤ دۆستی خۆ دەدۆڕینی، چونکە:

"نووسەران، ئاڵاهەڵگری میللەتن».

"شاعیران، یاساریژی ئیعتراف پینەکراوی هەموو جیهانن".

دیارە دۆڕاندنی ئەو پەیامە مەزنە، بەلای کەمەوە نەفرەتی ئەدەب و میژووی لەگەڵدایە.. بۆیە گەر هەندێ لەگەڵ خۆو خەڵکی دا راستگۆبین، وەکو پیویست پەیامی خۆبەرینە سەر ئەوا ئەو دەمە رەنگە پیویستمان بە میژوونووس نەمینێ، چونکە میژوونووس، میژووی قۆناغە وەستاوەکان دەنووسنەوە، ئەدیب و هونەرمەند و رۆژنامەنووسی پەیامدار میژووی راستەقینەی ساتە زیندووە پڕ لە بزاڤەکان بەجۆریکی داهینەرانەو هونەرمەندانەو راستگۆیانە دەنووسنەوە.

بۆیە هەر دیاردەو حاڵەتیک، یا کەس و لایەنیک هی رەخنە لیگرتنە، رەخنەی بنیات نەرانەی دوور لە رق و حەزی شەخسی لێ بگرەو با تەبایی و ناتەبایی تۆ ببێ بەخیرو فەڕو بەسەر رۆڵەکانی سەردەمی خۆت و پاشا خۆتدا بباریێ و با چیدی داری بێ بەری خۆزیا پەروەردە نەکرێ..

بڕۆخی خۆزیا.

**ئاڵای ئازادی ژ (٦٨)**
**١٩٩٣/٤/١١**

# قۆناغ، سەنگەری خۆی دەوێ

رەنگە قورسترین ئەزموون کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ ڕووبەڕووی ببیتەوە، ئەزموونی سەرکەوتنی شۆڕش بێ. بۆیە شۆڕشگێڕ لە سەریتی خۆی لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بسازینێ و دەرک بەوە بکا کە سەرکەوتنی شۆڕش قۆناغیکە پێویستی بە هەموو وەسایلی دیکە هەیە. جۆری تازەی کارکردنی دەوێ. ئەگەر هەر شۆڕشیک لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە هێندێ توندوتیژی خواستبێ، پێویستی بە پێشمەرگەی میرخاس و جوامێرو فیداکار بووبێ. ئەوا پاش سەرکەوتن پتر پێویستی بە ئەندازیارو دکتۆرو رۆشنبیرو نووسەر و هونەرمەند هەیە. گەر بگوترێ لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش و بنیات نانەوەی کۆمەڵ دا ئەندازیاریک یا دکتۆریک یا مامۆستایەک گەلێ لە پێشمەرگەیەک یا کادیریکی حزبی پێویستترە، ئەمە هەرگیز کەم کردنەوە نییە لە پلەو پایەو قەدرو حورمەتی پێشمەرگە یا کادریکی سیاسی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە حاڵە هەرە دروستەکەی سەنگەر بەیەکدی سپاردنەو کاروانی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتیش هەر بەم شیوەیە لەگەردا بووەو لە گەردایە. چونکە هەر قۆناغیک سەنگەری خۆی هەیەو هەر سەنگەرەش پێشمەرگەی تایبەتی خۆی دەوێ. بۆیە پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و حکومەتی کوردستان ئەم خاڵە گرنگە رەچاو بکەن و بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری وولات وابەستەیی سیاسی نەکەن بەخەمی هەوەڵ و ئاخیرو ئەو برا بەشییە سیاسییە وەلابنرێ و پتر پشت بە نیشتمان پەروەرانی بە تواناو دڵسۆزو هەڵویست شەریف ببەستن و بیانکەن بە شەریک و هاوبەشی راستەوخۆی ئەم مەسئولیەتە میژوویییە گەورەیەی کە ئەمرۆ لە ئەستۆی هەر کوردیکی بە شەرەفی دڵسۆزدایە، بۆ ئەوەی سبەی رۆژێ گەر ئەم وەزعە بە باریکی خراپدا کەوتەوە کەس ئەم حیزب و ئەو لایەنی سیاسی نەفرەت باران نەکات و مەزاتخانەی وطنیات فرۆشی لەسەر حیسابی ئەم و ئەو نەکاتەوە. یا گەر وەزعەکە ئارامی گرت و سەقامگیر بوو چ حیزب و لایەنیک دووچاری خۆ پەسەندی سیاسی نەبێ و بەرەو دکتاتۆرخانەمان رانەدا، با حیزب و لایەنە سیاسییەکان ئەرکی بنەڕەتی خۆ ئەنجام بدەن کە بۆ قۆناغی ئیستا بە پلەی یەکەم بریتییە لە



شۆڕشگێڕاندنی جەماوەری خەڵک، چونکە کە جەماوەری شۆڕشگێڕمان هەبێ، شۆڕش لە ئەقڵ و ویژدان و رەفتاریان دا بەرپابوو ئەو دەمە دەحەسیینەوەو ترسمان لە هیچ نابێ، ئەو جەماوەرە بۆمان دەبێ بە توێشوی هەموو قۆناغیکی تەنگانە و شینەیی. بۆیە لایەنە سیاسییەکان سەرەڕای ئەرکی ئاراستەکردن و ئامۆژگاری سیاسی نابێ کاریکی وا بکەن نیشتمان پەروەرو رۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندان بخەنە پەراویزی ژیانی سیاسییەوە، چونکە تەنیا بەمە هەموو دەبین بە شەریکی مەسئولیەتەکەو رۆژ بەرۆژ پتر گەشە دەکەین و لەهەموو مەترسییەکی دەرەکی و ناوخۆ دەخەلەسیین و راستە ریگەی خۆشگوزەرانی و بەختیاری وەبەر دەگرین. بە شانازییەوە بەشداری کاروانی ژیانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکەین و دەبین بە شەخسیەتیکی بە حورمەت و ناسنامەدار پڕ دەدەینە ناو جەرگەی ژیان و چیدی بەوە قایل نابین لەپەراویزدا بژین.

**ئالای ئازادی ژ (٦٧)**
**١٩٩٣/٤/٤**

# میهرەجانی مەلای جزیری

سازدانی ئەم میهرەجانە خۆی لە خۆیدا جۆرە خەمخۆرییەکە بۆ باری ڕۆشنبیری و نەتەوەییمان. جزیری و خەڵکانی وەکو جزیری لە بواری خۆیاندا میژووسازی گەورەن. جزیری لە ریگەی دەقی شیعرییەوە بەشیک لە میژووی ناوەوەی میللەتی کوردی راستگۆیانە نیشانداوە. بۆیە سازدانی ئەم میهرەجانە بۆ کەسایەتییەکی ئەدەبی وەکو جزیری وەفادارییە بۆ میژووی ئیستامان و سپاردنیەتی بەهزری نەوەکانی ئەمڕۆمان و هاندانی نەوە تازەکانە بۆ خویندنەوەی ئەو میژووسازە گەورەیە تا فیری ئەوە بن وەکو چۆن ئەو ئالییەتیکی بۆ چۆنیەتی رەفتار دەگەڵ کەرەستەی واقعی خۆیدا خوڵقاندووە، ئەمانیش بەو شیوەیەو بە نەفەسیکی هاوچەرخانەوە، رەفتار دەگەڵ واقیعی خۆدا بکەن و ئالییەتیک بۆ ئەمڕۆی خۆیان بخوڵقینن. هەڵبەتە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە هەوڵدانیکە بۆ یەکخستنی خیتابی ڕۆشنبیری کوردی.

ئەگەر جزیری رۆڵەی میللەتیکی خاوەن دەوڵەت بووایەو لەسەردەمی خۆیدا دیوان و بەرهەمە شیعرییەکانی بە هەزاران نوسخە بلاوبکرابووانەوەو جەماوەری خەڵکی کوردستان خوینەوار بوایەن، ئەوا بیگومان چەندین جزیری ترمان دەبوون و ئیستا پتر لە میژووی ڕۆشنبیری و نەتەوەییماندا رەگاژۆ دەبوو، دەوریکی گەورەی دەبوو لە یەکخستنی خیتابی ڕۆشنبیری کوردیدا، چونکە جزیری شاعیریکی زۆر گەورە بووەو دەبوو بە قوتابخانەیەکی شیعری.

دیارە جزیری شاعیریکی بەرزە خەیاڵ و گەرمە هەست و پڕ جۆش سۆز پەنگ خواردووی وەها بوو، کە شیعری ئاسایی هەرگیز باری نەبردووە، بۆیە ناچار بووە جۆرە دەقیک بخوڵقینێ کە سەراپا هەر شیعرو شیعرییەت بێ و هەر خوینەریک، خویندنەوەی خۆی بۆی هەبیت، ئاشقی هەقیقی، خۆی و مەحبووبەکەی لەبن دیڕەکانیدا بدۆزیتەوە، سۆفی و دیندار بکەونە حاڵ و جەزبەو سروودی (أنا الشعر) بڵێن و بڵێنەوە.

بەهەر حاڵ رۆژانی میهرەجان، زۆر بابەتی هەمەجۆری تیدا پیشکەشکرا. جەماوەریکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان و ئەدەب دۆستانی ناوچە



جیاوازەکانی کوردستانی -بەجیاوازی بیروبۆچوونەوە- بۆماوەی چەند رۆژیک کۆکردەوەو ئەوەی ساغکردەوەکە خیتابی ڕۆشنبیری لە خیتابەکانی دی کاریگەرترو هەمەپەسندترەو خیتابی ڕۆشنبیری ئاسانتر بەردەوامی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەستەبەر دەکات.

بەندە پیم وایە خاڵی لاواز لەوەدا بوو کە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان لە دەربی دەقەکانی جزیریدا ڕۆنرابوون و بەدەگمەن بابەتیک هەبوو لەسەر خودو ناوەوەی دەقەکان ڕۆنرابێ، لە کاتیکدا هەموو دەزانین جزیری وەکو دەق خوڵقینیکی بالادەست روحی خۆی بە زندوویەتی دەقەکانی سپاردووە. دەنا ئەویش وەکو هەزاران هەزار مرۆڤی سەردەمی خۆی دەمردو چ کەسیک هەر ناویشی بیر نەدەما.. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە جزیری تەنیا شاعیر بووەو چ لەقەبیکی دی هەڵناگرێ و بۆ هەر شتیکی دیکەش بگەڕیی هەر لە ناوەوەو لەبن دیڕی شیعرەکانیدا دەیدۆزیتەوەو بەهەر هەموو ئەوانەش دەقیک پیک دەهینن کە مەلای جزیری خوڵقاندوویەتی و تەنیا سەر بە گەردوون و کەونی شیعرییەو هیچی دیکە.. واتا جزیری لە دەربی شیعردا هیچ بوونیکی نییە..

لە کۆتاییدا دەیڵێمەوە کە میهرەجانی جزیری هەوڵیکی جوان و پیویستە بۆ خوڵقاندنی کەشوهەوای یەکخستنی خیتابی ڕۆشنبیریمان..

**ریگای کوردستان ژ (٤٢١)**
**٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٠٠**

# گیانی خانی

بیگومان ئەدەبیات رۆڵی گەلەک مەزن لە خەملاّندن و پیکهینانی وەعیدا دەبینیت وەعیش هەوین و تانوپۆی میژوو پیک دینیت.. هەڵبەتە ئیمەی کوردیش بەشی خۆمان ئەدەبیاتمان بووەو هەیە. ئەحمەدی خانی یەکیکە لە لوتکە هەرە دیارەکانی ئەدەبیاتی کوردی بە زەبری وشەی رەسەن، واقیعی کۆمەلاّیەتی و میژوویی سەردەمی خۆی بۆ تۆمار کردوین و بۆ ئیستاو ئایندەی میللەتی کورد مایەی شانازییە. لە رۆژی ١٩٩٥/٦/٣٠دا لە شاری دهۆکی شیرین و دڤەری بادینانی خۆشەویستدا، میهرەجانیک بۆیادی ٣٠٠ ساڵەی نووسینی مەم و زین-ی شاکاری خانی سازکرا.. هەڵبەتە وەکو چۆن میهرەجان (میهرگان) وشەیەکی ئیرانییەو بەمانای جەژن و رۆژی پیرۆزو مەزن بەکار هاتووەو لە کۆندا لە دوای جەژنی نەورۆز، بە گەورەترین جەژن دانراوە، بۆ ئەمڕۆکەش هەر هەمان مانای پیرۆزی و جەژن و ئاهەنگی جارانی لەدەست نەداوەو ئەمڕۆکە پتر بۆ کۆڕو ئاهەنگی مەزن و گەورەی رۆشنبیری بەکاردیت و بەهەمان شیوە میهرەجانی خانی بوو بە جەژنیکی کوردانەی شایستەو لەبەر دلاّن. بەهەر حاڵ میهرەجانەکە وەکو جەژنی ریزنان لە خانی کاریکی گەلەک بەجێ و پەسند بوو.. دیارە ئەم جۆرە یادو یادکردنەوانە، جگە لەوەی ئەرکی نیشتمانییە، لە هەمان کاتیشدا بەردەوامی و کۆکی بەمیژووی میللەت دەبەخشیت.. میهرەجانی خانی ئەگەر لە رووی ناوەڕۆکی ئەدەبییەوە زۆر دەوڵەمەند نەبووبیت و باری سەرنج و موناقەشە هەڵبگریت، ئەوا لە رووی کوردینییەوە بوو بەو رۆژە مەزنەی کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، بە جیاوازی بیرو باوەڕیانەوە تیایدا هەڵپەڕن و هەر کەسە بەشیوازی خۆی گوزارشت لە شادی خۆی بکات.. ئاشکرایە ئەم میهرەجانە لەو کاتەدا هاتە ئەنجامدان کەماوەی ئاگر بەستی نیوان کورد! بەرەو تەواو بوون دەچیت و دوولایەنە شەڕکەرەکەش دڕدۆنگ بەرانبەر یەکتر وەستان و سورن لەسەر یاری کردن بە چارەنوسی میللەت و بە فیرۆدانی دەسکەوتەکانی کوردو هەر لایەک بەجۆرێ پاکانە بۆ شەڕ دینیتەوەو دەیەویت وا لە خەڵکی بگەیەنێ کە گەیشتنە ئاشتی مەحاڵە یا زۆر زەحمەتە!.. بەلاّم هەموو دەزانین لەم



جەژنەدا گیانی خانی پیی سەلماندین کە ئاشتی گەلیک لەشەڕ ئاسانترەو گەر قەرار سازانی کورد دەستبەرداری بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و حزبی بن، ئەوا کو رد هەرگیز شەڕی کوردکوژی ناکات..

گیانی خانی جاریکی دی ئەوەی سەلماند کە ئەگەر بە دەیان سیاسی! نەتوانن کورد لەسەرخوانی ئاشتی کۆبکەنەوە ئەوا تاقە ئەدیبیک ئەم کارەی پێ دەکریت، چونکە ئەوەتا خانی مەزن بۆ جاری دووەم کورد یەکدەخات، جاریکیان لەسەرخوانی مەم و زین و ئەمجارەیان لە باوەشی دهۆکی دەلالداو لەسەر خوانی واقیعی ئاشتی ویستیدا کۆی کردینەوە. بۆیە ئومید ئەوە ژ قەرار سازان، چاو لە خانی مەزن بکەن و چیدی نەدەن ئازاری کوردان.. دلّیان نەیەت ئەم جەژنەی خانی مەزن بشیوینن.. جاریکی دی دەیلیمەوە، میهرەجانی خانی سەلماندی کە ئاشتی، گەر بمانەویت نەک هەر زەحمەت نییە، بگرە گەلەک لەشەڕ ئاسانترە.

**ئالاّی ئازادی ژ (١٧٨)**
**١٩٩٥/٧/٩**

## ئایا هۆی سەرەکی تەڵاق پیاوە؟

بێگومان هەر دیاردەو رووداوێکی ناو مێژوو شەرعییەتی خۆی لە سەردەمی خۆیەوە وەردەگرێت، ئیدی ئەو دیاردەو رووداوانە بە پێی زەرورەتەکەو گۆڕانکاری زەرورەتەکان و تەنانەت نەمانیان، گۆڕانیان بەسەردا دێت و تەنانەت نامێنن.

ژن و مێردایەتی لە قالوبەلاوە پەیمانێکی ئازادی سەربەخۆ بووە لە نێوان ژن و مێرداو هەریەکەیان متمانەو باوەڕی تەواویان بەیەکدی هەبووە. دیارە لە هەموو سەردەمێکدا جۆرە پرەنسیپێک هەبووە بۆ دەربازکردنی ئەو پەیمانە ئازادە لە تەنگانەو ئاستەنگان، رەنگە ئەو پرەنسیپانە لەهەر قۆناغێکی مێژوویی تیرەی بەشەردا جۆرە ناوێکی هەبووبێ.

مێژووی رۆژهەڵات، مێژوویەکی نێرە، چەرخی رۆژگاری ئەم مێژووە بە قازانجی پیاو گەڕاوە.. پیاوسالاری سێبەری بەسەر هەموو بنەماو دەرهاویشتەیەکی ئەم مێژووەوە دیارە.

مەسەلەی تەڵاق کە لە بنەڕەتدا بۆ رێکخستنی پەیوەندی ژن و مێردایەتییە، بۆ دەربازکردنی پەیوەندی ژن و مێردایەتییە لە ئاستەنگان و کوێرە کۆڵانانی ژیان، لە سایەی مێژووی موزەکەردا، زیاتر لە دەستی پیاودایەو جۆرە دەستکەوتێکی مێژووی پیاو سالارییەو بە پیاو بەخشراوە.. دیارە زۆر هۆ بۆ ئەمە هەن، لەوانە باری ئابووری و بەرهەمهێنان، کە زیاتر لە دەستی پیاودایە.

بەڵام وەکو لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد مادامێکی ژن و مێردایەتی پەیمانێکی ئازادی.. ئیدی نابێ پیاو تەڵاق وەکو چەکێک تەماشا بکات و لەوەخت و لە ناوەختدا بەکاری بێنێ، بەڵکو دەبێت زۆر بە مەسئولییەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

هەرگیز هۆی سەرەکی تەڵاق پیاو نییە. زۆر هۆ هەیە، بەڵام رەنگە پیاو لە سایەی مێژووی موزەکەردا ئاسانتر یەک لایی بکاتەوە... رێژەی زیادبوونی تەڵاق لە سەردەمی ئێستادا، زادەی ناکامی هەڵبژاردنی هاوسەرە لەلایەن هەردوو تەرەفی ژن و مێردایەتییەوە، چونکە بناغەیەک کە فشەڵ بێت، هەر بینایەکی لەسەر رۆبنرێ زوو دەڕوخێت و هەرەسدێنێ.. زۆرجار



ژن و مێردی نەگونجاو و ناتەبا خۆیان دەکەن بە قوربانی لۆمەو گازاندەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و خۆیان لە یەکدیدا حەپسی ئەبەدی دەکەن. بۆیە ئێستاکە سەردەم هەندێ گۆڕاوە، دەبینی رێژەی تەڵاق زیادی کردووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بانگەوازە بۆ ئەوەی کوڕوکچ بە چاوێکی واقیعیانەوە بڕواننە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ووردوو سەرکەوتووانە هاوسەری ئایندەی خۆیان هەڵبژێرن.

تەڵاق یەک لاکردنەوەکەی لە دەستی پیاودایە، دەنا هۆیەکەی تەنیا پیاو نییە، بەڵام لەگەڵ داڕوخانی مێژووی موزەکەردا، ئەو چەکی تەڵاقەش نامێنێ و هەنگێنێ دەبێت بە شێوازێکی هاوچەرخانەی رێکخستنی پەیوەندی ژن و مێردایەتی و هەردووک ژن و مێرد بەیەکسانی تێیدا شەریک دەبن.

**هەفتەنامەی گوڵان ژ (٣٠٥)**
**٢٠٠٠/١١/١٦**

# دەوڵەت، دەوڵەت، دەوڵەت

له راپەڕینەوە تا نهۆ هەر هەوڵێک درابێ واقعی کوردستان پیمان دەڵێ بۆ خزمەتی یەکخستنی کوردستان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی و یەکخستنی نەتەوەی کورد وەکو بوونیکی کۆمەڵایەتی نەبووە. ساڵ بەساڵ پتر حیزبایەتی تەسک کراوە بە ئەلتەرناتیڤی خەباتی یەکبوونخوازی نەتەوەیی، چوار ساڵە کورد چەواشە دەکریت وەکو قەرەقۆز چەکی لەشان دەکریت و بەگژ یەکدیدا دەکریت، حیزبەکانمان ئەرکی دوژمنانی نەتەوەی کورد ئەنجام دەدەن و دوژمنان بسکەی سمیڵیان دیت و بێ ئەوەی عانەیەک یان قەترە خوینیک لەو پیناوەدا خەرج بکەن و بەرشتێ بدەن، ئاوات و ئامانجەکانیان بۆ بەدی دەهینین و حیزبەکانی کوردستان تازە بەتازە کەوتونەتە گەوجاندنی میللەت و گەمە دیرینەکەی ململانیی سەفەویان و عوسمانیان و کە عەجەم و رۆم بەخۆیان دەستیان لێ شۆردبوو زیندوو دەکەنەوە... تەڵفیسی بە هەوڵ و تەقەڵلاو خەبات و تیکۆشانی فکری و سیاسی یەکبوونخوازی رۆڵەکانی کورد دەکەن و میژووی یەکگرتوو، داب و نەریتی هاوبەش، خوو خدە، یەکیتی زمان و یەکیتی ئاوات و ئامانج و ئارەزووی سیاسی نەتەوەی کورد پارچە پارچە دەکەن، هەر بۆ ئەوەی حیزبەکانیان سەلامەت بن، کار گەیوەتە رادەیەک هەموو ریگەیەک بۆ بە کۆمەڵ کۆمەڵ کردنی نەتەوەی کورد گیراوەتە بەرو بە ئانقەست هەوڵی خولقاندنی رووداوی بێ مەعناو بە مەبەست بۆ پشتیوانی کردن لەو پارچە پارچە کردنە دەدریت ئەمە جگە لەوەی دەیانەویت پەردەی میژووشی بەسەردا بدریت و ئەمە ئاشکرا بووە کە حیزبەکان جەماوەری خەڵکیان بۆ خزمەتی خۆیان دەویت نەک بەپیچەوانەوە خۆ دروشمەکانیان بە ئاشکرا ئەم حەقیقەتە دەسەلمینیت. ئەمساڵ سەری پینج ساڵە هەستی نەتەوەیی لە هەردوو ئاستی رۆشنبیری و سیاسییەوە لە بەرچاوی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەخریت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاونانە لە بڕی داگیرکەرانی کورد.. بەهەر حاڵ لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو حەقیقەتە چەسپیوە کە بوونی دەوڵەت فاکتەریکی گەلەک گرنگە بۆ یەکخستنی نەتەوە وەکو بوونیکی کۆمەڵایەتی. ئیستا کورد هەموو بنەماکانی نەتەوەی تیدایە. بەڵام کورد



نابێ بەوەندە واز بینێ. چونکە ئەم بوونە نەتەوەییە هەرەشەی فرەی لەسەرەو یەکیک لەو هەڕەشانە نەبوونی دەوڵەتیکی کوردیە کە ئەم نەتەوەیە وەکو بوونیکی کۆمەڵایەتی لە چوارچیوەی خۆیدا گرد بکاتەوەو لە میژوودا ریشاژۆی بکات. کورد دەبیت لەسەر ئەو حاڵە رژد بێ، چونکە ئەگەرچی رەوتی میژوو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردی بۆنی بەرەو یەکچوونی کوردی لێ دیت، بەڵام ئەمە مانای وانییە بێ خەم بین و کۆسپە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان بە هەند نەگرین، هەزارو یەک حیساب و وردە حیسابی بۆ نەکەین... دیارە پارچە پارچە کردنی کوردستان و بە کۆمەڵ کۆمەڵ کردنی کورد، ڤیانی داگیرکەرانی کوردەو خۆشبەختانە تا ئەم ساتەوەختە لە ناوەوەو لەناو جەرگەی جەماوەری نەتەوەی کورددا پشتیوانی لێ ناکریت، چونکە جەماوەری زەحمەتکیشی نەتەوەی کورد هەر بە بۆن پەی بەوە بردووە کە یەکبوونی قەوارەی سیاسی دەوڵەت یارمەتی گەشەکردنی یەکیتی نەتەوەیی دەدات، دیارە پیچەوانەش پیچەوانەیە رەنگە گەلیک لە زاناو داناکان لەوەدا یەک بگرنەوە کە: دەوڵەت تەرجەمەی یاسایی نەتەوەیە، کە دەوڵەت دەکاتە نەتەوەی خاوەن سەروەری کە دەوڵەت پەرژینی نەتەوەیە، کە نەتەوەش پەرژینی بوو لە باری سیاسییەوە ریک دەخریت، کەواتە دەوڵەت یەکیکە لەو خاڵە گرنگانەی دەبێ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەتایبەتی زاناو داناو رۆشنبیرو هونەرمەندو ئەهلی قەڵەم زۆر لەسەری موکوڕ رژد بن و هەندیک خۆمان لە پەتای ئەم حیزبایەتیە باوەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بپاریزین و نەیەڵین بمانکەن بە قەرەقۆز... بەڵام ئایا واقیعی هونەری و فکری و ئەدەبیمان لەو ئاستەدایە کە لە عودەی ئەم کارە بیت؟! بە داخەوە بەرهەمی فیکری و هونەری و ئەدەبی کوردی لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێ جیگەی بۆش و بەتاڵی واقیعی هەژارو فشەڵی سیاسیی کوردمان بۆ پڕ بکاتەوە. ئیمە تا ئەو ساتەوەختە لەو بارەیەشەوە هەر قڕەی نەتەوەکانی دنیاین و لە قات و قڕیەکی رۆشنبیری مەترسیدارا دەژین و ریژەی باڵای نەخویندەواری جەماوەری زەحمەتکیشی نەتەوەی کوردیشی بیتە سەر کە ئەمەش کوڵەی رۆشنبیرانی کوردی وەکو تویژیکی ریبەر کوتاوەو بە ئاسانی دەنگیان ناگاتە جەماوەری زەحمەتکیش. خۆ گەر ئەگەری بەکارهینانی هەندیک دەزگای تەلەفزیۆن و رادیۆش بەپیی بەرنامەیەکی ئامانجدارو بەزمانی سادەو نزیک لە تیگەیشتنی رەمەکی مەردوم هەبێ و دڵنیابین لەوەی کە دەوری گەورە

دەبینێ لە یەکخستنی هەستی نەتەوەیی لەلای جەماوەری زەحمەتکیش ئەوا مخابن ئەو دەزگایانەش لە رۆشنبیرانی راستەقینەو بەهەڵویست و شۆڕشگێڕو کورپەروەر دوورن و بۆ قازانجی حیزبایەتی تەسک بەکارهینراوەو زۆرجار لەو بڵند گۆیانەوە پێ زانرا بیت یان نەزانرابیت هونەر، رۆشنبیری، میژوو، بوونی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد شیوینراوە، ئەمە جگە لە دەستەوەستانی و بێ باشاری رۆشنبیران خۆیان یان قەیرانی رۆشنبیری و ئیفلیجی رۆشنبیری راستەقینە، وەکو تویژیکی منەوەرو ریبەر... بۆیە بەزەقی دیارە کە رۆشنبیران کەوتوونەتە یا بەرەی پارەو دەم چەورکردنەوە یان بەرەی هەڕەشەو چاو لێ سوور کردنەوەو زار لێ کلیل دانەوەو کراون بە فەرمانبەری گوێ رایەڵ و لە دامودەزگای راگەیاندن و رڕشنبیری حیزبیدا ئەرک و پەیامی نەتەوەییان فەرامۆش کردووەو وەکو تویژیکی منەوەر (ئەنتلجنسیا) لە بڕی پیشڕەوایەتی نەتەوە بکات کە ئەرکی سەرشانیەتی بەتایبەتی لە سەردەمی راپەڕینی نەتەوەییدا دەست بەرداری رۆڵی ریبەرانەی خۆی بووەو تواناو بەهرەی خۆی خستۆتە خزمەتی حزبەکانەوە کە مخابن بە نەفەسیکی وەحدەویانەی نەتەوەییەوە حیزبایەتی ناکەن.

خەڵکی لە نەتەوەو گەلی نەبوو قەوارەی سیاسی بۆ خۆیان دروست دەکەن. میژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، بە بەرنامە هەستی نەتەوەیی هاوبەش دەخولقینن ئیمە هەموو بنەماکانی نەتەوەییمان هەیە کەچی لەبەر خاتری بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و حیزبی لەبن پیی دەنیین و خۆمانی لێ بەخودان ناکەین. رۆبرت ئەمرسۆن لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەو نەتەوانەی لە ئەمریکای باکوورو باشووردا پەیدا بوون بەشیوەیەکی تایبەتی قەرزارباری هیزە سیاسیەکانن. ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی کە هاتنە ئاراوە کاریان تەنیا بۆ بەهیزکردن و چەسپاندنی هەست کردن بە فەردیانەت و زاتیەتی نەتەوەیی نەکردووە بەڵکو کاریان بۆ خولقاندنیشی کردووە). بەم پییە دەتوانین بڵیین کە دەوڵەت ئەو قالبەیە کە نەتەوەی وەکو بونیکی کۆمەڵایەتی تیدا دەمەیێ، بۆیە دەبیت هەموو هەوڵ و کۆششیک بۆ دامەزراندنی دەوڵەوت تەرخان بکەین و هەر دەوڵەتە کە نەتەوە لە پەراگەندەیی و ئەگەری پارچە پارچە بوون دەپاریزیت. ئەمڕۆ لە سەردەمیک دا دەژین کە بوونی نەتەوە بەندە بە بوونی دەوڵەتەوەو ئەگەر دەوڵەتیک دەوڵەت بێ لە هیچی نەبوو نەتەوە دەخولقینێ هەر ئەم خاڵەشە، واتە



نەبوونی دەوڵەت، کە کۆڵەی نەتەوەی کوردی کوتاوەو هەڕەشەی نەمان و پارچە پارچە بوونمان لیدەکات. هەر ریچکە خەباتیکیش بەرەو دەوڵەتی کوردیمان نەبات خەباتیکی بێ هودەیەو بەفیڕۆدانی هەوڵ و کۆششی مرۆڤی کوردە، شیواندنی بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردە

**سەرچاوە:**

الدولة القطرية والنظرية القومية- جورج طرابشي الطبعة الاولى شباط ١٩٨٢.

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٠)**
**١٩٩٦/٣/٣**

# دوو ڕیان

ئاشکرایە، حزبایەتی، یان سەرهەڵدانی حزب بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەری میژوویی و کۆمەلاتی و نەتەوەیی و چینایەتییەوە، واتە سەرهەڵدانی حزب، بەر لە هەر شتیک هەنگاویکی شارستانیانەی گەورەیە، بەتایبەتی گەر ئەو حزبە، حزبیکی میژووکردبێ، نەک دوکانیکی سیاسی دەستکردی ئەم و ئەو بێ!!

سەرهەڵدانی حزب لەنیو کورددا، بۆ خۆی یەکیک بووە لە دەلالەتەکانی، خەملینی هەستی نەتەوەیی بەم پییە دەتوانین بلێین خەملینی هەستی نەتەوەیی لە نیو کوردەواری دا، دەگەڕیتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم سەدەیە ئەوەتا لەم ئاخرو ئۆخری سەدەیەدا، کورد لە ئەنجامی خەبات و قوربانی دانیکی گەلەک زۆرو لە ئەنجامی هەڵکەوتنی باریکی بابەتی ناوچەیی و جیهانی دا، توانی بۆشاییەک لە ناوچەی خۆیدا پڕ بکاتەوەو بەلاسایی کردنەوەی کاروانی مەدەنییەت، پەرلەمانیک دروست بکات.. بەلام خەڵکانیک کە لە ناخی ناخ دا مەدەنی نەبن، شەوو ڕۆژ لافی مەدەنییەت لیبدەن هەر نابنە مەدەنی و شارستانی.. بۆیە ئەوەتا میللەتی کورد خراوەتە سەر دووڕیانیکی گەلەک خەتەرو چارەنووسیکی تەم و مژاوی و نادیار.. وەزع و حاڵیک لە کوردستان هینراوەتە گۆڕێ، کە هەر چەند دیقەتی دەدەی نە شۆڕشەو نەحکومەت! دیارە ئەم حاڵەتی نەشۆڕش و نەحکومەتییە، تەنیا زیانی میللەتی تیدایەو بەس.... چونکە لەم حاڵەتەدا میللەت چ شۆڕشیک شک نابا، تا بە ئینشتاق بیزاری و کاردانەوەی خۆی دەربڕێ و نە حکومەت شک دەبا تا بە ئینقلاب، کاردانەوەی خۆی دەربڕێ و لەم دووڕیانە ڕزگار بێ.

**ئاڵای ئازادی  ژ (١٧٠)**
**١٩٩٥/٥/١٤**



# F.M

بیگومان، دیاردەی فرە حزبی و ئازادی بانگەشەی حزبایەتی، بەشیک لە بنەماکانی دیموکراتیەت پیکینێ. هەڵبەتە دیموکراتیەت تەنیا لەکەش هەوای فرە فیکریدا بەدیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێ. دەنا لە کەش و هەوای تاک فیکریدا، شتیک نامینێ ناوی دیموکراتییەت بێ، بۆیە فیکری موخالیف مەحەکە بۆ دیموکراتیەتی فکری باو.. دیموکراتیەتی هەر فیکریکی باو، بەوەوە بەندە کە تا چ ڕادەیەک ڕیزی فیکری خەنیمی خۆی دەگرێ. ڤۆلتیر لە وتەیەکی دا دەبیژێ: (ڕەنگە لەڕاو بۆچوونم دا لەگەڵت جیاواز بم، بەلام ئامادەم خۆم لە پیناوی ئازادی دەربڕینی ڕای تۆدا، بەخت بکەم..)

مرۆڤ، بە سروشت هەمەجۆر خوازەو کەڵکەڵەی لە دەرگادان و بەناو کەوتنی هەموو جۆرە فیکرو بیستنی هەموو چەشنە دەنگیکی هەیە، بۆ ئەوەی لەنیو هەموو فیکرەکاندا، فیکری پەسەندی خۆی و لەنیو دەنگەکاندا، دەنگی دڵخوازی خۆی هەڵبژیرێ و بەشیوەیەکی ئارەزوومەندانە خۆی پێ گۆش و پەروەردە بکات و بەدەر لەهەر دوودڵییەک ریبازی خۆی هەڵبژیرێ.

دیارە کەسیک کە ئەمەی بۆ خۆی پیخۆش بێ، دەبێ بۆ خەڵکانی تریش پەسندی بکات. هەڵبەتە ئەمە خۆی لە خۆیدا مامەلەیەکی دیموکراتیانەو شارستانیانەیە.. کەچی لە وولاتی مەدا.

لە باشووری کوردستان، پاش ئەوەی کاودانیکی بابەتی هەموار چیبوو، ویستمان بڕەک لاسایی دیموکراتیەت بکەینەوەو دیموکراتیانە ڕەفتار بکەین.

بەلام ئیمەیەک کە هەر یەکەمان لە ناخ دا، دیکتاتوریکی باوەکوشتەی دیموکراتیەتمان هەڵگرتووە، بەقسەی زل نابین بە دیموکرات!! ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە چتۆ دیموکراسی لە خاچ دەدرێ.. و هەر کەسیک لە حزبیک لە حزبەکاندا دەکرێ- بەڵێ دەکرێ، نەک دەبێ، قەید کردنە قەید کردن گەلۆ!.. بە ئەندام بەر لە هەر شتیک بە پەلە (**F.M**)ەکەی میشکی دەردەهینرێ تا جگە لە دەنگی حزبەکەی خۆی! دەنگی چ حزبیکی دی وەرنەگرێ.... ئەوجا دەستیک بە پشتیدا دەدرێ و بڕۆ دیموکراتیەت هەی دیموکراتیەت!..

**ئالآی ئازادی ژ (١٧١)**
**١٩٩٥/٥/٢٨**

# مووچەو فەرمانبەر

مەسەلەی فەرمانبەرو مووچەو مووچەخۆری دیاردەیەکی میژووکردە. لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی پیوەندییە بەرهەم هینەرەکاندا لە دایک بووەو زەرورەتی سیستەمی کارو دابەشکردنی کار دای هیناوە. ئەم سیستەمە کەم و زۆرو بەپیێ پەرەسەندنی ئەو رژێمانەی کوردیان پیوە لکینراوە، کوردیشی گرتۆتەوە. ئەمرۆکە لە باشووری کوردستاندا کە کورد خۆی بەریوەی دەبا، فەرمانبەرو موچەخۆر ریژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارو شارۆچکەکان پیک دینن، ئەم خەڵکە لەوەتەی راپەرین بووە، تاقە یەک مانگ بە دڵنیاییەوە موچەیان وەرنەگرتووە. ئەوە چوار ساڵە کەل و پەلی ناومالّ هەراج دەکەن و بە بژیوی دەدەن. چوار ساڵە کەل و پەلی ناومالّ هەراج دەکەن و بە بژیوی دەدەن. چوار ساڵە بە دروشمی بێ بنج و بناوانی (سەری بەرز بۆ موچە نەوی ناکەن) رۆژیان پێ دەبریتە سەر.. بەراستی کەسیک کە گویی لەو دروشمە دەبێ، بیری بۆ ئەوە دەچێ کە دەبێ موچەخۆر بە دریژایی میژوو، مادامیکی موچەی وەرگرتووە، سەری شۆڕ بوو بێ!..

دیارە ئەم دروشمە هەڵقوڵاوی بیرو بیرکردنەوەی دەرەبەگایەتییەو خواست و حەزی تەسکی حزبایەتی لە پشتەوەیەو بەهیچ جۆرێ لە واقیعی کۆمەڵایەتی و بژیوی فەرمانبەرانەوە هەڵنەقوڵاوەو گەر بۆ ماوەیەکی گوزەرای کەم خایەن پاکانەی خۆی هەبوو بێ، ئەوا بۆ ئەمرۆکە هیچ جۆرە پاکانەیەک پینەی ناکات. وەکو چۆن جوتیار بەزەوییەوە جوتیارە، ئاواش فەرمانبەر بە مووچەوە فەرمانبەرە.

جوتیار لە زەوی دابڕا، ناسنامەکەی ون دەبێ، فەرمانبەریش مووچەی نەبێ فەرمانبەر نییە.. بۆیە داواکردنی موچەو بەپێ داگرتنەوە نەک هەر سەر نەوی نەکردن نییە، بەڵکو مافیکی زۆر رەوایە بەپیچەوانەوە داوا نەکردنی شەرمەزارییە، چونکە بە دریژیی میژوو، موچە نرخی ئەو رەنجە بووە کە فەرمانبەران و موچە خۆران داویانە. هەڵبەتە زۆر جار موچەکە لە نرخی رەنجەکە کەمتر بووەو ئەمەش ململانیی چینایەتی و پیشەیی لیکەوتوەتەوەو دەیان خۆپیشاندان و راپەرینی لیکەوتوەتەوە.



ئەمە جگە لەوەی لە موچەی مانگانەدا جۆرە چەوسانەوەیەکی نادیارو شاراوەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە دریژایی سی رۆژی مانگ، موچەی موچە خۆرەکە لە بازاڕدا مامەڵەی پێ دەکرێ و ئەم بانک و ئەو بانک دەکات و بەمەش قازانجی دیتە سەر، ئەم قازانجەش کەلە بنەڕەتدا هی موچەخۆرەکەیە، لەسەر حیسابی موچەخۆرەکە دەگەڕیتەوە بۆ بانک و بانکداران!

بۆیە داوا نەکردنی موچە، پشتیوانییە لە دیاردەی بیگاری، بیگاریش دیاردەی سەردەمی دەرەبەگایەتی و دەرەبەگایەتیش سەردەمی بەسەرچووە. خۆ رەنگە بۆ رۆژگاری برسیتی ئەمرۆی کوردستان. بیگاری، گەر بەتۆبزی میژوو بۆ پاشەوە بگیرینەوە، زۆر باش بێ چونکە بەلای کەمەوە لە سالّیکا تەنیا چەند رۆژیک بووەو لەو چەند رۆژەش دا جەنابی ئاغای خانەدان نانی دەرخواردی بیگارچییان داوە! بۆیە داوا نەکردنی موچە، لەهەر شوینیکی کوردستاندا بێ، پشتیوانی کردنی ناراستەوخۆی شەڕی کوردکوژییە، شەری کوردکوژیش لە قازانجی هەر کەسیک بێ، لە قازانجی فەرمانبەران و موچەخۆران نییە.. نەدانی موچەش بەهەر بیانویەک بێ. بریتییە لەپەرت کردنی ریزی چین و تویژە کۆمەڵایەتییەکان و برسی کردنیان و پاشان نان پیشان دانیان بە مەبەستی.. هەڵبەتە بێ هەڵویستی حزبە بچووکەکانیش لە ئاستیی ئەم دیاردەیە دەیانخاتە بەر نیشانەی ئەو پرسیارە خەتەرەی کە میژوو وەڵامی بنج بڕی دەداتەوە.

لە کۆتاییدا دەیڵیمەوە داواکردنی موچە سەربەرزیە، نەک سواڵکردن و زەکات وەرگرتن، کە چەندین مامۆستاو فەرمانبەر دووچاری بوون و لەبەر بێ موچەیی کەسایەتی پیشەیی خۆیان لەدەست داوە. کەواتە نە جوتیار بێ زەوی بۆی هەیە بڵێ جوتیارم، نە فەرمانبەریش بێ موچە فەرمانبەرە.

**ئالآی ئازادی ژ (١٧٣)**
**١٩٩٥/٦/١١**

# خەونی کورد!

مەسەلەی کورد، مەسەلەی یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکە کە هەرگیز قابیل نییەو نەبووە بەزەبری سنوری دەستکردو جبەخانەی داگیرکەر لیکدی دابېږدرێ، بەزەبری ئایدۆلۆژیای بەتۆبزی سەپینراو ئەوەی لا بچەسپینرێ کە یەکگرتنەوەی خەون و خەیاڵ و مەحاڵە.. خۆ ئەگەر بیانۆی ئەوە قوت بکریتەوە کە گوایە کاودانی ناوچەیی و جیهانی لەبار نەبن بۆ وەدی هاتنی ئەو -حەقیقەتە خەونە- دیارە کە کاری بۆ نەیەتەکردن.
هەرگیز لە بار نابێ- ئەوا کاتی ئەوە هاتووە کورد بەدەنگی بەرزو بێ ترس ئەو خەونە بگیریتەوەو کاری بۆ بکات، چونکە کورد گەر خاتری دوژمنەکەشی بگریت و خەونەکەی نەگیریتەوە!! ئەوا دوژمنانی کورد پەی پێ دەبەن و هەمیشەش لەو پیودانگەوە مامەلەیان لەتەکدا کردوین و دەکەن... کەواتە باچیتر سنووری دەستکردمان لێ نەکرێ بەو موقەدەساتەی کە قابیلی دەستکاری نەبێ، بەڵێ قابیلی دەستکارییەو ئەولاتریش، چونکە ئەم مەسەلە رەوایە لە هەست و نەستی هەر کوردیکدا هەیەو هەر هیندەمان زەحمەتە تا ئەم هەستە هەندیکی دی دەخەملێ و لە بواری پراکتیکدا وەکو واقیع و حەقیقەت دەعەمەل دێ. بۆیە هەستی نەتەوەیی فاکتەریکی گرینگەو وەکو دوژمنانی کورد هەولێ سست کردن و پارچە پارچە کردنیان داوە.
خۆشمان بە داخەوە زۆر بەجدی وەرمان نەگرتووەو کارمان بۆ نەکردووە. بگرە هیندێ جار ئارەزوومەندانەو بێ وەرگرتنی.. هیچ، ویستی نارەوای دوژمنانمان بەجوانی جیبەجێ کردووە، خەونی دوژمنی خۆمان بەدی هیناوە!
بەهەر حاڵ خۆ رۆژگار لە قالبیکا نامینێ!.. ئەوەتا پاش کپی و بیدەنگییەکی زۆر، روداوەکانی ئەم سالانەی دوایی جیهان ئەوەیان سەلماندووە کە داگیرکەرانی کورد دەبێ بەپیوانەیەکی ئەخلاقی بەسیاسەتی خودا دەرهەق بە گەلی کورد بچنەوە، چونکە سیاسەتی نا ئەخلاقی مەحکوم بە تیشکانەو داگیرکەرانی کوردیش لەوەی پتر بۆیان ناچیتە سەر کە بەپیچەوانەی دەستورو قانون رەفتار بکەن و پشت بە چەک و زانیاری عەوام خەلەتین ببەستن بۆ جیبەجێ کردنی مەبەستی خۆوو قانونیەت



بەخشین بەپیخوستکردنی مافی میللەتان.
هەڵبەتە سەربەخۆیی مافیکی قانونی هەر میللەتیکەو ئەمەش لە کەش و هەوای دیموکراسی و لە مەیدانی ریفراندومی ئازادا بەرجەستە دەبێ.
گەر زۆربەی رۆڵەکانی میللەتیک داوای سەربەخۆیی کرد، ئەوا دەبێ ریزی ویستی ئەو میللەتە بگیرێ و مافی تەواوی بدریتێ.. دەنا باوی ئەوە نەماوە میللەتیک لە رووی بێ دەسەلاتی و بێ پەناییەوە بکرێ بە قوربانی بۆچوونیک کە لە بنەڕەتدا پیی قایل نییە.. دیارە هیچ سیاسەتیک، چەند فیلبازانەو پەنامەکیانە چنرابێ، یا چەند لە سایەی دروشمی بریقەداری بەناو پیشکەوتوخوازانەدا خۆی وەشاردبێ.
ناتوانیت ئەو دیوارانە بپاریزێ کە بەتۆبزی، میللەتیک یا ولاتیک دەکا بەدوو بەش و چەند بەشەوە. ئەو دیوارانە بە بەردی پتەوی هەر ئایدولوژیایەک یا بەزەبری هەر چەکیک رونرابێ، لەبەردەم ویست و هەستی یەکبوونی میللەتدا خۆی راناگرێ و ئاشکرایە جوانترین هەستی ئینسانی، هەستی بەیەکدی گەیشتن و یەکبوونەو هیچ کۆسپ و لەمپەریکیش خۆی لەبەر ناگرێ و هەر سیاسەتیک ئەم حەقیقەتە فەرامۆش بکات مەحکوم بە نەمانە، چونکە ئایندەی شکۆداری مرۆڤ بەندە بە سەربەخۆیی و یەکگرتن و ئازادی و دیموکراسییەوە. خەونی کوردیش کە دەوڵەتی کوردییە درەنگ یا زوو هەر دیتە دی.

**ئالای ئازادی ژ (١٧٤)**
**١٩٩٥/٦/١٨**

## شا بە تاقەتی جەماوەر!

شەڕ، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. تەنیا خراپەی لێ چاوەڕوان دەکرێ. شەڕ، سڕینەوەی هەموو بەهایەکی ئینسانییە. زەمینە خۆشکردنە بۆ سەرهەڵدانی دکتاتۆریەت. شەڕ تەنیا روخانەو هیچی دی، بیناو بیناکردنی بەدوودا نایەت گەر سەرنجێکی بزاڤی نیشتمانی کورد بدەین، دەبینین دوژمنانی کورد، هەمیشەو بەردەوام هەوڵیان داوە. ئەو بزاڤانە نەبن بەشۆڕش! چونکە شۆڕش پروسەیەکی مێژوو سازە، لە پاڵ پرۆسەی روخاندندا، بیناو بیناکردنەوەشی لەگەڵدایە، جا ئەگەر ئەو بیناکردنە، تەنیا لە ئاستی بیرو بیرکردنەوەشا بێ هەر بیناکردنەوە وەعی رۆڵەکانی میللەت دەخەملێنی. ئاشکراشە کە وەعی خەملێو هەوینی مێژووە!..

هەر میللەتیکیش مێژووی هۆشیارانەی رۆنابێ، دەستەمۆ کردن و داگیرکردنی زۆر زەحمەتە.

شەڕ هەڵەیەکی هەرە گەوجانەی مرۆڤە. کە رق و کین لە ناخی مرۆڤدا دەڕوینی، مێژووی میللەت پارچە پارچەو دابڕ دابڕ دەکات و بەها پیرۆزەکان لە بەرچاو دەخات. ئابڕوو ئابڕومەندی پێ شیل دەکات. شەڕ سڕینەوەی ئازایەتییە، بۆیە گەورەترین نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ ئەو دەمانە دەست پیدەکا کە لەبەر دەم زۆرداری و زوڵمدا چۆک دابدا، زات و جورئەتی دەنگ هەڵبڕین و یاخی بوون لە دەست بدا، مەبەست لە یاخی بوون و کەڵکەڵەو ئەڵهاو تاسەی بێ ووچانە بۆ پاک بوونەوەو بە مرۆڤ بوون.. هەرگیز زوڵم و بیدادی و نەهەقی حالەتی ئاسایی نین، بۆیە هەر گاڤێ مرۆڤ بەشیوەیەکی ئاسایی تەحەمولی بکات یان لەگەڵی رابێ، ئەوا شومترین قۆناغی ژیانی دەست پیدەکا! هەر کە ئەم قۆناغەش دەستی پیکرد ئیدی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەچێ کە لەمرۆڤی بکەوێ.

هەڵبەتە ئیمەی کورد، لە مێژە لە تاقیگەی شەراندا دەجەربینرین و وا خوومان پیوە گرتووە، گەر بەریکەوت هەر سەد سالێک کەڕەتێ بۆ چەند سالێکی کەمیش دەستی دوژمنمان لێ دوور بکەویتەوە، ئەوا خۆبەخۆ بەجۆرێ بەردەبینە یەکدی کە دوژمنەکانمان خەجالەت دەکەین! دیارە یەکیک



لە هۆیەکانی ئەوەیە کە هۆشی سیاسی لای ئیمە زادەو بەرەنجامی خەملێنی فەلسەفی ناوخۆمان نییە، بەڵکو کاردانەوەی سیاسەتی دوژمنانی کوردە. ئیمە خۆمان بە سیاسەتەوە هەڵواسیوە، سیاسەتیش هەڵقوڵاوی فاکتەری خودی، خۆمان نییە... لەنیو میللەتان دا فەلسەفە ریبەری سیاسەتی کردووە، یا بەلای کەمەوە شان بەشانی یەکدی رۆیشتون، بەڵام مخابن ئیمە ئاوڕمان لە فەلسەفە نەداوەتەوە، یان بیرمان لە فەلسەفاندنی سیاسەت نەکردۆتەوەو لەوەش غافلین کە مرۆڤ هەر لە پیناوی باوەڕدا دەخەبتی و باوەڕیش پەروەردەی باوەشی فەلسەفەیە. تاکو نهۆ لەنیو کوردی باشووری کوردستاندا دانایەکی سیاسی هەڵنەکەوتووە کە بتوانێ زاراوەو سەرەتا سیاسی و فەلسەفییەکان بە دروستی و لەجیی دروستی خۆیاندا دابنێ، ئەوە چوار ساڵە گوایە راپەڕین بەرپا بووە، کەچی ئەو میللەتە داماوە، تاقە رۆژیکی بە دڵنیایی نەبردە سەر، لە پاڵ برسی کرنیدا، شەڕ لە دووی شەڕی بۆ دەنریتەوەو حزب حزبینە بووە بەخۆرەو کەوتە گیانی.. حزب جیی ئاغای جارانی گرتۆتەوە، لە جیاتی عەشیرەتەکەی بیر دەکاتەوە. بڕیار دەدا.. کەی شەڕ لە قازانجی خۆی و عەشیرەتەکەی بێ، بانگەشەی بۆ دەکا، شەڕ باشە!.. هەموو میللەتیک پییدا تێ پەڕیووە!!.. کەی شەڕ لە قازانجی خۆی و عەشیرەتەکەی نەبێ، شەڕ خراوە، ماڵ ویرانکەرە، با بوەستێ...

بە هەر حاڵ میللەتان بەتۆبزی مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن.

کەچی ئیمەی کورد لە سایەی بەرەکەتی حزب حزبینەوە، ئەو تۆزە مێژووەی هەشمانە، وا شاباشی شەڕی براکوژی دەکەین و منەتیش بەسەر جەماوەردا دەکەین.. شەڕی بۆ دەنەینەوەو منەتی بەسەردا دەکەین، کە ماندوو دەبین و هیچمان پێ نامینی، پرۆژەیەکی بەناو ئاشتی دەخەینە روو، و دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لیدەدەین و منەت بەسەر جەماوەردا دەکەین!. شا بەتاقەتت جەماوەری حزباوی...

**ئالای ئازادی ژ (١٧٥)**
**١٩٩٥/٦/٢٥**

## دیمۆکتاریەت!

دکتاتۆریەت، جۆرە رژێمێکە کە هەموو بیر کردنەوەیەک لە سایەی دا قەدەغەیە. کەس لە گەڵیا هەڵناکات تەنیا جەماعەتی ئەشەدو نەبێ.

رەنگە هیچ میللەتیک هەندەی میللەتی کورد دکتاتۆریەت گەستە نەبێ، سەدان ساڵە ئەم میللەتە داماوە لە لایەن رژێمانی دکتاتۆریەوە، بەدارو بەردا دەدرێ، دەچەوسینریتەوە، بیگاری پێ دەکرێ حاشانامەیان لە نەژادی خۆ پێ پڕ دەکریتەوەو هەر چەند ساڵیکیش جارێ، قەتل و عامیک دەکرێ و هەرزوو بیری دەبریتەوە. مۆتەکەی دکتاتۆریەت بەجۆرێ چۆکی بەسەر ئەقلی مرۆڤی کوردا داداوە کە نەتوانێ تەنانەت لە دڵی خۆشیا بیر بکاتەوە! ئاشکرایە کورد بەزۆرو بەناهەق و بەبێ ویستی خۆی بە کۆمەڵیک رژێمی دەستکردەوە، لیکینراوە، جا ئەم رژێمانە، تەبیعەتی پیکهاتیان هەرچی و هەر چۆنیک بووبێ، گەر دەرهەق بە خەڵکانی هاونەژادانی وڵاتانی خۆیانیش دیموکراتی یا نیمچە دیموکرات بوو بن، ئەوا کوردیان لە چوار چیوەی رژێمەکەدا بە بیگانەو جوداخواز زانیوەو زۆر دکتاتۆرانە مامەلەیان لەتەکدا کردووە.

بێ گومان دکتاتۆریەت، پەردەیەکە کە دکتاتۆران، ترسنۆکی خۆیانی لەژیردا دەشارنەوەو هەر دکتاتۆریکی دنیا بگری یا کەسیکی ترسنۆک بووە، یا کەسیکی بێ توانابووەو نەیتوانیوە بە ریکا ئاساییەکان بوونی خۆی بسەلمینێ و سەرکەوتن بەدەست بینێ.

هەلبەت ئەم بێ توانایی و بێ بەهرەییە، گەلەک گریی دەروونی بەسوێ و پڕ ئازاری لا دروست کردوون و ئیدی گیانی تۆڵە ئەستینی لە ناخیاندا رسکاوەو لە حالەتی مت بووندا، گەورە بووەو هەر کە دەسەڵاتیان دەستکەوتووەو دەرفەتیان بۆ رەخساوە، ئیدی ئەو گیانی تۆڵە ئەستینییە، قاوغی خۆی شکاندووەو سەری کردووەو بەهەموو شیوەو شیوازیک خەڵکیان زەلیل و زەبوون و رەزیل کردووەو لەزەتیان لە داماوی خەڵک بینیوە!.. گەر سەیری ژیانی دکتاتۆرانی وەک نیرۆن و نابلیون و هیتلەرو مۆسۆلۆنی بکەین، دەبینین هەر هەموویان لە بوارێ لە بوارەکانی ئاوات و



خۆزگەیاندا فاشل و ناسەرکەوتوو بوون. نیرۆن، لە چەنگ لیدانا، ناپلیون لە نوسین و لاسایی کردنەوەی جان جاک رۆسودا، هیتلەر لە نیگارکیشی دا، مۆسۆلۆنی لە ئەدەبیات دا.. هەلبەتە جەماوەری ملکەچ و ناحالی و کەم فام و رەدوکەوتووی کەسانی عەوام خەڵەتین و زمانلوس، دەوری عەنتیکە لە دروستکردنی دکتاتۆران دا دەبینن و دکتاتۆرانیش ئەمە دەقۆزنەوەو لە ریگەی هەموو کەناڵیکی رەواو نارەواوە، کەش و هەوایەکی سامناک و پڕ دڵەراوکێ و توقاندن دروست دەکەن و دۆزەخیک دادەمەزرینن و ئەو خەڵکەی تێ فڕێ دەدەن و ئیدی خەڵکەکە خۆ بەخۆو بەرە بەرە پیی رادین و بەدریژیی رۆژگارو بێ وەی بەخۆ بحەسین تووشی نەخۆشی (الجبن العقلی) دەبن، دیارە ئەمە خواستی هەر دکتاتوریکە، چونکە نەخۆشی سادییەت کە سیفەتیکی هەرە دیارو بەرجەستەی هەر دکتاتوریکە تەنیا لەو جۆرە کەش و هەوایەدا (الجبن العقلی) ئارام و تۆتکە دەگرێ. هەڵبەتە هەر سادییەک هەندێ سیفەتی ماسۆشی تیدایەو هەر ماسوشییەک هەندێ سیفەتی سادی تیدایە.. جا کوردی داماو سەدان ساڵە خەڵکانی سادی مامەلەی لەتەک دا دەکەن و ئیدی ئەم نەخۆشیانە رەگیان لە ناخیدا داکوتاوە.

بۆیە هەر کە بە ئاستەمیک پەرژابن هیند بە توندی و کیویانە بەر بوونەتە یەکدی و بەجۆرێ قەتل و عام و تەمیی یەکتریان کردووە کە دوژمنی کوردیان خەجالەت کردووە. دیارە ئەم دیاردەیە گەر هەندێ زانستیانە شی بکریتەوە، دەتوانین بڵێین وینەیەکە لە سادییەت و ماسوشیەت، لە ئاستی تاکەکاندا سادیەتەو لە ئاستی کۆمەڵ دا ماسوشیەتە، دەنا هیچ مەعنای نییە.

میللەتیک بەم جۆرەی کورد لەزەت لەخۆ ئازاردان کە شەڕی براکوژی لوتکەیەتی ببینێ و بە هەموو شتێ هەر رازی بێ!

**ئاڵای ئازادی ژ (١٧٦)**
**١٩٩٥/٧/٢**

# دەوڵەتی کوردی!

ئاشکرایە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، تاقە چارەسەری هەموو کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردەو، هەر چارەسەریکی دی و لە دەربی بازنەی بوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا بیتە کرن، بە فیرۆدان و دوور خستنەوەی وەدی هاتنی خەونی نەتەوەییمانە، بیگومان دوژمنانی کورد، زۆر لە خۆمان چاکتر بەم حەقیقەتەو مەترسی ئەم حەقیقەتە بۆ سەر خۆیان دەزانن و هەمیشە هەوڵیان داوە خەونی کورد. کە قوەتیکی مەعنەوی کاریگەری حاشا هەڵنەگرە، نەگۆڕدریت بۆ قوەتیکی مادی و بگرە وەکو قوەتە مەعنەوەیەکەش لە باری بەرن... ئەوەتا کورد لەم ئاخرو ئۆخرەی سەدەی بیستەمدا، پاش قوربانی دانیکی یەکجار زۆرو لە ئەنجامی هاتنە کایەی کاودانیکی بابەتییەوە، خەریک بوو لە دەرگای میژووی دەداو دەکەوتە سەر راستە ریگای هەست کردن بە زەرورەتی یەکبوونی نەتەوەیی، ئەمە جگە لە پیشوازی کردنی دۆزی کورد لە لایەن ئەنجومەنە ئینسانی و سیاسیەکانی جیهانەوە.. بۆیە دەوڵەتانی ناوچەکە هەر زوو هەستیان بەم مەترسییە کردو دوورو نزیک کەوتنە تاقیب و سۆراخ و کۆسپ دانان لە بەردەم هەوڵدانی کورد بۆ وەدی هاتنی خەونی دیرینەی کە دەوڵەتی کوردیە. لەم ٣-٤ ساڵەی رابووردوداو تا ئەم ساتەش دەوڵەتانی ناوچەکە بەنیو نەخت لە کورد غافل نەبوون و هەموو ناکۆکییەکی خۆیان وەلا ناوەو دەیان کۆبوونەوەی ئاشکراو نهینیان بۆ لەبار بردنی خەونی کورد، ساز داوە.. بەمجۆرە لە کاتیکدا دوژمنان بەو پەڕی جدی دژایەتیمان دەکەن، بەخۆیشمان گەر بەزارو قسان هەندیک وەی شیرین، ئەوا بە کردەوە کار بۆ ناوچەگەریتی و تیرەو تایفەو خیلایەتی دەکەین، ئاشکرایە ناوچەگەریتی و هەموو گەریتییەکانی تری لەو بابەتە، دیاردەیەکی پاشکەوتوانەیەو وەکو قۆناغیش، قۆناغی بەر لەنەتەوە بوونەو ئەمە واقیعیکی مادیەو گەر هەوڵبدریت ئاویتەی هیزی مەعنەوی بکریت ئەوا دەبیتە خەتەریکی زۆر مەزن دژ بە هەستی نەتەوە پەروەری.

هەڵبەتە دوژمنانی کورد بە جوانی پەی بەمە دەبەن و لەوەتەی توانیویانە



حزبەکانی کوردستان بەگژ یەکدا بکەن- حزبەکان بەخۆیانش سەریان بۆ ئەم بەزمە دەخوریت- وەکو تەماشاکەر، دانیشتوون و بەوردی سەیری بەرو بەرەنجامی کۆبوونەوە ئاشکراو نهینیەکانی خۆیان دەکەن و کە دەبینن ئەوەی بە ملیۆنان پارەو هیزی بەشەری بەخۆیان ناکریت و حزبەکانی کوردستان بە ئافەرینی بۆیان دەکەن، ئیدی بسکەی سمیلیان دیت.. بیگومان رەورەوەی میژوو زیاتر لەگەڵ ئەوەدایە کە ململانیی نیوان ناوچەگەریتی و نەتەوە پەروەری، بە قازانجی دووەمیان دەشکیتەوە.

مەسەلەی ناوچەگەریتی، زۆر لە مەترسی دەرەکی خەتەرترە بۆ کورد، چونکە دەقاو دەق پیچەوانەی پەروەردە کردنی هەستی نەتەوەییەو دژی هەموو بنەما دیموکراتییەکانە، زادەی ئەقلیەتی عەشایەریە، ئەقلیەتی عەشایەریش لەسەر بناغەی گوێ رایەڵی بێ چەندو چۆن رۆنراوە کە نەک هەر دەمانگەیەنیتە دکتاتۆریەت، بەڵکو مل کەچی کویرانەشی بەدوادا دیت کە لە ئەنجامدا دەکاتە قایل بوون بە کۆیلەیەتیش. دیارە، چارەنووسی ناوچەگەریتی هەر هەرەس هینانە، چونکە دەسەڵاتی ناوچەیی هیزی خۆی لە جەماوەرەوە وەرناگریت، بەڵکو لەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەوە وەری دەگریت کە بەشەق دەی سەپینێ، ئەمە جگە لەوەی ناوچەگەریتی بەهیچ جۆریک گوزارش لە خۆزگەو ئاواتی نەتەوەیی ناکات و جەماوەر لەگەڵ نەتەوە پەروەری دایە نەک لەگەڵ ناوچەگەریتیدا.

**ئالای ئازادی ژ (١٧٩)**
**١٩٩٥/٧/٢٣**

# مامۆستا!

له ژمارەی (٢١٣)ی رۆژنامەی ئاڵای ئازادی دا مامۆستا کەمال غەمبار خۆی پێ نەگیراوەو هاتۆتە قسان و کۆمەڵێ گلەیی زۆر بەجێ و پەسەندی کردووەو پیویستە لەمەو بەدوا هەرچی مامۆستا هەیە، هەر بە گلەیی رازی نەبن، بەڵکو بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان و مافی خۆیان بە کردەوە هەنگاو بنێن و لەوەی پتر چەوسانەوە قبوڵ نەکەن، ئەگەر لە هەولیر، مشک و ئازوقە بە مامۆستا دەدرێ و هیشتا منەتی بەسەردا دەکرێ، ئەوا لە سلیمانی لە لایەن دەستەیەک لیبۆکەوە بە ناوی گروپی (کەشکۆڵ) کراوە بە فیلم و بە بەرچاوی وردو درشتی شارەوە، بە بەرچاوی مەسئول و نامەسئولەوە، لە تەلەفزیۆن دا هاوار دەکرێ (ئیسقان بۆ مامۆستا بە پینج دینار!) گوایە جەنابی کەشکۆلە فەنی بەمە دەیەوێ بۆ مامۆستا بپاڕێتەوەو سیاسەتی ناڵ و بزماری بەکار هیناوە، سەیر لەوەدایە نە (یەکیتی مامۆستایان)ە حەیاتەکە، نە بەڕێوە بەرایەتی گشتی پەروەردە لەم بیزکاڵییە زەق و رەقە نەهاتنە جواب و خۆیان لێ نەکرد بە خاوەن. دیارە ئەگەر ئەمە هونەربێ و کەشکۆڵ هونەربێ ئەوا دەبێ بلێین (کویر بێ وەتەن بە عیلم و فەن)

لە کۆتایی دا دووبارەی دەکەمەوە بە خواداری خوا، هەر میللەتیک، هەر سیستەمیک، پۆلیس و چەکدارو لیبۆکی لە خویندەوارو رۆشنبیری بەقەدرتر بێ، چارەنووسی هەر ناکامی و لە قور چەقینە!..

**ئاڵای ئازادی ژ (٢١٤)**
**١٩٩٦/٤/١٤**



# حزب حزبینە!

میژووی ئیمە، زۆر بەکەمی بەردەوامی بەخۆوە دیتوە.. ئەوپەڕەکەی چەند ساڵیکی کەم بە بەردەوامی یا نیمچە بەردەوامی هاتووەو رووداوەکان هیناویانەو بردویانە، برۆکەیەک خەملیوەو پیرۆکە بووە. ئەوجا لە پڕ جەزرەبەیەکی توندی وێ کەوتووەو وەکو چۆن تەوریکی تیژ قەدی درختیک لە رەگی جوێ بکاتەوە، میژووی ئیمەش وای بەسەر هینراوە. پاشان لە نووکەوە دەستمان پیکردۆتەوەو قۆڵێ دووان رۆیشتیوین و هەمدیس کەوتوینەتەوە، ساڵی ١٩٧٥ جەزرەبەیەکی گەلەک توندو مەترسیدار بەجەستەی میژوومان کەوتوو پچڕانیکی بەسۆی لە میژووماندا دروست بوو، بەڵام زۆری نەبردو تێ هەڵچوینەوە. لەم تێ هەڵچونەوەیەدا دیاردەی فرە حزبی وەکو پیداویستیەکی قۆناغەکە بەنیوەچڵی سەری هەڵداو تارادەیەک مایەی ئومید بوو، بەڵام لە پاڵ ئەم دیاردە دروستەدا، هەست بەوە دەکرا کە فکرۆکەی حزبایەتی تەسک و خەڵک خستنە سەر کویرە ریگەی حزبایەتی تەسک و پاوانخوازی حزبایەتی بەرە بەرە جیی بە کوردایەتی لەق دەکردو ئەوەندەی هەستی حزبایەتی تەسک لە بیرو بیرکردنەوەی خەڵکدا پەروەردە دەکرا، ئەوەندە بایەخ بەیەکخستنی هەستی نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی نە دەدراو ئەمەش بۆ خۆی پیمان زانی بێ یان نەزانی بێ، حزبایەتی تەسکی کرد بە ئەلتەرناتیفی کوردایەتی وەکو دۆزی ستراتیژی هەموو نەتەوەی کورد.. واتا پەروەردە کردن و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی کرا بە پەراویزیکی کەم رەونەقی جۆشدانی هەستی حزبایەتی و ململانیی زادەی بیرو بیرکردنەوەی عەشایەری سەقەت لە قالبی حزب حزبینەدا. واتە کورد حزبی لەبری نەتەوەی کرد بە ئامانج و ئەمەش گەلیک بەدحاڵی خویناوی و پڕ سویی لێ کەوتەوە کە تا ئیستاش پیوەی دەناڵینین!

دیاردەی فرە حزبی و فرە فیکری وەختێ دروست و خۆڕسک و میژوو کردە گەر ببی بەخیرو بەرەکەت و بەسەر رۆڵەکانی نەتەوەدا ببارێ، نەک ببێ بە تەوقی عەزازیل و بچیتە گەردنی رۆڵەکانی نەتەوەو رقەبەرایەتی و ئینکە

بەرایەتی عەشایەری لێ بکەویتەوەو پچڕانی گەورەو مەترسیدار بخاتە کاروانی میژوویی نەتەوەییمانەوە.
وەختێ کورد لە باشوری کوردستاندا حکومەت و پەرلەمانی دامەزراند، هەموو کوردی دنیا ئومیدیان پێ بەست و خەونی خۆشیان پیوە دیت، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە پەرلەمان و حکومەتی هەریمی کوردستان هی هەموو کوردەو ئەمانەتیکی میژوویی گەورەیە لە ئەستۆی کوردی باشوردایەو.. هیچ کەس و لایەنیک بۆی نییە، جا بەهەر بیانوییەک بێ، زیندە بەچالی بکات و خەونی سەدان سالەی کورد لەبار بەرێ.
ئەمجارەیان لە هەموو جارەکانی دی جیاوازترەو گلەیی راستەوخۆو خەتای راستەوخۆ دەخریتە ئەستۆی خۆمان و هیچ کوردیک قایل نییە ئەم یا ئەو حزب بکرێ بە ئامانج و دەستکەوتەکانی کورد بکرێ بە قوربانی حزب حزبینەو کوردینی و دۆزی رەوای نەتەوەی کورد، لەبەر چاوی رۆلەکانی بخرێ.

**ئالای ئازادی ژ (٢١٤)**
**١٩٩٥/٧/١٦**



## ؟!

بیگومان، مەترسی هاوبەش فاکتەریکە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی نزیک خستنەوەی خەلکانیک لیکدی، دیارە ئەم فاکتەرە لە یەکخستنی نەتەوەییشدا رۆلی دیاری هەیەو دەبینی. بۆ وینە زۆر جار درندەیی و زۆرداری دوژمنانی کورد، جیاوازی نەکردنیان لە نیوان تەڕو وشکدا، کاریکی وای کردووەو کە کورد بەلای کەمەوە وەکو هەست لیکدی نزیک بینەوەو ئەم فاکتەرەش وەکو خالیکی کاریگەر بچیتە پال بنەماکانی تری پیکهاتی نەتەوەیی.
کورد، یەکیکە لە نەتەوە گەورە بێ ئالاکانی ئەم سەرزەمینەو تاکو ئەمڕۆکەش تروسکەیەک لە ئاسۆدا بەدی ناکریت کەوا بنوینی ئەم نەتەوەیە بەم زووانە ببیت بە خاوەن ئالا!.. دیارە ئەم گلەییەش زیاتر رووی خۆمان و بەتایبەتی حزبە دەسەلاتدارەکان دەگریتەوە، چونکە ئەوەتا پیشهاتە ناوخۆکان و روداوە بە ئانقەست دروستکراوەکانی ناوخۆ بە ئاشکرا دوور کەوتنەوەو دوور خستنەوەی خەونی کورد کە دەولەتی کوردییە- نیشان دەدەن.
ئەوە چوار سالە هیندەی بەشان و بالی حزب و حزبۆکاندا هەلدەدریت و فووی دونکیشوتانەیان پیدا دەکریت، نیو هیندەو بگرە هەر هیچ باسی بێ ئالایی کورد نەکراوەو ناکریت. دیارە ئیمە بە مەترسی ئەم دیاردەیە بزانین یان نەزانین، ئەوا بەدەستی خۆمان هەول بۆ داماڵینی سیفەتی نەتەوەیی لە دۆزی کوردو پارچە پارچەکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد دەدەین.
ئیمەی کورد، تا ئەم ساتەوەختە، لە سایەی بەرەکەتی حزبایەتی بێ ستراتیژیەتی روون و بێ هەلویستی روون و بوبرانە، بێ جیهانبینی ئاشکرا، پشتیوانی لە ناوچەگەریتی دەکەین و بەپێ داگرتنەوە هەول دەدەین حەقانیەت بە واقیعی سەقەت و نەخۆشی ناوچەگەریتی ببەخشین.. دەنا گومرگ و گومرگ سەندن لە نیوان شاریک و شاریک، گوندیک و گوندیکدا لە کوبی دنیادا هەیە! هەلبەتە ئەم واقیعە، جگە لەوەی غەدریکی گەورەیە لە جەماوەری رەش و رووت دەکریت، لە هەمان کاتیشدا

پێ شیل کردنی هەستی نەتەوە پەروەریە، پارچە پارچەکردنی دۆزی کوردە، هەوڵدانە بۆ هەقانیەت بەخشین بە واقیعی سەقەتی ناوچەگەریتی. دیارە ئەمە تەنیا مشتیکە لە خەروار، دەنا یەکێ لە نمونە هینانەوە بیت، ئەوا پەکی ناکەویت.. دیارە ئەو کاسبکارانەی لە نیوان ئەم خاڵە گومرگیە کارتۆنی و بەزۆر داتاشراوانەدا هاتوچۆ دەکەن بەرە بەرە لە لاشعوریاندا ئەوە دروست دەبێ کە هەر دیویکی خاڵە گومرگیەکە بۆخۆی حکومەتیکە.

ئەمەش بەرە بەرە تەعەسوبیک لای دانیشتوانی هەردوو دیوی خاڵەگومرگیەکان- بە حیساب سنوورە -دروست دەکات و دانیشتوانی پشت خاڵە گومرکیەکان بەرە بەرە لە بڕی ببن بە کوردی وابەستە بە نەتەوەو دۆزی نەتەوەوە دەبن بە سۆرانی، هەورامی، بادینانی... هەڵبەتە مەسئولیەتی مل نان بەم خەتەرە گەورانەوە، راستەوخۆ دەکەویتە ئەستۆی ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و حزبی بە چەقۆیەکی کۆڵ کەوتونەتە سەر بڕینی دۆزی کوردو هەموو هەڵس و کەوت و مامەڵەیەکیان لەگەڵ دیاردەو روداوەکاندا، لەگەڵ دۆست و دوژمندا، لەسەر بناغەی وشەی قەبەی بۆش و ئینشا گۆیی دوور لە ئەقلی سیاسی ڕۆناوەو، واقیعی ناوەوەو دەرەوەیان پشت گوێ خستوەو لە دەریی واقیعدا رەفتارو مامەلە دەکەن.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٢)**
**١٩٩٥/٨/١٣**



## لە دەرگادانی میژوو

گەر هەندیک ورد لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بڕوانین، ئەوا زۆر زوو بۆمان بە دیار دەکەویت کە هەستی نەتەوەیی بەنیوە چلی و نیمچە ئیفلیجی لە دایک بووەو بەشیوەیەکی خۆرسک و ئاسایی و ئۆرگانیکی لە دایک نەبووەو گەشەی نەکردووە. بەڵکو لە بنەڕەتدا کاردانەوە بووە دژی بەدرەفتاری دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان. رێ نەدراوە ئەو هەستە لە هەناوی پەرەسەندنی میژوویدا بمەیێ و بخەملێ و پاشان بەشیوەیەکی ئاسایی لە دایک ببێ و نەشونما بکات.

گەر لە دایک بوونی ریکخراوو حزبی سیاسی بۆخۆی وەرچەرخانیکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بیت و هەنگاویک بیت بۆ ئەوەی پیوەندیە نەتەوەییەکان جیی پیوەندییە خیلایەتیەکان بگریتەوەو سەرەتایەک بیت بۆ لە دەرگادانی میژوو، ئەوا دەتوانین بڵیین ئەم لە دەرگادانە لای کورد بەشیوەیەکی سەرەتایی و پەڕاگەندە بۆ سەرەتاکانی ئەم سەدەیە دەگەڕیتەوەو لە دەرگادانی جدیانەش لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دەستی پیکردووە.

دیارە ئەم دەست پیکردنە لای ئیمەی کورد پاشتر بووە، وەک لە لای تورک و عەجەم و عەرەب، بۆیە ئەم داگیرکەرانەی کورد هەر لە سەرەتاوە تۆوی ناکۆکییان لەم مەیدانەدا داچاندووەو کۆسپیان خستۆتە بەردەم ئەو لە دەرگادانانە. ئەمە جگە لە لاوازی و بگرە غیابی بۆرژوای کورد وەکو چینیکی چالاکی فرە ئامانجی ئەوتۆ کە بتوانێ وەکو ریبەری قۆناغی رزگاری نەتەوەیی و هەڵگری بیری نەتەوەیی رەفتار بکات.. ئیدی دوژمنانی کورد زۆریان هەوڵ داوە بەهەر شیوەیەک بووە نەیەڵن ئەم هەستە لەناو میژووی کوردا بکەویتە گەڕو گەلێ بۆچوونی وەک:- ئاینی ئیسلامیان رەعەمەل هینا بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان و وەکو چەقۆ لەملی هەستی نەتەوەیی کوردیان نا! ٢- بانگەشەی بەسەرچوونی قۆناغ و سەردەمی نەتەوەیی لەنیو کوردا هاتە بلاوکردنەوە. مەبەستیش ئەوەبووە کە ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی کوردی روون و ئاشکرا دروست نەبیت و هەستی

نەتەوەیی بەشیوەیەکی پەڕاگەندەو نیوە چڵ بمینیتەوەو لە پەراویزی میژوودا دەستەو ئەژنۆ دانیشێ و شین بۆ بەخت و نیوچەوانی خۆی بگیڕیت. هەڵبەتە بۆ ئەم مەبەستەش پتر روو لە تویژی خوینەواران کراوە بە حوکمی ئەوەی زوو دەکەونە ژیر کاریگەری بیروباوەڕی باوی سەردەمەوەو کەڵکەڵەی رابەریتی کردنی کۆمەڵگەشیان لەسەردایە.. بۆیە هەر زوو لە ریگەی بیرو بیرکردنەوەی کۆسمۆپۆلیتیەوە کۆسپ خرایە بەردەم بیرکردنەوەی نەتەوەییەوەو لاوازی بۆرژواش وەکو چینیکی چالاک و سیما دیارو فرە ئامانج هیندەی دی بزاڤی نەتەوەییمانی سست و خاو کرد، چونکە لە نیو ئیمەی کوردا بۆرژوازی نەتەوەیی لە هەموو رووەکانی پیکهاتی کۆمەڵایەتی، گەشەکردن و نەشونماو هۆشیاری ئایدۆلۆژیەوە لاواز بوو، ونەیتوانی جڵەوی بزوتنەوەی نەتەوەیی بەشیوەیەکی لە پەستاو نەپساوە بگریتە دەست و ببێ بەو چینە کۆمەڵایەتیە چالاکەی کە یەکبوون و بەردەوام بوون بە بیری نەتەوەیی ببەخشیت و بیری نەتەوەیی وەکو هیزیکی مەعنەوی بگۆڕێ و بیکات بە هیزیکی مادی و بە ئایدولۆژیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو.

**ئالای ئازادی ژ (١٨٤)**
**١٩٩٥/٨/٢٧**



## مەرگی دیموکراتیەت

شەڕی رزگاری نەتەوەیی، بەو شەڕانە دەگوترێ کە لەگەڵ دوژمنانی کورددا دەکریت و دەبیت بەو بۆتەیەی کە هەستی نەتەوەیی تیدا دەمەزەردو قاڵ دەبیت و وەکو فاکتەریکی کاریگەر رۆڵی گەورە لە نزیک خستنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەو یەکخستنەوەی پارچەکانی وڵات دەبینیت و لە دوا ئەنجامدا دەبیت بەشیوازیکی سەرەکی لە شیوەکانی بە دیهینانی یەکیتی نەتەوەیی. هەر بۆیە دوژمنانی کورد کە گەڕیان بە کورد گیراوە، بەر لە هەموو شتیک ویستویانە تۆوی دووبەرەکی و ژەهری ناوچەگەریتی لەنیو کوردا دابچینن و بڵاو بکەنەوەو ئاراستەی شەڕی رزگاری نەتەوەیی بگۆڕن و بیکەن بەشەڕی ناوخۆو ئەوجا پەراگەندەکردنی هەستی یەکیتی نەتەوەیی- هەڵبەتە گەر ئیمە بەم ئەقلیەتە سەیرو سەمەرەیەوە هەڵس و کەوت بکەین، ئەوا جەنگی ئەهلیش لەسەر پییەو ئەوجا بەزمەکە خۆش دەبیت بۆیە هەر هەولیکی ناوچەگەری، ریک پیچەوانەی رەوتی یەکبوونی نەتەوەییەو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دوژمنانی کورد دەستی تیوەر دەدەن و پشتیوانی لیدەکەن و نەتەوەی بن دەست لە گەورەترین دەستکەوت مەحروم دەکەن کە بریتیە لەیەک خستنی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەو گشت بەشەکانی وڵات.

بیگومان یەکیک لە پیداویستیەکانی بوونی نەتەوە بریتیە لە هەبوونی کۆمەڵگەیەکی سیاسی یەکگرتوو، و ئەمەش دەبیتە پیگەیەک بۆ پیادەکردنی دیموکراتیەت کە دەکاتە فاکتەریکی گرینگی گەشەکردنی نەتەوەیی، چونکە تەنیا لە چوارچیوەی قەوارەی سیاسی دا دیموکراتیەت، رەوتی دروستی خۆی وەردەگریت و دەبی بەو کلیلەی کە نەتەوە دەرگای میژووی پێ بکاتەوە.. (بۆ وینە گەر ئەمڕۆکە باشووری کوردستان بە تە

واوەتی رزگار بکریت و لە هەموو نەعرەیەکی حزبایەتی و ناوچگەریتیش بەدەربیت، گەر لە سنوری باشووردا وەمینی و نەبیت بەپیگە بۆ یەکخستنی بوونی نەتەوەیی و بوونی جوگرافیایی و سیاسی کورد، ئەوا مایەی دڵ خۆشی نابیت و تینویتی مرۆڤی کورد ناشکینی).. دیارە هەموو

ناوچەگەریتییەک گوللەیەکی ژەهراویەو دەنریت بەدڵی یەکبوونی نەتەوەییەوەو لە سایەی ناوچگەریتیدا شتیک نامینیت ناوی دیموکراتیەت بیت، چونکە بوونی ناوچەگەریتی بەندە بە نەبوونی یەکیتی نەتەوەییەوەو دیموکراتیەتیش فاکتەریکی گرینگی گەشەکردنی نەتەوەییە. بۆیە یەکیتی و دیموکراتیەت یەک چارەنووس کۆیان دەکاتەوە هەردووکیان روبەرووی دەسەڵاتی بیروکراتیانەی ناوچەیی دەبنەوە. بەم پییە ئەو دەسەڵاتە ناوچەییەی کە دڵنیایە بوونی بەندە بە پچڕپچڕی ریزەکانی نەتەوەوە، بۆ پاراستنی خۆی دیموکراتیەتی ناوخۆ تڕۆو دەربەدەر دەکات، بۆیە دەبێ دیموکراتیەت لە پیناو یەکخستنی ریزەکانی نەتەوەو گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی بیت و یەکیتی نەتەوەییش زامن و ریگەی دروست بیت بۆ گەیشتن بەو دیموکراتیەتەی کە دەکاتە کلیلی کردنەوەی دەرکەی میژوو.

**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٣)**
**١٩٩٥/٨/٢٠**



# ئایدۆلۆژیا خەباتی سیاسی

**(١)**

بیگومان، قۆناغی رزگاری نەتەوەیی کورد کەوتۆتە سەردەمیکی فرە جەنجاڵەوە، تەکنەلۆژیا بەسەر هەموو شتیکدا زاڵە، یاسای (استیراد وتصدیر)، هەموو بواریکی گرتۆتەوە.

هەڵبەتە دۆزی کوردیش لە کاریگەری ئەم هەموو ئالۆزیە ناخەلەسێ و ئەم دیاردەیەش هیندەی دی ئەرکی سەرشانی خەمخۆرانی کورد قورس دەکات.. دیارە پرۆسەی (استیراد و تصدیر) وەکو هەر دیاردەیەکی دی لایەنی چاک و خراپی خۆی هەیە.. بۆ نمونە قەدبری، یەکیکە لە لایەنە چاکەکانی استیراد، رەنگە ئەو پیشکەوتنە شارستانیەی میللەتیک لە میللەتان بە دەیان ساڵ پیی گەیشتبێ، ئەمڕۆکە میللەتی پاشکەوتوو لە سایەی بەرەکەتی استیرادا، بە چەند ساڵیکی زۆر کەم بیگاتێ، کەواتە مەودای زەمەنی، مەودای هەوڵ و کۆشش و مەودای مەسرەف و تیچوونیش بە هەمان شیوە قەدبڕ دەکرین، خۆ لە پاڵ ئەمەناشدا (استیراد) لایەنی خراپیشی هەیە.. بۆ نمونە: دەبیتە مایەی تەمەڵی و پشت بەستن بە غەیری خۆت و ئەمە جگە لەوەی کە ئەم خواردنە چەورو ریگە نزیکە دەبیتە مایەی ئینتەلاکردن و بەد هەرسی.. تەمەڵیەکەش لەولاوە بوەستێ، خۆ ئەگەر حەزو ئاواتی میللەتیک تەنیا لەو ئاستەدا پاراو ببێ کە پاشکۆیەکی میللەتانی دی بێ، ئەوا هەرگیز جیی خۆی لەنیو میللەتانی پیشکەوتوودا ناکاتەوە، چونکە پیشکەوتنیش وەکو هەر زاراوەیەکی دی پیویستە لە زەمینەیەکی خۆماڵی دا هەڵبقولێ، گەر میللەتیک بۆ خۆی هەوینی پیشکەوتنی تیدا نەبێ، هەرگیز بە (استیراد) کردنی کەرەستەکانی پیشکەوتن، وەکو پیویست پیش ناکەوێ. هەڵبەتە ئەم حالەتە هەردوو پیشکەوتنی شارستانی و ئایدۆلۆژیش دەگریتەوە کە ئیمە لیرەدا پتر ئایدولۆژیاکەمان مەبەستە هەر ئایدۆلۆژیایەکی رەسەن بگری دەبیتە هەوین و فاکتەری

کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، جا کە ئەمە دەوری هەرە گرینگی ئایدۆلۆژیا بێ، هەڵبەت پیویستە لە زەمینەیەکی خۆماڵی رەسەندا رەگ و ریشەی داکوتابێ و نەشونمایەکی زاتی و خۆماڵیانە بکات، دەنا هەرگیز نابێ بەهیزیکی مادی جەماوەری.

استیرادی هەر شتیک وەربگری ئاساییەو هیچ میللەتیک لیی بەدەر نییە، بەلام استیرادی بەرهەمە رۆحییەکانی شارستانییەت کە ئایدۆلۆژیا یەکیکیانە، کاریکی هەندێ قورسەو قبولّ کردنی زەحمەتە، بۆیە پیویستە استیرادی ئایدۆلۆژیا لە چوارچیوەی مەرجی تایبەتی دا بێ، دەبێ بەر لەهەر شتیک بەشیوەیەکی هەڵبژاردەو دوور لە مۆدپەروەری استیراد بکرێ و ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە چەند لەگەڵ پیداویستیەکانی کۆمەڵدا دەگونجێ، چەند خیرایی بە گەشەکردنی رەسەنانەی ئەو قۆناغە میژوویيە دەدات کە ئەو کۆمەڵەی پیدا دەڕوات، کەواتە ئایدۆلۆژیا نابێ دەقاو دەق وەربگیرێ، چونکە ئایدۆلۆژیا ئاوینەی رۆحی کۆمەڵگەیەکی تایبەتیەو ناشیت وەکو خۆی و بێ دەستکاری بگوازریتەوە بۆ نەتەوەیەکی دی و هەمان کاریگەری و رەونەقی هەبێ کە کەلەلای یەکەم نەتەوە هەی بووە. بۆیە دەبێ دەستکاری تەواو بکرێ و لەگەڵ قۆناغ و باری کۆمەلایەتی و میژوویی ئەو نەتەوەیەدا بگونجێ کە وەری دەگرێ و بەرە بەرە شەقلّی خۆماڵیانە وەربگرێ.

**(٢)**

سیاسەت لەلای کورد تاکو ئەمڕۆکەش جۆرە کاردانەوەیەکە دژ بەرەفتاری نامرۆڤانەی دوژمنانی کورد، هەڵبەتە ئەمە مایەی نائومیدییە.. و تاکو ئیستاش لای کورد سیاسەتمەداریکی وەها هەڵنەکەوتووە کە زاراوەو چەمکە سیاسییەکان بە دروستی و بەشیویەکی کاریگەر بەکار بینی و کاروبارە خەتەرو گرینگەکان لە باری سەرنجیکی فەلسەفییەوە تاوتوێ بکات و ئاوەڕۆی روداوەکان ئاڕاستەی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی روون و دیار بکات.. جا بەدبەختیەکە لەوەدایە کە وەک لە ئاستی ناوخۆدا ئەمەین، لە ئاستی پرۆسەی (استیرادو تصدیر)یش دا هەر ویرانین.

یەکیک لە کەموکوڕییە گەورەکانمان ئەوەیە کە تویکلّی هەندێ



ئایدولۆژیاو نیمچە ریبازی سیاسی و دروشمی شۆڕشگیڕی وەک: ئازادی، دیموکراتی، مافی مرۆڤ و هەندێ چەمکی ئایدولوژی تری نیوداشت و دەستی دووەممان بە کالّ و کرچی وەرگرتووەو لە بەکارهینان دا وامان بە پەند کردوون کە بوون بە دەعەجانی و پیاو قیز لە بیستنیان دەکاتەوە.

جا کورد چونکە خاوەنی کیانی سیاسی خۆی نەبووە، نەیتوانیوە بە شیوەیەکی جدی و راستەوخۆو کاریگەرانە بەشداری پروسەی (استیرادو تصدیر) بکات، بۆیە ئەگەر پەلە قاژەی وەرگرتنی ئایدولوژیاشی کردبیت، ئەوا زیاتر ئەو شتانەی وەرگرتووە کە چەند دەستیکیان کردووەو پاشان بەسواوی و ستۆکی گەیونەتە کوردو ئیدی فەریکە کادیر بە پیخاوسی بەناو کەوتوون و چەمک و زاراوەی وەک: کۆنەپەرست، پیشکەوتوخواز، شۆڕش، شۆڕشی چەواشە، شۆڕشگیڕ، چەپ، راست، گەلی بن دەست، گەلی سەردەست و هی ترو... بە نرخی زۆر گرانیش بە جەماوەری داماوی بەر دوکانە سیاسییەکانیان فرۆشتوە، ئیدی کادیرو جەماوەر بێ ئەوەی بەخۆ بزانن، کە زۆربەی ئەو چەمک و زاراوە ئایدولۆژیا ئامیزانە هەڵقولاّوی سەردەمی بۆرژوازی ئەوروپان. ئەوجا با بین بەراوردیک لەنیوان بۆرژوای ئەوروپاو بۆرژوای کوردا بکەن تا بزانن دیگەڵە چەند ماڵە!.. بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە ئەو چەمک و زاراوانە دەستکەوتی سەردەمی بۆرژوازی ئەوروپان و گەر بە باریش استیراد بکریت، مۆرکی خۆمالیانەی پێ نەدرێ و بە گویرەی واقیعی قۆناغە کۆمەلایەتی و سیاسی و میژوییەکان رەعەمەل نەهینریت، ئەوا زیانی گەلەک لە قازانجی پترە.. بۆیە سەیر دەکەین زۆربەی ئەو چەمک و زاراوەو ریبازە نیوەچلە استیراد کراوانە، لە مەناخی خۆیان هەڵبڕدراون و کاریکی وا نەکراوە، لەگەڵ مەناخی نامۆی ئیرەدا رابین، و بین بەو درەختە بەرسیبەرەی ئایدۆلۆژیاو نەتەوە لە سایەی دا بحەسیتەوە. بۆ نمونە کورد- لە باشوردا- حزبی هەبووە بەناوی (...) بێ ئەوەی ئەو حزبە بە هەموو تەمەنی حزبی خۆی بۆ تاقە سەعاتیک خەباتی چینایەتی کردبیت، لە کاتیکدا هەموو دەزانین کە ئەو زاراوەیە هەڵقولاّوی واقیعی کیشەی چینایەتییەو هەر کە لەو زەمینەیە دوور خرایەوە، مردار دەبیتەوەو چ کاریگەرییەکی نامینیت... تۆ بلّیی ئەم بابەتە دوکانانە خیر بۆ کوردی داماوی قڕەی کاروانی شارستانیەت بدەنەوە!..

ئەم زاراوەو چەمکە لە دەرەوە هێنراوانە هەروا بە ئاسانی لەگەڵ کەش و هەوای کوردەواریدا ناگونجێت. گەر زەمینەی بۆ خۆش نەکرێت و کەش و هەوایەکی وەهای بۆ ساز نەکرێت کە زوو لەگەڵ مەناخی کوردەواریدا ڕابێت و بتوانێت ئاوێتەی واقیعی کوردەواری ببێت و ئەوجا بکرێت بەهێزێکی مەعنەوی و مادی ئەوتۆ کە گوڕوتین و تاو بەرەوتی کاروانی کوردینی بدات، ئەوا زیانی گەلێک لە قازانجی زیاتر دەبێت، بریقو باقی ئەو چەمکە ستیراد کراوانە، تەنانەت بیرکردنەوەی خۆمالیانەی هەڵقوڵاوی واقیعی خۆیشمان- با بچوکیش بێ- لێ تێک دەدەن و لە هەموو دینێ دەبین. هەر ئەم حاڵەتەیە کە کارێکی وای کردووە نە ستراتیژیەتی روون و نەتاکتیکی روونمان هەبێت، زۆر جاریش دەستمان داوەتە باڵی کەسان و حزبانی وەها هەر کە گەیبونەتە مەبەست، لیمان هەڵگەڕاونەتەوەو لە بری دوژمنی سەرەکی قەتل و عامیان کردووین. ئەتاتۆرک یەکێکە لەوانە... بۆیە ئایدولۆژیای نەتەوەیی پێویستە پتر لەهەر ئایدولۆژیایەکی دی خۆڕسک و خۆماڵی بێت و بە چەمک و زاراوەو ئایدولۆژیای دی- بە مەرجێ خێرایی بە گەشەکردنی ئایدولۆژیای خۆماڵی ببەخشێت- موتوربە بکرێت... کرانستون دەڵێ: (نەتەوە پەروەری ئایدولۆژیایە، بەڵام بەپێچەوانەی ئایدولۆژیاکانی دیبەوە، دەنگێکی دوو لایەنەی هەیە، یەکێکیان باسی یەکبوون دەکات و دووەمیان باسی جیابوونەوەو خۆیبوون دەکات..) هەڵبەتە ئەم بابەتە بیرکردنەوەیە، بۆ نەتەوەیەکی گەورەی بێ ئالای بە ناهەق پارچە پارچە کراو، بیرکردنەوەیەکی دروست و پڕ بەپێستی واقیعەکەی کوردەو دەبێت هەموو خەباتەکان بەرەو ئەمە ئاڕاستە بکرێن و هەر لەبەر رۆشنایی ئەم بۆچوونەدا هەست بە خەتەری گەورەی ناوچەگەریتی بکەین و لە سنوری هەرێمی باشوریش دا نەوەستین و هەوڵ بدەین دەسەڵاتی سیاسی، بوونی نەتەوەییمان وەکو کیانێکی کۆمەڵایەتی لە ئامێز بگرێت و کاڵا بەقەد باڵا بێت، واتە دەوڵەت وەکو دەزگایەکی سیاسی، لەگەڵ کیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەدا بگونجێت. گەر وا نەبێت، چ هاوسەنگییەک نامێنێت و بۆ ماوەیەکی گەلەک دوورو درێژ بە هەمان دەردی ئێستامانەوە دەتلێینەوە. هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، ئەو دەوڵەتەش وەکو دەزگایەکی سیاسی پێویستە بوونی کیانی کۆمەڵایەتی



نەتەوەیی ڕێک بخات.. دیارە ئێمە ئەمڕۆکە دەوڵەتمان نییە ئەم ئەرکە ببینێت بۆیە حزبە خۆڕسک و مێژووکردەکان لەسەریانە دڵسۆزانە رۆڵی دەوڵەت ببینن لە ڕێکخستنی کیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەییماندا.. خۆ ئەگەر ڕێبازو ڕێچکەکانیشمان بۆ یەک نەخرێت ئەوا دەبێت ئامانج و ئاواتە سیاسیەکانمان یەک بخەین و ئاڕاستەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکەین کە مافی هەرە رەوای نەتەوەی کوردە.. ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کورد چاوێک بە واقیعی خۆیدا بخشێنێتەوەو خۆی لەم کوێرە کۆڵانانە رزگار بکات کە تووشی کراوە!..

**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٥) ١٩٩٥/٩/٣**
**ئاڵای ئازادی ژ (١٨٨) ١٩٩٥/٩/٢٤**

# ئەڵتەرناتیف!

گەر هەندیک ورد سەرنجی دام و دەزگای حزبەکانی باشوری کوردستان، لە ماوەی راپەڕین بە دواوە تا ئیستا بدەین رەنگە بە ئاسانی ئەوەمان بۆ بەدیار بکەویت کە وشەو زاراوەی نەتەوەی کورد وەکو زاراوەیەکی سیاسی، کەمتر لەهەر زاراوەیەکی سیاسی دی بەکار هاتبێ.. بیگومان ئەمە دیاردەیەکی گەلەک خراپە، چونکە تا مەسەلەی نەتەوە پەروەری و بوون بە نەتەوە، نەبیت بە ستراتیژی نەگۆڕمان، خۆمان لەبەر دوژمنانی کوردو ئەو مەترسیانەی روو بەروومان دەبنەوە یا هەڕەشەمان لیدەکەن، ناگرین و ئاکام مایە پوچ دەردەچین و رەنگە ئەمە یەکیک بیت لەو هۆیانەی کە دەستکەوتی کورد، لە چاو ئەو قوربانیانەدا کە داونی یەکجار کەمە، چونکە دەسکەوتیک بە ناوی نەتەوەو بۆ نەتەوە بەدەست نەخرابیت، ئەوا لە دەست چوونی ئاسانەو نابیت بەو هیزە مەعنەوییە گەورەیەی کە هەموو رۆڵەیەکی ئەو نەتەوەیە بەرەڤانی لی بکەن.

نەتەوە نابیت بە نەتەوە، ئەگەر هەموو ئەندامەکانی وابەستەیی نەتەوەیی نەخەنە سەرووی هەموو وابەستەییەکی ترەوە. ئەگەر هەوڵ نەدریت بۆ گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندی پەراگەندەی تیرەیی، خیڵەکی، ناوچەگەریتی، شارچیتی و گەرەکچیتییەوە بۆ پیوەندی یەکیتی نەتەوەیی و نەتەوە پەروەری کە تاقە شیوەیەکی بوونی کۆمەڵایەتی لە بارە بۆ ئەوەی بچینە ناوجەرگەی میژووەوە. لەویندەرەوە دەست بەکار بین، چونکە هەر بوونیکی کۆمەڵایەتی بەر لە سەردەمی بە نەتەوە بوون، بوونیکی فشەڵەو لەسەر بناغەی بێ هیزی تیرەو تایفەو خیڵ و عەشیرەت و بنەماڵەو شارو شارۆچکەو گوندو گوندچیتی و هەندیک جار ئاینزارودەنریت و لەم بابەتە سیستەمە رەوتەنیەدا جۆری ئەندامیتی لە کۆمەڵگەدا، لەسەر بناغەی هاوولاتیتی یەکسان لە رووی ئەرک و مافەوە رۆنانریت.. تەنیا لەسایەی بوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی و نەتەوە پەروەرییدا هەموو وابەستەییە ئاینی و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و حزبی – مەبەست حزبایەتی باشووری کوردستانە! – دەگۆڕیت بۆ سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی



قەوارەی نەتەوەیی و کارکردن لەناو جەرگەی میژوودا. هەڵبەتە بە پیچەوانەشەوە گەر وابەستەییە لاوەکییەکان زاڵ بیت، ئەوا یەکبوون و یەکخستنی نەتەوەیی وەکو چارەسەری یەکجارەکی هەموو کیشەیەکی کۆمەلایەتی، سیاسی، رۆشنبیری و ئابووری، دەپوکیتەوەو زۆر دوا دەکەویت و ئەمڕۆکەش سەردەم، سەردەمی خیراییەو ئیمەی کورد بەرگەی دواکەوتنی لەوە پتر ناگرین..

بیگومان ناوچەگەریتی و پاوانخوازی ناوچەیی نەک هەر وەستانە دژ بە رەورەوەی میژوو، بەڵکو هەڕەشەیەکی گەورەشە لە دیموکراتیەت، چونکە پاوانخوازی ناوچەیی لەوە تەسکترە جییێ بزاڤی جەماوەرو بەدی هاتنی خەونە نەتەوەییەکانی تیدا ببیتەوەو لەم جۆرە سیستەمە رەوتەنییەدا، سیستەمی حوکم لەسەر بناغەی گوێ رایەڵی و وابەستەیی ئازادو ئارەزوومەندانە رۆنانریت. بۆیە دەسەڵاتدارانی ناوچەیی ناچار دەبن ئازادییە دیموکراسییەکان بەرتەنگ و بەرتەنگترو قەدەغە بکەن و پەنا وەبەر زەبروزەنگ بەرن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و هاوولاتی پێ شیل بکەن. بیگومان لەهەر شوینیکدا ئازادی وابەستەیی و گوێ رایەڵی ئارەزومەندانەی جەماوەری خەڵک پشت گوێ بخوریت ئەوا زەبروزەنگ دەبیت بەتاقە ئەلتەرناتیف و دەسەڵاتی ناوچەییش دەبیت بە دەزگای سەرکوتکردنی جەماوەری خەڵک و لە باربردنی دیموکراتیەت.

**ئالای ئازادی ژ (١٨١)**
**١٩٩٥/٨/٦**

# ژارۆ پەرلەمان!

«١»

هەڵبژاردن، دەنگ دان، دامەزراندنی پەرلەمان بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کوردا، ئەویش بەو سەرکەوتنە کەم وینەیەوە، جگە لەوەی سەرنجی دۆستانی کوردو ولاتپاریزانی راکیشاو دڵی خۆشکرن، بە هەمان ئەندازەش بەغیلی و کەرب و کینی دوژمنانی کوردی هاروژاندو پیلان گیران و فیتنەو ئاژاوە نانەوە، بە ئاشکراو نهینی دەستی پیکرد....

«٢»

پەرلەمان دامەزرا، بەمەش بزاڤی نەتەوەیی کورد، بە تایبەتی لە باشوردا، کە شەرەفی بەریوە بردن و لە ئەستۆ گرتن و پاراستنی ئەم دەستکەوتە نەتەوەییە مەزنەی کوردی، هەموو پارچەکانی کوردستانی پێ برا، کەوتە قۆناغیکی تازەوە کە ناکرێ جارەکی دی بزڤریتەوە بۆ پاش....

«٣»

پەرلەمان، بوو بەو ناسنامەیەی کە گەلان و زۆر کۆڕی سیاسی رەسمی ونارەسمی جیهانی و بگرە هەندێ دەسەلاتی سیاسی دنیا، بەرێزەوەو بەشیوەیەکی نیمچە رەسمی و هەندێ جار رەسمی متمانەی پێ ببەخشن و مامەڵەتی لە تەکدا بکەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا داننانە بە شەرعیەتی پەرلەماندا وەکو سەرچاوەی (قەرار سازی) کورد... پیویستە هەر حزب و لایەن و گروپ و کەسایەتییەکی کورد هەوڵی ریشاژۆ کردن و پتر سەلماندنی ئەم حەقیقەتە بدات، ئەگینا....

«٤»

لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمان دا، بزاڤی نەتەوەییمان کەوتە قۆناغیکی تازەوە... ئیستاش کە تەمەنی یاسایی پەرلەمان چەند رۆژیکی کەمی ماوە، - ئەگەر تازەش نەکریتەوە- بزاڤی نەتەوەییمان لە قۆناغی تازەی



خۆی پاشە کشە ناکات، بەلام ئەمە گەلیک دەلالەتی خەتەر دەگەیەنێ و مەسئولیەتی میژوویی کوشندەو لە بەخشین نەهاتوو، وە ئەستۆیان دەخات! جا دەبێ چ ئەستۆیەک هیندە ئەستور و هیز بێ ئەم بارە هەڵبگرێ!...

«٥»

پەرلەمان هەوینی قۆناغیکی میژوویی هەرە گرینگی کوردە.... رووداویکی رەوتەنی و ئاسایی نییە، هەروا بە ئاسانی لەبیر بچیتەوەو فەرامۆش بکرێ... هەر لایەنیک هەوڵی لەباربردنی بدات- بەهەر بیانوو، یان تەماحیک- ئەوا شەرعیەت بە پارچە پارچە کردنی کوردستان دەدات.

بیگومان بۆی نییە سبەینێ دەستە چەورەکەی بەسەر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردا بسرێ و بلێ: ئەوان پەرلەمانی کوردیان لەبار برد... بیگومان هیچ شتیک لەوە شەرمتر نییە کە لەبەر خاتری حزب حزبینەی تەسک، پەرلەمانی دەستکەوتی خەباتی هەموو نەتەوەی کورد، زیندە بەچاڵ بکرێ و لاپەڕەیەکی هەرە رەش بخەینە سەر تۆماری شەرمنامەی کوردان....

«٦»

پەرلەمانی کوردستان، ئەمانەتیکی یەکجار قورسەو لە ئەستۆی کوردی باشور دایە بەگشتی و لە ئەستۆی هەردوو حزبی حوکمڕاندایە بە تایبەتی، ئەگەر ئەم ئەمانەتە بە سەلامەتی نەپاریزرێ، گلەیی و گازاندەو نەفرەتی میژوو بەرۆکمان بەرنادات، بۆیەش بەرۆکمان بەرنادات، چونکە پەرلەمان بۆخۆی هەوینی قۆناغیکی میژوویی هەرە گرینگی نەتەوەیی کوردە...

**ئالای ئازادی ژ (٢١٧)**
**١٩٩٦/٦/١**

## ئاراستەپێچەوانەکان

«١»

مەخابن، لە باشووری کوردستاندا کورد وای لێکراوە حیزب بووە بە خولیای هەوەڵ و ئاخیری. تاپۆی حیزب بەجۆرێ بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ بووە، تەنانەت خۆی وەکو مرۆڤ لەبیر کردووەو هەموو بەهایەکی نەتەوەیی و مرۆڤانی لە قەبیلّی حزبەکەی کردووە. جا بریا حیزبەکەش حیزببایە! وای لێهاتووە توانای هەستکردنی لەدەست داوە، هەست کردن بەشادی، بە خەم و حوزن بە بوونی مرۆڤانی و نەتەوەیی.

«٢»

بێگومان ئەم حاڵەتە زۆ رەوتەنی دەبێت و لە ماوەیەکی کورتدا رەونەقی خۆی لە دەست دەدات و بازاڕی کەساد دەبێت، چونکە ئەم پرۆسەی حیزباندن و حیزباوی کردنەی لای ئێمە هیچ بنەمایەکی زانستی نییەو نە بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیدا دەبرێت، تاکو هەوین و مەعنای ژیان لە هەناودانی خۆیدا هەڵبگرێت و مژدەی ژیانی پێببێت. بەڵکو بەجۆرە ئاراستەیەکی سەقەتی ئەوتۆدا دەبرێت کە جگە لە مەرگ و ماڵوێرانی چیتری لە هەناودا هەڵنەگرتووە. دیارە ئەمەش دورە لە پێکهاتی سروشت و تەبیعەتی ژیانخوازی مرۆڤەوە. هەر بۆیە ئەوەتا لە ماوەیەکی کەمدا ئەم پرۆسەی حیزباوی کردنە لەبەرچاوی زۆربەی خەڵکەکە کەوتووەو وەکو ماڵی قەڵپ دەدرێتەوە بەسەر ساحیبی دا. خەڵکی ئەوڕۆکە ئەوەندە تێگەیشتوون کە رووبکەنە ڕێبازێک کە بەرەو ئاوەدانی و ژیانی واقیعیانەی شایستە بە مرۆڤیان بەرێت، نەک بەرەو مەرگ و ماڵوێرانی و بە عاجباتی کردنیان بەرێت.

«٣»

هەوڵی حیزباوی کردنی خەڵکەکە گەییوەتە ئاستێک کە باوەڕی ناماقوڵ و لە ئەقڵ و ئاوەز بەدەرو گەوجانە لە ناخی بیرکردنەوەیاندا بچەسپێنرێت.



بکرێن بە دەروێش و موریدی شتێکی وەهمی و وای لێبێت ئەو وەهمە بەشتێکی راستەقینەو حاشا هەڵنەگرو تەنانەت موناقەشە هەڵنەگر. دیارە بنەمای هەر باوەڕێکی «لا عەقلی» سیماو تایبتمەندییە سەلبییەکەیەتی جا ئیدی بابەتی ئەو باوەڕە پێشەوایەک بێت. ئایدیولۆژیایەک بێ یان حزبێک بێ..

بێگومان هەوڵی گەوجاندن لە ڕێگەی هەڵنانی کەسانی گێل و لە ناخدا بێ دەسەڵات و ناونانی ئازایانە لێیان وەکو هەڵۆ، نەبەز، شۆڕش.. و گەلێ سیفەتی تری لەو بابەتە کە ماناو چەمکی ئازایەتی لەخۆ دەگرن، کاریکی خەتەرەو کاریگەری خۆی هەیە. دیارە ئەم چەمک و وشەی ئازایەتییە پتر وەسفە بۆ حاڵەتەکانی رووبەرووبوونەوەی مەرگ... لە کاتێکدا ئازایەتی وورەبەرزی مانای بەرگری و خاوەنداریتی خود دەگەیەنێت و پەروەردەکردنی ئەندام و پێشمەرگەی هەر حزبێک بەم ئاراستەیەدا نەبرێت، ئەوا پەروەردەیەکی تەدمیرییە. وەکو ئەمە بەجوانی لە هەڵسوکەوت و مامەڵەو رەفتاری زۆر حیزبی کوردستاندا بەدی دەکرێت.

«٤»

بێگومان ئەو گەوجاندنەی ئاماژەمان کردێ، چ هیواو باوەڕو ورەیەک لە لای مرۆڤ ناهێڵێت و وا لە مرۆڤ دەکات تەنیا ئاشقی کۆیلایەتی و بە پاشکۆ بوونی خۆی بێت. هەر ئەمەش خۆی لە خۆیدا وای لێکردووە، رەدووی حیزبەکان بکەوێت!! بانگەشە بۆ وان بکات و نائومێدانەو بە پێخاوسی بەناو بکەوێت.. بەڵام دیارە زۆربەی حیزبەکانی کوردستان بە خۆشیان سیکوچکەی ژیانیان «هیوا، باوەڕ، ورەبەرزی» لە دەست داوەو وەکو ترومبێلی برێک پچڕاو تا ماوەیەک دەڕۆن و ئیدی لەجێی خۆیان دەوەستن و لە ئەنجامدا لە کۆڵ ئەم میللەتە داماوە دەبنەوە.. بێگومان ئەم بابەتە حیزبانە مەگەر بەرێکەوت بگەنە ئامانج و کەمتر سەرکەوتن بەدەست دێنن، بۆیە کە دادەروخێن و ئامانجەکانیان نایەتە دی، ئیدی ئەوانەی لە گەڵیان دەمیننەوە دوچاری دلڕەقی دەبن و چاویان بەکەس و بە دیمەنە گەشەکانی ژیاندا هەڵنایەتەوەو هەموو بەزەیی و سۆزێکی مرۆڤانی لە دەست دەدەن.

«٥»

یەکیک لە ئەنجامە خەتەرەکانی داروخانی ئامانج و هیواکان، هاڕوژاندنی گیانی شەڕخوازییە، چونکە بنیادەم ناتوانن بەبێ ئامانج و هیوا بژین. هەر کەسیک کۆشکی هیواکانی برمێ، ئیدی ژیان دەبوغزینیت و رقی لیی دەبیتەوە. کەسیک نەتوانیت ژیان بەرهەم بینیت، دەبیت بیڕوخینێ.. دەیەوێ تۆڵە لەو ژیانە بکاتەوە کە بۆ خۆی نەبووە، بۆیە لە کوشت و بڕو روخاندن و ویرانکردن، تەنانەت لەهی خۆیشی ناپرینگیتەوە.

«٦»

نەهاتنەدی ئاوات و ئامانجەکان، دڵڕەقی و گیانی ویرانخوازی لیدەکەویتەوە. ئەم حاڵەتە لەبواری حزبینی لای ئیمەدا «باشور» دیارە.. ئەندام کاتێ دەبینیت حیزبەکەی، ئەو کەشتییە نییە بیگەیەنیتە رۆخی ئارام و ئامانجەکانی بینیتەدی و ژیانی لەلا شیرین تر بکات، ئیدی دڵڕەقی و شەرخوازی و مەرگ و مەرگەسات و ویرانکاری جیی خۆشەویستی ژیان و ئاوەدانی و مرۆڤدۆستی لە بیرو بیرکردنەوەو دڵ و دەرونیدا دەگریتەوە. دیارە ئەم حاڵەتە بۆ کۆمەڵ و چین و نەتەوەش هەر راستە.. هەق وایە حیزب دروشمی واقیعی ئەوتۆ هەڵبژیریت و کاری بۆ بکات کە بینە دی و بەلای کەمەوە هەندێ فشە سەرکەوتن وەدەست بینیت کە ئەندام و لایەنگرانی بە دەورەوە بمینیت و نەبن بە خەڵکانی نەخۆش لەباری دەرونییەوە، چونکە هەر کە حیزبەکەی ئومید بڕ بوو، ئامانج و هیواکانی نەهاتەدی ئیدی ئەمیش خۆ بەخۆ نائومیدی لە روح و گیانی دەئالیت. بۆ وینە لە کوردستاندا بیزاری باوەو زۆربەی خەڵکی گرتۆتەوە. پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر سست و خاوە، ئاوەداکردنەوەو پاکژکردنەوەی شارو گوندان کەس خۆی لێ بەخاوەن ناکات.. برسیتی جەماوەری خەڵک خەمی جدی و بە پەلەی کەس نییە. شەڕی براکوژی لە شەڕگەوە گویزراوەتەوە بۆ ناو نوکتەی سەر زاری جەماوەری خەڵک. خەڵکی وای لیهاتووە بەنوکتە داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕیژن و ئەمەش نیشانەی زەق و دیاری نائومیدی و هیوابڕاوییە، کە حزبینی لە باشوردا، بەتایبەتی لە پاش راپەڕینەوە دەوری لە خولقاندنیدا هەبووەو هەیە. بیگومان کۆمەڵی کوردەواری، ئەمڕۆکە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ نائومیدیدا دەکات و خەریکە لەگەڵ نائومیدی و بێ هیواییدا رادیت و ئەمەش گەر ببیت بە دیاردەو حاڵەت گەلەک خەتەر دەبیت و بوونی نەتەوەییمان دەکەویتە مۆلەق و بە دیهاتنی خەون و



بەرنامەکانی داگیر کەرو دوژمنانی کورد نزیک دەبیتەوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دڵسۆزانی نەتەوەو رۆشنبیران و جەماوەری هیشتا حیزباوی نەکراو وەدەنگ بین و حیزبە میژووکردەکان بیننە پای موناقەشەو دایەلۆگ و دۆزینەوەی چارەسەرو تا کار لەکار نەترازاوە ئەم میللەتە بخریتەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی و بە ئاراستەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی مرۆڤانەدا رینوینی بکریت و هیواو ئاوات لە دڵیدا ببوژینریتەوەو فیری خۆشەویستی ژیان بکریت، ئاشقینی لەگەڵ ژیان و پیداویستییەکانی ژیاندا بکات و لەوەی پتر لە کاروان دوانەخریت و لەگەڵ نائومیدیدا، کە بۆ خۆی مەرگە، رانەهینریت.

«٧»

لە کۆتاییدا دەبیت کورد هەوڵ بدات راپەرینیکی روحی لە روحی ئەندامانی نەتەوەی کورددا بەرپا بکات و لەم گیانەڵای روحییە دەربازبین، دیارە ئەمەش بەوە دیتە دی کە مرۆڤ بگەڕیتەوە بۆ ناو جەرگەی ژیان.. دەبیت کۆمەڵ لەو پیناوەدا ریک بخریتەوە کە بژی نەک لە پیناوی مردندا.... هەڵبەتە ئەمە ئەرکیکی هەرە گەورەی ئەستۆی رۆشنبیرانە...

**ژیدەر:**
**ثورة الامل– اريك فروم**

**دەنگی میللەت ژ (٣)**
**١٩٩٧/٢/٢٣**

# هیجرەت

هەموو هیجرەت و کۆچ و کوچاندن و سەر هەڵگرتنیک لە میژوودا، کۆمەڵیک فاکتەرو هۆی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت رۆشنبیری لە پیشەوە بووە، ئەگەر هەموو راکردنیک جۆرە هیجرەتیک بێ، ئەوا هەموو هیجرەتیک راکردن نییە. بۆیە دەبێ جیاوازییەکی بە ئینسافانە لە نیوان کۆچکردووانـدا بکرێ، راکردوو لە هیجرەت کردوو جودا بکریتەوە..

راستە ئەمانە هەموو هەر ڕوو لە تاراوگەو چارەنووسی نادیار دەکەن، بەڵام تاقمیکیان تاراوگە هەڵیان دەلۆشێ و وەکو ئاومالکە لافاوی چارەنووسی نادیار ڕایان دەماڵێ و لایان گرنگ نییە لەچ کەناریکدا بگیرسینەوە و لە هەمیزی چ ئامانجیکدا بحەوینەوە، تاقمیکی دی لە تاراوگەدا بۆ خۆ دەگەرین، ماقولیەت بە چارەنووسی هەرەشە لیکراویان دەبەخشن و خۆ تەیار دەکەن و ئامانجیان دەبی بەسڕینەوەی هۆکارەکانی رەهەندەبوون و کۆچاندنیان بۆیە هەر کە ئەو هۆکارانە هاتنە سڕینەوەو نەمان دەست بە کۆچی پیچەوانە دەکەنەوەو بە پەلە روو لە وڵات دەکەنەوە تا بەشداری بنیات نانەوەی مادی و مەعنەوی واری خۆ بکەن.

ئەوە چەند ساڵیکە لە کوردستان دا گوایە هۆکارەکانی کۆچ و هیجرەت و سەرهەڵگەرتن نەماوە، کوردستان شامی شەریفە و مەرو گورگ پیکەوە ئاو دەخۆنەوە، کەچی دیاردەی هیجرەت و سەرهەڵگرتن نەک هەر ئاوە ژوونەبووەوە بەڵکو بە پیچەوانەوە برەوی سەندووە، خەڵکی ماڵ و موڵکی خۆ، بەری رەنجی دەیان و سەدان ساڵ هەراج دەکەن و خۆ بەدەم شەپۆڵ و لافاوی چارەنووسی نادیارەوە دەدەن و تاراوگە خۆت بگەرە واهاتین.. نە کورد، نە کوردستان، نە شەهید و نەخەباتی دەیان و سەدان ساڵە گلیان ناداتەوە. رەنگە گویزانەوە لە دوزەخیکی شیتەوە بۆ دوزەخیکی هەندێ ماقولتر پاکانەی خۆی هەبێ، بەڵام گومان لەوە دانییە کە دیاردەی هیجرەتی ئەمجارەی کورد خۆی لە خۆیدا نارەزاییە بەرامبەر بەم دوزەخەی کە حیزبەکانی کوردستان بۆ گەلی کوردی خیر لە خۆ نەدیوو دایان خستووە،



ئارامی نییە، ئاسایش قاتییە، مافی مروڤ درۆیە، نان لە لوولەی تفەنگی لیوای تایبەت و لیوای فەل و لیوای شەقدایە. کورد بە تۆبزی دەکرین بە دوژمنی یەکدی، گەر جاران دوو خیل دوژمن بووبن، ئەوا ئیستا بە پیی نەخشەو پلانی وورد دوژمنایەتی بۆ ناو ئەندامانی یەک خیزان رادەگویزرێ. حیزبەکان نەک هەر خۆیان لە بەخیوکردنی میللەت دزیوەتەوە بەڵکو بە ئاشکرا و نهینی ئیستغلالی برسیتی رۆڵەکانی میللەتیان کردووەو وا لە خەڵکە عەوامەکە دەگەیەنن کە گوایە حیزبی جەماوەرین!!

پسوولەی وولاتپاریزو ولاتفروش لە گیرفانی ئەواندایە، مافی دابەشکردنی کوردستان و شارچیتی و گەرەک چیتی هەر بۆ ئەوان حەڵاڵە.. ئیدی دوزەخە، دوزەخ! هەڵبەتە دۆزەخ، هیجرەت و لە هیجرەت خراپتری لێ دەکەویتەوە! ئەمرۆ رۆژگاری هیجرەت، دەبرۆن، ئوغرتان خیربی!! هیجرەتی ئیوە دەربڕینی نارەزاییە!!

**ئاڵای ئازادی ژ (١٣٨)**
**١٩٩٤/٩/١١**

## به ڕاشكاوی

گەر هەندێ واقیع بینانە بڕوانینە كیشەی كوردو لیی وورد ببینەوە، ئەوا یەكسەر بۆمان بەدیار دەكەوێ كە كیشەی كورد، گەلێ لەوە گەورەترە كە هیندێ رژێمانی كۆنە پەرستی بەناهەق زاڵ بەسەر كوردا دەیانەوێ بیخەنە قالبی كەمە نەتەوەییەوەو بەفشە مافی وەكو: «حوكمی زاتی، خودموختاری، لامەركەزی، حقوقی سەقافی» و گەلێ زاراوەی عەنتیكەی عەوام خەڵەتینی زادەی قوتوی عەتاری رژێمانی ئاخر زەمان، پەردەی بەسەردا بدەن و بیرو بیركردنەوەی دروست و رەوای كوردانەی لای هیندێ كەس پێ چەواشە بكەن و بەم بابەتە چەشە كاتیبیانە ئەوەمان بیر ببەنەوە كە كیشەی كورد كیشەی وولات و گەلیكی بە ناهەق پارچە پارچە كراوە.. و دەبێ ئەم مافە زەوتكراوە بدریتەوە بە كورد.

دیارە ئەم حەقیقەتە لە نەستی «لاشعور»ی هەموو كوردیكی دڵسۆزدا بنجی داكوتاوەو لەهەر شوینیكدا گەر لە كوردیك بپرسیت تۆ چیت ئەوا یەكسەر دەڵێ كوردم و هەرگیز بە خەیاڵیدا نایەت بڵێ توركیایی یا عیراقی یا ئیرانیم و هەموو كوردیكیش ئەم پرسیارە هەمیشەییەی لە نەست دا چەسپاوە كە بۆ دەبێ كورد لەلایەن ئیستعماری توركی یا عەرەبی و عەجەمییەوە بەڕیوەببرێ و كوردستان كۆلۆنی ئەوان بێ؟! بۆیە پیویستە هەموو كوردیك واقیع بین بێ و تانەو تەشەری «جودا خوازی» رژیمەكانی ناوچە، كە بەداخەوە گەلێ لە حیزب و ریكخراوە خۆ بە شۆڕشگیر زانەكانی ناوچەش، بە هەندێ كوردی توندڕەویشەوە هەمان قەوانی «جوداخوازی!!» رژیمە كۆنەپەرست و داگیركەرەكانیان بۆ لیداوینەتەوەو بەرگی برایەتی كوردو عەرەب، كوردو تورك، كوردو عەجەمیان بە بەردا كردووە، ئیمە لاریمان نە لە برایەتی راستەقینە هەیەو نە لە دۆستایەتی مرۆڤانە، بەڵام وەختێ ئەو برایەتی و دۆستایەتیە بەرجەستە دەبێ و واقیعیەت پەیدا دەكا كە ئیمە قەوارەی خۆمان لە سەر زەمینی خۆماندا هەبێ، دەنا لەوە بترازێ برایەتی و دۆستایەتی تەنیا چاو بەستەو لیمان دەكرێ و بەدریژایی میژووش ئەو چاو بەستەمان لیكراوە.. دەنا ئەوەی دەرهەق بە كورد كراوەو دەكرێ، گەر لە



میژوودا بێ وینە نەبووبێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر كەم وینەیە، ئەدی بۆ ئەو برا ئازیزو دڵسۆزانە! تاقە جارێ ویژدانیان رانەچەنیو و مەزبەتەیەكیان مۆر نەكرد كە كوردیش پیویستە هەقی زەوتكراوی خۆی بدریتەوەو وەكو هەموو گەلانی دنیا جیگەی شایستەی خۆی هەبێ.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵیین ئەوەی دوژمنان و هیندێ خەڵكانی گومڕا، بۆ كورد بە «جوداخوازی» دەزانن، هەرگیز جوداخوازی نییە، بەڵكو هەستی لیكدی نزیك بوونەوەو یەكبوونە، جوانترین هەستی ئینسانییش هەستی یەكبوونە.

**ئالای ئازادی ژ (١٠٣)**
**١٩٩٣/١٢/٢٦**

# ئاڵا

«١»

ئاڵا، خۆی لەخۆیدا رەمزی جۆرە سەروەرییەکەو لەزۆر کۆنەوە هەبووەو بۆ مەبەست و چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سوپایی بەکار هاتووە. لەکۆندا هەر تیرەوتایفەو هۆزو بن هۆزیک بەیداغ و ئاڵای تایبەتی خۆی هەبووەو شانازی پیوەکردووە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، هیچ وڵات و دەوڵەتیک نییە ئاڵای تایبەتی خۆی نەبێ و لەنیوەندە سیاسییەکاندا پیی نەناسرابێ. کەواتە بەم پییە ئاڵا وەکو رەمزیکی سەروەری نەتەوەیی و نیشتیمانی بریتییە لە تەرجەمەی بوونی سیاسی هەر نەتەوەو نیشتیمانیک. ئەمەش مافی ڕەوای هەر میللەت و نەتەوەو گەلیکی ئەم سەرزەمینەیەو هیچ پاساویک بەهەر بیانوویەکەوە بێ، نییە بۆ ڕیگرتن لە مومارەسەکردنی ئەم مافە ئاسایی و سروشتییە.

«٢»

کورد، یەکیکە لە میللەتە دیرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو بنەمایەکی میژوویی و شارستانی تیدایە و هەرکاتێ کەمترین دەرفەت و دەڵیڤەی بۆ هەڵکەوتبێ، بۆ خۆی و دەوروبەرو دنیای سەلماندووە کە دەتوانێ بە چاکی خۆی بەڕیوەبەرێ و هەڕەشەش نەبێ بۆ سەر هیچ میللەت و نەتەوەو دەوڵەتیک.

هەرچەندە کورد دەزانێ، کە وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم سەرزەمینە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە.. لێ وەکو میللەتیکی واقیع بین، هەمیشە واقیعیانە مامەڵەی لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکانی هەر قۆناغیکدا کردووە، ئەوەندەی بواری هەبووبێ ڕیگەی ئاشتی و دۆستایەتی گرتۆتەبەرو ئەگەر چ ڕیگەیەکی بۆ نەهیلڕابیتەوەو دەستی دابیتە چەک،



ئەوا بەو مەبەستە نەبووە تا خاک و مافی خەڵکانی دی داگیرو پیشیل بکات. بەڵکو لەپیناوی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیدا خەبتیوەو گەر بەناچاری بە کەمترین ماف رازی بووبێ و بۆ چاوبەستەکێ ئەو مافەی پیدرابێ، ئەوا لە نزیکترین دەرفەتدا لیی سەندراوەتەوەو نامرۆڤانەترین ڕەفتاری دەگەڵ کراوە.

«٣»

میژوو شاهیدە کە کورد سورە لە سەر ژیان و مان. هەرگیز کۆڵی نەداوە. هەوڵی داوە زیندوویەتی خۆی بسەلمینێ و ماقولیەت بە خەباتی خۆی بدات و تاریخیەتی پێ ببەخشیت. ئەگەر چی بەناهەق و بەتۆبزی توڕدەدریتە دەریی میژوو، بەڵام ئەزموونان سەلماندوویانە کە یەکیکە لەو میللەتە دەگمەنانەی کە توانایەکی لەڕادە بەدەری بۆ خۆ تازەکردنەوەو زوو گونجان لەگەڵ واقیعداو دۆزینەوەی شیوازی گونجاوی خەباتی هەیە. ئەمەش بۆ خۆی نیشانەیەکی حاشا هەڵنەگەری ڕەسەنایەتی ئەم میللەتە دیرینەیە.

«٤»

ئاشکرایە کورد لەپاش یەکەم جەنگی جیهانەوە، وەکو وڵات و وەکو نەتەوە بەیەکجارەکی بەسەر چەندین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەناهەق دابەش کرا. دابەش کردنیکی وەها کە لە هیچ یەکیک لەو وڵاتە تازانەدا زۆرینەی دانیشتوان پیک ناهینن و ئەمەش بۆ خۆی هیندەی دی کیشەی سیاسی کوردی ئاڵۆزکردووە. واتە چەندین دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا، بەم قەوارەیەی ئیستایانەوە لەسەر حیسابی کورد دروست بوون. چ کوردو چ داگیرکەرانی کورد ئەم راستییە دەزانن..هەڵبەتە ئەو واقیعەش ئەنجامی گۆڕان و گۆڕینی نەخشەی سیاسی وجوگرافی جیهان بوو. بۆیە ئەمڕۆ ئەو وولاتانە زۆر لەوە دەترسن، پیداویستییە نیو دەوڵەتییەکان وا بخوازێ گۆڕانکارییەکی سیاسی جوگرافی دیکە لەڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئاوس بەچەندین کیشەی سیاسی پەیوەست بە چارەنوسی هەموو دنیاوە، ئەنجام بدرێ و دەوڵەتی کوردی لەسەر حیسابی گوایە ئەوان دابمەزرێ!!..

دیاره ئەگەر ئەمە بیتەدی- کە هەر دیتە دی- ئەوا هەم کورد مومارەسەی بوونی کۆمەڵایەتی خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەتی یاسایی و خودان ئاڵای خۆی دا دەکات و هەم ڕۆژهەڵاتی ناڤین و میللەتانی لەترس و دڵەڕاوکیی جیابوونەوەی کورد رزگار دەبن و ئارامی رووده‌کاتە هەموو لایەک.

«٥»

ئاشکرایە گۆڕانکارییە میژوویيەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دونیا، ئەوەیان ساغ کردەوە کە باوی سیاسەتی چەوساندنەوەو سەرکوتکاری و زەوتکرنی ئازادی تاک و کۆمەڵی دنیا نەماوەو کۆمەڵگەی نیودەڵەتی، هەر بۆ سەلماندنی شایستەیی خۆی و وەکو نوینەری قۆناغیکی تازەی کۆمەڵگەی بەشەری، بەو ئاسانییەی جاران لیی بیدەنگ نابیت و ئیدی وەختی ئەوە هاتووە،قەرار سازان و سیاسەتوانان و هزرڤانانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەخۆدا بچنەوەو دەسبەرداری شیوازە کۆنەکانی چارەسەرکردنی کیشەکانی ناوچەکە ببن و شیوازی شارستانیانەی پڕ بەپیستی قۆناغەکە بدۆزنەوەو بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان بەئاشتی.

«٦»

باسکردنی ئاڵای کوردستان وەکو رەمزی سەروەری نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد، کە لە بنەڕەتدا مافیکی سروشتی و ئاسایی و رەوای کوردە و نیشانەی توانای خۆگونجاندنی کوردە لەگەڵ هەر قۆناغیکی میژوویيدا ئەمەش بۆ خۆی بیرکردنەوەیە بەدەنگی بەرزو دیاردەیەکی ڕۆژگاری ئەمڕۆیە. جا ئەمەش بۆ خۆی بانگەوازی ئاشتییە، داوای هاوکارییە لە نەتەوەو ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ کارکردنی شارستانیانە بۆ چارە سەرکردنی کیشەکانی ناوچەکە کە بەبێ بەشداری و بەشداری کردنی کورد، هەرگیز نایەتە چارەسەری ریشەیی.

دیارە بیرکردنەوەی کورد بەدەنگی بەرز، بەڵگەی نیاز پاکی کوردەو نیشانەی ئەوەیە کە توانای خۆ تازەکردنەوەمان هەیەو نهینی مانمان لەو تیگەیشتنەدایە کە هەر کەس و گروپ و تیرەو تایفەو میللەت و نەتەوەیەک نەتوانێ خۆی تازە بکاتەوە، مەحکوم بەنەمانە.



بۆیە هەقە هەموو قەرارسازان و سیاسەتوانان و هزرڤانانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پشتیوانی لە دۆزی کورد بکەن و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کوردستاندا بەکاریکی ئاسایی بزانن و واقیعیانە تەمەشای بکەن و ئەوانیش توانای خۆ تازەکردنەوەیان وەگەڕ بخەن و هەموولایەک بەنەفەسیکی تازەوە خۆ بۆ سەدەیەکی تازە ئامادەبکەین...

**یەکبوون ژ (١١)**
**٢٥/ئاب/١٩٩٩**

# مافی چارەنووس = دامەزراندنی دەوڵەت

«١»

بیری نەتەوەیی و جۆشدانی هەست و سۆزی نەتەوەیی، لەکات و ڕۆژگارو سەردەمی خۆیدا، کاریکی پیشکەوتوو خوازانەیە: دەکاتە دەرکی واقیع لە قۆناغی میژوویی خۆیدا: کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی خەملینی وەعی و هۆشیارییە.هەڵبەتە سەر هەڵدانی بیری نەتەوەیی و چەکەرەکردنی بۆرژوازیەت وەکو چینیکی شۆڕشگیڕی تازە کورەی فرە تەماح و فرە کەڵکەڵەو خۆزیاو هیوا، تەواوکەری یەکترن و دەبن بەچەکیکی کارای کاریگەری خەبتین وتیکۆشین دژ بە فیودالی و سیستەمی بەرەبای و هەوڵی دورستکردنی دەوڵەتیکی نەتەوەیی یەکگرتووی بەهیزی ئەوتۆ دەدات کە گەشەسەندن و نەشونمای پەیوەندی بەرهەمهینانی نوێ دەستەبەر دەکات.هەموو لەمپەریکی پارچە پارچەیی لەناو بۆتەی نەتەوەییدا بتوینیتەوە.. بەڵگە نەویستە بورژوازیەت لە قۆناغەکانی هەوەڵی سەرهەڵدان و گەشەکردنیدا، چینیکی شۆڕشگیڕە پاشان بەرە بەرە قۆناغەکانی دی دەبڕیت و پیردەبیت و دەوری کۆمەڵایەتی دەگۆڕیت.. بەم پییە بۆرژوازیەت لە هەموو کەس پتر پیویستی بەدەوڵەتیکی نەتەوەیی هەیە: تا بازاڕی (نەتەوەیی) بۆ بەرهەمی کارخانەکانی خۆی دابین بکات .

ئەم ڕاستییە تائیستا لەکوردستاندا نەخوڵقاوەو داگیرکەرانی کورد بەجددی هەوڵدەدەن ڕیی لیبگرن و بەشیواوی و پاشکۆیەتی بمینیتەوە..هەڵبەتە لەنیو ئەو نەتەوانەدا کە گەشەسەندنی ئاسایی دەکەن و بەشیوەیەکی ئاسایی قۆناغە میژوویەکانیان دەپیچنەوە،فیودالیزم دەبیتە کۆسپ لەبەردەم ئەم بابەتە گەشەسەندنەدا..تاوای لیدیت، ئەگەر بەتۆبزیش لانەبردریت و لە دەسەڵات رووتنەکریتەوە ،ئەوا بەشیوەیەکی خاو تر پەکی دەکەویت و رۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەردەچیت. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لەلای خەڵکانیک بمینیت. ئەوا وەکو واقیعی کۆمەڵایەتی دەوری بەسەر دەچیت.

«٢»



بزاڤی نەتەوەیی کورد، لەئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەداو لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا هەرگیز لەگەڵ بزاڤی شۆڕشگیڕانەی پڕۆلیتاریای ئەو وڵاتانەدا ناکۆک نەبووە،کە کوردیان پیوە لکینراون، چونکە چینی کریکاری ئەو وڵاتانە نەوەکو پیویست خەملیون و نەبوون بەدەسەڵات.. ئەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد،ئیفلیج دەکات،ئەوەیە کە لەرووی ئابورییەوە پاشکۆی ئەو وڵاتانەیەو سەربەخۆیی خۆی نەبووە. بۆیە بیر کردنەوە لەمەو دەربازبوون لەو ئاستەنگە رەنگە بزاڤی نەتەوەیی بخاتە قۆناغیکی گەشەکردوو ترەوە.

«٣»

کورد هەرکە سەری لە هیلکە دەجوقێ، بەوە گۆش دەکریت کە ئاگای لە سەلامەتی و یەک پارچەیی خاکی ئەو وڵاتە بیت کە بە تۆبزی ئەمی لێ مارە کراوە! واتە یەک پارچەیی زەمینی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هەم دەبیت بە وەسیلەو هەم دەبیت بە ئامانج، لە کاتیکدا رژیمی ئەو وڵاتانە بەخۆیان و بە کردەوە خوازیاری پارچە پارچە بوونی وولاتەکانی خۆیانن؛ بە ئاشکرا مومارەسەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەکەن، لە کاتیک دا چەوساندنەوەی نەتەوەیی خەتەریکی هەرە گەورەیە و کاردانەوەی خۆی دەبیت، ئەمە جگە لەوەی چەوسانەوەو زەبروزەنگی میللەتان لەناو نابات و بە پیچەوانەوە دەمە زەردیان دەکاتەوە... داگیرکەرانی کورد کەم و زۆر سڵ لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی ناکەنەوە. بۆیە هەندیک جار کە هەست بە جۆرە هەڵچوونیکی کوردو توڕەبوونی دەکریت خیرا پینەو پەڕۆیەک دەکریت و کەمۆکەیەک مافی رۆشنبیری دەدریتێ و بەمە وەکو منداڵیک گڕۆی گەرتبێ، ژیری دەکەنەوەو پاشان پاشگەز دەبنەوە، ئیدی ئەم گەمەی مارو پەیژەیە لەگەڵ هەموو نەتەوەی کوردا لە هەموو وڵاتەکاندا بەدی دەکریت و دیارە ئەمە لە کاتیکدا دەکریت کە ئەگەر مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ هەندیک شوین و میللەت و وڵاتان لیکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەڵبگریت و دوو دڵی و گومان و لەسەر وەستانی بویت ئەوا بۆ کورد هیچ یەکیک لەمانە هەڵناگریت و ریک دەکاتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دەبیت بیر کردنەوەی کورد بەو ئاراستەیەدا ببریت، تەنیا دەوڵەت زامنی نەهیشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییە لەسەر کورد، کە بەبەر چاوی هەموو ماف پەروەرانی دنیاوە، لە رووی نەتەوەییەوە دەچەوسینریتەوە.

**«٤»**

پێویستە جیاوازی لە نیوان نەتەوەی زۆر لیکراو زۆردار بکریت، چونکە خەبات و تیکۆشانی نەتەوەی زۆر لیکراو خۆ بەخۆ گەلەک رەگەزی دیموکراتیانەی تیدایە کە لە هی نەتەوەی زۆرداردا نییە، چونکە لینین گوتەنی: (هەموو نەزعەیەکی نەتەوەیی نەتەوەی زۆر لیکراو، ناوەرۆکیکی دیموکراتی گشتی هەیە، دژی چەوساندنەوەیەو دەبیت بێ سێ و دوو پشتیوانی لێ بکریت). هەر چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی، خۆ بەخۆ کۆمەڵیک رەگەزی دیموکراتی و پیشکەوتن خواز لەناو بزاڤی نەتەوەیی زۆر لیکراو دەروێنێ، هەڵبەتە بە بزاڤی رۆشنبیریشەوە؛ بۆیە رۆشنبیری نەتەوەیی، نەتەوەی زۆر لیکراو فاکتەریکی گرینگ بۆ یەک خستنی نەتەوەیەک لە خەباتی دا دژی داگیرکەرانی..

**«٥»**

بوونی نەتەوەیی کورد، حەقیقەتیکی واقیعییەو ئیدی دەبیت تیۆرییەکی مرۆڤانە رابەری بکات و تیوریزە بکریت، کورد هەموو بنەمایەکی نەتەوەیی تیدایە، تەنیا دەوڵەت نەبیت کە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ زۆر گرنگە و هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە لەسەر خاکی خۆی و لەسەر حیسابی خۆی کاریکی پیویستەو هەر لەو سنوورە سیاسیەدا کە پیی دەوتریت دەوڵەت. گەشە دەکات و بنەما نەتەوەییەکانی تری ریشاژۆ دەبن و بوونی مرۆڤانەی خۆی لە کاروانی مرۆڤایەتی دا جوانتر دەسەلمینێ. هەر لەویوە ئاسایی تر دەتوانن تیکەڵ بە کۆمەڵگەی هاوچەرخی دنیا بن و دوور لە هەموو گرییەکی خۆ بە کەم زانی و گوشاریکی چەوسانەوە، بەشداری لە ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگەی دنیا بکەن و لە هەموو بیرکردنەوەیەکی کۆنە پەرستانە دوور بکەونەوە. کە بوونی نەتەوەیی کورد حەقیقەتیکی واقیعی بیت، ئیدی دەبیت مامەڵەیەکی مەنتیقی و مرۆڤانە لەگەڵ ئەو حەقیقەتە واقعییەدا، لە چوارچیوەی قۆناغی میژوویی خۆیدا بکریت و بە ئاراستەیەکی زانستیانەی مرۆڤانەدا ببڕیت.

**«٦»**

بیرکردنەوەی نەتەوەییانەی مرۆڤی کورد، دەقاودەق هاوتای پیشکەوتن خوازیە، بە مانای خەباتە لە پیناوی وەرگەرتنەوەو بەدەست هینانەوەو



هەستاندنەوەی ئینسانیەتی داگیرکراو پیشل کراو بە چۆکدا هینراوی. بە مانای لابردنی هەموو دیاردەیەکی جیاوازی نەژاد پەرستییەکە دژی کراوەو دەکریت. هەر بە گەیشتن بەو ئامانجە هەموو تایبەتمەندییەکی کۆنەپەرستانە لادەچیت و ئەگەر هەندیک نەفەسی نەتەوەییانەی توند لە ئەنجامی بەد رەفتاری داگیر کەرانەوە لای هەندیک کوردو بەشیوەیەکی پەڕاگەندە دروست ببیت، ئەوە ئەو دەمەی کە دەوڵەت دروست بکات، خۆ بەخۆ لا دەچیت و باوی نامینیت چونکە هۆیەکانی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نامینیو نەزعەی رەگەز پەرستی بۆ خۆی دەپوکیتەوە..

**«٧»**

داوای دەوڵەت ئەگەر بۆ هەر نەتەوەیەکی دی موناقەشەو موشتومڕ هەڵبگریت، ئەوا بۆ کورد هیچ چەند و چونیک هەڵناگریت و لەبارترین و باشترین چارەسەری دۆزی گەورەترین نەتەوەیی بێ ئالای ئەم رۆژگارەیە.. جیابوونەوەی کورد (دەوڵەتی کوردی) ئاشتی نەتەوەیی و یەکسانی مافی نەتەوەکانی ئەم دەڤەرەی رۆژهەڵات دابین دەکات و ئەوەی کە دەبیت کورد سوورتر بکات لەسەر جیابوونەوە لە داگیرکەرانی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دیموکراتی خۆی، ئەوەیە کە بە ناهەق و بەتۆبزی لکینراوە بە وڵاتانی و پاشکۆی سەرمایەدارییەوە... کورد، دەبیت هەوڵی ئەوە بدات لە چوارچیوەی دەوڵەتی سیاسی خۆیدا کۆ ببیتەوە. مافی دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆی بە کردەوە بسپیرێ، لە سایەی دیکتاتۆریەتی داگیرکەرانی کورددا، کە تەنیا پەیوەندی چەوسینەرو چەوساوە بە یەکەوەیان دەبەستیت، دەبیت بێ چەند و چۆن مومارەسەی دیار کردنی چارەنووس بکریت و دام و دەزگای چەوساندنەوە هەڵتەکینریت و پارچە پارچە بکریت چونکە ئەم پارچە پارچە کردنە لە ناوەرۆکدا لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی دی نییە، بەڵکو وەدەست هینانەوەو گیڕانەوەی حەقە بۆ ئاوەرۆی سروشتی خۆی؛ بۆیە جیابوونەوەی کورد لە داگیرکەرانی کاریکی شۆڕشگیرانەو پیشکەوتن خوازی بەڵگە نەویست و موناقەشە هەڵنەگەرە.

**دەنگی میللەت ژ (٨)**
**١٩٩٧/٨/١**

## له پەراویزی ئیستادا

بیگومان میژوو ڕۆڵیکی گەلەک گەورە لە پیکهاتەی نەتەوەییدا دەبینیت و دەتوانین بلێین ئەو قالب و چوارچیوەیەیە کە سەرانسەری بنەماکانی دروستبوونی نەتەوەی تیدا دەخەملێیت و بەرجەستە دەبیت و تەنانەت خودی میژووش لە ناوجەرگەی میژوودا پیکدیت.

هەڵبەتە، میژوو تەنیا رابردوو نییە. بەڵکو ئیستاو داهاتووشە، ئەو زەمەنانە، بە ڕادەیەک تیکەڵ بەیەکدی بوون و کارلیکدی دەکەن. ڕەنگە جیاکردنەوەو لیک دابڕاندنیان گەر مەحاڵ نەبیت، ئەوا زۆر زۆر زەحمەت بیت!.. چونکە میژوو بازنەیەکی داخراوی وەستاو نییە. بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامەو لە گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامدایە.. واتە زەمەنیکی وشکی مردوو نییە، بەڵکو زەمەنیکی مرۆڤایەتی زیندووە. خویندنەوەو کەشفی هەمە جۆر دەخوازێ بەپیی پیداویستییەکانی ئەمڕۆ. واتە پیویستە بە چاویلکەی ئەمڕۆ رابردوو بخوینریتەوە؛ واتە خویندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە.

ئیمەی کورد، هەر لە کۆنەوە نەهیلڕاوە چاو بکەینەوە، سەرکوت و چاوشکێن کراوین، غەدری زۆر گەورەو خیانەتی نامرۆڤانەمان لیکراوە، چ لە لایەن گەلانی دراوسێ و داگیرکەرمان و چ لە لایەن وڵاتانی ئیستعماری دنیاوە بە هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاواییە، ئەو غەدرو خیانەتەی لەمە کراوەو دەکرێ، ئەو تراژیدیاو کارەساتانەی بەسەر کوردا هینراون، مایەی شەرمەزاری، سەرلەبەری میژووی مرۆڤایەتییە. ئیمە لە هەموو ئارامی و ئاسودەییەک مەحروم کراوین، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەریکی هەرە گرینگی بەرهەمهینانی شارستانییەتەو سەرەتای تەفاعولە لەگەڵ میژوودا.

بۆیە نەتەوەیەکی چەوساوەی هەڕەشە لیکراوی وەکو کورد لە سەریتی لە رابردووی خۆ بگەڕێ و بە ئیستاوەی گرێ بدات و بەپیی پیداویستییەکانی ئیستای بیخوینیتەوە.. ڕاستە میژوو، گەلان دروست دەکات و گەلان لەناوجەرگەی بونیادە میژووییەکانەوە چیدەبن.

بەڵام گەلانیش وەکو بوونی کۆمەڵایەتی زیندوو دەتوانن لە نویژەن میژوو دروست بکەنەوەو بەشیوەیەکی مرۆڤانە ئاڕاستەی بکەن. پیویستە میژوو



بەهەردوو باری ئاسۆیی و ئەستوونیدا بخویننەوەو بیکەن بە فاکتەری هەرەکارای یەکخستنی نەتەوەکەمان. لەسەرمانە هەوڵی یەکخستنی میژووی نەتەوەییمان بدەین و بیکەین بە زامنی یەکبوونی نەتەوەییمان و ریگە لە پارچە پارچەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان بگریت، کە ناحەزان و دوژمنانی کورد، بە بەرنامە دەیانەوێ ئەو پارچە پارچە کردنانە قووڵ بکەنەوەو لە کوردی بکەن بە ئەمری واقیع و لە گۆڕان نەهاتوو. بۆیە دەبیت هزرو زەینیکی میژوویی لەلای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دروست بکریت و ڕەنگە باشترین دەست پیشکەری لەم بوارەدا بریتی بیت لە خویندنی میژووی کورد لە قۆناغەکانی خویندندا.
هەڵبەتە ئەم پرووسەیە ڕۆڵیکی گەلەک مەزنی دەبیت لە قۆڵکردنەوەی میژووی کوردو ریشاژۆکردنی لە هزرو بیری ڕۆڵەکانی گەلی کورداو خۆی لە خۆیدا هەنگاویکی زۆر گەورەیە بەرەو یەکخستنی میژوومان و ئیدی ئەو میژووە دەبیت بە بەشیک لە زانیاری و ڕۆشنبیریی هەزاران هەزار قوتابی.
ئەم پرۆسەیە ئەگەر بۆ خەڵکان و گەلانی دیکە زۆر پیویست نەبیت، ئەوا بۆ گەلی کورد، کە لە قۆناغی دروست بوونیدایە، زۆر پیویستەو تا پەلەی لێ بکریت هیشتا هەر درەنگە.. ئەوەی مایەی دڵخۆشییە، ئەمەیە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان، واتە زۆربەی ڕەش و رووتی وڵاتی کوردەواری، خەڵکانیکی یەکبوونخوازن نەک تەقسیم خوازو باندو دەستەباز واتە خەونی زۆربەی خەڵک بە دەوڵەتی یەککگرتووی کوردییەوەیە نەک بە ناوچە گەریتییەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەر بەشیوەیەکی ئیجابی نەتەوەییانە ئاراستە بکریت و بقۆزریتەوە، دەکاتە هیزیکی مەعنەوەی گەورە. هەڵبەتە ئەرکی هەرە گرینگ و بنەڕەتی لەم رووەوە دەکەویتە ئەستۆی خەڵکە منەوەرو ڕۆشنبیرەکانی کورد، کە دەتوانن بە زەبری هۆشمەندی و بەرزی ئاستی هوشیارییان، هەموو هەوڵیکی چەسپاندن و بە واقیعی کردنی ناوچەگەریتی. بەهەر هەنجەت و بیانوویەک بیت پووچەڵ بکەنەوەو ئەوە ساغ بکەنەوە، کەوا پیوەندی و وابەستەگی نەتەوەیی لەهەر وابەستەگییەکی دی باڵاترەو تەنیا لە سایەی ئەم وابەستەگییەدایە کە هەر کارو کردەوەیەکی هەر گەل و میللەتیک تاریخیەت پەیدا دەکات و دەڕژیتە نیو میژووی مرۆڤایەتییەوەو بەمەش ڕاستەوخۆ بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهینانی شارستانییەتدا دەکات..

**یەکبوون ژ (٢)**
**١٩٩٨/١٠/٢٥**

# شەرمنامە

ئاشکرایە دەتوانین بە دڵنیاییەوە شەرمنامە بە میژووی هەرە باوەڕپیکراوی کورد بزانین.... وەختێ شەرەفنامە بەوردی دەخوینیتەوە، پاش هەر بەشیکی هەست بەداخ و کەسەریکی گەورە دەکەی. من زۆر جار لەبەر خۆوە گوتومە بەراستی ئەم کتیبە پڕ لە راستگۆییە، ئەم کارە مەزنەی میر شەرەفخان، کە بەحەق میژووی کوردە، شەرمنامەیەکە لەو گۆڕە!... دیارە هەر باب و باپیرانی ئیمەی کورد تۆمار کەری ئەم شەرمنامەیە بوونە. میر شەرەفخانی بەرەحمەت چووش رەنگە لەگەڵ هەر رستەیەکی دا دەست دەست ئارەقەی شەرمەزاری لە تەویڵی سڕی بێ، بەڵام دڵسۆزی بۆ کوردو هەستی نەتەوە پەروەری هانی داوە لە کارەکەی سارد نەبیتەوەو بە ئومیدی ئەوە بوو بێ کە نەوەکانی کورد بیخویننەوەو عیبرەت و پەندو دەرسی لێ وەربگرن، چونکە میر شەرەفخانی مەردو رەند وەکو پیاویکی رۆشنبیرو زاناو دڵسۆزو وڵاتپاریز، لەوە دڵنیا بووە کە، هەر میللەتیک رابوردووی خۆی بە مەبەستی پەندو دەرس لیوەرگرتن نەخوینیتەوە ئەوا ئاییندەی دەدۆڕینێ.

بەهەر حاڵ ئەوەتا کورد لە باشوری کوردستاندا، بۆ مانگیک دەچێ، سەریان ژەندۆتە زامی یەکدی و دەیانەوێ جۆگەی خوین هەڵبەستن! هەڵبەتە ئەم رووداوە دڵتەزینە، زادەی ریکەوت و رۆژ و دوو رۆژ نییە. بەڵکو زادەی ئەو ئەقلیەتەیە کە هەردوو لایەنی شەڕکەر دەمێ ساڵە ملیان ناوە بەمەحالەوە، مەحالەکەش ئەوەیە کە بە نەفەسی سڕینەوەی یەکدی مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن. هەڵبەتە هەر بیرو رەفتاریک لەسەر ئەم بناغەیە روبنرێ، ئەنجامەکەی زەبرو زەنگ و توندوتیژی و پیکدادان و خوین رشتن دەبێ، واقیع سەقەتی ئەم بیرو بۆچونانەی سەلماندووە.

بەهەر حاڵ ئەم «شەڕی شەڕانەی» ئەمڕۆکە دەبووایە لە یەکەم رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی خەونی کوردی هەر هەموو پارچەکانی کوردستان هەڵایسایە، بەڵام بە قودرەتی قودرەت مەندان!! سەرو دەرزی بەنج لە هەردوو لایەنی ئەمڕۆکەی مەیدانی شەڕەکە دراو پاش ئەوەی دەنگی



میللەتیان زەوت کردو لە جیاتی نوینەری گەل، نوینەری زەرد پەروەرو سەوز پەروەریان لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی گەل بزمارکوت کرد، و ئیدی بەنجەکە بە تەواوی گرتنی و بۆ ماوەی سێ ساڵ کپ و مەنگی کردن. بەڵام ئەمڕۆکە واقیعی حاڵ ئەوەمان پێ دەڵێ کە بەنجەکە بەری داون و ماهیەتی راستەقینەیان بەدیار کەوتووەو کەوتوونەتە وڕینەو پەلەقاژەو دەست وەشاندن و چ منەتیکیان بە مەسئولیەتی میژوویی نییەو بە ئارەزوی خۆیان گەمە بە چارەنووسی کوردی خیر لە خۆنەدیوو دەکەن...

جا ئیمەی کورد، لەم وڵاتی پڕ دەردو بێ دەرمانییەدا، لە کوێ بهینین هەر کە حەماوەی برادەرانی شەڕکەر بەرز بۆوەوە سەرو دەرزی بەنجیان لێ بدەین و بۆ ماوەیەک کپ و مەنگ بن!

ئەمجارەیان، گەلی کورد خۆی دەبێ فریای خۆی بکەوێ.. ئەگەر هەندێ شارو شارۆچکە غافیلگیر کرابن و- بەشیوەیەکی کاتیش بێ- ئەم گەمە سامناکەیان بەسەردا تێ پەڕینرابێ ئەوا خەڵکی هەولیری هۆڵاکۆ بەزین لە هەموو شارەکانی تری کوردستان مەسئولانەتر هاتوونەتە مەیدان و بە ڕاستی هەوڵ و کۆششیان فرمیسکی شادی دەزینیتە چاوان و ئۆخژن بە دڵ و دەروونی پەرۆشان و وڵات پاریزان دەبەخشێ...

خەڵکی بەشەرەفی هەولیر، فرسەتە، ئەم سەروەرییە میژووییە ئەمڕۆکە کەوتۆتە لای ئیوەی دڵسۆزو وڵاتپاریز، خەڵکی هەموو کوردستان بەگەڵ خۆ بخەن و قایل مەبن دوو لایەنەکەی مەیدانی شەڕ بەنیوی کوردەوە، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەمدا، ئەم شەڕی شەرمەزارییە بکەن بەسەرباری شەرمنامە!

سڵاو لە خەڵکی هەولیری قەڵای کوردان، سڵاو لەو خەڵکەی کە تا ئەم ساتە وەختەش ئاڵای ئاشتی لە دەستی ئەواندایەو رازی نابن بەهیچ بیانویەک لە دەستیان بخریتە خوارێ.

**١٩٩٤/٥/٢٨**

**ئاڵای ئازادی ژ (١٢٤)**
**١٩٩٤/٦/٥**

## ئازادی جەوهەری مرۆڤە

«١»

نەتەوە پەروەری، دەبێ بکرێ بە قوتابخانەیەک و خەڵکی فیری چۆنیتی خۆناسین بکات، هەڵبەتە خۆناسین زەمینە بۆ ناسینی نەتەوەو خەڵکانی دی خۆش دەکات، بیگومان مرۆڤیش بۆ گەیشتن بە کەماڵی مرۆڤایەتی (التکامل الأنسانی)، دەستبەرداری هەموو دەمارگیرییەکی نەژادی و نەتەوەیی دەبێ و فیری ئەوە دەبێ کە لەگەڵ خەڵکانی دیدا نەرم و نیان بێ و مرۆڤانە مامەڵەیان لە گەڵدا بکات و بەمەش فیر دەبێ کە ریزی ئازادی بیروبۆچوون بگرێ و راستگۆیانە بانگەشەی بۆ بکات. کەواتە نەتەوە پەروەری دەبێ جیهانبینییەکی مەعنەوی و نەتەوەیی فراوان بێ و بانگەشە بۆ خۆشەویستی و دۆستایەتی و دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری نەژادی بکات.

داکۆکی لە ئازادی بیروباوەڕان بکات و ریگەی بەرەو (کەماڵی مرۆڤانی) بگریتە بەرو شارستانیانە مامەڵە لە تەک دیاردەو رووداوو پیوەندییە کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و رۆشنبیرییەکاندا بکات.

«٢»

لە دایکبوونی حیزب، ئەگەر پرۆسەیەکی میژوو کردبێ و لە پیداویستییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و فیکرییەکانەوە هەڵقوڵابێ، ئەوا حاڵەتیکی دروستەو خۆبەخۆ جیی خۆی دەکاتەوەو بەگەڵ کاروانی میژوو دەکەوێ و ئامانجە ستراتیژیی و تاکتیکییەکانی لەبەرچاو دەگرێ.. سیاسەت و حزبایەتی یەکیک لە بوارە ئایدیولۆژییەکانی هەر میللەتیک پیک دینێ، بۆیە تا ئەم بوارە چەشنی گوڵستان، گوڵی بۆن خۆش و هەمەجۆر بگریتە خۆ، ناسنامەی مەعنەوی و نەتەوەیی ئەو میللەتە جوانتر گەشە دەکات و دەردەکەوێ.

«٣»



هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵی بچووکەوە، مرۆڤ بۆیە لیکدی نزیک بوتەوە تاکو لە تەنیایی و غەریبی و سەرگەردانی و داماوی خۆی کەم بکاتەوەو بیرەوینیتەوە. تاکو رۆژگاری ئەمرۆ لەم وۆژهەڵاتەدا چ میللەتیک هیندەی کورد غەریب و داماوو سەرگەردان نییە، بۆیە لەهەر میللەتیکی دی پتر پیویستی بە پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو ئەگەر پیوەندییە حیزبییەکان ماقوڵیەت و قوڵایی بەپیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەبەخشن و سوکنایی بە دڵی غەریب و ناخی نامۆی نەبەخشن، ئەوا گومڕاو ماڵویرانی دەکەن؛ وەکو ئەمە بەزەقی لە باشووری کوردستاندا دەبینریت. لە کاتیکدا هەموو چاک دەزانین پیکهاتەی سیاسی کوردستان چۆنەو چۆن بووەو هەر کەسیک رۆژێ لە رۆژان بە نیازی پاک و هەستی نیشتمانپەروەری سیاسەتی کردبێ، ئەوا لە یەکیک لە حیزبەکانی کوردستاندا گیرساوەتەوەو بەهیچ یاساو داب و نەریتیکیش ئەمە بە تاوان و گوناه نایەتە ژماردن، کەچی ئەوەتا هەر حیزبیک، لەهەر کویرە گوندیک و گوندەشاریکدا فشە دەسەڵاتیکی دەبێ، دوور لە هەموو یاساو ریسایەک دەکەویتە سوککردن و ریسواکردن و تاڵانکردن و کۆچاندنی ئەندام و لایەنگری حیزبەکەی دی و تەنانەت زۆرجار بیلایەنیش.. بەمەش، بێ گویدان بەوەی کە پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەورەترو بەرفراوانترو مرۆڤانەترە لەهەر پیوەندییەکی حیزبایەتی (ئەوەی لای ئیمە)، سەراپای میللەتیان حیزباوی کردوە، هەر حیزبە مرخی لەوە خۆشکردووە کە زۆترین ژمارەی ئەم میللەتە لە جغزی حیزبەکەی بخزینێ.. هەموو ئەمەش لەسەر حیسابی پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ...

«٤»

ئیمەی کورد، دەبێ لە بیرکردنەوەو رەفتارمانداو لە هەناودانی بیروبۆچونە جیاوازەکاندا هەوڵ بدەین یەکبوونی نەتەوەیی و خۆیبوونی نیشتمانی لە هەست و نەستی رۆڵەکانماندا بچەسپینین و خەباتی خۆمان بۆ ئازادی کوردو کوردستان کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئازادی مرۆڤایەتی ئاڕاستەو تەرخان بکەین.

جیهانی بیرو بیرکردنەوەی هەر نەتەوەیەک دەبێ بکرێ بە گوڵستان و جیی گوڵی بۆن خۆش و هەمە جۆری تیدا ببیتەوە، هەر بەمەش ناسنامەی مەعنەوی و نەتەوەیی دیتە پاراستن و گەشەسەندن، دیارە دەبێ لەم

گۆڵستانه فیکرییەدا ریزی فره فکری و جیاوازی دیدوبۆچون بگیرێ و ریزێ ئازادی بەیان و فەردی بگیرێ.. ئازادی دەکاتە مەسئولیەت، ئامانجی ئازادی ئەوەیە کە زۆرترین تواناو ئیمکانات بۆ سەرلەبەری کۆمەڵ بە یەکسانی دابین بکرێ تا خۆی بگەیەنیتە کەماڵ. کەواتە مەرجی گەیشتنە کەماڵ، بەدەست هینانی ئازادییەو گیروگرفتی هەرە گەورەی مرۆڤ نەبوون و تەنانەت کەمی ئازادییە، کە مرۆڤ لەهەر کاروکردەوەیەک قەدەغە کرا، رۆڵی مرۆڤانەی کاریگەری خۆی نەبینی، ناتواندرێ لە روی ئەخلاقی و یاساییەوە بە (مرۆڤ) بژمیردێ... کەچی حیزبەکانی ئیمە هەر میشیش میوانیان نییە. کوشتەی دەسەڵاتن و چونکە خۆیان لە ناخدا بێ دەسەڵاتن، بۆیە لە بچوکترین دەسەڵاتی دەربی خۆیان دەترسن و خۆیان لەو حەقیقەتە دەبویرن کە سیاسەت لقیکە لە فەلسەفەی ئەخلاق... دەسەڵاتی بێ سنور بکەویتە دەستی هەر کەسیک زوو یان درەنگ دەبیتە مایەی نابودی خەڵکانی دی، چونکە دەسەڵات زۆر ئەنانییەو هەموو یاسایەک پیشیل دەکات و (لاک) گوتەنی (لەهەر شوینێ یاسا نەبێ ئازادی نییە).

«٥»

ئازادی کالایەک نییە لە دەریرا بەپارە بهینرێ و بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکەیت و ئیدی وڵات و میللەت ئازاد ببێ. ئازادی بەتایبەتی لەناو میللەتانی بن دەست و زۆر لیکراوی پاشخراو، دەبێ بەرە بەرەو بە دریژیا بچەسپێ و دەبێ لەو قۆناغ و ماوە دریژانەدا کۆسپەکانی سەر ریگەی ئازادی لابدرێ، چونکە ئەم ئازادییە کە (جەوهەری مرۆڤە) بە ئاسانی و لە خۆرا بەدەست نایەت. ئازادی دەبێ عەدالەت و یەکسانی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکات تا هەموو کەسیک قبوڵی بکەن. کەواتە دەبێ کاری رۆشنبیری و شارەستانیانەی دوورو دریژی بۆ بکرێ، هەڵبەتە شارستانیەت و بە مەدەنی بوون ئەنجامی گەشەسەندن و پەرەسەندنە. هەر نەتەوەیەکیش بۆ بنیات نان و بەشداری کردن لە شارستانییەت و رۆشنبیریدا پیویستی بە مرۆڤ و خاکە... بەهەر حاڵ ئازادی بەندە بە ئیقناعەوە، ئیقناعیش بەندە بە تەربیەت و پەروەردەوە.



**ئاڵای ئازادی ژ (٢٢٣)**
**١٩٩٧/١/٦**

# فره حزبی یان...

گومان لەوەدا نییە کە فره دەنگی و فره حیزبی و زۆر فرەی دی لە بنەرەتدا زادەو بەرەنجامی سیستەمی دیموکراتییە. دیره دیموکراتیەت کە رەگیکی لەمەدەنییەت دایە، وەکو هەر کالایەکی دی لەدەرێ راو بەزەبری پارە ناهینرێ و ئیدی بەو ئاسانییە ببی بە خودانی دیموکراتییەت و هەستییە سەرپییان.. نەخیر دیموکراتییەت شیوازیکی مەدەنیانەی ژیان و بەریوەبردنی وڵاتەو رەگ و ریشەی لە شارستانیەدایەو هەرگیز لە تاریخیەت بەدەر نییەو نابێ.. واتە ئەگەر دیموکراتییەت لە زەمینەی خۆیەوە هەڵنەقوڵابیت و رەگو ریشەی مەحەلی نەبیت، بەو هاسانییە ریشاژۆ نابیت.
هەڵبەتە سەربەخۆیی نیشتمانی بۆ کورد، یەکیکە لەو گیروگرفتە هەرە زەقانەی کە لەهزرو بیری هەموو کوردیکدا هەیەو لە تیکرای ژیانماندا رەنگی داوەتەوە، وەکو چۆن گەلیک بواری ژیانی ئیفلیج کردووین، بەو جۆرەش کاری کردۆتە سەر شیوازەکانی مومارەسەی خۆ بەریوەبردنیش.. گوتمان دیموکراتییەت شیوازی بەریوەبردنی ژیان و وڵاتەو لەرەوشی میژوویی خۆی بەدەر نابیت.. فره حیزبی بۆ خۆی دیاردەیەکی شارستانییەو بەرەنجامی دیموکراتییەتە.. بەڵام ئایا ئەم فره حیزبییەی لەمەڕ ئیمەی کوردو کوردستان بەرەنجامی دیموکراتییەتیکی خۆرسکی میژوو کردە؟ یان لاسایی کردنەوەیەکی سەرڤە سەرڤەی بێ کاریگەرە؟!
من زیاتر بەشی دووەمی پرسیارەکەم مەبەستەو پیم وایە فره حیزبی لای ئیمە لاسایی کردنەوەیەکی سەرڤە سەرڤەی، ئەگەر بێ کاریگەری ئیجابی نەبیت، ئەوا زۆر کەم کاریگەرەو بگرە هەندیک جار خراپیشە، چونکە هەر حیزب و گروپیک کە لەدایک دەبیت، پیویستە زەمینەی میژوویی خۆی هەبیت و لە زەرورەتی سەردەمی خۆیەوە شەرعییەت وەربگریت و بەگەڵ رەوتی میژوو بکەویت و ئەرک و پەیامی خۆی بگەیەنیت و وەکو حاڵەت و دیاردەیەکی میژوو کرد رەسەنایەتی خۆی بسەلمینێ و گۆڕان دروست بکات و لەگەڵ قۆناغەکەدا لە کارلیکی بەردەوامدا بیت.. جا لەم پیودانگەوەو لە خویندنەوەی واقیعی سیاسیانەی واقیعی حیزبی ئەمڕۆ کوردستانەوە، ئەوە

بەدیار دەکەویت کە ئەو وردە حیزبانەی هەن، بە دەگمەن پیداویستی میژوویيان لە پشتەوەیەو پتر دەرهاویشتەی باریکی مەوزوعی رەوتەنین و رەنگە پتر زیان بەرەوت و رەوشی یەکبوونی نەتەوەییمان بگەیەنن تا خزمەتی بکەن و خیرایی پێ ببەخشن. ئەوەتا زۆر جار بە ئاشکرا لە سیبەری لایەن و حیزبانی میژوو کرداو، وەکو دەنگدانەوەی ئەوان دەگیرسینەوەو کەم و زۆر بیر لەوە ناکەنەوە کە دەسەڵات بگرنە دەست، دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمینێ کە بەشیوەیەکی ئاسایی و خۆڕسک لە دایک نەبوون و هەرچۆنێ دیقەتیان دەدەی هیچ پرۆسەیەکی دارِشتنەوەی چەمکە سیاسییەکانیان لە لانییەو هیچ خویندنەوەیەکی تایبەتی و جیاوازیان بۆ چەمکە سیاسییەکان نییە.. هیچ مەوقعیکی دیاریان لە ئیعرابی رستە سیاسییەکەی کوردستاندا نییە.. بەخۆشیان ئەمە چاک دەزانن، بۆیە دەستبەرداری وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بوون کە بنەمایەکی هەرە گرینگی حیزبە. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم فرە حیزبییە لە لایەک دەرهاویشتەی بارە بابەتییە رەوتەنییەکەیە نەک بەرەنجامیکی رەسەن و خۆرسکی دیموکراتییەت. لە لایەکی دییەوە دەگەڕیتەوە بۆ لاوازی و ناکامی دەوری بورژوای نیشتمانی وەکو چینیکی شۆڕشگیڕی سەردەمی خۆی و وەکو چینیکی فرە ئاوات و ئامانجی ئابوری و نەتەوەیی.. بەهەر حاڵ هەر بیرو دیاردەیەک کە گۆڕان دروست نەکات، دەبێ گومان لە رەسەنایەتییەکەی بکەی.

**یەکبوون ژ (٧)**
**٢٥/ئادار/١٩٩٩**



## ئازادی ئیکسپایەر

«١»

یەکیک لە زاراوە هەرە باوەکانی دنیای ئەمڕۆ، کە زار و زمانی رەشە خەڵکەکەشی فەتح کردووە، وشە و زاراوەی ئازادییە.پەکو لە سیحر و ئەفسونی ئەو وشەیە! بە چ خیراییەک دل و دەروونی کەلاوە و زار و زمانی قفل لیدراوی ئەو خەڵکەی ئاوەدان و بەرەلڵا کرد!... رەنگە چ وشەیەک هیندەی ئازادی بەسەر زارانەوە نەبێ و لە زار ئاسان و خۆش نەبی... هەر کەس و گروپ و تاقم و کۆمەڵیک دەگری خوازیاری ئەوپەڕی ئازادی مرۆڤە، چ وەکو تاک و چ وەکو کۆمەڵ، بەزار لەگەڵ هەموو ئازادییەکی کۆمەڵایەتی دایەو خۆی لە پیناودا دەگۆڕیتەوە... بە پیوانەی رادەی ئاستی ژیان و شارستانییەتی هەر تاک و کۆمەڵیکی دادەنێ.

«٢»

رەنگە لە چ رۆژگاریکدا بە ئەندازەی ئەم سەردەمەی ئیمە باسی ئازادی نەکرابێ، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو بەناو داکۆکییەی کە لە ئازاد بوون دەکرێ، رۆژ بە رۆژ پتر خەڵکان دەهینرینەوە بن گیرو گازی زولم و زۆر وستەم!.. دەبێ ئەمە چ سریک بی؟!

«٣»

گەر تۆزیک، -زۆرنا- سەرنج بدەین هۆیەکەی دەبارِینێ، چونکە هەموو دەزانین وەکو چۆن بە هەردوو دیوی شیرو خەت بەهای پارچە دراویک پیک دەهینن، ئازادیش بەهەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی، قەوارەی خۆی پەیدا دەکات و بەهاو بایەخی مرۆڤایەتی خۆی وەدەست دینێ.. ئازادی ئەگەر لە ناخ دا چەکەرە نەکا، لە بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤدا نەرسکێ، هەرگیز نابیتە مایەی خۆ ناسین و خۆ بینیات نان و ناخ پالاوتن، کە دیارە تا ئەم حالەتە پتر لە ناخدا بجۆشێ، پتر سەر دەکات و گەلیک جۆگەی لێ دەبیتەوە و هەر جۆگەیەکیش، باخیکی مرۆڤایەتی ئاوەدان دەکاتەوە.

«٤»

هەڵبەت پێچەوانەش پێچەوانەیە.. گەر ناخ بەستەڵەک بوو، شەو و ڕۆژ لاف و گەزافی ئازادی لێ بدەی و دەم لە ئازادی بکوتی، هەر کۆیلەیت و بە کۆیلەیی دەمێنیتەوە.

«٥»

ئازادی دەکاتە متمانە بەخشین بە خودی مرۆڤ و دروست بوونی ئەم متمانەیەش جۆرە مومارەسەیەکی خوایانەی بە دوادا دێ. کە بریتییە لە مل کەچ نەکردن بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێکی باڵا. هەر مرۆڤێک ئازادانە متمانە بە ئینسانییەتی ئینسان پەیدا نەکات، هەرگیز ناتوانێ کۆمەڵی خۆی بەرەو ئازادی بەرێ، چونکە مرۆڤ ئەگەر ئەڵهاو ئارەزووە کێوی و دڕندەکانی خۆی پێ کەوی و ماڵی نەکرێ، نابێ کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵی پێ بسپێردرێ، چونکە ئەم بابەتە مرۆڤە دنیا و کۆمەڵ ویران دەکەن..

«٦»

گەلۆ، وەرن با بوێری منداڵەکەی ناو چیرۆکی «کاڵای باڵای پاشا»ی ئەندرسن-ی چیرۆکنووسی دانمارکیمان هەبێ، چۆن ئەو نەترساو کردی بە قاو و هاواری کرد کە پاشا رووتەو جلی لەبەر نییە.. با ئێمەش بلێین ئەم ئازادییەی پێنج ساڵە خراوەتە سەر زاران و مێشکانی پێ دەئاخنرێ، ئیکسپایەرە، دەنا وەرچەخانێکی لەبیرو بیرکردنەوەماندا چێ دەکرد، دەبوو بە بەشێک لە گەلەکاری «العمل الجماعي» و بزوێنەری دەستەجەمی مێژوویی!....

**ولات ژ (١٦٧)**
**١٣/حوزەیران/١٩٩٦**



# مەترسی گەورە دۆڕاندنی ئاشتییە

«١»

بێگومان خەباتی ڕەواو شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازی کوردستان وەکو چۆن لە سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدا بوونییەوە، ڕووداوێکی گەلێک گرنگ بووەو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر ژیانی سیاسی و ئابوری و سوپایی سەرلەبەری دەڤەرەکە، نهوژی هەمان پایەی گرنگ و بگرە زیدەتریشی هەیە و دەتوانیت ڕۆڵی فرە سەرەکی و گرنگی لەبەرقەراری ئارامی و ئاسایش و ئاشتی هەموو ناوچەکەدا هەبێ، هەڵبەتە خێرایی بەخشین بەم ڕۆڵ و دەورە تەنێ ئەرکی کورد و خەباتکارانی کورد نییە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەموو شۆڕشگێڕو هەقپەروەرو واقیعبینیکی ئاشتیخوازی ناوچەکەیە، چونکە بەخۆیان چاک دەزانن کە هەڵویستی سست و ناواقیعیانەی ئەوان دەرهەق بە بزاڤی شۆڕشگێڕانە و دۆزی کورد و کوردستان چ ئاکام و ئاقیبەتیکی خەتەرو خراوی دەبیت. چۆن زەمینە بۆ زاڵبوونی ڕەوتی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی خۆشدەکات.

بۆیە دڵسۆزانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و شۆڕشگێڕانی ناوچەکە، نابێ وەها بڕواننە کوردستان کە تەنێ مەڵبەندی خەباتی ڕەوای کوردەو پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەتیکڕای ناوچەکەوە نییە، بەڵکو دەبیت بەو مەڵبەندو بنکە شۆڕشگێڕییەی بزانن کە هاوسەنگی سیاسی ناوچەکەی پێوە پەیوەستە و کلیلی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتە وتا داگیرکەرانی کورد و کوردستان، بەو چاوەوە سەیری کورد و کوردستان بکەن و بەو ئەقڵییەتەوە بیری لیبکەنەوە کە کۆڵۆنی ئەوانەو لەترسی ئەوەی نەبادا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر رکیفی وان بینە دەرێ، هەمیشە هەوڵبدەن ئەم وڵاتە بە خاک و سەروەت و سامان و خێرو خەڵکەکەیەوە، تا دوا چۆڕ دابدۆشن و بیر لە تواندنەوەی ماددی و بەشەری بکەنەوە، ئەوا ئەم دەڤەرە ئارامی و ئاشتی بەخۆیەوە نابینێ و هاوسەنگی سیاسی راستەقینە-کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کۆڵەکەیەکی گەورەیەتی- لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەدی نایەت.

«٢»

کوردستان لە ئەنجامی چەند تەقسیمبەندییەکی سیاسییەوە پارچە پارچە کراوە، جا وەکو کوردستان بە ناهەق پارچە پارچە کراوە، گەلیک ولاّتی دی بە ناهەق و لە سەر حەساوی کورد دامەزراوە، هەربۆیەش بەگۆڕینی ئەو تەقسیمبەندییە سیاسیانە، کورد لە رووی جوگرافی و نەتەوەیی و سیاسییەوە دەگەڕیتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی و ئاشتی لە ناوچەکەدا بەقەرار دەبیت و بەرژەوەندی هەموو لایەک دەپاریزرێ و دەڤەرەکە لە هەموو روویەکەوە دەبوژیتەوە ..کەواتە لە لایەکەوە ئەرکی سەرشانی هیزو گروپ و ریکخراو و دەولّەتڕانە سیاسییە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگیرەکانە کە سوود لە تەجرەبەو ئەزموونی پیشینانی خۆیان وەربگرن و کەم و زۆر کەمتەرخەمی دەرهەق بەدۆزی رەوای کورد نەنوین و لۆمەوگازاندەی میژوو نەبەنە سەرخۆیان، لە لایەکی دیکەوە کورد دەبیت ئەو حەقیقەتە دەرک بکەن کە کوردستان و خەباتی نەتەوەی کورد فاکتەری سەرەکی هاوکیشەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەڤەرەکە پیکدینێ و غافلّبوون لەم هاوکیشەیە، غافلّبوونە لە پاراستنی بەرژەوەندی تیکڕای ناوچەکە.

«٣»

ئاشکرایە تەسکبینی و نەبوونی جیهانبینی روون و ستراتیژییەتی دیار بۆ کوردان یان دلّخۆشکردنی کورد بە دەستکەوتی کاتی و ناچیزە، لە سایەی رژیمانی داگیرکەرو رەفتاری ناواقیعیدا، خۆی لە خۆیدا بایەخی ئەم هاوکیشە حەساسەی کوردستان کەم دەکاتەوەو وریا نەبین نەک دەرفەتیک، بەلّکو دەرفەتانمان لە دەست دەچیت و دەکەوینە گیژاوی کۆمەلّیک سازشکارییەوە و بزوتنەوەکانی ناوچەکە و میژووی بزاڤی رزگاریخوازی پیشکەوتوخوازی بەردەوامی کورد لەم بارەیەوە تەژی تەجرەبەی دەولّەمەندە و دەشیت سوودی لیوەربگیریت و یارمەتیمان بدەن کە بە شیوەیەکی واقیعیانەی هاوچەرخ واقیعی ئەمڕۆی خۆمان و ناوچەکە بخوینینەوەو ئەنجامیکی مەنتقی بە دەست بینین و پەیوەندییەکی کاریگەرو بە بڕشت دەگەلّ واقیعی ئەمڕۆماندا چیبکەین و ئیستامان بکەین بە بەشیکی گرنگ لە بونیادی ئاییندەمان.

«٤»

دیارە هەر بزاڤیکی شوڕشگیڕانە رژدو مکوڕ نەبیت لەسەر وەرگرتنی دەسەلاّتی سیاسی، یان سازشی لە سەر بکات، ناکریت لە رووی



پراکتیکییەوە بە بزاڤیکی شۆڕشگیڕانە لە قەلّەم بدریت و چ ئاکامیکی ستراتیژی شۆڕشگیڕانە بە دەست نایەنیت و ئەوپەڕەکەی ئەوەیە لە بازنەی خەباتی ریفۆمیستیدا هەنگلّە شەلێ ی خۆی دەکات.

بۆیە وەختی ئەوە هاتووە، کورد بە دەنگی بەرز بیر بکاتەوە خەونی لەمیژینەی خۆی بگیڕیتەوە، چونکە نەشیگیڕیتەوە، ئەوا داگیرکەرانی هەر لەو پیوودانگەوە مامەلّەیان لە تەکدا کردووەو لەوە ترساون کە نەخشەی سیاسی رۆژهەلاّتی ناڤین، وەکو چۆن کە لە ئەنجامی تەقسیمبەندی سیاسییەوە بەم شیوەو قالّبەی ئیستای دروستبووە، بە هەمان شیوە بیتە گۆڕین و کوردستانی بە کۆلّونی کراویان لە دەست دەربچیت. دیارە تا ئەم ترسە بمینیت پرۆسەی تواندنەوەی ماددی و بەشەری کورد بەردەوام دەبیت. دیارە تەنیا دەولّەتی کوردی و بەواقیعی بوونی ئەو دەولّەتە، ئەو ترسە لە دلّی داگیرکەرانی کورد دەسڕیتەوە، بۆیە کورد ئەگەر دەولّەتیشی نەوێ، هەر تەوقەو لە گەردنی چارەنووسی ئالاّوەو زامنی ئاشتی دەڤەرەکەیە.

## ٠٠٠٠٠٠/٣/٧

دوای ئەوەی رژێمی داگیرکەری باشووری کوردستان بە درێژایی تەمەنی پڕ لە ستەمکاری خۆی، بەرە بەرە دەسەلاتی پەیداکردو وردە وردە غەنیم و رەقیبەکانی خۆی لەنیو برد، ئەوجا هیچ جۆرە زمانیکی لیکدی گەیشتنی لەنیوان خۆی و جەماوەری کوردا نەهیشت، تەنیا زمانی زەبروزەنگ نەبیت و بێ سڵ کردنەوەو بەوپەڕی متمانەوە هەزاران پارچە چەکی سووک و مامناوەندی بەسەر جەماوەری ناچارو بێ دەرەتانی خەڵکی دا بلاوکردەوەو وەکو میگەل بۆ مەرام و کاری خۆی رەپیشی دەدان... دیارە ئەم کارە وەکو هەر کاریکی دی کاردانەوەی خۆی هەبوو، هەڵبەتە دەبێ ئەمەش لەیاد نەکەین کە ئەگەر لە کاردا ئازادی هەبیت، ئەوا لە کاردانەوەدا چ ئازادیەک نییە، بەڵکو لە هیزدا لەگەڵ کارەکە یەکسانەو لە ئاراستەدا پیچەوانەی کارەکەیە. جەماوەری خەڵکی باشور پاش ئەوەی هیچ زمانیکی لیکدی گەیشتنی لەگەڵ دەسەلاتدا نەما، وەکو کاردانەوەیەک و بەگویرەی ئەو هاوکیشەیەی سەرێ راپەڕینی ئەنجام دا، واتە راپەڕینەکە کار نەبوو، بەڵکو کاردانەوە بوو، ئەگەر کارەکە بەرەنجامی نەخشەو پیلان و بەرنامەی درێژ خایەن بوو‌بیت، ئەوە کاردانەوەکە (راپەرین) چ نەخشەو پلان و بەرنامەیەکی بۆ دانەنرا کە بە ئاراستەیەکی کوردانەی نەتەوەییدا بیبات و کاریکی وەها بکریت کە لە دەستی خاوەنانی راستەقینەی خۆی دەرنەهینریت و لیی زەوت نەکریت و بۆ مەبەستی تەسکی شەخسی و لەژیر پەردەی حزبایەتی و نەتەوەو نیشتمان پەروەرییەوە بدزریت. کەواتە راپەرین کار نەبوو، بەڵکو کاردانەوە بوو، هەڵبەتە کەسانیک هەبوون هەر لەسەرەتاوە دەرکیان بەم راستییە کردو بۆ بەرژەوەندی خۆیان رەعەمەلیان هیناو ئەم ئەقڵیەتە بازرگانیە هەموو ئەو بابەتە کەسانەی لە دەوری یەکدی خڕکردەوەو هەر زوو توانیان سامان و دەسەلات بگرنە دەست. بیگومان سامان و دەسەلات لە لای کەسانیکی نا ئەهل کۆببیتەوە، میللەت و نەتەوە بەرەو تالوکە دەبات و بەها نەتەوەیی و مرۆڤییەکان لە گریژنە دەبات و فەساد بلاو دەبیتەوە.



راپەڕینی کوردان ئەوکارانەوە عەفەوی و بێ بەرنامەیە بوو کە جۆرە ئورۆستۆکراتییەتیکی حزبی دروست کردو پیگەیاند. دیارە ئەم ئورۆستۆکراتییە ئەقلی بەوە دادەشکیت کە دەبیت بەرژەوەندی خۆی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیەوە دابنیت و بەروبوومی راپەڕین بۆ خۆی قۆرخ بکات و بۆ پتر ریشاژۆکردنی دەسەلاتی خۆی رەعەمەلی بینیت و شەرعیەت بە کۆکردنەوەی سامانی میللەت لە دەستی خۆیدا ببەخشیت.

دیارە هەر لەیەکەم رۆژەکانی راپەرینەوە ئەم (تەوەجوهە) پەیرەو کراو لە ئەنجامی ئەمەشەوە جۆرە هەستیکی (سیادەتیان) لادروست بوو.

بیگومان (سید) پیویستی بە زەمینەیەکە کە بەکردەوە دەسەلاتی خۆی تیدا بنوینیت و زەمینەی ئەو دەسەلات نواندنەش جەماوەر بوو... دیارە پارچە پارچەکردنی جەماوەرو بەگژ یەکدیدا چوونیش ئەنجامی ئەو هەستی سیادەتەیە کە زۆر خیرا لە لای چینی ئۆرۆستراکراتی حزبی پەیدا بوو هەر دەبوایە ئەمە بکەن، چونکە هیشتا- بەم ساتە وەختەشەوە- لە کۆتی گومان و لاوازی و دەستە پارچەیی خۆیان رزگار نەبووبوون.

راپەڕین بە بارە ئیجابیەکەیدا کەمو زۆر لە ئەدەبیات و هونەرو فیکرو فەلسەفەو تیکرای چالاکییە رۆشنبیرییەکانی کوردەواری باشوردا ئەو رەنگەی نەداوەتەوە کە وەکو جۆگەلەیەکی زولاڵ برژیتە روباری ستراتیژیەتی نەتەوەییمانەوە وەکو بوونیکی کۆمەلایەتی لە چوارچیوەی دەوڵەتی کوردیدا، بەڵکو چالاکییە رۆشنبیرییەکان تا ئیستا پیدەچن هەڵویستی ئاشکرایان پینەهاتبیتە دەربرین و ئەمەش هۆی خۆی هەیەو لیرەدا دەرفەتی باس کردنیان نییە، شەڕی ناوخۆو ململانیی چەکدارانەی ئۆروستۆکراتییەتی حزبی و ئاکامە خراپەکانی- سەرەڕای هەوڵی ئورستوکراتییەتی حزبی کە پاکانەی بۆ بهینیتەوە یان هەندیک قەڵەم تووشی خلیسکان بکات- ئەوجا لیرەو لەوێ راستەوخۆو ناراستەوخۆ مەحکوم کراوەو دەکریت.... هەڵبەتە کە کار تانهۆ لیرەدا وەستاوە لەبەر ئەوەیە کە رۆشنبیران هیشتا نەگەییونەتە ئەو قەناعەتەی کە دژی دەسەلات- کە بەتەواوی و وەکو پیویست و بە مانا زانستییەکەی لە باشوردا نەمەییوەو سەقامگیر نەبووە - بوەستنەوەو لیی یاخی بن. تا دوینیی نزیک بەوە قایل بوون کە ئەو دەسەلاتەی کە بیانوی ساوایەتی بەدەستەوە بوو، ریبەرایەتی خەڵکی راپەڕیو بکات بەلام لە هەمان کاتدا موکوربوون لەسەر مانا ئیجابییەکەی ئازادی و ریزگرتنی بەشی هەر

مرۆڤیک لەو ئازادییە.. بەڵام ئەم ساڵ سەری پێنج ساڵە کەواقیعی نالەبارینراوی کوردستان مرۆڤی کوردی خستۆتە سەر ئەو قەناعەتەی کە تەنیا یەک خەباتی جدی هەیە ئەویش خەباتی بەدەست هێنانی نان و بژێوی و گوزەرانە. ئەم قەناعەتە ئیستا کەوتۆتە سەرووی هەموو قەناعەت و شتە پیرۆزەکانی ترەوە. بۆیە لە هەلومەرج و بارودۆخی ئەوهادا بەرلەوەی ئەو قەناعەتە واقیعی و بابەتییە تیر بکریت، هەر هەوڵیک بۆ ئەوە بدریت کە قەناعەتی پیرۆز لای جەماوەر دروست بکریت، ئەوا هەوڵیکی بێ هودەیەو بەسەر خاوەنەکەیدا دەڕوخیت، چونکە جەماوەری خەڵک ئەمرۆکە شۆڕشیان ناویت، نانیان دەویت نان.

**ئالای ئازادی ژ (٢١٣)**
**١٩٩٦/٤/١**



## بۆ یادی کەرکوک

میژووی هەر میللەتیک بگری، هەورازو نشیو، یان هەڵکشان و داکشانی خۆی هەیە. ساڵانی هات و پڕ پیت و بەرەکەت و سەرکەوتن و دەستکەوتی گەورەو بچووکی هەیە. ساڵانی تاریک و قات و قڕی و نەهاتی و نەهامەتی و نسکۆو تیکشکان و شکستی هەیە.

دیارە کوردیش وەکو هەر میللەتیک نەخۆی و نەمیژووەکەی لەم حاڵەتە بەدەر نییەو بیگومان نەهاتە ساڵەکانمان زۆر زیاترن لە ساڵانی هات و بەهات... گرنگ ئەوەیە نە (هاتە ساڵان) دووچاری غرورمان بکات و نە (نەهاتە ساڵان) چۆکمان پیدا بدات و نەترە بەربدەین. کە ئەم دیاردەیە بەزۆری لای خەڵکان و دەستەو تاقم و میللەتانی متمانە بەخۆ نەبوو، لە لای ئەوانەی کە سۆز جڵەوداریيان دەکات و ئەقڵ و واقیع و رووداوەکان بە بەخت و ئیقبال و چارەنووسەوە گرێ دەدەن بە دیار دەکەوێ.....

هەموو دەزانین بەهاری ساڵی ١٩٩١ یەکیکە لە ساڵە هاتەکانی باشوری کوردستان، کە هاتی ئەم پارچەیەی کوردستان، لە هەمان کاتدا دەکاتە هاتی تیکڕای کوردو کوردستان، چونکە دۆزی کورد لە هەموو دنیادا یەک دۆزەو پارچە پارچە کردنی بەهەر بیانوویەک بێ، زیان لە بیرو بیرکردنەوەی یەکبوونخوازی جوگرافی- سیاسی کوردەواری و نەتەوەیی کورد وەکو بوونیکی کۆمەڵایەتی خاوەن سەروەری دەدات. بەهەر حاڵ یەکێ لە دەستکەوت و هاتەکانی ساڵی راپەڕین، رزگارکردنی شاری کەرکوکی کوردان بوو.. کە بەداخەوە زۆری نەبرد لیمان داگیرکرایەوە، ئەمرۆش کە یادی رزگار کردنی شاریکی هەرە گرنگی کوردستان دەکەینەوە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ و پێ لەسەر ئەوە داگرین، کە ئەم یادەو یادەکانی ترمان بە مەبەستی هاندان و جۆشدانی روحی کوردایەتی و نەتەوەیی و متمانە بەخۆ پەیداکردن بێ لەلای رۆڵەکانی میللەت، چونکە هەموو یادوو یاد کردنەوەیەک، بە تایبەتی بۆ ئیمەی کورد، دەبیت بە مەبەستی تاریخیەت بەخشین بیت، بەو یادو رووداوە لە چوارچیوەی میژووی نەتەوەییماندا، هەر یادو یادکردنەوەیەک بەوە دەبیت بەهیزوو توانای مادی و گڕوتین و تاو

بەرەوتی بزاڤی رزگاریمان دەبەخشیت کە عومقی میژوویی پێ ببەخشیت، نەک بکریت بە ئاهەنگ و خۆپیشاندانی سەتحی و بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار بیت، چونکە لەم حالەتەدا، ئەو یادو یادکردنەوانە، بەرە بەرە کاڵ دەبنەوەو دەبن بە عادەتی رەوتەنی و سەتحی و چ قووڵ کردنەوەیەک بە میژووی نەتەوەییمان نابەخشن و لە قووڵایی رۆحی مرۆڤی کورددا ریشاژۆ نابن.. و ئەوکاتە خاک و میژوو نابن بەو دەسەڵاتە پەنامەکیە خۆڕسکەی، کە جەماوەری میللەت خۆ بەخۆو ئارەزوومەندانە لە سایەیدا یەک بگرن و بیکەن بەو دالّدە ئەمین و ئاسودەیی بەخشەی کە لە هەموو کات و ساتیکدا ئامادەبن خۆیانی لە پیناودا بەخت بکەن..

بە هەر حاڵ ئەمرۆ لە یادی رزگاری شاری کەرکوکدا بە مافی رەوای خۆمانی دەزانین وەکو یەکیتی نووسەرانی لقی کەرکوک، بە دەنگی بەرز داوا لە حزب و لایەن و گروپ و ریکخراوو کورد پەروەران بکەین کە یادە زۆرو زەبەندەکانی کوردستان بکەن بە بیانووی ئاشت بوونەوەو هەموو هەوڵەکان بۆ قووڵ کردنەوەو دەوڵەمەند کردنی میژووی نەتەوەییمان تەرخان بکەن و با خەبات و تیکۆشانی رۆڵەکانی میللەت بەفیرۆ نەچیت.. هیوادارین یادکردنەوەی ئایندەمان لەمەرکەزی باوە گوڕگوڕ بکەینەوەو چاومان بە کەرکوک و شارە داگیرکراوەکانی تری کوردستان روون ببیتەوەو روحی تیکڕای شەهیدانی ریگەی رزگاری کوردو کوردستان ئاسوودەو شاد بکەین.

**حمە کریم عارف**
**سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکیتی نوسەران**
**١٩٩٦/٣/١٩**

**ئالای ئازادی  ژ (٢١٣)**
**١٩٩٦/٤/١**



# حەمە کەریم عارف

*** کەرکوکییە و لە ساڵی  ١٩٥١ دا لە دایک بووە.**

*** لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردوە.**

*** لە ساڵی ١٩٧٧ وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.**

*** نۆ ساڵی هەرەتی لاوی، بێ وابەستەگی حیزبی، لە پیشمەرگایەتیدا بەسەر بردووەو، وەکو بەشداریەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دا، شانازی پیوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پیشمەرگایەتی.**

*** جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ بە ناوی؛ گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محمدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هیژا، ح.ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.**

*** لە هەشتاکانەوە تا ئیستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکیتی نووسەرانی کوردی کردووە.**

*** زۆر بەرهەم و کتیبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان بە نوسخەی هیندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوودان..**

**تەنیا ئەوەندەیە لە فەوتان رزگاربوون و هیچی دی، هەندیک لە وانە:**

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک.
٢- کۆچی سوور، چیرۆک.
٣- بەیداخ، چیرۆک.
٤- داوەتی کۆچەریان، کۆ چیرۆک.
٥- لەخۆ بیگانە بوون، کۆ چیرۆک.
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک بە فارسی.
وەرگیران:
٧- نینا، رۆمانی سابت رەحمان.
٨- نامۆ، رۆمانی ئەلبیر کامۆ.
٩- ریبەر، رۆمانی مەهدی حسین.
١٠- شکست، رۆمانی ئەلکساندەر فەیداف.
١١- هاومالّەکان، رۆمانی ئەحمەد مەحمودی «بەرگی ١».
١٢- بیناسنامەکان، رۆمانی عەزیز نەسین.
١٣- قوربانی، رۆمانی هیرب میدو.
١٤- دووره وولات، رۆمانی ع. قاسمۆف.
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمانی کازانتراکیس.
١٦- هاومالّەکان، ئەحمەد مەحمود «بەرگی ٢»
١٧- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی یەکەم.
١٨- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی دووەم.
١٩- ئامانجی ئەدەبیات، م. گۆرکی.
٢٠- دلیری خۆ ڕاگرتن، یاداشتنامەی ئەشرەفی دەهقانی.
٢١- مەسەلەی کورد لە عیراقدا، عەزیز شەریف.
٢٢- میژوی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا.



٢٣- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعود ئەحمەد زادە.
٢٤- کورد، گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێ کراو، د.گوینتەر دیشنەر.
٢٥- لەمەهابادی خویناویەوە بۆ کەنارین ئاراس. نەجەف قولی پسیان.
٢٦- گوزارشتی موسیقا، د. فواد زەکەریا.
٢٧- دەرباری شیعرو شاعیر، رەزا بەراهەنی.
٢٨- ڤنست ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایزلەر.
٢٩- بەدوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل ئەلقەیسی.
٣٠- جولەکەکەدی مالّتە، شانۆنامە، مالرو.
٣١- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣٢- بەد حالّی بوون، شانۆنامە. ئەلبیر کامۆ.
٣٣- چاو بەچاو، شانۆنامە، گەوهەر موراد «غولام حوسین ساعدی».
٣٤- ریچاردی سییەم، شانۆنامە. شکسپیر.
٣٥-گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عبدوللا ئەلبوصیری «لەهەشتاکانەوە لای کاک مەحمود زامدارە».
٣٦- کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا.
٣٧- هونەر و ژیانی کۆمەلآیەتی. پلیخانۆف.
٣٨- پیکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت. ئیڤلین رىید.
٣٩- لیکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆی ئەلبیر کامۆ.
٤٠- مندالّە دارینە، چیرۆکیکی دریژە بۆ مندالآن.
٤١- فاشیزم چی یە، کۆ چیرۆک بۆ مندالآن، یەڵماز گونەی.
٤٢- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکیکی دریژی چینی یە بومندالآن.
٤٣- دوژمنان، دوو کۆ چیرۆکی چیخۆف.

٤٤-ئەفسانەین گریکی و رۆمانی.

٤٥- هەڵبژاردەی چیرۆکی فارسی(١) کۆ چیرۆک: لاله، گیژاو، جێ پێ، کورته میژوویەکی ژوورەکەم، کتیب.

٤٦- چوار چیرۆک و هەڵسەنگاندنیان: کامۆ، موپاسان، پیراندیللو، چیخۆف.

٤٧- چۆنیەتی فیربوونی زمانی فارسی، حەمەکەریم عارف.

٤٨- فەرهەنگی فارسی کوردی پیتی(ا-١)، حەمەکەریم عارف.

٤٩- نوسینیت پەراگەندە «کۆمەڵە نوسینیکی هەمەجۆرە»، حەمەکەریم عارف.

٥٠- چەندین چیرۆکی بیگانە.

٥١- چرنیشڤسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس.

٥٢- چایکوفسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٣- صادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.

٥٤- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ریبازە هونەریەکانی جیهان.

٥٦- ئەدگارئالن پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٧- یەڵماز گونەی هونەرمەندی شۆرشگیر، ژیان و بەرهەمی.

٥٨- ئەهلی دۆزەخ، جاک لەندەن، ژیانی بەرهەمی.

٥٩- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.

٦٠- کۆمەڵیک ئەفسانەی جیهانی.

* لەڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆری نووسراو و وەرگیردراو بڵاودەکاتەوە،



بەتایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤاری: برایەتی، خەبات ، ریگای کوردستان، پەیمان، دەنگی میللەت، ڕامان، گوڵان، کاروان، مەتین، گازی، پەیڤ، سەنتەری برایەتی، رۆژنامەی یەکبوون.

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و هەرکەس و گروپ و لایەنیک تەماحی بڵاوکردنەوەی هەبن، ئامادەیە بەخۆڕایی پیشکەشیان بکات...